# کا چوو، ما دانی!

کۆمەڵە وتاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئەدەبی

کوردی - فارسی

ئەنوەر سوڵتانی

بەرگی دووەم

چاپی ڕۆشنگەری

ناوی کتێب: کا چوو، ما دانی! بەرگی دووەم

نووسەر: ئەنوەر سوڵتانی

دیزاینی کتێب:  مەسعوود ڕەواندووست

دیزاینی بەرگ: چیمەن ئیلخانیزادە

دەزگای چاپ: ڕۆشنگەری، ئاڵمانیا

چاپی یەکەم، ٢٠٢٢

# پێرست


**فەرهەنگی/ ئەدەبی** ..... ٥

بەڵگەیەك بە زمانی مێدی ..... ٧

یاداشتێك لەسەر شێوە زمانێکی کوردی، لقی [شادیی] کرمانجی ..... ١٣

گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کوردی باشووریی لە کرماشان یا قەتاری کوردی کرماشان ..... ٤٣

چیرۆکە کوردییەکانی ناو کۆلێکسیۆنی خۆم ..... ٥٥

"جەیمز جۆیس" ی شاعیر ..... ٥٧

مەتەڵی هەموو مەتەڵان ..... ٦٣

هەمەڕەنگ ..... ٦٩

وردە فەرمایشت – یادداشتی هەفتانە ..... ٧١

یادداشت ..... ٢٥٥

توندوتیژی و دەستدرێژی لە باشوری کوردستان ..... ٣٦٩

**بابەت بە زمانی فارسی** ..... ٤٣٩

**تاریخی/ سیاسی** ..... ٤٤١

سەرەتا ..... ٤٤٣

سه مهمانی در هتل اوین! ..... ٤٤٥

رویدادهای آذربایجان، جمهوری اسلامی و کردها ..... ٤٥٣

جمهوری اسلامی تنها از راه مبارزه مشترك خلقهای ایران سرنگون می شود! ........................................ ٤٥٧

آیت الله مردوخ کردستانی، روحانیت سنت و جماعت و مشروطیت ........................................ ٤٦٥

**فرهنگی/ ادبی** ........................................ ٤٩١

یك قطعه شعر فارسی زنده یاد ابوالحسن سیف القضات قاضی........................................ ٤٩٣

وحدت قومی و تنوع قومی در اشعار سیف القضات ........................................ ٤٩٩

همکاری زنده یاد میرزا ابوالحسن سیف القضات قاضی با شهید شیخ محمد خیابانی........................................ ٥٠٥

جمیل صدقی زهاوی، صادق هدایت، علی مقدم، و زمزمه عقلهای سلیم و ناسلیم ........................................ ٥١٣

جان شیفته........................................ ٥٢١

تقریظی بر ترجمه کردی چند غزل حافظ از سوی مرحوم امین موتابچی........................................ ٥٤٥

پیش سخن "شبان کرد" اثر عرب شامیلوف، ترجمه کامران امین آوه........................................ ٥٤٧

بەرهەمی چاپکراوی نووسەر ........................................ ٥٥٣

# فەرهەنگی/ ئەدەبی

# بەڵگەیەک بە زمانی مێدی

**دوکتۆر د. ن مەکەنزی**[1]

من بە هەڵکەوت تووشی ئەم وتارە کورتەی دوکتۆر مەکەنزی هاتم کە لە ژمارە ٢٢ ی ساڵی ١٩٥٩ ی گۆڤاری "قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکان"ی لەندەندا بڵاو بۆتەوە. پرۆفیسۆر مەکەنزی، کە لە نێو کورد دا وەك یەك لە ناحەزانی تیئۆریی یەکبوونی زمانی کوردی و مادی ناسراوە، لێرەدا هەوڵدەدات پردێك لە نێوان ئەو دوو زمانەدا هەڵبەستێت و بڵێ ئەو زمانەی وا "شانیدزە"ی گورجی بە "مەرەکە" (مێدی) ناوی بردووە، کوردییەکی بێ خەوشە. ئەو هەڵوێستەی مەکەنزی ڕاستییەك دەردەخات و ئەویش ئەوەیە کە توێژینەرانی ڕۆژئاوایی بۆ پەسند یا ڕەدکردنەوەی بۆچوونێك، بە شوێن بەڵگە و دەستاوێزدا دەگەڕێن. ئەوەی کورد بە درێژایی ساڵیان گوتوویەتی زمانی کوردی پاشماوەی زمانی مێدییەکانە، بە هۆی نەبوونی بەڵگەوە هیچ لایەنێك جگە لە کورد خۆی، پەسندی نەکردووە؛ بەڵام ئێستا بە پێچەوانە، هەر ئەوەندەی بەڵگەیەکی بچووك دەست کەوتووە، کەسێکی وەك مەکەنزی نەك هەر وەرYگرتووە، بەڵکوو بۆ سەلماندنی بە خەڵکی دیکەش بەڵگەی هێناوەتەوە!

***

سەبارەت بەم وتارە کورتە دەبێ بگوترێ ئاماژە کردنە بە بۆچوونی "شانیدزە"ی گورجی، هاوڕێ لەگەڵ ڕاستکردنەوەیەکی کارەکەی ئەو. وتاری شانیدزە سەبارەت بە دەستنووسێکی کۆنی ئەرمەنی سەدەی پازدەهەم نووسراوە کە دەبێ ئەویش لەبەر نوسخەیەکی کۆنتر کۆپی کرابێت. نوسخە ئەرمەنییەکە باسی چەندین چەشنە ئەلف و بێی زمانانی جیاواز وەك یۆنانی، سریانی، عەرەبی و ....هتدی کردووە و دۆعایەکیشی تێدا نووسراوەتەوە کە بە زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی و مێدی نووسراوە. مەکەنزی دەڵێ ئەو دەقە مێدی یان "مەرەکە"یە، لە

---

[1] D. N. MacKenzie, “The language of the Medians”, B. S. O. A. S., Vol. XIX, 1959, PP. 354-5

د. ن. مەکەنزی، "زمانی مێدی"، گۆڤاری قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکان، ژمارە ١٩ ی ساڵی ١٩٥٩ لاپەڕە ٣٥٤ تا ٥.

ڕاستیدا کوردییە و بە هەندێك ئاڵوگۆڕ و ساغکردنەوە، بۆچوونەکەی خۆی بە تەواوەتی دەسەلمێنێ.
بەڕێز دوکتۆر کوردستان موکریانی لە سەرەتای 'فەرهەنگی کوردستان'ی نەمر گیوی موکریانی دا ئاماژە بە هەمان دەستنووسی ئەرمەنی دەکات بەڵام وا دەردەکەوێت کە بابەتەکەی لە سەرچاوەیەکی دیکە وەك ڕووسی وەرگرتبێت لەبەر ئەوەی وشەی ماد=مەرەکەی مەکەنزی، ئەو وەك ماد=مار ی نووسیوە و ساڵی ١٤١٤ شی بۆ نووسرانی دەستنووسەکە دەست نیشان کردووە کە وردترە لەو ئاماژە گشتییەی وا مەکەنزی بە سەدە و ساڵەکانی کردووە.
هیوایە ساڵانی دواتر، لە بواری پەیوەندیی زمانی کوردی و مادیدا سەرچاوەی باوەڕپێکراوی دیکەش بکەوێتە بەردەست و ئیتر کورد بە بەڵگەنامەی دەستکرد و تەزویری وەك شیعری "هورموزگان ڕمان..." دڵ خۆش نەکات و نەوەکانی داهاتوومان ئەگەر ویستیان وەك مامۆستای نەمر تەوفیق وەهبی بچنە شەڕەجەنگی مەکەنزییەکانی دواڕۆژ، چەکی زانستییانەی بەهێزتر لە "دوو تەقەڵلای بەسوود"یان بەدەستەوە بێت. ئەوە دەقی وتارەکەی پڕۆفیسۆر مەکەنزی:
بەهاری ساڵی ٢٠٠١

***

پڕۆفیسۆر "ها. و. بەیلی" لە وتاری "قەوقازستان"ی خۆیدا[٢] سەرنجی [خوێنەرانی] بەرەو وتارێکی گرنگی "ئا. شانیدزە"[٣] ڕاکێشاوە کە لەژێر ناوی *"ئەلف و بێی تازە دۆزراوەی ئەڵبانییە قەوقازییەکان و گرنگایەتییەکەی بۆ زانست"*، لە گۆڤارێکدا چاپ بووە کە بە داخەوە نوسخەی لێرە دەست ناکەوێت.[٤]
*دۆزرانەوەی ئەلف وبێ وونبووەکان، لەلایەن 'ئای ئەبوولادزە'وە[٥] لە ناو دەستنووسێکی ئەرمەنی سەدەی پازدەهەمدا بووە، کە حەوت ئەلف و بێی جۆراوجۆری تێدا کۆکراوەتەوە، یۆنانی، سریانی، لاتینی، گورجی، قبطی، عەرەبی و ئالبانیایی.*

---

[2] Professor H W Baily, “Caucasica” ؛J. R. A. S., 4th Issue, 1943
گۆڤاری ئەنجومەنی پادشاهی ئاسیایی، ژمارە ٤، لەندەن ١٩٤٣

[3] A Shanidze, “The newly-discovered alphabet of the Caucasian Albanians and its significance for science”.

[4] Izvesttija Instituta Jazika Istorii I Material’noj Kult’ury imm. Akad. Marra Gruzinskogo Filiala Akademii Nauk SSSR (Tiflis), IV, 1938.
من گەلێك سپاسی پرۆفیسۆر بەیلی دەکەم بۆ ئەوەی نوسخەکەی خۆی بە ئەمانەت پێدام.

[5] I Abuladze

*"لە هەمان دەستنووسی ئەرمەنیدا دۆعا و پاڕانەوەی "خودای پیرۆزا ئەی پیرۆزی بەهێزا ئەی پیرۆزی نەمر کە بۆ ئێمە چوویتە سەر خاچ! بەزەییت بەسەر زەویدا بێت!" بە خەت و زمانی جیاجیا پارێزراوە و دەگوترێت دەقی یەکێکیان بە زمانی مێدی (مەرەکە) بێت...؛ دەقەکانیتر بە یۆنانی[٦]، سریانی، فارسی، عەرەبی و تورکی نووسراون."*

هەر بە ڕوانینێکی سەرەتایی چاوەڕوان دەکرێت "زمانی مێدی" واتای زمانی کوردان بداتەوە کە تاقە نەتەوەیەکی بەرچاوی ناوچەکەیە وا ناوی [لە دەستنووسەکەدا] ئاماژەی پێنەکراوە. هەروەها قسەی شانیدزە دڵنیامان دەکات کە بێگومان دەقێکی کوردییمان لەبەدەستدایە. شانیدزە سەلماندوویەتی کە دەستنووسەکە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٥ و واهەیە لە نێوان ساڵانی ١٤٣٩ تا ١٤٤٦دا لەبەر نوسخەیەکی گەلێك کۆنتر هەڵگیرابێت کە [ئەو نوسخە کۆنترە] خۆی لە فیئۆدۆزیای کریمە (قرم) ەوە ڕاگوێزراوەتە ئەرمەنستان.

بەهۆی ئەو ڕاستییەوە کە کۆنترین شوێنەواری ئەدەبی کوردی کە تا ئێستا لەبەردەستدا بێت، دیوانی مەلای جزێرییە[٧] کە واهەیە شاعیرەکەی لە دەوروبەری ساڵی ١٤٨٠ی زایینیدا[٨] کۆچی دوایی کردبێت، ئەو چەند وشەیە [ی شانیدزە] لەو لایەنەوە بایەخدارە کە دوور نییە کۆنترین [دەقی] تۆمارکراوی کوردیمان بۆ دیاری بکات.

واهەیە کارێکی سەرنجڕاکێش بێت کە لێرەدا هەندێك چەشنایەتی دیکە [ی دەقەکە] بۆ بەراوردکاری بخرێتە بەرچاو. ئەوانە لەبەر تەتەڵەی نایابی ئەو دەقانە نووسراونەتەوە کە لە وتارەکەی شانیدزە دا ڕاگوێزراون و هەندێك لێکدانەوەش کە لەگەڵ دەقەکان خراوە، بەشوێن ئەوانەی شانیدزەدا هاتوون. لەوێوە دەردەکەوێت کە وەرگێڕاوە بنەڕەتییەکە، هەروەها لەبەر نووسینەوەکەش بۆ ناو پیتی ئەرمەنی بە سەرکەوتوویەکی ڕێژەیی بەڕێوەچووە.

**فارسی**

پئاکئی خودا، پئاکئی تەوا
نا، پاکئی بیمەرگ، ئەڤەر
خاچ شێدی بەهری ما. ڕەح
مەت کن ئەڤەر ما.
* پاکی خدا، پاکی توانا، پاکی بیمرگ، اور خاج شدی بهر ما، رحمت کن [ا]ور ما.

---

[٦] وتارە ئینگلیزییەکەی مەکەنزی دەقی یۆنانی دۆعاکەی تێدا چاپ نەکراوە بەڵام دوای دەقە کوردییەکە ڕستەیەکی بە یۆنانی هێناوەتەوە.

[7] Ed. Martin Hartman, Der Kurdische Divan des Schech Ahmad, Berlin, 1904

[٨] بڕوانە علائەدین سەججادی، "مێژووی ئەدەبی کوردی"، بەغدا، ١٩٥٢، لاپەڕە ١٥٥ تا ١٦١

**عەرەبی**

قەدوس اللە، قەدووس

ئەلقادر، قەدووس مەیدوخ

ئەلمەوت، ئەلەدی عەن سەلیپ، ڕە

حەمنا

*قدوس الله، قدوس القادر، قدوس ما-یخذوە <یأخذه> الموت، الذی انصلب ارحمنا

**تورکی**

ئەری تنقری، ئەری گوچ

لو، ئەری ئەجەل سیز، ئیساکی

خاچە چختینك، ڕەحمەت

قەلگیل بیزە

*ئەری تەقری، ئەری گویچلو، ئەری ئەجەل سیز، سیزە کی خاچە چیختین، ڕەحمەت قەلگیل بیزە.

**مێدی**

پاکێژ خودێ، پاکێژ زەهم

پاکێژ وێ مەرك، کوی هات

ی خاچێێ، ئەشکرمە، ڕەحمتێ

ێ مە

پرۆفیسۆر هینینگ لەم دواییانەدا کەڵکی لە خودی ئەم دەقە وەرگرتووە[٩] و بەم شێوەیە وەسفی کردووە:

"دیالێکتێکی باکووری ئێرانە، بەڵام لە کۆندا پێشکەوتی زۆری نەبووە."

بێگومان بێگومان ئەو "ئەشکرمە"یەی هینینگ بە واتای "بۆ ئێمە" (< ئەژ-کەرد--، بەراوردی بکە لەگەڵ فارسیی نوێی [وشەی] پارثی "ئەچ ئێد کرد" بە واتای 'لەبەر ئەو هۆیە')، شێوازێك کە ئێستا لە کوردستانی باکووریدا شوێنی خۆی داوە بە ژبۆمە، یان بونامە. بەڵام وشەی هات

[9] Professor Henning, “Handbuch der Orientalistik, Abt. I: Der Nahe und der Mittlere Osten, IV. Bd: Iranistika, 1. Abachnitt: Linguistic”, Leiden-Cologne, 1958, 78.

واتاکردنەوەیەکی ساکارتر لە "هەڵواسران"ی ئەوی هەیە("هەخت"ی کۆنتر، بەراوردی بکە لەگەڵ "ئاهیخت"ی فارسیی نوێ و ...هتد).

بەراورد کردنی عیبارەتی "[ئینجیلی]جۆن"، ژمارە ١٩ بەشی ٢٠
١)ئەوژی...لە کئوکی ئیسا هاتئە خاچکئرن
٢) ئەو ژیە یسووس لێ هاتە خاچکرن[١٠]
کە یۆنانییەکەی بریتییە لەم ڕستەیە: "ئەو شوێنەی ... کە عیسای لێ لە خاچ درا"
لەگەڵ مەجهولی درێژ لە کوردیی ئاسایی باکووردا- بەواتای "هاتە لە خاچدان"، ئەوە پیشاندەدات کە لێرەدا هەروەها فەرمانی "هاتن"مان هەیە (< ئا-گەتە-). پاکژ، پاقژ بە واتای خاوێن و بێ خەوش و "زەخم" بە واتای "بەهێز"، وشەگەلێکی ئاسایی کوردی باکوورن. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێت کە دەقەکە دەبێ بە شێوەی خوارەوە بخوێنرێتەوە:

*پاکژ خودێ، پاکژ زەهم، پاکژ وێمەرگ، کی هاتەخاچێ، ئیزکەرەمە، ڕەحمەتێ مە.

واهەیە عیبارەتی "ئەوەی لە خاچ درا بەم شێوە نوێیە تەرجەمە بکرێتەوە: "کویە هاتی (ە) سەلیب کرنێ"، کە تێیدا ئاوەڵناوی ئیشارەی "یە" ئەرکی ئاوەڵناوی ڕێژەیی بەڕێوە دەبات. (ko ye) واهەیە وشەی کوی (koy) ی ناو دەقەکە توخمی ڕێژەیی /ی/ [واتە y -] هاوڕێ لەگەڵ لەفزی تابیعی کۆی (ko) تێدا بێت (کە ئەمیان لە فارسی نوێدا بریتییە لە "کوە"(kw)).[11]

---

[١٠] وەرگیراو لە تەرجەمەی کوردیی ئینجیل بە خەتی ئەرمەنی (١) BFBS [وابزانم ڕادیۆی هێزەکانی بریتانیا بێت. وەرگێڕ]، قستنطنیە، ١٨٥٧ ('وەرگێڕانی ستێپان، ئەرمەنییەکی خەڵکی هاینە Haineh')، (٢) ABS[؟]، قستنطنیە، ١٩١١ ('وەرگێڕانی مەسرا ئەمیرخانیان Messra Amirkhanian ؛ Der Ghazarian and Abalahadian') ,

[11] ئەم وتارە کوردییە، پێشتر لە ژمارە ١٨٢ ی گۆڤاری سروە چاپی ورمێ، لاپەڕە ٨٥ تا ٨٧ دا بڵاو کراوەتەوە.، بەڵام لەوێدا هەندێك هەڵەی تایپ و خاڵبەندیی تێکەوتووە. سپاسی خاتوو دیمیتریا و کاك سەلاح محەمەدیان دەکەم بۆ تەرجەمەی دەقە یۆنانی و ئاڵمانییەکەی ناو وتارەکە؛ وەرگێڕ.

# یاداشتێک لەسەر شێوە زمانێکی کوردی، لقی [شادیی] کرمانجی

## نووسینی [مێجەر] ئی. بی. سۆن

### سەرەتای وەرگێڕ

*"تەنگ وچەڵەمەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەوروپیانەی وا خۆیان بە زمان و کولتووری کوردییەوە خەریك کردوە ئەوەیە زمانی کوردییان نەزانیوە بەڵام شارەزای زمانی فارسی بوون؛ یا ئەگەر کوردیشیان زانیبێت، لە ڕێگەی فارسییەوە فێری بوون. جا نزیکایەتی ئەو دوو زمانە و دەوڵەمەندی و دەسەڵاتداریی زمانی فارسی وای لێکردوون کە فارسی بە ئەسل و بنەما دابنێن و کوردی بە کلکی زمانی فارسییەوە ببەستن. نموونەی ئەو خەڵکانە زۆرن، لە چارلز ڕیۆوە بۆ درایڤر و لەوەوە بۆ مێجەر سۆن و ئێدمۆندز و مەکەنزی.*

*بۆ نموونە، مەکەنزی لە وتاری "باجەڵانی"دا، باسی هەر کردارو ناوێکی باجەڵانی کردبێت، بەرانبەرە فارسییەکەشی بۆ داناوەو خوێنەر هەرگیز نازانێت ئەم کارە بۆچی کراوەو هێنانی وشە فارسییەکان لەو وتارەدا چ دەورێکی هەیە! نموونەیەکی دیکەی ئەم چەوتی و چەواشەییە، وا هەیە مێجەر سۆن بێت و لەناو کارەکانیشیدا ئەم وتارەی ئێستا بەڵگەیەکی زەقە بۆ سەرلێشێواوی، خۆ ئەگەر زۆر میهرەبان نەبین و نەڵێین هەوڵی دەستەقەسدی بۆ چەواشەکردن و بە هەڵەدابردنی خوێنەری ئوروپی. داوە.*

*هۆی سەرەکی من بۆ وەرگێڕانی ئەم وتارە دوورودرێژەش ئەوەبوو بە نەوەی نوێی کورد بڵێم بەشێکی زۆر لەو ئوروپاییانەی وا نەسلی ئێمە ڕێزیان لێ گرتن و بە خزمەتکاری گەل و زمانەکەمانیان دانا، لە ڕاستیدا ئەگەر هەنگاوێکیان بە سوودی ئێمە هەڵگرتبێت، لەلایەکی دیکەوە تیغیان لە ڕەگ و ڕیشەی زمان و کولتوورەکەمان داوەو سەربەخۆیی سروشتیان لێ سەندۆتەوەو کردوویانەتە پاشکۆی زمانی بێگانان، جا ئێمە بۆ چی وا بەرێزەوە سەیرمان کردوون؟ ئێوە بزانن!*

*با لاوەکانمان بەلێزانی و شارەزاییەوە هەول بدەن خۆیان و لە مێشکی خۆیانەوە بۆ بابەتەکان بچن.*
*زمانی کوردی پاشکۆی هیچ زمانێك نییە جگە لە کوردی!*
***تێبینی:** ئەم بابەتە پێشتر بڵاو نەکراوەتەوە."*

**دەقی وتارەکە**

زاراوەی شادی، یەکێکە لە باکووریترین شێوە زارەکانی کوردی کە هۆزێکی گەورەی کورد- دانیشتووی چیاکانی دەوروبەری ئەرزرۆم بەرەو ڕۆژهەڵاتی بایەزید قسەی پێدەکەن و بە حیسابی ئاسایی بوونی "تصریف"ی فیعلەکان و دەوڵەمەندی بیچمە ڕێزمانیەکانی لە بەراوردکاریی لەگەل شێوە زارەکانی دیکەی کوردیدا، دەکرێ بە مەزندە بە یەکێك لە گرنگترین شێوەکانی تورکی- کوردی دابنرێت. هەروەها دەکرێ بە جیاوازییەکی گەلێك کەمەوە، وەك زاراوەی هاوشانی ئەو زاراوانە دابنرێت کە لەلایەن "لیرخ" و ئەو کەسانەوە دەستنیشان کراوە وا لە زاراوەی باکووری کوردی — واتە کرمانجییان کۆڵیوەتەوە."

کوردە شادییەکان حونجەیەکی گەلێك ڕەق و تەقیان هەیە کە زاراوەکەیان بۆ کوردە باشوورییەکان دەکاتە دیاردەیەکی دوور لە تێگەیشتن. لێرەشدا، کرمانجی وەکوو دەسەڵاتی زاراوەی کەلدانی (سوریانی نوێ)، لە هەموو ڕواڵەتێکی دا خۆدەنوێنێت و لە چەند نموونەیەکی کەمیشدا کەڵك لە عەرەبی وەردەگیرێت. تورکیش کە وا هەیە چاوەڕوان بکرێت ژمارەیەك وشەی گشتی هێنابێتە ناو زاراوەکەوە، بەرفراوانی کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

ئەگەر وەك دیاردەیەکی گشتی چاوی لێ بکرێت و ئەو جیاوازییانەی وا بەهۆی تێکچوونی حونجەوە هاتوونەتە گۆڕێ بگیرێنە بەرچاو، زاراوەکە وەك شێوازێکی بە باشی پارێزراوی فارسی خۆی دەنوێنێت. کوردە شادییەکان بەگشتی، وەك هەندێ هۆزی دیکەی باشوور، دیعایەی ئەوە دەکەن کە زاراوەکەیان فارسی کۆنە و ناوی فارسیشیان بۆ پاراستوە.

لێرەدا پێویستە هەندآ شت لەمەڕ وشەی کرمانجی یا کورمانجی بگوترێ وەك ناوی زاراوەیەك کە لە دەوروبەری بایەزید و بەگشتی لە هەموو کوردستانی تورکیا قسەی پێدەکرێت و پێشتریش چۆتە ناو باسی ڕۆژهەڵاتناسانەوە، ڕوون بکرێتەوە.گەرچی ناتوانرێ بگوترێ ئەوە گریمانێکی نابەجێیە، بەڵام زەمینە بۆ گومان کردن لە ڕاست بوون و تەواویەتی وشەکان هەیە. کورد بەگشتی —تەنانەت لە باشووریش، وشەیەکی گشتیان بۆ گوندییەکان هەیە و ئەویش "کرمانج"ە، ناوی کرمانجیش بۆ دەربڕینی واتای گوندی یا دێهاتی بەکاردەهێنرێت. کوردەکانی باشوور، وشەکە لە واتای گوندی یا خود خەڵکێك بەکاردەهێنن کە بە نەتەوە

کورد بێت، دیعایەی ئەوەش دەکەن کە وا هەیە زمانەکە بەبێ جیاوازیی، کرمانجی یاخود کوردی بێت .

زاراوە جیاوازەکانیش هەرکام ناوی خۆیان هەیە و دەگونجێ تا ڕادەیەکی زۆر لە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکاندا لەیەکتر جیاواز بن. بۆ نموونە، کوردی هۆزی "شادی" - کە زاراوەیەکی هاوچەشنیان لەگەڵ ئەو کرمانجیە هەیە وا پێشتر ئاماژەم پێکرد (و ئەویش دەبێ ناوی پڕ بە پێستی "هەکاری" لێ بنرێت)، خۆیان بە کرمانج ناودەبەن و هەمان ناو [واتە کرمانج] بۆ باس کردن لە "زازا" بەکاردەهێنن کە ئەویش زۆر جیاوازە. بۆ نموونە:

**کرمانجی و شادی:** هەڕە } وەرە} ژوور}
ژێر}

**زازا:** سوو } بڕۆ پیرە } وەرە بان } سەر
جێر} ژێر

ئەوە دیاردەیەکی نەریتییە کە "کرمانجی" ناوی ئەو هۆزە کوردانە بووە وا لە چیاکانی بایەزید و ئەرزرۆم نیشتەجێن و لە لقی سەرەکی هەکاری و شادی پێك هاتوون، ئینجا ناوەکە وردە وردە باڵی کێشاوەتە سەر خەڵکی بدلیس و وان و دیاربەکر و ... هتدیش.

لەو چەند خشتەیەی وا کراونەتە پاشبەند[ی ئەم وتارە]، دەردەکەوێت کە لەنێوان شادی و کرمانجیەکەی ئەحمەدی خانی واتە هەکاریدا جیاوازی هەیە و ئەوەش بەشێوەیەك لە کارەکانی نووسەردا دەردەکەوێت.

دەکرێ لێرەدا بگوترێت کە ئێزدییەکان - وا ئەفسانەیەکی زۆر لەسەریان کۆبۆتەوە، بە شێوازی هەکاری دەدوێن بەڵام لەبەر ئەو ڕاستیەی کە ئێزەدی لەناو ئەرمەنی و قاوقازی و کوردیشدا[!] هەن، وەك لە هەندێ شوێنی دیکەدا گوتراوە، ئایینەکە ناتوانرێ بگوترێ زاراوەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە.

زاراوەی زازا، کە لەسەرەوەتر باسی لێوە کرا و کوردی ئەرزنجان وردە ودەوروبەر قسەی پێدەکەن، جیاوازییەکی زۆری هەیە و وا دەردەکەوێت کە بە بەراورد لەگەڵ کرمانجیدا، زمانی سەردەمێکی کۆنی ئێرانی پاراستبێت .

سەرنج ڕاکێشترین دیاردە لەناو جیاوازییە جۆراوجۆرەکانی حونجەی فارسی نوێ و کوردیدا، بریتییە لە ڕێك وپێك نەبوونی ئەوی دووهەمیان: ئیدغامی کونسونانتەکان نەرم بوونەتەوە و وون بوونی ڤاڤێل و گوم وگێژی لە فۆڕمی کردارەکاندا، تاقمی کرمانجی، هەرچۆنێك بێت، بە تایبەت لەم سەردەمە تایبەتەدا، ڕێ ورەسمی زاراوە کوردییەکانی دیکە ڕەچاو ناکات جگە

له حاڵەتی دڵنیای جیاوازیی له حونجەی /خ/. به پێچەوانه، /و/ی فارسی ڕەقتر دەکات و وەك /ف/ی لێ دێنێت، یاخود له دەنگه بنەڕەتیەکەی خۆیدا دەیهێڵێتەوه. هەروەها /ب/ ئەستەمتر دەبێت و وەك /پ/ی لێ دێت. /ت/ی دوای /س/ وەك له زۆر شێوازی دیکەی کوردیدا دەبینرێت، لێرەدا بێ کەڵك نامێنێتەوەو به باشی و بەبێ هەڵه له هەندێ وشەدا حونجه دەکرێت، وەك: ڕاست، دەست، بیست و...

/ز/ گەلێك جار دەبێ به /ژ/، هەروەها /ت/ هەندێ جار وەك /ط/ی عەرەبی حونجه دەکرێت و کاتێکیش که حونجەی ئەوتۆ دەکرێت، به شێوەی /ط/ دەنووسرێت. /م/ له کوردیدا هەندێك جار دەبێ به /ر/، بۆ نموونه "ئومێد"ی فارسی دەبێ به "ئوریش"(). /ر/ له هەر کوێ بگونجێت به توندیی وەردەسوورێت و ئەوەش ڕوخسارێکی هەموو زاراوەکانی زمانی فارسییه، چ کوردی بێت، چ لوڕی یا هەرچییەکی تر. دەنگی عەرەبی /ئا/ واته دەنگی هەمزە- وەك له وشەی "مەئموور"دا هەیه، [له کوردیدا] گەلێك ئاسایيه. دەنگێك که بۆ زاراوەکه سەمەرەیە، دەنگی /ئوی/یه **[eu]** وەك له وشەی فەڕەنسی**beurre** دا دەبینرێت.

کاتێ /ه / **[h]**دەکەوێته پێش ڤاوێلی درێژەوه، که زۆرجاریش وا هەڵدەکەوێت، /ه/یەکه به شێوەیەك دەردێت که له وشەی "بها**[bha]** "دا دەبینرێت بەواتای 'باد'ی فارسی یاخود لەوشەی 'دهێ' **[dheu]** به واتای "دی[ه]" **[dih]** ی فارسی .

له لاپەڕەکانی دواتردا [دەبینین] که پیتی /ر/ نوێنەرایەتی دەنگی /**r**/ [ی ئینگلیزی] دەکات و نیشانەی /ڤ/ بۆ گەیاندنی دەنگی /**w**/ دیاری کراوه( )

## کۆتایی / پاشگر (؟)

وەك هەموو زاراوه کوردییەکان –جگه له کرماشانی و جافی، [زاراوەی] شادی "کۆ"ی خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی بەهۆی (-ان**[-an]** (ەوه پێك دێنێت و زۆر جاران به پێچەوانەی زاراوەکانی تر، پیتی /ك/ له وشەکه زیاد ناکات. نموونەکان:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تاك: | جیف<br>میر | تەن | ئاش | کشت | ئاف |
| کۆ: | جیفان<br>میران | تەنان | ئاشیان | کشتان | ئافان |

لەناو ئەو شەش ناوەی سەرەوەدا، سیانیان دەکرێ بیچمی دیکەیان بۆ "کۆ" هەبێت: جیفەکان، ئاشەکان و میرەکان. بەڵام کۆی سیانەکەی تریان ناکرێ بە /ك/ دروست بکەیت.
لە هەموو زاراوە باشوورییەکاندا وا هەیە ئەم پاشگری /ك/ە بە هەموو ناوێك و تەنانەت هەموو کردارێکەوە بنووسێت، بەڵام [زاراوەی] شادی کەڵکێکی باشتری بۆ [/ك/] پاراستوە. بۆ نموونە، بەکارهێنانی تەنیا لەگەل ناودا، پەسندکردنی **diminutive Sense** ە، وەك ئەوەی کە:
لە خز **khiz** بە واتای "کچ"، خزەکی **khizaki** دروست دەبێت لە دور **dur** بەواتای درۆ، هیچ دروست نابێت، گەرچی لە کوردی باشوریدا هەیە .
چاف **chaf** بەواتای چاو، هیچ بچووك کراوەیەکی نییە گەرچی لە زاراوە باشوورییەکاندا هەیەت.
مال بە واتای خانووبەرە، ماڵەکەی **Malaki** پێك دەهێنێت. ئەم ناوانەی خوارەوە دوو بیچمی کۆیان هەیە :

لە خز، خزەکان و خزان

لە کوڕ، کوڕەکان و کوڕان

لە مال، ماڵەکان و ماڵان.

## کۆتایی Case Endings

**١.دا**

لە کوردیدا گەلێك ئاساییە کە دا وەك ئیزافە و بەرکار دەربکەوێت (بە تایبەت کاتێ کە ناو دەبێتە بەرکاری حەرفێکی ئیزافە). نموونە: (وان لە ماڵدا ئیشە بکنە) بە واتای لێیان بگەڕێبا لە ماڵدا ئیش بکەن. لێرەدا 'مال' بەهۆی /لە/وە بەڕێوە دەبرێت. "ئەز بازاڕدا دخوازم تروم" دەمەوآ بچم بۆ بازاڕ.

**٢. ڕا**

لەناو زاراوە کوردییەکاندا، تەنیا تاقمی کرمانجی ئەم نیشانەی بەرکارییەی پاراستوە بەڵام تەنیا لەدوای ناسناو کەڵکی لێ وەردەگرن. وەك: مەرا، تەرا، ڤەرا، مارا، هوونرا، ڤانرا. کەڵك لێوەرگرتنی زۆر و هەمیشەیی لە دوای ئاوەڵناوە. وەك عیبارەتی گەلێك ئاسایی "ژ بۆ مەرا"

کە بەرانبەر بە عیبارەتی فارسی "از برای من". نموونە: فاتێحان ژ بۆ مەرا بخوونن." (لە 'عروض'ی ئەحمەدی خانی وەرگیراوە).

ئەم یەکەیان کەڵکی زۆر کەمتری لێ وەردەگیرێت و بەکارهێنانەکەی وا دەردەکەوێت لە بنەڕەتدا بەرانبەر بە /ها/ی فارسی بێت و وەك پاشگرێکی کۆ وایە، بەڵام هەندێ جار لە واتای بەرکاریشدا دەردەکەوێت: "وان فکر دکن وڵاتا خراو بکەن"، کە بەرانبەر فارسییەکەی دەکرێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە: آنها فکر مکنند ولایت راخراب بکنند. کۆ لەگەل ئەم پاشگرە، واتایەکی بەرفراوانتری لە کۆی /ان/ هەیە بە واتای هەموو و گشت وەك چۆن لە دوو بیچمی کۆی کرمانجدا دەبینرێ: کرمانجان، کرمانجا. یەکەمیان واتای هۆزانی شادی و هەکاری دەبەخشێ و دووهەمیان "کورد" وەك ڕەگەز دەگەیێنێت.

لە (نحو) (سنیتاکس)دا، ناو لەهەمان شوێن ڕادەوەستێ کە لە فارسی و هەروەها زاراوەکانی دیکەی کوردیدا هەیە. نموونە:

**شادی:** "تۆ یەك مانگاکی بە بازاری دووسەد پینجە چارغروشان بەژێر مەددە .

**فارسی:** تویك مادەگاو را بیر بازار دویست و پنجاوچهار غروش کەمترندە.

کە [زاراوەی] شادی، زیاتر لە فارسی نوێ، سەرنج دەداتە بەکارهێنانی کۆتایی کۆ، کە ئەمیان بەکارهێنانی بیچمی (تاك)ی بۆ هەموو بەرکارێك جگە لە مرۆڤ پێ باشترە و لە هەندێ حاڵەتی تایبەت بە ژمارەی زۆر و دیاریکراودا نەبێت لە حاڵەتی "ناو"ی ئەوتۆدا تەنانەت بەکارهێنانی کۆتایی کۆ یاساخ دەکات. لەکاتێکدا [زاراوەی] شادی جەخت لەسەر بەکارهێنانی ڕاست و بەجێی "صرف"ی کۆ دەکات .

ئەم نەخشەیەی خوارەوە، وەك نموونە، ژمارەیەك ناومان پیشان دەدات بە ئامانجی بەراوردکاری، لە هەر شوێنێك [وشەی] فارسی لە زاراوە کوردییەکانی دیکە نزیکتر بووبێت، فارسییەکەشی ڕاگەیێنراوە. نیشانەی /ك/ زاراوە کوردییەکان بەگشتی دەگەیێنێت و بۆ بەراوردکاری، کەڵك لە نزیکەی ١٠ زاراوە وەرگیراوە کە پێویست نەبوە بێنە ژماردن. هەرکاتێکیش کرمانجی (هەکاری) لە شادی جیاواز بووبێت، ڕاگەیێنراوە، بەڵام پێچەوانەکەی نا.

| شادی | حونجە | زمان یا زاراوەکانی دیکە ڕوونکردنەوە | ئینگلیزی |
|---|---|---|---|
| باخ | bákh | کوردی: باخ، فارسی: باغ | a garden |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بهاڤ | **bhắv** | ك: با، وا، ڤا ف: باد<br>كرمانجی: با | **wind** |
| بادام | **bắdam** | ك: بایم، بائام<br>كرمانجی: باوام | **an almand** |
| نكا | **nikã** | ف: این گاه | **now** |
| برف | **braf** | ك: ڤەفر، ڤەور، بەفر. ف: برف | **snow** |
| چلو | **chlu** | ك: گەڵا<br>كرمانجی: گەڵا | **a leaf** |
| دری | **dari** | ك: در. ف: در | **a door** |
| دەر | **dar** | ك: دشت، دەر. ف: در | **desert, outside** |
| رند | **rind** | ك: رنه. ف: رنه<br>كرمانجی: خاچ رنه | (**able, wily**) **good** |
| قیش | **qish** | ف: قاش | **a tear, rent** |
| زارو | **zaru** | ك: ژاروره، زاورو<br>كرمانجی: زاوری | **a child** |
| هری | **huri** | ك: هری، خوری. ف: خوری .<br>كرمانجی: هری | **wool** |
| میش | **mish** | ك: مێشی. ف: پشه | **a gnat** |
| هرژور | **harzhivar** | ك: نردڤان. ف: نردبان<br>كرمانجی: نردوان | **stairs, a ladder** |
| كاغت | **kaghat** | ف: كاغذ<br>كرمانجی: كاغژ | **paper** |
| كرسی | **kursi** | فارسی: صندلی، عربی: كرسی | **a chair** |
| دیوار | **divar** | ك: دیڤار. ف: دیوار | **a wall** |
| وی | **vi** | ك: ریش. ف: ریش | **a beard** |
| دوان | **divan** | ك: دڤان، دنان، ددان. ف: دندان<br>كرمانجی: دنان | **teeth** |
| زمان | **zaman** | ك: زڤان. ف: زبان<br>كرمانجی: زبان | **tongue** |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| دف | daf | ك: دڤ، دم. ف: دبان | mouth | کرمانجی: |
| دو | | | | |
| لیف | lif | ك: لیج، لیف. ف: لب. | a lip | |
| | | کرمانجی: لیڤ | | |
| بری | biri | ك: نچو، بانچو. ف: ابرو | eyebrows | |
| | | کرمانجی: برد | | |
| تویژ | tüzh | ك: تیژ، ف: تیز | sharp | |
| | | کرمانجی: تیژ | | |
| کویل | kül | ك: کول، کل. ف: کند | Blunt | |
| | | کرمانجی: کول | | |
| جی | ji | ك:جیه، جه، جی. ف: جو | barley | کرمانجی: |
| جه | | | | |
| جیف | jif | ف: جیف | a pochot | |
| | | کرمانجی: جیو | | |
| گا | gã | ك: گا، گاڤ. ف: گاو | an ox | |
| | | کرمانجی: گاڤ | | |
| مانگا | mãngã | ك: مانگا. ف: ماده کاو | a cow | |
| پر | pirr | ك: فره فر. ف: فرا | a lot | |
| هندك | handik | ف: اندك | a little | |
| مرشك | mirshk | ك: مامر. ف: مرغ | A fow! | |
| خاو | khãv | ك: خاڤ. ف: خواب | sleep | |
| | | کرمانجی: خاڤ | | |
| خفاف | khwãlik | ك: خڗا، خڤاشك. ف: خواهر | aister | |
| | | کرمانجی: خایشك | | |
| رڤن | rwan | ك: رڤن. ف: روغن | Clarified butter | |
| زو | zü | ك: زو. ف: زود | early | |
| شیلم | shailam | ك: شلم، شیلم. ف: شلغم. | a turnip | |
| ترپ | tirp | ك: ترپ. ف: تربیزه | a radish | |
| کرژنگ | kirzhink | ك: کژدم. ف: کژدم | a scorpion | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ایسوت | isút | chaldean isaúta | pepper |
| جپت | jipt | ف: جپت<br>كرمانجی: جوت | erooked |
| قچكه | quchka | ك: بچوك. ف: كچك<br>كرمانجی: بچوك | small |
| پسك | pisink | ك: پشی، پسی. ف: پشی<br>كرمانجی: پسك | a cat |
| جهی | jhi | ك: جیه. ف: جدا<br>كرمانجی: جیا | separate |
| آش | ãsh | ك: ئاش. ف: آس | a mill |
| ماسی | mãsi | ك: ماسی. ف: ماهی<br>كرمانجی: ماسی | fish |
| نیویه | nivia | ك: نیمه. ف: نیم<br>كرمانجی: نیمه | a half |
| گشت | qisht | ك: گشت | all |
| برا | barã | ك: برار، برا | a brother |
| خیز | khiz | ت: قز<br>كرمانجی: كچ | daughter |
| شال | shãl | ف: شال<br>كرمانجی: شاش | a turban |
| كاور | gaavir | كرمانجی: بال | the arm |
| كر | kar | ك: كر. ف: خر | an asa |
| خالی | khali | ك: خالی ف: خاك | dust |
| برف | barf | ك: ڤور ور ف: برف<br>كرمانجی: برو | snow |
| تاف گا | Taf, taf | ك: تاڤ تاو ف: تاب<br>كرمانجی: تاو | the suu |

| | | | |
|---|---|---|---|
| آر | ãr | ك: ئاگر، ئایر ف: آژر، آگر<br>کرمانجی: ئاگر | fire |
| گرمك | grmik | ف: گرمی<br>کرمانجی: گرمی | warmth |
| سار | sãr | ك: سار ف: سرد<br>کرمانجی: سار | cold |
| آف | ãf | ك: ئاف ، او. ف: آب<br>کرمانجی: آو | water |
| ژنی | zhini | ك: اژنو، زانیو ف: زانو<br>کرمانجی: زنی | knee |
| چاف | chãf | ك: چاف ف: چشم<br>کرمانجی: چاو | eyea |
| ناف | Nãf | ك: ناف<br>کرمانجی: ناو | Inside |
| جگر | jigar | ف: جگر | liver |
| گرجی | gurji | ك: گرچی ف: گرده | Kidneys |
| دنگ | dang | ك: دنك ف: بانك | noise |
| ناو | nãv | ك: ناف ف: نام<br>کرمانجی: ناف | name |
| هورمیش | hurmish | ك: اورمش ف: ابرشم<br>کرمانجی: اورمیش | silk |
| پیرژن | pirzhin | ف: پیرژن | an old woman |
| سور | súr | ك: سور ف: سرخ | red |
| هشینه | hashina | | blue |
| مزار | mazãr | ف: مزار<br>کرمانجی: گور | a grave |
| سیف | sif | ك: سیف، سیو ف: سبب<br>کرمانجی: سیو | an apple |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تژی | **tizhi** | ك: تیر ف: سیر | **full** |
| | | كرمانجی: تیر | |
| دژمن | **dizhmin** | ك: دژمن ف: دشمن | **enmity** |
| ری | **ri** | ك: ری ف: راه | **a road** |
| | | كرمانجی: ری | |
| گال | **til** | ك: تال ف: تلخ | **Bitter** |
| | | كرمانجی: تال | |
| دست | **dast** | ك: دس ف: دست | **the hand** |
| اویش | **avish** | ك: اویژ ف: امید | **hope** |
| | | كرمانجی: اوجی | |
| هی | **hi** | ك: هیله | **an egg** |
| | | كرمانجی: هیە | |
| خوی | **khúi** | ك: خفی | **salt** |
| سوگ | **Sŭg** | ك: برد، بر ف:سنگ | **a stone** |
| | | كرمانجی: بر | |
| رش | **rash** | باكوری ك: رش | **blavk** |
| میر | **mir** | ف: مرد | **a man** |
| دار | **dãr** | ك: دار ف: درخت | **a tree** |
| بزن | **bizin** | ك: بزن ف: بز | **a goat** |
| رو | **rŭ** | ك: روژ، رو ف: روز | **day** |
| | | كرمانجی: روژ | |
| شاف | **shãv** | ك: شڤ ف: شب | **night** |
| دز | **diz** | ك: دز ف: درز | **a thief** |
| استو | **Ustŭ** | باكوری ك: استو | **the neek** |
| كوز | **kŭz** | ف: كوزه | **a pot** |
| هرم | **harm** | ك: ارمو، هرمو ف: امرود | **a pear** |
| زوی | **zevi** | ك: رڤین ف: زمین | **ground** |
| ارد | **ard** | عربی: ارچ | **the earth** |
| ایژنك | **Izhink** | ف: هیزم | **wood** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دیری | **diri** | ك: تیر ف: تگرك | **hail** |
| استریه | **istiria** | ك: تیر، استار ف: ستاره | **a star** |
| کادینه | **kā̃dina** | ف: کاەدان | **a store_ room** |
| تیڤی | **tüwi** | ك: تینی ف: تشنه<br>کرمانجی: تینی | **thirsty** |
| بوك | **baok** | ك: بوك | **a birde** |
| زانا | **zā̃iā̃** | ك: زاڤ ف: داماد<br>کرمانج: زاوا | **a bridegroom** |
| دوی | **davi** | ك: دادالك ف: دایه<br>کرمانج: داو | **a mother** |
| باب | **bā̃b** | ك: باڤکه، باڤ ف: بابا | **a father** |
| اور | **avr** | ك: هڤر، اڤر ف: ابر<br>کرمانج: هور | **elowds** |

### ئاوەڵناوەکان

ئاوەڵناوی شەخسی [ئینگلیزی] من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان؛ کە لە فارسیدا بریتین لە: من، تۆ، او، ما، شما، آنها، لە [زاراوەی] شادیدا بە شێوەی خوارەوەن :

١. ئەز بە واتای من. ئەم بیچمە لە هەموو زاراوە باکوورییە کوردییەکان، واتە موکری و بن لەهجەکانی، هەروەها هەکاری و هاوشانەکانیدا کەڵکی لێوەردەگیرێت. کەڵك لێوەرگرتنەکەشی تەنیا بۆ واتای فاعیلییە و ناتوانرێ لە شوێنی ئیزافە دابنرێت، بەڵام لە فارسیدا دەتوانی بڵێی "اسب من" و هتد. (٩٠٤)

٢. تە بە واتای تۆ. دیالەکتی هەکاری بیچمی تۆ بەکار دەبات، وەك لە فارسی و زاراوە کوردییەکانی دیکەشدا وەهایە .

٣. ئەڤ، بە واتای ئەو. زاراوە کوردییەکانی تر بۆ ئەم ئاوەڵناوە، ئەو، ئەوە، ئا، ئەم و ئەڤ یان هەیە.

٤. ئەم، بە واتای ئێمە. وەك چۆن لە تاکی یەکەم کەسدا بینرا، لێرەش تەنیا بیچمی فاعیلی هەیە و لە حاڵەتی بەکاری و ئیزافەدا ئیتر بیچمی دیکە بە خۆیەوە دەگرێت. زاراوەکانی تر[ی کوردی]دا، "ئێمە" و "مە" و "مانگ" بەکاردەهێنن .

٥. هوون، بە واتای ئێوە. لە زاراوەکانی دیکەدا چەشنایەتیەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، وەك ئێوە، شما(shma) ، هووما، تان، ئووتان، ئەوەکەی [زاراوەی] شادی وا دەردەکەوێ کە لە بیچمی دوایین [واتە "ئووتان"] وەرگیرابێت کە بیچمێکی ئێرانی کۆنە و ئێستاش لە [شاری] یەزد کەڵکی لێ وەردەگیرێت .

٦. وان: بە واتای ئەوان. ئەم بیچمە کەم تا زۆر لە هەموو زاراوە کوردییەکاندا، یەك چەشنە و بەبێ جیاوازیی [بیچمی] ئەوان، واتە "ئەو"ی کۆ دەخاتە بەرچاو .

جێناوی ملکی و بەرکاری کە وەك فارسی، بەهۆی ئیزافەوە دروست دەبن و مەوزووعی مڵکییان بە شوێندا دێت، بەم شێوەیە دەردەکەون. ئەگەر وشەی دور من وەك مەزووعی ملکی بگرێنە بەرچاو، شەش بیچمەکەی بەم شێوەیە دەرۆن .

١. دژمنی من. لێرەدا، وشەکە لە شێوەیەکی گشتیدا بەکاردەهێنرێت. بیچمی فارسی "مرا"ش لە تاقمی کرمانجیدا بەکار دەهێنرێت. کرمانجی تاقە زاراوەیەکی کوردییە کە ئەم بیچمە بناسێت .

٢. دژمنی تە یا دژمنی تەرا.

٣. دژمنی ئەڤ یا دژمنی ئەرا، یا دژمن ئەڤرا.

٤. دژمنی مە یا دژمنی مارا کە لێرەشدا بە تەواوەتی لەگەل فارسیدا یەك دەگرێتەوە [سۆن، "مەڕا"ی کرمانجی کردۆتە "مارا" هەر بۆ ئەوەی بڵێت عەبن و بیللا فارسییە]!

٥. دژمنی هوون یا لە گەلێك نائاسایی دژمنی تارا، کە ـی تا- بەرانبەرە لەگەل فارسی تان یا ئەتان.

٦. دژمنی ڤان، یا دژمنی ڤانرا.

بیچمی بکەری، دوانە، بەم شێوەیە :

| | | |
|---|---|---|
| ١. | من | مەرا |
| ٢. | تە | تەرا |
| ٣. | ئەڤ | ئەڤرا |
| ٤. | مە | مارا |
| ٥. | هوون | تارا |
| ٦. | ڤان | ڤانرا |

**پاشگری جێناویی**

ئەم پاشگرانە، لە فارسی و کوردیدا پاشگری ملّکی "ناو"ن وەك (دەستم) .. هتد هەروەها ئەو پیتانەی وا دەخرێنە سەر کردار، وەك "می روم" [ی فارسی].

هەرچۆنێك بێت، وا دیارە [زاراوەی] شادی چەشنی یەکەمیانی نەبێت و پاشگری جێناوی تەنیا بۆ کردار بەکاربهێنێت. بیچمی یەکەم، لە صیغەی حال ی دەردەکەوێت و لە شوێنی بەراوردی لەگەڵ بیچمی زاراوەکانی دیکەدا دانراوە.

| **فارسی** | **شادی** | **زاراوەکانی دیکە** |
|---|---|---|
| می خورم | دەخوەم | ئەخوەم، خوەم |
| می خوری | دەخوەی | ئەخوەت، مەخوی، خۆەیت |
| می خورد | دەخوا | ئەخوا، مەخوەت، خوەت |
| می خوریم | دەخوین | ئەخۆین، مەخۆیمان، خوەیم |
| می خورید | دەخون | ئەخۆن، ئەخوان، مەخوەین، خوەین |
| می خورند | دەخوەن | ئەخوەن، مەخوەن، خوەن |

پاشگری سێهەم کەسی تاك و دووهەم کەسی کۆ، لادانێکی هاوچەشنن لە فارسی "عامیانە"دا و ئەم بەشانەی کردارەکە بە شێوەی "میخورە" و "میخورین" دەردەهێنن (چاوگەی کردارەکە، "خوردن"ە)،

سێهەم کەسی کۆش هەروەها نیشاندەری کارێکی هاوچەشن —واتە قرت کردنی /د/ە. جێناوی ئیشارە، بریتین لە /ئەو/ و /ڤە/ بە کۆی عادەتییانەوە: ئەوان، ڤان، دەتوانرێ لەگەڵ زاراوە کوردییەکانی دیکەدا بەراورد بکرێن کە ئەو، ئەوە، ئەڤە، بۆ ئاماژەی دوور و ئی، یە، وی، بۆ ئاماژەی نزیك بەکاردێنن .

جێناوی /کێ/ و /چی/ واتای پرسیاری هەمان وشەگەلیان هەیە، لە فارسیشدا عەین و بیللا بەهەمان شێوە بەکاردەهێنرێن [سۆن بۆ ئەوەی بڵێ ئەوانە لەگەڵ فارسیدا جیاوازییان نییە، لە شێوەی (کە) و (چە)دا نووسیونی!].

دەمێنێتەوە جێناوی انعکاسی کە لە فارسیدا بریتین لە :

خودم، خودن، خودش، خودمان،خودتان، خودشان، کە لە وشەی خود (بە /واو/ی بێدەنگەوە) پێك هاتوون شادی [ئەم جێناوانە] بەشێوەیەك بەکاردەهێنێ کە دەڵێی بنەماکەیان کوردییە و

حونجەکەی دوور نییە حونجەی فارسی کۆن بێت واتە /واو/ حونجە دەبێت بەڵام /دال/ەکەی دەکەوێت:
خڤە [w] کە چەند [بیچم بۆ] چەند کەس پێك دەهێنێت بەم شێوەیەی خوارەوە:
خوەمە، تەخوە، ئەڤ خوە، خوەما، خوەتان، وان خوە.
بەم شێوەیە، بەشە جێناوییەکەی لە هەندێکیاندا وەك پێشگر و لە هەندێکی دیکەدا وەك لێکدراوێك خۆ دەنوێنێ.
ئەوانە بیچمە ئاساییەکانن بەڵام دەستەیەکی دیکە هەن کە ئەوانیش زۆر بەکاردەهێنرێن:
خڤام، خڤای، خڤا، ئەمخڤا، هوون خڤای و خڤایان
[خوەم، خوەی، خوە، ئەم خوە، هوون خوەی و خوەیان].

**ناسناو**

لە قسە کردنی فەرمیدا، نە کوردی و نە فارسی ناسناویان نییە لەبەر ئەوەی "ناو"ەکانیان هەم ناوی راستەقینە و هەم سیفەتن و پلەیەکی بەراوردکاری قەبوول دەکەن. فارسیی محاوەرەیی بەتایبەت دەستی لە پلەی عالی [سیفەتی عالی] هەڵگرتوە و عیبارەتی "ازهمە ... تر"ی بۆ بەکاردەهێنێ بە واتای "لە هەموان ... تر"، کوردیش هەمان کاری سەمەرە دەکات. فارسی حاڵەتی تفضیلی خۆی بە "تەر" و کوردی بە "تر" دروست دەکەن و لە هەردوو زمانەکەدا، بە یەك شێوە کەڵکیان لێوەردەگیرێت.

**ژمارەکان**

| | فارسی | شادی | زاراوەکانی دیکە |
|---|---|---|---|
| ١ | یك | yak | yek |
| ٢ | دو | dü | dü |
| ٣ | سە | seh | seh |
| ٤ | چهار | chahãr | Chwãr , chár chãr |
| ٥ | پنج | panj | panj pinj |
| ٦ | شش | shish | shash shash |
| ٧ | هفت | haft | haf haft |
| ٨ | هشت | hasht | hasht hasht |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Nuh, na, ni | niyya | nah | نه | ٩ |
| dah | dah | dih, dah | ده | ١٠ |
| yánza | dah o yek | yázda | یازده | ١١ |
| dwánza | dah o dü | dayáazda | دوازده | ١٢ |
| sinza | dah o seh | sizda | سیزده | ١٣ |
| chwärda | dah o chár | chahárdah | چهارده | ١٤ |
| bis | bist | bist | بیست | ٢٠ |
| chil | chal | chihil | چهل | ٤٠ |
| panjáh | pinja | panjá | پنجا | ٥٠ |
| Shist, shist | shaist | shast | شێست | ٦٠ |
| haftá | hafta | haftad | هفتاد | ٧٠ |
| hashta | hashtá | hashtád | هشتاد | ٨٠ |
| nawad, nawa | nawt | navad | نود | ٩٠ |
| sad | sat | sad | صد | ١٠٠ |
| hazhár | hazár | hazár | هزار | ١٠٠٠ |

**ناوه تەرتیبیەکان وەك فارسی بەهۆی زیادکردنی (-وم) یاخود (ان)ەوە دروست دەکرێن:**

| **فارسی** | **شادی** | **ئینگلیزی** |
|---|---|---|
| اول | پیش | **First** |
| دوم | دوم | **Second** |
| سیم | سیان | **Third** |
| چهارم | چاران | **Fourth** |
| پنجم | پنجان | **Fifth** |

### کردارەکان

وەك لە فارسی نوێ و کوردیشدا باوە، شادی، زۆرێکیانی لەدەست داوە کە دەبێ ژمارەیەکی بەرچاوی کرداری سادە بووبێتن و لە تەرکیبدا کەموکەسرییان هێنابێت .

شادی عونسوری نائاسایی وەك زاراوەکانی دیکە، زۆر نییە و لە شێوازی خۆیدا گەلێکیش ئاسایییە.
وەك یاسایەکی گشتی، کردار چاوگەکەی خۆی بە /ن/ی کۆتایی دروست دەکات و یاسای کوردی ڕەچاو دەکات کە پاشگری تەواوی —ختان، -تان و -دان قرت دەکات یاخود هەر نیەتی. کەوتن، هاتن، ئاڤەتن (خستن)، واردن (هێنان)، کەنین (پێکەنین)، ڕاکەڤین (خەوتن). چاوگە، لە قسەکردندا کەڵکی کەمی لێءەردەگرێ، لە هەموو زاراوەکانیشدا هەروایە. بەشی جۆربەجۆری کردار بۆ دەربڕینی واتای پێویست، کەڵکیان لێ وەردەگیرێت.
لە پێکهاتنی ڕستەدا، پتەوییەکی بەرچاو هەست پێدەکرێ و بەکارهێنانی هەموو زاراوە باکوورییەکانی بە شوێندا دێت. بۆ نموونە، لەجیاتی پاشگری فارسی /می/ بۆ پێکهێنانی [صیغەی] حاڵی إخباری، کەڵك لە /دە/ وەردەگیرێت. ئەم زاراوە باکوورییانە، بریتین لەوانەی وا پەیوەندییان لەگەل لوڕی و بەکارهێنانی ئەودا نەگرتوە و بێچمێکیان پاراستوە کە بە ڕواڵەت دەبێ بیچمی کۆن بێت لەبەر ئەوەی لە هەموو شوێنێك تەنانەت لە بیچمی سەروگۆی شکاوی کرماشانی و کوردستانی (سنەیی)شدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. ئەو زاراوانەی وا تییاندا شتەکە بە دەست لێنەدراوی ماوەتەوە، بریتین لەوانەی خوارەوە:
لە ئێران، موکری و بن لەهجەکانی
لە تورکیا، هەکاری و شادی
کاتێ کە چاوگە لە بنەڕەتدا ساکار نەبێ، وەك لە ڕاکەڤن (پێشگری ڕا) و لیخەن (پێشگری لی)دا دەیبینین، پاشگری دا، دەرناکەوێت.
لە [بیچمی] نەرێ یی واتە مەنفیدا، /دا/ شوێنی خۆی دەدات بە /نا/، هەروەها لە یەك یا دوو حاڵەتی دیکەشدا جیا لەوانەی وا پەیوەندییان بە کرداری پێشگردارەوە هەیە، لەفزی /دا/ قرت دەبێت و جێگەی خۆی دەدات بە پیتی دیکە. یەکەم لەو کردارانە "هەڕڕن"ە، کە لە "حاڵی إخباری"دا دەبێت بە "ترِم" و بە ڕواڵەت /ت/ی ئەسڵی، ئاکامی /د/ و /ە/یە (دهرم) و لە یەك دەنگدا- لێکدراون. کردارەکە، زۆر بێ قاعیدەیە و بیچمی ڕابردووی خۆی لە کرداری کوردی "چوون" وەردەگرێ (بڕوانە دوات).
کرداری دووهەم، بایەخی باس لێوەکردنی هەیە بەهۆی بێ قاعیدەیی [صیغەی] حاڵەوە، ئیخبارییەکەی دەبێ بە ڤارن (= هێنان) و وەك تێرم دەردەکەوێت. بە ڕواڵەت پێکەوەهاتن /د/ و /ڤ/ لە بیچمی بە قاعیدەی، هەمان ئاکامیان بووە کە لە "هەڕڕن" دا هەن. ئەم کردارە، هەروەها نیشاندەری بێ قاعیدەیی لە زەمانی ڕابوردوودایە، کە بریتییە لە "ئانم" (واتە هێنام)

نیشاندەری شوێنەواری کردارێ کە، لە لە "آوردن"ی فارسی و کوردی دەچێت و لە پاشماوەی ئال وگۆڕکراوی ئەلفی ئەسڵیدا کەوتۆتە سەر بڕگەی دووهەم.
کرداری سێهەم، "هاتن"یش لە [صیغەی[ حاڵی ئیخباریدا وەك "تێم" دەردەکەوێت کە بە ڕواڵەت ئاکامی هاوشانی پێك گەیشتنی /د/ و /ە/یە. وەك لە (هەڕڕن)یشدا وەها بوو.
ئەم شێوازی کۆنسنانتە یەکگرتوە، هاوشانی خۆی لە زاراوە کوردییەکانی باشووریشدا هەیە کە لە کرداری "ئاوردن" (آوردن) پێك دێنێ و "هاتن"یش حاڵی ئیخباری "تیارم" و "تییەم"٠ی کرماشانی) پێك دێنێت. کرداری لێکدراو لە کوردیدا زۆر کەم کەڵکی لێ وەردەگیرێت.
ئەمانە بە گشتی لە صیغەی حاڵی ئیخباری، ڕابردوو، ڕابردووی دوور و نزیك وشەرتی، لە نزیکەی هەموو زاراوەکانیدا بەرچاو دەکەون. لەکاتێکدا، وەك لە [شێوازی] کرماشانیدا وەهایە، کەم کەم بیچمێکی ئاسایی ئاهەنگین دەگرێتە خۆی.
کرداری لێکدراو لە شێوەی فارسیدا دروست دەبن. ئەوان زۆر بە شێوەیەکی نادیار ڕاگوێزراون، ئەویش بەهۆی نادروستی کرداری "بوون" و هەروەها تێکچوونیەوە کە نزیکەی هەموو بەشەکانی خۆی بەشێوەیەکی وا ڕاگواستوە کە ڕوونکردنەوەی تەواوی، گەلێك زەحمەت وەدەست بێت. بۆ نموونە لە کرداری "بوون"(ی کرماشانی)دا، ڕابردووەکەی بە شێوەی "بیم" دەردەکەوێ (واتە بوون)، بەڵام لە کرداری لێکدراوی داشتەن و کردارەکانی دیکەدا، "من بووبووم"، بیچمەکەی، بریتییە لە داشتوم لە جێگەی داشتە بیم و لە حاڵێکدا کە [صیغەی] شەرطی هەمان فیعلی کۆمەکی، بریتییە لە "بوەم" [بوم]، بە واتای ئەگەر ببم، لە تەرکیب لەگەل کردارێکی دیکەدا، دەبێتە "ئووتم" وەك "کردووتم" بە واتای [ئەگەر بیکەم].
**ئەم لیستەیەی خوارەوە لە (حازری ئیخباری) کردارەکانی [زاراوەی]شادی، پێکهاتنی ئەم کردارانە پیشان دەدات:**

**حاڵی ئیخباری کرداری (خۆڤەن) واتە خواردن،**

| | | |
|---|---|---|
| من دەخۆم | dakhwam | دخڤەم |
| تۆ دەخۆی | dakhwi | دخڤی |
| ئەو دەخوات | dackha | دخە یا دخڤە |
| ئێمە دەخۆین | dakhwin | دخڤن |
| [ئێوە] دەخۆیت | dakhwin | دخڤن |
| ئەوان دەخۆن | dakhwan | دخڤن |

**ئه‌م ]کردارانه‌ی[ خواره‌وه‌ یه‌که‌م که‌سی تاکن، حاڵی ئیخباری له‌م چاوگانه‌ به‌ شێوه‌ی خواره‌وه‌ی:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| دفه‌خم | خواردنه‌وه | fakhwan | فخڤن |
| له‌یخه‌م | لێدان | laikhan | له‌یخه‌ن |
| نوسم | Nacian | نوسان | |
| دکنم | kanin | کنن | |
| راکتم | Riakatin | راکتن | |
| ددم | dán | دان | |
| دبم | gutin | گوتن | |
| چی دکم | chi kirrin | چی کرن | |
| دکفم | kaftia | کفتن | |
| ددینم | din | دین | |
| واندا کرم | randa | واندا کرن | |
| بیر دکم | bir kirria | واندا کرن | |
| دفکرم | fkirianفکریان | | |
| دراڤم | Ravcia | راڤن | |
| پینگام | Paingan | پنگان | |
| دبوم | bum | بون | |
| دیخازم | khazinخازن | | |
| دپرسم | pirsin | پرسن | |
| دگیشم | gaishtin | گیشتن | |
| قای دکم | qai kirrin | قای کرن | |

[صیغه‌ی[ ڕابردوو، به‌هۆی نه‌بوونی پێشگری وشه‌ییه‌وه‌، نزیکایه‌تی له‌گه‌ڵ فارسی و زاراوه‌کانی دیکه‌ی کوردی پیشان ده‌ده‌ن، به‌ڵام هه‌ندێ جار پیته‌ جێناوییه‌کان له‌جیاتی ئه‌وه‌ی بیانخاته‌ دوای ڕه‌گ[ی کردار]ه‌وه‌، ده‌یانخاته‌ پێشه‌وه‌ی و به‌ ڕواڵه‌ت سه‌رنج دانی هه‌رکام له‌ شوێنه‌کانی ئاوه‌ڵناویی ئه‌داتی پیت. نموونه‌: "دان" به‌واتای دا.ن.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| من دام | mada | مەدا | dam | دام | |
| تۆ دات | tada | تەدا | dái | دای | |
| ئەو دای | avda | ئەڤدا | dá | دا | |
| ئێمە دامان | amdá | ئەمدا | dán | دان | |
| ئێوە داتان | hûndá | هووندا | dán | دان | |
| ئەوان دایان | vándá | ڤاندا | dán | دان | |

وا دەردەکەوێت کە هیچ یاسایەك بۆ بەکارهێنانی دوو فۆڕمەکە نەبێت کە بە ڕواڵەت هاودەنگ بن و بڕیار لەسەر پرسیارەکە بدەن.

ڕابردووی تەواو **past perfect** ("کردەام"ی فارسی بە واتای کردوومە) وەك زاراوە کوردییەکانی تر دروست دەکرێت.

بۆ نموونە، پیتی /ـە/ = **h** لەجیاتی ئەوەی بە ڕەگی کردارەوە بنووسێت، لەبەردەم پێشگری ئاوەڵناویی دەردەکەوێت و دەبێتە (کردن).

ڕابردووی تەواو:

| | |
|---|---|
| کردمە | **kirdima** |
| کردتە | **kirdita** |
| کردیە | **kirdia** |
| کردنە | **kirdina** |
| کردنە | **kirdina** |
| کردنە | **kirdina** |

**ئەم یاسایە بۆ هەموو فرمانەکان هاوچەشنە.**

**ڕابردووی ناتەواو Past imperfect** (فارسییەکەی دەبێتە "میکردم" واتە دەمکرد، پیشاندەری بەراوەژوویيە لەو صیغەیەدا کە لە زاراوەی موکری، سلێمانی و جافی دەردەکەوێت و /دە/ یەك دێنێتە بەردەمی پێشگری وەك "دەمکرد" بە واتای "جاران دەمکرد".

بەڵام شادی صیغەی م دەکر، ت دەکر، ئەڤ دەکر، ئەم دەکرـ هون دەکر، وام دەکر ی هەیە.

صیغەیەك کە لە سنەو کرماشانیش هەیە، هەر بریتییە لە کریام**kiriam** ، کریای**kiriai** ، کریای**kiriai** ، کریا**kiria** ، کریاین**kiriain** ، کریاین**kiriain** ، کریان.**kirian**

شەرطی لە صیغەکانی خۆیدا، دەکەوێتە شوێن فارسی، کە پێشگرێك دەخاتە پێش ڕەگی **b**، و وەك پاشگرێکیش.
نموونە لە چاوگەی (فکریان)ەوە، بەواتای بیرلێ کردنەوە:

| | |
|---|---|
| کە بفکرم | **ki bifkirim** |
| کە بفکری | **ki bifkiri** |
| کە بفکرە | **ki bifkara** |
| کە بفکرن | **ki bifkirin** |
| کە بفکرن | **ki bifkirin** |
| کە بفکرن | **ki bifkiran** |

### یاریدەدەرەکان **Auxiliaries**

لێرەشدا، وەك فارسی، بریتین لە "هەبوون" و "بوون [بەشتێك]"، بەڵام وەك لە کوردیشدا وایە، زۆر ناتەواوە. بەکارهێنانی گشتی بەشەکانی لە خوارەوە نیشان دراون:

**bian** بیەن

| <u>**حازری ئاماژەیی**</u> | <u>**ڕابردوو**</u> |
|---|---|
| ئەم **-am** بە واتای "هەم" | بیم **bim** بە واتای "بووم" |
| ی **-i** | بی **bi** |
| ە **a** | بی **bi** |
| ئین **- in** | بین **bin** |
| مەن **- an** | بیەن **bian** |

| <u>**ڕابردووی دوور**</u> | <u>**شەرطی**</u> |
|---|---|
| بیمە **.bima** من بووم | **bum** بووم (ببم) |
| بیتە **.bita** | **bui** بووی |
| بیە **bia** | **bu** بو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بون | bun | | bina | بینه |
| بن | bin | | bina | بینه |

**ئەمری**

به) **ba** ببه!

کرداری "بوون" (**to became**) زیاتر ناتەواوە، چاوگەکەی بریتییە لە "بوون" و بەشەکانی بە ڕێك وپێکی دروست دەکرێت.

| حازری ئاماژەیی | | ڕابردوو | | |
|---|---|---|---|---|
| دەبووم | **dabum** | بووم | **bum** | من بووم |
| دەبووی | **dabui**. | بی | **bi**. | |
| دەبوو | **dabu**. | بی | **bi**. | |
| دەبوون | **dabun**. | بین | **bin**. | |
| دەبوون | **dabun**. | بین | **bin**. | |

**ڕابردووی دوور**

| | | |
|---|---|---|
| بوومە | **buma**. | (من بووم) |
| بوونە | **buna**. | |
| بوە | **bua**. | |
| بوونە | **buna**. | |
| بوونە | **buna**. | |

**ئەم کردارانە کەم و زۆر هاوتەریب بوونی تەواو لەگە زاراوە کوردییەکان دەردەخەن کە یاریدەدەرەکان بە هەمان ڕادە ناتەواون.**

١. لەناو هەموو زاراوە کوردییەکاندا، شادی تاقە زاراوەیەکە، کە کرداری جیاوازی بۆ خواردن و خواردنەوە هەیە. لە زمانی فارسیدا شێوازی کۆنی "ئاشامیدەن" (خواردنەوە)، ئێستا لەناوچوە. کوردیش بەهەمان شێوە، کرداری خواردن بۆ هەردوکیان [واتە خواردن و خواردنەوە] بەکاردەهێنێت و هەرچۆنێك بێت، شادی کرداری "ڤەخوەن"ی هەیە بە واتای خواردنەوە کە دیارە لە "خوەن" وەرگیراوە. ئەم گریمانە پشت ئەستوورە بەو ڕاستیەی کە صیغە ئەمرییەکەی لە ڤەخوە **fakhwa** وەرگیراوە نەك لە بڤخوە **bifkhwa** و ئەوەش شوێن گرتنی یاسایەکە بۆ ئەو کردارانەی وا پێشگریان هەیە، وەك لەیخە **laikha** لە لەێخەن **laikhan** و ڕاکەف **rrakof**لە ڕاکەڤن.

٢. کرداری قا کرن **qai kirrin** (بە واتای بنیات نان)، (کە کۆیەکەی دەبێتە قایم کرن)، دوو بەشەکەی لێك جیادەکاتەوە بۆ ئەوەی بە کردارەکە تەئکیدی لەسەر بکرێت: قای دخانی دکەم **qai dakhani dakam** (خانوویەك دروست دەکەم)، بەرکردار پێشگری /د/ی وەرگرتوە.

٣. زاراوەکە هەندێ کرداری وەرگرتوە کە لە فارسی و باشووری کوردستاندا هەن، "داشتەن" بە واتای "خاوەن بوون"، کە بەهۆی هەندێ عیبارەتەوە دەردەبڕێت وەك "بۆ من هەیە" بە واتای "من هەمە". ئەو کردارە هاوبەشانەی دیکە، کە فەوتاون بریتین لە (١.) پەیدا کەردەن **paida kardan** (دۆزینەوە)، بۆ بەیانی ئەوەی کرداری دین **din** (=دیتن)، وەك چۆن لە [زاراوەی] موکری لە کوردستانی ئێران کەڵکی لێوەردەگیرێت. (٢.) "یادگرفتەن" **yaid giriflan** (فێربوون). لەبەرئەوەی (دەست گرتن) بۆتە جێگری دەقی فارسی هەمان بابەت واتە (دەست گرفتەن) کە لە زاراوەی محاوەرەیی خەڵکدا بە واتای دەستپێکردنە، (دەست گرتن)یش بە واتای (فێربوون) دێت.[12] (٣.) "ئیستادەن" بە واتای وەستان. ئەم زاراوەیە [واتە شادی]، ئەم کردارەی نەماوە و لەجیاتییان کردارێك هاتوە کە لە ڕەگی عەرەبی "سەکەنە" وەرگیراوە: سەکنین **Sakkinin** بە واتای وەستان.

٤. کاتێ کردار، بەرکردارێکی هەبێت، وا هەیە پێشگری /دە/ **da** لە هەردوو صیغەی حازری ئاماژەیی و ڕابردوودا بهێنرێت، کە هەندێ جار لە کردارەکە جیاواز دادەنرێت و هەندێ جاریش دووپات دەبێتەوەو بەرکرداریی بۆ ناوەکە پێك دەهێنێت:

---

[12] ئەوە وەرگێڕاوی دەقەکەیە بە ڕاست و چەوتەوە.

دا چی دەڤی؟ **da chi davi** تۆ دەڵێی چی؟
دا چی وا؟ **da chi wa** ئەو چی گوت؟

٥. ٥ .کرداری "گوتن" وا دەردەکەوێت کە لە دوو ڕەگ دروست بکرێت، و خاوەنی دوو دەستە وشەی جیاواز بێت کە لە هەرکام لەو دوە دروست دەبن، بەڵام بەشە جیاوازەکانی جێگۆڕکێیان پێ دەکرێ و هەمیشە لەگەڵ ئەو بەشانەدا نایەن کە لە ڕەگەکان دروست کراون.
دوو ڕەگەکە بریتین لە /گو/ و /وو/ کە وێدەچێ لە چاوگەی گوتن و وتن (**watin**) دروست کرابن کە بە تەرتیب بەرانبەرن لەگەل فارسی نوێ و کوردی.
بەشی بەکارهاتوو لەگەڵ ئەم چاوگانە بریتین لە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەگەل "گوتن" | | لەگەل "وتن" | |
| بەگو | **bagu** | ببە | **biba = biwa** یا **bira** |
| دەویم | **divin**(لە وتن) | دەڤیم یا دەبم(**dibim** /**divim**) | |
| کوتم و مگو | | واتم | **vatim** |

وا دەردەکەوێت کە لە مەسەلەی کەڵك وەرگرتن لەم دوو کردارەدا جیاوازییەك نەبێت، لەبەرئەوەی لە لێدوانی یەك تاکە کەسدا بێلایەنانە هەردوکیان بەدوای یەکتردا دێن و دەگوترێن.

**ئەوانەی خوارەوە لیستەی هەندێ کرداری سادە و لێکدراون:**

بیەن **bian**، بە واتای بوون. هەموو زاراوە کوردییەکان ئەو کردارە یاخود چەشنێك لەویان هەیە.
بوون **bun**، بە واتای بوون [بەشێك یا حاڵەتێك]، بەهەمان شێوە. کەڤت**kavtin** ، کەوتن، وەك کەوتن یا کەفتنی کوردی[١٣] و هتد.

---

[١٣] . لام وا نییە سۆن کاتێ دەڵێ کوردی، نیازی ئەوە بێت کە زاراوەی شادی کوردی نەبێت لەبەر ئەوەی هەر وتارەکە خۆی تایتڵی کوردی بوونی شادی هەیە. دەبێ نیازی لە کوردی، بە گشتی زاراوەی سۆرانی و هی لای سلێمانی بێت کە شارەزاییەکی زیاتری لێی بووە.

هاتن **hatin**، کردارێکی بێ خەوشی کوردییە لە هەموو زاراوەکانیدا دەردەکەوێت و مۆرکی لوڕیی بەسەرەوە نییە .
ئاڤتن **Awutin**، خستن، فارسییەکەی: ئەنداختەن
ڤارن **varin**، هێنان، فارسی و کوردی: ئاوەردەن و هاوردن
ڤەگەڕین **vagirrin** ، گەڕانەوە، کوردی هەرگردبان، هەر کردبان و هتد فارسی برگردیدن [بەرگەشتەن].
چی کرن **chi kirin** ، بەستنەوە. لە زاراوەکانی دیکەدا هاوچەشنی نییە.
گوتن **gutin** ، قسەکردن. فارسی: گوفتەن؛ کوردی و لوڕی: کوتن
خوەن **khwan** ، خواردن. فارسی: خوردەن، کوردی: خواردن
ڤە خون **fa khwan** ، خواردنەوە .
گرتن **girtin** ، گرتن، فارسی: گرفتەن، کوردی باکووری: گیرتن
کەنین **kanin** ، پێکەنین، فارسی: خەندیدەن؛ کوردی: خەنین و کەنین
راکەفین **rrakafin** ، خەوتن، کوردی: خەفتن؛ فارسی کۆن: خوفتەن
دان **dan** ، دان. کوردی: دان؛ فارسی: دادەن .
بەرگرتن **bar girtin** بەرزکردنەوە. فارسی: بەرگرفتەن؛ کوردی ئەڵگرتن، هەرگردن
فەکرین **fakirin** ، سەیرکردن. کوردی: نەیرن [؟ روانین]؛ ڕەگی فارسی: نیگەر، نیگاه
گەیشتن **gaishtin** ، گەیشتن. لە کوردیشدا هەروایە
ڕیژن **rizhin**، ڕشتن. ڕەگی فارسی: ریز؛ کوردی: رشنان، ڕێژنان، ڕێژان، رشان، هتد و هتد.
ئاژن **azhin**، تاشین. فارسی: پاشیدەن؛ کوردی واشنان، هتد .
کیشنن، **kishnin**، کێشان. فارسی: کەشیدەن؛ کوردی: کێشان، هتد .
راڤن **rravin** ، راکردن. فارسی کۆن: رەهانیدەن؛ کوردی: راکردن، هتد .
فرەتن **fraitin** ، فرۆشتن. کوردی: هەن؛ فارسی: فروختەن .
خیونن **khunin** ، خوێندن، گۆرانی گوتن. کوردی: خیونن؛ فارسی: خواندەن
مەشان **mashan** ، ناردن
مرن **nirrin** ، مردن. کوردی: مرن؛ فارسی: موردەن .
پرسین **pirsin** ، پرسین. کوردی: پرسین، پرسیان، فارسی: پورسیدەن .
لەرزین **lirzin** ، لەرزین. کوردی: لەرزان، لەرزین؛ فارسی: لەرزیدەن .
ماین **main** ، مان. کوردی: مەنەن؛ فارسی: ماندەن .

بهیستن **to hear** ، گوێدان، تەنیا هەکاری، هەمان.
دین **din** ، دیتن، دیتنەوە. کوردیی باکووری: دین، واتە دیتنەوە .
بڕین **birrin** ، بڕین. کوردی: بڕین؛ فارسی: بوڕیدەن .
ڤە کرن **to open** ، کردنەوە. کوردی: وە کرن، کردنەوە؛ فارسی: وا کەردەن، باز کەردەن .
سای کرن **sai kirin** ، بژاردن. فارسی: حیساب کەردەن .
بان کرن **ban kirrin** ، بانگ کردن. فارسی: بانگ کەردەن، بانگ زەدەن .
ڕۆنیشتن **runishtin** ، دانیشتن. فارسی کۆن: نشتن؛ کوردی: نیشتن.
کالین **kaalin** ، چێشتکردن. کوردی: کوڵیان.
شاڤتیان **shawtian**، سووتان. کوردی: سووزنان، سووچیان، هتد.
دوروون **durun**، دروون. کوردی: دەرزین، دووریان، هتد. دوروون. کوردی: دەرزین، دووریان، هتد. ڕەگی فارسی کۆن: دەرز
ترسین **tirsin** ، ترسان. کوردی: ترسین؛ فارسی: تەرسیدەن.
پەیژن **paizhn** ، چێشتکردن. بە ڕواڵەت لە ڕەگی فارسی (پوخت) وەرگیراوە .
هێشتن **hishtin** ، دانان. فارسی: هیشتەن؛ کوردیی باکووریی: هێشتن .
ششتن **shshtn** ، شۆردن. فارسی: شوستەن؛ کوردی: شتن، شۆریان، هتد .
قەت گرتن **qat girtin** ، گازلێدان. کوردی: قەپ گرتن .
دزین **dizin** ، دزین. کوردی: دزین؛ فارسی: دوزدیدەن .
هەڵبڕین **halbrin** ، هەڵگرتن. فارسی: بەرداشتەن .
فڕین **farin** ، هەڵفڕین، فارسی: پەڕیدەن؛ کوردی: پەڕین، هتد و هتد .

**نموونەی پەخشان**

١. ئەز دیڤ چووم بازاڕی و چەند مێی گرتم خازم بمەدەر، چون هەوا پتر سار بوو چارە ناو شارمام

وشە بە وشەی تەرجەمەکان لەو زمانەدا **[**فارسی**]**:
من دیروز رفتم بازار و چند گوسفند گرفتم خواستم ببرم بیرون چون هوا خیلی سرد بوو چارە نبود شهرماندم .

٢. لەم نموونەیەی خوارەوەدا، واتای وشەکان یەك بەیەك لەژێریاندا هاتوە و لە راستەوە بۆ چەپ دەخوێنرێتەوە:

شادی: ئەگەر خوڤدە فورسەن دا چەند رۆژ شۆندا تەیم

فارسی: ئەگەر خودا فورسەت داد چەند روز بەعد میآیم

ئینگلیزی: **I shall came hence days som gave chance God If**

شادی: و تەدیبونم ژوی شەنداتر دڤارە ترم وان

فارسی: بە دیدن شوما ازآن دیرتر دوبارە میرەوەم بە وان

ئینگلیزی: **to van I shall again from there see you to**

شادی: دوو مانگ شندا چون هەوا ڕند دبی

فارسی: دو ماه دیگر چون هوا خوب میشود

ئینگلیزی: **became good the weather that hence months Two**

شادی: گایونەم هەی هەڕم چیان چون

فارسی: گانم [؟] است بروم کوه چون

ئینگلیزی: **So that [to the] that I go my idea**

شادی: وەگەڕم ئیشەی خوەم دەست دگرم

فارسی: برگردم کار خودم [را] [در] دست میگیرم

ئینگلیزی: **I shall of myself work I retain under take**

## حیکایەتێکی گوڵستانی سەعدی

ئەوەی خوارەوە تەرجەمەی ئازادی حیکایەتێکی "گوڵستان"ی سەعدییە (حیکایەتی شا و غولامی لە دەریا ترساو)، کە لەلایەن کەسێکی شادییەوە تەرجەمە کراوەتە سەر [شێوە]زمانەکەی خۆی:

١. پادشا به غولاّم خڤادا د گامیە رۆنشتنه، غولاّمێ وی دەنیز نەدیبوو گای چوره تره گری و زاری.
٢. گری و لەرزی جان وی گرت. هەرچی کرن راحەت نەبوو. پادشای عاجز بوو و چاره نەدی حەکیم ل گامیه
٣. بی، گو فەرمان دەکی ئەز ئەو راکروا دکەم. پادشا گو مەرحەمەت دبو حەکیم فەرمان کر غولاّم باون و دتری چنه جاران
٤. غورغور کرو مووی سەری گرتی و ئالیه گامیه کێشنان. غولاّم وه هەردوو دەست پشت گامیه
٥. گرت. چون هات وه ژوور ئالیەی گامیه و رۆنیشت و قەرار گرت. پادشا خوەش هات ژ ئیشی حەکیم و گو چ حیکمەت هەی
٦. گو پێشی ناچیا نه و ترس خندقی و قەدرا گامیه نزانی. هەرکەس گلی دکەت له رندی خوا حەق ئەو، که خەرابی بوینت که
٧. بزانه چیه.

**<u>دێڕی ١</u>**

له دێڕی یەکەمدا /دا/ دوای وشەی "خڤا"، به واتای "خۆی" هاوشێوەی وشەیەکی فارسییه.
گامیه = گەمی، ئەم وشەیه به ڕواڵەت له وشەی "گامی" کلدانی وەرگیراوه.
وی = هی ئەو، بەرانبەرەکەی له فارسیدا هەیه بەڵام له کوردیدا کەڵکی لێوەرناگیرێت.
دتیری = دەریا
چرتری = لەرزین. (لێرەدا لەجیاتی ئەسڵی فارسی "میحنەت کەشتی نەیازمووده") هاتوه.
گری و زاری = گریان و لالانەوه. فارسی نوێ = گریەو زاری

**<u>دێڕی ٢</u>**

لەرزی جان وی گرت = ئەندامی کەوته لەرزین.
لگامیه = لەناو گەمیدا. /له/ زۆرجاران له کوردیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت و واتای "لەناو"، له [کەسێکەوه یا شوێنێکەوه]، و "هی" و "بۆ" دەدات.

<u>دێڕی ٣</u>

گۆ = گوتی

فەرمان دەکی = تۆ فەرمان بدە، بە واتای ئەگەر فەرمان بدەیت
ئەز ئەورا کورا دەکەم = بێدەنگی دەکەم
مەرحەمەت دبوو = مەرحەمەتێك دەبوو [ئەگەر]
باون = ئەگەر بیهاون
جاران = جاروبار، وشەی جار لە هەموو زمانی کوردیدا کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

**دێڕی ٤**

غوڕغور = بۆڵەبۆل
ئالیه = لەسەر، بۆ. لە "علی" [بە یاء ممدودە]ی عەرەبی وەرگیراوە.

**دێڕی ٥**

ژوور = سەرەوە. ئەم وشەیە لەناو زاراوە باکوورییەکاندا زۆر بەکاردێت.
ئیشی = ئیش. ئەم وشەیە لە زۆربەی هەرە زۆری زاراوەکاندا جێگری "کار"ی فارسییە.
هەیە = هەیە.

**دێڕی ٦**

پێشی = سەرەتا
ناچینا وەترس خەندەقی = لەترسی خەندەك[١٤] هیچ کۆیێەك نەچووبوو، بۆ نموونە هەرگیز نەکەوتبوە مەترسی خنکانەوە .
گلی دکەت = گلەیی دەکات. فارسی: گلە.
لەرندی خڤا: لەبەر باشی خۆی
حەق ئەو کە خراپی بوبینێت = مافی خۆی بوو ناڕەحەتی ببینێت.
کە بزانە چیە = بۆ ئەوەی بزانێت (بۆ نموونە: باش) چیە.

**حیکایەتەکە لە ئەسڵی فارسیدا بەم چەشنەیە:**

[١٤] . دەبێ نیاز لە خەندەك ئەو خەندەکە بێت کە لە دەوری دیواری شاران هەڵدەکەنرا و پڕ دەکرا لە ئاو، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر دوژمنی هێرشکاردا بەربەستێك دانرابێت. دەبێ ئەو کەسە لە شاری خۆی نەچووبێتە دەرەوە.

*"پادشاهی باغلام عجمی [درکشتی]نشسته بوو. غلام هرگز دریاندیده بود و محنت کشتی نیازموده، گریەو زاری آغاز کرده لرزه براندامش افتاد. چندانکه ملاطفت کردند آرام نگرفت. ملك را عیش منغض شد و چاره ندانستند. حکیمی در آن کشتی بود گفت اگر فرمائی من اورا خاموش کنم. پادشاه گفت غایت لطف باشد. حکیم فرمود تا غلام را بدریا انداختند. باری چند غوطه خورد پس مویش بگرفتند و سوی کشتی آوردند. غلام بەهردو دست در دنبال کشتی آویخت. چون برآمد گفت دراین چه حکمت بود گفت اول محنت غرق شدن نچشیده بوو و قدر سلامت کشتی را نمیدانست. همچنین قدر عافیت کسی داند که به مێیبتی گرفتار آید."*

**ئەوەی خوارەوە وەرگێڕاوی وشە بە وشەی حیکایەتەکەیە لەلایەن کوردێکی شادییەوە بۆسەر زاراوەکەی خۆی:**

پادشا بە غولام عەجەمی نمەدل ناف گامیە رۆنشتە بوون. غولام هیچ وەخت دێنزا ندیبوو و ترس گامیە ندیبوو. گری و زاری ئاواز کریە و لەرزە وە لەشیە کەڤتە. هەرچی زامەت کێشتان ئارام نەگرت. خواشی پادشا ژ وی بری و چارە نزانن. حەکیمی وە ئەو گامیەبی، گو ئەگەر فەرمان دەکەی ئەز ئەو ڕاکروا گم. پادشا وا غایەت دۆستی بەو حەکیم فەرمان کرغولاما وە دێینز باون. چەند جاران غوڕغوڕ کر، ژ پاش موو سەری گرتن وەلای گامیە ئانن. غولام وە هەردوو دەست پشت گامیە ئاویژ. چون هەرهات و گامی رۆنشت و قەرار گرت. پادشا تەدبیر حەکیمی پەسنی هات و گو وە چ حیکمەت بی؟ گو پێشی ترس خەفەبین نەدیبوو، قەدر سەلامەت گامیە نزانی هەمچین قەدر عافیەت میری بزانت کە وە موسیبەت گرتبت.

لەبەر ئەوەی دەقی سەرەوە هاوتەریبی فارسییەکەیە، دەکرێ وشە بە وشە لەگەڵیدا بەراورد بکرێت.

کۆتایی بابەت

ئەم وتارە پێشتر بڵاو نەکراوەتەوە.

# گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کوردی باشووریی لە کرماشان[15] یا قەتاری کوردی کرماشان[16]

**کۆکردنەوەو نووسینی مێجەر ئی بی سۆن[17]**

مێجەر سۆن، لەو کەسانەیە کە مامۆستا زەبیحی گوتەنی "کوردی لە ڕێی فارسییەوە فێربوون"[18]. ئەم فارسی زانینە ئەگەر جارێك یارمەتی کوردی فێربوونەکەی دابێت سەدجار لێیان بۆتە ملۆزم و لەهەر خوێندن و نووسینێکی کوردیدا، وەك مێردەزمە سەرو دڵیانی گرتووە. ئینجا وایان لێهاتووە هەموو وشەیەکی کوردی بێ سێ و دوو بەرنەوە سەر فارسی و بیێژن کورد هەر ببڕا ببڕا زمانی نەبووە و گروگاڵی منداڵی و بلمە بلمی پیریشی هەر بە فارسی کردووە!

سۆن کە پێش هاتنە کوردستان، ماوەیەك بە سیخوری لە باشووری ئێران لەناو بەختیارییەکاندا ژیاوە و شارەزاییەکی لەسەر زمانی فارسی و زاراوە جۆربەجۆرەکانی باشووری ئێران وەدەست هێناوە، بۆچوونێکی یەك لایەنی لەمەڕ پەیوەندییەکانی زمانی کوردی و فارسی هەیە، کە لە ڕستەیەکدا پوختەی دەکاتەوەو دەڵێ: "کوردی هیچ نییە جگە لە زاراوەیەکی زمانی فارسی**"!**

ئەو بۆچوونە سەرەتا لە وتارێکدا خۆی دەنوێنێ کە سۆن لە ژمارەی مانگی جانیوەری ١٩٠٩ی گۆڤاری ئەنجومەنی پادشایی ئاسیایی[19] دا بلاوی کردۆتەوە **ke** وەرگێراوە کوردییەکەی لە درێژی ئەم وتارەدا پێشکەشی ئێوە دەکرێ. پاشان لە وتارو نووسراوەی دیکەشدا ئەم بۆچوونە

---

[15] A Southern Kurdish Folksong in Kermanshahi Dialect

[16] Qatar –i Kurdi

[17] E. B Soane

[18] عبدلرحمن محمد امین ذبیحی، "قاموسی زمانی کوردی"، سەرەتای بەرگی یەکەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٧

[19] The Royal Asiatic Society, January 1909, PP 35-51, Reprinted by Stephan and Austen and Sons Ltd., Hertford, England.

بەجل و بەرگی جیاواز بەڵام بەهەمان ناوەڕۆکەوە دووپات کراوەتەوە. لە ئەنجامدا سۆن بۆتە ئاڵا هەڵگری بیرێك کە هەندێ ئێران ناسی ناشارەزاش شوێنیان گرتووەو مێشکی ڕەگەزپەرستە ئێرانییەکانی وەك: رەزا شا و قەڵەم بەدەستانی وەك "ڕەشید یاسەمی" یان پێ ئاخنیوە.

من شارەزای زمانەوانی نیم و وەڵام دانەوەی ئەو بۆچوونە بۆ شارەزایان بەجێ دێڵم، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە کوردی و فارسی هەردوو میراتگەری ماڵێکن کە بریتیە لە زمانە هیند و- ئێرانیەکان و ئەگەر فارسی بە درێژایی چەندەها سەدە کاری دەفتەری ومیری پێکراوە و کوردی ئەو مەیدانەی پێ نەدراوە، ڕەنگە بکرێ لەمەسەلەی ڕادەی پێشکەوت و ئینکشافدا گرنگایەتی بە یەکەمیان بدرێت، بە ڵام ناتوانرێ مەسەلەی "زمان بوون یا نەبوون"ی ئەوی دیکە ببەسترێتەوە بە ڕادەی ئینکشافیەوە. ئەمرو دەیان و سەدان زمانی ئەفریقی و ئاسیایی هەن کە ئاسۆی پێشکەوتنیان ناگاتە سنوری زمانە ئەوروپییەکان و فارسیش مشتێکە نموونەی ئەو خەروارە، بەڵام کەس نەهاتووە مافی "زمان بوون"یان لێ بسێنی و بە ناوی ئەو ڕادەی ئینکیشافەوە، بیانکاتە لەهجەو بن لەهجەی فلان وفیسارە زمان.

هەروەها شوێن هەڵگرتنی زمانێکیش لەزمانی گەلانی دراوسێ، ئەو مافی "زمان بوون"ەی لێ ناسێنێ. زمانی ئۆردوو شوێنێکی بەرچاوی زمانگەلی عەرەبی و هیندی و فارسی و تورکی لەسەرە، بێ ئەوەی وەك زاراوەی هیچ کام لەو زمانانە بێتە حیساب. زمانی ئینگلیزیش بەو یاڵ و کۆپاڵەیەوە، لە ئامێتە بوونی زمانی ئاڵمانی و زمانی ساکسۆنەکان پێکهاتووە و شوێنێکی زۆری زمانی ئەڵمانی و فڕەنسی لەسەرە، بێ ئەوەی کەس بە زاراوەیەکی زمانی ئاڵمانی بداتە قەڵەم.

ئەوەی ڕاستی بێ، بۆچوونی "سۆن" لەمەڕ زمانی کوردی لە چوارچێوەی تێگەیشتنەکەی لەمەسەلەی سیاسیی کوردا دەگونجێ و هەر لەو پەیوەندییەشدا دەبێ ببینرێ. بەم پێیە دیاردەیەکی زیاتر سیاسیە کە خزمەت بە مەسلەحەت و بەرژەوەندی سیاسی وڵاتەکەی دەکات لەو سەردەمە تایبەتەدا، هەتا باسێکی زانستی بێت لە گۆڕەپانی زمانەوانیدا.

سۆن، وتارەکەی تەرخانی دەقی کوردی و وەرگێراوی ئینگلیزی ژمارەیەك شیعری فولکلۆری ناوچەی کرماشان کردووە.، کە دەڵێ لە کرماشان بە "قەتاری کوردی" ناوی لێوە دەبرێ، بەڵام کەم تا زۆر نەچۆتە سەروکاری لایەنی موسیقایی "قەتار"و هەر ئەوەشی چاك کردووە دەنا دوور نەبوو ئەویش ببەستێتەوە بە کلکی ئاوازێکی فارسییەوەو ئەو مۆسیقا ڕەسەنە خۆماڵییەشمان لێ بکات بە قەرزو قۆڵەی باشوورو باکووری ئێران!

ئەو بابەتەی وا لە وتارەکەدا گرینگی پێدرا بێ، شیعری قەتارەکەیەو ئەوەش نە یەکەم جارەو نەدواجار کە گوشاری شیعر دەکەوێتە سەر مۆسیقای کوردی و لەجیاتی ئەو دێتە وتار و ئەو

ڕاستیە ناشاردرێتەوە کە بەژن و باڵا سەندنی شیعری کوردی و دەوڵەمەند بوونەکەی بە قیمەتی لە دەست چوونی کەسایەتی سەربەخۆی هونەری مۆسیقا و چیرۆك و شانۆگەری تەواوبووە و شیعر لە زۆر شوێندا جێی ئەوانی گرتۆتەوە.

لە بواری مۆسیقادا، خۆ تێهەڵقوتان و دەست تێوەردانی شیعر، کاتێ خۆی دەنوێنێ کە هەست و نەستی هونەرمەند زیاد لەوەی بە هۆی نۆتەی مۆسیقاوە ڕاگەیەندرێ، بە زمانی وشەی شیعری دێتە بەیان و دەربڕین. ئەگەر نۆتەی مۆسیقای زۆرێك لە ئاوازە کوردییەکان لە دێرێك و دوان تێپەر ناکەن، ڕاست لەوپەیوەندییەدا دەبێ سەیر بکرێ کە گۆرانی بێژەکانمان "شایەر"ن. شایەر، بە گرنگی دان بە لایەنی شیعری، موسیقاو ئامێری مۆسیقایی دەباتە ژێر پرسیار و مەجبووریان ئەکات لە ڕادەیەکی بەرتەسك و دیاریکراودا بمێننەوە و مەیدان بۆ شیعر هۆندنەوەی ئەو خاڵی کەن کە وا هەیە جاروبار چەند سەعات درێژە بکێشی و لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژەدا مۆسیقا تەنیا لە خزمەت پاراستنی "ریتم" ی پێویست بەشایەر دا دەمێنێتەوەو ئەرکێکی تایبەت بە خۆی نابێ.

ئەو دیاردە گرنگە بۆتە هۆی پەروەدەبوونی گوێگری کورد بە شێوەیەك کە بایەخ بە سەربەستی و سەربەخۆیی مۆسیقا نەدات و بزووتنی هەست و شڵەژاندنی گوێی لە شیعری ئاوازەکە چاوڕوان دەکات. مۆسیقاژەنی کوردیش ئەوەی وەك ڕاستییەك وەرگرتووە کە ئەرکی سەرشانی تەنیا ئەوەیە بە شەلەشەل بکەوێتە شوێن شایەر و تا هەرکوێ کە ئەو بیەوێ ئەو دوو دێر نۆتەیەی بۆ دووپات بکاتەوە! بێهودە نییە کە کورد خاوەنی "سەمفۆنیا" بە واتا ڕۆژئاواییکەی نییە، کە هەموو ئامێرێکی مۆسیقا هەروەها گۆرانی بێژیش شوێن و سنووری تایبەت بە خۆیان هەیەو تەنانەت مۆسیقاکە، بە نەبوونی دەنگ بێژیش دەتوانێ خۆی بەیان بکات و لەگەڵ بیسەردا پەیوەندی ببەستێ. نموونەی ساکاری ئەم دیاردەیە، هەندێ ئاوازو لەحنی مۆسیقای کوردین کە پێویستیان بە گۆرانیبێژ و شایەر نییەو خۆ بەخۆ تەنیا بە زمانی مۆسیقا دەدوێن. "بەحرو شەپۆل" و "بووك و خەسوو" نموونەی ئەو کارەن، بەڵام داخەوە ژمارە و گرنگایەتییان وەها لە خوارەوەیە کە لە هیچ توێژینەوەیەك دا نایەنە حیساب. هونەرمەندی مۆسیقاری کورد بۆ ئەوەی وەك دیاردەی دەرەجە دوو سەیری نەکرێ و بە جیددی وەربگیرێ هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی خۆی لەژێر گوشاری شیعر ڕزگارکا و بە زمانی سەربەخۆ بدوێ.

لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، مۆسیقای گەلی ئەرمەنی زۆر زوو ئەو ڕێگایەی بڕی و قوتابخانەیەکی دامەزراند کە مۆسیقاری مەزنی وەك " ئارام خاچاتۆریان"ی پێگەیاند. مۆسیقای گەلی ئازەریش لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بە دواوە لە بەشی باکوور، بەهۆی بلیمەتیو

دووربینی هونەرمەندانی وەك "عوزەیر حاجی بەگوف" ەوە. هەوڵی ئامیتەکردنی مۆسیقای نەتەوایەتی لە گەڵ مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوا دا و لەم بوارەدا وەها سەرکەوت بە شێوەیەك کە توانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئۆپیرای نەتەوایەتی لەسەر بنەرەتی هونەرە خۆماڵییەکان پێك بێنێ و خۆی لەچوارچێوەی بەرتەسکی فولکلۆر رزگار بکات بێ ئەوەی فۆلکلۆرەکەش پشت گوێ بخات.

بەبڕوای من کوردیش دەبێ ئەزموونی سەرکەوتووی ئەو گەلانە و هەروەها گەلانی وەك چین و ژاپۆن ڕەچاو بکات و بێ ئەوەی ڕەسانەیەتی مۆسیقای نەتەوایەتی و ناوچەیی خۆی بفەوتێنێ خوێن و هەوای تازە برژێنێتە ناو لەشی نیوە ساردەوە بووی مۆسیقاکەیەوە. کورد دەبێ خۆی لە "نیوە نووزە"ی فۆلکلۆر و دەیان جار دووپات کردنەوەی ئاوازە کۆنەکان دەرباز بکات. ئەگەر شیعری کوردی بەهیمەتی چەند ڕۆشنبیری پێشرەو توانی قاڵبی بەرتەنگی عەرووز بشکێنێ و بە شیعری نوێ بچێتە مەیدانی کێبەرکێی شیعری جیهانیەوە، بۆچی مۆسیقاکەمان نەتوانێ؟ بۆچی پسپۆرو مۆسیقازانی کورد ئەو ئەرکە گرنگە نەبەن بەڕێوە؟ بۆ ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بەو ئاسۆیە نەدۆزنەوە کە تێیدا فۆلکلۆر و مۆسیقا ڕەسەنە کۆنەکەشمان بپارێزێ وریێزی لێ بگیرێ بێ ئەوەی پێشی پێشکەوتنی داهاتووی ئەو هونەرە بگیرێ و لە کێبەرکێی جیهانیدا شوێنی دواترین پلە وەربگرێ.

***

بگەڕێینەوە سەرباسی "قەتاری کوردی" کرماشان. قەتار ئاوازێکی رەسەنی کوردییە کە لە زۆر شوێنی کوردستان و بەگشتی لە موکریان و گەرمیان دەگوترێ. بابەتێکە لە نێوان "بەیت" و "گۆرانی" دا کە جیاوازییەکی بنەرەتی لەگەڵ "حەیران" و گەلۆ" دا نییە. ئەو سیفەتی مامناوەندی بوونە، زیاتر لە شیعری قەتاردا بەدی دەکرێ کە لە لایەکەوە ئەرکی گێڕانەوەی بەسەرهاتێك بە خەسلەتی شانۆیی و چیرۆکییەوە ناگرێتە ئەستۆ؛ لەلایەکی دیکەشەوە، مەکۆی ژمارەیەك شیعری لەیەك هەڵبراو نییە کە تەنیا لە دیاردەی "کێش" دا هاوبەش بن. واتە قەتار نە بەیتەو نەگۆرانی.

قەتار، برووسکەیەکی تیژ، هەناسەیەکی گەرم، هەستێکی ئانی و لەرانەوەیەکی خێراو کەم خایەنی تەلی هەست و شعوری هونەرمەندە، حاڵەتێکە لە شەیدایی و لەخۆ دەرکەوتن، لەگەڵ دڵداری خۆشەویستدا یەك گرتن و هەردوو بەیەك بوون، ڕەنگدانەوەی هەست و ئیدراکی هونەرمەندە لە جیهانێکی ساکارو بێگرێ و گۆڵ. دەربرین و پێکهێنانی یەك یا چەند ئیماژی هونەرییەو هیچ ئەرکێکی لەسەرشان نییە جیا لە گرێدانی خەیاڵ و هەست بەیەکەوە. بەیان کردنیشی هەر خەیاڵاوییە و پێ لەسەر زەویی رەق و بەردەڵانی مەنتیق دانانێت.

قەتار، نە وەك بەیت لە دیوەخانی میرو بەگلەران دەخولقێ و نە وەك گۆرانی لە کۆڕی شایی و سەربانی ماڵ و ڕێگەی کانی دێتە بەرهەم. نەمامی قەتار لە رێگای چۆل. دەشتی کاکی بەکاکی، مووچەو مەزراو ژووری تەنیایی هونەرمەندا دەڕۆێ و بۆ یادی ئەوینی بێ ئەنجام، دڵداری لەدەست چوو، خۆشەویستی کۆچ کردوو، دۆستی دووره دەست، گراویی لە مەیدانی شەر نەگەراوە و قارەمانی داکۆکیکاری مافی هۆزو تایفە، دەگوترێ بەڵام جاروباریش پال دەکێشێتە سەر گۆرەپانێکی بەرفراوانتر لە عیل و عەشیرەت و دەبێتە بانگەوازی دیاردەیەکی نەتەوایەتی و تەنانەت مرۆڤایەتی.

وا هەیە، دەربڕینی ئەو هەست و نەستە ناسکە، بە چەند دێڕی کورت بێتە ئەنجام. واش هەیە ژمارەیەکی زیاتری لە وشە و کەلام پێویست بێ، کە لەو حاڵەتەدا هونەرمەندی "قەتاربێژ" بە گوێرەی توانا، وەها لێکیان گرێ دەدات کە بیسەر هەست بە جیاوازیی زۆریان نەکات. پەیوەندی نێوان بەشە جیاوازەکانی شیعری قەتار پەیوەندییەکی ئەندامییەو ئەمەش هیچ نشوستییەك ناهێنێ کاتێ کە هەندێ جار ئەو پەیوەندییە بە هۆی ڕستەیەکی کورتی پەخشانەوە بێتە ڕاگەیاندن. دیارە ئەمەش یاسای گشتی نییە و ڕادەیەکی بەرز لە بەهرەی هونەریی هونەرمەند دەتوانێ گەلێك کاری ئەم پەیوەندیدانە بەبێ کەڵك وەرگرتن لە پەخشان ڕادەپەڕێنێ.

شیعری بڕگەیی قەتار بەگشتی لە ١٠ بڕگە پێك دێ؛ گەرچی واهەیە ژمارەی بڕگەکان ببێتە هەشت یا سێزدەش. لە باری سەرواشەوە، هەموو ئەندامی شیعرەکە خاوەنی قافیەی هاوبەشن و پاراستنی ئەم سەرواهاوبەشانە بۆ هونەرمەندی قەتاربێژ ئەوەندە گرنگە کە کاتێ ئەبینێ توانای دروست کردنی قافیەی زیاتری نەماوە. پارچەیەك شیعری دیکە لەسەر هەمان کێش بە قافیەی جیاواز دەهۆنێتەوەو ئەم دیاردەیە واهەیە چەند جار لە درێژایی ئاوازەکەدا دووپات بێتەوە.

ئەوانەی گوترا، هەندێ یاسای گشتین بۆ دیاردەی شیعر لە قەتاری موکریان و گەرمیاندا. لە کاتێکدا شیعری قەتارە کرماشانییەکەی سۆن شتێکی لە بنەڕەتدا جیاوازە و زیاتر "بەرتەونانە"ی سنەیە تا قەتار. شیعرەکان، وەك لە درێژەی ئەم وتارەدا دەبینرێن، لە ژمارەیەك فەردە شیعری جیاجیا و لێك دابڕاو پێك هاتوون کە هیچ پەیوەندییەکی سەرەوخواریان لەگەڵ یەکتر نییە و هەر کۆپڵەیەك لە واتادا سەربەخۆیە. پەیوەندی ئاسۆیی فەردە شیعرەکان کارێکی وای کردووە کە بابەتەکە زیاتر لە گۆرانی و ستران بچێ تا قەتار. کاتێ ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت کە ژمارەیەك شیعری ناسراوی فۆلکلۆری لەناویاندا دەدۆزینەوەو تێدەگەین کە هونەرمەندە کرماشانییەکە هەموویانی بە ئارەزووی خۆی لێرەو لەوێ وەرگرتوون و لای

یەکتری داناون یا بەلای کەمەوە سۆن خۆی ئەرکی ئەم کۆکردنەوەیەی گرتۆتە ئەستۆ هەر دوو لەتە شیعری فەردێك قافیەی تایبەت بە خۆیان هەیەو لە قافیەی فەردەکانی تر جیاوازن؛ فەردەکانیش بڕگەیین و ژمارەی بڕگەکانیان ١٠یە- ئەو دیاردەیە، ڕەنگە تاقە بابەتێکی هاوبەش بێت لە نێوان شیعری قەتارەکە و شیعری گۆرانییە فۆلکلۆریکەکانی کوردی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

سەبارەت بە وەرگێراوە ئینگلیزییەکەی دەبێ بلێم گەلێك ڕێك و پێك و جوانە. بەڵام زمانێکی کۆنی هەیە کە بۆ خوێنەری ئەمڕۆیی ئینگلیز هەندێ بێگانە دێتە بەرچاو. ئەوەش بە بڕوای من دەبێ هەڵبژاردنی بە دەستەقەسدی سۆن بێت بۆ ئەوەی بە خوێنەری ئینگلیزی ڕابگەیێنێت کە ئەو شیعرانە هی سەردەمێکی کۆنن کە سینگاوسینگ ماونەتەوە و پارێزراون؛ بەڵام لە عەینی کاتدا پەیوەندی بە ئاڵ و گۆڕ و پێشکەوتنی زمانی ئینگلیزیزیشەوە هەیە کە لە ماوەی ١٠٩ ساڵ دوای چاپ بوونەکەی پێشکەوتی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. و بەم بۆنەیەوە نابێ وەك لاوازییەك لە کاری سۆن دا سەیر بکرێت.

ڕاگواستنی دەقی شیعرەکان لە ئەلف و بێی ئینگلیزییەوە بۆ پیتی کوردی ئەمڕۆیی شێوەزاری سۆرانی کاتێ تووشی سەخلەتی دێت کە دەبینین ژمارەیەك دەنگی تایبەت بە شێوە زمانی "گۆران"ی لە ئەلف و بێی ستانداردی کوردیدا نییە و بە ناچاری دەبێ کەڵك لە نیشانەگەلی داتاشراوی وەك / ۆ/ بۆ **o** و **u** وەربگرین یاخود دەنگە لێکدراوەکان بە دوو پیتی جیاوازی /وی/ پیشان بدەین. ئەو کارەی من کردوومەو دوور نییە خوێنەر تووشی هەڵە بکات، بەڵام چارەیەکیشم نەبووە.

لە پەیوەندی "قەتار"ی ناوچە باشوورییەکانی کوردستاندا، دەبێ بڵێم چۆنیەتی و خەسلەتی ئەو قەتارە لە کرماشان و ناوچەی کەلهوڕایەتیدا بۆ من روون نییە و ئەگەر دیاردەیەکی وا لە مۆسیقای ناوچەکەدا هەبێت، جێگای خۆیەتی خوشك و برایانی شارەزای مەڵبەندەکە ئەرکی توێژینەوەو ناساندنی بگرنە ئەستۆو پێش بە فەوتانی بگرن .

من لێرەدا وەرگێراوی پێشەکییەکەی سۆن دەخەمە بەرچاوی خوەێنەر، پاشان دەقی هەموو فەردەکانی قەتارەکە دەنووسمەوە و لە پەراوێزی وتارەکەدا دوو نموونەی قەتاری موکریانی (یەك بەشیو سێ بەشی)دێنمەوە. بە داخەوە لێرە لە دوور وڵاتی نەمتوانی نموونەی قەتاری گەرمیان و ناوچەکانی دیکەی کوردستان دێنمەوە بۆ ئەوەی جیاوازیی قەتاری گەرمیان و موکریان لەو دیاردەیەی وا سۆن بە "قەتار" ناوی بردووە دەربخەم.

ئەوەش ناشارمەوە کە هەندێ هەڵەی چاپی یاخود هەڵەی نووسینی سۆنم لە وتارەکەدا راست کردۆتەوە بێ ئەوەی لە هەموو شوێنێکدا دیاردەم بۆ کردبێ.

## گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردیی باشووریی لە زارەوەی کرماشانیدا

لەهجەی کوردیی زمانی فارسی، تا ئێستا زۆر کەم کەوتۆتە بەر سەرنجی خوێندکارانی [بابەتە] ڕۆژهەڵاتی [یەکانی ئەورووپا]، گەرچی ئەم زمانە شایانی لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەنەیە ئەویش بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە هەرچەند زاراوەیەکی زمانی فارسی نەبێ هیچ شتێك نییە، بەڵام لە عەینی کاتدا تووشی ئەو سوان و ئاڵ وگۆڕە نەهاتووە کە دێتە سەر هەموو زمانێك و [بۆ نموونە]، ڕووخساری پەرەسەندنی زمانی فارسیش هەر بەو ئاڵ و گۆڕە دیاری دەکرێت. هەروەها، نەبۆتە بابەت بۆ تێکەڵاوبوونی وشەی عەرەبی، کە هەر لە سەرەتای هێرشی عەرەبە موسوڵمانەکانەوە بوونەتە بەشێکی بەرچاو لە زمانی فارسی. وەك ئاکامی کارەکە، زمانی کوردیی، گەلێك وشەی دەست لێنەدراوی وەهای پاراستووە کە ئێستا لە زمانی دایك واتە فارسیدا کۆن بوون و چیدی بەسەر زمانی خەڵکەوە نەماون.

زمانە کوردیەکان [بە هۆی ژمارەی زۆریانەوە]، هەروەها لەبەر سروشتی توندو بێ بەزەیی کورد و شوێنە شاخاوی و دوورە دەستەکانیانەوە، زاراوەیەکی بێ خەوشی زمانی فارسی دەخەنە بەرچاو. گەرچی بە هۆی خراپ حونجە بوون و کورت کرانەوە- کە هەمیشە بەشێك لە ڕووخساری هەموو زمانێك پێك دێنێ، تووشی دابەزینێکی زۆریش هاتبێتن.

لە ماوەی چل ساڵی ڕابووردوودا، هەندێ پسپۆری ئێرانی، وردە ئاوڕێکیان لە زمانی کوردی داوەتەوە، بەڵام ئەو زاراوانەی وا کەوتوونەتە بەر سەرنج، هی لای باکووری ڕۆژهەلاتن و زیاتر کرمانجی و زاراوەکانی بایەزید لە ڕۆژهەڵاتی قەوقازیان گرتۆتەوە کە جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ کوردەکانی باشوور هەیە- ئەوانەی هەتا ناوچەی کرماشان کشاون و بەمەودایەکی بەرتەسك، نزیك بە چوارسەد مایل لە هۆزە [کورد]ەکانی باکوور دوورن. بەگشتی بڵێین، پشتێندی گەورەی زەوییە بەرزە شاخاوییەکان کە بە شێوەی هیلالێکی پان، لەو پەڕی باکووری ڕۆژئاواوە هەتا باشووری ئێران کشاوە، شوێنی پارێزرانی زمانێکی کۆنە کە بە پلەی جۆربەجۆر لەناو خەڵکی وەحشی ناوچەکەدا هەر لە ڕەگەزی گەورەی کوردەوە بۆ ناو بەختیاری و لوڕ (کارزوونی باکوورو باشوور لە [ئوستانی] فارس) و دەشتستانی و تەنگستانی و مینابی تا سنووری خاکی بەلووچ دەبینرێت و هەموویان ئەو هێڵە پەیوەندییە لە نێوان دراوسێی باکووری و باشووری خۆیاندا دەکێشن کە بن لەهجە کوردییەکان لەگەڵ یەکتریان کێشاوە.

زاراوەیەك کە لێرەدا بۆتە نموونە، باشووری ترین زاراوەی کوردییە و گەلێك ڕوخساری لە بنەرەتدا کوردیی تێدا بەدی دەکرێت. زۆرێکی تریش هەن کە لەناو کورد و لوڕدا هاوبەشن. ئەو شیعرانەش وا لێرەدا پێشکەش کراون، شێوەیان کوردیی ئەمڕۆییە و هەر بۆیەش هەر

چەشنە دیاردەکردنێك بۆ وشەی فارسی- وەك وشەی کۆن، گەڕانەوەیەك دەبێت بەرەو زمانی نوێی سەرزاری خەڵك- با بەراوردێکی راستەقینەشی لەنێوان کوردی و فارسی تازەدا پێك هێنابێت.

گۆرانییەکە، کە لە هەموو کۆبوونەوەیەکی کرماشاندا دەبیسترێ، کێشی وەك هەموو شیعرێکی دیکەی هاوچەشن یەجگار ساکارە و لە هەندێ فەرد دا لەگەڵ یەك جیاوازن. سەرواش، لەبەر ئەوەی لە ناو دوو میسراعی فەردە شیعرێکدا بەربەست کراوە، داوێن ناکێشێتە سەر فەردەکانی دواتر و گۆرانی بێژ هەر ژمارە فەردێکی پێویست بێت لێی زیاد دەکا و ئەوەش بە کردەوە، گەلێك جار روو دەدات.

شیعرەکە بە ناوی "قەتاری کوردی"یەوە دەناسرێ و "قەتار"یش ناوێکی عادەتییە بۆ هەر زنجیرەیەکی درێژی فەردە شیعر. [ئەم قەتارە ٣١ فەردە شیعرە].

**"دەقی قەتارەکە"**

خەیاڵ پەڕکەندە، دڵ تەرفی توینەم
چوین فەرهاد شەهید ئی بیستوینەم

خیاڵی مەکەی لە توی دویرەم
مەر مردن بووات نامت لە ویرەم

وە مەیلی یاران غەریبی دڵ ڕیش
وە گیانی "کیشبەر"وە سامەڕانیش[٢٠]

واران بوارێت، بەتیە بکەی تەڕ[٢١]
وە "سامەڕا" چیم وەماڵ "کیشبەر"

ماڵ دووس بارکرد وە ناڕەزای دڵ
ئەڵڵا، یاری بوویت مەنزڵ وە مەنزڵ

[٢٠] کیشبەر، کیشوەر، ناوی کچان
[٢١] بەتیە، عابا

بچم وە جاکەی فەرهاد کێهکەن
بدەیم وە سەردا ڕێژەی پارەی سەنگ

ئەر موسوڵمانی، رام لە جامیتە[٢٢]
زەردی و زەییفیم پەی شەمامی تە[٢٣]

یە چ دەردی بی، بی وە دووچارم
سەر بی وەسالار، لەش بی وەبارم[٢٤]

ئیشی وەژەنگت ماتیت وە جەردە[٢٥]
ماتیت وە سوپای تازە فەتح کەردە

چە بکەم وە دەست یە نەونەمامە
شەو لە پەژارەی، خەو لیم حەرامە

هەم کەفت وە ویرەم خاسی یی "شەوکەت"
شیرینی ئەننام ژێری کولك وەت[٢٦]
خانوم خانومان بان وەعەمارەت
وەپام مەشق مەکەت، وەچاو ئیشارەت

دەم گردە مەم گرد، پشتی پاشنە گرد
مەسی چاوەکەت، من لە دونیا برد

هەرچەن مەنیشم، ساڵ دوماتر
خوشیم کەم مەوی، تەڵخیم زیاتر

[٢٢] ئەگەر موسوڵمان بیت، ئەوا بەزەیی لە جل و بەرگتدایە واتە خاوەن بەزەییت.
[٢٣] سۆن شەمامەی وەك ناسك و ناسك بوون واتا کردۆتەوە نەك وەك مەمکی وەك شەمامەی بۆنخۆشی یار.
[٢٤] سۆن، سەر بە سالار بوونی وەك سەر ماسین یان بە تەرجەمەی دروستتر، وەك هەڵمسانی مێشك واتا کردۆتەوە.
[٢٥] وەژەنگ، برژانگ
[٢٦] سۆن کولکوەتی بە کڵۆنجە واتا کردۆتەوە.

خانوم له موڵکی کەلهور کردیە تویر
دنان چوین سەدەف، قامەت چوین بلویر

خانوم تو نەعەلی، چاومەس تونە داود
پیچەکەت لاوە تا بوینەم چاوت!

من کی سووفیم ساف، تەوبە کەردە بیم،
"قەمەر سیما"دیم، ئیمان هەردە بیم!

کافر، کوشتیەم! مەگەر خوێنیتەم[٢٧]!
کوشتەی خاڵەکەی چالی تەنی تەم[٢٨]

خاڵی وە توی نەیم، مەر وە "سەکینە"
"هوما" کوتیاسەی وە تەخت سینە

دەستم بکیشن وە کوورگیانی[٢٩]
وە ماڵ دووس چیم شەو وە میمانی

لە سەری مل، بنووڕی، کرند دیارە
هەرکەس دووس دیریت چاو ئینتیزارە
لە دویرۆ هاتم، بشناسە دەنگم
گەرد غەریبی نیشتیە لە رەنگم

کەمەر چین مەخمەڵ، گووشواران وەگووش
مردە لە مەزار تیارەت وەهووش

---

[٢٧] خوینی= قاتڵ
[٢٨] تەنی= گەردن
[٢٩] کوورگیان، لاوازی و زاییفی

لاڵ بام لە زوان پەی لەیلی ئامێ
خاڵ دانەی فەرەنگ، زوڵف دەستەی دامێ

پەناکرد غارەت سەرمایەی هووشم
لونگ مەجنوونی ئەو دا وە دوشم

چەن جەور، چەن جەفا، چەن خاکساری!
شوان بی موز و حەق نا دیاری

سە، جواوم کە، تا دڵنیا بویم!
کەم دەس لە دامان شەیخ و موللا بویم

فیدای ماڵەکەی پای "پەرەو"یت بام[٣٠]
فیدای دیدەکەی شەو بی خەویت بام

هەرتیەیت، هەر چیت چەم وەکلەوە
چوین کەوك نسار، خاڵ وە ملەوە

چاوم کەفت وە زێد، ماوان لەیلی
ئەنووم جویش هاویرد، گیریام خەیلی[٣١]

من ك "کرند" شار " دیم وە ویرانە
"سەرپول" دیم وە جای بایە قووش خانە

*"ئەم بابەتە، یەکەم جار لە دوو ژمارەی مانگانەی "مەڵبەند"، بڵاوکراوەی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردی لەندەندا بڵاو بۆتەوە ژمارە ٥٣ (نۆڤامبری ١٩٩٤) و ٥٤ (دیسامبری هەمان ساڵ) و ئێستا بە وردە دەستکارییەکەوە دەکەوێتە بەر چاوی خوێنەر:"*

[٣٠] پەڕاو، چیایەك لە باکووری ڕۆژئاوای کرماشان
[٣١] ئەنوو، ئەندووە، خەم

# چیرۆکە کوردییەکانی ناو کۆلێکسیۆنی خۆم

مەلا سەعیدی قازیی کوردستانی
باسیل نیکیتین

ئەم چیرۆکانەی وا لەم ژمارەیەی "بولتن"ی ئەنجومەنی پادشایی ئاسیایی بریتانیاو ئیرلەندە دا چاپ دەکرێن، بەشێکن لەو تاقمە چیرۆکەی "سووتۆ و تاتۆ" کە بەهۆی یارمەتی میهرەبانانەی میجەر ئی. بی. سۆنەوە بەختی ئەوەم پەیداکرد لە ژمارە ٣(بەشی یەکەم)ی بولتەنەکەدا بڵاوی بکەمەوەو ئێمە ئێستا دەبێ حەسرەتی مردنی بێ وادەی سۆن بخۆین.

ئەو کوردییەی وا چیرۆکەکانی ئێمەی پێنووسراوە، بەگوێرەی دابەشکردنی سۆن، واهەیە بە زاراوەی ناوەندیی تاقمی باکووری دابنرێت. دانەر، مەلا سەعیدی قازی کوردستانی، کوردێکی خوێندەواری خەڵکی نەهری ناوەندی شەمزینان بوو. لەڕاستیدا ئێمە لەم تێکستەدا هەندێ تایبەتمەندی دەبینین کە تەنیا لەگەڵ خەسلەتی گروپەباکوورییەکان [ی زمانی کوردی]دا یەك دەگرنەوە، بۆ نموونە نیشانەی کۆی/ید/ وکۆتایی/را/، حەرفی ئیزافەی /ژ/ بەواتای /د/، کە تەنیا لە تاقمی باکووریدا دەبینرێت و شوێنی /لە/ دەگرێتەوە لە گروپی باشووریدا. هەروەها ڕابوردووی "هەبوو" (بەواتای ئەو بوو)، کە تەنیا تا ناوچەی ڕەواندز کەڵکی لێ وەردەگیرێت و زاراوەی ئەویش بە تەواوەتی باشوورییە.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەندێ تایبەتمەندی هەن کە دەمانگەیێنێتە ئەوەی بیرلەوە بکەینەوە کە ئەم زاراوە شەمزینیە زاراوەیەکی بێ خەوشی گروپی باکوور نەبێت و لە گروپی باشوورییەوە ڕاگوازرابێت. بۆ نموونە، ئەم دیالەکتە بەبێ جیاوازی، نیشانەی ملکی /ئە/ و/ئی/ بەکاردەهێنێت، هەروەها جیاوازی بۆ بەکارهێنانی نێوان حەرفی ئیزافەی /ژ/ و /لە/ دادەنێت.

دیارە ئەمانە تەنیا نیشانەی کەمڕەنگن و دەتوانرێ هیوای ئەوە هەبێت کە توێژینەوەی ورد، سەلماندنێکی زیاتری بۆ پێك بهێنێت. هەرچۆنێك بێت دەبێ فەرامۆشی نەکەین کە مەلا سەعید لە ناحیەی گەردی لە باشووریترین بەشی ئەو قەزایە لە دایك بووە.

ئەگەر ئیجازەم هەبێت وشەی کوردی بەکاربهێنم، دەبێ بڵێم ئەو دەقانەی وا لە کۆللێکسیۆنی مندان هی، "ژێبابوو" **Zhebabu** (واتە هی گرووپی زاراوەی گۆرانی)ن کە ناسناوێکە سۆرانییەکان پێیان داوەو ئەوانیش لەبەرانیەردا بەمان دەڵێن "کوڕکوڕە."

ئەم دابەشکردنەی [زمانی] کوردی بەشێوەی خوارەوەیە:

هەموو کوردان بەسەرچوار گروپ [ی زمانی]دا دابەش دەکرێن: (١) لوڕ، (٢) کەلهوڕ (ئوستانی کرماشان و هەورامان)، (٣) سۆران (لە سلێمانیەوە بۆ ڕەواندز، شنۆ و سابلاغ، و (٤) گۆران (لە ئاکرەو ئامێدییەوە بۆ دیاربەکر و بدلیس و بایەزید). ناوی ژێبا بوو بە هۆی ئەوەوە ڕوون دەبێتەوە کە زۆرێك کەڵك لە /ژێ/ بەواتای /لە/ /ژ/ بەواتای هەروەها وەربگرن و لەکاتێکدا نازناوی کوڕکوڕە لە بنەمای بەکارهێنانی زۆری پیتی /**k**/و/ڕ/ وەرگیراوە لەلایەن گروپی سۆرانەوە (ئیکیدورو، لوکوایە، وێدەرە).

وەك لە کەیسی "سووتوو تاتوو"شدا وەهابوو، پێویست ناکات دەست نیشانی گرنگایەتی ئەم چیرۆکانە بکەین، لەبەر ئەوەی وێنەیەکی زیندووی عەقلییەتی کوردمان بۆ دەردەخات. هەردوو دزەکە، واتە "رزگۆ" و "سولەیمان" بە میرچاك ناودەبرێن (بەواتای لاتینی پیاوخاس. ئایا ڤیرvir ی لاتین پێوەندی نزیکی لەگەڵ "مێر"ی کوردیدا نییە؟)

چەندە ئەم ئیدەئالەی کورد لە ڕۆمییەکان دوورە! هەروەها شێخ سولەیمان - کەنایەوێت لەکاتی ڕێگا ڕۆیشتن دا ئازاری بەهیچ بوونەوەرێك بگات، تەنانەت بە حەشەرەیەکیش، ڕۆحانییەکی بوودابیمان وەبیر دێنێتەوە کە وەك پرۆفیسۆر گەورانسکی پێی گوتم، ئیحتیاتێکی هاوچەشنی کردبوو. ئێمە لە فۆلکلۆری"چیرۆکیی" ڕووسی دا، شەرحێکی هاوچەشن دەبینین کە، زۆروکەم، ناوەڕۆکێکی هاوشێوە بەڵام ناشایستی هەیە:

من چیرۆکی "میرحەسەن بەگی حەکاری"م وەك نموونەیەك هەڵبژارد بۆ ئەوەی پێی دەگوترێت هوشیاری فۆلکلۆری کوردیدا (بڕوانە [وتاری] "کوردی فیئۆداڵی" من لە گۆڤاریRMM، بەرگی چوارەم دا).

سەبارەت بە بابەتەکە خۆیی، وتاری گەلێك سەرنج ڕاکێشی "م.س. ستاسیاك"ە، بەناوی Cataka Rocznik" Orientalistyczny, t. ii, Le دەریدەخات کە شەرح و بەیانی بابەتی فۆلکلۆریی باڵندە، چ خۆش ئیقتبال تر و چەندە گرنگە.

هەندێ یادداشتی ڕێزمانی لە کۆتایی ئەم وتارەدا ئاراستە دەکرێت. هیوادارم خوێنەران بابەتەکان بە چاوی میهرەبانییەوە بڕواننە ئەم وتارە "ناتەواو"ەی من، لەبەر ئەوەی چیتر ناتوانم خۆم بە تەواوی بۆ توێژینەوەی زمانەوانی تەرخان بکەم.

ئەم بابەتە پێشتر بڵاونەکراوەتەوە .

# "جەیمز جۆیس" ی شاعیر

جەیمزجۆیس، ڕۆمان نووسی ناوداری ئیرلەندی (١٨٨٢-١٩٤١)، بە بۆچوونی 'سەلمان ڕوشدی' گەورەترین ڕۆماننوسی سەدەی بیستەمە. بەڵام جۆیس جاروبارە شیعریشی گوتووە و کۆمەڵەی ٥٠ پارچە شیعری لە بەرگێکدا بڵاو بۆتەوە *. من ماوەیەك خەریکی وەرگێڕانی شیعرەکان بووم بۆ سەر زمانی کوردی و هەندێکیشیانم ئامادە کرد، بەڵام دواتر وازم لێ هێنان و هۆکارەکەشی ئەو ڕاستییە بوو کە من شاعیر نیم و وەرگێڕانی شیعر ئەگەر هەر بەگشتی گونجاویش بێت، کاری شاعیران خۆیانە و بۆ خەڵکانی ناشاعیری وەك من لەکردن نایەت.
سەرەڕای ئەو ڕاستییەش، جێگەی خاڵیی شیعری وەرگێڕاوی لە ئەدەبی کوردی و گرنگایەتی ناسینی جەیمزجۆیس بۆ خوێنەری کورد، هێنامیە سەر باوەڕی بڵاوکردنەوەیان. گەرچی هەوڵی تەواوم بۆ راست ودروستیی وەرگێراوەکان داوە، لەوبڕوایەدام کە خوێنەر تەرجەمەکانی من زۆر بە هەند وەرنەگرن و لە دواڕۆژدا کەسانی شارەزا وەرگێڕاوی بەمتمانەتری شیعرەکانی جەیمز جۆیس ئامادە بکەن.
وا کارەکە بە بڵاو کردنەوەی پارچەشیعرێك دەست پێدەکەم کە جەیمس لە ساڵی ١٩٣١ بە بۆنەی لەدایکبوونی 'ستێپن' ی کوڕەزا و مردنی باوکی خۆیەوە گوتوویەتی و بیرێکی قووڵی فەلسەفی لەمەڕ چییەتی ژیان و مەرگ تێدا شەوق دەداتەوە:

---

*The Works of James Joyce, with an Introduction by Michael Patrick Gillespie and Bibliography, Wordsworth Poetry Library, United Kingdom, 1995*

*من کتێبەکەم لە شاری دۆبلین و دوای سەردانی ماڵی جەیمزجۆیس کڕی کە ئێستا وەك شوێنەواریکی فەرهەنگی پارێزراوە و خەڵك دەچنە دیتنی. لام وایە ئەو کارانەی وا بۆ پاراستنی ناوی هونەرمەندانی نەتەوەیی لە ئیرلەندە کراون دەتوانن ببنە نموونەیەکی باش بۆ ئێمەی کورد لە کوردستان. ئەوان نەك هەر ماڵی کەسانی وەك جەیمز جۆیس و جۆرج بێرناردشاویان پاراستووە و کردوویاننەتە شوێنەوارێك بۆ گەڕۆکی فەرهەنگی، بەڵکوو خانووبەرەیەکیشیان ناو ناوە "ماڵی نووسەران" و تەرخانی ئەو نووسەر و شاعیرانەیان کردووە، کە کەمتر ناسراون و واهەیە گونجاو نەبووبێت ماڵێك تەرخانی تاقەتاقەیان بکەن یا ئەگەر بیانکردایە سەردانیکەری*

*زۆریان نەبوایە. لەو ماڵانەدا کەرەسەی ژیانی هونەرمەندەکان و ئاسەواری فەرهەنگیيان هاوڕێ لەگەڵ وێنە و فیلم و تۆماری دەنگ وبەگشتی هەرشتێکی پەیوەندیدار بەوان پارێزراون و زانیاری زۆریش لەسەر ژیان و کارەکانیان بە شێوای جۆربەجۆر ئاراستە کراوە.*

(١)

## ECCE PUER

له ڕابردووی نادیارەوە
منداڵێك دێتە جیهان
دڵم بە شادی و خەم
لەبەریەك دەچێت

ژیان بە هێمنی
لەبێشکەیەکدا ڕاکشاوە
ئەوین و بەزەیی من
چاوی پێ دەکەنەوە

ژیانی ساوایی
لەسەر شووشەی پەنجەرە هەناسە دەکێشێت و
جیهانی تێنەپەڕیش
ئێستا تێدەپەڕێت

منداڵێك خەوتووە و
پیاوێکی پیر لەدەست چووە
هۆ باوکی لەدەست چووم!
کوڕەکەت ببوورە.

عینوانی شیعرەکە بە ئینگلیزی نییە و بە لاتینیی نووسراوە، منیش وەك خۆیم هێشتەوە. عینوانەکە لە ئینجیل وەرگیراوە و ئاماژەیە بە چارەنووسی عیسای مەسیح. واتای ووشەکانی دەبێتە "ئەوەتا ترسەکە" لە بەرانبەر "ئەوەتا مرۆڤەکە"ی ئینجیلدا.

(٢)

## مۆسیقای ناو ژوور*

تەل لە ئاسمان و زەوی
مۆسیقای بەتام دەژەنن
تەلی لێواری ڕووبار — ئەوشوێنەی وا
شۆڕەبییەکان لق وپۆپیان پێکەوە دەنێن

بەدرێژایی لێواری ڕووبار مۆسیقایە
لەبەر ئەوەی گراویی من لەوێ پیاسە دەکات
گوڵی کاڵ بەسەر باڵاپۆشیەوە و
گەڵای تۆخیش بە زۆڵفەکانیەوە

هەموو بە هێمنی مۆسیقا دەژەنن
سەریان بۆ مۆسیقا دانەواندووە و
پەنجەیان بەسەر ئامێرەکانەوە
دەجووڵێنن

---

*جۆیس ئەویندارێکی گەورەو گرانی شاری دۆبلین بوو. دەگوترێت لە ماوەی ژیانی لەناو شارەکەدا نزیکەی ٤٠ ماڵی گۆڕیبێت. کتێبی ؟؟؟؟ جۆیس پێشوازییەکە لە ئۆدیسەی هومێر، کە ئەویش ئەوینێکی لەبن نەهاتووی بۆ شاری یەثینای پێتەختی یۆنان هەبوو. شیعرەکە ئاماژەی بەو مۆسیقاژەنە ئیرلەندییانە کردوە کە لە لێواری ڕووباری ؟؟؟؟ ی ناوەڕاستی شاری دۆبلین بۆئەو خەڵکانە مۆسیقا دەژەنن کە ئێواران و ڕۆژانی پشوودان بە پیاسە کردن پێیدا تێدەپەڕن.*

(٣)

شەبەق،
لە ڕەنگی یاقووتەوە
دەبێتە شینێکی تۆخ و تۆختر
گڵۆپەکان،
داری سەر شەقام
تژی شەوقێکی سەوزی کاڵ دەکەن

پیانۆ کۆنەکە،
هەوایەکی هێمن و
شاد و لەسەرخۆ لێدەدات
گراوییەکەم
دادەنەوێتە سەر
؟؟؟؟ کلیلە زەردەکانی پیانۆ و
سەری بەرەو ئەولا وەردەسووڕێت

بیری شەرمێون و
چاوی گەورەی تژیی خەفەت
لەگەڵ سووڕانی پەنجەکان
بەهەمووڵایەکدا دەگەڕێن
شەبەق،
بە چرا یاقووتییەکانەوە
وەردەگەڕێتە سەر شینێکی تۆخ.

(٤)

ئەوکاتەی وا

هەمووشت لە حاڵی حەسانەوەدایە،
ئەی ئەوکەسەی وا
بەتەنیایی چاوت لە ئاسمان بڕیوە!
ئایا گوێت لە بای شەو و هەناسەی
ئەو هارپانە هەیە
کە ئاوازی ئەوین
بەگوێی دەروازە بێڕەنگەکانی ڕۆژئاوادا
دەچرپێنن؟

کاتێ کە هەمووشت لە حەسانەوەدایە،
گەلۆ تۆ
بێ خەو ماویەتەوە
بۆئەوەی گوێت لەدەنگی ئەو هارپانە بێت
کە بۆ گراویی و
لەبەردەمی ئەو و
لەسەررێگای ئەودا
لێدەدرێن
باس شەوانەش بە سرووده ئایینییەکانیان
وەڵامیان دەداتەوە
تا شەو تێپەڕ دەبێت

بژەنن!
ئای هارپە دوورەچاوەکان،
هەوای ئەوین بژەنن!
کاتێ کە ڕێگەی ؟؟؟ لە ئاسماندا دەدرەوشێتەوە
لەوکاتەدا کە تیشکی بلاوێن
دێت ودەچێت
مۆسیقایەکی نەرم و شیرین
بە ئاسمانی ژوورسەرمان و

خوارەوەتر،
بە سەر زەویشەوەیە.

# مەتەڵی هەموو مەتەڵان

## شیعری "نازم حیکمەت"،
## "ڕووحی سوو" و دەقی کوردی شیعرەکە



نازم حیکمەت، شاعیر وچیرۆکنووسی پێشکەوتنخوازی تورك (١٩٦٣ – ١٩٠١)، ناسیاوی زۆرێك لە ئێمەیە و دەزانین بابەتی شیعرەکانی بە گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتین، گرنگیی ناو و بانگەوازی جیهانی شاعیریش هەر بە شیعرە سیاسییەکانیەوەیەتی. نازم حیکمەت کومۆنیستێکی قایم بڕوا و دەنگی بوێری چینی کرێکاری تورکیا بوو کە بەشێکی زۆری تەمەنی لە تاراوگەی سۆڤیەت تێپەڕ کرد و هەر لەوێش بە ئاواتی دامەزرانی سوسیالیزمەوە لە وڵاتەکەی و سەرانسەری جیهان، سەری نایەوە.

پارچە شیعرێکی نازم حیکمەت بە ناوی *"مەتەڵی هەموو مەتەڵان"* یا بە تورکی *"مەسەللارین مەسەلی"* هەندێك لەو یاساگشتییە، واتە لە سیاسەت بە دوورە و زیاتر لە چیرۆکێك دەچێت بە ناوەرۆکی فەلسەفییەوە کە بە زمانی شاعیرانە گوترابێت و تێیدا پەسندی شیرینی ژیان و بێزاری لە مەرگ کرابێت. شاعیر لە شێعرەکەدا بە بیرۆکەیەکی خەییامییەوە ڕوانیویەتە واتای ژیان و مردن و شوکرانە بژێری ئەوەیە کە دەتوانێت لە لێواری ئاوێك و تەنیشت چنارێك بوەستێت، هەتاو لێی بدات و خەریکی شێعر نووسین بێت. لە درێژەی شیعرەکەدا، قارەمانانی چیرۆك واتە مرۆڤ، ئاژەڵ و گیا، یەکە یەکە شانۆی ژیان بەجێ دەهێڵن لە کۆتاییشدا ئاو و هەتاوە کە دەڕۆن و دەفەوتێن، بەفەوتانی ئەوانیش ئیتر مەقوولەی ژیان بەگشتی، کۆتایی پێ دێت.

من ئەم شیعرەم ٤٥ ساڵێك پێش ئێستا وەرگێرایە سەر زمانی فارسی و لە تاران لە گۆڤارێك بە ناوی "موسیقی" دا چاپم کرد. پاشانیش کردمە کوردی و وا چەندساڵێکە لە سەر ماڵپەڕی "ڕۆژهەڵات – بۆکان" دانراوە.

گرنگی شیعرەکە لەو خاڵەدایە کە شاعیر پێش ئەوەی کارەساتی مردن ڕووبدات، دەرفەت لە هەلی ئێستا وەردەگرێت، هەموو لەشی دەبێتە چاو و سەیری جوانییەکانی سروشت و ئینسان دەکات. شادمانی نازم حیکمەت لە ژین و زیندوو بوون بە ڕادەیەکە، کە خوێنەر هەست دەکات خۆی لەبەر سێبەری هەموو دارچنارێك هەڵخستووە، پشیلەیەك لە باوەشدا، بە هەزاران چاو دەڕوانێتە نووری هەتاوی هەموو ئەو جیهانە و بە هەزاران سیپەلاك هەوای تەڕ وتازەی سەر هەموو ڕووبارەکانی جیهان هەڵدەمژێت، ئینجا بە بزەی سەرلێوەوە ئاوی ساردی هەموو کانیاوەکانی جیهان دەخواتەوە.

نازم حیکمەت ئەم شیعرەی لە ساڵی ١٩٥١واتە لە تەمەنی پەنجا ساڵی و سەردەمی کامڵ بوونی خۆیدا گوتووە- سەردەمێك کە تێیدا مرۆڤ لە واتای ژیان قووڵ دەبێتەوە، لایەنی چاك و خراپی هەڵدەسەنگێنێت وبۆ یەکەم جار هەست بە لوورەی دوورەدەستی گورگێك دەکات کە گورگی مەرگ بێت! هەستێکی نامۆ و دزێو بەڵام ڕاستەقینە و مەنتیقی هەواڵی ڕاستییەکی تاڵی دەداتێ. ڕووبەڕووی واقیعێك دەبێتەوە کە تا ئەودەم *"ئاگرە سوورەی لەمن دوورە"* بووە و تەنیا ناوی لە کتێباندا خوێندۆتەوە، خۆ ئەگەر گاڵتەشی پێی نەهاتبێت! بەڵام ئەو مڵۆزمە ئێسك گرانە ئێستا لە دەوروبەری دەخولێتەوە و ترپەی پێی قورس وگرانی هەندێك دوور لەدەرگاوبانی ماڵەکەی، دەبیسێت!

ئەگەر تا ئەو قۆناغە مرۆڤ هەموو بە یەك شێوە و شێواز سەیری مەسەلەی مەرگیان کردبێت یا بە یەك ڕادە لێی نەبان بووبێتن، لێرە بە دواوە هەڵوێستی جیاواز دەگرن و ئەو هەستە ترسێنەرە بەگوێرەی کەسایەتی و هەڵوێستی تاکە کەس، ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆری لەسەریان دەبێت: یەك لە بەر ناچاری بەرەو خواپەرستی دەڕوات و ئەگەر موسوڵمان بێت واهەیە بچێتە "ڕەجمی جەمەرە" و سەفا ومەروە؛ یەکیتر واهەیە بکەوێتە خەمی ماڵ و داهاتووی منداڵ و پاشەکەوت کردن بۆ "باقیات صالحات"؛ ئەویتر واهەیە با بداتەوە سەر یارمەتی فەقیر وهەژار یا خود نەخۆشخانە و قوتابخانە و پرد و کاروانسەرا بنیات بنێت بۆئەوەی ناوی باش لەپاش خۆی بەجێ بهێڵێت و ئای، ئەگەر قسەی مەلا و قەشە و مالمیش ڕاست بوون و پاش مردن،هەستانەوەیەك بوو، بتوانێت بە تریلیلان بە سەر پردە لە موو باریکتر و لە ئەڵماس تیژترەکەدا بڕوات و نەکەوێتە بەر گورزە ئاگرەکەی جەنابی "مالیك"ی دۆزەخ. نووسەر و شاعیریش واهەیە بە پەلەپڕووزە بەرهەمەکانیان لە چاپ بدەن و کاری بڵاوبوونەوەی دوارۆژی شوێنەوارەکانیان نەخەنە بەر بەزەیی کوڕ وکچ ونەوە و نەتیجە. مەلا بۆی هەیە کتێبەکانی وەقفی مزگەوتێك بکات لەبەر ئەوەی دەزانێ "کوڕە مەلا دەبێتە کتێبفرۆش!" ئیتر هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانی بێژ لە سەر ئەو دووڕیانە گرنگەی ژیان چ ڕێبازێك هەڵدەبژێرن و

لەبەرانبەر ئەو شێر وڕێوییەی وا مەلا بۆ دواڕۆژی ڕەشی "عمله طرب" ی دێننەوە، چۆن هەڵوێست دەگرن، لێم ڕوون نییە – بەڵام ئەوەندە دەزانم کە لەناویاندا خەڵکانی دلێری وەك "عەلی خەندان" زۆرن کە ئەفسانەی بێ بنەمای مامۆستاکانی بە پووشێك وەردەگرت و بە گاڵتە نەبێ باسی لە ئەساسی دیاردەکان نەدەکرد!

پرسیار ئەوەیە گەلۆ هەستی نازم حیکمەت لە کاتی گوتنی ئەم شیعرە دا چی بووە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چەند ئەگەر ومەگەر سەر هەڵدەدەن. یەکەمیان هەر ئەو کێشەی تەمەن و بیستنی لوورەی گورگی مەرگەیە کە باسم کرد. دووهەم، دەتوانێ لە پەیوەندی ژیانی سیاسی شاعیر و بارودۆخی سۆڤیەتی سەدەمی ستالین دا بێت:

شیعرەکە لە تەمەنی پەنجا ساڵی و ١٢ ساڵ پێش مردنی، لە ساڵی ١٩٥١ دا گوتراوە کە دەکاتە ٢ ساڵ پێش مردنی ستالین و ٦ ساڵێك پێش مەرگی دۆست و هاوبیر وهاوڕێی ژیانی مۆسکۆی، واتە لاهووتی کرماشانی. لەو ساڵانەدا لاهووتی کەوتبووە بەر بێ میهریی ستالین و تەنانەت ئاواتی گەڕانەوەی ئێران و بینینی دووبارەی شاری کرماشانی دەخواست. تۆ بڵێی گۆڕانکارییەکی هاوچەشن لەژیانی ئەو ساڵانەی نازم حیکمەتیشدا ڕووی نەدابێت و هەر ئەوەش نەیخستبێتە سەر بیری ژیان؟ ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە هەرچۆنێك بێت بۆ خەباتکارێکی کۆڵنەدەری وەك نازم حیکمەت نیشانەی ماندوویی و بەشێوەیەك، بێ هیواییشە. گەلۆ هەموو کێشەکە لە پەیوەندی هەست بە پیری کردن و نزیك بوونەوەیەی گورگی مەرگدایە یا وەڕەزی و ماندوویی و گوشاری سیاسی سەردەمی ستالینیش دەورێکیان لەو وەرچەرخانەدا بینیوە؟ بە وتەی برادەرێکی شارەزای ژیانی سۆڤیەت، دوور نییە جەهەننەمی ستالین کە ناوە ڕەسمییەکەی بەهەشتی سۆسیاسیلیستی بوو و ئەو ڕاستییەی کە سیستەمەکە متمانەی بە هیچکەس تەنانەت دڵسۆزێکی وەك ئەو ولاهووتی نەدەکرد، هەستی ئەویشی بریندار کردبێت و نۆستالژی و گەڕانەوە بۆ دەروونی خۆی لەوێوە سەری هەڵدابێت؛ لە ئەنجامی هەر ئەو بارودۆخەشدا، تەنیایی وەك مۆتەکە، قورسایی خستبێتە سەر شان و پیلی و لە "سەیری ئافاق" ەوە بردبێتیە "سەیری ئەنفوس و دەروون".

بەڵام ئەگەرێکی سێهەمیش هەیە:

هیوای دواڕۆژ، بەشێك لە بیرۆکەی ناو شیعرەکەیە و ئەوەیان دەکرێت لە باوەڕی کومۆنیستیی شاعیردا بدۆزرێتەوە؛ بە تایبەت ئەگەر بزانین شیعرەکە لە سەردەمێکدا گوتراوە کە نازم حیکمەت لە یەکیەتی سۆڤیەت دەژیا و ئەویش وەك لاهووتی کەم و زۆرلەگەڵ جەرەیانی فەرهەنگیی غاڵبدا دەچووە پێشەوە کە عونسورێکی سەرەکیی بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی گەش بینی و ئومێد بە ژیان و هیوای دواڕۆژی باش خواستن بۆ چەوساوانی جیهان،

باوەکووهیوایەکی ویشك و برینگیش بوایەت. تۆ بڵێی شیعرەکە مۆرکی ئەو سیاسەتە گشتییەی بە سەرەوە نەبێت؟

من بێ ئەوەی بەڵگەیەکی ڕوونم بەدەستەوە بێت، لام وایە لە ناو ئەو سێ ئەگەرە دا هۆکاری سەرەکی بۆ گوتنی شیعرەکە، کامڵ بوونی تەمەن و سەرهەڵدانی پیری و ترسی مردن لای شاعیرەکەیەتی. واهەیە تەئکیدی شاعیر لە سەر چەمکی "تەمەن" منی گەیاندبێتە ئەو ئاکامە.

لەبیرمە کاتێ تەرجەمەی فارسی شیعرەکەم بڵاو کردەوە، شیعرێکی دیکەی نازم حیکمەتیشی لەگەڵ بوو: *"دیسان بە سەر وڵاتەکەمدا هەڵدەڵێم"*. هاوینی ساڵی ١٣٥١ بوو و شاعیری نەمری ئێرانی سەعیدی سوڵتان پوور نوسخەی گۆڤاری "موسیقی" یەکەی لەگەڵ خۆیدا بردبوو بۆ بۆکان و بە کاکمی گوتبوو بە ئەنوەر بڵێ لە پەنا ئەو شیعرە چاکە- واتە شیعرە سیاسییەکە، بۆچی شیعری وا بێ تامی تەرجەمە کردووە؟ ئاساییە سەعیدی سوڵتانپوور لە تەمەنیلاویەتی ئەوساڵانە و لە بارودۆخی ئەودەمی ئێراندا شیعرێکی نەدەویست کە پەسندی خۆشیی ژیانی ئاسایی مرۆڤ بدات بەڵکوو شیعر بۆ ئەو، خەبات بوو، ڕاپەڕین بوو، چەك بوو، خوێن بوو و شۆڕشی گەل بوو. بەڵام گەلۆ ئەویش ئەگەر گولـلەی ئێرتیجاع دڵی پڕ هەستی لە لێدان نەخستبایە و بگەیشتایەتە سەردەمی ئەمڕۆ، ئێستا ئەویش بە "مووی سپی و ئەنفاکتووسی دڵەوە" پەسندی ژیانی نەدەدا؟

*****

هەرچۆنێك بێت، لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکی بەڕێزم شیعرەکەی بە دەنگی نازم حیکمەت بۆ ناردم کە لە یووتیووبی وەرگرتبوو. هەر لەو لاپەڕەیەی یووتیووبدا چاوم بە شیعرەکە بە موسیقا ودەنگی "ڕووحی سوو"ش کەوت.

ڕووحی سوو (١٩٨٥ – ١٩١٢) واهەیە بەناوبانگترین گۆرانی بێژ ومۆسیقاری ڕووناکبیری تورکیا لە بەشێکی سەدەی بیستەمدا بێت. لە شاری وان لە بنەماڵەیەکی ئەرمەنی لەدایك بووە، هەر بەمنداڵی دایك و باوکی کەوتوونەتە بە شاڵاوی ئەرمەنی کوژیی تورکان و بنەماڵەیەك بوونەتە دایەنی و لە ناوچەیەکی تری تورکیا گەورەیان کردووە و ناوی موسوڵمانیی "مەحمەت ڕووحی سوو" یان لێ ناوە[٣٢]. ڕووحی سوو، زۆرێك لە شیعرەکانی نازم حیکمەتی بە گۆرانی گوتووە وئەوەش یەکیانە.

سەرەتا گوێ بدەنە شیعرەکە بە دەنگی شاعیر خۆی، پاشان بە گۆرانی ڕووحی سوو، ئینجا سەیرێکی وەرگێراوی کوردی شیعرەکە بکەن کە جارێکی دیکە پێیدا چوومەتەوە، لە کۆتاییشدا وێنەی نازم حیکمەت و ڕووحی سوو ببینن کە لە گووگڵم وەرگرتوون:

[32] http://en.wikipedia.org/wiki/Ruhi_Su

ئەوەش وەرگێڕاوی کوردی شیعرەکە:

مەتەڵی هەموو مەتەڵان

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن
وێنەمان وا لە ناو ئاودا،
چنار ومن
شەوقی ئاوە لێمان دەدات
چنار ومن

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، یەك پشیلەش
وێنەمان وا لە ناو ئاودا،
چنار ومن، پشیلەکەش
شەوقی ئاوە لێمان دەدات
چنار ومن، لە پشیلەش

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، پشیلەکە، لە گەڵ هەتاو
وێنەمان وا لە ناو ئاودا،
چنار ومن، پشیلەکە، لە گەڵ هەتاو
شەوقی ئاوە لێمان دەدات
لە چنار ومن، لە پشیلە و لە هەتاویش

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، پشیلەکە، لەگەڵ هەتاو، تەمەنیشمان
وێنەمان وا لە ناو ئاودا،
چنار و من، پشیلەکە، لەگەڵ هەتاو و تەمەنمان
شەوقی ئاوە لێمان دەدات

لە چنار ومن، لە پشیلە، لەگەڵ هەتاو و تەمەنمان

لە لێوار ئاو راوەستاوین
پێش هەمووومان، کتك دەڕوات
شوێنی لە ئاودا نامێنێ
پاشان من دەڕۆم
شوێنم لە ئاودا نامێنێ
پاشان چنار دەڕوا
شوێنی لە ئاودا نامێنێ
پاشان ئاو دەڕوا
هەتاو دەمێنێ
دواتر، ئەویش دەڕوات

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار، من، پشیلە، هەتاو، تەمەنیشمان
ئاو، ساردە
چنار، بەرزە
من، شیعر دەنووسم
پشیلە، دەمیاوێنێت
هەتاو گەرمە
زۆر شوکور دەژین
شەوقی ئاو لێمان دەدات
لە چنار، لە من، لە پشیلە، لە هەتاو، لە تەمەنیشمان.
٢٠١١/٨/٢٥

# هەمەڕەنگ

# ورده فەرمایشت – یادداشتی هەفتانە

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە، بەتایبەت لە کاتی تەنیایی و ئیستیڕاحەتدا هەندێك بیری بە مێشکدا دێت کە دەکرێ بە "شات" ێکی کامێرای بشوبهێنیت. ئەو بیرە کورت و زووتێپەڕانە دێن و خێرایەك ڕادەبرن، ئەگەر فریایان بکەوی و تۆماریان بکەی وا هەیە گەلێك ناسك جوان بن و لە گێڕانەوەدا خەڵکانیتریش بە هەندیان وەربگرن وبەکەڵکیان بێت. بەڵام زۆربەیان وەك پڕیشکەیەکی ئاگر تێدەپەڕن و هەر بەوخێراییەی کە هاتوون لە گۆڕەپانی چالاکییەکانی مێشك دەچنە دەرەوە و دەفەوتێن. هەر ئەو چەشنە بیرە تازە و نەدیتوو و نەبیستراوانەن کە هەندێك کەس بە "ئیشراق" و هەندێکیتر بە "ئیلهام" یان دادەنێن و دەبنە هەوێنی شیعر بۆ شاعیران و بنەمای شوێنەوارێکی هونەری بۆ هونەرمەندان، یا دەسپێکی ئەفراندنێکی زانستی لای بیرمەند و زانیاران. بۆ گەمژەیەکی وەك من بەڵام نابنە هیچ و شتێکیان لێ بەرهەم نایەت! ئەو پڕیشکە و شەوقە نازدارەی مێشك لە خەودا بەشێوەیەکی ئازادتر و ڕەهاتر دەردەکەوێت وکەم نین ئەو شاعیرانەی قەڵەم و کاغەز لەژوورسەریان دادەنێن و لەخەو ڕادەپەڕن و بە یادداشت کردنی بەشێك لە بیرێکی تیژپەڕ کە بەمێشکیاندا هاتووە، هەوڵ دەدەن کارێکی هونەری گەڵاڵە بکەن. تەنانەت منداڵی ساواش هەندێك جار بە هۆی چەشنێك لەو تیشك وشەوقەی مێشیکەوە، لە خەو یا بێداریدا، بێ ئیرادە، بزەیەکی شیرین دێتە سەر لێوی.

من گەلێك جار بیری ئەوتۆم بە مێشکدا هاتووە کە پێم وابووە بۆ ئەوە دەبێت بکرێتە ناوەرۆکی ووتارێك و بڵاو بکرێتەوە، بەڵام هەر ئەوەندە بووە و سەعاتێك دواتر نە خۆی ماوە و نە ئاسەواری، وتارەکەش نەنووسراوە! دڵنیام لەو هەست کردنانەمدا تەنیا نیم و ئەگەر هەموو خەڵکیش نەبێت، زۆربەیان وەك منن و ڕۆژانە شاهیدی ئەو بیرە تێپەڕانەی ناو مێشکی خۆیانن. بابەتی ئەو بیرۆکانە هەمەچەشنەن و بەگوێرەی بارودۆخی دەروونی و لاوەکی وحاڵ و هەوای، کاتی دەگۆڕێن واتە دەتوانن فەلسەفی بن، سیاسی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، و....هتد؛ هەندێك جاریش ئەوەندە شەخسین کە بۆدەربڕین ودابەشکردن لەگەڵ خەڵکیتر نابن.

ئێستا کە ئەو شەوقەی مێشك بیچمی ووتار و نووسینی دوور ودرێژیان پێ نادرێت و وەك بڵقی سەرئاو دەتۆقن و نامێنن، وام بەباش زانی لێرە بەدواوە وەك کەرەسەیەکی خاو تۆماریان بکەم و بیاننووسمەوە. ماوەیەکە ئەم کارەم کردووە و ئێستاش دەمەوێت هەر ئەو بیرۆکە نەعاملاوە پەروەردەنەکراوانە لەگەڵ ئێوەدا دابەش بکەم و پێتان بڵێم ڕۆژانە چی بە مێشکمدا ڕادەبرێت. واهەیە هەندێکیان کەڵکی گوێ بۆڕاگرتن و خوێندنەوەیان هەبێت و بەشێکی دیکەیان ئەوەندە تاکەکەسی و خۆمانە بن، کە لە دەرەوەی من، بۆ خەڵکانیتر بێ کەڵك و تەنانەت بێ تام بنوێنن. ئەوە بۆ منیش ئەزموونێکی نوێیە و پێم خۆشە بزانم چۆنم بۆ دەبریتە پێشەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکی سەمەرەیە، هەندێك جار بە کونی دەرزیدا تێدەپەڕێت هەندێك جاریش بە دەرکی دەروازەدا ناچێتە ژوورەوە! کەس نەبێت من وام، جا شێتم، بێ عەقڵم، هەرچی هەم ئەوەم، بەڵام لەدەربڕینی هەستم ناترسم. ئەوە ئێوە و ئەوەش ئەو تۆمارانە:

لەندەن، ٢٠١٠/٠٩/٠١

## ١

## چەشنایەتی ئایینی:
## کوردستان هیندستانە یا هیندستان هیندستان!

هەمووەمان بیستوومانە وولاتی مەزنی هیندستان چەشنایەتی زۆری ئایینی تێدایە و ئەوە بە بوونی 'تۆلڕەنت' واتە 'تەحەممول' ی خەڵکی وولاتەکە دادەنرێت و لە ڕاستیشدا وەهایە. خەڵکی هیندستان بە چاویلکەی دەمارگیری ئایینییەوە سەیری جیهان ناکەن. بۆ ئەوان ئایین دیاردەیەکی شەخسییە نەك کۆمەڵایەتی یا ببڕا ببڕا سیاسی. ئەو تێکگیرانە فیرقەییەش کە لە کۆتاییەکانی دەیەی چلی سەدەی بیستەم و سەروحەددی سەربەخۆیی وولاتەکە سەری هەڵدا و هیندوو و موسوڵمان لەگیانی یەکتر بەر بوون، هەڵخلاندنی سیاسەتی ئیستیعماریی لە پشت بوو و لە ناخی کۆمەڵگاکە هەڵنەقولا بوو.

با ئێستا با بەراوردێکی ئەو وولاتەر بەربلاوە و ئەو نزیکەی یەك ملیار دانیشتووانە بکەین لەگەڵ کۆمەڵگایەکی بچووکی وەك کوردستان و بزانین لەو بستە خاکەی کورددا فرەئایینی زیاترە یا لە هیندستان:

زوربەی دانیشتوانی کوردستان ئێستا 'موسوڵمان' ن، واتە سوننەی شافیعی و حەنەفی هەروەها شیعەی دوازدە ئیمامی و چوار ئیمامی (عەلەوی) پێکەوە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان دەژین. شاری سنە بە تەنیا ١٦٨ مزگەوتی تێدایە و لەوانە مزگەوت و حوسەینییەی خوشك وبرایانی شیعە. تەنانەت لە سلێمانی حوسەینییەی شیعەی بێ شیعە دامەزراوە! دیارە ئەم مەسەلەیە

هۆکاری سیاسی و گوشاری ئێرانی لەپشت بوە، بەڵام هەر نەفسی دامەزران و بوونەکەی نیشاندەری تۆلێرەنتی خەڵکەکەیەتی، دەنا بۆچی سەرەڕای هەموو گوشارێك و داواکارییەك، لە تارانی پێتەختی ئێران نە لە سەردەمی کۆماری 'ئیسلامی' و نە لە کاتی حکوومەتی شادا، مزگەتێك بۆخەڵکانی سوننەی دانیشتووی شارەکە دانەمەزرا کە ژمارەیان بێگومان لە ملیۆن زیاترە! لەکاتێکدا فەرمانی کەسێکی وەك خومەینی یا خامنەیی یا هەر 'مەرجەع' ێکی دیکەی ئایینی دەیتوانی ئەو هەلە بە باشی بڕەخسێنێت.

جگەلەوان، کوردستان فیرقەی جیاوازی مەسیحی لێن، کە لە کەلدانی و ئاسۆری و ئەرمەنی پێك هاتوون و هەموویان کلیسای تایبەت بەخۆیان هەیە.

جوولەکە لە گەلێك شار و ناوچەکانی کوردستاندا بە بەربڵاوی هەبوون و تەنانەت دوای دامەزرانی دەوڵەتی ئیسڕائیل و تا ئەمڕۆش لەوێ ماون و لە ناو کۆمەڵگا بەگشتی موسوڵمانەکەدا دەژین.

بەشێوەی خۆڕستی، کوردستان شوێنی ژیانی 'ئێزەدی' یەکانە کە بە پاشماوەی ئایینی میترایی دەناسرێن. ئێزدایەتی ئایینی کوردە و کتێب و دۆعا ئایینییەکانیان بە زمانی کوردییە، واتە ئێزدایەتی سروشتیترین ئایینی ناوچەکە و گەلەکەیە.

جیاواز لە ئێزدییەکان، لەم ساڵانەی دواییدا من کەسانێکم لە باشووری کوردستان بینیوە گوتوویانە ئێمە 'زەڕدەشتی' ن، بەبێ ئەوەی پەیوەندیان بە ئێزدایەتییەوە هەبێت. گرنگ نییە ئەوە دیاردەیەکی نوێیە یا ڕەگ داکوتاوی کۆن، گرنگ ئەوەیە کوردستان تۆلێرەنتی ئایینی تێدایە و تۆ دەتوانی بە بێ دەمارگیری و هەڵس وکەوتی نالەباری خەڵك، کاروباری ئایینی خۆت ڕابپەڕێنی.

لە نێوان ئێزدی و 'حەقەکان'، واتە 'ئەهلی حەق' یا ئەوانەی بە هەڵە پێیان دەگوترێت علی اللهی، هاوبەشییەکی زۆری ڕێ وڕەسم و باوەڕ هەیە و لق و پۆپی ئەم ئایینەش لە شوێنی جیاجیای کوردستان هەن و لەکاتێکدا لە ئێرانی ئیسلامی جەمخانەیان دەڕووخێنن و خۆیان دەگرن، یا هەوڵی توانەوەیان لە ناو شیعەی دوازدە ئیمامی دەدەن، لە کوردستان ژیانێکی بێ کێشە وهەرایان هەیە.

جگە لەوان کوردستان 'بەهایی' کەم نین و ئەوانەی وا لەترسی لێدان و کوشت وبڕی دەوڵەتی عەجەم یا دەمارگیری ئێرانییەکان هەڵاتوون، لە کوردستان حاوانەتەوە و وەکوو خەڵکیتر ژیان دەبەنە سەر تەنانەت بەهائوڵڵای ڕێبەری ئایینی بەهاییەکان بۆ ماوەیەکی دووساڵە لە کوردستان و دەوروبەری سلێمانی ژیاوە و ماوەیەکیش لە ئەشکەوتێکی نزیك گوندی سەرگەڵۆدا بە دەروێشایەتی ڕایبواردووە.

پێش بەهائوڵڵا، گەوره ژنی مێژووی 'بابی' یەکان طاهره قرةالعين کە لە ئێران هەڵاتبوو و لە بەغدا ڕاونرابوو، ماوەیەك لە کرماشان ژیاوە.
تەنانەت لە کوردستان و لە ناو شەبەکە کوردەکاندا پاشماوەی ئایینی 'صابئی' (یەحیایی) ماون وئێستاش هەر هەن.
ئەگەر باسی ئایینمان کرد، لەبیرمان نەچێت ڕووی دیکەی سکەی ی دینداری، 'بێ باوەڕیی ئایینی' یە. لە دیموکراسی ئوروپاییدا دیندار و بێ دین هەردوکیان ئازادن. لە کوردستان ژمارەی خەڵکانی بێ باوەڕی ئایینیش کەم نین و ئەوەندەی من لەبیرم بێت پێش دامەزرانی کۆماری مەلاکان ئەو دیاردەیە گەلێك ئاساییتر بوو وبۆ نموونە، کەم نەبوون هونەرمەندانی گۆرانی بێژ و شاعیر و هتد.. کە باوەڕی ئایینیان نەبوو، خەڵکیش ئەو دیاردەیەیان وەك مەسەلەیەکی شەخسی چاو لێدەکرد و کەس خۆی لە کارەکە هەڵنەدەقوتاند، تەنانەت ئێستا دوای 'سەمپاشی' سی ودووساڵەی مەلاکانیش، بوونی هاوڕێ و هاوکار و دراوسێماڵی بێ باوەڕ بۆ زوربەی خەڵك ئاساییە. من خۆم لە گوندەکانی دەوروبەری بۆکان و سەقز مامۆستا بووم و لەگەڵ نەمر مامۆستا مەلاعەلی بوغدەکەندی و مامۆستا مەلا محەممەدی باغلووجەدا دۆستایەتی گەرم وگوڕ و هاتوچۆی ماڵم هەبوو و قەت نەمدیت یەکیان ناوچاوانیان گرژ بکەن یا تەنانەت ئەوەیان پێ سەیر بێت کە من باوەڕی ئایینیم نییە.
جا براله، ئێستا کوردستان هیندستانە، یا هیندستان هیندستان؟

٢

## 'برایانی زێ زێ' لە تالاری ڕوودەکی تاران

ئەو ساڵانەی وا لە تاران دەژیام، زۆر سەرم لە شانۆ و کۆنسێرتی مۆسیقا و شتی ئەوتۆ دەخورا. بە بێ هیچ گومانێك لە تارانی ساڵانی ١٣٤٤ بەدواوە تا کاتی گیران و زیندانیکرانم لە ١٣٥٢، هیچ بەرنامەیەکی لەو بابەتانە لە تاران بەڕێوە نەبراوە کە من نەمدیتبێت! جا لە دانیشگا، لە تئاتری شەهر، لە تالاری ڕوودەکی یا هەرکوێیەکی تر بووبێت. تەنانەت لەبیرمە بۆ دیتنی شانۆنامەی "شش شخصیت در جستجوی نویسنده" ی پیەر ئاندێللۆ، کە لە هۆڵی باڵوێزخانەی ئیتالیا بەڕێوە دەبرا، لە 'ئەراك' ەوە چووم بۆ تاران و گەڕامەوە.
ئەو ساڵەی وا 'تالاری ڕوودەکی' لە تاران دامەزرا، من ماڵم لە سەر هەمان شەقامی حافز لە 'چوارڕێی عەزیزخان' بوو، چەند سەد مەترێك خوار تالارەکە. ئەودەم بلیتی تالاری ڕوودەکی بۆ خوێندکاران نیوە قیمەت بوو و تەنانەت بۆ ماوەیەك کرایە دەیەکی نرخی ئاسایی! بەرنامەی

مانگانەی تالار لە کۆتاییەکانی مانگی پێشتردا لە سەرلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەی کەیهان ڕادەگەیێنرا. من هەمان ڕۆژی دەرچوونی، دەچووم و بلیتی هەموو بەرنامەکانم بە چاك و خراپەوە دەکڕی جا کاتی چونم هەبوایە یان نا گرنگ نەبوو! لەبەر ئەوەی نرخەکە وەك خۆڕایی بێت وابوو؛ بۆ نموونە ٥ قڕان یا تمەنێك بۆ هەرکامیان و ئەوی هەرە گرانیان ٣ تمەن بۆ خوێندکاران.

لەو ماوەیەدا گەلێکم بالە و ئۆپێرا بینی. ئۆپێرای وەك 'کارمێن' و 'زەماوەندی فیگارۆ'، کە بە زمانی ئیتالیایی بەڕێوە دەبران و بالەی 'دەریاچەی قوو' و 'جوانی نووستوو' و 'فندق شکێن'. شەوێکیان حەمەڕەزاشا و ژنەکەی و میوانێکیان ـ ئەگەر هەڵە نەکەم سەرەك کۆماری بۆلغاریا، بە بێ هەواڵی ڕاگەیێنراو هاتن بۆ دیتنی ئۆپێڕایەك و لەشوێنی تایبەت بەخۆیان لە پشتەوە دانیشتن وهەیت وهووتێکی زۆر بەرپا بوو. خەڵکەکە دەبوایە هەموو لەبەریان هەستن و ڕوویان تێبکەن و چەپڵەیان بۆ لێبدەن. بەخەجاڵەتەوە، بەندەش وێڕای ئەوان چەپڵەم بۆلێدەدان، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی خۆم فێنك کردبێتەوە، هێواشم لێ دەدا! بەوە دەڵێن شۆڕشگێڕیی ئەندامی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی!

لە بەشی هونەری تالاری ڕوودەکیدا پیاوێکی ئینگلیزی کاری دەکرد کە ناوی 'ڕۆبێرت دو وارێن' بوو. ئەو کابرایە، کە دوای شۆڕشی ئێران لە بریتانیا دەژیا و من زۆرم پێخۆش بوو ببینم، سەفەری هەموولایەکی ئێرانی دەکرد و هەڵپەڕکێ و مۆسیقای گەلانی دانیشتووی ئێرانی کۆ دەکردەوە و لە ڕێگەی خوێندکارانی هونەرسەرای هەڵپەڕکێ و بالەوە دەیهێنانە سەر شانۆ. ئەوەندەی نووسراوەی ناو برۆشوور و ڕاگەیاندننامەکانم سەیر دەکرد ئەو کابرایە بە هەڵپەڕکێی کوردی بە گوتەی برایانی کوردی باشوور، زۆر 'موعجیب' بوو و نەك هەر شوێنی وەك لوڕستان و بەختیاری و خۆراسان، تەنانەت هەڵپەڕکێی بەلووچستانیش بوایە، ڕەگێکی کوردی تێدا دەدۆزییەوە و باسی بنەمای کوردیی هەڵپەڕکێکەیانی دەکرد.

ئەو ڕۆبێرت دووارێنە جارێکیان بەرنامەی هەڵپەڕکێی کوردی پێکەوە نابوو. جا دۆم بێ و کلاش بۆخۆی بکات! براله، دیکۆری جوان، هەڵپەڕکێی ڕازاوە و دەنگیش دەنگی برایانی زێ زێ، جا وەرە مەیبینە! دە دانە بلیتم کڕی و بەسەر دۆست و برادەرانمدا دابەشی. ئەو شەوە کویستانان خاڵ خاڵ هەر بەفری نەدەچووەوە، ئەوەندەمان چەپڵە لێدابوو ئەگەر لەتەمەنی ئێستادا بوایەم دەبوو بمبەن بۆ نەخۆشخانە! چەند ساڵ دواتر لە سەقز چووبوومە سەر شایی نەمر جەمیلی هۆشمەند کە برایانی زێ زێ دەیان دەگێڕا. لە لای یەك لە دوو برای زێ زێ دانیشتبوم، کاك عەلی یا کاك حەسەن، لەبیرم نییە. سەبارەت بە بەرنامەکەی تالاری ڕوودەکی لێم پرسی. باسی سەفەرەکەی بۆ کردم و هەڵس وکەوتی کچە 'دانسەر' ە پرۆفیشناڵەکان کە

کورد نەبوون بەڵام چ کوردییەکی جوان هەڵدەپەڕین. دیارە ئەوەش بە هیممەتی تۆمارکران ونووسرانی ژمارەی جووڵە و چۆنیەتی ڕۆیشتن و گەڕانەوەنەوەکانیان لە لایەن 'ڕۆبێرت دو وارێن' ەوە بوو.
نەمر کاك 'عەلی شۆخ کەمان' — براگەورە و ڕێزدارکاك 'حەسەنی شۆخ کەمان' براچکۆلە و کاك 'عەزیزی نەی ژەن' و کە هاوکاریان بوو و پێکەوە گروپی برایانی زێ زێیان پێك دەهێنا کە ئەودەم پێیان دەگوتن 'بیتلی کوردستان'. هەروەها جارو بارە نەمر 'تەوفیقی تارزەن' خەڵکی تیکاب، هاوڕێ یی دەکردن. یادی زیندوو و مردوویان بەخێر بێت! هەروەها یادی ڕۆبێرت دو وارێن، کە ئەگەر مابێت، جێی خۆیەتی کوردی دانیشتووی بریتانیا بیدۆزنەوە و کەڵك لە بیرەوەری وئەزموونە هونەرییەکانی وەربگرن وڕوانگەکەنی بناسن.

### ٣

**سەعدی شیرازی: "کورد زیندووە!"**

لە بابی پێنجەمی بوستانی شێخ شرف الدين مصلح سەعدی شیرازی (٦٠٦ تا ٦٩١ ی کۆچی، سەدەی سێزدەهەمی زایینی) دا، پارچە شیعرێکی پێنج فەردی هەیە کە بۆ من لە لایەنێکەوە سەرنج ڕاکێشە واتە بۆنی ئەوەی لێدەکەم ئەو زاراوە ناسراوەی وا بۆتە سەربەندی سروودی نەتەوایەتی کورد (ئەی ڕەقیب)، واتە "کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە!" لەو شیعرەی سەعدی وەرگیرابێت.
بەگوێرەی حیکایەتەکەی سەعدی، شەوێکیان 'کورد' ێك گەڵامێو (ڕەز) ی زۆر دەخوات و لەبەر ئازاری زگی خەوی لێ ناکەوێت. حەکیمی دێننە سەر، دەڵێ بە هۆی ئەو خواردنە ناسازگارەوە ئیتر کاری تەواوە و ناگاتە بەیانی دەمرێت. بەڵام سەعدی پاشان دەڵی قەزا وقەدەر وابوو کە حەکیمەکە هەمان شەو مرد، لەکاتێکدا چل ساڵ دوای ئەو ڕووداوەش کوردەکە هەر زیندوو بوو!
جا من بە دووری نازانم نەمر یۆنس ڕەئووف دڵدار شاعیری شیعری ئەی ڕەقیب، کاتێ کە دەڵێ "کورد زیندووە..."، ئەو عیبارة یا زاراوەیەی لە سەعدی وەرگرتبێت.
تۆ بڵێی من ڕاست بم؟
ئەوەش شیعرەکەی سەعدی، کە دیارە بە فارسییە:
حکایت طبیب و کرد
شبی کردی از درد پهلو نخفت/ طبیبی در آن ناحیت بود و گفت:

"از این دست کو برگ رز می‌خورد/ عجب دارم ار شب به پایان برد
که در سینه پیکان تیر تتار / به از نقل ماکول ناسازگار"
گر افتد به یك لقمه در روده پیچ / همه عمر نادان برآید به هیچ
قضا را طبیب اندر آن شب بمرد / چهل سال از این رفت و زنده‌ست کرد

(بوستان، باب هفتم، اندر رضا)

با ئەوەش بڵێم کە لە ڕابردوودا، لە هەندێك شوێنی ئێران بە هەموو وەرزێرێکی گوندییان گوتووە 'کورد'، واتە چەمکی کورد تەنیا ناوی گرووپێکی ئێتنیکیی نەگرتۆتە بەر و باری چینایەتیشی هەبووە.

٤

## UPDATE

ئەوە زاراوەیەکی ئینگلیزییە بە واتای نوێکردنەوە، نوێکراوە یا هەواڵێك کە کۆن نییە ولە کاتی دیتن و بیستن و خوێندنەوەدا تازەیە. گرنگایەتی زاراوەکە کاتێ زیاتر بوو کە لە ئینتەرنێتدا کەڵکی لێوەرگیرا و دیارە باس وخواسی ناو ئینتەرنێتیش دەبێ تازە و هی ئەوڕۆژ یا ڕۆژانەبێت کە سەیریان دەکرێت دەنا جێگەی باوەڕی خەڵك نابن.
فارسەکان لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا ووشەی 'به روز' یان بۆ تاشی و ئێستا خەریکە وورده وورده جێی خۆی لە ناو خەڵکدا دەکاتەوە.
من ترسی ئەوەم لێ نیشتووە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان لەبەر نەبوونی بەرانبەری کوردی وەك زۆرجاری دیکە کردوویانە، ڕاستەوخۆ بچن و هەمان زاراوە فارسییەکە وەربگرن یا خود 'روز' ی فارسی بکەن بە 'ڕۆژ' ی کوردی و ملۆزمی 'بەڕۆژ' مان لێ قیت بکەنەوە، وەك چۆن ووشەی ناقۆڵای 'دەستگیر' ی فارسییان کردە جێگری 'دەست بەسەر' ی کوردی وخستیانە سەر زمانی خەڵکی ئاساییش، لە کاتێکدا 'دەستگیر' ی کوردی باری ئەرێ یی هەیە و واتای دەستگرۆیی و یاریدە و یارمەتیدانی لێ وەردەگیرێت، بەڵام کێ گوێ دەداتە ئەوقسانە؟ فارسییە حەیاتەکە، خۆ بگرە هاتم!
جا پێشنیار دەکەم ووشەی 'ڕۆژین' وەك بەرانبەرێك بۆ زاراوەی ئینگلیزی 'ئاپدەیت' دابنرێت. با پسپۆران چەوتیی بۆچوونەکەم ڕاست بکەنەوە.

## ٥

### شەڕی کورد وکورد

بابەتێکم لە ماڵپەڕی هەڵوێست دا خوێندەوە کاك 'مەعرووفی کەعبی' نووسیبووی و تێیدا باسی شەڕی کۆمەڵەو دیموکڕاتی کردبوو لەگوندی 'باغڵووجە' ی نێوان بۆکان و سەقز. بابەتەکە هەژاندمی و گریاندمی و لە کەلکی خستم.

من کاتێ لە ساڵانی ١٣٤١ و ٤٢ دا بووم بە مامۆستای ئەو دێیە، تەمەنم ١٩ ساڵ بوو؛ ئێستاش سەدان بیرەوەری خۆشم ماوە لە خەڵکەکەی، قوتابییەکانم، مەلای گوندەکە، فەقێی مزگەوت، فەقێ عەزیزی هاوتەمەنم کە خۆی و دایکی بۆ هەموو ماوەی ساڵانی پێش شۆڕشی ئێران هاتوچۆی ماڵمانیان دەکرد لە بۆکان، هەروەها ئەوینی پاکی کیژۆڵەیەکی باڵابەرزی چاوگەش کە جگە لە خۆی و من هیچکەس پێی نەدەزانی و هەرگیز لە ڕادەی چاوەڕوەانی سەر ڕێگا و چاو بەچاوکەوتنێك نەچووە دەرەوە.

کاك مەعرووف نووسیبووی ماڵ لە گوندەکەدا نەما کە بە گوللەی ئارپی جی یەك لە لایەنەکانی شەڕەکە زیانی پێ نەگەیتبێت و دیواری نەڕووخابێت. تۆ بڵێی کام منداڵی زیت و وووریای ئەو ساڵانە کەوتبێتە بەر گوللەی وێڵی پێشمەرگە؟ تۆ بڵێی کیژۆڵە باڵابەرزە چاوگەشەکە - کە دەبێ تا ئەودەم بووبێتە دایکی منداڵان، بەر هێرشی کام 'خەباتکار' ی 'شۆڕشگێڕ' کەوتبێت؟ مامۆستا مەلا محەممەد چی لێ هاتووە؟ فەقێ عەزیز، کاك ڕەحمان، کاك ڕەشید، حاجی سەوزە؟

ئەو شەوە، تەنیا خۆم لەماڵ بووم و ئەو خەمەشم لێ بووە سەرباری خەمان. هیچم بۆ نەکرا جگەلەوەی بە گریانەوە ئیمەیلێك بۆ کاك مەعرووف بنێرم وداوای لێبووردنی لێبکەم کە بە بێ هیچ ناسیاوییەك نامەی بۆ دەنووسم. وەڵامی کاك مەعرووف هەر ئەوە بوو کە چاوەڕوانم دەکرد. حاڵەتی ڕۆحیم تێگەیشتبوو و بەوە دڵداریی دابوومەوە کە هەمووومان هەوڵ بدەین بە درکاندن و ڕاگەیاندنی ڕاستییەکان پێش بە چەواشەکاریی دواڕۆژ بگرین.

لە هەمان ماڵپەڕدا بابەتێکی هاوچەشنم خوێندەوە، کە کاك 'حاتەم مەنبەری' نووسیبووی. ئەویش بەهەمان چەشن شەڕی براکوژی مەحکووم کردبوو. سەرەڕای تاڵ وسوێری یادەوەرییەکان، گەلێك بەو بابەتە گەشامەوە و هەستم کرد کە ئیتر لە هەردوو لایەنی شەڕەکەوە دەنگی ناڕەزایی بەرز بۆتەوە و لایەنگرانی حزبی دیموکڕات و کۆمەڵە بە یەك شێوە و هاوکات، کاری چەپەڵی شەڕی کورد وکورد مەحکووم دەکەن و ئەو هیوایە لە دڵی هەمووماندا چرۆ دەکات کە ووردە ووردە دژایەتی شەڕی ناوخۆ ببێتە 'فەرهەنگ' و لەناو کۆمەڵانی خەڵك و بەژنی خوارەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکانماندا بەشێوەیەك جێگر بێت کە

ئەگەر لە دوارۆژدا ڕێبەرانی ڕێکخراوەکان تووشی هەڵە هاتن و هانی ئەندام و لایەنگری خۆیاندا شەڕی چەپەڵی نێوان کورد و کورد هەڵگیرسێننەوە، بەژنی تەشکیلاتەکە لەبەرانبەریاندا بوەستن و دەرفەتی زاڵبوونی بیری شەڕی ناوخۆییان پێ نەدەن، بەتایبەت بۆ دوارۆژێکی درەنگتر کە لاوەکانمان ئەزموونی ئێستای ئێمەیان لەبیر دەچێتەوە و دەبنە ئێمەی ساڵی ١٣٥٧: گەنج و خاو و کەم ئەزموون و لەباری سیاسییەوە نەخوێندەوار یا کەم خوێندەوار!

تەنانەت من بە باشی دەزانم لە سبەینێی سەروەری و دەسەڵاتی خۆجێ یی کورددا، پێشمەرگەکانی هەردوو لایەن و بنەماڵەی کووژراو و بریندار وماڵوێرانان سکالای فەرمی دژ بە بەڕێوەبەرانی شەڕی ناوخۆیی تۆمار بکەن و لە دادگایەکی دادپەروەرانەدا لە بنەما و ڕیشەی کارەکە و فەرماندەرانی شەڕەکە بکۆڵنەوە، نەك بۆ مەحکووم کردنی لایەنێك و حاکم کردنی لایەنەکەی تر، بەڵکوو بە ئامانجی مەحکووم کردنی دیاردەکە و نەهێشتنی بنەمای شەڕی ناوخۆیی لە دوارۆژدا.

چەند ساڵ پێش ئێستا بیرەوەرییەکانی مناخیم بەگینی سەرەك وەزیرانی ئیسرائیلم دەخوێندەوە کە باسی لە بوونی چەندەها دەستە وتاقمی جوولەکە دەکرد لە کۆتایی ساڵانی چلی سەدەی بیستەم و جیاوازیی بیرو بۆچوونیان لە بواری دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیسرائیلدا. بەگین دەنووسێت ئێمە هێڵی فیکریی زۆر جیاوازلە یەکترمان هەبوو بەشێوەیەك کە تەنانەت هەندێك هەبوون کە لایەنگری دامەزرانی دەوڵەتی ئیسرائیل نەبوون ودەیانویست لە ناو حکوومەتی ئینگلیزدا بتوێینەوە. بەڵام هەموو لە سەر یەك خاڵ پێکهاتبووین و ئەو خاڵەمان بە باشی ڕەچاو دەکرد ئەویش ئەوە بوو کە هیچکاممان دژ بەویتر چەك هەڵنەگرین و شەڕی یەکتر مان بە هێڵێکی سوور دانابوو کە هیچ لایەنێك نەدەبوایە لێی تێپەڕ بێت؛ هەرواشمان کرد.

ئەمڕۆ کورد پێویستی بەوهێڵە سوورەهەیە و ڕێبەرانی هیچ ڕێکخراوەیەکی سیاسی یا سوپایی نابێ ئەو هێڵە تێپەڕبکەن. ئەوە دەبێ ببێتە دروشمی هەموو خەباتکار و شۆڕشوانێکی دوارۆژی نەتەوەکەمان!

## ٦

### شۆرای بەڕێوەبەرایەتی شارەکانی ئوروپا

زۆرێك یا خود هەموو شارێکی ئوروپا لە ڕێگەی شۆرای هەڵبژاردەی خەڵکەوە بەڕێوە دەبرێت. ئاگام لە شوێنەکانی دیکە نییە بەڵام لە بریتانیا دەزانم وەهایە. بۆ نموونە، شاری لەندەن دابەش بووە بەسەر ٣٢ کاونسڵ یا شۆرادا و لە هەرکام لەو ٣٢ ناوچەیە هەموو

چوارساڵ جارێك هەڵبژاردن بەڕێوە دەبرێت و نوێنەرانی هەڵبژاردەی خەڵك بە ناوی 'کاونسلر' یا 'مشاور' و 'ڕاوێژکار' دەبنە بەرپرسی بەڕێوەبردن کاروباری ناوچەکەی خۆیان.
ئەرك وکاری کاونسڵەکان گەلێك زۆر و بنەڕەتین، واتە لە قیلتاو کردنی ڕێگەوبانەوە بگرە تا بەڕێوەبردنی خەستەخانە وقوتابخانە و دەرکردنی ئیجازەی بیناسازی و کۆکردنەوەی باج واتەماڵیاتی ناوچەکە لە خاوەن ماڵ کە باجێکی سەرانەیە و پێی دەگوترێت 'کاونسل تەکس' یا لە دوکانداران کە ئەمیان پێی دەگوترێت 'ڕەیت' و دەیان کاروباری گرنگی تر. لە ڕاستیدا کاونسڵ هەم فەرمانداری و بەخشدارییە هەم شەهرداری و لە ژوور ئەوانیشەوە گەلێك ئەرکی لە ئەستۆیە کە لە ڕاستیدا 'کاونسل' ی کردۆتە حکوومەت و بەم بۆنەوە لە بریتانیا و لە بەڵگەنامەی فەرمیدا بە "حکوومەتی ناوچەیی"* ناوی دەبەن وخەڵکیش هەر وایان دەناسن و وایان بانگ دەکەن.
بەڕێوەبەرایەتی ئەم کاونسلانە لەڕاستیدا شۆڕاییە و شێوازی هەڵبژاردنی دیموکاتییانەی هەیە، وناوەکەشیان واتە "شۆڕای گوند" یا "شۆڕای شار" و " شۆڕای شارستان"** ڕەنگدەرەوەی خەسلەتی بەڕێوەبەرایەتی و دەسەلاتدارییانە. بەڵام سەرنج ڕاکێشە کە تاقم یا باڵێکی تایبەت لە ئێرانییەکانی بریتانیا، بە دەستەقەسد ناوی شۆڕایان لە سەر ئەو ڕێکخراوانە لابردووە و بە 'شهرداری' یان تەرجەمە کردووە، کە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەداوە! ڕاستەقینە ئەوەیە کە کاونسڵەکان دەوڵەت یا حکوومەتی هەڵبژێرراوی خەڵکن و لە خزمەت خەڵکیشدان، واتە ڕاست ئەو دیاردەیەی وا باڵی چەپ لە ئێرانی سەردەمی شۆڕشی ١٩٧٩ دا داواکاری بوون: بەڕێوەبردنی شوێنی ژیان بە دەنگ و ڕەئی هەر ئەو خەڵکەی وا لێی دەژین، جا ناوی ئەوە فێدڕالیسم بێت یا خودموختاری، فەرق ناکات، گرنگ ئەوەیە حکوومەتن و بەڕێوەبەرایەتی ناوچەکەیان بەدەستە، لە حکوومەتی ناوەندیش ئیتاعەت دەکەن و بودجەی ناتەواوی خۆیان بە یارمەتی حکوومەتی ناوەندی تەواو دەکەن.
جا بۆچی ئەو ڕاستییە زەقە نابینرێت و بە دەسەڵاتدارییەکی وا مەزن دەگوترێت شەهرداری، وەڵامەکەی لە شێوازی بۆچوون و هەڵوێست گرتنی کەسانی وەك نووری زادە و مەیبودی دا دەدۆزرێتەوە کە لە ناوی شۆڕا دەترسن و لەترسی ئەو، پەنا دەبەنە بەر هەموو فێڵێك کە ڕاستییەکە نەکەوێتە بەرچاوی ئێرانییەکان.
ئەوەندەی بزانم هەندێك لە عەرەبەکانیش بە هەمان ڕێبازدا دەڕۆن و ناوی شۆڕای شار بە 'بەلەدییە' تەرجەمە دەکەن و لەوەش خراپتر، هەندێك کوردی خۆمانیش بە 'شارەوانی' ناوی دەبەن کە سەرتاپا هەڵەیە، 'کاونسڵ' هیچ تەرجەمەیەکی بۆ نییە جگە لە 'شۆڕای شار' یا 'حکوومەتی ناوچەیی'!

Local Authority ** Village Council, City Council, Borough *
.Council, etc

٧

**کارناڤاڵی 'نۆتینگهام گەیت' ی لەندەن**

ئەمڕۆ **٢٠١٠/٨/٣٠** چووم بۆ سەیری کارناڤاڵ. وا **٢٥** ساڵە لە لەندەن دەژیم، **٢٣** ساڵی چوومەتە سەیری ئەو ڕووداوە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ دەنگ وهەرایە و چاوی خۆم لە جوانی پڕکردووە و گەڕاومەتەوە.

کارناڤاڵەکە لە بنەڕەتدا هی ڕەش پێستی دانیشتووی لەندەنە بەڵام ئەوەندەی کیژۆڵەی باڵابەرزی سپی پێست و خەڵکانی سەر بە نەتەوەی جیاواز تێکەڵاو بووە، کە بۆتە موزاییکێکی نەتەوەکان و هەر ئەوەش زێدەتر ڕازاوەی کردووە، بۆ نموونە بڕازیلی و فیلیپینی و کێ وکێ، تەنانەت پار وپێرار تاقمی کیژۆڵانی کوردیشم بە جل وبەرگی کوردییەوە بینی کە لام وایە کاك کارزان کرێکار سەرپەرشتی بەرنامەکەیانی کردبوو، بەڵام ئەمساڵ بەختی دیتنیانم نەبوو. لەوڕۆژەدا هەژاری و چین وتوێژی کۆمەڵایەتی دەرناکەوێت، دەوڵەمەند و هەژار وەك یەك ڕووتن یا پۆشتەن، تەنیا دەنگ و ڕەنگ و جوانی حکوومەت دەکات. لە ڕاستیدا شتێکە وەك 'میر نەورۆزی' کۆنی خۆمان: دەسەڵات سەندنی بێدەسەڵاتان!

نە میدیای کوردی و نە تەنانەت تاکەکەسی کوردیش هەواڵی ئەم چەشنە بابەتانە ڕاناگەیێنن، وەك ئەوەی هەر نەبووبێتن! ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات و **٢٠** ئیزگەی تەلەفیزیۆنی کوردی تەنیا هەر باسی خۆیان و حزبیان بکەن و بەگشتی دووپاتی بابەتی گوتراو وسواو بکەنەوە وناوی بنێن نەتەوەپەرستی و کوردستان ویستی، کورد دەبێتە دیاردەیەکی دابڕاو لە جیهان ولە غاری کەهفی سەدەی نوێدا دەمێنێتەوە. ئەو هەموو کار و هەنگاو و ڕووداو و کارەساتانە بە بن گوێیدا ڕادەبرن و گوێ کپ کردن لێیان - بە ناوی پاراستنی فۆلکلۆر یا هەرشتێکیترەوە بێت، هەڵەیەکی گەورەیە.

با دیاردە نەریتییەکانیشمان هەبن، بەڵام دەرگا لە سەر دیاردەی نوێش دانەخەین!

ئەوە وێنەیەکی کارناڤاڵەکە، لە گووگڵ وەرگیراوە:

٨

**ئەحمەد شاملو: 'گەلان' ی ئێران**

ڕووناکبیرانی ئێرانی بە گشتی خۆ لەوە دەپارێزن لە زاراوەی 'گەل'( نەیشن) یا 'خەلق' (کە، کەم وزۆر هەمان باری سیاسی هەیە) بۆ کورد و تورك و بەلووچ و عەرەبی ناو ئێران کەڵك وەربگرن و لەجیاتییان ووشەی 'قەوم' یان بۆ بەکار دەهێنن. واتە ئەو ڕاستییە زەقە دەکەن بە ژێر لچەوە کە بۆ نموونە، عەرەب خاوەنی نەك یەك بەڵکوو ٢٢ وڵاتی سەبەخۆن بە ئاڵا و سروودی نەتەوایەتی و ئەندامیەتی لە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بەڵام هەر ئەو عەرەبەی کە گەلێکی سەربەخۆیە و ووڵاتی هەیە و باڵویزی لە ئێران هەیە، لە ناوخۆی ئێراندا پلەی دادەبەزێنرێت و دەبێتە قەوم! بە هەمان شێوە ئازەربایجانی و کورد و ئەوانیتر. لەئەنجامدا، گەلانی ناو جوغرافیای ئێران لە ڕوانگەی فەرمی حکوومەت و لە گۆشەنیگای ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە سەرجەم 'قەوم' ن و هیچیتر.

وەك شتێکی دەگمەن، لە ماڵپەڕێکی فارسیدا چاوم بە سەرەتای نەمر ئەحمەدی شاملو — شاعیری ناوداری ئێرانی کەوت کە بۆ کارە بایەخدارەکەی خۆی بە ناوی 'کتاب کوچە' نووسیویە و تێیدا قسەی لە 'خەڵکان' واتە 'گەلان' ی دانیشتووی ئەم 'مەحدووده جوغرافیایی' ە کردوە کە ئێران بێت و ئەوەش درکاندنێکی دەگمەنی ئێرانییەکانە. نەمر شاملو لە ووتارەکەدا باسی سەرهەڵدانی تۆفانێك دەکات کە دیکتاتۆریەتی ئیسلامییە و ئەودەم هێشتا بە ڕوونی لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران (جگە لەکورد!) دەرنەکەوتبوو.

بابەتەکەم لە ماڵپەڕی 'گویا' وەرگرتووە. فەرموون:

اولِ دفتر...

روزهایِ سیاهی در پیش است. دورانِ پُرادباری که، گرچه منطقاً عُمری دراز نمی‌تواند داشت، از هم‌اکنون نهادِ تیرهٔ خود را آشکار کرده است و استقرارِ سُلطهٔ خود را بر زمینه‌ای از نَفیِ دمُکراسی، نفیِ ملیّت، و نفیِ دستاوردهایِ مدنیّت و فرهنگ و هنر می‌جوید.

این چنین دورانی به‌ناگُزیر پایدار نخواهد ماند، و جبرِ تاریخ، بدونِ تردید، آن را زیرِ غلتکِ سنگینِ خویش درهم خواهد کوفت. اما نسلِ ما و نسلِ آینده، در این کشاکشِ اندوهبار، زیانی متحمل خواهد شد که بی‌گمان سخت کمرشکن خواهد بود؛ چراکه قشریونِ مطلق‌زده هر اندیشهٔ آزادی را دشمن می‌دارند و کامگاریِ خود را جز به‌شرطِ امحاءِ مطلقِ فکر و اندیشه غیرممکن می‌شمارند. پس، نخستین هدفِ نظامی که هم‌اکنون می‌کوشد پایه‌هایِ قدرتِ خود را به‌ضربِ چماق و دشنه استحکام بخشد و نخستین گام‌هایِ خود را با به آتش کشیدنِ کتابخانه‌ها و هجومِ علنی به

هسته‌هایِ فعالِ هنری و تجاوزِ آشکار به مراکزِ فرهنگیِ کشور برداشته، کُشتارِ همۀ متفکران و آزاداندیشانِ جامعه است.
اکنون، ما در آستانۀ طوفانی روبنده ایستاده‌ایم. بادنماها ناله‌کنان به‌حرکت درآمده‌اند و غباری طاعونی از آفاق برخاسته است. می‌توان به دخمه‌هایِ سکوت پناه بُرد، زبان در کام و سر در گریبان کشید تا طوفانِ بی‌امان بگذرد. اما رسالتِ تاریخیِ روشنفکران پناهِ اَمن جُستن را تجویز نمی‌کند. هر فریادی آگاه‌کننده است. پس، از حنجره‌هایِ خونینِ خویش فریاد خواهیم کشید و حدوثِ طوفان را اعلام خواهیم کرد.
سپاهِ کفن‌پوشِ روشنفکرانِ متعهد در جنگی نابرابر، به میدان آمده‌اند. بگذار لطمه‌ای که بر اینان وارد می‌آید نشانه‌ای هُشداردهنده باشد از هجومی که تمامیِ دستاوردهایِ فرهنگی و مدنیِ خلق‌هایِ ساکنِ این محدودۀ جغرافیایی در معرضِ آن قرار گرفته است.

**٩**

## کۆچی دوایی هاوڕێم 'ئەحمەدی سامبەگی'

پیری دەردێکی کوشەندەیە، هاوڕێ و دۆست و نزیکت یەك یەك بەجێت دەهێلن و دەڕۆن. ئێستا دەزانم شەهریار دوای گەڕانەوە بۆ خوشکەناب و داوێنی حەیدەربابا،چ هەستێکی بووە، دەزانم 'بەرەوموکریان' ی هەژار بەرهەمی چ ئازارێکی دەروونی شاعیرەکەیەتی - ئازاری دوورکەوتنەوە لە عەزیزان و ڕۆیشتن و نەگەڕانەوەیان لە سەفەرێکی نادیار!
لەبیرمە لەگەڵ ئەحمەد دوو منداڵی 'پیشاهەنگ' بووین و بە ڕیژە بە سەر شەقامی بۆکاندا دەڕۆیشتین، ئەو یەکدووساڵێك لە من گەورەتر بوو. لەبیرمە لەگەڵ حەسەنی حەڵەبی و ئەوانیتر قامکیان بەر ماشێنی جادەسازی کەوت و بۆ هەمیشە کۆڵ بوون، کەسیش لەسەریان وەجواب نەهات. لەبیرمە تۆپێن، والیبالی سەردەمی منداڵی و گەران و عارەق خواردنەوە گاڵتە و قسەی خۆشی سەردەمی لاویەتی. لەبیرمە لە تاران لە ماڵەکەم بوو کە ساواك گرتمی. لەبیرمە هاتوچۆی ماڵی یەکتر، چاوپێکەوتنی میرزا عەبلای براگەورەی کە بە داخەوە لەگەڵ 'قالەتەگەرانی' سەری تێداچوو، تەنانەت حاجی حەسەن بەگی باوکیم لەبیرە - هاوخەبات و هاو هەنگاوی نەمر حاجی قاسمی کەریمی دژ بە ملهوڕیی ئاغاکانی بۆکان، .... نە ئەوشتانە ئێستا ماون، نە ئەو کەسانە، هەر ئەحمەد خۆیشی نەما! "مردن چییە؟ کەس تێ نەگەیی تاوێستا... " ئەحمەد ڕۆژی ١٣٨٩/٥/١٤ بەجێی هێشتین، یادی بەخێر بێت.

ئەو شێعرەی 'نازم حیکمەت' چەندە بۆ حاڵی ئێستای من دوای مەرگی ئەحمەد بەڕێ و جێیە:

**مەتەڵی هەموو مەتەڵان**

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن.
وێنەمان کەوتۆتە ئاوەکە
چنار ومن.
شەوقی ئاوەکە لێی داوین
چنار ومن.

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، پشیلەیەکیش
وێنەمان کەوتۆتە ئاوەکە
چنار ومن، پشیلەکەش
شەوقی ئاوەکە لێی داوین
چنار ومن، لە پشیلەکەش.

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، پشیلەکە، لە گەڵ هەتاو
وێنەمان کەوتۆتە ئاوەکە
چنار ومن، پشیلەکە، لە گەڵ هەتاو
شەوقی ئاوەکە لێی داوین
چنار ومن، لە پشیلە و لە هەتاویش.

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار ومن، پشیلەکە، هەتاو، تەمەنیشمان
وێنەمان کەوتۆتە ئاوەکە
چنار و من، پشیلە، هەتاو و تەمەنمان
شەوقی ئاوەکە لێی داوین

لە چنار ومن، پشیلە، هەتاو، تەمەنیشمان

لە لێوار ئاو راوەستاوین
بەر لە هەموو، پشیلە دەڕوات
شوێنی لە ئاودا نامێنێ
پاشان من دەڕۆم
شوێنم لە ئاودا ون دەبێ
پاشان چنار دەڕوا
شەوقی لە ئاودا نامێنێ
پاشان ئاو دەڕوا
هەتاو دەمێنێ
پاشتر ئەویش دەڕوات.

لە لێوار ئاو راوەستاوین
چنار، من، پشیلە، هەتاو، تەمەنیشمان.
ئاو، ساردە
چنار، گەورەیە
من، شیعر دەنووسم
پشیلە دەمیاوێنێت
هەتاو گەرمە
زۆر شوکور دەژین
شەوقی ئاو لێمان دەدات
لە چنار، لە من، لە پشیلە، لە هەتاو، لە تەمەنیشمان.

**١٠**

BBC Proms

سەعات ٧ ی ئێوارەی ئەمرۆ ٢٠١٠/٩/٢ لەگەڵ ئالانی کورِم چووم بۆ دیتن و گوێڕاگرتنی بەرنامەیەکی 'پرۆمز' ی بی بی سی لە 'ئالبێرت هۆڵ' ی لەندەن. ئێستاش کە گەڕاومەتەوە

هەر مەستی ئەو مۆسیقا خۆشەم، گوێچکەم ئاخێنراوی دەنگی بلاوێنی مۆسیقایە و دڵم بەو کەسانە دەسووتێت کە لەوێ نەبوون و گوێیان لێی نەبوو!
ئێمەی کورد خراپ دەروازەمان لەسەر خۆمان داخستووە و لە هونەری خەڵك و وولاتانی دیکە بێخەبەرین. ئەگەر وا بڕوات واتە هەر ئەوان لە بواری هونەردا پێش بکەون و ئێمە لە شوێنی خۆمان بمێنینەوە، ئەو کەلەبەرە هەر دێت و گەورەتر دەبێتەوە و ئێمەش لە قوڕی خەستی فولکلۆردا، فارس گوتەنی 'دەرجا' لێدەدەین. هەزار مخابن!
پرۆمز زنجیرەیەك بەرنامەی مۆسیقای کلاسیك و کلاسیکی نوێیە هەموو ساڵێك چەند مانگ دەخایەنێت و ئۆرکێسترای گەورەی وولاتانی جیهان سەردانی بریتانیا دەکەن و لە هۆڵی جیاجیادا نزیکەی ١٠٠ بەرنامە بەڕێوە دەبەن.
ئەو مۆسیقایەی ئێمە گوێمان لێبوو و منی شێت و شەیدای خۆی کرد، ئۆرکێسترای نەتەوایەتی 'وەیلز' بەڕێوەی برد و مۆسیقاکەی هی مارتین ماتالۆن و موزۆرگسکی بوو.
ئەوە ئەدرەسی سایتی بی بی سی پرۆمز":
http://www.bbc.co.uk/proms/2010/whatson/0209.shtml#prom63

کە ڕادیۆ ٣ ی بی بی سی تەفسیری مۆسیقا و باسی دانەری هەواکان دەکات.
ئەوەش بەشێك لە مۆسیقاکە، کە لە هەمان ڕادیۆوە بلاو کراوەتەوە:
http://www.bbc.co.uk/iplayer/episode/b00tknqv/BBC_Proms_2010_Prom_63_Rameau
/Canteloube_Matalon_Mussorgsky_Part_2_

## ١١

### PRIVACY

لە بۆنەیەکی کتێبدا لای پیاوێکی پیری ئەمریکی دانیشتبووم. کاتێ زانی کوردم گوتی من ١٤ ساڵ لە تورکیا کارم کردووە. باسی ڕادەی کەمی خوێنەری کتێب لە وڵاتانی لای ئێمە کرا، گوتی من لە تورکیا سەرنجم دایە شتێکی گرنگ: خەڵکەکەی ئەوێ ئەوەندە بە دەوری یەکەوەن و لە ماڵی یەکترن کە مەجالێکیان بۆ ئەوە نییە لەگەڵ خۆیان بن و بیر لە خۆیان بکەنەوە، تەنانەت ژووری تایبەت بە خۆیان لە ماڵیاندا نییە. هۆکارێکی کتێب نەخوێندنەوەش

نەبوونی ئەو کاتە تایبەت بە خۆیەیە. کابرا لە درێژەدا گوتی سەمەرە ئەوەیە لە زمانی تورکیدا ووشەیەك بۆ 'پرِیوسی' نییە!
گوتم براله، نەك هەر زمانی تورکی، بەڵکوو لە کوردی و فارسیشدا ووشەمان بۆی نییە و زۆر هیممەت بکەین کەڵك لە 'خەڵوە' ی عەرەبی وەردەگرین و دەیکەین بە'خەڵوەت'. گەرچی 'خەڵوە' عەرەبییەکەش هی خەڵکی ئاسایی نییە و بۆ سۆفی 'خەڵوە نشین' ە، واتە باری سۆفیایەتی و تەرکی دونیای هەیە. کەوابوو دەردەکە لە هەموو ناوچەکەدا هەمەگیرە!
قسەی کابرا ووشیاری کردمەوە. ئێمە هیچکاممان خۆمان نین و بۆ خۆشمان نین. نەبوونی ئەو 'فەردییەت' ە لە شوێنی خۆیدا دەردێکی گەورەیە، هەموومان لووت دەخەینە کاروباری یەکتر، لەماڵەوە، لە دەرەوە ولە سەر کاروبار. ڕۆژئاوا بە ئیندیویدیالیزم بوو بە ڕۆژئاوا. ئێمە 'تکثر' ی عەشیرەییمان هێشتا بەجێ نەهێشتبوو 'تکثر' ی ستالینیمان لە شوێنی دانا! بنەماڵە خۆ لەکاری شەخسیمان وەردەدات، مامۆستا لەقوتابخانە بەهەمان چەشن، دۆست و هاوڕێ بەهەمان شێوە وئینجا نۆرەی حکوومەتە حەیاتەکە دێت! تەنانەت لە تەنیایی گۆڕیشدا نەکیر ومونکیر دەماندۆزنەوە و نایەڵن بۆخۆمان بین!

## ١٢

**عەلی خانی سەردار و "کامێرا" و "کەر- ماشێن"!**

'سەردار عەلی خان' کوڕی 'سەردار حەمەحوسەین خانی بابامیری موکری' بوو. باوکی بە لاویەتی ناردبوویە ڕووسیا بۆ خوێندن. وابزانم ماوەیەك لە شاری 'تفلیس' دەرسی خوێند و بە هۆی ئەو جل وبەرگە سوپاییەشەوە کە لەبەری دەکرد، شکم بۆ ئەوە دەچێت دەرسی سوپایی خوێندبێت.
کاتێ کە عوسمانییەکان لە ساڵی ١٩١٤ دا حەمە حوسەین خانی باوکیان لە مەراغە ئیعدام کرد، عەلی خان گەڕایەوە بۆکان و لەجێی باوکی بوو بە 'سەردار موکری' و لە سابلاغ نیشتەجێ بوو.
دەڵێن لەگەڕانەوەدا دوو دیاردەی تەکنیکی نوێی هێناوەتە ناوچەکە، یەکیان کامیرایەکی وێنەگرتن وئەویتریش پاسکیل یا دووچەرخەیەك، کە لەو دەمانەدا پێیان گوتووە 'کەر — ماشێن'!
هەر لێرەوە بۆ بابەتێکی دیکە دەچم. دەزانین کە نەمر 'سمایل خانی فەڕڕوخی' یەکەم وێنەگر بوو لە بوکان دووکانی وێنەگری کردەوە و 'برایم خان' ی کوڕیشی درێژەی بەداری باوکی

دا. سمایل خان له ساڵانی دەوروبەری کۆماری کوردستان و ئازەربایجان دا له تەورێز دووکانی وێنەگریی هەبوو و زۆر وێنەی کەسایەتی ناوبەدەرەوەی کوردی ئەو ساڵانە، کاری ئەون.

عەلی خانی سەردار له ڕێگەی ژنخوازییەوە خزمی سمایل خان بوو. تۆ بڵێی ئەو وێنەگرییە له عەلی خان فێر بووبێت یا بە شاگردی له شاری تەورێز و له لای ئەرمەنییەکان - کە ئەودەم له تەورێز ئەم کارە وگەلێك کاری هونەری و تەکنیکییان بەدەستەوە بوو؟

١٣

**شیعرێکی بە تامی فارسی**

برادەرێکی خۆشەویستم له ئێرانە وە نامەیەکی بۆ نووسیبوم و تێیدا بۆ ئەوەی باسی دەوڵەمەندی و گیرفان پڕی خۆی کردبێت ئەم شیعرە بەتامەی نووسیبوو بەڵام ناوی شاعیرەکەی نەبردبوو. من شیعرەکە بە هی سەردەمی دوای مەشرووتەی ئێران و تەنانەت هی ساڵانی دەوروبەری ٢٨ ی موردادی ٣٢ ی دەزانم. شاعیرەکەشی دەبێ کەسێکی وەك محەممەد عەلی ئەفراشتە بێت یا ئەگەر درەنگتر و دوای کۆدیتا گوترابێت، هی کەسێکی وەك ئەبولقاسمی حالەت؛ بەڵام دڵنیاش نیم.

ئەوە شێعرەکەیە:

ای کیف همیشه خالی من! ای شاهد بی ریالی من!
یکبار نشد دلم کنی شاد ای چهره پول برده از یاد!
ای کیف، که پاره و چرندی! از چرم کدام گوسفندی؟
انگار به عمر خویش، او هم سیری نچریده بود یکدم
زان جانور شکم دریده این ارث کنون به من رسیده
انصاف بده، مرا چه باید گر جیب بری ترا رباید؟
شرمنده شوم به پیش او نیز نفرین به تو کیف آبروریز!......

بۆ ئەوە دەبێت بکرێت بەکوردیش!

**دووباره سەبارەت بە شەڕی ناوخۆیی**

3/9/2010 لە یادداشتی هەفتەی پێشوومدا باسێکم لە شەڕی نگریسی ناوخۆیی نێوان کورد وکورد کرد. ئەمڕۆ لە ماڵپەڕی ڕێنیسانس دا هەواڵێکم خوێندەوە کە ڕۆژنامەی سەباح ی تورکیا ڕایگەیاندووە لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا تورکیا چەندەها ملیۆن دیناری یارمەتی داوەتە مام جەلال ویەکیەتی نیشتمانی و ئاگری شەڕەکەی پێ خۆش کردووە. تۆ بڵێی هەر ئەو دەرسە بەس نەبێت بۆمان بۆ ئەوەی شەڕی کورد وکورد مەحکووم بکەین؟

بیرێك کە بە زەینمدا هات ئەوە بوو: ڕێبەر و ئەندامانی بزووتنەوەی گۆڕان ئاگاداری هاتنی ئەو پارەیە بوون بەڵام تا ئەمڕۆش لە هیچ شوێنێکدا باسیان لێ نەکردووە. بڵێی لەبەر ئەوە نەبووبێت کە خۆیان بەشێك بوون لەو مامەڵەیە؟

هەواڵەکە بەهەمان شێوە، باس لە یارمەتی تۆرکیا بۆ پارتی و بارزانیش دەکات.

"ئەملام تات و ئەولام تات!"... بەخوا هەرسێ لام تات، خۆ ئەگەر نەڵێم هەموولام تات!

ئەوەش دەقی هەواڵەکەی ماڵپەڕی ڕێنیسانس بە بێ گۆڕانکاری:

ڕۆژنامەی (سەباح)ی تورکیا ڕاپۆرتێکی بڵاوکردۆتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە تاڵەبانی، لە یەکەم ڕۆژی مانگی مەی ساڵی ٢٠٠٠دا، لەسلێمانی لەگەڵ کاربەدستانی تورکیا کۆبۆتەوە و داوای مانگانەیەکی ٢ ملوێن دۆلاریی کردووە بۆ موچەی هێزی پێشمەرگە و ئاسایش.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە حکوومەتی ئەوکاتی تورکیا، کە لە هەرسێ پارتی (DSP)، (MHP) و (ANAP) پێکهاتبوو، ڕەزامەندیی نیشان داوە کە بڕی ٦سەد هەزار دۆلار بداتە تاڵەبانی.

ڕۆژنامەی سەباح پێشتریش بەڵگەیەکی ئاشکرا کردبوو سەبارەت بەوەی کە حکوومەتی ئەو سەردەمەی تورکیا، بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ بارزانیش کۆبۆتەوە و سەرۆکی ئەوکاتی پارتی نەتەوەپەرستی تورکیاش حکوومەتی ڕازیی کردووە بەوەی یارمەتیی بارزانیش بدرێت.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە حکوومەتی تورکیا، لە نێوان ساڵەکانی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٠ بڕی حەوت ملوێن دۆلار پارە و بڕێکی زۆریش چەك و تەقەمەنیی داوە بە کابینەی حکوومەتەکەی تاڵەبانی لە سلێمانی.

شیاوی ئاماژەیە کە ئەو هاوکارییەی حکوومەتی پێشووتری تورکیا بۆ کوردەکانی باشوور، هاوکات بووە لەگەڵ شەڕی ناوخۆیی لە نێوان کوردەکانی باکوور و باشووری کوردستاندا.

## ١٥

**'تەحەممول' یا 'ڕیزگرتن'**

لە بەشی یەکەمی 'وورده فەرمایشت' دا فەرموو بووم گەلی کورد 'تۆلڕەنس' واتە 'تەحەممول 'ی هەیە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی بوونی چەشنایەتی زۆری ئایینی لە کوردستان.

دوێنێ برادەرێکی خۆشەویستم بە ئیمەیل ئاوای بۆی نووسیبووم:

'تۆلڕەنس' بارێکی نەرێ یی هەیە و واتای ئەوەیە من خۆم لە تۆ بە باشتر دەزانم، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تەحەممولت دەکەم! ..... ئێمە دەبێ لە جیاتی 'تەحەممول' کردنی یەکتر، 'ڕێز' لە یەکتر و بیر و بۆچوونی یەك بگرین.!

ئەوە دەرسێکی گەورە بوو بۆ من.

## ١٦

**هەمیسان برایانی زێ زێ**

ووتوویژی کاك ناسری سینا لەگەڵ ڕێزدار "عەلی شۆخ کەمان" - یەك لە 'برایانی زێ زێ' - گورانی بێژانی ناسراوی کورد، گەلێك خۆشە. بەرنامەکە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە ڕادیۆ زایەڵەی سویدەوە بڵاو بۆتەوە و ئێستاش هەر لە بەشی 'لینك' ی ماڵپەڕەکەیاندا هەر ماوە:

http://sverigesradio.se/cgi-bin/international/nyhetssidor/index.asp?programid=2200

سەد خۆزگە ووتوویژی وا بەپێز لەگەڵ هونەرمەندەکانی دیکەشمان دەکرا. ئێمە دەقێکی بەڕێ وجێمان لە قسە و بۆچوونەکانی تایەر تەوفیق، محەممەد عارف، حەسەن زیرەك، کێمنەییەکان و .... بە دەستەوە نییە. لە مامڵێش دڵنیا نیم ونازانم لە ماوەی کاری ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی مەهاباد دا شتێکی ئەوتۆیان لێ تۆمار کردبێت یان نا؟

بۆ بیستنی ووتوویژەکە بچنە سەر ماڵپەڕەکە لەو ئەدرەسەی سەرەوە، ئینجا لای خوارەوەی لاپەڕە یەکەم لە لای دەستەڕاست لە بەشی 'لینك' دا بیدۆزنەوە. هاسان دەدۆزرێتەوە.

## ١٧

NATIONAL FRONT

ساڵی ١٩٨٦ تازە هاتبوومە لەندەن و لە ناوچەی 'ئەکتن' لە ڕۆژئاوای شار نیشتەجێ ببووم. ڕۆژێك لە سەر جادە تووشی پیاوێکی کورتەباڵای شڕۆڵی ئینگلیز بووم، قسەی پێگوتم.
لە حەق نەگوزەرێم لە هەموو ماوەی ئەو ٢٤ ساڵەدا کە لێرە ژیاوم کەس قسەیەکی کاڵی پێ نەگوتووم و بێ ڕێزی پێ نەکردووم، ئەو کابرا تایبەتەش سەرخۆش بوو و لەوکەسانە بوو کە لە سەر جادە دەخەون، منیش گوێم پێ نەدا، بەڵام کە چوومەوە ماڵ لە مێشکم نەدەچووە دەرەوە و ئەو شیعرەم هەر ئەودەم فەرموو باسی چارەنووسی کوردم کردووە بە دەست عەرەب و تورك و ئێرانییەوە و زیادبوونی ملۆزمێکیتر. وشەیەکی ناحەزیشی تێدایە داوای لێبووردن دەکەم:

ناشناڵ فرانت
دوێنێ لە 'های ستریت ئاکتن'
تووشی بوودەڵەیەك هاتم
گوتی من ناشناڵ فرانتم
لەو خۆبادان،
من خۆگرتن
لەو جنێودان،
من گوێ گرتن
کاتی تەواو بوو، نەڕاندم
"کابرا، زمانت نازانم!"
ناشناڵ فرانت زۆر لە سەرخۆ
گوتی: "گێت لاست!
ئینگلیزی باش بخوێنە
تێدەگەی لە جنێوانم!"
***

دەك خوا لێت هەڵنەگرێ، خوایە!
ئەوی گۆڵمەزی دنیایە
لەژێر سەرینی تۆدایە!
'ئیمشی' * ت بە دەرس پێ خوێندم
'گێد' * و 'گومشەو' * ت فێر کردم

وا 'ناشناڵ گوو' شت بۆ ناردم
'گێت لاست' ** بەگوێمدا بخوێنێ!
لەندەن، هاوینی ١٩٨٦

* لاچۆ و بڕۆ، بە عەرەبی، تورکی و فارسی
** لەبەر چاوم وون بە، بە ئینگلیزی

**١٨**

**شەڕ**
لە دوو بەشی ئەم ووردە فەرمایشتانەدا شەڕی کورد وکوردم مەحکووم کردووە، وەك ئەوەی شەڕی کورد و 'ناکورد' م پێ باش بێت!

حاشا وکلا! معاداللە ئەگەر شتی وا هەبێت وبە مێشکمدا بێت!

شەڕ گلاوە هی هەر کەس و هەر نەتەوە و وولاتێك بێت.

شەڕی داکۆکی لە توانەوە و فەوتان واهەیە 'مجوز' ێکی هەبێت.

بەلام شەڕی خۆفەوتاندن بەناوی بەرگری لەفەوتانیش بێت، 'مجوز' ی نییە و گەمژانەترین شەڕی دنیایە! کورد دەبێ خۆی لێ لادات وئەگەر بکرێت لە 'شەر' بەگشتیش دەنا هیچ داهاتوویەك چاوەڕوانی سەربەخۆیی دوارۆژمان ناکات.

**١٩**

**قل 'موتوا' بغیرکم**
من کارم بە سەر ئایینی کەسەوە نەداوە و هەوڵ دەدەم خۆم لە باسی ئایین دوور ڕابگرم. بەلام لە ژیانی ئەمرۆی مرۆڤ و تێکەلاویی و هاتوچۆی بەردەوامی خەڵك وگەل و ئایین و زمانی جیاوازلەگەڵ یەکتردا، ئەو ئایەی سەرەوەی قورئانم زۆر پێ سەمەرە دێتە بەرچاو: 'بەوانەی وا لە ئێوە جیاوازن بڵێن بمرن'. نازانم ژیان لە بارودۆخێکی وادا چۆن دەتوانێت

بەردەوام بێت؟ چۆن هەموو ٦ میلیارد خەڵکی جیهان بمرن و تەنیا ١ میلیارد مافی مانەوەی هەبێت؟ تۆ بڵێی بۆمبای ئەتۆمی 'وەلی فەقیە' لە ئێران بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە بێت؟
لە بریتانیای مەسیحی زیاد لە ٢٠٠٠ مزگەوتی موسوڵمانان هەیە، بەڵام لە تارانی پێتەختی کۆماری 'ئیسلامی' دا تاقە یەك مزگەوتی سوننیان یاساخە و نییە. گەلۆ ئەوە ڕەمگدانەوەی هەر ئەو بۆچوون و فەرمانانە نییە؟
بە تەعبیری مەلای قوم، هەموو سوننییەك 'حەرامزادە' یە. ئەو سووکایەتییە نەك هەر بە سوننەی عەرەبستان و میسر و عیراق نەکراوە بەڵکوو بە بەشێك لە دانیشتووانی ئێران خۆیشی — وولاتێك کە 'دانیشمەند' و ڕەئیسەکەی بە ملکی خۆیانی دەزانن. 'دانیشمەند' ڕاوێژکار و نوێنەری ئایەتوڵلاخامنەیی 'ڕێبەر' ی ئێرانە. بەوە دەڵێن ڕێبەرایەتی!
لە کوێی ئەم جیهانە کەسێك ئەویش ڕاوێژکاری بەرزترین پلەی بەڕێوەبەرایەتی وولاتەکە دەتوانێ بە خەڵکی وولاتی خۆی بڵێت 'ولدالزنا' و 'حەرامزادە'؟ گەلۆ ئەوەش هەر ڕەنگدانەوەی ئایەتەکە نییە؟ بەڵام خۆ ئایەتی فەقیر باسی موسوڵمان و غەیرە موسوڵمانی کردووە، کەچی چەقۆی مەلای قوم دەسکی خویشی بڕیوە، ئافەرەم مەلای ئەتۆمی!
ئەگەر باوەڕ ناکەن گوێ بدەنە قسەکانی 'حوججەتولئیسلام دانیشمەند' لە سەر یووتیووب:
http://www.youtube.com/watch?v=so62J4NxJJM&feature=related

**٢٠**

**خەتەنەی کچان**

ڕووناکبیری کورد لەگوێی گادا خەوتووە — خۆ ئەگەر بە تەعبیری ڕۆژئاوایی هەر ڕووناکبیرمان هەشبێت!
ڕۆژانە بەبەر چاویی هەموومانەوە دەیان تاوان و جینایەتی کۆمەڵایەتی دەقەومێت هەر لە کوشتنی ناموسییەوە بگرە تا سێ تەڵاقەی بێ ئاگاداریی ژن و جاش بەجاش و تاوانی دڵتەزێنی خەتەنەی کچان و بێ مافیی کۆمەڵایەتی ژن و بێ بەش بوونی لە خاوەنایەتی ملك وماڵ و بە نیوەی پیاو حیساب کرانی لە میرات و شایەدیدان و چی وچی دا..... بەڵام ئێمە گێرەمان لە کووبا و ڤێنێزۆئێللا و لوبنان و فەلەستین دەگەڕێتەوە!
یا ایهاالموءمنین! گەلۆ ڕەمەزان لە شەشەکان واجبتر نییە؟ گەلۆ پێویست ناکات هەمووماان لایەنگری بیری 'فێمینیستی' بین؟

## ٢١

THE JOURNEY

**بیرەوەرییەکانی 'تۆنی بلێر'**

لەم ڕۆژانەدا کتێبی 'سەفەر' - بیرەوەرییەکانی 'تۆنی بلێر' سەرەك وەزیرانی پێشووی بریتانیا، بڵاو بووەوە. دەمزانی دەبێ بەشێکی گرنگی کتێبەکە بۆ کێشەی عیراق تەرخان کرابێت و پێم خۆش بوو بزانم سەبارەت بە کوردستان چی تێدا گوتراوە، هەربۆیەش نوسخەیەکم لە 'ئامازۆن' کڕی.

بەداخەوە سەرتاپای کتێبەکە جگە لە چەند ئاماژەی کورت و تێپەڕ بە هەڵەبجە و کوردستانی باشوور لە ماوەی شەڕی ڕۆژئاوا دژ بە سەددام حوسەین (١٩٩٠) و وەبیرهێنانەوەی جینایەتەکانی سەددام دژ بە گەلی کورد کە هیچکام لە دێڕیك ودوان زیاتر نین هیچیترم لەسەر مەسەلەکە بەرچاو نەکەوت.

'بلێر' لە شوێنێکدا باسی ئەوە دەکات کە سەددام دەیتوانی بە پارەی نەوت دەرمان بکڕێت بەڵام بە دەستەقەسد نەیدەکڕی بۆ ئەوەی بە خەڵکی جیهان بڵێت ئەوە 'گەمارۆ' کەیە بۆتە هۆی بێ دەرمانی و مردنی منداڵانی عیراقی. ئینجا لە درێژەیدا باسی کوردستان دەکات و دەنووسێت: "لە ناوچە کوردنشینەکە [ی عیراق] سەرەڕای [بوونی] سەددام و سەرەڕای ئەوەی گەمارۆ کە ئەوانیشی گرتبووەوە، ڕادەی مردنی منداڵان نیوەی ڕادەی ناوەند و باشووری عیراق بوو." (ل.٣٧٩)

بلێر لە لاپەڕەیەکی دیکەدا باس لە بێ مافی کورد و شیعە لە عیراقی ژێر حوکمی سەددام دەکات ودەنووسێت: "لە ١٩٦٠ ەکانەوە، بەکردەوە، شیعە (کە سەدا ٦٠ ی سەرجەمی دانیشتووانی عیراق پێك دەهێنن) و کورد (کە سەدا ٢٠ ی دانیشتووانی وولاتەکەن) لە دەسەلاتداریەتی وولات وەلانرابوون." (ل.٤٤٥)

هەر ئەوەندە و چەند ئاماژەی هاوچەشن و ئیتر هیچ!

ڕاستەقینە ئەوەیە سیاسەتی بریتانیا لەپەیوەندی مەسەلەی کورد دا، دوای چرچیل نەگۆڕ ماوەتەوە و بەشێوەی ساکار بریتییە لە پشت لەکورد و ڕووڵە دوژمنانی کورد کردن. من بیرەوەرییەکانی تاچێریشم خوێندۆتەوە، لەوێش باسی کێشەی کورد لە 'سەیف هێڤن' دا خۆلاسە دەبێتەوە نووسەر خۆی لە کێشە گشتییەکەی دەبوێرێت، تەنیا لە یەك شوێن نەبێ ئەویش کاتێ کە باسی یوگوسلاویا دەکات دەڵێ: "گەرچی وا نییە نەتوانرێت بەرگری لەوە لێبکرێت لەهەموو شوێنێك دەولەتی نەتەوەیی جێگەی دەوڵەتی فرەنەتەوەیی بگرێتەوە - بۆ

نموونە، ویدەچێت کوردان بەهۆی ژمارەیەك لە دەوڵەتانەوە، نەتوانن بۆ ساڵانێکی زۆر دەوڵەتی خۆیان پێك بهێنن." ('ڕێبازی گەیشتن بە دەسەلآت'، ل.٥٢٥)
تەنانەت سیاسەتی ئەمریکا سەبارەت بە کێشەی کوردیش سێبەری بۆچوونەکانی ئینگلیزی لەسەرە.

---

Blair, Tony; The Journey; Hutchinson; London 2010; ISBN: 24681097531
Thatcher, Margaret; The Path to Power; Harper Collins ; New York 1995; ISBN: 0- 06-17270-3

## ٢٢

تیمی فوتباڵی هەولێر، ئاڵای کوردستان، و هەڵوێستی ڕەگەزپەرستان
بە گوێرەی هەواڵێکی ڕاگەیێنراو لە وێبلاگی 'فوتباڵی سەقز' دا:
/http://footballsaghez.com/988
ئەندامانی تیمی فوتباڵی هەولێر کە بۆ یارییەکی پێنج لایەنە بانگ هێشتنی شاری ورمێ کرابوون، بە ئاڵای کوردستانی سەر تی شرتەکەیانەوە دەچنە ناو گۆڕەپانی تۆپی پێ وبەو 'تاوان' ە بەرگری لە یارییەکەیان دەکرێت.
لایەنەکانی دیکەی ئەو یارییە هەموویان تورکی تورکیا و ئازەری ئێران و نەخجەوان بوون.
(دیارە من نازانم لە تیمی ورمێ و نەخجەواندا یاریزانی کوردیشیان تێدا بووە یان نا).
مرۆڤ جانەوەرێکی سەیرە! هەر ئەو ئازەرییانەی وا ئێستا داوای 'هویت' ی تورکی بۆ خۆیان دەکەن و لە پشت تیمی 'تراختۆر' ی تەورێز سەنگەریان گرتووە تەنانەت لە ستادیۆمی ئازادی تارانیش دروشمی نەتەوایەتی تورك دەچڕن، چۆن ئیجازە بە خۆیان دەدەن بەرگری لە یاری تیمێك بکەن کە بە ناوی شارێکی عیراقییەوە بەشداریی یارییەکانی کردووە و تەنیا لە سەر کراسەکەی ئاڵای نەتەوەکەی دانراوە؟ بۆچی مەگەر یانەی هەمەچەشنەی تۆپی پێ لەم جیهانە بەرینەدا ئارم و مارك و ناوی ئەم وولآت و ئەو کۆمپانیا بەسەر سینگیانەوە نییە؟ مەگەر 'ئارسناڵ' ی لەندەن بە تی شرتی 'ئیمارات' ەوە ناچێتە سەر زەویی یاری؟ ئەوانە هیچی گرنگ نین تەنیا ئاڵاکەی کوردستان نەبێت؟
هارا گێدیرسەن یۆڵداش؟!
ئێمە لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە کوێرە کەم ئەزموونەی ئازەربایجان کە ناڕاستەوخۆش بێت لەژێر کارتێکەریی سیاسەتی دژی کوردی دەوڵەتی تورکیادایە، گیروگرفتمان دەبێت.

## ٢٣

**ئامار سەبارەت بە خەتەنەی کچان**

من کردەوەی چەپەڵی 'خەتەنەی کچان' بە هەر ناوێك و بۆ هەر ئامانجێك و لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت مەحکووم دەکەم و بە 'جینایەت' ی دەزانم. خۆ ئەگەر بوێرم و باسی خەتەنەی کوڕانیش بکەم ڕەنگە هەڵوێستێکی هاوچەشنم هەبێت بەڵام هەندێك نەرمتر!

گۆڤاری 'مەهاباد' لە ژمارە ٩٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ دا فایلێکی ڕوونکەرەوەی تەرخانی خەتەنەی کچان کردووە کە گەلێك لە شوێنی خۆیدایە و کەمترین کارێکە ڕووناکبیرانی کورد بۆ وەستاندنی ئەو جینایەتە بێ بەزەییانەیە دەتوانن بیکەن وا ڕۆژانە و بە بەرچاوی هەموومانەوە بەڕێوەدەبرێت.

لە لاپەڕە ٣٩ ی گۆڤارەکەدا ئامارێك ڕاگەیێنراوە لەمەڕ خەتەنەکردنی کچان لە مەهاباد ولەم بارەیەوە لە ١٠٠ دایك وبابی تەمەن ٢٥ تا ٤٥ ساڵ پرسیار کراوە.

نزیك ٦٠٪ کچانی خوار ١٦ ساڵ خەتەنە کراون؛

٤٢٪ ی ئەوانەی نیشتەجێی حاشیەی شارن، لایەنگری خەتەنەکردنی کچان بوون؛

٤٠٪ ئەوانەی لایەنگری کارەکە نەبوون دانیشتووی گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانی شار بوون؛

٣٢٪ ی ئەوانەی لێیان پرسیار کراوە نەخوێندەوار و

٢٢٪ یان پلەی لیسانس (بەکەلۆر) یان هەبووە.

- ئەگەر لە سابڵاغ - شاری سیاسەت و بەربەرەکانی، چێشتەکە وا سوێربێت، دەبێ لەشار وگوندەکانی دیکەی کوردستان چۆن بێت؟
- گەلۆ ڕاست نییە کە ڕووناکبیری کورد لە گوێی گادا نووستووە وخۆی بە شەڕەدندووکەی نێو ماڵپەڕەکانەوە خەریك کردووە؟
- گەلۆ ئەگەر بێگانە و نەیار لەو کارەساتە ئاگادار بنەوە چ نرخێك بۆ کورد دابنێن؟ گەلۆ ئێمە تەنیا بۆ ئەوە دانراوین 'سوننەت' ی دواکەوتووی باپیرانمان ڕەچاو بکەین؟

## ٢٤

**سمایل خانی فەرڕوخی و مێژووی وێنەگری لە بۆکان**

پێشتر لە مەسەلەی عەلی خانی سەردار دا باسی وێنەگریی ئەوم کرد و گوتم دوور نییە نەمر سمایل خانی فەرڕوخی هەر لەوەوە فێری وێنەگری بووبێت. بە یارمەتی برادەرێکی

خۆشەویست سەرنجی بابەتێکم دا کە زووتر سەبارەت بە سمایل خان هەر لەم ماڵپەڕەی ڕۆژهەڵات – بۆکان دا بڵاو بۆتەوە.
بابەتەکە بریتییە لە ژیننامەیەکی کورت کە کاك مەنسوور فەڕڕوخی لە مەڕ بابی خۆی سمایل خانی نووسیوە. دیارە زانیاریی کاك مەنسوور لە من گەلێك زیاترە و بە باشی دەزانم خوێنەر بۆڕوون بوونەوەی باسەکە دەقی ژینناماکە بخوێنێتەوە.
ئەوە بەشێك لە ژینناماکەیە:
"هونەری وێنەگری لە ساڵە کانی زووەوە لە ڕۆژانی منداڵیی سمایل خان و کاتێ دێتە ناو بنەماڵەی باپیری واتە فەڕوخ خانی مەنسوورالممالیك، دەستپێدەکا. فەڕوخ خانی مەنسوورالممالیك لە سەفەرێکی دا بۆ ڕووسیە لەگەڵ کابرایەك بەناوی ئارتان ئاشنا دەبێ. ئارتان هونەرمەندێکی بواری نەققاشی و وێنەگری بوە و هەر لەو بوارانەشدا ئیشی کردوە. فەڕوخ خان لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان ئارتان لەگەڵ خۆی دێنێ و هەر لە ئارتانەوە خۆی و عیزەت الە خان فێری هونەری وێنەگری دەبن. وێنەگری لەناو بنەماڵەکەدا وەکوو هونەرێك درێژەی پێ دەدرێت و وردە وردە سمایل خانیش فێری ئەو هونەرە دەبێت و هەتا ئەو کاتەی یەکەم دووکانی خۆی لە شاری مەهاباد دەکاتەوە. ئەو هونەرە هیچ چەشنە بەرهەمێکی ماڵی بۆ ئەو نەبووە."
بۆ دۆزینەوەی سەرجەمی بابەتەکە لە سەر لاپەڕە یەکەمی ئەم ماڵپەڕەی ڕۆژهەڵات – بۆکان، لە لای دەستەڕاستەوە قرتە لە سەر بەشی 'هونەر' بکەن ئینجا لە بەشی هونەریشدا بەشی تایبەت بە 'وێنەگری' بدۆزنەوە. لەوێدا ژینامەی سمایل خان و وێنەیەکی دانراوە.
سپاسی ئەو برادەرە خۆشەویستە دەکەم کە پەنجەی بۆ بابەتەکە ڕاداشت.

## ٢٥

### من کێم؟

لە ئورۆپا فێری هیچ نەبوویێتم فێری ڕاستگۆیی بووم. هەوڵ دەدەم درۆ نەکەم. کەسێکیش کە درۆ ناکات و لەگەڵ خەڵك ڕاستە، کاتێ سەبارەت بە کەسایەتی خۆی پرسیاری لێبکەن، ڕاستی دەڵێت و دەشبێ وابێت.
لەئێران کەس نایەوێت پێی بڵێن گوندییە یا تەنانەت دایك و باوکی خەڵکی فلانە دێ بوون و پاشان هاتوونەتە ناو شار. شاریش هەتا گەورەتر بێت باشترە و خۆ ئەگەر تاران بوو ئیتر تەواوە! لێرە لە ئورۆپا وانییە. دەبینی کچ یا کوڕێکی لاوی ٢٠ ساڵان کاتێ لێی دەپرسی

خەڵکی کوێی، بۆ نموونە دەڵێ خەڵکی گوندێکی بچووکی دەوروبەری شاروچکەی فلانم لە فلانە ووڵات. یا ئەگەر لە کەسەکە بپرسی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی، سڵ ناکاتەوە لەوەی بڵێت هەندێك حەسوودم، یا لەچەرم یا تەمبەڵم و شتی لەم چەشنە. ئەو چەشنە قسانە ئەستەمە لە ووڵاتانی ئێمە بکرێن!

من ئەو ڕاستگۆییەم زۆر پێخۆشە. جا ئەگەر بێت ولێم بپرسن باشە تۆ کە دەڵێی ڕاستگۆم، خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ دەڵێم تەمبەڵ نیم حەسوودیش نیم و ئیرەیی بە کەس نابەم بەڵام ترسەنۆکم و بەجەرگ نیم، هەر بۆیەش بۆ مەسئوولییەتی گەورە نابم. ڕەنگە گەورەترین کۆمەڵێك کە پێم هەڵبسوورێت پۆلێکی ٢٠ – ٣٠ کەسی قوتابخانەیەك بێت. هەرکارێکی لەوە گەورەترم پێ بسپێرن هەرەس دێنێت!

ئەو چەشنە قسەکردن و خۆ لەقاودانە، ڕاستگۆییە یان ساویلکەیی؟ ئەگەر ساویلکەیی و گەمژەییش بێت، هەر قەبووڵمە. پێم ناخۆش نییە پێم بگوترێ ساویلکە، بەڵام ناشمەوێت لەگەڵ خەڵك و خۆم درۆ بکەم!

ئێمە ڕێگایەکی دوور ودرێژمان هەیە بیبڕین بۆ ئەوەی بگەین بە قۆناغێك کە 'ژان ژاك ڕۆسۆ' یەکمان لێ هەڵبکەوێت.

## ٢٦

### ئاسایشی کوردستان

پارەکە، ڕۆژنامەی 'گاردیەن' ی ئینگلیزی هەواڵێکی بڵاوکردەوە سەبارەت بە کاروباری ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و کاربەدەستانی هەرێمی بەوە تاوانبار کرد کە ئەرکی ڕاهێنانی مەئموورانی ئاسایشی هەرێمیان داوەتە دەست ئیسرائیلییەکان.

نامەیەکم بۆ گاردیەن نووسی و گوتم هەموو ڕاهێنانێکی مەئموورانی ئاسایش لە شار و ناوچەکانی عیراق، بە بەغدا خۆیشیەوە، بە دەست شەریکاتی ڕۆژئاوایی، بە تایبەی ئینگلیزی و ئەمریکیەوەن و دوای چەندەها ملیار دۆلار خەرج، بارودۆخی شارەکان ئەوەیە کە دەیبینین، لە بەغدا و بەسرە هیچ ژنێك ناوێرێت بە بێ سەرپۆش لەماڵ بێتە دەر و پیاوێکیش ئەگەر نەترس بێت و بچێتە بازاڕ بۆ کڕینی کیلۆیەك گۆشت، نازانێت بە ساغی دەگەڕێتەوە ماڵ یان نا! لەو بارودۆخە نامرۆڤانەیەدا حکوومەتی هەرێم توانیویەتی ئاسایشێکی ڕێژەیی هاووڵاتییان دابین بکات و کوردستان بکاتە دورگەیەکی ئاسایش لە ناو دەریای ئاژاوە و تیرۆڕدا کەچی ئێوە لە کۆڵی نابنەوە و بیانوو دەدەنە دەست میدیای عەرەب و ئێرانی بۆ تاوانبارکردنیان. تۆ

بڵێی هەمووی بۆ ئەوە نەبێت کۆنتەراتی کارەکە لە کوردستان نەدراوەتە دەست شەریکەیەکی ئینگلیزی!

نامەکەم بڵاو نەکرایەوە.

ئەم قسانە واهەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانی ناوخۆی کوردستانیش تا ڕادەیەك ڕاست بێت کە زیاتر ڕەخنە لە کارەکانی هەرێم دەگرن و کەم واهەیە باسی لایەنە ئەرێ ییەکانی دەسەلات بکەن. من کە هەرێمی کوردستانم بەچاو نەبینیوە، لە ڕوانگەی ڕۆژنامەنووسی خۆییەوە وەك 'ژوراسیك پارك' و 'هەسارەی مەیموونان' ی دەبینم!

گەلۆ ئەوە دوور لە ئینساف نییە؟

**٢٧**

**دیسان لە سەر تۆلرەنس، تەحەممول**

لە درێژەی باسەکەدا برادەرێکی خۆشەویست ئەم دێرانەی بۆ نووسیوم:

"لە سەر وشەی "تۆلرەنس" خۆت لە سەرەوە نووسیوتە ڕێزگرتن، هەر ئەوەش درووستە. ڕەنگە تەحەمولکردن[لە فەرهەنگی ئێمەدا] وشەیەکی تەواو نەبێت بۆ "تۆلڕەنس" [هەرچەند تەحەممول کردنیش لەو بەستێنانەدا هەر دوو لایەنی هەیە]. تۆلڕەنس لە فەرهەنگی ئەمڕۆدا بە مانای ڕیزگرتن و بەڕەسمیەت ناسینی تایبەتمەندییەکانی کەسی بەرانبەرە کە دەتوانێ هەمووشتێك بێت نەك بە تەنێ ئایین. ئەگەر دەگوترێ کورد لە گەڵ کەسانی تر تۆلرەنسی هەیە، دەبێ ئەوە لە بەر چاو بگرین تۆلرەنسی یەك لایەنە سەر ناگرێ؛ دوو کەس و دوو لایەن کاتێ لە گەڵ یەکدا جیاوازیان هەبێ، دەبێت هەر دووك لا دەبێ ڕێز بۆ یەکتر دابنێن [ژن و مێردیش ئەگەر لە گەڵ یەکدا تۆلرەنسیان نەبێ، یەکیان ئەوی دی "دەخوات!].

تەحەممول کردن کاتێك ئەو مانا نەرێ ییە ئەدا، کە پیاوسالارانە بفکرین و ئیمتیازی زۆرتر بۆخۆمان قایل بین، دەنا لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا تۆلرەنس ئەوە نییە[ئەڵبەت بە هەمان پێوانە، 'بەرتەری قەومی و ئایینی' ش مانای یەك لایەنە لە تۆلرەنس یان تەحەممول دەدات بە دەستەوە، بۆ وێنە زمانی کوردی و دەستەلاتەکانی مەنتەقە]. دوایە ئەگەر تۆلرەنس مانای مەنفی بدات، چ وشەیەك لە بەرانبەر ئەوودا مانای موسبەت یان ئەرێ یی هەیە؟"

بۆچوونی هاوڕێیان زۆرم شت فێر دەکەن.

## ٢٨

**چارەنووسی دەستنووسە کوردییەکانی 'دارالمخطوطات صدام'**

دوای هێرشی هێزەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بۆ سەر عیراق و هەرەسی حکوومەتی سەددام، یەك لەو شوێنانەی وا زیاترین زیانی لێکەوت، مووزەی عیراق و کتێبخانەی گشتی وڵاتەکە لە بەغدا بوو کە هەمووی تاڵان کرا. ئێستاش سێ بەش لە چواربەشی کەرەسەی ناو مووزە و کتێبخانەکە فەوتاون و نەماون.

لە کتێبخانەیەك کە ناوی 'سەددام حوسەین' ی بەسەرەوە، بوو و دەستنووس ڕادەگیرا. گەلێك دەستنووسی بەنرخی کوردی لەوێ پارێزرابوو و لەوانە، کۆنترین نوسخەی دیوانی بێسارانی. کاتی خۆی مامۆستای زەحمەتکێش 'محەممەد عەلی قەرەداغی' بۆ ناساندنی دەستنووسەکانی ناو کتێبخانەکە گەلێك بابەتی نووسی و تەنانەت پێنج بەرگ کتێبی 'مێژووی زانایانی کورد' ی لە سەر بنەمای ئەو کتێبانە بڵاو کردەوە.

تۆ بڵێی چارەنووسی ئەو دەستنووسانە چی بووبێت و چییان لێ بەسەر هاتبێت؟ خۆ ئەگەر فەوتابێتن، کورد کۆستێکی دیکەشی کەوتووە.

'دارالمخطوطات صدام' لە هەموو کتێبخانەیەکی دیکەی ئەم جیهانە زیاتر دەستنووسی کوردی یا بەدەستی کورد نووسراوی تێدا ڕاگیرابوو و ژمارەیان چەند قاتی دەستنووسە کوردییەکانی کتێبخانەکەی بەرلینە کە ژمارەیان لە ١٠٢ دەستنووس زیاتر نییە. ژمارەی کتێبی کوردی و بەدەستی کورد نووسراوی کتێبخانەی بریتانیا خۆی بکووژێت لە ٢٠ و ٣٠ تێپەڕ نابێت، کتێبخانەکانی تر زۆر لەوە کەمتریشیان هەیە. بەڵام کتێبخانەکەی بەغدا شتێکی تر بوو.

هەرکەس هەواڵی خۆشی پارێزرانی دەستنووسە کوردییەکانی بەغدام بداتێ، مزگێنی دەکەوێت!

## ٢٩

**"نەوگێچەر"ی ورمێ**

هیچ نازانم بۆچی لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵیمدا دوو شوێن جێگەی تایبەتیان هەیە و هەمیشە لەبەرچاومن، هەردوکیشیان جۆگە ئاوێکیان پێدا تێدەپەڕێت.

یەکەمیان ئەو جۆگەئاوەی حەوزەگەورەی بۆکانە کە بەرەوڕۆژهەڵاتی شار دەکشا و دوای تێپەڕبوون بە ماڵی حاجی سەید سمایلی حوسەینی، سۆفی محەممەدی حەبیب زادە، حاجی

برایمی حەبیب زادە و حەبیب سەقزی سوهرابی دا، لە کۆڵانی بەرماڵی 'کامەلایی' سەری دەردێنا و پێش ئەوەی بچیتە حەوشی ماڵی حاجی سمایل ئاغای حیسامی و حاجی سەیید حوسەینی قورەیشییەوە، ٢٠- ٣٠ مەترێك بەکۆڵانێکی ئازاددا تێدەپەڕی. خەڵکی گەڕەك — بەگشتی ژن و کچ لەوێ خەریکی ئاوهێنان، جل شۆردن و پاپ وقاچاغ شتن بوون. ئەودەمانە لە بۆکان کارەبا نەبوو و لە ڕۆژانی هاویندا هەندێك ماڵ سەری دیزەڵە دۆیان بە کووتاڵێك دەپێچاوە و لە ناو ئاوەکەیان دادەنا سارد بێت بۆئەوەی لە ئێوارەدا بیبەنەوە ماڵ، کەسیش کاری بەسەریانەوە نەدابوو و دەستی لێنەدەدان.من ئەو جۆگەئاوە و خەڵك و منداڵانی گەڕەکم بە باشی لەبیرە و کات و نا کات جۆگەی گۆرین دێتە بەرچاوم. خۆ ئەگەر کەسێك لەودەمەدا بمبینێت واهەیە هەست بە بزەیەکی سەر لێویشم بکات.
دووهەمیان جۆگەئاوی گەڕەکی ئەرمەنیانی ورمێیە کە پێیدەگوترا 'نەوگێچەر' وکەوتبووە ڕۆژئاوای شەقامی سەرەکی شار ('پەهلەوی' ئەودەم، کە ئێستا بێگومان بۆتە ملکی 'خۆمەینی'!). جۆگەکە، ئاوێکی زۆری بوو، داری بەرزەبالا لەقەراغی ڕوابوون وسێبەریان هاویشتبوە سەر شەقامەکە. بە شانی ڕۆژهەلاتی جۆگەئاوەکەوە هەندێك دووکانی ئەرمەنیان بوون و لەهەردووبەریشی ماڵی ئەوانی لێبوو. کێشەی موسوڵمان و ئەرمەنی و ئاسۆری لەو سەردەمەی مندا هەر نەبوو و خەڵك پێکەوە حاوابوونەوە. شیعەی عەجەم وسوننەی کورد و کوێرەسوننی لەگەڵ جوو و ئەرمەنی و ئاسۆری، هەموو ئاوەڵ ماڵ وپێکەوە سازاو بوون.
ئەوەی باسی دەکەم ساڵانی ١٣٣٩ و ١٣٤٠ ە و لەودەمانەوە ئەو شەقامە ئەسفاڵت نەکراوە وئەو جۆگەئاوە خواروخێچە و دار ودووکان و ماڵی ئەمبەر وئەوبەری لە زیهنمدا تۆمار کراون و سایەی دارەکان لە سەر سەرم لاناچێت. هەرچی بیریش دەکەمەوە بۆچی وایە نازانم. تەنانەت ٢٧ ساڵێك پێش ئێستا، شەوێکیان بە شاراوەیی چووبوومە ورمێ. بەدزییەوە و بە بێ ئیجازەی خاوەن ماڵەکەم لەماڵ چوومە دەرەوە، سەرێکی 'نەوگێچەر' ی جوان بدەم. ئەو ڕازاوەییە شوێنەواری نەمابوو، نە دار، نە ئاو، نە دووکان، نە ئەرمەنی میهرەبانی سەرکورسییەکانی بەر دووکان چ نەمابوون. ئەوی بوو ئەسفاڵت و سمیت و بێتۆن و دیوار بوو. بەپەلە گەڕامەوە دواوە، نەمدەویست وێنەی ناو زیهنم بشێوێت. چاوم قووچاند بۆئەوەی بگەڕێمەوە ناو دۆخەکەی خۆم و نەوگێچەری من هەر نەوگێچەری جاران بێت!
"یادی جوانی خێر بێت"

## ٣٠

**سەرچاوە لێڵە**

ئەگەر بە ووردی گوێ بدرێتە ئەم ووتارەی خومەینی دەزانرێت کارەکان لەکوێوە سەرەتایان هەڵبووە و کێ لەپشت هەموو ئەو بێ ویژدانییانە وەستاوە کە سەرەتا لەگەڵ کورد و پاشان موجاهیدینی خەڵق و ئینجا لەگەڵ هەموو ئێران کرا.

ووتارەکە، لە ماوەی شەڕی کوردستاندا، لە تاران لەماڵی خومەینی دراوە. بەرگۆی قسەکانی خومەینی، هاشمی ڕەفسەنجانی و مەلاکانی دیکەی دەسەلاتدارن. ڕەخنەکانیش ئاراستەی 'میهدی بازرگان' و 'دەوڵەتی موەققەت' ە. ووتارەکە لەکاتی خۆیدا لە ڕادیۆ وتەلەفیزیۆنی ئێرانەوە بڵاو نەکرایەوە و خەڵك گوێیان لێی نەبوو.

با ئێوە گوێتان لێ بێت وبزانن لاپرەسەنێکی شەلاتی وەك خەڵخاڵی ئەو جینایەتانەی بە فەرمانی کێ بەڕێوە دەبرد و ئێستاش سپا و بەسیج و ئیتیلاعاتی ئێرانی لەژێر حوکمی 'وەلی فەقیە' و 'ڕەهبەر' دا نەبێت چۆن دەتوانن ئەو بێ قانوونییانە بکەن:

http://www.youtube.com/watch?v=g_E0aJtpP0U&feature=related

## ٣١

**'هانیباڵ ئەلخاص'ی ئاشوری کرماشانی کۆچی دوایی کرد**

وێنەگەر (نەققاش) وشاعیری ناوداری گەلی 'ئاشوری'، هانیباڵ ئەلخاص، کۆچی دوایی کرد. ئەلخاص لە کرماشان هاتبوە جیهان. نەسلی ئێمە لەگەڵ ناوی ئەلخاص و کارە هونەرییەکانی ئەودا گەورە بوون. من لە زانکۆی هونەرەجوانەکانی تاران چاوم پێی کەوتبوو و گوێم بۆ قسەکانی ڕاداشتبوو.

ئێرانییەکان چەندە بەختەوەرن! زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی بەناوی 'ئێرانی' یەوە دەناسرێن لە ڕاستیدا سەر بە گەلانی هەمەچەشنەی دانیشتووی ئێرانن بەڵام ناوی 'ئێرانی' یان لەسەرە!

لە بەرنامەیەکی ماڵپەڕی بی بی سی فارسی سەبارەت بە کۆچی دوایی ئەلخاصدا گوتراوە: "ئەلخاص ڕووداوەکانی لە قووڵایی مێژووەوە دەهێنا.... و فێری قوتابییەکانی خۆی دەکرد بچنەوە سەر بنەما فەرهەنگییەکانی خۆیان ".

کاتێ ئەوبۆچوونانە دەخەینە پاڵ هەواڵێك کە دەڵێ "'ئەلخاص هەزاران فەرد شیعری بە زمانی ئاشوری گوتوو"'، ڕاستییەك دەردەکەوێت:

ئالخاص ئەویندارى گەلى خۆى و مێژوو و فەرهەنگیان بوو. ئەوگەلەش 'گەلى ئاشورى' یە نەك هیچى تر.
یادى بەخێر بێت!
ئەوەش بەرنامەکەى بى بى سى فارسى:
http://www.bbc.co.uk/persian/arts/2010/09/100915_l55_alkhas.shtml

## ٣٢

### کۆنسێرتی 'عالیم قاسیمۆف'

19/09/2010: من گەلێك ئەویندارى مۆسیقاى ئازەربایجانیم و ڕۆژانە گوێ دەدەمە مۆسیقا بەتامەکەیان. هەر لە دەنگی 'خان شوشنیسکی' و 'زەینەب خانلەرۆوا' و 'بولبول' و 'شەوکەت' و 'ڕەشید بیهبودۆف 'ەوە تا کەمانچەى 'هابیل عەلییۆف' و باڵەبانی 'عەلیجان سەمەندۆف' و ئەوانیتر، گوێم بە دەنگی هەموویان ئاشنایە.
چەند ساڵێکە 'نەزاکەت تەیمورۆوا' و 'عالم قاسمۆف' زۆریان گوڵ کردووە، من دەنگی نەزاکەت خانمم لەهەمووان پێ خۆشترە، بەڵام 'عالم قاسمۆف' ناوبانگێکی جیهانی هەیە و گۆڕانێکی زۆری بەسەر مۆسیقاى ئازەربایجانیدا هێناوە. ئەمشەو چوومە کۆنسێرتی خۆی و فەرغانەی کچی لە 'باربیکەن سەنتەر'ی لەندەن. خەڵکێکی کەم هاتبوون، چ بێ زەوق! چاوم قووچاند و گوێم هەڵخست. چ کات و ساتێکی خۆش!
بەڵام خەمی مۆسیقاى کوردی نایەڵێ لەززەت لەو خۆشییانە ببینم. ئێمەی لە فۆلکلۆری کۆندا چەقیو و ئەوانی هەردەم لە نوێکردنەوە و تازەگەریدا نموونە! ئێمە پێویستمان بە پێشڕەوێکی جیهاندیدە و ئازا وەك 'عوزەیر حاجی بەگۆف'ی ئەوان هەیە کە ڕەگی لە خاکی نەریت داکوتابێت و پەل بۆ ئاسمانی نوێ بهاوێت. ئازەربایجانییەکان بە هیممەتی ئەو و کەسێکی وەك 'قولی قولییۆف' توانییان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا مۆسیقاى نەریتی و فۆلکلۆریی خۆیان ئامێتەی مۆسیقاى عیلمی ڕۆژئاوا بکەن و لە ئاوێتە کردنی ئەو دوانە، ئۆپێرای وەك 'کوێر ئۆغلی' و 'ئارشین ماڵ ئالان' و 'شاە ئیسماعیل' و 'ئەسلی و کەرەم' بخوڵقێنن کە ئەوەندەی ئەمڕۆیین دەهێندەش نەریتین. نە شیشیان سووتا نە کەباب، هەم مۆسیقاکەیان نوێ کردەوە هەم کۆنەکەیان پاراست.

گەلێك بەیتی کوردی وەك 'دمدم'، 'مەم و زین'، 'خەج و سیامەند'و 'سەیدەوان' بۆ ئەوە دەبن بکرێنە ئۆپێرا. بەڵام کێ بیکات؟ هەموو هەر خەریکی مردوو لەقەبر دەرهێنان و جوونەوەی جواون. ئەوانەش وا توانای هونەری و تەکنیکیی کارەکەیان هەیە لە فەرهەنگی بێگانە زیاتر شارەزان تا فەرهەنگی کوردی. بریا نەمردایەم و سەمفۆنیایەکی کوردیم گوێ لێبوایە لە کۆنسێرڤاتوارێك بەڕێوە ببرایەت! قادر دیلان ئەگەر بمایە و بارودۆخی لەباری ئەمڕۆی بۆ بخولْقایەت، واهەبوو بیتوانیایە ڕچەشکێنییەکی ئەوتۆ بکات. ئەی کامکارەکان و دڵشاد سەعید و عەبدوڵلا جەمال سەگرمە و ئیقباڵی حاجیبی لەکوێن؟ من ئامادەم ٥ هەزار دۆلار لەم ولەو کۆبکەمەوە وبیدەمە خزمەت گەورەیەك کە ئەو ڕچەشکێنییە بکات. ئەوە بەڵێنە و لەسەری دەوەستم!

ئەوەش لینکێك بۆ مۆسیقای عالیم قاسیمۆف و فەرغانە ی کچی:
http://www.youtube.com/watch?v=Qpb_trigPM4

## ٣٣

### تەقینەوەکەی شاری مەهاباد

22/09/2010: ئاگرێکی گەورە لە مەهاباد کراوەتەوە. ڕێژیم تەقاندنەوەیەکی ئاشکرای بەڕێوەبرد و کەس وکاری مەنگوڕە هاوکارەکانی خۆی پێ کوشت بۆ ئەوەی تاوانەکەی بداتە پاڵ کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی – کارێك کە هەموومەحکوومیان کرد و خۆیان لێی بێبەری زانی، ئامانج؟ دووبەرەکی نانەوە لە نێوان مەنگوڕ و خەڵکی مەهاباددا. ئێستاش ڕێژیم گەف لە خەڵك دەکات و ڕێگە بۆ ئیعدامی چەند کەسی بێ تاوان و بێ پەیوەند بە مەسەلەکە خۆش دەکەن. مەهابادی خوێناوی ٣٢ ساڵە، وەك پاشماوەی گەلی کورد و زیاتر لەوان، تووشی بەڵای مەلاکانی ئێران هاتووە و کارەسات بەشوێن کارەساتی بەسەردێت.

ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەی فیدائیانی ئەکسەرییەتم بینی، کە تێیدا گوتراوە:

"ڕژیم لە کوردستان جینایەت دەکات، بەڵام تێرۆر ڕێگەی بەرەوڕووبوونەوەی جینایەتەکانی ڕیژیم نییە".

وەك ئەوەی دڵنیابن کە تەقینەوەکە کاری کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانیەتی و نەسیحەتیان بکەن کە دەست لە تێرۆر هەڵبگرن. بەر بێخەبەران کەشکەك سلەوات! دوای ئەو هەموو هەڵەیەی وا ڕێکخراوەکە لە ڕابردوودا کردی، ئێستاش هەر دەرس وەرناگرن و لە ڕاستییە زەقەکان شت فێر نابن، دەیانەوێت دەرسی خەڵکی دیکەش دابدەن.

به قسەکانی ئوستانداری ئازەربایجانی ڕۆژئاواشدا وادەردەکەوێت کە سوپا و ئیتیلاعات بیانەوێت ئاگری شەری کورد و ئازەری لە چەشنی شەڕی نەغەدە لە ناوچەکەدا هەڵایسێنن. ووشیاریی خەڵك دەبێ بتوانێت پێش بەم تاوانانەی ریژیم و پلانە نامرۆڤانەکانیان بگرێت، دەنا کارەساتمان لەپێش دەبێت.

٣٤

**شێعرێك بە زمانی 'ئازەری کۆن'**

زمانی ئازەری – کە لە ئێران بە زمانی 'ئازەری باستان' دەناسرێت بنەمای هیند وئێرانی هەیە و گەلێك نزیکە لە زمانی کوردی. شوێنی گشتیی زمانەکە ئازەربایجانە بە تایبەت بەشی باشوورییەکەی و ئاخێوەرانی هەتا ناوچەی زەنجان و قەزوێنیش بڵاو بوونەتەوە.
دوای سەرهەڵدانی تورکان لە ئازەربایجان و بەتایبەت لە سەردەمی سەفەوییەکانەوە (سەدەی شازدەهەم)، ئەو زمانە ساڵ بە ساڵ پاشەکشێی کردووە و تورکی جێگەی گرتۆتەوە. من کە لە ساڵانی پێش شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێراندا لە تەورێز و سوفیانی نزیك مەرەند کارم دەکرد لەگەڵ پیاوێکی پیردا هاوکاربووم کە بە ئازەریی کۆن دەئاخفی و دەیگوت خەڵکی گوندێکی دەوروبەری مەرەندە بەڵام تەنیا ئەو و چەند کەسی بەساڵاچوو بەو زمانە قسە دەکەن، خەڵکەکەی تر واتە منداڵ و نەوە و نەتیجەیان هەمووی هەر بەترکی دەدوێن. زمانەکە لە توانەوە و فەوتاندایە!
لە ماڵپەڕێکی فارسیدا کە شێعری تەنز و هەجوی شاعیرانی کۆنی ئێرانی تێدا بڵاو کراوەتەوە، چاوم بەم سێ فەردە کەوت کە نووسرابوو هی شاعیرێك بە ناوی "بونداری ڕازی" واتە بونداری خەڵکی "ڕەی" یە، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە. شاری "ڕەی" لە نزیك تارانە و لە ڕابردوودا بەشێك بووە لە ناوچەی ئاخێوەرانی ئازەری کۆن.
شیعرەکە تەنزێکی خۆشی تێدایە. شاعیر دەڵێ واعیزێك وەعزی بۆ خەڵك دەکرد و دەیگوت لەودونیا هەموو ئەندامی لەشمان شایەدیمان لە سەر دەدەن و دەڵێن چیمان پێ کردوون! ژنێك کە گوێی لە قسەکانی بوو و دیارە کەسایەتی جەنابی مامۆستاشی دەناسی، بە دەستی خۆیدا دەدا و گوتی داخوا ئەو ڕۆژە جەنابت چەندەت قسەتلەسەر بکرێت و چەند ڕاستیت لێ ئاشکرا بێت! ئەوە شیعرەکەیە:

**بندارِ رازی**

به شهر ری ، به منبر بر، یکی روج
همی گت واعظك زین هرزه لای‌ی
کی: هفت اندامِ مردم روجِ محشر
دهد ور کرده های خود گوای‌ی
زنی ورعانه، می زد دست و می گت
وسا ژاژا کی ته آن روج خای‌ی!

---

روج: ڕۆژ
گت: گوتی کوردی و گفت ی فارسی
هرزەلایی: قسەی بێ واتا کردن
ور: سەر،
ورعانە: خاوەن وەرع و پارێزگار؟
وسا: زۆر، بسای فارسی
ژاژ: شاش، قسەی بێ واتا، مزخرف
وساژاژا: قسەی بێ واتای زۆر
تە: تۆ
خایی، خاییدن: جوون، بەرددان خستن
ژاژخایی: قسەی بێ واتاکردن.

**٣٥**

**درێژیی تەمەنی خەڵکی جیهان**

لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسیدا ئامارێك سەبارەت بە خەڵکانی خانە نشینی جیهان بڵاو بۆتەوە کە ڕاستییەك ئاشکرادەکات: تەمەن بە 'قل هوالله' زیاد نابێت!
فەرموون لەگەڵ بەشێك لەو ئامارە کە ژمارەی خەڵکانی ژوور تەمەنی ٦٥ ساڵ لەچاو سەرجەمی دانیشتوان لە وولاتانی ئێمە و وولاتانی 'کافر' پیشان دەدات:

| ناوی وڵات | ٪ ی خەڵکانی ژوور ٦٥ ساڵ |
| --- | --- |
| ئیماڕات | ١ |

| | |
|---|---|
| کویت | ٢ |
| عەرەبستان | ٣ |
| تاجیکستان | ٤ |
| ئێران | ٥ |
| میسر | ٥ |
| ئازەربایجان | ٧ |

بەڵام:

| | |
|---|---|
| ئەرمەنستان | ١٢ |
| ئەمریکا | ١٣ |
| گورجستان | ١٤ |
| کانادا | ١٤ |
| بریتانیا | ١٦ |
| ئوکرائین | ١٦ |
| ئاڵمانیا | ٢٠ |
| ژاپۆن | ٢١ |

ئەوەش ئامارەکە خۆی:

http://www.bbc.co.uk/persian/business/2010/09/100914_pensions_table.shtml

فاعتبروا یا اولوالابصار!

## ٣٦

**ئەزموون**

16/09/2010 ئەمڕۆ لە تەمەنی ٦٧ ساڵیدا ئیمتیحانێکی 'وەرگێڕی' شەریکەیەکی تەرجەمەمدا و تێیدا سەرکەوتم. هوڕا!

ڕۆژانە، بەیانی تائێوارە کاردەکەم. قەرزی بانکی ماڵەکەمان هێشتا ١٥ ساڵی ماوە تەواو بێت.

نە تەماع و چاوچنۆکی کۆتایی هەیە نە قەرزی بانك!

نازانم هاندەرم بۆ ئەم حەلوەلا هەمیشەییە، کامەیانە؟ من خۆم بە یەکەمیانی دەزانم بەڵام قەرزەکەی بانکیش ڕاستەقینەیەکە!
هەرکامیان بێت، با ببێت. بەڵام مرۆڤ باش وایە کۆڵ نەدات و وەك ڕووبار هەمیشە بئاژوێت، وەکوو دارێکیش بەسەرپێوە بمرێت.

## ٣٧

**تەنزی ژیان!**

من بە هەژاری گەورەبووم و منداڵی و مێرمنداڵیم بە نەداری تێپەڕ کردوە. نایشارمەوە هەندێکیش چڵێسی خواردنم، خواردنەوە کەمتر!
بە هاوڕێیەکی نزیکی خۆم دەگوت ئەوەدەمانەی وا ماڵ و حەوش وحەسارمان بوو گۆشت نەبوو بیبرژێنین؛ لەماوەی ١٨ ساڵی ژیانی ناو ئاپارتمانی لەندەندا گۆشت هەبوو بەڵام شوێنی برژاندنیمان نەبوو؛ وا ئێستا هەردوکیان هەن، ئەمجار کاکە 'کۆلێسترۆڵ' لێم بۆتە ملۆزم لێناگەڕێت کەبابێك بخۆم!

## ٣٨

**ڕەخنە یا دوژمنایەتی بیر وباوەڕ**

لە ماڵپەڕی هەڵوێستدا بابەتێکم خوێندەوە برادەرێك سەبارەت بە وتاری کەسێك نووسیبووی. بەخوێندنەوەی تووشی ئازارێکی لەبن نەهاتوو هاتم کە ئێستاش هەر پێیەوە دەتلێمەوە.
برادەرێك کە دوکتۆرە و لە وولاتێکی ئوروپی تەبابەت دەکات، ڕەخنەیەکی گرتبوو لەوانەی وا بە ناشارەزایی یا بەئامانجی تایبەت هێرش دەکەنە سەر کەسایەتییە جێگەی ڕێزەکانی گەلی کورد، بەڵام بابەتەکەی بە گشتی نووسیبوو و نەیویستبوو وەك زۆر خەڵکانیتر ناوی کەسی تایبەت ببات و کارەکەی بکاتە کێشەیەکی بچووکی دووکەسی، لە عەین کاتدا قسەی خۆیشی کردبوو وخوێنەر بە باشی دەیزانی دەڵی چی و ڕووی قسەی لە کێیە.
کەسێکی تر، کە بابەتەکەی خوێندبووەوە و بەداخەوە لێی تێنەگەیشتبوو، لە ووتارێکدا هێرشی توند و بێ پارێزی کردبووە سەری کە بۆچی لە قسەکانتدا ناوی کەست نەهێناوە؟ وەك ئەوەی

کێشەی تاکەکەس بۆی گرنگ بێت و مافی ئەوە بەکەس نەدات بەگشتی بچنە شەڕەجەنگی دیاردەیەکی چەپەڵی کۆمەڵایەتی.
لە نووسراوەی کەسی دووهەمدا ئەوی گرنگ بوو ئەوە بوو کە هێرشی کردبووە سەر بیروباوەڕی سیاسی کەسی یەکەم ئەویش لەپەیوەندی حزبێکی سیاسیدا کە ٢٠ ساڵە لەگەڵی نەماوە! سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو کە نووسەر تەنیا ویستبووی سووکایەتی بە کەسەکە بکات، هەربۆیەش دوای ناسناوی 'دوکتۆر' نیشانەیەکی سەرسوورمانی بۆ دانابوو و خستبوویە ناو کەوانیشەوە(!) وەك ئەوەی کەسەکە دوکتۆر نەبێت و بە درۆ خۆی وا لەقەڵەم دابێت. کابرا گوتی خەسەن و خوسەین هەرسێك کچی موعاویەن!
ئێمە لەکوێی ئەو جیهانە وەستاوین و بەو لاقە دارینەوە دەمانەوێت کامە ڕێگا ببڕین و بە کوێ بگەین؟ دوژمنانمان چەندە بەختەوەرن!

## ٣٨

### جۆك

جۆك گوتن هونەرێکی گەورەیە. جۆکی سیاسی چەشنێك تۆڵەسەندنەوەیە لە زۆردار و ملهۆڕ ئەگەر نەتتوانی ڕاستەوخۆ بەگژیاندا بچی. ڕەنگە هەربۆیەش بێت کە خەڵکی ناوەندە نەتەوایەتییەکانی ئێران بۆنموونە تەورێز و مەهاباد قسەخۆشن و بە تەنز و تەوسەوە بابەتەکان ڕادەگەیێنن. جۆك گوتن بەگشتی کارێکی هاسان نییە و تەبعێکی لەتیف و پەروەردەکراو و زاراوی دەمی ڕاهێنراوی دەوێت.
ئێرانی جۆکی خۆش دروست دەکەن. لە سەردەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ دا زۆری قسەلۆکەکان سەبارەت بە 'ئایەتوڵلا مونتەزیری' جێگری 'خۆمەینی' بوو، بەڵام هەرئەوەندەی لێکەوت و بوو بە ڕەخنەگری ڕژێم، ئیتر جۆکی مونتەزیریش نەما! ئێستا جۆکی زۆر بۆ 'ئەحمەدی نەژاد' ڕێك دەخرێت، هەم بۆ قسەکردنی و هەم بۆ ڕواڵەتی.
ماڵپەڕی 'جۆکخونە' ماڵپەڕێکی بەتام و خۆشە و پڕە لە جۆك. من زۆری سەیر دەکەم وجاری وابووە بابەتیشم بۆ ناردوون بڵاویان کردۆتەوە، دیارە بە بێ ناوی خۆم!
ئەوە هەڵبژاردەیەك لەجۆکەکانی 'جۆکخونە' یە:
مەلایەك کوڕەکەی بردە لای دوکتۆر و گوتی چی بکەم هیچ ناخوات؟ گوتی مێزەرێکی مەلایانەی بنێ سەر، دنیات بۆ دەخوات!

کابرا ڕیشی پرۆفسۆری دانابوو، بە هاوڕێکانی گوت هەرپرسیارێکتان هەیە ئەمڕۆ بیکەن سبەینێ ڕیشم دەتاشم!

بە کابرایان گوت سەفەری حەجەکەت چۆن بوو؟ گوتی بەردێکی زۆریان لە سەرم دا، بەڵام هەر ماچم کرد!

سێ کەس چوون بۆ ئیزگەی قەتار، درەنگ گەیشتنێ. دوانیان سوار بوون و قەتار ڕۆیی. سێهەمیان پێدەکەنی، گوتیان بۆ پێدەکەنی؟ گوتی ئەو دوانە هاتبوون من بەڕێ بکەن!

بەکابرایان گوت هیچت خواردووە لە هەنگوین شیرنتر بووبێت؟ گوتی ترشیاتی خۆڕایی!

لە منداڵێکی ئیسفەهانییان پرسی کاتێ دەرگای یەخچاڵەکەتان دەکەیتەوە چی دەخۆی؟ گوتی لێدان!

کوڕێکی گوندی کارەبا گرتبووی، دایکی دەیگوت کوڕم توندی بگرە بەری مەدە، هەر ئەوەبوو باوکتی کوشت!

ارأيت ميمونا كيف خلقت و البستنا بالكاپشن و جعلناه الرئيس الجمهوركم لعل لكم تعبرون سوره عنتر

کابرایان بردبوە دادگا، داوەرەکە پێی گوت تەریق نابیەوە ئەوە چوارەم جارە دێیە ئێرە؟ گوتی دەبێ تۆ تەریق بییەوە هەموو ڕۆژێك لێرەی!

کابرا دڵی لە خودا ئێشا بوو ناوی نەدەهێنا، بەیانی کە لەماڵ چووەدەر گوتی بەهیوای هەندێك کەس!

لەکابرایان پرسی خوشکت مێردی بە کێ کرد؟ گوتی بێگانە نییە، زاوامانە!

کابرا چوو بۆ دووکانی ساندویچ فرۆشی گوتی ساندویچێکی مریشکم بدەیە بەڵام خەیاری تێ مەخە. گوتی خەیارمان هەر نییە دەتەوێ تەماتەی تێ نەخەین؟

کابرا دەرگای ماڵەکەیانی ڕەنگ کردەوە، هەموو منداڵەکانی وون بوون!

ئیتر جۆکی تورکی و قەزوینی بۆ ڕاگواستن نابن، ئەگەر ویستتان شتی بەتامتر لەوانە بخوێننەوە، خۆتان سەیری بکەن!

ئەوەش ئەدرەسەکەیەتی:

jokekhoone.com



**فۆلکلۆری ئەرمەنی**

من زۆرم هاوار کردووە  براله تەنیا کورد خاوەنی مۆسیقا و هەڵپەڕکێی فۆلکلۆری نییە و هەموو گەلێکی ئەم جیهانە وەك ئێمە هونەری کۆن ونەریتییان هەیە.
جیاوازی ئەوان لە گەڵ ئێمە ئەوەیە خەڵکانیتر لە عەینی پاراستنی فۆلکلۆریاندا کاری نوێخوازانە و ئەمڕۆییش دەکەن، کۆنسێرڤاتواری مۆسیقایان هەیە، سەمفۆنیا دەنووسن و دەخولقێنن، ئۆپێرا و بالەیان لە سەر ئەساسی چیرۆکە نەریتییەکانیان دروست کردووە و.... سەدان کاری لەوچەشنە. ئەی بۆچی دەبێ ئێمە لەو قوڕە خەستەی فۆلکلۆر چەقیبێتین و نەتوانین لێی بێینەدەر؟
سەیرێکی ئەم مۆسیقا خۆش و هەڵپەڕکێ بەتامەی ئەرمەنییان بکەن کە زۆر لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کورد نزیکە، بەڵام لەبیرتان نەچێت کە گەلی ئەرمەنی هەر بەوەوە نەوەستاوە و مۆسیقایەکی پێشکەوتووی ئەمڕۆییشی هەیە کە لە ناوچەکەدا بێ هاوتایە و دەبێ بە پێوانەی مۆسیقای ئەورووپی هەڵسەنگێنرێت. نە ئەم و نە ئەو زیانیان لەویتر نەداوە و هەردوکیان شان بەشانی یەکتر دەژین و دەڕۆن:
https://mail.google.com/mail/?shva=1#inbox/12b43319603363b9
سپاسی ئەو برادەرە خۆشەویستەم دەکەم کە لینکەکەی بۆ ناردووم

**٤١**

## کۆنسێرتی 'گوگوش' لە کوردستان

من  ئەو هێرشە بەربڵاوەی زمان و کەلتووری فارسی بۆ سەر باشووری کوردستان گەلێك بە مەترسیدار دەبینم و لام وایە پێویست بێت بەرگی لێ بکرێت، بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بوو کاتێ مەلاکانی ئێران سنووری 'حاجی ئۆمەران' یان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەست و نەیانهێشت کەس بیپەڕیتەوە، لە ئەنجامدا نیوەی بلیتی کۆنسێرتەکە بە سەر دەستی بەڕێوەبەرانیەوە مایەوە. ئەو چەشنە کۆنسێرتانە، لایکەم ژمارەیەك توریست دێنێتە نێو وولات و لە باری ئابوورییەوە سوودێك بە خەڵك دەگەیێنێت. دوژمنیش ئەوە باش دەزانێت و هەر بۆیەش سنوور دەبەستێت. دەنا ئەگەر لە خەمی خەڵکدایە و نایەوێت بچن گوگوش ببینن و 'ئەخلاقی ئیسلامی' بخەنە مەترسییەوە، بۆچی سنووری دوبەی نابەستێت کە ساڵی دەیان کۆنسێرتی هاوچەشنی لێ بەڕێوە دەبرێت؟ ئەگەر لە خەمی 'ئەخلاقی ئیسلامی' دایە، بۆچی پێش بەو هەموو ئێرانییە ناگرێت

کە ڕۆژانە دەچنە تایلەند و سەنگاپوور! ئیتر ئوروپا و کانادا و ئەمریکا هیچ، کە هەرخۆیان ڕۆژانە لەوێن و بە پارەی ئەو گەلە هەژارە لایەکیان کرپیون!
یاخوا مامۆستا هەر خۆت بەخۆت بی!

## ٤٢

**ئاڵۆزیی ناو شاری 'سنە'**

07/10/2010 کۆماری ئیسلامی بە ئاشکرا گەڕ بە کوردستان دەفرۆشێت. مەلاکان بە شوێن پیلانێکی گەورەوەن. سەرەتا لە سەقز، پاشان لە مەهاباد و ئەمڕۆ لە سنەی خوێناوی، ڕوون نییە سبەینێش لە کوێ؟ بەڵام یەك شت ڕوونە، ئیتیلاعاتی ئێران بەشوێن پیلانێکی گەورەویە، پیلانێك کە لە باڵای خۆی گەورەترە و کارەساتێکی ناوچەیی بەشوێنەوەیە!
ئەو هەڵسەنگاندنەی "کاك شاهۆ حوسەینی"م گەلێك پێ ڕاست بوو، کە دووسێ ڕۆژ پێش ئێستا لە سەر تیشك تی ڤی سەبارەت بە تەقینەوەکەی مەهاباد و دیعایەی درۆی ڕێژیم لەمەر شەڕ و پێکدادان و کووژرانی ٣٠ کەسی "دژی شۆڕش" لە باشووری کوردستان کردی و گوتی ئێران خەریکی ڕێ خۆشکەرییە بۆ هێرش کردنە سەر باشووری کوردستان دوابەدوای چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە خاکی عیراق و لە هەوڵی ڕووخاندنی دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستاندایە؛ لەو بوارەشدا هەم تەقینەوەکەی مەهابادی وەڕێ خست، هەم بە درۆ و هەڵبەستە هەواڵی پێکدادان لەگەڵ "دژی شۆڕش" لە ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند — کێشەیەك کە بەرپرسی کاروباری پێشمەرگە لە کوردستان بە درۆی خستەوە.
شەڕی دوێنێ ی ناو شاری سنەش ڕاستبوونی ئەو هەڵسەنگاندنە دەردەخات. مەلاکان لە کوردستان بە ناوی هێرشی خەیاڵیی دژی شۆڕشەوە کێشەی دەستکرد دەخوڵقێنن. بوون ومانی دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی ئێران بە شەڕوگەڕەوە بەستراوە. کوردستانیان بێ خاوەن و بێ داشدار دۆزیوەتەوە، کەڵەگایی دەکەن و لێ ناگەڕێن کێشەی کورد بە ڕێگایەکی سیاسیدا چارەسەر بکرێت.
ڕاست ڕۆژێك دوای ڕووداوەکە، هەواڵی ئەگەری کۆدیتای سەربازیی شیعەکانی عیراق بە دنەدانی ئێران بڵاوبووەوە. ئەم ڕووداوانەی کوردستان ناتوانن لە جموجۆڵ و پیلانەکانی ئێران لە عیراق و لە ئامادەکاری بۆ کۆدیتای دارەدەستەکانیان لەعیراق جیاواز بن.
مەلاکان تەپڵی شەڕ دەکوتن! ئەو شانۆگەرییانەی سەقز و مەهاباد و سنەش دەسپێکی ئەو شەڕە چەپەڵەن.

واهەیە گای بنە، واتە تورکیا، هاندەر و پلان دارێژی هێرشەکە بێت – کارێك کە خۆی بەتەمایە لە قەندیل بیکات.
دەبێ ووشیار بین!

## ٤٣

### هەنبانە بۆرینە، هەژار، جەمال نەبەز و گیوی موکریانی

ڕێزدار مامۆستا جەماڵ نەبەز لە ووتارێکدا گوتوویەتی گوایە فەرهەنگی 'هەنبانە بۆرینە' بەرهەمی مامۆستا گیوی موکریانی بووە و مامۆستا گیو بە سەرینی خۆی داویەتی بە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا بۆ چاپ، ئەوانیش تەسلیمی مامۆستا هەژاریان کردووە بۆ پێداچوونەوە، ئینجا مامۆستا هەژار دوای مەرگی گیو بە ناوی خۆیەوە چاپی کردوە(١).
تۆمەتێکی ئەوتۆ پێویستی بە بەڵگە و سەلماندن هەیە و کەس نابێ وا بە هاسانی هەلبکوتێتە سەر ناو و ئیعتیباری تاکەکەس، ئەویش کاتێ کە لە ژیاندا نەمابێت و توانای داکۆکی کردن لە خۆی نەبێت. پرسیاری سەرەکی لەم پەیوەندییەدا ئەوەیە بۆچی مامۆستا جەماڵ لە هەموو ماوەی ساڵانی چاپی فەرهەنگەکە و سەردەمێکدا کە هەژار زیندووبوو، ئەوەی ڕانەگەیاند و لە قاوی نەدا؟
گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد لە ساڵی ١٩٧٧ واتە سەردەمی کۆچی دوایی مامۆستا گیو دا، لە ژێر سەردێڕی "کۆچی سێ شۆڕە سوار"، هەواڵی کۆچی دوایی مەمدووح سەلیم، نەجمەددین عەونی و گیوی موکریانی ڕاگەیاندووە وڕێکەوتی 'کۆستی سێهەم' واتە مەرگی نەمر گیوی موکریانی بە ١٩٧٧/٧/٢٥ تۆمار کردووە، ئینجا سەبارەت بەو نووسیویەتی:
"..... یەکی لە پاشماوەکانی گیو فەرهەنگی پاکنووس نەکراوی "کوردستان" ە، کە تەمەنێکی زۆری بە ئامادەکردنیەوە بردۆتە سەر و لەوانەیە فراوانترین فەرهەنگێ بێ لە هەموو زاراوە کوردییەکاندا...."(٢)
لەو ڕاگەیاندنە کورتەدا، کارگێڕانی کۆڕ جگە لە فەرهەنگی 'کوردستان' ئاماژەیان بە 'گۆڤاری هەتاو'ی گیو داوە و هیچ بەرهەمێکی دیکەی ئەویان ناو نەبردووە، فەرهەنگی 'کوردستان' یش دەزانین چەندساڵێك پێش ئێستا لە لایەن دوکتۆر کوردستان موکریانییەوە چاپ کرا. من، کە ڕێزی زۆرم بۆ مامۆستا جەماڵ هەیە و لام وا نییە کەسایەتییەکی وا بێت ناو وناتۆرە بۆ خەڵك هەڵبەستێت، وا بۆ مەسەلەکە دەچم کە دەستنووسەکە بە دڵنیایی درابێتە کۆڕ و تەنانەت ئەوانیش بە پێی هەواڵی مامۆستا جەمال دابێتیانە مامۆستا هەژار. بەڵام لە

لایەکی دیکەوە دەستپاکی و ئەمانەتداریی و شانازی بەخۆکردن و غورووری مامۆستا هەژار دەناسین و ناتوانین ناپاکی و ناڕاستیی ئەوتۆی لێ چاوەڕوان بکەین.
جا، من لام وایە دەبێ دوای ئەو سێ ساڵەی وا لە نامەکەدا هاتووە، دەستنووسەکە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ گەڕابێتەوە لای مامۆستا گیو، دەنا ئەگەر ئەمانەتێکی ئەوتۆ لە لای کۆڕ بمایەت، ڕووداوی کۆچی دوایی نووسەر و ئەو ڕێز لێگرتنەیان — کە لە سەرەوە باسم کرد، باشترین دەرفەت دەبوو بۆ ڕاگەیاندنی مەسەلەکە و هەرگیز دەرەتانی وایان لە دەست نەدەدا بۆ ئەوەی بەکورتیش بێت سووکە ئاماژەیەك بەو ئەمانەتەی لای خۆیان بکەن و هیوای بڵاوبوونەوەی دواڕۆژی بخوازن.
من بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر کەسێکی وەك مامۆستا هەژار- کە هەموو ماوەی تەمەنی بە خزمەتکردنی نیشتمان تێپەڕکرد و ئاوارەیی و تاڵ وسوێری زۆری لەسەر گەلەکەی چەشت، دوای مردن تاوانی وا بێ بەڵگەی بدرێتە پاڵ، داخوا دوای مردن چی بە سەر کەسایەتی خەڵکانی تر دێت و ئیتر کێ دەوێرێ بمرێت!
تۆمەتەکە، کاتێ زیاتر نابەجێ دەنوێنێت کە بزانین ئەو فەرهەنگە لە ڕاستیدا عەرەبی بە کوردی بووە و 'هەنبانە بۆرینە' کوردی بەکوردی- فارسییە. هەروەها کاتێ لە شێواز و ئوسلووبی گشتیی کاری مامۆستا هەژار وورد دەبینەوە کە لە بەرهەمەکانی دیکەیدا دەردەکەون، مەسەلەکە لامان سەمەرەتر دەنوێنێت:

١. لاپەڕە چل و حەوت تا حەفتا وسێی سەرەتای شەرەفنامەی تەرجەمەی هەژار تەرخانی ڕێزگرتن و ناوبردەکردنی ئەو کەسانەکراوە کە خۆی گوتەنی "... بۆ شەرەفنامە کوردییەکە بەهرەیان پێگەیەندووە" وتێیدا ناو و وێنە و دەستخەتی چەند مامۆستای وەك سەجادی و ڕۆژبەیانی بڵاو کراوەتەوە(٣)
٢. سەرەتای کتێبی "مێژووی ئەردەڵان"ەکەشی ئەم دێڕانەی تێدا نەخش کراوە: "... بۆ ئەم کارەش، لەم سەرچاوانەم هەڵێنجا"، پاشان ناوی شەش سەرچاوە هاتوون، کە بریتین لە کتێبی سمایلی مەلا محەممەد، خوسرەوبەگی ئەردەڵانی، مەستوورە خانم، ئایەتوڵڵا مەردۆخ، و پەراوێز و زنجیرە ووتارەکانی مامۆستا ڕۆژبەیانی (٤).
٣. هەروەها لە سەرەتای هەنبانە بۆرینەشدا ١٢ سەرچاوەی کار ڕاگەیێنراوە (٥).

جیا لە نووسینەکانی خۆی، واهەیە بەڵگەیەکی دیکەش کە بەرپەرچی تۆمەتەکەی مامۆستا جەمال دەداتەوە، ئەو یادداشتە بێت کە ڕێزدار 'محەممەد ماجد ڕۆحانی' لە پەراوێزی لاپەڕە بیست و نۆی سەرەتای هەنبانە بۆرینەدا نووسیویەتی. کاك ماجید هاوکار و یاریدەدەری مامۆستا هەژار بوو لە ڕەوتی پێکهێنانی فەرهەنگەکە دا و لە ڕاستیدا بەشی فارسی کتێبەکە

ئەو ئامادەی کرد، بەم پێیەش ڕۆژانە لە پەیوەندی کارەکە و چۆنیەتی پێشوەچوون و بەرپێوەچوونیدا بوو. کاك ماجید دەنووسێت:

"خودا هەڵناگرێ خوێنەری هێژا نەزانێ کە بەڕاستی کارێك مامۆستا [هەژار] لە بابەت ئەو کتێبە [هەنبانە بۆرینە] وە کردوویە، مەگەر بێتە فیلم و بە چاو ببینێ دەنا قەت لە نووسین نایەت...... جارێك تەلەفونم لێکرد، جوان قسەی پێ نەدەکرا و باش لە فەرمایشتەکانی نەدەگەیشتم. پرسیم قوربان نەخۆشییەکەت سەری هەڵداوەتەوە؟ فەرمووی نا، بەڵام دوو ڕۆژە نەنووستووم تا ئەو بەشە لە کارەکە (کاری فەرهەنگ) تەواو نەکەم و بۆتی نەنێرم خەوم لێ ناکەوێ.... شەوێك لەبەر کاری زۆر و شەکەتی و بێ خەوی حاڵی تێك چوبوو، لە بیمارستان چەند دوکتۆر کە دیتیان کوتیان دەبێ قەت خۆی ماندوو نەکا و شەو ورۆژ لە شەش سەعات زیاتر نەنووسێ و هەشت سەعات بنوێ. بەڵام ئەگەر هاتەوە ماڵ، زۆر شەوان تا بەیانی بەخەبەر دەبوو و کاری دەکرد. هەرچەندیش لێی دەپاڕاینەوە گوێی نەدەدا. لە ئاکامدا سوێندم بۆی خوارد ئەگەر شەوان لای کەم چوار سەعات نەنوێ، کارەکە [کاری فەرهەنگەکە] بە جێ بێڵم (٦).

من نامەوێت ئەو ئەگەرە بدەمە دواوە کە مامۆستا هەژار کەڵکی لە کارەکانی نەمر گیوی موکریانی وەرگرتبێت، بەگشتی کاری قامووس نووسین شتێك نییە کەسێك بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە کاری خەڵکانیتر بتوانێت بەرپێوەی ببات و هەموو ئەوانەی وا فەرهەنگێکیان نووسیوە سوودیان لە کاری پێشڕەوانی پێش خۆیان وەرگرتووە، بەڵام ئەو تۆمەتەی مامۆستا جەمال نەبەز نە لەگەڵ شێوازی کاری هەژار دێتەوە، نەلەگەڵ کەسایەتیەکەی و نە لەگەڵ بۆچوونەکانی کاك ماجیدی ڕۆحانی - هاوکار و ئامادەکاری دووهەمی فەرهەنگەکە. دوای هەموو ئەو شێروڕێوییەش، نەمر گیوی موکریانی بێکەس نییە و داشدارێکی وەك خاتوو کوردستانی هەیە، کە فەرهەنگی کوردستانی بۆ چاپ کردوە، بە سەردان چۆتە مەهاباد و لەوێ لە زۆر شوینی دیکەش ووتوویژی ڕۆژنامەوانی کردوە و هەرگیز لە هیچ سەرچاوەیەکدا شتی ئەوتۆی نەگوتووە.

شاعیری فارس 'خاقانی شیروانی' دەڵێ:

"ما بارگه دادیم، این رفت ستم برما
بر قصر ستمکاران تاخۆد چەرسد خذلان!"
(ئێمە دەرگانەی دادین، ئاوا ستەممان لێ چوو،

داخوا کاخی ستەمکار چۆن تووشی نشوستی بێت!)

---

بۆ نووسراوەکەی مامۆستا جەمال نەبەز، بڕوانە:
http://www.jemalnebez.com/sitebuildercontent/sitebuilderfiles/j_nebez_2010.pdf

١. "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەرگی پێنجەم، ساڵی ١٩٧٧ لاپەڕە ٤٣٥ تا ٤٣٦
٢. "شەرەفنامەی شەرەخانی بدلیسی"، هەژار کردوویە بە کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا ١٩٧٢ (یا ٣)، لاپەڕە چل وحەوت.
٣. "مێژووی ئەردەڵان"، لێکدانەوە و وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، چاپی تازە نگاە، تاران(؟) ٢٠٢، لاپەڕە ١١.
٤. هەژار، "هەنبانە بۆرینە - فرهنگ کردی – فارسی"، چاپی یەکەم، انتشارات سروش، تهران ١٩٩٠، (نوسخەی یەك بەرگی)، لاپەڕە سی وچوار.
٥. هەمان، لل. بیست و نۆ و سی.

## ٤٤

**دەللاکی بێکار!**

خەریکی ساغ کردنەوەی شیعرەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیم وبژاری ئەو هەموو هەڵە وپەڵەیە دەکەم وا تێی کەوتووندوێشەو مل ئێشەم گرتبوو هێندە بەلای چەپدا سەیری کتێبەکەم کردبوو و ڕاستەوخۆ لەسەر کەمپیوتەر نووسیبووم!

سەرنجی خاڵێکی گرنگم داوە: سەدا ٩٠ ی هێرشکارییەکانی شێخ بۆ سەر کەسایەتی کورد و خەڵکی شارەکانی کوردستانە، بەڵام کاتێ دەگاتە باسی 'نعت' و پێداهەڵگوتنی خەڵکان، نزیکەی سەدا ٧٠یان بۆغەیرەکوردن!

واهەیە ئەو خەسلەتی یەکتر پووچاندنەوەیە بۆ سەردەمی ژیانی عەشیرەیی شتێکی ئاسایی بوویێت، بەڵام ئەمڕۆ چی؟ ئەوەی وا هەندێ لە 'ماڵپەڕ' ە کوردییەکان بە کوردی دەکەن، ڕەگەزپەرستەکانی دراوسێمان پێمانی ناکەن! کوردین و کۆڵنەدەرا!

من ئەگەر سەردانی ئەو ماڵپەڕانە بکەم تووشی خەمۆکی دەبم.

لە سەر لقی دار دانیشتووین و بە مشار لەگیانی بەربووین!

"یکی بر سر دار و بن می برید
خداوند بستان نظر کرد و دید...." (سعدی)

## ٤٥

**سەمفۆنیای کوردی**

برادەرێکی خۆشەویستم دوای خوێندنەوەی بەشی ٣٢ ی ئەم وورده فەرمایشتانە و ئاواتەخواز بوونی من بۆ ئەوەی مۆسیقای کوردی ببێتە خاوەنی ئۆپێرا و سەمفۆنیا و بەرهەمی ئەمڕۆیی، ئەم چەند دێڕەی بۆ نووسیوم، سپاسی زۆری دەکەم:

"سەمفۆنی کوردیمان هەیە. یەکێك لەو کەسانەی کە کۆمەڵێك سەمفۆنی نووسیبوو، زیندەیاد 'قادر دیلان' بوو. ساڵی ١٩٨٨ پارتیتورەکانی(Partitur) هێنا بۆ ئاڵمان و لە سیمینارێکدا لە سەر قابلیەتەکانی موسیقای کوردی بۆ کردنی بە سەمفۆنی و کاری کلاسیك دووا. دواتر لە ساڵانی ١٩٩٦ بەولاوە زۆری حەول دا ئۆرکێسترێك پێك بێنێ، بۆ ئەوەش پەیتا پەیتا دەهات بۆ ئاڵمان، لە ئاڵمان و بلژیك کوردەکانی باکورر بەڵێنیان پێدابوو یارمەتی بدەن، بەڵام نە تەنیا یارمەتیان نەدا بەڵکوو یەکێك لە بەرهەمەکانیان بەلاش لە دەستی دەرهێنا و بە هەزارانیان لێ فرۆشت، ئەو کەسانەش کە دەوریان گرتبوو و خۆیان بە هونەرمەند دەزانی پاش مەرگی هەرچی نووسراوە و پارتیتوری هەبوو، بردیان بۆ خۆیان. قادر دیلان دوامانگەکانی ژیانی خۆی لە نەخۆشی و تەنیاییدا بردە سەر و لە پراگ دڵی لە لێدان وەستا. دیلان بەرپرسی بەشی موسیقای منداڵان لە ڕادیۆی پراگ بوو، بەڵام لە ناو کورددا........!؟"

## ٤٦

**شەهریار، خامنەیی و "حەیدەربابا"!**

هاوڕێیەکی بەڕێزم بابەتێکی لە ماڵپەڕێکی سەر بە حکوومەتی ئێران هەڵگرتبوو و بۆی ناردبووم. بابەتەکە بریتییە لە شیعرێکی محەممەد حوسەین شەهریار شاعیری ناوداری فارسی وێژی ئازەربایجانی.

'حەیدەربابایە سلام' واهەیە بەناوبانگترین شیعری شەهریار بێت کە بە تورکی گوتراوە و چەندجارێکیش کراوەتە کوردی؛ کاك حەسەنی ئەییووبزادە و منیش وەرگێڕاوێکیمان چەندساڵ پێش ئێستا بڵاو کردەوە.

ویدەچێت 'ئایەتوڵڵا خامنەیی' کە خۆی بە ڕەگەز تورکە و زمانی تورکیش دەزانێت، حەیدەربابای خوێندبێتەوە و هەواڵی ئەوەش گەیشتبێتە گوێی شەهریار؛ ئینجا ٢٣ ساڵێك پێش ئێستا ئەم شیعرەی بە شانازی هەواڵەکەوە گوتبێت و ناردبێتی بۆی، ئەویش کە لەم یەك دووساڵەی دوایی لەژێر گوشاری ڕولەزیادبوونی کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندایە بۆ زیادکردنی 'مەحبووبییەت' ی خۆی لە ڕێگەی هەواڵنێریی ڕەسمیی 'فارس' ەوە بڵاوی کردبێتەوە.
گەرچی شەهریار هەرگیز هەڵوێستێکی سیاسی قورس و قایمی نەبوو و پێشتر بە زوڵفی فەڕەحی پەهلەوی و ڕیشی ئایەتوڵڵا بەهەشتیشیدا هەڵگوتبوو، بەڵام هەرچۆنێك بێت، شیعرەکەی لە پەیوەندێکی خسووسیدا بۆ خامنەیی ناردووە و خۆی بڵاوی نەکردۆتەوە، هەربۆیەش بڵاوکرانەوەی لە کارێکی جوامێرانە ناچێت لەبەر ئەوەی شەهریار نەماوە و نەدەبوایە بازرگانی بە شیعرەکەی بکرێت.
هەرچۆنێك بێت، شیعرەکە بۆئەوە دەبێت جارێك بخوێنرێتەوە و بزانرێت دەسەڵات چ فاکتەرێکی گرنگە لە هونەردا و چۆن دەتوانی هونەرمەند چەواشە بکات و ڕاستییەکانی ژیانی لەبەرچاو لابەرێت.
ئەوە شیعرەکەیە بە سپاسی زۆری ئەو برادەرە خۆشەویستەمەوە:.
"خبرگزاري فارس شعر منتشر نشده‌اي از شهريار درباره رهبر انقلاب به همراه دست خط اين شاعر را منتشر مي‌كند.
اين شعر به همراه متن تقديمي شهريار به شرح زير است:
بر آستان والاي آيت الله خامنه‌اي رياست جمهوري اسلامي محبوب و امام جمعه بزرگوار تهران تقديم و توفيق روزافروز ايشان و امام امت و رزمندگان اسلام را شب و روز به دعا مسئلت مي‌نمايم.

رشگم آيد كه تو 'حيدر بابا'!
بوسي آن دست كه خود دست خداست

راستان دست چپ از وي بوسند
كه خدا بوسد از او دست براست

در امامت به نماز جمعه
صد هزارش بخدا دست دعاست

من بيان هنرم، يك دل و بس
او عيان هنر از سر تا پاست

او شب و روز براي اسلام
پاي پويا و زبان گوياست

او چه بازوي قوي و محكم
با امامي كه ره و رهبر ماست

شهريارا سري افراز به عرش
كو نگاهيش به (حيدربابا) ست

تبريز- دوازدهم ذي‌الحجه/ ١٤٠٧ هجري قمري مطابق هفدهم امرداد /١٣٦٦ شمسي
سيدمحمدحسين شهريار (در هشتاد و دو سالگي)")

**٤٧**

**بەرازەوانی!**

خەڵکی وولاتانی ئیسلامی گۆشت بەراز ناخۆن. ئەوە نەریتێکە لە ئایینی جوولەکەوە گەیشتۆتە موسوڵمانان و لە نێو هەردوولایاندا ڕەچاو دەکرێت.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ئایین تەنیا خواردنی گۆشتی بەرازی حەرام بکرایە و ئاژەڵدار بیانتوانیایە بەخێوی بکەن و بە دیانەکانی بفرۆشن، کاریان تووشی چ ڕەونەقێك دەهات!

مانگا و مەڕ و بزن ساڵانە گوێلکێك یا بەرخ و گیسکێك 'دەبینن' بەڵام بەراز دە و دوازدە بێچووی دەبێت. یەك بە دە قازانجمان دەکرد!

خەیاڵ کردن گوناح نییە!

**٤٨**

**جەژنی "ئۆمانیتە"و کورد**

ڕۆژنامەی 'ئومانیتە' – ئۆرگانی حزبی کومۆنیستی فەڕەنسە لە مانگی سپتەمبری هەموو ساڵێکدا لە پارکێك لە شاری پاریس جەژنێکی ٣ ڕۆژە بەڕیوەدەبات کە بۆنەیەکە بۆ کۆبوونەوە و چاو بەیەکتر کەوتن و قسە و باس و گۆڕینەوەی بیروڕای سیاسی و کۆمەلایەتی. لە جەژنەکەدا حزب و ڕێکخراوە چەپەکان هەرکام ڕەشماڵی خۆیان هەڵدەدەن، کتێب و ڕۆژنامە و شتومەکی دیکەی وەك جل وبەرگ و شتی دەسکار وخواردەمەنی و خواردنەوەی تێدا دەفرۆشن. لەو مانگەشدا یا لەبەر باران هەموولایەك دەبێتە قوڕوچڵپاو، یا ئەگەر هات و نەباری، لەبەر هاتوچۆی زۆری خەڵك چاو بە تۆزوخۆڵ کوێر دەبێت!
بەشێك لە شوێنەکە، ناوی 'گوندی جیهانی' لێنراوە و تەرخان کراوە بۆ ئەحزابی چەپ لە وولاتانی دیکە. لەوبەشەدا پێشتر حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران هەموو ساڵێك بەشدار دەبوو و لە بەر دەمی چادرەکە هەڵپەڕکێی کوردی قوولەی دەکرد، منیش ساڵێکیان لەوێ چەند سمم بە عەرزیدا دا!
بەلام پار، کە بەشداری جەژنەکە بووم، لە حزبی دیموکڕات نیشانەیەك نەمابوو و تەنیا چادری هاوبەشی یەك دوو ڕێکخراوەی کورد وتورکی تورکیام بینی، سێ تاقمی جیاوازی ئێرانییەکانیش لەوێ دایان کوتابوو. گوایە حزبی دیموکڕات دووسێ ساڵێکە بەشداریی جەژنەکە ناکات. چاك دەکات یا خراپ نازانم، بەلام پێم خۆش بوو جارێکی دیکەش لەو قوڕ وچڵپاوەدا بە گۆرانییەکی زێ زێ سێ پییەك بڕۆیشتایەم!
کورد دەرکەوێت باشترە تا خۆی بشارێتەوە.

## ٤٩

**سالوادۆرا**
لەم دواییانەدا کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی تازە بە ناوی "فارسی وان" سەری هەڵداوە و لە ناوخۆی ئێراندا عالەمەکەی هەموو بەخۆیەوە خەریك کردووە. بەرنامەی تەلەفیزیۆنەکە، تەنیا فیلمە و ڕۆژانە دووسێ جارێکیش دووپاتی دەکەنەوە. باڵ بە ئەستۆی ئەوانەی وا دیتوویانە، دەڵێن بەرنامەکانی هەو نین بەلام خەڵکەکە وەك پەروانە بەدەوریەوە دەگەڕێن!
ئەو حاڵەتە لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش پەیدا بووە و بەشێکی بەرچاوی خەڵك لەجیاتی تەلەفیزیۆنی حزبە کوردییەکان، سەیری "فارسی وان" دەکەن.

ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی ئەو واقیعە تاڵەیە کە سانسۆری مەلاکان لەمێژە تەلەفیزیۆنی ناوئێرانی بێ کەڵك وقێزەوەن کردووە و تەلەفیزیۆنە کوردییەکانیش یا بە سیاسەتی ڕەق وتەقەوە خەریکن یا گۆڕانی سەدان جار بیستراو لەگەڵ وێنەی چەند دار ودەوەن دادەنێن و خۆیان دەچنەوە ماڵێ!

## ٥٠

### وشەی ناکوردی

من بە حیسابی کاروباری ڕۆژانەی تەرجەمە، بە باشی تێدەگەم ودەزانم لە زمانی کوردیدا - وەك زۆر زمانی ناوچەکە، ووشە بۆ ئەو هەموو دیاردە نوێ زانستی و تەکنیکی و هونەرییە نییە کە وولاتانی ڕۆژئاوا هەیانە و ڕۆژانەش ڕووبەڕووی ئەو تەنگژەیە دەبمەوە.
بەڵام هیچ لەوە تێناگەم بۆچی هەندێك کەس چاو لە ووشەی ئامادە و پڕبەپێستی کوردی دەپۆشن و کەڵك لە بەرانبەرە فارسییەکانیان وەردەگرن.
خوا لەوکەسە هەڵنەگریت کە "بنەماڵە" ی کوردی وەلادەنێت و "خانوادە" ی فارسی لەشوێن دادەنێ؛ یا "مێرمنداڵ" ی کوردی قرت دەکات و "نەوجەوان" ی فارسی دەنێتە جێی؛ یا کەڵك لە "دەست بەسەر" ی کوردی وەرناگرێت و ووشەی نابەجێی "دەستگیر" ی فارسی دەکاتە جێگری، لە کاتێکدا 'دەستگیری' وەك دەسگرۆیی، لایەنی ئەرێ یی هەیە و واتای ئیجابی لێ وەردەگیرێت. بۆ نموونە، پیری دەستگیر بە شێخان و ڕێبەرانی تەریقەت دەگوترێت کە بە شێوەی مەجازی دەستی موریدەکانیان دەگرن و بەرەو تەریقەتی خواناسییان دەبەن.

## ٥١

### کۆچی دوایی 'مەرزیە'

13/10/2010 ئەمڕۆ "ئەشرەف السادات مرتضائی" (مەرزیە) - گۆرانی بێژی ناسراوی ئێرانی کۆچی دوایی کرد. گەرچی من لەو نەسلەم کە لەگەڵ گۆرانی دلکەش و مەرزیە گەورە بوون، بەڵام وەك تاکەکەس هەرگیز دەنگیم زۆر پێ خۆش نەبوە، تەنانەت کاتێ کە لە زیندانی تارانیش بووم و زۆرێك لە زیندانییەکان گۆرانی ئەویان دەگوتەوە، هەر نەبوومە هۆگری دەنگی. بەتایبەت کە دەیانگوت ئەو گۆرانییەی وا بە دووقۆڵی لەگەڵ 'عەبدولحوسەین

بەنان' دا گوتبوویان (بوی جوی مولیان آید همی)، لە ساڵانی ١٣٣٥ و ٣٦ دا بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کۆدیتای ٢٨ ی مورداد ی ١٣٣٢ و گەڕانەوەی شا بۆ سەرتەختی شایەتی گوتراوە. بەڵام یەك دیاردەی گرنگ لە ژیانی مەرزیە دا هەبوو، کە من خۆشم دەویست: لە ناو زۆرێك لەو هونەرمەند و گۆرانی بێژە ئێرانییانەدا کە دوابەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران ڕوویان لە هەندەران کرد، کەم بوون ئەوانەی وا نەکەوتنە شوێن ناو و پارە و ئیعتیاد، یاخود لە ئەمریکا دانەنیشتن و مۆسیقای بازاڕیی 'لوس ئانجلیسی' گوتن.
بەڵام مەرزیە یەك لەو دەگمەن هونەرمەندە خاوەن ئایدیۆلۆجییانە بوو کە هەتا مردن لەگەڵ 'موجاهیدینی خەلق' دا مایەوە و دژایەتی ڕێژیمی مەلاکانی ئێرانی کرد. دیارە ئێمەی کورد سیاسەتی موجاهیدینی خەلقمان ناوێت و ئەو جینایەتانەی ئەوان لەبیر ناکەین کە بە یارمەتی تانگ و تۆپی سەددام دەرحەق بە کوردی باشووریان کرد، بەڵام مەرزیە نە لە 'ئەرتەشی جاویدان' ی مەسعوودی ڕەجەوی دا بوو و نە دژایەتی کەسێك و گەلێك جگە لە ڕێژیمی ئێرانی کرد. ئەو هەڵوێستە سیاسییەی مەرزیە، بۆ ئێمەی کورد کە دەیان و سەدان هونەرمەندی پێشمەرگەمان هەیە و بووە، شتێکی سەمەرە نییە بەڵام مەرزیە لەناو هونەرمەندە ئێرانییەکانی دەرەوەی وولاتدا یەکەم گۆرانی بێژ بوو کە ڕێچکەی خەباتی هەڵبژارد و من بۆ ئەو هەڵوێستەی ڕێز لە خۆی و هونەرەکەی دەگرم.
دووهەواڵ سەبارەت بە مەرزیە:

١. مەرزیە یەکەم ژن بوو لە جیهانی ئیسلامدا کە 'بانگ' ی دا. بانگدان، پێشتر هەر کاری پیاوانی موسوڵمان بوو.
٢. لە کۆنسێرتێکدا کە مەرزیە ٧-٨ ساڵ پێش ئێستا لە "ئالبێرت هاڵ" ی لەندەن بەڕێوەی برد و موجاهیدین بۆیان ڕێك خستبوو، شاپەرستە ئێرانییەکان کە دژایەتی موجاهیدینی خەلق دەکەن، کوڕی مەرزیەیان دژ بە دایکی هان دا بە ناوی ئەوەی لایەنی موجاهیدینی گرتووە. ئەویش لە ناو هۆڵەکە ئاژاوەی نایەوە و سووکایەتی بە دایکی کرد. ئەوە دەردێکی گران بوو بۆ مەرزیەی هونەرمەند، بەڵام ئەو دەمیش و دواتریش بێدەنگی ڕەچاو کرد و هیچی نەگوت.

یادی بەخێر بێت!

## ٥٢

**تەسادوف یا ...؟**

13/10/10 ئەمڕۆ هەواڵی مەرگی کاك نەسروڵلا نەسر پارێزەری ناسراوی کورد و داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤی گەلێك لە زیندانیانی سیاسی کورد لە شاری سنە، بڵاو بووەوە. ڕووداوەکە، بەڕواڵەت بەهۆی پێکدادانی ترومبیلەوە ڕووی داوە، بەڵام زۆر سەرچاوەی کوردی کە کەسایەتی ئەویان دەناسی و ئاگاداری ئەو هەڕەشانە بوون کە پێشتر کاربەدەستانی سوپا و ئیتیلاعات لێیان کردبوو، لەسەر ئەو بڕوایەن کە کارەکە پیلانێك بووە و دەزگای ئاسایشی سوپا ڕێکی خستووە.

وەبیرم دێت کاتێ کە لە ساڵی ١٣٤٧ دا تەرمی "تەختی" پاڵەوانی ناودار و خەباتگێڕی ڕیزەکانی "جبهه ملی" ئێران بە مردوویی لە ژووری ئوتێلێکی نزیك بە مەرکەزی ساواك لە شەقامی تالەقانی ئێستای تاران دۆزرایەوە، ساواك ڕایگەیاند کە 'تەختی' خۆی کوشتووە، کەس باوەڕی بە هەواڵەکە نەکرد و خەڵك بۆ ناشتنی تەرمەکەی و چلەی مەرگی ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران. ئەودەم ڕۆژنامەی "توفیق" نووسی:

"تختی را خودکشی کردند!"

تۆ بڵێی ئەگەر ئێستا 'تەوفیق' یێك هەبوایە، نەینووسیایە: 'نصرالله نصر را تصادف کردند!"

یادی پارێزەری چەوساوەکانی کورد زیندوو بمێنێت.

**٥٣**

**حەمەجەزای نەمر**

09/10/2010 ئەمڕۆ پرسەی هونەرمەندی نەمر 'حەمەجەزا' یە لە لەندەن.

نازانم کێ پرسەکەی داناوە، بەلام هەندێك لام سەیر بوو بۆچی لە ناوەندی ئیسلامی ئەبرار؟ چ پەیوەندێك لە نێوان کەسایەتی ئەو و ئەوچەشنە ناوەندانەدا هەیە؟ کۆمەڵەی ڕەنجدەران لە کوێ و ئەبراری شیعەی عەرەب لە کوێ؟ دواتر، کە چوومە شوێنەکە، برادەرێکی خۆشەویستم گوتی شوێنمان دەست نەکەوتووە بۆیە هاتووینەتە ئێرە. وەڵامەکەیم قەبووڵ کرد. پرسەکە، لە ماوەی ئەو سەعاتەدا کە من لەوێ بووم، ئاسایی بوو، وەك ئەوەی دووکاندارێك مردبێت، قورئان خوێندنی مەلایەکی عەرەب، قاوەهێنانی عەرەبێکی تر بە تەقەتەق و لوورەلوور، خەڵکێکی بێدەنگ، ژنان لە پشتەوەی پیاوان! و چیتر بڵێم؟ برادەرەکەم بەڵام گوتی دواتر ووتار دان دەبێت و دەنگ و ڕەنگی هونەرمەندیش پیشان دەدرێت. ئەو قسەیە هەندێك پشووی حەساندمەوە و بەوەش گەلێك شادمان بووم کە برادەرەکەم گوتی بەرنامەیەکی ڕێزگرتن – نەك تەعزیە، بۆ چلەی مەرگی دادەنرێت.

ئێمە قەرزداری حەمەجەزاین. حەمەجەزا و تایەر تەوفیق و شوانپەروەر و ماملێ و ڕەزازی و هەندێکی تر لە هونەرمەندەکانمان دەوری بەرچاویان بووە وهەیە لە زیندووڕاگرتنی سکڵی ژێر ژیلەمۆی خەباتی نەتەوایەتیدا. کارتێکەریی 'شیرین بەهارە' ی تایەرتەوفیق لە بەرزڕاگرتنی ورەی شۆڕشگێڕیی نەوەی دوای شۆڕشی ئەیلوول، واهەیە بە تەنیایی بەرانبەر دابنرێت لەگەڵ دەوری تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ماڵپەڕە حزبییەکانی ئێستامان بەسەریەکەوە! ئەوانە کەسایەتی ئەفسانەیی هونەری کوردین.

حەمەجەزای خەباتکار:

http://www.youtube.com/watch?v=ClL-qqlm6ig&feature=related

حەمەجەزای هونەرمەند:

http://www.youtube.com/watch?v=pDK4e1N_SQs&NR=1

حەمەجەزا ئامێتەیەك بوو لەودوو خەسلەتە. یادی بەخێر بێت!

٥٤

**کوجا بەر کوجا!**

8/10/2010 ئەمڕۆ نەناسراوێك بە ئیمەیل لینکێکی بۆ ناردم کە بریتی بوو لەفیلمی ئیعدامی سێ کەس لە بەلووچستانی ئێران. ماوەیەکی کەم لە فیلمەکەم بینی و سەیری ئازایەتی و بەجەرگیی ئیعدامییەکان و شەلاتیی و نامرۆڤایەتی پاسدار و بەسیجییەکانی ئێرانم لە کاتی جنێودان و سووکایەتی کردن بەو هەژارانە کرد. ئازایەتی ئیعدامییەکان بە ڕادەیەکە بە شەق یەك لە پاسدارەکان لە سەر سەکۆی ئیعدام دەخەنە خوارەوە.

نەمتوانی هەموو فیلمەکە و شانۆی کووژرانی قوربانییەکان سەیر بکەم. تەنیا گوێم لە دەنگی پاسدارێکی بێ ویژدان دەبوو کە هاواری "اللّٰه اکبر" و "مرگ بر وهابی" یەکەی گوێی ئازار دەدام. لە ئێرانی مەلاکاندا، بانگی "الله اکبر"بەرانبەرە لەگەڵ ئیعدام و خوێنڕشتن و بێعەداڵەتی و پێشێلکردنی ماف.

ئەوە لینکی شانۆی ئیعدامەکەیە. من لەخۆم ڕانەدی سەیری هەموو فیلمەکە بکەم. تکایە ئێوەش مەیکەن؛ من تەنیا وەك بەڵگەیەك بۆ قسەکانم هێناومەتەوە:

http://taftana.blogspot.com/2010/10/blog-post_06.html

هەر ئەمڕۆ بە هەڵکەوت لە ڕۆژنامەیەکی چاپی لەندەندا هەواڵێکم سەبارەت بە "ئوسقوفی کانتربێری"خوێندەوە، کە بۆ پەیڕەوانی مەسیحییەتی ئەنجلیکەن کەسایەتییەکە وەك پاپی کاثۆلیکەکان. کەسێك بەو پلە وپایەوە چۆتە کۆبوونەوەی زەردەشتییەکانی دانیشتووی لەندەن

کە ژمارەیان یەکجار کەمە و لە "یارمەتی و باربووی مەعنەوی ئەوان بۆ کۆمەڵگای بریتانیا" دواوە.
ئەوە هەڵس وکەوتی ڕۆژئاوایی "کافر!" ە لەگەڵ خەڵکانی غەیرەدینی خۆیان و ئەوەش هەڵوێستی مەلای "موسوڵدان" لەگەڵ موسوڵمانی وەهابی و ئەهلی حەق و دەرویشی خانەقانشینی وولاتەکەی خۆی، ئیتر بەهایی و جوولەکە و مەسیحی هەژار بە ڕیشی مبارەکی ئەو حوججەتولئیسلامانە دەبەخشین - کە برادەرێکمان پێیان دەڵێ "حوججەتولئەحشام"!
وێنە و بابەتەکە لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:
Harrow Times, 07/10/2010, page 8

**٥٥**

**کتێبی تازە**

'قانیعی فەرد' و 'پەژمان' پێکەوە بۆ کورد دەخوێنن!
هەواڵی بڵاوبوونەوەی کتێبی تازەی عیرفان قانیعی فەردم لە ماڵپەڕێکی فارسیدا خوێندەوە. کتێبەکە ووتووێژە لەگەڵ سەرهەنگی پەککەوتووی ساواکی پێشوو- عیسا پەژمان، سەبارەت بە کێشەی کورد و 'خزمەت' ەکانی ئەو مامۆستایە بە کورد لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا. قانیعی فەرد لەو بابەتە چەنددێڕییەدا کە سەبارەت بە کتێبەکەی نووسیوە، پەژمانی بە کوڕی عەبدوڵلا و لەدایکبووی شاری سنە ناساندووە. دیارە ئەوەی کە دەڵی پەژمان خەڵکی سنەیە، بەو ئامانجە بووە کە خوێنەران بزانن کابرا کورد گوتەنی جل خوارێکی کوردە و عەجەم نییە، بەڵام نەمزانی ناوی عەبدوڵلای باوکی بۆچی هێنابوو، مەگەر بۆ ئەوەی بڵێ موسوڵمانە و جوو نییە!
قانیعی فەرد ئەم کتێبە تازەیەی بەهەڵکەوت نەنووسیوە و بەهەڵکەوتیش عیسا پەژمان ی نەدۆزیوەتەوە. پەژمان خاوەنی ڕۆحێکی خۆ بەزل زان و فارس گوتەنی 'دایی جان ناپلیۆنی' یە کە دەیەوێت سەری لەناو سەراندا بێت، بە زل بزانرێت و بە پارێزگاری یەکپارچەیی خاکی ئێران لە دەست کوردی جیاوازیخواز ناو دەربکات. ئەو خەسلەتانە بە باشی لە قانیعی فەردیشدا بەدی دەکرێن. کەسانێك کە کتێبەکانی پەژمانیان خوێندبێتەوە و سەرنجیان دابێتە سایکۆلۆجی نووسەرەکەی، بە باشی دەزانن ئەو ڕۆح و هەستە چۆن ساڵ بەساڵ پەرەی سەندووە و گەورە بۆتەوە، تا لە ئەنجامدا نووسەر لە ساواکییەکی ساکاری پلە بیستە و سییەوە خۆی کردۆتە ڕاوێژکاری گەورەی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی و لە کتێبەکانی دواییدا وای نواندووە کە

سیاسەتی شا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر ڕووناکایی بیری تیژی ئەودا دارژاوە و کۆدیتای دژی قاسم و عارف لە عیراق و پەیمانی ئەلجەزایر و هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول، هەمووی لەژێر سەرینی ئەودابوون؛ حەمەڕەزاشاش، بە ڕاوێژ و 'سفارش' ی ئەو نەبوویێت بڕیاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە تایبەت لەمەڕ عیراقی نەداوە.

واقیع ئەوەیە پەژمان دوای هەموو جل خوارییەکی سەردەمی لاویەتی، ئێستا بە سەری پیرییەوە تووشی ماخولیا بووە و خۆی لە شوێنی ڕزگارکەری ئێران و دابینکەری یەکپارچەیی وولاتەکە لە هەڕەشەی 'کوردی عەشیرەت و دواکەوتوو' دەبینێت. وەك لە بیرەوەرییەکانیشیدا دەردەکەوێت، دۆستی دەفتەری سیاسی و دوژمنی بارزانی "سەرەڕۆ، عەشیرەت و حزب نەناس" بووە - تاوانێك کە تەنانەت کەسێکی وەك کیسنجر نەیداوەتە پاڵ بارزانی و سەرەڕای هەموو ڕق وکینێکی لەبن نەهاتوو، بە 'قارەمان' ێکی ناوبردووە، کە سات و سەوداکردن لەگەڵی ئەستەم بووە. (١)

ئێستا، دوای ٣٥ساڵ، قانیعی فەرد بە هەمان گەز و ڕەی ئەوی دەپێوێت و ئەگەر وا بڕواتە پێشێ، کاتێ دەگاتە تەمەنی ئێستای پەژمان، هیچ پلە وپایەیەکی ناوخۆی کوردستان و ئێرانی بەش ناکات و ناچار دەبێ ببێتە سەرەك کۆماری هەموو جیهان و لە ئاسمانی حەوتەمینەوە کاروباری سیاسی وولاتانی جیهان ڕاستە وپێستە بکات! ئەو نەخۆشییە دەروونییە لە گەلێك قسە و بۆچوونیدا دەردەکەوێت، بۆنموونە، کاتێ کە دەڵێ لە ماوەی مانەوەیدا لە ئەمریکا (کە واهەیە نەگاتە یەك دوو ساڵ)، هەشت هەزار بەڵگەنامەی نهێنی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکای خوێندۆتەوە و لە کتێب و نووسراوەکانیدا کەڵکی لێ وەرگرتوون — کارێك کە ئەگەر کەسێك بتوانێ لە هەموو ماوەی تەمەنی ئاسایی خۆیدا بیکات، دەبێ میداڵیای جیهانیی توێژینەوەی لەمل بکرێت!

هێڵی فیکریی قانیعی فەرد- بە بۆچوونی من تێکەڵاوێکە لە چەند دیاردەی سەمەرە، کە گرێ خواردنیان لە ناخی یەك تاکەکەسدا، کەسایەتییەکی 'ووشتر - گا- پڵینگ' دەخوڵقێنێت و ئێمە ئەو ڕاستییە لە خۆهەڵکێشی و خۆدەردخەری و دیعایەی بێ مەنتیقی ئەودا بە ڕوونی دەبینین.

دیاردەکان بە بۆچوونی من ئەمانەن:

یەکەم، بیری سیاسی — کۆمەلایەتی ' ستالینی'، کە خۆی لە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی بچووك (٢) دا دەنوێنێت و بەگوێرەی ئەو، ناسیۆنالیزمی 'گەلانی بچووك' شوێنێکی لەبارە بۆ نفووزی سیاسی ئەمپریالیستەکان. ئەو بیرۆکەیە لە پەیوەندی گەلی کورد دا، بە ووتارێکی لاهووتی کرماشانی بەناوی 'کورد وکوردستان' دەستی پێ کرد، کە

لە سۆڤیەتی دوای مردنی لێنین، واتە لە ساڵی **١٩٢٣** دا چاپ کرا و لە سەردەمی ستالین لە ڕێگەی 'ئەحزابی بەرادەر' ەوە وەرگەڕایە سەر زمانی گەلانی جیاوازی جیهان و بوو بە پەیڕەوێك بۆ حزبە کومۆنیستییەکانی دەوروبەری یەکیەتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە، زوربەی ئەو حزبانەش لە هەڵسەنگاندنی پرسی کورد دا ناوەرۆکی ئەو ووتارەیان ڕەچاو دەکرد.(٣) 'ئەحزابی بەرادەر' لە ناوچەکەش هەمان بیرۆکەیان وەرگرت و تا سەر بەو ڕێچکەیەدا ڕۆیشتن و بەو چاویلکەیە سەیری پرسی کوردیان کرد.

دووهەم، دژایەتی کردنی عەشیرەتە کوردەکان و سەرۆکەکانیان، بە ناوی ئەوەی ئەنستیتوتێکی دواکەوتووی کۆمەڵگا و ڕێگری پێشکەوتن و پەرەسەندنی خەڵکن و بەو بۆنەیەوە دەبێ لەقاو بدرێن و لەناو ببرێن. ئەم بیرۆکەیەش بەشێوەیەك، درێژەی هەمان بیری ستالینییە و دژایەتی کردنی پارتی دیموکڕاتی کوردستانی باشوور و حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران و بەشان و باڵێ 'دەفتەری سیاسی' کۆن و یەکیەتی نیشتمانی تازەتردا هەڵگوتن لەو گۆشەنیگایەوەیە دەکرێت.(٤) هەندێك دەست بەقەڵەمی ئێرانیش خۆ لەوە دەپارێزن بەڕاشکاوی بڵێن کورد بەگشتی گەلێکی دواکەوتووە، جا هەر ئەو زاراوەیە بەکار دێن، لە کاتێکدا نیازیان لە عەشیرەت، گەلی کورد و لە سەرۆك عەشیرەتیش ڕێبەرانی سیاسی کوردە بەگشتی!

سێهەم، کەسایەتی خۆ بەزل زان و پاڵەوان پەممەیی و 'دایی جان ناپلیۆنی' نووسەر، کە دەیەوێت بەهەرشێوەیەك هەیە خۆی دەربخات و ئێرانییەکان بە پسپۆڕ و شارەزای مەسەلەی کورد و خوێندکاری زانستگەی هاروارد و 'دوکتۆرا' ی عیلمی سیاسەتی بناسن و وەك کەسێك چاوی لێ بکەن کە لە ئۆفیسی موحسین ڕەزائی یەوە تا ناوچەی سەوزی بەغدا و دەفتەری سەرەك کۆماری عیراق و شوێنی ژیانی هێنری کیسینجر، دەستی بە هەموو هەردێك رادەگات و ماڵی ڕێبەرانی هەرێمی کوردستان پێشخانەی خۆیەتی- بەکورتی، دێوی ناو ئەفسانەکانە، کە دوژمنانی کورد هەرکاتێك و لە هەرکوێ موویەکی هەڵپرووزێنن، دەستەونەزەر سەردەردێنێ و کاری کەس نەکردەی وەك چەواشە کردنی خەڵك و بەراوەژووکردنی مێژووی کوردیان بۆ جێ بەجێ دەکات. یەك لەو کارە سەمەرانەش، بە گوێرەی خۆی، ئەوەیە بەڵگەی نهێنی کەس نەدیتووی سیا و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای سەبارەت بەکورد دۆزیوەتەوە' خوێندوونیەتەوە، هەڵیسەنگاندوون و بە ناوی ژیننامەی مام جەلالەوە بلاوی کردوونەتەوە (٥) - مام جەلالێك کە ماوەی سی ساڵی تەمەنی خۆی لە پشت بەرد و ناوئەشکەوتی چیاکانی کوردستان تێپەڕ کردووە و لە دیتنی گوندێکی کوردستانیش بێ بەش بووە چ بگات بە بەشداریی لە سیاسەتی نێونەتەوەیی و جیهانی.

چوارەم، زمان لووسی و خۆڕێکخەری و دەریۆزەگەری و سەربەماڵی چاك وخراپداکردن بۆ گردەکۆیی زانیاری و بەڵگە، ئەویش نەك بە شێواز و ڕادەی لێکۆڵەرێکی تێگەیشتووی بەئەزموون، بەڵکوو لەگوێن جاسووسێکی خەبەردز و نهێنی کار، کە ئەوانەی وا چاویان پێی کەوتووە هەموو لەسەر یەك حاڵەتی هاودەنگن: هەڵس وکەوتی شێوە جاسووسانە و هەڵگرتن و بردنی بەڵگەنامە و بابەتی شەخسی و خۆمانەی خەڵك. ئەم کارەی بە تایبەت لە باشووری کوردستان بە باشی بۆ چۆتە سەر لەبەر ئەوەی هەر ئێستا کەسانێکی کۆنە ساواکی و گومانلێکراوی زۆر لەوێ و بە تایبەت لە سلێمانی دەژین کە لە ئێران بە باشی ناسراون و ڕێزێکیان لای خەڵك نییە، بەڵام لە کوردستان بە ناوی 'مامۆستا' فلان و 'دوکتۆر' فیسار' ەوە خەریکی جاسووسی کردن لەسەر کوردن و هەموویان لە هاتوچۆی کوردستانی قانیعی فەرد دا هاونشین و هاودەمی بوون و هەر ئێستاش بە ئیمەیل و تەلەفون لەگەڵی لەپەیوەندان.
ئامێتەبوونی ئەو چوار دیاردە سەمەرەیە، بوونەوەرێکی خوڵقاندووە کە لە یەك دوو ساڵی ڕابردوودا ئاژاوەیەکی فیکری لە کۆمەڵگای سیاسیی کوردستاندا ناوەتەوە و لای هەندێك بێگانەی وەك تەلەفیزیۆنی فارسی دەنگی ئەمریکا، کردوویەتە پسپۆڕی پرسی کورد، لە ئیتیلاعاتی سوپای پاسدارانی ئێرانیش وەك عامیلێکی نفووزی ناو لایەنە سیاسییە کوردییەکان کەڵکی لێوەر دەگیرێت و کارهاسانیی هاتوچۆ و بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونەکانی بۆدەکرێت. هەر لەو بوارەشدایە کە ئیجازەی چوونە ناو عیراق و هەرێمی کوردستان و ئەمریکا و ئوروپا و گەڕانەوەی ناوخۆی ئێران و بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی پێ دەدرێت - دەرەتانێك کە ئەگەر توێژینەر و نووسەری ئاسایی ناو ئێران سەدا یەکی ئەوەیان پێ بدرێت کڵاویان دەخەنە حەوا و دەیگرنەوە!
یەکیەتی نیشتمانیش، کە لەدەسەلاتی کوردستاندا لەگەڵ پارتی دیموکڕاتی کوردستان هاوبەشە و نایەوێت ڕاستەوخۆ هێرش بکاتە سەریان، مار بەدەستی دوژمن دەگرێت، واتە دوکتۆر کەماڵ فوئاد و نازم عومەر (بەرپرسی دەفتەری تارانی یەکیەتی نیشتمانی)، دەرەتانی ئەوەی بۆ دەخوڵقێنن کە بە خەرج و پیتاکی ئەوان و لەسەر گیرفانی گەلی کورد بە هەموو کوردستاندا تەراتێن بکات، لە باشترین ئوتێل ڕابگیرێت و زیاد لە ٥٠ ووتوویژ لەگەڵ کەسایەتییە سیاسییە کوردەکان بەڕیوە ببات، ئینجا کارهاسانی هاتوچۆی ئوروپا و ئەمریکای بۆبکەن و بە کەسانی وەك کیسنجر ی بناسێنن و مەوعید و کاتی چاوپێکەوتنی بۆ وەربگرن، تا لە ئەنجامدا کتێبێك بەناوی 'بیرەوەرییەکانی مام جالال تاڵەبانی' یەوە بڵاو بکاتەوە - کە هەموو شت هەیە جگە لە بیرەوەریی مام جەلال! لە کۆتاییشدا کتێبەکە بە خەرجی ئەوان لە ناوخۆی ئێران چاپ و بەچەند زمان تەرجەمە بکریت، بۆچی؟ تەنیا بۆ ئەوەی دژایەتی بارزانی

دەکات و تۆمەت بۆ خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵدەبەستێت. من کە ئەو قسانە دەکەم، نە دۆستی پارتی دیموکراتم و نە دوژمنی یەکیەتی نیشتمانی، تەبایی و پێکەوەژیان و هاوشانی و هاوسەنگەریشیان جێگەی شانازیمە. بەڵام نامەوێت چەند تاکەکەس بە ڕاست یا بە هەڵخەڵەتاوی کارێك بکەن کە ببنە دارەدەستی دوژمن و ئاگری دووبەرەکی و کارەساتەکانی دەیەی نەوەد دووپات بکەنەوە. مردن بۆمن شانازی زیاتری تێدایە تا لایەنگریی تاقم و حزبێك دژ بە تاقم و حزبێکی دیکەی کوردی. ئەوەندەش کە لە ناو یەکیەتیدا دۆست و ناسیاوم هەن نیوهێندەی ئەوم لە ناو پارتیدا نییە، هەربۆیەش قسەی حەق و ڕەقم نابێ بە لایەنگری یا دژایەتی حزبەکان وەربگیرێت.

****

لە کۆتاییدا دەڵێم من، کە کتێبەکانی پەژمانم خوێندۆتەوە و شارەزای ناوەرۆکیانم، چاوەڕوانم کتێبی قوتابیەکەشی ببینم و بزانم چەندی پەند لە 'قەل' ی مامۆستای وەرگرتووە و دەندووکی لە سەرانگوێلکی نۆکەرایەتی بێگانانْدا چەندە قووڵتر لە مامۆستاکەی چۆتە خوارەوە.

چۆمی خەباتی کورد چەقەڵی کەمی بەخۆیەوە نەدیتووە، کورد سەلماندوویەتی کە دەتوانێت سەد قەل بە بەردێك هەڵفڕێنێت!

"بەڵام کاکە! سەری کووپە سلامەت
ئەگەر هات و شکا چەند ئیستیکانێك
گەلە و ڕەنج و خەبات و ئیستیقامەت
ئەگەرکوو ڕێگە وون کا ڕێ نەزانێك"

---

پەراوێز:

١. بڕوانە: هێنری کیسنجر، "تراجیدیای کوردان - سالانی نوێکردنەوە" بەرگی سێهەمی بیرەوەرییەکان، ل. ٥٧٦ تا ٥٩٦ (ئینگلیزی). من چەندساڵ پێش ئێستا وەرگێڕاوە کوردییەکەیم بلاو کردەوە.

٢. دیارە دەبێ نیاز لەو زاراوەیە، گەلانێك بێت کە بە ژمارە کەمن.

بۆ وەرگێڕاوە کوردییەکەی، بڕوانە: ئەبولقاسم لاهوتی کرماشانی، "کورد و کوردستان"، وەرگێڕانی دوکتۆر جەبار قادر، هۆلەندا، ١٩٩٨. چاپی دووهەمی وەرگێڕاوە کوردییەکە لە کتێبی "لاهووتی کرماشانی شاعیری شۆڕشگێڕی کورد" دا بلاو بۆتەوە کە نووسراوەیەکی منە و بنکەی ژینی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بلاوی کردۆتەوە. شوێنێکی دیکە بۆ دەرکەوتنی ئەو بیرە چەواشەیە لەم سالانەی

دواییدا، سەرەتای هەندێك لە کتێبە تەرجەمەکراوەکانی کاك 'ئیبراهیم یۆنسی' ن کە بە داخەوە بوونەتە پیشانگایەکی هەمیشەیی بۆ کوتان و لێدانی ڕێبەرانی بزاڤی نەتەوایەتی کورد و لە پێش هەموویاندا بارزانی. بنەمای هەڵوێست گرتنی 'دۆن کیشۆت' انەی یۆنسیش، هەر دژایەتییەتی لەگەڵ عەشیرەت و سەرەك هۆزە. حیکایەت لێرەشدا دووپات دەبێتەوە. ئاشکرایە مامۆستا یۆنسی، وەك کەسایەتی خۆی، دیاردەیەکی سەداسەد جیاوازە لە پەژمان و قانیعی فەرد و سەرەڕای ئەو چەواشەکارییە فیکرییانە، دڵسۆزی گەل و نیشتمانەکەمانە. نۆکەر و خۆفرۆشان ڕایان ناکەوێت پێڵاویش بۆ یۆنسی جووت بکەن. هیوای ساغیەتی و چاك بوونەوەی خێرا بۆ مامۆستا یۆنسی بۆ دەخوازم.

٣. دیاردەیەك، کە هەندێك جار ساواکی و 'چۆخ بەختیار' ە بێدەردە شاپەرستەکان لەگەڵ تاقمی دیاریکراوی بێ ئەزموونی ناو بزووتنەوەی چەپی پێشکەوتنخواز دەخاتە یەك سەنگەرەوە و لە دژایەتی کردنی بزاڤی نیشتمانی گەلی کورد دا هاوهەنگاویان دەکات.

٤. سەمەرە ئەوەیە، بە گوێرەی هەڵوێست گرتنەکانی ئەو، لەو هەموو ئەو هەشت هەزار بەڵگەیەدا تەنانەت یەکیان نییە دژ بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد و ڕێبەرەکان نەبن، کە ئەو بتوانێ سووکە ئاماژەیەکیان پێ بکات!

## ٥٦

## جینایەتی "میللی- مەزهەبی" یەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان 'جەلایی پوور' و ٥٩ شۆڕەلاوەکەی مەهاباد

ساڵی ١٣٦٢ کە 'حەمید ڕەزا جەلایی پوور' فەرمانداری مەهاباد بوو، ٥٩ لاوی بێ تاوانی ١٤ ساڵ بەرەوژووری شارەکە، گیران و بێ سەروشوێن کران.

باوك وکەس وکاری لاوەکان لە سوپای پاسدارانی مەهابادەوە تادەفتەری خومەینی، سەریان بە هەموو قوژبنێکی ئێراندا کرد وهەموو شوێنێکیان ڕاوکرد بۆ ئەوەی شوێنی عەزیزانیان هەڵبگرن، کەس وەڵامی نەدانەوە تا ئەوەی لە دەفتەری ئایەتوڵلا مونتەزیری — کە ئەودەم 'نایبی وەلی فەقیە' بوو، ڕاستییە تاڵەکەیان درکاند: هەموویان لە تەورێز ئیعدام کراون! شارێکی بچووکی وەك مەهاباد بووە ئازیەتباری ٥٩ لاوی تازە پێگەیشتوو.

دڵی بەرد بوو بەئاو و ئاوی چاوان بوو بە بەرد؛ بەلام حەمید ڕەزا جەلایی پوور- فەرمانداری ئەودەمی شار، تەنیا بزەی سمێڵی هات.

ئەمساڵ 'محەممەدڕەزا' ی کوڕی ئەو 'جەلایی پوور' ە، کە بۆتە لایەنگری 'ئیسلاحات'! لە فرۆکەخانەی تاران گیرا و بۆ ماوەیەکی کورت لە زینداندا مایەوە. باوکەکە چی نەکرد و چی نەگوت و چی نەنووسی تا کوڕەکەی لە زیندان هێنایە دەرێ!

"اگر دستم رسد برچرخ گردون / از او پرسم که این چونست و آن چون؟ "

سەیرێکی ئەم هەواڵە بکەن کە ساڵی ٢٠٠٧ لە ماڵپەڕی 'پێشمەرگەکان' دا بڵاو بۆتەوە و بزانن حاڵی ڕۆڵەی کورد بەدەست ئەو 'میللی – مەزهەبی' یانەی لایەنگری 'ئیسلاحات' ەوە چۆنە و کێ 'ئیتیلاعاتی' یە و کێ 'ئیسلاحاتی'!
http://www.peshmergekan.com/index_a.php?id=388
سەیری ئەم ڕاگەیاندنەش بکەن کە ڕێکخراوەیەکی نێونەتەوەیی بڵاوی کردۆتەوە وتێیدا دەوری جەلایی پوور،میرحوسەینی مووسەوی، ناتیقی نووری، مووسەوی تەبریزی و مەلا حەسەنی ورمێی لەو جینایەتە مەزنەدا دەرخستووە و ناوی هەموو ٥٩ شەهیدەکانیشی ڕاگەیاندووە.
قاتڵێکی وەك جەلایی پوور ئێستا مامۆستای زانکۆیە و لەدوارۆژدا دوور نیە ببێتە کاندیدی وەزارەت و سەرەك کۆماریش! بۆئەوانەی بوونە سەرەك کۆمار، وانەبوون ؟
http://www.andaryari.com/print.php?news.40
یادی ٥٩ شەهیدە گۆڕ- وونبووەکانمان پیرۆز بێت.

**٥٧**

### گوندی شەهید

بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی 'ئاسۆسات' م بینی سەبارەت بە گوندی "نییەر" لە دەوروبەری شاری سنە. لەبەرنامەکەدا باسی ٥٧ شەهیدی گوندەکە بە دەست کۆماری مەلاکانی ئێرانەوە دەکرا. وێنەی گوندەکەشیان کە پیشان دەدا، وێ نەدەچوو لە ٥٧ ماڵی زیاتر لێبێت!
فیلمەکە قسەی بنەماڵەیەکی تایبەت لە گوندەکە دەکرد بە ناوی "مینبەری" و ناوی شەهیدەکانیان دەبرا، نەمزانی چەند، بەڵام خۆی لە ٦ و٧ کەس دەدا.

دایکانی شەهیدەکان! ڕێزتان لێدەگرین و سەرتان بۆ دادەنەوێنین.
"نیەر" پەیکەری خەبات و ڕاسان و ڕاپەڕینە. "نیەر" بۆ ئەوە دەبێت ببێتە بنەمای دەیان شاکاری هونەری. شاعیران لە کوێن؟ وێنەگەر و وێنەگر و سینەماکار و شانۆگەر لەکوێن؟ گۆرانی بێژ و بەیت وێژی کورد لەکوێن؟
بۆ ناوی منداڵەکانمان نەنێین "نیەر"؟
"دمدم" کۆن بووە، با لە "نیەر" بدوێین!

## ٥٨

**بەوە دەڵێن شیعر!**

مەلا عیسامەددینی شەفیعی، کوڕی مەلاشەفیع و باوکی مەلا ئەبوبەکر و باپیرەی نەمر دوکتۆر جەعفەری شەفیعییە، لە گوندی عەمباری باکووری ڕۆژئاوای بۆکانەوە هاتبوە بۆکان و ببوە پێش نوێژی مزگەوتی جامیعی شارەکە. ماڵی لە ژوور مزگەوتی جامیعی بۆکان و نزیك قەڵای سەردار بوو.*

مەلا شەفیع شاعیرێکی بە توانا بووە. ئەم فەردەشیعرەیم لە کتێبی 'پاشەرۆك' ی مامۆستا هێمندا بینی. سەیری جوانییەکەی بکەن:

لێوی لەعلی جنێوی دابوو بە من
قینی بنیادەمە، منیش گەستم!
هێمن، "هەواری خاڵی"، ب. ٢، ل.٩٨

---

* ماڵی نەمر هەژاری موکریانی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کەوتبووە نێوان ماڵی مەلاشەفیع و مزگەوتی جامیع، تەنیشت ماڵی ساڵەخانی نەسیری. ئەو خانووبەرەیە ئێستا نەماوە و شوێنەکەی بۆتە ماڵی حاجی سەعیدی موبارەکی.

## ٥٩

**ئیمەیل و تێکست نووسین بە فارسی!**

کارتێکەریی سیاسەتی ٨٠ ساڵەی ڕژیمەکانی ئێران لە پێناو بەربەست کردنی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماك ئێستا گەیشتۆتە ئاکامێکی ترسێنەر. لە تورکیاش هەروایە. خەڵکەکە ـ بە تایبەت لاوان و منداڵان، وا بە زمانی داگیرکەران ڕاهاتوون، کە قسەکردن و بە تایبەت نووسین بە زمانی کوردییان بۆ بۆتە شتێکی ئەستەم و ناشیرین و نەعاملاو.

جاران، ئەوە مەئموورانی سانسۆر و ساواك و سەرکوت بوون کە ئیجازەیان نەدەدا کەس بە کوردی بنووسێت، بەڵام ئێستا کە شۆڕشی تەکنۆلۆجی و پەیوەندییەکان کارێکی کردووە هەمووان بتوانن لە کۆمپیوتەری شەخسی یا تەلەفونی مۆبایلەوە ئیمەیل و تێکست بۆ کەسانیتر بنێرن، ئەمجار خۆمان نامانەوێت بە کوردی بنووسین! تەنانەت دوو خوشك و برا یاخود کەس وکار و دۆست و برادەری نزیك کە بەکوردی لەگەڵ یەکدا قسە دەکەن، کاتێ ئیمەیل یا تێکست بۆ یەکتر دەنێرن، بە فارسی دەینووسن. وەك ئەوەی پیتی لاتینی سەر مۆبایل و کومپیوتەر بە کەڵکی کوردی نووسین نەیەت، یا دەزگاکان بە کوردی نووسین تێك بچن!
حاجی قادر لەکوێی بڵێی:

"حەیفە بۆ تۆ کە نەسلی کوردانی
حورمەتی ئاو و خاك نازانی
کاغەزت بێ بە تورکی دەینووسی
یا زمانی زەبوونی ئێرانی"

گەرچی واهەیە بۆ ئەو سیفەتەی وا دراوەتە پاڵ زمانی گەلێکی تر، لەگەڵ حاجیدا نەبم.

## ٦٠

**بێ شرۆڤە!**

ئەم بابەتە برادەرێك بە ئیمەیل بۆی ناردووم. ڕوانگەی بەرتەنگ و حەیوانیی مەلا و موجتەهید لە ژیان و مردن و زیندووبوونەوەی تێدا دەردەکەوێت. من بە بێ دەست تێوەردان لێرەی دادەنێم.
برادەرەکەم نووسیبووی بەهەشت کوەیتە! با زووتر بمرین!
دربهشت توان بدنی انسان درکامیابی از زنان به اندازه صد نفر می گردد. (کتاب کنزالاعمال، جلد١۴، ص ۴٦٨)

بهترین چیزهایی که مردم در دنیا و آخرت از آنها لذّت می‌برند، لذت آمیزش و بهره برداری از زنان می‌باشد. (کتاب وسائل، جلد۱۴، ص ۴۶۸)

پیامبراکرم(ص): همانا بهشتیان به چیزی بیشتراز نکاح اشتها ندارند و لذت نمی‌برند. (کتاب لئالی، ص ۵۰۳)

حوری از خیمه خود بیرون آید و روی به تخت مؤمن بخرامد و چون به نزد مؤمن می آید با پانصد سال ازسالهای دنیا همدیگر را بوسه زنند که برای هیچ کدامشان ، خستگی و ملال حاصل نمی گردد. هرمؤمنی را هفتاد زوجه از حوران می دهند و چهار زن از آدمیان، که ساعتی با حوریّه صحبت می‌دارد و ساعتی با زن دنیا و ساعتی باخود خلوت می کند و بر کُرسیها تکیه زده‌اند و بایکدیگر صحبت می‌دارند. (بحارالانوار، ج ۸، ص ۱۵۷، ح ۹۸)

بیشتر نهر های بهشتی از نهر کوثر است که در کناره آن دختران نار پستان (مانند گیاه) می‌رویند. در بهشت نهری وجود دارد که در دو طرفش دختران باکره سفید روی و سفید پوش نشسته‌اند و مشغول تغنی (آواز خواندن) هستند. (بحارالانوار، ج۸، ص۱۹۶)

دوشیزگان با چنان صدایی می خوانند که خلایق تا کنون چنین صدایی را نشنیده‌اند و این نعمت، بالاترین نعمات بهشتی است این دوشیزگان به تسبیح (ذکر صفات الهی) تغنی میکنند. (بحارالانوار، ص۱۲۷)

هریک ازآن حوریان، هفتاد حلّه پوشیده اند و سفیدی ساق ایشان از زیر هفتاد حلّه معلوم است. از جماع با هر یک ازآن حوریان لذّت صد مرد را می یابد که هریک چهل سال خواهش مجامعت و آمیزش داشته باشند و برایشان میسّر نشده باشد. (بحارالانوار، ج ۸، ح ۲۰۵)

پس آن مؤمن با قوّت صد جوان با آن حوری جماع و آمیزش کند و یک آغوش با او هفتاد سال طول می کشد. مؤمن متحیّر می باشد که نظر به کدام اندام حوری بکند، بر روی او یا بر پشت او یا بر ساق او، بر هر اندام او که نگاه می کند از شدّت نور و صفا، روی خود را درآن مشاهده می نماید. پس دراین حال زن دیگری بر او مشرف میگردد که خوشروتر و خوشبویتر از اوّلی است. (بحارالانوار، ج ۸، ح ۲۰۵)

هیچ مؤمنی داخل بهشت نمی شود مگر آنکه خداوند غنیّ ، پانصد حوری به او عطا می‌فرماید که با هر حوری هفتاد غلام وهفتاد کنیز نیز می‌باشد که هریک مانند لؤلؤ منثور و لؤلؤ مکنون می‌باشند. (بحارالانوار، ج ۸، ح ۲۰۵)

هەینی، ٢٠١٠/١٠/٢٢، بەگوێرەی هەواڵەکان ئەمڕۆ نیوەڕۆ بوومەلەرزەیەك ناوچەی تالیش و چەند شاری دیکە گێلانی لەرزاندەوە. هێشتا هەواڵێکی ئەوتۆ سەبارەت بە ڕادەی زەرەر و زیانی ڕووداوەکە بڵاو نەبۆتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نییە وێرانی و تەنانەت بریندار و کووژراوی لێ بکەوێتەوە.
بەشێکی بەرچاو لە ناوچەی تالیش شوێنی ژیانی کوردی ڕاگوێزراوی سەردەمی قاجار و پەهلەوین و هێشتا هەستی کوردانەیان ماوە. جێی خۆی دەبێت ئەوکەسانەی وا لەدەستیان دێت بە هاواری کوردانی لێقەوماو و خەڵکانی زیان پێگەیشتووی ترەوە بچن.
لە بوومەلەرزەی چەندساڵ پێشتری ناوچەی دراوسێی تالیش، واتە ڕوودبار، دا دەزگا دەولەتییەکان یارمەتییەکی ئەوتۆی خەڵکیان نەدا و تەنانەت قسە لە فرۆشرانەوەی کەل وپەلی یاریدەی وولاتانی دەرەوە لە سەر شەقامەکانی تاران دەکرا.

**٦٢**

## گروپە زێدەڕۆکان"

ووتار یا هەواڵی سەرەکی ژمارەی ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/١٨ ی گۆڤاری 'نیوزویك' سەبارەت بە "گرووپە زێدەڕۆ"کانی جیهانە. لە ووتارەکەدا بەشێك تایبەت بە پ. ك. کراوە و وێنەی عەبدوڵلا ئوجەلانیشی تێ هاویژراوە.
ووتارەکە، قسە لە کووژرانی ٤٠ هەزار کەس لە ماوەی ٣٦ ساڵ 'یاخی بوون' ی کوردانی 'جیابوونەوەخواز' دەکات. ئەو تێرمانە واتای سیاسی گرنگیان هەیە و کەس نییە بپرسێ جەنابی 'ئۆوێن ماتیوز' ی نووسەر! کورد لە تورکیا بۆچی "یاخی" یە و کەی داوای جیابوونەوەی کردووە؟ سەد بریا ئەوەندە ئازا بوایەین و باوەڕمان بەخۆمان بوایە کە داوای مافێکی ئەوتۆمان بکردایە، بەڵام ئێستا کە نیمانە و نایکەین، بە چ مافێك قسەی فاشیستەکانی تورکیا دووپات دەکەنەوە؟
مێدیای ئەمریکا و ئینگلیز هەڵوێستیان بەرانبەر بە پرسی کورد جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی حکوومەتی تورکیا نییە. هەموو هەر ئەو قسانە دووپات دەکەنەوە و ئەو هەڵوێستە بەرانبەر بە پ.ك.ك دەگرن، کە دەوڵەتی تورکیا گرتوویەتی. ئەگەر ئاگربەست ڕابگەیێنن باسیان ناکەن بەڵام هەر پێکدادانێك لە ئاکامی تەواوبوونی ئاگربەستەکەدا بێتە ئاراوە بە سەد زورنا لەقاوی دەدەن.

هەر ئێستا دادگاییکرانی ١٥٠ کورد بەڕێوەیە کە ١٢ کەسیان شارەداری شارەکانی باکووری کوردستان بوون، بۆهەر ناوی دەهێنن و باسی لێوە دەکەن؟ تورکیا خەریکی هێرش کردنە سەر قەندیلە، بۆ مەگەر باسی دەکەن؟ دەیان جار هەوڵی داخستنی ڕۆژ تی ڤی داوە، بۆ مەگەرباسی دەکەن؟
هادی خورسەندی تەنزنووسی ئێرانی دەڵێ: "بی بی سی فارسی تەلەفیزیۆنی ئێرانە بە خەرجی بریتانیا!" ویدەچێت میدیای ڕۆژئاواش میدیای تورکیا بێت بە خەرجی ڕۆژئاواییەکان!

## ٦٣

### سانسۆری مەلا، کتێبی 'وەفا' و شیعری 'ایرج میرزا'!

لە هەواڵێکی ڕادیۆ "دۆیچەویلە" سەبارەت بە نوێنگەی کتێبی فرانکفۆرتی ئەمساڵدا هاتبوو: "تەنیا لە چوارساڵی یەکەمی سەرەك کۆماریی ئەحمەدی نەژاد دا لەئێران، واتە ساڵانی ١٣٨٤ تا ٨٨ ژمارەی ١٢٠٠ بلاڤۆکی سەرتاسەری و ناوچەیی لە ئێران تەوقیف کراون و ئێستا هەزاران کتێب لە وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی ئێراندا چاوەڕێی ئیجازەی بلاوبوونەوەن." هەواڵەکە باسی ئەو کتێبانەی نەکردبوو کە بە سەروگوێ بڕاویی و دوای دەیان مقەست وبڕ، چوونەتە چاپخانە. من لێرەدا نموونەیەك لەو کردەوە شەریفەی مەلاکانتان سەبارەت بە مقەست و سانسۆر بۆدێنمەوە:
کتێبی "سرود پرستو" کۆمەڵەی بەشێك لە شیعرە فارسییەکانی کاکم – "عومەری سوڵتانی (وەفا)" یە. ئەو کتێبە بە هیممەتی شاعیری شەهید سەعیدی سوڵتانپوور لە ساڵی ١٣٤٢ دا لە تاران چاپ بوو و ئیتر لە ساڵانی سەردەمی شۆڕشی ئێراندا نوسخەی بە دەست کەسەوە نەمابوو و کاکم تەنیا یەك نوسخەی لای خۆی هەڵگرتبوو. دوای ئەوەی پێنج ساڵێك پێش ئێستا کۆچی دوایی کرد، ویستم بە سەرینی خۆم بۆی چاپ بکەمەوە. تایپمان کرد و بەحیسابی ئەوەی کتێبێکی سیاسی نییە و دەکری لە ئێران چاپ بکریتەوە، دامان بە ناشرێکی بەڕێز و خەرجی چاپەکەشیمان دایە.
دەبوایە کتێبەکە "ئیجازەی ئینتیشار" ی بۆ وەربگیرێت. ماوەیەك لە وەزارەتی ئیرشاد دا مایەوە و سەرەنجام کاتێ کتێبەکە چاپ کرا و چاوم پێی کەوت، واقم وڕما! تیغی سانسۆر بە هەموو لاپەڕەکانیدا گەڕابوو و سەروبەری بریندار کردبوو. ئەوەی لێی مابووەوە شێرێکی بێ یاڵ و کلك بوو، کە نەتدەزانی دەبێ چۆنی بخوێنیتەوە، لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی یا پێچەوانەکەی!

من لێرەدا بۆ دوو ئامانج، دەقی بەشە سانسۆرکراوەکانی دێنمەوە. یەکەم، بۆ سەلماندنی ڕادەی بەرزی فەرهەنگ و تێگەیشتوویی حاکمانی ئەمڕۆی ئێران و دیموکڕاسییە ئیسلامییەکەیان کە هیوادارم ببێتە پەت و بکەوێتە ملیان؛ دووهەمیش بۆ ڕێزگرتن لەوکەسانەی وا کتێبەکەیان کڕیوە و بەدەستیەوە داماون چۆنی بخوێننەوە!

سەمەرە ئەوەیە من خۆم سەرەتایەکم بۆ چاپەتازەکەی نووسیبوو، مامۆستاکان ئیجازەی بڵاوبوونەوەی سەرەتاکەیان داوە، بەڵام ناومیان لە سەر پارچەیەك لە شیعرەکان لابردووە کە کاکم لە چاپی یەکەمدا پێشکەشی کردبووم!

ئەوانەی خوارەوە بریتین لەو بەشانەی وا سانسۆری وەزارەتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێران لە چاپی دووهەمی کتێبی "سرود پرستو" – کۆمەڵەشیعری عومەری سوڵتانی (وەفا) دەریان هێناوە و کتێبەکەیان پێ ناتەواو کردووە:

مطالب سانسور شده چاپ دوم کتاب سرود پرستو، سروده عمرسلطانی (وفا).

این موارد توسط وزارت ارشاد جمهوری اسلامی ایران از کتابی حذف شده‌اند که در سال ١٣٤٢ بکمك شاعر شهید سعید سلطانپور توسط انتشارات صفی علیشاه در تهران چاپ شده، از زیر تیغ ساواك شاه سالم بیرون آمده‌بود.

با پوزش از خوانندگان و خریداران کتاب، خواهشمنداست پیش از مطالعه کتاب، موارد زیر را به صفحات مورد اشاره اضافه نمایند:

صفحه ٥٠، سطر ١٧

ای خدا ای سایه ابهام

صفحه ٥٠، سطر ١٨

ای ظلمت جاوید

صفحه ٥٢، بخش آغازین صفحه، پیش از عنوان شعر 'جلوه':

به دوست شاعرم پرویز صالحی (لاله)
که ترانه‌هایش
شکوفه‌های افسوس است

صفحه ٥٦، بخش آغازین صفحه، پیش از عنوان شعر 'بوف کور':

تنها خدا نبود، تنها ابلیس نبود،
هم خدا بود هم ابلیس

او "پڕشنگ" من بود که در جوانی مرد

صفحه ۵۷، سطر ۱
لطفا بالای کلمه "پرشنگ" عدد ۲ بگذارید، انگاه در پایان صفحه خط باریکی برای ایجاد زیرنویس بکشید و در زیرآن بنویسید: ۲. "پرشنگ" (جرقه)، الهام بخش اشعارم

صفحه ۵۸، چهارپاره پایانی صفحه
آه ای معجون پرهیز و گناه!
بستر خاموش من امشب تهی است
پیچك وحشی، درآغوشم بگیر!
حاصل هستی بجز اندوه نیست
بوکان، ۳۹/۱/۲

صفحه ٦٥، بخش میانی صفحه، پیش از عنوان شعر 'گل اندوه':
به دوست هنرمندم
ا – د – آشنا

بگذار که در بستر تابوت علائق
چون همهمه مبهم افسانه بمیرم

صفحه ٦٦، بخش میانی صفحه، پیش از عنوان شعر سرود پرستو':
به دوست شاعرم "سعید سلطانپور"
که شعرش
عصاره اندوه انسانهااست

صفحه ۷۰، ۳ چهارپاره بخش پایانی شعر:
روی من اوفتاد قامت او
با دو گوی قشنگ و لرزانش
حلقه‌ای زد به گرد پیکر من
ران های سفید لغزانش

روی تختی که خوابگاهم بود
سر در آغوش هم فروبردیم
هردو مست، هردو از جهان غافل
لذت عشق و آرزو بردیم

چون سحر چشم خویش بگشودم
از لب من گناه میبارید
لیك از چشم نیمه‌باز او
باز ناز نگاه میبارید
تهران، ۳۸/۹/۳۰

صفحه ۷۱ و ۷۲، یك چهارپاره پایان صفحه ۷۱ و یك چهارپاره آغاز صفحه ۷۲
انتهای صفحه ۷۱:
اشك گرمش دامنم را خیس کرد
سینه‌اش لغزید روی سینه‌ام
عطر تند گیسوانش زنده کرد
التهاب خفته دیرینه‌ام

ابتدای صفحه ۷۲:
گفت: شاعر، جام امید مرا
از شراب عشق خود لبریز کن!
تشنه‌ام من، تشنه عشق و گناه
وای، از وسواس خود پرهیز کن!

صفحه ۷۶، بخش آغازین صفحه، پیش از عنوان شعر 'گل آتشین':
به برادر هنرسنجم :"محمدانور سلطانی"
که شکوه لبخندش
ترجمان پاکی قلب اوست

پایان شاهکارهای وزارت جلیله ارشاد اسلامی.

بابەتە سانسۆرکراوەکانی کتێبی 'سرودپرستو' لێرەدا تەواو بوو!
لە کۆتاییدا خراپ نییە ئەو شیعرەی 'ایرج میرزا' ش پێکەوە بخوێنینەوە:

"بر سر در کاروانسرائی
تصویر زنی به گچ کشیدند
ارباب عمایم این خبر را
از مُخبرِ صادقی شنیدند
گفتند که وا شریعتا! خلق
روی زن بی نقاب دیدند
آسیمه سر از درون مسجد
تا سردر آن سرا دویدند
ایمان و امان به سرعت برق
می رفت که مؤمنین رسیدند
این آب آورد آن یکی خاک
یک پیچه زِ گل بر آن بریدند
ناموس به باد رفته ای را
با یک دو سه مُشت ِگل خریدند
چون شرع نبی ازین خطر جست
رفتند و به خانه آرمیدند.....
بالجمله تمام مردم شهر
در بَحر گناه می تپیدند
درهای بهشت بسته می شد
مردم همه می جهنمیدند
می گشت قیامت آشکارا
یک باره به صور می دمیدند
با این علما هنوز مردم
از رونق ملک نا امیدند!"

(متن شعر از سایت "هزل دات کام" گرفته شده‌است)

**٦٤**

**باینجانی ڕەش!**
ئەم وێنەیەشم لە ماڵپەڕی فارسی "هزل دات کام" دا بینی و بەو ڕستەیەی ژێروێنەکەدا کەوتمە بیری شیعرێکی دیکەی 'ئیرەج میرزا'. ئیرەج، مەلای چاك ناسیبوو! ئەوە وێنە و شیعرەکە هەردوکیان:
لکن خورشت خوبی می شوی، خواهر بادمجان!

".... بەقربانت! مگر سیری، پیازی
که توی بقچه چادرنمازی؟
تو مرآت جلال ذوالجلالی
چرا مانند شلغم در جوالی؟
سر وته بسته چون در کوچه آئی،
نه خانمجان، که بادمجان مائی!
مگرنه در دهات و بین ایلات
همه روباز باشند آن جمیلات؟....."
چرا بی عصمتی در کارشان نیست؟
رواج عشوه در بازارشان نیست...." (ایرج میرزا)

**٦٥**

**حیزبی داعبا!**
'عەلی ئەلسەکافی' - ئەندامی پێشووی حزب الدعوەی عیراق و سوپای بەدری ئێران، لەبەرنامەیەکی بی بی سی فارسیدا باسی پەیوەندییەکانی خۆی و حیزبەکەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەشداری کردنی سوپای بەدر لە شەڕی دژی عیراق دەکات.
لە قسەکانیدا لە کاری ڕاهێنانی سەربازیی خۆی و هاوقەتارەکانی دەدوێت لە حەسەن ئاوای سنە و چوونیان بۆ "شیمالی عیراق" لەلایەن مەلاکانی ئێرانەوە. واتە کوردستان مۆڵگەی ئەوان و پاسدار و بەسیجی ئێرانە.

بەڵام خوا ڕەوای ببینێت، کاك عەلی ئێستا لێمان بۆتە 'موعارەزە' و کاتێ دەیەوێت قسە بە ڕێبەرانی ئەمڕۆی عیراق بڵێت، تەنیا ناوی جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی دەزانێت و هەندێکیش نووری مالیکی! لەبیری چۆتەوە کاتێ خۆی و داعباکانی دیکەی ناو حیزبەکەی کونەمشکیان لێ ببوە قەیسەری، تەنیا "شیمال" بوو دالدەی دابوون!

هۆ کوردستان، چۆن بوویە مەسکەنی خەرتەلان!

ئەوەش لینکی هەواڵەکە لە سەر ماڵپەڕی بی بی سی فارسی:

http://www.bbc.co.uk/persian/iran/2010/10/101016_u02_hardtalk_badr_brigade.shtml

**٦٦**

**ئێران بە هەرێمی کوردستان گەڕ دەفرۆشێت**

حەوتووی پێشوو باسی پیلانەکانی ئیتیلاعاتی ئێران، تەقینەوەکەی مەهاباد و گەمەی ناو شاری سنەم کرد و گوتم ئەوانە هەمووی لە پەیوەندی پیلانێکدان کە ئێران بەتەمایە لە هەرێمی کوردستان و لە عیراق بیگێڕێت.

وا مەسەلەکە هێدی هێدی لە پرۆپێست دەردێت و ئاشکراتر دەبێت. تەلەفیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دەستی کردووە بە هێرشکاری بۆ سەر کاك مەسعوود بارزانی و ئەوەش نە بە هەڵکەوت بووە، نە لە پللەیان دەرچووە. ئێران بە هاوکاریی تورکیا خەریکی بنکۆڵ کردنی حکوومەتی هەرێمە و هەر ئەوەندەی ئاسۆی ڕۆیشتنی ئەمریکاییەکانی بەدی کرد، دەیەوێت ڕاستەوخۆ بەرنامەکانی بەڕێوە ببات.

گەلی کورد دەبێ ووشیار بێت و ڕیزەکانی خۆی چرتر بکاتەوە. عەجەم بە دهۆن.

سەیرێکی ئەم بابەتە بکەن:

http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=4366&z=4&l=1

**٦٧**

**بیرەوەری نووسینی کوردانە**

خەریکم بیرەوەرییەکانی برادەرێکی زەحمەتکێشی حزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران دەخوێنمەوە کە ئەمساڵ چاپ بووە. گەلێك شیرینی نووسیوە و قەڵەمێکی بەهێزی هەیە. زۆری لێ فێر بووم و کەم نەبوون ئەو شتانەی ناو کتێبەکە، کە یەکەم جار بوو دەمبیستن.
بەڵام خاڵێکی گرنگ سەرنجی ڕاکێشام کە لە بیرەوەریی زۆر مەسئوولی دیکەی حزبی دیموکڕاتیشدا بەرچاوە و دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم. لەم قسانەدا تەنیا ڕووی تکام لە نووسەری ئەو بیرەوەرییانە نییە و قسەیەکی گشتی دەکەم کە پێشتریش کردوومە و زۆرکەس لەو کوردانە دەگرێتەوە کە بیرەوەریی سیاسی و ڕێکخەاوەیی خۆیان نووسیوە و بڵاویان کردۆتەوە، بە تایبەت حزبی دیموکڕاتی کوردستان هەردوو لقی، بە دانیشتووەکانیانەوە کە لە بیرەوەریی نووسیندا دەستێکی باڵایان هەیە و ئێمە تا ئەمڕۆ دەیان بەرگ بیرەوەریی ئەوانمان لەبەردەستدایە.
ئەو برادەرانە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە بنی مەنجەڵ دەدەن و هەبوو و نەبوو، هەر پەیوەندێکی سیاسی ونیزامی حزب لەگەڵ هەرلایەنێك و دەوڵەتێك و ڕێکخراوەیەك گیرابێت و هەریارمەتییەکی بە لایەنێك دابێت یا وەریگرتبێت، ڕاست و بێ گرێ دەینووسن و دەیخەنە بەر دەستی دۆست و دوژمن. دۆست واهەیە زۆر قەیدی نەکات، بەڵام دوژمن و داگیرکەر بۆچی دەبێ بە پەیوەندییەکانی کورد و هێز و بێ هێزییەکانی بزانن؟ حکوومەتی ئێران لە سەردەمی شا و مەلا هەردوکیاندا وەرگێڕی بەکرێگیراویان بووە و هەیە کە ئەو بابەتانەیان بۆ تەرجەمە دەکەن.
من خۆم ئاگاداری دوو شوێنی جیهان هەم کە ڕۆژانە هەرچی بابەتی سیاسی و گرنگی ناو ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕ و تەلەفیزیۆنی کوردییە، هەمان ڕۆژ تا شەو دەیکەنە ئینگلیزی و خوا دەزانێ دەیدەنە کوێ وبۆ کێی دەنێرن وبە کێی دەفرۆشن! ئاشکرایە ئەو کارە گەورە و پڕخەرجە بۆ تاکەکەس نییە و تەنانەت ئەگەر شەریکاتی خسووسیش بیکەن، بە دڵنیایی حکوومەتەکانی داگیرکەری کوردستان یەك لە مشتەرییە هەمیشەییەکانیان دەبن. جا چەند بنکەی هاوچەشن لە چەندشوێنی دیکەی ئەم جهیانە هەن، ئاگادار نیم بەڵام لام وایە دەبێ ببن.
ئەو برادەرەمان جگە لە ئاشکراکردنی شوێنی بنکە نیزامی و نهێنییەکانی حزب لە ماوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمی ئێران و ناوی بەرپرس و پێشمەرگەکانی، هەموو پەیوەندییەکانی حزبەکەی لەگەڵ عیراق و سووریا و لوبنان و فەلەستین و ووڵاتانی سوسیالیستی- واتە هەرچی بووە خستۆتە بەردەستی خوێنەر. لەوەش زیاتر، جیاوازیی بیر وبۆچوونی ناوخۆی حزب، کێشە و هەرا و فڕاکسیۆن و دەیان بابەتی هاوچەشنی باس کردووە، کە هیچ بەرپرسی هیچ

ڕێکخراوەیەك لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا بەو ووردییە نایخاتە بەردەمی خوێنەری نەناسراو، ئەویش ڕووداوێك کە کەمتر لە ١٠ ساڵ و ٢٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕ بووە و ئێستاش هەر زیندووە و بەقەولی ئینگلیزی، تفەنگەکە هێشتا دووکەڵی لێ هەڵدەستێت.
لەوانە سەیرتر، ناوی گەلێك گوند و ئاغا و رەعیەت و لایەنگری حزبی لە سەر سنوورەکانی تورکیا و عیراق درکاندووە، کە بۆ چوونە دەرەوەی وولات لێیان میوان بووە و یارمەتییان داوە، تەنانەت هەموو ئەو کەسانەی بە نێو ناودێر کردووە کە تا تورکیای لەگەڵ چوون و لە سنووری بولغاریا پەڕاندوویانەتەوە؛ وەك ئەوەی نە ساواما و ئیتیلاعاتێك لەجیهاندا هەبن، نە جەنابی 'میت'! ئەو کەسانەی وا بە دڵسافی و دلسۆزییەوە لەگەڵی کەوتوون و کاریان بۆ ڕاپەڕاندووە چ گوناهێکیان کردووە کە دەبێ ناوی خۆیان و کوڕ و برازا و ناوی گوند و پەیوەندیان لەگەڵ حیزب لەقاو بدرێت؟ بیرەوەریی نووسینی سیاسی کەی دەبێ وەهابێت؟ منی خوێنەر بۆچیمە و بۆ دەبێ بزانم ڕێبەرێکی سیاسی کورد بۆ چوونەدەر لە وولات بە کام شار و کام گونددا تێپەڕیوە، لە کام گەڕاج و کامە موسافیرخانە لای داوە و کێ یارمەتی داوە ناوی لەدەفتەری ئوتێلەکەدا نەنووسرێت تا 'میت' پێی نەزانێت؟ سەمەرە ئەوەیە برادەری نووسەر لە دوو شوێندا رووبەڕووی جاش و خۆفرۆش دەبێتەوە کە ڕاپۆرتیان لێداوە، بەڵام ناوی جاشەکان ناهێنێت کە خەڵك بیانناسێت و خۆ لەگەڕیان بپارێزێت، بەڵام ناوی کەسایەتییە خزمەتکار و دڵسۆزەکان بە ڕاشکاوی ڕادەگەیێنێت و بیر لەوە ناکاتەوە کە ئیتیلاعاتی ئێران و میتی تورکیا وا هەیە پەیجۆی مەسەلەکە ببن و هەڵبکوتنە سەریان.
من ئێستاش باوەڕ ناکەم وپێم سەمەرەیە کاری وا دۆستێك کردبێتی کە هەموو ماوەی تەمەنی بە ئێستاشەوە لە خزمەت گەلەکەیدا بووە وهەیە و بە گوێرەی هەر ئەو بیرەوەرییانە، دەیان مەترسیی گەورەی بەگیان کڕیوە و ئازایەتی و نەترسی لە ڕادەبەدەری بووە کە هەمووی خستۆتە خزمەت ئامانجە نەتەوایەتییەکەی و گەلی زوڵم لێکراوی.
من تەنانەت بۆچرکەیەکیش گومانم لەوەدا نییە کە نووسەر ئەم کارەی بە ئامانجی زیان گەیاندن بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلەکەمان نەکردووە و مافی واش بەخۆم نادەم شتی وا بڵێم لەبەر ئەوەی دەزانم سەدان جار لەمن خزمەتگوزارتر و دڵسۆزتری گەلی کورد بووە و هەموو تەمەنی لە کار و خەباتی سیاسیدا بردۆتە سەر. ئەو بە تەنیا نییە وئەوە ڕێبازێکە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا ڕێڕەوی زۆر بوون و بەداخەوە ئەنجامی کارەکەشیان ئەگەر جارێك یارمەتی خەباتی ئێستا و دوارۆژ بدات، چوارجار بە زیانی تەواو دەبێت.

ژیانی ئەمڕۆ گەلێك لەوە ئاڵۆزترە کە ئێمەی کورد بمانەوێ بە ساویلکەیی لەگەڵی ڕووبەڕوو ببینەوە. دوژمنی کورد ووریا و لەعەینی کاتدا فێڵبازە، ساکاریی و ساویلکەیی و تێگەیشتنی بەرئاوەژووی ئێمە ڕێگای بۆ خۆش دەکات.

ئەوانەی وا سەبارەت بەو نووسەرە بەڕێزە دەیڵێم هیچ لایەنێکی شەخسی و خوسووسی تێدا نییە، نە دەیناسم و نەدەمناسێ، دەشزانم هەر ئەو بەتەنیا نییە و گەلێك لەو بیرەوەرییانەی وا بەرپرسانی حزبی دیموکڕات نووسیویانن خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن. ڕووی قسەی منیش نەك لەو بەڵکوو کە هەموو کوردێکە. دەزانم هەر ئێستا چەند کەس لە بەرپرسانی حزب خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانیانن و واهەیە ئەمڕۆ و سبەی بیبەنە چاپخانە، ئەم هاوارەش بۆیە دەکەم کە ئەو برادەرانە تا زووە وشیار ببنەوە و بە ناوی 'سەداقەت' و 'ڕاستگۆیی' و 'ڕەخنەلەخۆگرتن' یا 'ڕەخنە لە تەشکیلات و هاوقەتار گرتن' ەوە ئاو نەخەنە ئاشی دوژمن و داگیرکەرەوە.

ڕاستە نەوەی ئێمە هیچی وای بۆ نەکرا و کوردستان بە سەرینی ئێمە ئازاد نەکرا، بەڵام گەلی کورد ڕێگایەکی دوورودرێژی لەبەرە و ناچاریشە بیبڕێت. ئەم ڕێگابڕینە، ئەگەر لە ڕابردووشدا هاسان بووبێت، ئەمڕۆ وانییە و لێزانی، شارەزایی، ڕێگەناسی و تێگەیشتوویی دەوێت. ساکاری و ساویلکەیی هیچ یارمەتییەکی کارەکە نادات و بەپێچەوانە دەبێتە هۆی ڕژانی خوێنی زیاتری خەباتکاران.

من ئەم ڕستەیەم لە سەرچاوەیەکی ئینگلیزیدا خوێندۆتەوە و یادداشتم کردووە، بەڵآ- لەبیرم نییە کوێ بوو:

"لاوازییەکانی ڕێکخراوە و تاکەکەس لە بیرەوەرییەکاندا دەردەکەون، لەکاتێکدا هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە کاری بەسەر ئەو لایەنانەوە نەداوە."

با دۆستانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لەجیاتی ئەو هەموو بیرەوەری نووسین و لەسەروگوێلاکی یەکتردانە، چەند هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی بەڕێ وجێی کارەکانمان بخەنە بەردەست!

٦٨

**کچە شێخی هێمن و ژن خوشکی تۆنی بلەیر!**

24/10/2010 وا بە خێر و خۆشی، 'لۆڕا بووث' - ژن خوشکی تۆنی بلەیریش بوو بە موسوڵمان!

بلەیر خۆی مەسیحیی ئەنجلیکەن و هیشتا هەر سەرەك وەزیری بریتانیا بوو، کە لە ڕێی لادا، چووە سەر ڕێبازی هاوسەرەکەی و بوو بە کاتۆلیك. بەڵام ئێستا ژن خوشکەکەی لە کاتۆلیك بوون پەژیوان بۆتەوە و دوای زیارەتی قەبری مەعسوومە لە شاری قوم، بووە بە موسوڵمان. خۆی هیچ، کچە بچووکەکەی خۆیشی خستۆتە تەکبیر گوتن!

شیعرەکەی هێمنم دێتەوە بیر:

"شێخی سەنعان بۆ کچی گاور لە ئیسلام وەرگەڕا،

من خەریکم بۆ کچەشێخێ پەژیوان دەبمەوە!"

ئەوە فیلمی 'ئیعتیراف' ەکەی 'لۆڕا بووث' ی موسوڵمانی دوو ئاتەشە بە حیجاب و ڕووسەرییەوە:

http://news.gooya.com/didaniha/archives/2010/10/112497.php

ئەوەش شیعری کچە موسوڵمانێکی خەڵکی شارێکی نزیك قوم- واتە تاران، لە سەر حیجاب! گوێیەکی بدەینێ. ناوی"روسری سیاه من" ە.

بڵێی مەلاکانی قوم ئەوەندەیان ژن خوشکەکەی تۆنی بلەیر فێری فارسی نەکردبێت لێی تێ بگات!

http://news.gooya.com/didaniha/archives/2010/10/112468.php

هەردوو فیلمەکە لە ماڵپەڕی فارسی "گویا" وەرگیراون.

٦٩

**"مامۆستای سەرخێڵ شیرین کەلامان" بەجێی هێشتین**

ڕۆژی هەینی ٢٠١٠/١٠/٢٠ نووسەری زەحمەتکێشی کورد "دوکتۆر مارف خەزنەدار" لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد. ڕۆژێك دواتر برادەرێکی بەڕێزم کە ئەرکی بەڕێوەبردنی گەلێك ڕێ ورەسم و مەجلیسی یادی ناودارانی کورد لە لەندەن لە ئەستۆی ئەوە و بەبێ زەحمەتەکانی ئەو زوربەی ئەو کۆبوونەوانە پێك نایەن، پێوەندی پێوەگرتم و باسی ئەوەی کرد کەدەیەوێت کۆبوونەوەیەکی یادی مامۆستا ڕێك بخات.

ئێستا چەند ڕۆژە سەیری ماڵپەڕە کوردییەکان دەکەم و لە هەوڵی دۆزینەوەی زانیاری لەسەر ژیانی مامۆستام، بەڵام بەداخەوە هیچی وام دەست نەکەوتووە! نزیك بە هەموو ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکان هەواڵێکی کورتیان سەبارەت بە مردنی مامۆستا ڕاگەیاندووە بەڵام ئەوەندەی دیبێتم هیچیان لە یەك دوو پەرەگراف زیاتر نەچوونەتە پێشەوە.

لەبیرمە ڕۆژنامەی تایمزی لەندەن ٥ ساڵ پێش مردنی سەرەك وەزیری پێشووی ئێران 'موهەندیس میهدی بازرگان' داوای لە کەسێك کردبوو بابەتێك لەسەر ژیانی بنووسێت و

بیانداتێ بۆ ئەوەی لە ئارشیڤدا ڕایبگرن و لە ڕۆژی مردنی، جا هەرسات و ساڵێك بوو، لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی بکەنەوە. دیارە ئەم کارە بۆ هەموو خەڵکانی ناودار و گرنگی بواری سیاسەت و هونەر و ئابووری و.... دەکرێت و نەك هەر ئەو ڕۆژنامە تایبەتە بەڵکوو بە گشتی چاپەمەنییە خاوەن ئیعتیبارەکانی ڕۆژئاوا هەموویان ئارشیڤی هاوشێوەیان بۆ ئەم کارە هەیە.

حەسرەتی ئەوەم خوارد کەسێك کە ٦٠ بەرگ کتێبی سەبارەت بە مێژوو و هونەر و ئەدەبی کوردی نووسیوە و تەنیا یەکیان مێژووی ئەدەبی گەلەکەمانە، بۆچی نەدەبوایە چوار کەس لە چەند بنکەی هەواڵنێری و تەلەڤیزیۆن و ماڵپەڕی ئینتەرنێتیدا ژیننامەیەکی تێروتەسەلی بۆ بنووسن و بیخەنە بەردەستی کەسانێکی وەك من و برادەرەکەم لە دوورەووڵاتی بێدەسەڵاتی بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ بەڕێوەبردنی کۆڕی ڕێزلێگرتنی؟

تاقە یەك لە کارەکانی دوکتۆر مارف نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردییە. نووسینی مێژووی ئەدەبی میللەتێك کارێکی پڕ ئەرك و زەحمەتە و نەفەسی درێژ و بڕوای بەهێز و شەو وشەونخوونی چەندسالەی دەوێت، ئەویش بۆ گەلێکی وەك کورد کە تەنانەت مێژووی لەدایکبوون و مردنی شاعیرێکی وەك خانی و نالی و شێخ ڕەزاشی لەپەردەی گومان و تاریکیدایە. مامۆستا مارف ئەو کارە مەزنەی ڕاپەڕاند و مێژوویەکی دەوڵەمەندی لە ٧ بەرگدا ئامادە کرد و بوو بە تەواوکەری مێژووەکەی نەمر عەلائەددینی سەجادی. ئێمەی کوردیش دەبێ لەبەرانبەر ئەو ئەرکە گەورەیەدا پێزانیمان هەبێت.

تەنانەت من بیر لەوە دەکەمەوە کە ساڵانێك دوای ئێمە بتوانرێت مێژووی گرنگی "کۆمەڵایەتی – ئەدەبی" گەلی کورد واتە مێژوویەکی ئەدەبی لەسەر بنەمای ڕووداوە سیاسی کۆمەڵایەتییەکانی مێژووی کورد بە یارمەتی کارە مەزنەکەی دوکتۆر مارف ئامادە بکرێت. کارەکەی مامۆستا بێگومان پایەی سەرەکی دەبێت بۆ ئەم کارە پێویستە و بەبێ ئەو دەسکەوتە مەزنە واهەبوو ئەمیشیان بە هاسانی لەگونجان نەیەت.

ئێمە بۆ ئەو کار وئەرکە منەتباری دوکتۆر مارف خەزنەدارین و بەم بۆنەیەوە ڕێز و سپاسی خۆمانی ئاراستە دەکەین. سەرەڕای چەواشەکاریی نەوەی ئێستا، لەدواڕۆژدا گرنگایەتی کاری مامۆستا باشتر دەردەکەوێت و کورد ڕێزی پێویست لەو پێشەنگە مەزنەی کاری لێکۆڵینەوە لە مێژووی شیعر وئەدەبی خۆی دەگرێت.

یادی مامۆستای زەحمەتکێشی گەلی کورد دوکتۆر مارف خەزنەدار زیندوو بێت!

## ٧٠

### هەژار و وەرگێڕان

مامۆستا هەژاری نەمر لە وەرگێڕاندا دەستێکی باڵای هەبوو. بەشێك لە کتێبی "بۆکوردستان"ەکەی تەرخانی تەرجەمە کراوە و هەر لە سەرەتاشەوە بە خوێنەری ڕاگەیاندووە کە ئەوانەی وەرگێڕاون.

یەك لە تەرجەمەکانی ناو کتێبەکە، بریتییە لە سێ فەرد شێعری بەتام و لەعەینی کاتدا پڕمانا. من بە هەڵکەوت ئەسڵی فارسی ئەو شیعرەم لە سەرچاوەیەکدا چاو پێکەوت و کاتێ بەرانبەرم دانان ئیرەییم بە مامۆستا برد، هەم بە توانای و هەم بە ئەمانەتدارییەکەی!

ئەوە شیعرە ئەسڵییەکە:

آن شنیدم که ابلهی میگفت
پدر من وزیر خان بودست
باوجودی که نیست معلومم،
خود گرفتم که آنچنان بودست
هیچکس دیدەای که گه بخورد
کاین بە عهد قدیم نان بودست؟

(ادیب صابر ترمذی شاعیری فارسی وێژی نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی کۆچی)

ئەوەش تەرجەمە کوردییەکە:

دوێنێ گوێم لێبوو ئەحمەقێ دەیگوت
باوەگەورەم وەزیری خان بووگە
گەرچی پێم وابوو زۆر درۆی فەرموو
با فەڕزکەین درێژ وپان بووگە
دیوتە کەس گوو بنێتە دەمی
بێژێ ڕۆژێ ئەمیچە نان بووگە؟

(کتێبی "بۆ کوردستان"، هەژاری موکریانی)

وەك دەبینرێت، کەڵك وەرگرتنی زانایانە لە زاراوەی ئەردەڵانی، کاری تەرجەمە و ڕەوانبێژییەکەی بۆ مامۆستا هاسان کردۆتەوە، بەڵام شارەزایی لە زاراوەکانی زمانی کوردی و هەست کردن بەو خاڵە گرنگەی کە بۆ ئەم بابەتە تایبەتە زاراوەی ئەردەڵانی بەڕێ وجێیە، کارێك بووە لە دەست ئەو هاتووە و بۆ نموونە ئەگەر لاپرەسەنێکی وەك من خەریکی وەرگێڕانی بوایەت، نەیدەتوانی ئاوا بۆ مەسەلەکە بچێت و لەئەنجامیشدا سەرنەدەکەوت.

**٧١**

## کۆچی دوایی "نۆرمەن ویزدم"

٢٠١٠/١٠/٢٢

ئەمڕۆ، بە ڕۆژی جومعە وجەماعەت، کۆمێدیەنی ناوداری ئینگلیزی 'نۆرمەن ویزدم' لە جزیرەی "مەن" بە خاك سپێررا. "ئایل ئۆف مەن" جزیرەیەکە لە ڕۆژئاوای بریتانیا لەنێوان بریتانیا و ئیلەنی باکووریدا و دەبێ بە گەمی یا فڕۆکە بۆی بچی. زۆرم پێ خۆشە جارێك ڕێم تێی بکەوێت و بچمە سەر گڵکۆی نۆرمەن ویزدم لەوێ.

لە سەردەمی لاویەتییدا چەند فیلمی ئەو کۆمێدیەنەم بینیوە و لێوبە پێکەنین لە سینەما هاتوومەتە دەرێ، بەڵام ئەودەم قەدریم نەدەزانی، دواتر کە مەلا هاتنە سەر حوکم و گریان و گریاندن بوو بە کاری ڕۆژانە، زانیم گریاندنی خەڵك چەندە هاسان و هێنانە پێکەنینیان چەندە زەحمەتە! بەشێکی گرنگ لە سیاسەتیش شاد کردنی دڵی خەڵکە و یارمەتیدانیان بۆ گەیشتن بە ئاوات - با ئاواتەکان تاکەکەسی و بنەماڵەییش بن. مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی و دڵخۆشی و بێ خەم وخەفەتی هەیە و هەربۆیەش خەڵکانی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین لە هەموو شوێنێك جێگەی ڕێزی خەڵکن.

هیچ لەوە ووردنەببوومەوە کە کرادارێك بە ناوی "گریاندن" لە کرمانجی خوارووداا هەیە بەڵام کرداری "پێکەنیناندن" مان نییە و دەبێ چەمکەکە بە عیبارە ڕابگەیێنین: هێنانە پێکەنین، وە پێکەنین خستن، و شتی لەو چەشنە. بۆچی؟ نازانم.

جگە لە هونەرەکەی، من ناوی نۆرمەن ویزدمیشم هەر پێ خۆش بوو، "ویزدم" واتە عەقڵ و تێگەیشتوویی. چەند جارم بە منداڵەکانم گوتووە ئێستا کە لە بریتانیا دەژین، ئەگەر ویستتان لەقەبەکەتان بگۆڕن و خۆ لە دەست "سوڵتان" ی بێ تاج و تەختی باوکتان ڕزگار بکەن، حەتمەن لەقەبی "ویزدم" بۆخۆتان هەڵبژێرن. هەم لەگوێ خۆش دێت، هەم واتای هەیە و بەگوێرەی ناوەکە مەجبوور دەبن لەناو خەڵکدا عاقڵ بن و خۆ لە کاری کەرانە بپارێزن!

گۆڕینی ناو و لەقەب لە بریتانیا هاسانە و پارێزەرێك لە ماوەی دە پازدە خولەکدا بۆتی دەگۆڕێت، هیچ ئیجازەیەکی حکوومەت و دادگا وشتی ئەوتۆشی ناوێت. ئەوە بەشێك لە دیموکراسیی ڕۆژئاوایە ودوورکەوتنەوەی ٤٠٠ -٥٠٠ ساڵەیانە لە پەیوەندە عەشیرەتیەکان. منداڵ چ مەجبوورە باری باوك و باپیری بەکۆڵیەوە هەڵبگرێت؟ لەقەبی "سوڵتانی" هەڵبژاردنی منی تێدا نەبووە، باوکیشم نەیویستووە، خوادەزانێ کام سجیل نووسی بێ سەلیقە خەڵاتی باپیرمی کردووە کە بە خۆی و چەرخێکی خەیاتییەوە نە سوڵتان بووە، نە سوڵتانخوا و نەخێرێکی لە سوڵتانەکان پێگەیشتووە! ئێستا ئەو ناوە ناپیرۆزە چ پێویستە لەسەر منداڵ و نەوە

و نەتیجەی کەسێکەوە بمێنێت کە 'سوڵتان' ی لە ئایەتوڵلا خۆشتر ناوێت! ئەو شیعرەی شاملووم دەیان ساڵە لەبەرە، کە ڕوو لە ڕەزاشا گوتوویەتی؛ واهەیە لەبیر مانەوەشی هەر لەبەر ئەو وشە ناموبارەکە بێت:

"... آن کس که برای یك خانه در شهر و سه خانه در ده،
با قبا و نان و خانهء یك تاریخ چنان کند که تو کردی، رضا خان
نامش نیست انسان، نه نامش نیست انسان،
انسان نیست، من نمی دانم چیست،
جز یك سلطان..."

بۆ دیتنی وێنەی بەڕێکردنی تەرمی نۆرمەن ویزدم سەیری ئەم لینکە بکەن:
http://www.bbc.co.uk/persian/arts/2010/10/101022_l41_norman_wisdom_funeral_album.shtml

## ٧٢

### لاهووتی کرماشانی وحیجاب

ئەم دوو وێنە سەیرەم لە ماڵپەڕی "هزل دات کام" وەرگرتووە کە لەژێر دووهەمیاندا نووسراوە:

"بڵێی ئەمانە چۆن خواردن بخۆن!"





***

هه‌رده‌م باسی حیجابی ژنان بێته گۆڕێ، یادی شاعیری کوردی فارسی وێژ "لاهووتی کرماشانی" ده‌که‌م  که زیاد له‌هه‌موان به کێشه‌ی حیجابی ژنانه‌وه ماندوو بووه و ڕقی لێی بۆته‌وه. کاتێ شیعره‌کان له‌لای ئه‌و دوو وێنه‌یه داده‌نێین ڕێزی ئه‌و شاعیره مه‌زنه، که من ناوم ناوه "هێلکه‌ی دۆڕاوی کورد!" له‌به‌ر چاومان زیاتر ده‌بێت. ئه‌وانه‌ی خواره‌وه هه‌ڵبژارده‌یه‌کن له شیعره‌کانی لاهووتی، له‌دیوانه‌که‌ی چاپی 'ئه‌حمه‌د به‌شیری' وه‌رگیراون:

پس کی تو این نقاب زرخ دور میکنی؟ — کی ترك این اسارت منفور میکنی؟
بامرد همسری تو، کی این حق خویشرا — ثابت به آن ستمگر مغرور میکنی؟
برضد خودپرستی مردان قیام کن! — تمکین چرا به به بندگی زور میکنی؟
ای پادشاه پارس! در این عصر روشنی — زن را به تیرگی زچه مجبور میکنی؟
تف بر سلیقه تو! که در چادر سیاه — زنهای زنده را همه در گور میکنی...

زین بیش این نقاب سیه را بەرو مکن! — مارا میان جامعه بی آبرو مکن
شرم آور این بود که تو درپرده‌ای هنوز — جانا، زبازکردن رو، هیچ رو مکن
تو ساده‌ای و شیخ بداخلاق، حیله‌گر — هیچ اعتنا به گفته این زشت خو مکن!

هرجا ز حسن روی تو درگفتگو شدم — بحث از نقابت آمد و بی آبرو شدم
رخ مپوش ای دختر ایران که ماه بی حجاب — روشنائی بیشتر دارد، نمیدانی مگر؟

.....آنروز که دختران ازبك — آزاد شدند همچو مردان،

شد گفتگو، ای نژاد مزدك، زان چادر چون سیاه زندان
مردم همه شادمان و من تك از ذکر اسارت تو، چندان
شرمنده شدم که گریه کردم یك بود و هزار گشت دردم!

لاهوتیا! بگوی بمن دختران پارس کی این نقاب ننگ ز رخساره واکنند؟
باآنکه در شریعت خوبان حجاب نیست یار مرا برای چه شرم از حجاب نیست؟

بەداخەوە لاهووتی کورد ئەو شیعرە پڕواتایانەی بە زمانی زگماك نەگوتوون!

**٧٣**

**عەداڵەتی ئیسلامی!**

کوردستان وولاتی داگیرکراوی مەلاکانە. ئەو بێعەداڵەتییەی لە شوێنی دیکەی ئێران پێیان نەکرێت، لەوێ دەیکەن. فەرموون:

١. **لە تاران:** ماوەیەکە پارێزەری ئازا وبەجەرگ خاتوو "نەسرین ستوودە" یان لە تاران گرتووە و وا کەمپەینێکی جیهانی بەڕێوەیە بۆ ئازادکردنی. خاتوو ستوودە، پارێزەری چەند زیندانی سیاسی بووە و لەوانە چەند کوردیش. مەلاکان لە تاران لەوە زیاتر نەچوونەتە پێشێ و لە ترسی بیروڕای گشتی ناشتوانن بچن.
٢. **لە تەورێزی ئازەربایجان:** حکوومەت بەرگریی کردووە لە کارکردنی دوو پارێزەر واتە "نەقی مەحموودی" و "عەبباس جەمالی"، کە لە ڕابردوو دا وەکالەتی هەڵسووڕاوانی مەدەنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی ئازەربایجانیان لە ئەستۆگرتووە وداکۆکییان لێکردوون.
٣. **بەڵام لە کوردستان:** نەمر "نەسروڵلا سەبر"، پارێزەری زیندانیانی سیاسیی کوردیان بە شانۆسازییەکی دەستکرد و لە ڕێگەی پێکدادانی ترومبیلەوە کوشتوە، ئینجا دەستێکیان بە ڕیشی مبارەکیاندا هێناوە و مێشێکیشیان لێ میوان نەبووە! لێرە لە کوردستان ئەو جینایەتانەیان بۆ دەلوێت، دەشیکەن و گوێش نادەنە بیروڕای گشتی.
٤. نەمری جەنابی ئایەتوڵلا بۆ عەداڵەتی ئیسلامیی دوو ئاتەشەت!

## ٧٤

### بەڵگەی گومان لێکراو

حەوتووی ڕابردوو برادەرێك کۆپی بەڵگەنامەیەکی بە ئیمەیل بۆ ناردم. نامەیەك بوو گوایە ئایەتوڵڵا خامنەیی نووسیویەتی و لە فەرماندەی قەرارگایەکی سوپای ویستووە ئامادەی دەست تێوەردان لە کاروباری عیراق بێت.
من بەڵگەکەم، بە شێوازی نووسین و ڕاشکاویی و سەراحەتی فەرمانەکەدا، بە شتێکی دەستکرد و سازکراو زانی و گوێم نەدایە. بە داخەوە هەمان شەو دیتم یەك لە تەلەفیزیۆنە کوردییەکان لە بەرنامەی هەواڵەکانیدا ئاماژەی پێ دا و هێناشیە سەر سەفحەی تەلەفیزیۆن!
کاربەدەستانی مێدیای کوردی دەبێ گەلێك لەوە زیاتر ووشیار بن و بزانن ڕژیم بە دەستە قەسد و بۆ سووك کردنی دەزگا سیاسی و خەبەرییەکانی کورد لەم کارە چەپەڵانە دەکات و بۆ بێ باوەڕ کردنی خەڵك بە دەستەقەسد هەواڵ و بەڵگەی ساختە دەخاتە دەستی هەندێك کەسانەوە کە دەزانن پەیوەندییان بە میدیای ئوپۆزیسیۆنەوە هەیە و دەتوانن بڵاوی بکەنەوە.
لەم سەردەمەدا، ئەسپ با پێشکەشیش بێت، ددانی هەردەبێ بژمێری!

## ٧٥

### پیلانێکی دیکە

4/11/2010 ئەمڕۆ لە هەواڵی هەواڵنێرییەکاندا بوو وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران گوتوویەتی چوارکەسی لە مەریوان گرتووە کە پەیوەندیان بە کۆمەلەوە هەبووە ئەو پەیوەندییەش لە شاری سلێمانییەوە گێراوە، بەڵام چوار کەسەکە فەرمانیان لە پەنابەرێکی کوردی دانیشتووی بریتانیا وەرگرتووە و جاسووسی بریتانیاش بوون! چی بە سەر چییەوە؟
لە ڕاستیدا، ئەوە هەر تاکەکەس نییە سەری لێ دەشێوێت و نازانێت چ بکات. سیستەمێکی سیاسیش دەتوانێ تووشی نەخۆشی سەرلێشێواوی بێت.
دوو ڕۆژ پێش ئێستا سەرۆکی "ئێم ئای فایو" ی بریتانیا گوتی ئێمە جاسووسیمان لە سەر بەرنامە "ناوەکییەکانی ئێران" کردووە. ئێستاش وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران بۆ ئەوەی وەڵامێکی ئەوی دابێتەوە، دەڵێ چوار کوردم لە مەریوان گرتووە پەیوەندیان بە کۆمەڵەوە بووە و لەبەر ئەوەی کەسێکی خزم یا برادەریان لە بریتانیا دەژی، کەوابووجاسووسی ئێوەش بوون!
کۆمەڵە لە ڕاگەیاندنێکدا گوتوویەتی شتی وا نییە و ئەو چوارە هەژارە، ساڵ و نیوێك پێش ئێستا گیراون.

کۆماری ئیسلامی خۆی دەزانێت کەس باوەڕ بەو حەلەق مەلەقە ناکات، بەڵام بۆچی دەیکات؟ ڕاستییەکەی هەر ئەوەیە وا لە بەشی ٦٦ ی ووردە فەرمایشتەکانمدا گوتم: "ئێران گەڕ بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەفرۆشێت". مەلاکان هەموو ئەو شێروڕێوییە بۆ یەك شت دەهێننەوە: یا حکوومەتی هەرێم و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عیراق پشتی نوری ئەلمالیکی بگرن و ئیجازە بدەن ببێتە سەرەك وەزیر، یا خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران ئامادە بکەن! ئاو بێنە و دەست بشۆ. دەنا نە دەوڵەتی بریتانیا گوێی بەو هەیت وهووتە دەبزوێت و نە کەسیش باوەڕ دەکات چوار کوردی مەریوانی - تەنانەت ئەگەر لە ساڵ و نیوێك پێشتریشەوە لە زیندان نەبووبێتن، بتوانن لە پشت ئەو هەموو کێو وشاخەی مەریوان و هەورامانەوە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە قوم ونەتەنز و بووشیهر کۆنتڕۆڵ بکەن و لەڕێگەی پەنابەرێکی دانیشتووی بریتانیاوە بیدەن بەو ئێم ئای فایو! دەزگایەك بیەوێت جاسووسی لە سەر ئێران بکات دەبێ هەر بە قەدرایی بەرپرسانی وەزارەتی ئیتیلاعات عەقڵی هەبێت کە ئەو شێوازە سەمەرەیە بۆ کارەکەی هەڵبژێرێت!

مەلاکان خەونی خراپیان بۆ عیراق و بۆ کوردستان دیوە.

## ٧٦

### شیعری "سەردەمی جاهیلی" و قورئان

وتارێکی زانستییانە

ئەم بابەتەم لە ماڵپەڕی هەڵوێست دا خوێندەوە. لێکۆڵینەوەیەکی سەرنجڕاکێشە. کاری زۆری بە سەر باوەڕی ئایینی خەڵکەوە نەداوە، تەنیا هەندێك فەکتی لە شیعری پێش ئیسلام هێناوەتەوە، کە عەرەبی موسوڵمان پێی دەڵێن سەردەمی "جاهلییەت" و لە ڕاستیشدا وا نەبووە!

بەگوێرەی فەکتەکان هەندێك ئایەتی قورئان دەقاودەق وەك شیعری شاعیرانی عەرەبی سەردەمی ئیسلام و پێش 'دەعوەت' ی پێغەمبەری ئیسلامن.

لە ووتارەکەدا، قسەکان بەبەڵگە سەلمێنراون و هیچ دژایەتییەکی باوەڕی ئایینی کەسێکیان تێدا نابینرێت، هەربۆیەش دەبێ بەدڵفراوانییەوە وەربگیرێن:

ئەوە لینکی ووتارەکەیە:

http://www.helwist.com/Xeber/10/17%20%2010%20%20Sher%20le%20Qor,an.htm

**٧٧**

گۆڕان لە لیستەی هاوپەیمانیی کوردستان هاتەدەرەوە
٢٠١٠/١٠/٢٩ من گەلێك نیگەرانی ئەنجامی کارەکەم. کورد لە بارودۆخی ئەمڕۆی عیراقدا خاوەنی قورسایيە، ئەم دووبەرەکییە سووکی دەکات.
وا پێدەچێت پاڵەوانانی شەڕی نگریسی براکوژی هەمیسان هاتبێتنەوە ناو گۆڕەپان و تەپڵی شەڕ بکوتن.
گەلۆ ئەوانەی بۆ چەند ساڵێك بە ناچاری و لەژێر گوشاری بیروڕای گشتیدا بیری 'کوردکوژی' یان نابوە سەر تاق، سەرلەنوێ دەست بەکار بوونەتەوە؟ گەلۆ کورد ئەو دەرەتانەیان پێدەدات سەرلەنوێ هەڵسوون بێننەوە و یاریی بە خوێنی لاوانی گەل بکەن؟
با نەهێڵین دەرگا لەسەر هەمان پاژنەی جاران بگەڕێت، مەترسیی گەورەمان دێتە سەرڕێ.
یەکگرتنەوە ، ئینجا شتی تر! تکاتان لێدەکەین.

**٧٨**

**هەنگاوێکی دیکەش، کاك پشکۆ!**
بەرگی یەکەمی کتێبی "ئەزموون و یاد" نووسینی کاك 'پشکۆ نەجمەدین' م بە ئەمانەت لە برادەرێکی خۆشەویست وەرگرت و خوێندمەوە. قەڵەمی بەهێز،ڕستەی جوان، وشەی ڕەسەن، زمانی شاعیرانە، ئەنسیکلۆپێدیایەك لە ناوی گوند و چیا و ڕووباری کوردستان و لە ژوور هەمووانەوە، هەڵوێستی تا ڕادەیەك سەربەخۆ و دوور لە دەروێشایەتی حزب و تاقم و گرووپ. ئەوانە تێگەیشتنی منن لەو کتێبە.
زمانی نووسەر، بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی کتێبەکە و تا ئەودەمەی کە هێشتا لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکاندا تێکەڵاوی ئەرکی بەرپرسایەتی کەرت و تێکگیرانی فیزیکی لەگەڵ نەیارانی کۆمەڵە نەبووە، سیحراوییە و شان لە شانی شیعر دەدات. من بۆ ئەو ڕازاوەیی زمانە ئیرەیی پێ دەبەم! بەڵام ئەم دیاردەیە بەرگر نەبووە لەوەی نووسەر بپەرژێتە سەر بابەتی سەرەکی نووسینەکەی، کە ئەویش لەقاودان و مەحکووم کردنی شەڕی براکوژییە و بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکی نووسرانی کتێبەکەش هەر ئەوە بووە.
ئەوەش نموونە:

"گوندێك لە ئێوارەیەکدا لە دووکەڵی چەکی براکاندا ڕەش هەڵگەڕا و لە خوێنی براکاندا سوور داگیرسا. هاوار وناڵەی ئەنگاوتەکان، تووك و نزای ژنان، زووڕە وقریشکەی منداڵانی هەترەشچوو و باڕە و قاڕەی مەڕ وبزن ئاسمانیان سەرڕێژ کرد." (ل. ٧٧)
"من لە نێوان بەرداشی دەستهاڕێکدا ڕۆحم دەهات هەپروون دەبوو. ئێمە وئەوان ([کۆمەڵە و پارتی] چ تاوانێکمان نەبوو! ئێمە هەموومان لەو دۆزەخی کوردکوشتنەدا گوناه بووین." (ل. ١٥٥)

"من لە ماوەی دەساڵی پێشمەرگەیەتیی خۆمدا تەنیا یەك جووتیارم نەبینی (بەلایەنگرانی یەکیەتیشەوە)، کە لە دڵەوە شەڕی قیادە موەققەت و پاشتریش لایەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوە چەکدارییەکەیان پێ خۆش بێت." (ل. ٥١)
"بە درێژایی ساڵانی شاخ و شەڕی یەکتر کوشتن من یەك جووتیاریشم نەدیت بە کوشتنی کورد و سەرکەوتنی لایەنێکی کوردکوژ دڵخۆش بێت." (ل. ٢٠٢)
پشکۆ نەجمەدین لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا وێنەی شەڕی یەکیەتی و پارتی، یەکیەتی و سوسیالیست، یەکیەتی و شیوعی، یەکیەتی و ئێران، یەکیەتی و ڕژێمی سەددام و تەنانەت یەکیەتی و کۆمەڵەی بە زمانێکی پڕ لە ڕەمزوڕازی شاعیرانە کێشاوەتەوە، ئینجا لە کۆتایی کتێبەکەدا بۆچوونی خۆی لەمەڕ یەکیەتی نیشتمانی بەم شێوەیە تێئۆریزە کردووە:
"یەکیەتی نیشتمانی کوردستان ئەو هێزە سیاسییە سەرچڵە بوو کە کورتبینانە و بەپێی ڕۆژگار سیاسەتی دەکرد. تاکتیکە سیاسییەکانی یەکیەتی هەمیشە کورتییان دەهێنا و ئاکامی خراپیان لێ دەکەوتەوە. (ل.٢٤٤)

ئەو تیغە تیژی ڕەخنەیە، بەدرێژایی دێڕ و لاپەڕەکان بێ بەزەییانە شەخسی مام جەلال، قیادەی موەققەتە، پارتی، سوسیالیستەکان، حزبی شیوعی و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران... هەڵدەدڕێت و دیوی ناوەوەی سیاسەتەکانیان دەردەخات، بەڵام کەمتر بەلای کۆمەڵەی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا دەچێت. فانتیزیای بیروبۆچوونی ماویی کارێکی ئەوتۆی لەسەر زەینی نووسەر کردووە، کە سەرەڕای ڕەخنەگرتن لەهەندێك لایەنی کارەکانیان (ل. ٢١٤ بۆنموونە)، هەرگیز ناتوانێت بەتەواوەتی خۆی لە مێردەزمەی حزبایەتی و چەکداریی وخۆشەویستیی ئەودوانە ڕزگار بکات و دوور لە هەموو 'تەعەللوق' ێکی 'لایەنی' تەنیا باوەڕ بە خاك و خەڵکی چەوساوەی سەرخاکە داگیرکراوەکەی بهێنێت و ببێتە "ڕووناکبیر" ی گەل بە تەعبیرە ئۆرووپییەکەی – دیاردەیەك کە بەگشتی لە کوردستان و بەتایبەت لە هەندێ پارچەیدا، بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێت! زمانی پشکۆ بۆگێڕانەوەی هەڵە و خەتاکانی کۆمەڵە گەلێك

جیاوازە لەو زمانەی وا بۆ ڕوومالّ کردنی یەکیەتی و قیادە موەققەتە و بەرپرسەکانیان دەیگێڕێت و مووی پێ دەقەلەشێنێت.
بەم قسەیەم نامەوێت نووسەر هان بدەم ڕەخنە لە کۆمەڵەی ئەمدیو یان ئەو دیو بگرێت هیچ کێشەیەکیشم لەگەڵ هیچکامیان نییە، یا ئەگەر هەمە، زیاتر نییە لەوەی وا لەگەڵ حزبی دیموکرات و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان هەمە و یەك لەوان ئەو ڕێکخراوەیەی وا خۆم لە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ دا بۆ ماوەی ١٧ مانگ لەگەڵیان کەوتم - واتە فیدائیانی ئەکسەرییەت. تەنیا دەمەوێت بڵێم جێگەی ڕووناکبیرێکی "بەشێوەی ڕەها سەربەخۆ" و دوور لە هەموو لایەنگرییەکی حزب و ئایین، چەندە لە کۆمەڵگای کورد دا خاڵییە!
پشکۆ، وەك لەباسی سەفەری ناوەختی "بێوران" ی خۆی و هاوڕێیانیدا بۆمان دەگێڕێتەوە، لێرەش چەند هەنگاوێك پێش گەیشتنە ئاوایی و ڕووناکی، لە سەرمای حزبایەتیدا ڕچیوە و چەقی بەستووە، لێرەش وەك ئەوێ، هەر خۆی بەرپرسی ناتەواومانەوەی سەفەرەکەیەتی!
خوێنەر دەتوانێ هەست بەوە بکات، خۆی چی؟
تامەزرۆی خوێندنەوەی بەرگەکانی دیکەی کتێبەکەم.

**٧٩**

**دەرسی ئابووری!**

31/10/12010 ئەمڕۆ لە ئورووپا جەژنی هالۆوین بوو، جەژنی هەلاوە مەلاوە، جەژنی جل وبەرگی سەمەرە، جەژنی گەسك و داسی جادووگەران، جەژنی کوولەکەی شەقەباغی!
بە کوولەکەی هالۆویندا کەوتمە بیری بەندوباوێکی کوردیی خۆمان. دڵنیام ئێوەش بە منداڵی بیستووتانە و گوتووتانە:
چوومە ماڵی جوولەکە، قوڵتەقوڵتی کوولەکە؛
چوومە ماڵی ئەرمەنی قوڵتەقوڵتی سەمەنی؛
چوومە ماڵی موسوڵمان، دەنگی یاسین و قوڕئان!
بەمنداڵی جیاوازییەکم لەنێوان ئەو سێ ماڵەدا هەست پێ نەدەکرد، بەڵام ئێستا دەزانم: دراوسێ ئەرمەنی و جووەکانمان هەر لەسەرەتاوە لەبیری ئەوەدابوون پێخۆرێك بۆ منداڵەکانیان بێننەوە ماڵێ و زگیان تێربکەن، بەڵام دایك و باوکی ئێمەی خاوەن ئیمان، لەجیاتی ئەوەی بابۆڵە نانێك بدەنە دەستمان، خەتمیان بۆ کردووین و یاسینیان بەگوێدا خوێندووین!

ئەی خومەینی نەیگوت "ئابووری هی گوێدرێژە"؟ قابیلە ئێمە بیر لەو شتە هیچ وپووچە بکەینەوە و کاتی خۆمانی پێ بگرین؟ بۆچی لەجیاتی ئەو، نەچین تەهلیلەیەك بکەین!

**٨٠**

**میوە و سەوزەی کوردستان**

لە پیشانگەیەکی لەندەنا

لە بەرنامەی ڕاگەیێنراوی پیشانگەی میوە و سەوزەی ئەمساڵ لە "ئێکسێل"(١) ی لەندەندا (٢٧ و ٢٨ ی ئوکتۆبری ٢٠١٠)، چاوم بە بەشی غورفەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت کە تێیدا گوترابوو بەرهەمی میوە و سەوزەی کوردستان کەوتۆتە بەرچاوی شەریکاتی گەورەی کڕیار لە بریتانیا. ئەوە هەنگاوێکی باشی ئابوورییە بۆ ناساندنی کوردستان بە جیهان و هەروەها بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی. پێشتریش هەواڵێکی دیکەم خوێندبووەوە لە ماڵپەڕێکی کوردیدا سەبارەت بە "هەنگوینی کوردستان" کە گوایە لە بێ خەوشی و پاکیدا پلەی یەکەمی جیهانی هێنابێتەوە.

گەلێك بەرهەمی کشتوکاڵیی ئێمە ڕووی چوونە بازاڕەکانی جیهانیان هەیە. لە ڕێزدار "ئەسعەدی سیڕاجەددینی" م بیست کە ساڵێکیان جەنابی شێخ عوسمانی نەقشبەندی قەرتاڵەیەك میوەی جوانی باخی "دووڕوە" ی هەورامانی داوەتە ئەو و کەسێکی تر لە ئەندامانی بنەماڵەی نەقشبەندی بۆ ئەوەی بە دیاری ببەن بۆ "فەڕەح دیبا" ژنی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی لە تاران. کاك ئەسعەد دەیگوت کاتێ فەڕەح چاوی بە جوانی و ڕازاوەیی و گەورەیی میوەکان کەوت، سەرەتا باوەڕی نەدەکرد شتی وا لە کوردستان بەرهەم هاتبێت، پاشان گوتی ئەوانە حەیفن لێرە بمێننەوە، ئێستا پیشانگەیەکی میوە لە فلانە شوێنی ئەورووپا هەیە، من قەرتاڵە میوەکە دەست بەجێ بە فڕۆکە دەینێرم بۆ بەشی تایبەت بە ئێران لە پیشانگاکە با هەمووان لەوێ ببینن. دیارە بەناوی بەرهەمی ئێرانەوە!

کورد دەبێ وورده وورده باوەڕبەخۆیی زیاد بکات و لە کۆمەڵگای جیهانیدا سەرهەڵێنێت.

ئەوە ماڵپەڕی ئێکسێل:

/http://www.excel-london.co.uk/whatson/events/217

لەوێدا (ئەگەر مابێت)، دەبێ بچیتە سەر بەشی پیشانگەی میوە و سەوزەی جیهانی لە دەستەڕاستی لاپەڕەکە، واتە:

World Fruit and Vegetable Show

ئینجا لە جەدوەلی بەرنامەکەیدا کە بە پێی ئەلف و بێی ئینگلیزی دارِژاوە، بگەرِێی بۆ:
”Kurdistan Regional Government“

---

1.World Fruit and Vegetable Show, Excel, London

**٨١**

**وتوویژ**

4/11/20190 ئەمرِۆ رِادیۆ بی بی سی فارسی ووتوویژێکی کورتی ٥ خولەکی لەگەڵ کردم. بابەتی قسەکان وەك ئەوان دەیانگوت "کۆماری ئیسلامی و کەمینە قەومییەکان" بوو، کە من بە 'کەمینە نەتەوەییەکان' ی دەزانم.

لە رِۆژی پێشترەوە کە پێیان گوتبووم، بیرم لەوە دەکردەوە چی بڵێم و بە شێوەیەك خەریکی خۆ ئامادە کردن بووم بۆی. بەڵام لە کاتی ووتوویژەکەدا تێگەیشتم پێویستی بەو ئامادەکاری و خۆماندوو کردنانە نەبوە، لەبەر ئەوەی هەر باسی سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامی بێتە گۆرِێ، دەتوانی چاوت بقووچێنی و هەرچی وەبیرت دێتەوە بیڵێی، هەمووی هەر رِاستن، کەسیش ناتوانێ بەرپەرچیان بداتەوە، مەگەر قسەبێژێکی رِاستگۆی وەك سەرەك کۆمار!

**٨٢**

**ئەنجامی کێ بەرکێی سیاسی لە عیراق:**
**ئێران ٢ – ئەمریکا ١ – خەڵکی عیراق.**

11/11/2010 دوای چەندمانگ بێنەوبەرە و کێشە و هەرا و ووتوویژ و لە ئەنجامی دانیشتنەکانی هەولێر و بەغدا دا، ئەمرِۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەنگی بۆ سێ پۆستە سەرەکییەکەی دەوڵەتی دادیی عیراق دا و نووری مالیکی - کە لە لایەن ئێرانەوە پشتگیری لێ دەکرا وەك سەرەك وەزیری عراق و رِێزدار جەلال تاڵەبانی وەك سەرەك کۆماری عیراق دەست نیشان کرانەوە واتە دۆستێك و لایەنگرێکی سیاسەتەکانی ئێران لە عیراق، لە سەر پۆستی پێشووی خۆیان مانەوە. 'کۆتلە' ی ئەلعیراقییە و ئەیاد عەلاویش پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانیان بۆ مایەوە کە پێی رِازی نەبوون و تا ئەم کاتە، خۆیان لە هەڵبژاردنەکان کێشاوەتەوە. ئەوەی خەڵکی عیراقیش بێت بە گشتی دەستیان لەگۆزەدا مایەوە و لەو گۆشتە قوربانییە هیچیان بە نەسیب نەبوو، کاڵەم درِا، هیچم پێ نەبرِا!

لە سەرەتای هاتنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ عیراقدا ئەمریکییەکان بە ڕاست یا بە درۆ باسیان لە شێوازێکی دیموکراسی بۆ عیراق دەکرد کە لە ناوچەکەدا نموونە بێت و ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو وولاتانی نا دیموکراتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەو خەیاڵ پلاوە ئێستا گەیشتۆتە ئەنجامی ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە خواستی ئێران و موقتەدا سەدر و بە نادیموکراتیترین شێواز بەڕێوە ببرێن، پۆستەکان لە سەرەوە دابەش دەکرێن و تێیدا فێڵبازی و پاشقولدانی یەکتر بەکار دەهێنرێت و هەمووی لە ئەنجامی یەك شتدا: دەنگدان بە 'لیستە' نەك بە تاکەکەسی لێوەشاوە! لەو شێوە دەنگدانەدا، دەنگدەری ئاسایی و خەڵکی سەرشەقام، بە پێچەوانەی هەموو خەڵکی ئەم جیهانە دەنگ بە تاکەکەس و تواناکانی و ڕادەی وەفاداریی و خزمەتکاریی کاندیداکان نادەن بەلکوو کوێرانە دەنگ بە لیستەیەك دەدەن کە وەك پرێسکە و بۆخچەیەکی پێچراوە کەس ئاگای لە ناوەرۆکەکەی نییە. زۆرێك لەوانەی وا لەڕێگەی 'لیستە' وە هەڵبژێرراون، تەنانەت دانیشتووی ناوخۆی وولات نەبوون و ٢٠ یا ٣٠ ساڵ لەدەرەوە ژیاون، جا لە ئێران و تورکیا بێت یا ئەوروپا. لە ئەنجامدا، ئەو کەسانە بە شێوەی پێویست شارەزای بارودۆخی ناوخۆی وولات نین و خەڵکی خۆجێ یی لە نزیکەوە ناناسن و بەدەرد وئازاریان نازانن. ئەوانە تەنیا لەبەر یەك هۆکار لە لایەن حزب و 'کۆتلە' کەیانەوە پاڵێوراون: لایەنگریی دەمارگیرانەی حزب و ڕێکخراوەکەی ئەوان و بەڕێوەبەر و سەۆکەکەی دەکەن و توند و تیژ لەبەرانبەر لایەنەکانی دیکەدا دەوەستن!

ئەو شێوازە دواکەوتووە تەنانەت لە نادیمۆکڕاتترین وولاتانی جیهان وەك ئێرانیشدا ڕەچاو ناکرێت، ئەگەر حزب و تاقمەکان لە ئێران لیستەیەك ئامادە دەکەن، هێشتا خەڵکەکە هەر بە تاکەکەسی ناو ئەو لیستەیە دەنگ دەدەن نەك بە پرێسکەکە و بە 'ژمارە'! لە یەکێ لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێراندا هاشمی ڕەفسەنجانی سەرەك کۆماری پێشوو، بوو بە خاوەنی کەمترین دەنگی ناو لیستەکە و هەڵنەبژێررایەوە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لە هەمان لیستە دەنگیان پێ درا و هەلبژێررانەوە. 'هەڵبژاردن' ی عیراق لە شێواز و ناوەرۆکدا لە ئێرانیش پاشکەوتووترە.

بە داخەوە ئەو ڕەوتە گشتییەی ناو عیراق شوێنی لەسەر کوردستانیش داناوە و هەڵبژاردەنەکان لەوێش بە هەمان ئاقاردا دەڕۆن. ئەم کارە کەلتوورێکی نادیموکڕاتی دروست کردووە کە بە فیفتی – فیفتی دەستی پێکرد و ئەنجامەکەی بوو بەوەی ئەمساڵ لیستەی 'گۆڕان' لە ناسکترین بارودۆخی سیاسیدا لە هاوپەیمانیی کوردستا ن جیا بووەوە وپشت لە کوردستان و ڕوو لە بەرژەوەندیی حیزب، لەجیاتی هەولێر چوو بۆ بەغدا – وەك ئەوەی ماچەکەی سەددام کۆن بووبێت و ئەمان بیانەوێ تازەی بکەنەوە:

"بلێ یار باقی و هەم سوحبەت باقی"!

لەو بڕیارە ناحەزەدا، نەك خەڵك بەڵكوو 'لیستە' دەوری بینی و تەنانەت بەشێك لەو نوێنەرانەی کۆتلەی گۆڕان کە خۆیان بەو پشت لەخەڵك کردنە ڕازی نەبوون، بەناچاری لەگەڵ پاشماوەی نوێنەرەکان چوونە بەغدا و وەك ئەوان بێ ئەنجامیش گەڕانەوە. بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەندامی 'لیستە' بوون و لیستە لە عیراق شتێکی وەها پیرۆزە کە مەعازەڵڵا ناتوانی لێی جیا ببیەوە و دەنگی سەربەخۆی خۆت هەبێت. تەنانەت ڕاست هەر ئەمڕۆ یەك لە ئەندامانی لیستەی 'هاوپەیمانیی کوردستان' – کاك سامی شۆڕش، کۆچی دوایی کرد و لیستەکە بە بێ پرس و مەسڵەحەتی دەنگدەران کەسێکی دیکەی لە شوێنی ئەو دانا، ملکایەتی خانووبەرە و دووکانیش وانییە. بەوە دەڵێن ئازادی و دیموکراتیەت و سەروەریی گەل!

ئێمە پێویستمان بە تەمرینی دیموکڕاسی هەیە، بە ڕێزگرتن لە مافی تاکەکەس، نەك بە پرێسکەی حەوت لۆی گرووپ و تاقمەکان. 'پرێسکە' و دەنگی پرێسکەیی دژ بە دیموکراتیەتە جا هی یەکیەتی بێت یا هی پارت و گۆڕان و ئیسلامی، فەرق ناکات. عیراق با هەر خوری خۆی بڕێسێت، ئێمە دەتوانین لە ناو خۆماندا ئەساسی دیموکڕاتیەت دابمەزرێنین و کەرەسەی بۆ پێك بێنین. دیارە ئەگەر بمانەوێت!

*****

هەرچۆنێك بێت، لە ماوەی هەڵبژاردن و دابەشکرانی پۆستەکاندا کورد بە گشتی باش جووڵایەوە، ملی بۆ گوشارەکانی ئەمریکا دانەنواند و لە بەرانبەر ئێرانیشدا باش وەستا، ئیتر ئەوەی کاندیدای کورد بۆ سەرەك کۆماریی جێگەی پەسندی ئێرانیش بوو و لەوخاڵەدا سیاسەتی هەردوولا لێك نزیك دەبوونەوە، شتێکی ئەوتۆ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەو هەڵوێست گرتنە قایمە، خاڵێکی ئەرێ یە لە سیاسەتەکانی حکوومەتی هەرێمدا و بۆ ئەو ووشیارییە سیاسییە دەبێ پیرۆزباییان لێبکرێت.

دیارە گەلێك بابەتی نادیار لە مەسەلەکەدا هەن کە لە ڕۆژانی دادێدا ڕوون دەبنەوە. با بزانین لەو تەنافبازی و پێکهاتنانەی پشت پەردەدا مافەکانی گەلی کورد و لەپێش هەمواندا کێشەی کەرکووك و مادەی ١٤٠ و هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیە چ سازانێکی لەسەر کراوە و چ بڕیارێکی لە سەر دراوە. لەو پەیوەندییەدا بێدەنگ مانەوەی بەڕواڵەتی تورکیاش دەتوانێ واتای زۆری هەبێت.

## ٨٣

### کۆنفەرانسێك لە سەر زمانی کوردی

له ویبلاگی "ڕوانگه" ی کاك حەسەنی قازیدا هەواڵی کۆنفەڕانسێك لەسەر زمانی کوردی له لوس ئانجلێسی ئەمریکا بلاو بۆتەوه. بابەتی کۆنفەڕانسەکه و ناوی بەشداربووانی سەرنجڕاکێشن. مەسەلەی کورد و زمانی کوردی ئیتر له بۆچوونی گەڕۆکێکی ئورووپی وئەفسەرێکی ئیدارەی موستەعمەرات و ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەورووپی تێپەڕ بووه و ئێستا بۆته بابەتێکی زانستگەیی و تاڕادەیەکیش جیهانی. ئەوه هەنگاوێکی باشه.

بەڵام قسەی کاك ئەمیری حەسەنپوور له کۆنفەڕانسەکەدا که گوتبووی "کوردی زمانێکی ژێر مەترسییه" ووشیاری کردمەوه بەتایبەت کاتێ له بەشێکی دیکەی قسەکانی دا لەو مەترسییه دوابوو که "تا کۆتایی سەدەی بیست و یەکەم نیوەی زمانگەلی ئەمڕۆی جیهان لەناو دەچن". ئەو قسەیه دایخورپاندم و لەرزاندمی. زمان به زمانەوانان ناپارێزرێت، به ئاخەفتنی خەڵکی ئاسایی دەپارێزرێت. گەلۆ ئێمە ئامانجی پاراستنیمان هەیه و بەکردەوەش هەوڵی بۆدەدەین؟ گەلۆ دەتوانین ڕیسی ئەو هەموو داگیرکەر و دوژمن و نەتەویستانه بکەینەوه خوری؟ گەلۆ ئەگەر کاری بۆ نەکەین زمانی کوردی، ناسنامەی سەرەکی گەلی کورد، دوای ماوەیەکی نەزۆر درێژ، واهەیه بکەوێته گیانەڵڵاوه؟ ئەرکی سەرشانمان گەوره و گرانه.

ئەوه وەرگێڕاوی کورتەی ووتارەکانه که کاك حەسەنی قازی ئامادەی کردوون وله ویبلاگی 'ڕوانگه' دا بلاوی کردوونەتەوه:

/http://www.ruwange.blogspot.com

ئەوەش دەقی ووتوویژەکان به ئینگلیزی، له چەندین بەشدا، (من ئەویشم له 'ڕوانگه' وەرگرتووه):

http://bambuser.com/channel/vokradio

**٨٤**

**ئەوه کورده یان مێرووله!**

لەم ڕۆژانەدا ئەم فیلمه سەیر وسەمەرەیه له ئینترنێتدا بلاو بووەوه: به سەدان و ڕەنگه هەزاران کۆڵبەری کورد له سەر سنووری بانه و چۆمان خەریکی کۆڵکێشانن! مێروولەش کاری وای نەکردووه! شتەکه هیچ له واقیع ناچێت، دەڵێی فیلمێکی سوورڕێئالیستی دەیەی شەستەکانی ئورووپایه یا ئاڵقەی دووهەمی فیلمی "کاتێك بۆ سەرخۆشیی ئەسپەکان" ی بەهمەنی قوبادی!

بەڵام زۆر شتی ناواقیعتر لەوەش له کوردستان و لەژیانی کورددا ڕوویداوه. ئابووریی وێران، بێکاری، بێدەرەتانی و گرانی، کاری لەوه سەمەرەتریش به میللەتەکەمان دەکات. بڕوانن

داگیرکەری وولأت چی بەسەر گەلەکەمان هێناوە. هەر تاقە دوو کارخانە لەناوچەکەدا بوایەن کەس ئەو کارە پڕڕەنج وئازارەی دەکرد؟ مەترسی تەقە لێکران و کووژران بەدەستی پاسدارە ڕەشەی مەلاکانیش لەولا بوەستێت.

من ئێستاش تێماوم ئەوە واقیعی ژیانی ئەو ناوچەیەیە، یا فیلمێکی دروستکراوی دەستی هونەرمەندێك؟ ئەوەندەی فیلمەکەم پێ سەمەرەیە، گۆرانییە فارسییەکەی مەتنی فیلمەکەش! ئەو شانۆ ڕوون و ئاشکرایەی ژیانی کورد بۆچی دەبێ بە مۆسیقایەکی بێ پەیوەندی فارسییەوە بلأو بکرێتەوە؟ ئینساف شتێکی باشە براله!

ئەوە فیلمەکەیە لە یووتیووبدا:

http://www.youtube.com/watch?v=Hq1Gqcf0N4E&feature=player_embedded

**٨٥**

**ئەی بابە نەڕۆ!**

## چ گورگ و بەرازێك حوکممان بەسەردا دەکەن!

ئەوە بەشێکە لە بیرەوەرییە تەواو ئیسلامییەکانی حەزرەتی حوججەتولئیسلامی وەلموسلیمین "حەسەنی" - ئیمامی جومعەی شاری ورمێ. بیخوێننەوە بزانن چ گورگ و بەرازێك حوکممان بەسەردا دەکەن.

حەسەنی دەڵێ:

"ڕەشیدی کوڕەگەورەم هیچی نەکردبوو تەنیا ئەوە نەبێ کومۆنیست بوو، من چووم هەواڵم لێدا، شوێنەکەیم بە مەئموورەکان ڕاگەیاند، پاسداریان نارد، گرتیان، موحاکەمەیان کرد، ئیعدام کرا، دەستیشم خۆش بێت، کوڕەکەی دیکەشم ئەگەر وابێت هەروای لێدەکەم، بەلأم حەقیش نەبوو ئیعدامیان کرد دەبوو زیندانی دایمیان پێ بدایە لەبەر ئەوەی دژ بە رژیم هیچی نەکردبووا!"

چاوی خۆت و ڕووی باوکت سپی ماموسا! بەوە دەڵێن کاری مرۆڤانە وموسوڵمانانە، ئەوەیە حکوومەت و دادگا و عەدڵی ئیسلامی! ئاوا دەکرێ ئیمام جومعەیی گەورەشارێك بۆخۆت مسۆگەر بکەیت!

حەسەنی لە کۆتاییدا دەڵی: "زۆرم هەوڵ دا چاوم بە فایلی کوڕەکەم بکەوێت پێیان نەدام!" ئیمام جومعەی ورمێ و نمایەندەی ئیمام ناتوانێت لە تەوریزی بن گوێی خۆی فایلێك

وەربگرێت و بیخوێنێتەوە. ئەوانە کێن؟ ئەوە ئیسلامی نابی محەممەدییە یا پشتی پەردەی ئاسن، یا هەردوکیان؟

ئەوکەسەی لەگەڵ کوڕی خۆی ئەو کارە دەفەرموێت، دەبێ لە قەڵاتان ونەغەدە و ورمێ لەگەڵ کوردی سوننی چی کردبێ و چی بکات!

ئەوە بیرەوەییەکانی فەقیهی عالیقەدر مەلا حەسەنی:

از دیدگاه «ملا حسنی» فرزندش «رشید»، مستحق اعدام نبود.

از کتاب خاطرات ملا حسنی (حاج شیخ غلامرضا حسنی امام جمعه ارومیه)، که «مرکز اسناد انقلاب اسلامی» منتشر نموده است:

«پسر بزرگم رشید با رژیم شاه سخت مبارزه می‌کرد. دوران ستم شاهی که در دانشگاه تهران تحصیل می‌نمود، یکی دو بار دستگیر و زندانی شد. قبل از پیروزی، وقتی به ارومیه و روستا می‌آمد، در برگزاری هر چه باشکوهتر مراسم نماز جمعه بزرگ‌آباد، تلاش می‌کرد و در فعالیت‌های جنبی آن از قبیل: بیل زنی در باغات، شخم زدن، کمك کردن به فقرا و مستمندان می‌کوشید.

او پس از پیروزی انقلاب، ناگهان به گروه سیاسی سازمان فدائیان خلق پیوست و از سران آنها شد، به طوری که مسئولیت شاخه آذربایجان غربی بر عهده او بود. خیلی با او صحبت کردم تا در راهش تجدید نظر کند، ولی نکرد....تصمیم گرفتم جلوی فعالیتهای او را بگیرم.

نخست چند بار تذکر و تهدید انجام گرفت ولی فایده نکرد. آن وقت نماینده مجلس و در تهران بودم. یك روز رشید به تهران آمده بود. جایش را شناسایی کردیم. در کمیته انقلاب تهران با آیت‌الله مهدوی‌کنی تماس گرفتم و گفتم یك موردی هست، چند نفر مسلح بفرستد. نگفتم پسرم هست. یکی از محافظان خودم به نام آقای جلیل حسنی را نیز همراه آنها کردم. او از بچه‌های کمیته ارومیه بود و الان به تجارت مشغول است.

گفتم اگر مقاومت یا فرار کرد بزنید...اگر هم تسلیم شد، دستگیر کنید و به کمیته تحویل بدهید. آنها رفتند و او را دستگیر کردند. رشید چند روزی در کمیته تهران بود. بعد برای بازجویی و محاکمه به تبریز انتقال دادند. او چون محل فعالیت‌هایش، استان آذربایجان بود در این شهر محاکمه و به اعدام محکوم شد و بلافاصله حکم اجرا گردید. در مرحله اول، رشید را به دادستان وقت، حضرت حجت الاسلام سید حسین موسوی تبریزی تحویل داده بودند، او نیز وی را به یکی از دامادهایش که او

هم قاضی بود، سپرد و حکم اعدام رشید را او صادر کرده بود. حتی بعد از اعدام جنازه‌اش ار هم به ما تحویل ندادند...

حقیقت این است که رشید مستحق اعدام نبود. او جنایتی را مرتکب نشده بود، یا کسی را نکشته بود تنها جرمش این بود که گرایش شدید کمونیستی داشت و این هرگز منجر به اعدام کسی نمی‌شود. حداکثر این است که باید به حبس ابد محکوم می‌گردید.

متاسفانه قاضی پرونده همین طور فله‌ای حکم صادر کرده بود...

دلم می‌خواست، پرونده رشید را می‌دیدم و مطالعه می‌کردم، هر چه می‌خواستم امکانپذیر نشد و در اختیارم نگذاشتند. اخیراً شنیدم قاضی این پرونده شدیداً به فقر مالی و گرفتاری‌های دیگر مبتلا شده است، دلم می‌خواهد او را پیدا کنم و از مال و اندوخته‌های شرعی خودم به او کمك می‌نمودم...»

بابەتەکە لەم ماڵپەڕە وەرگیراوە:

http://asre-nou.net/php/view.php?objnr=7144

**٨٦**

**ئەحمەدی شاملوو و کورد**

ئەمساڵ دەیەمین ساڵی مەرگی ئەحمەدی شاملوو شاعیری ناوداری ئێرانییە. شاملوو وەك درێژەدەری ڕێگای نیما، باوکی شیعری سپی فارسی، وەرگێری پێشکەوتنخواز و ڕۆژنامەنووسی خاوەن هەڵوێست دەناسرێت.

لە یادی شاملوودا، بە پێویست دەزانم بیرەوەریی کاری ڕاستەوخۆم لەگەڵ شاملوو لە ساڵانی ١٩٦٨ و ٦٩ تان بۆبگێڕمەوە.

ئەودەم شاملوو سەرنووسەری گۆڤاری 'خووشە' بوو. خووشە گۆڤارێکی وون و کەمتر ناسراو بوو و تا ئەوکاتەی کە شاملوو بوو بە سەرنووسەری، چاپەمەنییەك بوو لە ڕادەی گۆڤاری 'تهران مصور' و 'سپید وسیاه' و 'خواندنیها' وبگرە خوارەوەتریش. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی شاملوو ئەرکی سەرنووسەریی گۆڤارەکەی گرتە ئەستۆ، کاری شیعر و ئەدەبی نوێ و تەرجەمەی شیعر و چیرۆکی ئوروپایی و ڕەخنەی ئەدەبی لە گۆڤارەکەدا برەوی پەیدا کرد و

بەرهەمی گەلێك لە خەڵکانی خاوەن ناوی ئەو بوارانە لەگۆڤارەکەدا بڵاو بوونەوە و 'خووشە' سەروگەردنێك کەوتە پێش هەموو چاپەمەنییەکی هەفتانەی فارسی ئێرانەوە.

وەکوو هەڵوێست، شاملوو ڕوانگەیەکی ڕوون و ئەرێ یی بە نیسبەت گەلانی دانیشتووی ئێرانەوە هەبوو و وەك ڕووناکبیرێکی پێشکەوتنخواز لە ڕەگەزپەرستی گەلی باڵادەست بەدوور بوو، هەر ئەوەش کارێکی کردبوو کە ڕووی لە زمان و ئەدەب و هونەری گەلانی غەیرە فارس وەرنەدەگێڕا و ئەو ووتارەی وا چەندساڵ پێش مردن سەبارەت بە ڕەگەزپەرستیی فیردەوسی لە زانستگەی بێرکلێی ئەمریکاش دای، نموونەی ڕوونی ئەو ڕوانگەیەیە. هەربۆیەش بوو لە لاپەڕەکانی خووشەدا جاروبارە بەرهەمی تورکی ئازەربایجانی، تورکمانی و کوردی بڵاو دەکرایەوە، لە ڕاستیدا ناودەرکردنی سەمەدی بیهرەنگی لە ئێرانیش هەر لە 'خووشە' ی شاملووەوە دەستی پێکرد و لەو چیرۆکە بچووکانەوە کە سەمەد دەینووسین و ئەوان بڵاویان دەکردنەوە.


شمارە ١٢ پنجشنبە ٢٩ اردیبهشت ١٣٤٧

هەلۆ، هەربەرزە!

عقاب، بلندپروازست!

نەمر سوارەی ئێلخانی زادە و کاك فاتیحی شێخولئیسلامی کە ئەودەم خوێندکاری زانستگەی تاران یا دەرچووی زانستگە بوون، جاروبارە شیعری کوردییان بە تەرجەمەی فارسییەوە بۆ خووشە دەنارد. یەکەم شیعرێکی کوردی کە لە خووشەدا ىڵاو بووەوە، ئەوەندەی لەبیرم بێت هی کاك سوار بوو.

من تازە سەرم لە هێلکە دەرهێنابوو و دوای شاربەدەرکران لە کوردستان لە "شهری' نزیك تاران مامۆستاییم دەکرد و ماڵم لە چوارڕێی عەزیزخانی تاران لە شەقامی سەفیعەلیشای خووشەوە دوور نەبوو. ڕۆژێکیان شیعری "هەڵۆ هەربەرزە" ی مامۆستا هەژارم هەڵگرت و چووم بۆ خووشە بەردەمی شاملوو. شیعرەکەم لە سەر مێزەکەی دانا و گوتم تکایە ئەگەر چاپی دەکەن با بێ هەڵە بێت لەبەر ئەوەی ئەو یەکدوو شیعرە کوردییەی وا چاپتان کردوون هەلەی زۆریان تێکەوتوون. شاملوو دەست بەجێ گوتی چ کارەی؟ گوتم مامۆستای قوتابخانەم. گوتی خۆت کوردی؟ گوتم بەڵێ. گوتی کاتت هەیە هەفتەی جارێك بێیە ئێرە و هەڵەبڕی ئەو بابەتە کوردییانە بکەی کە بۆمان دێت؟ لەخودام دەویست! گوتم بەڵێ و سەودا سەریگرت.

هەفتەی دواتر چوومەوە و هەڵەبڕیی هەلۆ هەربەرزەم کرد. بەشوێنیدا سێ پارچەشیعری دیکەشم دانێ چاپیان کرد (وەبزانم هی جەماڵ شارباژێڕی و کامڕان بوون) و چەند شیعری دیکەشم بۆ هەڵەبڕی کردن کە خەڵکانی دیکە بۆیان ناردبوون. شاملوو خوازیاری ئەوە بووبابەتەکان ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتنخوازیان هەبێت بەلام نەك سیاسییەکی توندی وا، کە بکەوێتە بەرچاوی گورگەکانی ساواك. من ئەودەم هیچی وام لەبەردەستدا نەبوون و تاك وتەرا بابەتی کوردیم وەگیر دەکەوت، خەڵکیش زۆریان بابەت بۆ نەدەنارد، جا ووردە ووردە پەیوەندەکە کەم بووەوە و ئیتر نەما.

بۆ ئەم وەستانە، من شاملوو بە تاوانبار نازانم، بارودۆخی کورد بوو و نەبوونی ماتریاڵ و کەم ئەزموونیی من، دەنا ئەو هەژارە هیچ کۆسپێکی لەبەر دەم کارەکە دانەنا. من ناشارەزا بووم و بێدەسەڵات و کەم پەیوەند، ڕژیمی شاش دەرەتانی ئەوەی نەدەدا بتوانم بابەتی هەمەچەشنەی کوردی لێرە ولەوێ گردوکۆ بکەم. دەوروبەرەکانیشم لەمن چاکتر نەبوون. کاك سوار و کاك فاتیح و کاك سەلاحی موهتەدی کە لەتاران دەژیان، بەپێچەوانە، چەشنە پەیوەندێکی دوور یا نزیکیان لەگەڵ باشوور هەبوو و کتێب و ڕۆژنامەیان تاك و تەراش بوایە پێ دەگەیشت. بەڵام ئەوانیش زۆریان بابەت بۆ 'خووشە' نەدەنارد

من ئێستا هەست بە خەسارێك دەکەم: ئێمە ئەودەم کە لەتاران و لە بن گوێی کەسانی وەك شاملوودا دەژیاین بۆچی کاری جیدیمان بۆ ناساندنی زمان و ئەدەبی کوردی بەوان و لە

ڕێگەی ئەوانەوە بە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران نەدەکرد؟ زۆرێکیان گوێیان بۆ بیستنی قسەکانمان کراوە بوو. من لەگەڵ 'نوسرەتی ڕەحمانی' دا دۆستایەتیم هەبوو و نوسرەت تەنانەت دەهاتە ماڵەکەم، 'سەعیدی سوڵتانپوور' لەگەڵ کاکم و منیش دۆستایەتی هەبوو و من چووبوومە ماڵی، ئەویش هاتبوە ماڵی کاکم لە بۆکان. وەك قوتابییەکی هەڵسووڕاو و خاوەن بۆچوون لەگەڵ دوکتۆر 'شەفیعی کەدکەنی' مامۆستامدا نێوانێکی زۆر خۆشم هەبوو، دوکتۆر خانلەری، هوما ناتیق، باستانی پاریزی، تەقی بەراهەنی، دوکتۆر سەدیقی و زۆرێکیتر لەو کەسانە، مامۆستام بوون و لای نەمر دوکتۆر محەممەد سدیقی موفتی زادەش دەرسی زمانی کوردیم دەخوێند.

لەو ساڵانەدا، هەرکام لە کوردانی دانیشتووی تاران، بە تایبەت سیاسییەکان، واهەیە دەرەتانێکی هاوچەشن یا زیاتر لە منیان لەگەڵ ئەو کەسانە و ڕووناکبیر و ئەدیب و شاعیری فارسی زمانی دیکەدا بووبێت. بەڵام ئێمە خەڵکانێك بووین شەرمێون و ناباوەڕ بەخۆ، یا گەلەکەی خۆمان بە کەم وەردەگرت و لامان وانەبوو بتوانین سەر لە نێو سەران دەربێنین. دەنا هەر ئەو مامۆستا و ئەدیب و زانا ئێرانییانە دەیانتوانی دەلاقەیەك بن بەرەو ڕووناکبیرانی دیکەی ئەو سەردەمەی ئێران و ئەدەبی کوردی — بە ڕادەیەکی کەم و بەربەستکراو و ئیجازەپێدراوی ڕژیمیش بوایەت، لەڕێگەی ئەوانەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا بڵاو بێتەوە. سەمەدی بیهڕەنگی و عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ئەو هەلەیان باش قۆستەوە و سەرکەوتووش بوون.

من لەم ساڵانەی دواییدا، لە لەندەن لە کاك هەڤاڵ کوێستانیم بیست کە چەند ساڵێك دواتر، ئەو و چەند شاعیر و نووسەری باشوور، کە وابزانم کاك شێرکۆ بێکەسیشیان لەگەڵ ببوو، لەکوردستانەوە چووبوونە لای ئەحمەدی شاملوو لە تاران و باسی ئەدەب و شێعری کوردییان بۆ کردبوو و نموونەیان پێشکەش کردبوو، ئەویش زۆری پێشوازی لێکردبوون و گوتبووی من تا ئێستا ئاوا بە هەواڵێ ئەدەبی کوردیم نەزانیبوو.

ئەو نەزانینەی شاملوو هەڵەی ئێمەمانان بوو!

ئەوەی خوارەوە کۆپی لاپەڕەیەکی گۆڤاری خوشەی شاملووە بە شیعری هەڵۆ هەربەرزەی مامۆستا هەژارەوە واتە هەمان ئەو شیعرەی کە من دامە شاملوو. سەرەتاکەم خراپ نەنووسیوە بەڵام وەك دەبینن ناوی شیعرەکەم بە ناتەواوی تەرجەمە فەرمووە، ئێستاش هەر بۆم زەحمەتە عیبارەتی "هەڵۆ هەر بەرزە" بکەم بە فارسی و نازانم دەبێ ئەو "هەر" ە چی لێ بکرێت!

وابزانم حەوت هەشت نوسخەی گۆڤاری 'خووشە' ی ئەو ساڵانە لە ئارشیوی قوتابخانەی توێژینەوە ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقییەکانی زانستگەی لەندەن (سواس) دا پارێزراون و من ئەم شیعرەم لە ژمارە ١٢ و ڕێکەوتی یەکشەممە ١٣٤٧/٢/٢٩ (١٩٦٨/٥/١٩) دا دۆزییەوە. شیعری

'پەری قژزەرد' ی مامۆستا جەمال شارباژێری و یەکدوو پارچەشیعری دیکەش لەو ژمارانەدا هەن.

**٨٧**

**دڵڕەقی دوژمن لە قەندیلی 'بەردی دەلان'!**

هاوڕێیەکی بەڕێزم ئەم لینکەی بۆ ناردووم. نازانم فیلمی کامە بۆمبارانە و هی ئێرانی ئیسلامییە یا هی تورکیای سێکیولار؟ بەڵام تۆپ هەر تۆپە و پێست و ڕەگ و خوێن دەسمێت. ڕێکەوتێك بەسەر فیلمەکەوە نییە بزانم هی کام مانگ و ساڵە؟ ئەوەندەیان خاکەکەمان وێران کردووە، حیسابی مانگ وساڵیمان بۆ ڕاناگیرێت. ئەوە هات و ڕاشمان گرت، کێ هەیە گوێمان بداتێ!

بەزەحمەت توانیم جارێك سەیری فیلمەکە بکەم، دڵم بەرایی نادات جارێکی دیکە ببینم. ئێوە خۆتان دەزانن.

دوژمنی کورد دەزانێ چ دەکات: فەوتاندنی هەرشتێك کە هی کورد بێت، بە کورد خۆیەوە!

ئەوە فیلمەکە:

http://www.youtube.com/watch?v=I8C1NTwOqDk&feature=player!#_embedded

ئەوەش شیعرێکی 'سەیفی فەرغانە' شاعیری سەدەی هەشتەمی ئێران، بۆ نێوچاوانی نگریسی بکەرانی ئەو جینایەتەدا. شیعرەکە لە ویکیپێدیای فارسی وەگیراوە و کورت کراوەتەوە:

هم مرگ بر جهان شما نیز بگذرد! هم رونق زمان شما نیز بگذردا!
باد خزان نکبت ایّام ناگهان برباغ و بوستان شمانیز بگذرد
آب اجل که هست گلوگیر خاص و عام برحلق و بردهانِ شمانیز بگذرد
ای تیغتان چو نیزه برای ستم دراز! این تیزی سنان شما نیز بگذرد
چون داد عادلان به جهان دربقا نکرد بیداد ظالمان شما نیز بگذرد
در مملکت چو غُرّش شیران گذشت و رفت این عوعو سگان شما نیز بگذرد
آن کس که اسب داشت، غُبارش فرونشست گرد سُم خران شما نیز بگذرد
بادی که در زمانه بسی شمع ها بکُشت هم بر چراغدان شما نیز بگذرد
زین کاروانسرای بسی کاروان گذشت ناچار کاروان شما نیز بگذرد

این نوبت از کسان به شماناکسان رسید — نوبت ز ناکسان شما نیز بگذرد
بیش از دو روز بود از آن دگر کسان — بعد از دوروز،از آن شمانیز بگذرد
بر تیر جورتان ز تحمّل سپر کنیم — تا سختیِ کمان شما نیز بگذرد
در باغ دولت دگران بود مدّتی — این گُل،ز گُلستان شما نیز بگذرد
پیل فنا، که شاه بقا مات حُکم اوست — هم بر پیادگان شما نیز بگذرد

## ٨٨

**خودا و خورما پێکەوە چەند خۆشە!**

هاواری من بۆ مۆسیقای کوردی ئەوەیە لە شێوازە کۆنە "یەك دەنگی" یەکەی بێتە دەرێ و ئۆرکێستراسیۆنی بۆ بکرێت واتە وەك مۆسیقای ڕۆژئاوا ببێتە "چەند دەنگی" و ئامێری مۆسیق و دەنگ بێژ هەرکام لە کاری خۆیاندا سەربەخۆ بن و دەنگ و دەوری تایبەت بەخۆشیان هەبێت نەك ٤٠ دانە دەفە پێکەوە لێ بدرێن و هەموو هەر یەك دەنگ دەربێنن، ئەودەم جیاوزیی نێوان ٤٠ دەفە و دەهۆڵێك لەچیدا دەبێت؟

وا مۆسیقای ئازەربایجانی دوای 'عوزەیر حاجی بەگۆف' ڕێبەر و ڕێ پیشاندەرێکی نوێی پەیدا کردووە: عالم قاسمۆف.

گوێ بدەنە ئەم پارچە مۆسیقا سوننەتییەی ئازەربایجان چۆن پێچراوە و بادراوە و لە تێکەڵاویی چەند ئامێری نەتەوایەتی ئازەربایجانی لەگەڵ ئورکێسترایەکی چوارکەسی (کوارتێت) ی ئیسپانیا، مۆسیقایەکیان بەرهەم هێناوە کە هەم نوێیە، هەم کۆن، هەم ئازەربایجانییە هەم ڕۆژئاوایی، هەم ناسیاوی گوێی ئەمە هەم هی ئەو.

لێرەدا گرنگ ئەوە نییە گۆرانیبێژێکی ئازەربایجانی لەگەڵ ئۆرکێسترایەکی ئوروپی گورانی گوتبێت، ئەم کارە کورد و ئێرانی و عەرب و تورکیش کردوویانە. گرنگ ئامێتە کرانی مۆسیقای یەکدەنگیی ئازەربایجانە لەگەڵ مۆسیقای چەنددەنگیی ڕۆژئاوا کە تێیدا دەنگی سەربەخۆی هەرکام لە ئامێرەکانی مۆسیقا و دەنگبێژەکان تێکەڵاوی یەك دەبن و لەعەینی کاتدا هەرکام سەربەخۆیی خۆشیان دەپارێزن. ڕچە شکێنییەکە لەو خاڵەدایە.

سەیری جوولە و حەرەکەی گۆرانیبێژ و ئەندامانی ئۆرکێشتراکەش بکەن و ببینن لەچاو مۆسیقای نەریتیی ناوچەی ئێمە بە کورد و فارس و عەرەب و تورکی تورکیاوە، چەندی ڕچەشکێنی تێدایە. لە شێوە نەریتییەکەدا گۆرانیبێژ وەك مردوو بێ حەرەکەت ڕادەوەستێت و تەنیا کاتێ دەست بە گۆرانی گوتن دەکات کە ئامێرەکانی مۆسیقا بوەستن و نۆرەی ئەو

بدەن! بزانن هاوبەشیکردن و تێکەڵاویی دەنگی دەنگ بێژ لەگەڵ ئامێرە مۆسیقاکان چ قیامەتێکی بەرپاکردووە.
خۆزگەم بەخۆیان، هەم نەریتی کۆنی ناو کۆمەڵگای خۆیان پاراستووە و هەم دەلاقەیان بەرەوە هەوای تازەی دەرەوەش کردۆتەوە. نە شیش سووتاوە نەکەباب! ئێمە لە شیعردا ئەزموونمان کرد، نە کۆن فەوتا و نە نوێ لەبارچوو، بۆ مۆسیقاش دەتوانین، دیارە ئەگەر بمانەوێت و پێشڕەوی وەك گۆرانمان لە مۆسیقاشدا هەبێت!

http://www.youtube.com/watch?v=J_8W43sLOmQ&feature=related

٨٩

**کۆماری ئیسلامی دان بە قەتڵی قاسملوو و شەڕەفکەندی دا دەنێت**
عەبدوڵلا شەهبازی مۆرەیەکی گرنگی دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی ئێرانە. ناوبراو بۆ ماوەیەك سەرپەرشتی "سازمان اسناد" واتە ناوەندی گرنگی پاراستن و هەندێك جاریش "دروست کردن" ی بەڵگەنامەی نهێنی سیاسی ئێرانی لە ئەستۆ بووە. ناوبراو  ئێستا لە ماڵپەڕێکی تایبەت بەخۆیدا بابەت دەنووسێت کە لە باری ڕاگەیاندنی زانیاریی وورد و بەبەڵگە سەبارەت بە کاروباری نهێنی دەزگا جاسووسی و زانیارییەکانی ئێرانەوە گەلێك سەرنج ڕاکێشە وبەو بۆنەیەشەوە ناوی دەرکردووە.
دیارە ماستی شەهبازی بێ موو نییە و هەر نووسین و ڕاگەیاندنێکی بە ئامانجێك، بۆ لێدانی کەسانێك یا پاساوی کاری کەسانێکی تر بڵاو دەبنەوە، دەشگوترێت زۆر لە دەفتەری ڕەهبەریی نزیکە. هیچ دەزگایەکی عەلەنی کۆماری ئیسلامی وا بە ووردی ناچێتە بنج و بناوانی بابەتەکانەوە و زانیاری وا وورد بە خوێنەر نادات. لەعەینی کاتدا، هیچ دەزگایەکی عەلەنی سەر بەکۆماری ئیسلامیش ناتوانێت بەو ڕادەیە خوێنەری ئاسایی چەواشە بکات و لەڕێگەی مەحکووم کردنی لایەنێکی تایبەتەوە تاوانی لایەنێکی دیکە بشواتەوە.
لە ووتارێکدا کە ماڵپەڕی 'پەیك نێت' بڵاوی کردۆتەوە گوتراوە: ئەو ووتارە لەڕاستیدا کورتەی کتێبێکی شەهبازییە بەناوی "سرویسهای اطلاعاتی وانقلاب اسلامی ایران" کە دەڵێ "زەمانە بۆبڵاوکردنەوەی لەبار نەبوو هەربۆیەش هەندێك بەشیم وەك ووتار بڵاوکردەوە".
ئەوەی خوارەوە، بەشە بڵاوکراوەکانی ئەو ووتارەیە لە سەر ماڵپەڕی پەیك نێت:
http://www.pyknet.net/1389/05aban/20/page/31Shahbazi.php

ئەوەش هەمان بابەت لە سەرچاوەی ئەسڵی واتە ماڵپەڕی نووسەری ووتارەکە - عەبدوڵڵا شەهبازیدا:

http://www.shahbazi.org/index2.htm

شەهبازی لە ووتارەکەیدا باڵێکی بەڕێوەبەرایەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بردۆتە ژێر دەرب و زەرب و جینایەتکارانی وەك 'سەعیدی ئیمامی' دەزگای جاسووسی ئیسرائیلی بە 'تاکە بەرپرس' ی کوشتارەکان ناساندووە، بەو ئامانجەی کە دەستی 'هاشمی ڕەفسەنجانی' و 'خامنەیی' بەڕێوەبەرانی سەرەوەی ئێران و جینایەتکارەکانی وەکو رەزائی، ویلایەتیی و فەللاحی لە تاوانی تێرۆری میکونوس و"قتلهای زنجیرەای" هەروەها قەتڵی دوکتور قاسملوبەدەستی جینایەتکاری ناوزراو جعفر جعفری صحراروودی ناسراو بە رحیمی بشواتەوە و دەزگای جاسووسی ئیسرائیل و دەوڵەتانی لاوەیی تاوانبار کردووە کە ئەوان بوون لەڕێگەی دارەدەستەکانی ناوخۆی ئێرانیانەوە ئەو جینایەتانەیان بەڕێوە بردووە.
دیارە چالاکیی جاسووسی ئیسرائیل و ووڵاتانی دەرەوە لە ئێران جێگەی گومان نییە، بەڵام لە هەردوو قەتڵی میکونوس و ڤیەندا نە ئەوان و نە تاکێکی وەك سەعیدی ئیمامی بەڵکوو سەرجەمی دەزگای دەوڵەت و حکوومەت لە ئێران بەشدارییان کرد و بەگوێرەی قەراری دادگای میکونوس، ١٦ وەزارەتخانەی ئێران لە سەردەمی سەرەك کۆماریی ڕەفسەنجانی و سەرەك وەزیریی مووسەویدا کارهاسانییان بۆ بەڕێوەچوونی جینایەتەکە کردووە.
سەرەرای هەموو ئەو چەواشەکارییانە، ئەوە یەکەم جارە کە تاك یا دەزگایەکی کۆماری ئیسلامی بە ڕاشکاوی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە کۆماری مەلاکانی ئێران بەڕێوەبەری قەتڵی نەمران دوکتۆر قاسملو، دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانیان بوون، چۆنیەتی ڕیوایەتەکە و چەواشەکاریی لەمەڕ دەست تێوەردانی بێگانە لە کارەساتەکان، تەنیا بۆ شوێنە گومکێ و بە شەوارەخستنی خەڵکە. بەم پێیە، حکوومەتی ئێران سەرئەنجام پەسندی ڕاستییەکی کرد کە هەموو خەڵکی جیهان لەمێژ بوو دەیانزانی: سیستەمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرپرسی ڕاستەوخۆی قەتڵی دوکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو، دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانیانن!
بۆ ئەو کەسانەی کە کاتی خوێندنەوەی هەموو بابەتەکەیان نییە، ئەوە بەشێك لە ووتارەکەی عەبدوڵڵا شەهبازی سەبارەت بە قەتڵی دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر شەرەفکەندی:
سعید امامی در دوران اقتدارش به برخی اقدامات به شدت مخرب در داخل و خارج از ایران دست زد که جنجالی‌ترین آن قتل صادق شرفکندی و چند تن دیگر از رهبران حزب دمکرات کردستان ایران در رستوران میکونوس برلین (٢٧ شهریور ١٣٧١) است. قتل صادق شرفکندی،

مانند قتل عبدالرحمن قاسملو (۲۲ تیر ۱۳۶۸) رهبر پیشین حزب دمکرات کردستان ایران، زمانی صورت گرفت که رهبری حزب فوق از مقابله نظامی با جمهوری اسلامی ایران دست کشیده و به شدت در تلاش برای مصالحه و سازش با ایران بود. قاسملو در زمان مذاکره با نمایندگان سپاه پاسداران در وین به قتل رسید و سردار محمد جعفر صحرارودی، طرف مذاکره با وی، به علت اصابت گلوله مهاجمان به دهانش به شدت مجروح شد. او مدت‌ها در بیمارستانی در وین بستری بود و پس از بهبود به ایران بازگشت. جلسه رستوران میکونوس نیز به منظور ایجاد جبهه‌ای از گروه‌های مخالف جمهوری اسلامی ایران بود که تنها فعالیت‌های مسالمت‌آمیز را قبول داشتند و روش‌های تروریستی فرقه مسعود رجوی را طرد می‌کردند.
در آن سال‌ها من شخصاً فحاشی شدید فرقه رجوی به قاسملو و سپس به شرفکندی و سایر گروه‌های طرف مذاکره با وی را از رادیوی فرقه فوق، که با حمایت حکومت صدام از عراق پخش می‌شد، می‌شنیدم و تحولات را دنبال می‌کردم. بنابراین، در زمان وقوع قتل‌های فوق، بر اساس تحلیل سیاسی، کم‌ترین تردیدی نداشتم که این اقدامات، از سوی هر که انجام گرفته باشد، با هدایت سرویس اطلاعاتی اسرائیل (موساد) و به سود فرقه رجوی بوده است. جلسه میکونوس، اگر با موفقیت به پایان می‌رسید، به ایجاد یک جبهه نیرومند در میان مخالفان معتدل جمهوری اسلامی ایران، مرکب از حزب دمکرات کردستان و سازمان فدائیان خلق (اکثریت) و غیره، می‌انجامید و انزوای شدید فرقه رجوی را در پی داشت. قتل قاسملو یا کشتار میکونوس قطعاً به سود جمهوری اسلامی ایران نبود. از منظر منافع جمهوری اسلامی ایران، عقل سلیم این قتل‌ها را تأیید نمی‌کرد بلکه به‌عکس حمایت از گرایش رو به رشد مصالحه‌جویانه را، برای منزوی کردن مخالفان تندرو و افراطی که تروریسم کور و خونین را پی می‌گرفتند، توصیه می‌نمود.
بۆ خوێندنەوەی سەرجەمی بابەتەکە، بڕوانە ئەو دوو ئەدرەسەی وا لە سەرەوەتر ڕاگەیێنراون.

**۹۰**

**بونیاتنانی نەتەوە**
**ڕوانگەی دیموکراسی و مارکسیسم**

ئەم ووتووێژە لەگەڵ دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور سەبارەت بە 'بونیاتنانی نەتەوە" لەماڵپەڕی برووسکە دا بڵاوبۆتەوە و گەلێك سەرنج ڕاکێشە:

http://www.brwska.org/kurdi/index.php?news=3880

٩١

**بارودۆخی ڕێدار 'کەبوودوەند' لە زیندان**

گوێم لە ووتووێژی هاوسەری کاك "محەممەد سدیق کەبوودوەند" بوو لەگەڵ ڕادیۆیەکی فارسی دەرەوەی ووڵات. سەری تەعزیمم لەبەرانبەر کەسایەتی مەزنی ئەو گەورەپیاوە دانەواند، نەفرەت و ڕق و کینی خۆیشم ئاڕاستەی کۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە کرد.

کەسێکی بێ ئازار، لەماڵی خۆیدا ڕێکخراوەیەکی بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤی کورد دامەزراندووە و بەو "تاوان"ە مەزنە! ئێستا زیاد لە سێ ساڵە لە خراپترین بارودۆخی زینداندا دەستەویەخەی ئازاری دڵ و سەکتەی میشك هاتووە. مەلا موسوڵمانەکانی تاران و قومیش نە عیلاجی دەکەن نە ئیجازەی هاتنەدەر و عیلاج کردن بە خەرجی خۆی پێدەدەن. تۆ بڵێی بەرازیش ئەوەندە بێ بەزەیی و ڕق لەدڵ بێت؟

بەرازینە، بێ غیرەتینە، مەلایینە، لەکۆڵی ببنەوە! لێگەڕێن با 'کەبوودوەند' بێتەدەرێ و عیلاجێکی نەخۆشی دڵی بکات!

سەلا لە دڵی بۆخەڵك لێدەرت، کاکە سدیق گیان!

٩٢

**تۆڵە سەندنەوە یا لێبووردن؟**

**مام جەلال کارێکی باشی کرد.**

پارێزەری سەددام حوسەین چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ 'هاوڵاتی' کردووە و تێیدا لە 'لێبووردن' و 'لێخۆشبوون' و 'چاولەخەتاپۆشین' ی ڕێبەرانی کورد بەتایبەت مام جەلال دواوە.

من ئەوەم زۆر پێخۆش بوو وهەڵوێستی ئەوم لە بەرانبەر هەڵوێستی حاکمانی عەرەبی بەغدا - واتە ئیبراهیم جەعفەری و نوری المالکی و موقتەدا سەدر دانا و لێبووردوویی مرۆڤانەی ڕێبەرانی کوردم لەگەڵ ڕۆحی تۆڵە ئەستێنیی ئەواندا هەڵسەنگاند و نەمتوانی سەری سپاس بۆ ئەو دڵفراوانییەی مام جەلال دانەنەوێنم.

دەزانم ئەو لێبووردنە بەرانبەر بە دوژمنێکی وەك سەددامە و بنەماڵەی بەرپێری کیمیایی و ئەنفالکراوەکان دەڕەنجێنێت، بەڵام من وەك لەگەڵ کوشتندا نیم، لەگەڵ کوشتنەوەشدا نیم، با

سەددام و بەرزان تكریتی و تاریق عەزیزیش بن! بڕوای من گشتییە وڕووی لەتاكەكەس نییە: ئیعدام كردن كارێكی ناپەسندە، هی هەركەس بێت و لەلایەن هەركەسێكەوە بێت!
تكایە دایك وباوكی شەهیدەكان لێم ببوورن، من هەست بە ئازاریان دەكەم بەڵام ناتوانم دڵڕەق و تۆڵە ئەستێن بم. كوشتنی كەسێك نابێتە هۆی زیندووبوونەوەی یەكێكی تر، تەنیا هەستی تۆڵەمان ڕازی دەكات و ئەو 'پێداویستی' تۆڵە سەندنەوەیەش دیاردەیەكی فەرهەنگییە، بە گۆڕانی سەردەم دەكرێ بگۆڕێت. لە ژیانی عەشیرەتیدا شتی وا ڕوونادات، لەوێ خوێن تەنیا بە خوێن دەشۆرێتەوە. بەڵام شێواز بیركردنەوی دیكەش هەن. با بیر لەوان بكەینەوە.
دیارە لێرەدا پرسی 'داد' و 'دادپەروەری' و 'سزا' دێتە گۆڕێ. ئەگەر كورد لەڕێگەی كوشتنەوە بە شوێنێك نەگات، ئەی دەبێ چی بكات؟ چۆن بە ئامانج بگات" گەلۆ شەڕی چەكداری ناچێتە ژێر پرسیار؟ ئەگەر دادگا و داد وەڵامی پرسیارمان بێت، كەوابوو دەبێ بەرگری لە قەرارەكەی نەكرێت. 'ئەخلاق' چییە؟ چەندە لەگەڵ چەمكی عەداڵەتدا یەك دەگرێتەوە و لە كوێ حیسابیان لێك جیا دەبێتەوە؟ هەڵس وكەوت لەگەڵ 'دیل' دەبێ چۆن بێت؟ ئەوەی كە لەشەڕی ڕووبەڕوودا دەتەویست بیكووژی بەڵام بۆت نەكووژرا و بەزیندوویی گرتت، دەبێ حوكمی شەڕی بەسەردا بسەپێنی و بیكووژی؟ ئەگەر نا، بۆچی دوای موحاكەمە، ئا؟ چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان دیلێك كە دوای گیران پشتی بە دیوارێكەوە دەنرێت و تەقەی لێدەكرێت كەگەڵ ئەوەی هەمان چارەنووسی دوای موحاكەمە بۆ دەنووسرێت؟ ئەگەر یەكەمیان خراپە، بۆچی دووهەمیان دەبێ باش بێت؟ لە پەیوەندی سزای كوشتندا چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان بەرپرس و سەركردە و "ئامیر" لەگەڵ 'مەئموور' و كەم دەسەڵاتی پلەی خوارەوە؟ سیستەمە دیموكراتییەكانی ئەمڕۆ لە ئەوروپا چۆن ئەو ناتەباییانەیان چارەسەر كردووە؟ من وەڵامێكی ڕوونم بۆ پرسیارەكان نییە، بەڵام واهەیە ئەگەر زیندانی درێژخایەن بكرێتە جێگری كوشتن وئیعدام، بەشێك لە دڵڕەقی تۆڵەئەستاندنەوە كەم بكاتەوە. من دژ بە ئیعدامم هەر ئەوەندە و ئیتر هیچ!

ئەوە دەقی ووتووێژی پارێزەرەكەیە:
http://83.169.12.202/K_Direje.aspx?Jimare=980&Besh=Witar&Cor=11

ئەوەش هەواڵێكی تازەتر لەمەڕ مام جەلال كە گوتوویەتی قەرای ئیعدامی تاریق عەزیز ئیمزا ناكات. واهەیە قەیدی 'ئایین' م لە قسەكانیدا پێ باش نەبێت، بەڵام ئەو خۆی دەزانێت و بیر و بۆچوونی خۆی:
http://www.renesans.info/index/index.php?id=2569

## ٩٣

### "تورگوت ئوزال" یان کوشت!

ئەوە، دوو بەشێ هەڵبژاردەیە لە ووتوویژێکی هەواڵنامەی "ڕووداو" ی باشووری کوردستان لەگەڵ 'سەمرا ئوزال' هاوسەری تورگوت ئوزال – سەرەك كۆماری پێشووی تورکیا سەبارەت بە مردنە گومان لێکراوەکەی:

رووداو: دوای نەمانی ئۆزال، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە ئەو بە مردنی ئاسایی نەمردووە بەڵکو کوژرا. ئێوە دەڵێن چی؟

سەمرا ئۆزاڵ: نەخێر بە سەت لە سەت دڵنیابوونەوە پێتاندەڵێم ئەو کوژرا. ئەو بە مردنی خۆی نەمرد، ژەهرخواردوو کرا. بەداخەوە ئەو بەڵگانەی ئێمە بۆ ئیسپاتی ئەو مەسەلەیە باسیاندەکەین و دەیاندۆزینەوە، لەنێو دەبردرێن. ئێمە تائێستاش هەر بەدوای ئیسپاتی ئەم مەسەلەیەوەین لە ڕێگەی دادگا و لێکۆڵینەوە، بەڵام بەڵگەکان لەنێو دەبرێن. ئێمە وەك بنەماڵەی ئۆزال دەستبەرداری ئەم مەسەلەیە نابین و رۆژێك دەیگەیێنینە ئەنجام. ئەوکاتەی ئەحمەدی کوڕم ئەندامی پەرلەمان بوو داوای لە پەرلەمان کرد کۆمیسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوە لەم مەسەلەیە پێکبهێنرێت، بەڵام کۆمسیۆنەکە هیچ لێکۆلینەوەیەکی نەکرد . ئێمە بەردەوامین و کۆڵ نادەین.

رووداو: ئێستا لە تورکیا دۆسیەی ئەرگەنەکۆن کراوەتەوە و دەڵێن ئێمە لە هەموو شتێك دەکۆڵینەوە، ئەی بۆ لەو چوارچێوەیەدا لەڕووداوی ژەهرخواردکردنی ئۆزال ناکۆڵنەوە؟

سەمرا ئۆزاڵ: بۆ مەسەلەی کوشتنەکەی نازانم، بەڵام پێش ئەو رووداوە هەوڵێکی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی ئۆزال هەبوو. من پێموایە لە کۆتاییدا دەردەکەوێ کە ئەرگەنەکۆن لەپشت ئەو هەوڵەی تیرۆرکردنی بوو. ئەحمەدی کوڕم وازناهێنێت و بەردەوام کاری لەسەر دەکات.

ئەوەش دەقی ووتوویژەکە بە تەواوەتی:

http://rudaw.net/kurdish/index.php/hevpeyvin/3580.html

## ٩٤

### هەللاجی و لباد کوتان و یونسکۆ

18/11/2010 ئەمڕۆ ڕێکخراوەی یونسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری "هەللاجی" و "لباد کوتان" ی وەك میرات و توراثێکی جیهانی ناسی.

ئەوە هەنگاوێکی گرنگە و دەبێتە هۆی پشتگیریی زیاتری ئەو دوو پیشە لەمێژینەیە و چاوەدێری کردنی ئەو کەسانەی وا لە کوردستانیش بە پیشەکەوە خەریکن. هەمووﻣﺎن بە چاو دەیبینین کە ئەگەر پشتگیرییەکی باش ئاراستە نەکرێت هەندێك پیشەی وەك جۆلایی و ئاسنگەری و تەنەکەسازی و تەنانەت پێڵاو و جل وبەرگدروونی نەریتی و ئەو جۆلایی و لبادکوتانەش لە کوردستاندا بەرەو فەوتان و نەمان دەچن . هیوایە ئەو بڕیارە تەنیا لەسەر کاغەز نەبێت و پشتگیرییەکی ڕاستەقینە لە هەڵلاج و لبادکوتەکانمان بکرایەت کە لە باری تەندروستی و شوێنی ئیشکردنەوە دۆخێکی گەلێك نالەباریان هەیە.

هیوایە بڕیارێکی وا بۆ پاراستنی کاری جۆلاییش بدرێت، کە بە پەرەسەندنی شار و دوای پەیدابوونی چاکەت وپانتۆڵی چینی و کورەیی وبەرماڵ و جاجمی کارخانەکانی ئیسفەهان و کاشان، مەترسیی نەمانی جیددییان لێدەکرێت.

ئەوە هەواڵێك سەبارەت بە بڕیارەکەی یونسکۆ:

http://www.voanews.com/persian/news/iran/UNESCOP_Iran-2010-11-18-108909204.html

**٩٥**

**جەژنی قوربان "دوور لەچاوی چەتە"**

16/11/10 ئەمڕۆ لە هەموو جیهانی ئیسلامدا جەژنی قوربان بەڕێوە برا لە ئێران نەبێت! مەلاکانی ئێران حیسابی خۆیان جیاکردۆتەوە و سبەینی دەیکەن بە جەژن.

لەو ناوەدا کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خراپیان گیر خواردووە. نە ئەمڕۆ دەوێرن جەژن بکەن نە سبەینییان پێ جەژنە. جەژنی ڕەمەزانی ڕابردوو ئیدارەی ئیتیلاعات خەڵکێکی زۆریان گرت لە سەر ئەوەی هاوڕێ لەگەڵ موسوڵمانانی دیکەی جیهان جەژنیان کردبوو ئیتر مەلای مزگەوتەکانیش ناوێرن جگە لە ڕۆژی ئیجازە پێدراو نوێژی جەژن بۆ خەڵك بکەن. خەڵکەکە مەجبوورن بێدەنگێك و بە بێ نوێژی مزگەوت، لە ماڵی خۆیاندا جەژن بکەن و نەهێڵن ئیتیلاعات و مەلای عەجەم بە کارەکەیان بزانن. شاملوو زوو گوتی "خدارا درخانه نهان باید کرد".

لە ڕابردوودا لەبیرمە لە بۆکان دوو ڕۆژ جەژن دەکرا و تەنانەت پێش تەمەنی من سێ ڕۆژیش. تا ئەم ساڵانەی پێش شۆڕش قوتابخانەکان دوو ڕۆژ پشوویان هەبوو و بە گشتی جگە لە بانك هەموو ئیدارە دەوڵەتییەکان بە شێوەی نافەرمی دوو ڕۆژ دادەخران، یەکیان جەژنی خەڵك بوو هاوکات لەگەڵ عەرەبستان و وولاتانی ئیسلامی، یەکیشیان جەژنی فەرمیی ئێران بوو؛

دەوڵەتیش کاری بەسەرخەڵکەوە نەبوو چۆن لە ماڵ و مزگەوتیاندا جەژن دەکەن. ئەوە لە کوێ و گیران و ئەشکەنجە و سووکایەتی کردنی ئەمڕۆ بە مەلای مزگەوتەکانی کوردستان بۆ جەژن کردن لەکوێ!
چەندساڵێکە مەلا کوردەکانیان مەجبوور کردووە مەندیلەکەیان وەك مەلای عەجەم ببەستن، دوورنییە دوای چەند ساڵی دیکە ئیتیلاعات لە سەر حەوز و جێگەی دەسنوێژ گرتنی خەڵکیش مەئموور دابنێت و بڵێ نابێ لاقتان بشۆن و دەبێ 'مەسح' ی بکەن دەنا بێگانەپەرستن و دەبێ بچنە زیندان. 'الحکم لله'، ئەوەش زۆر قەیدی ناکات، بەڵام خوا ئەو ڕۆژە نەهێنێت کە خەڵك مەجبوور بکەن تارەت گرتنیش بە یاسای مەلا محەممەد باقری مەجلیسی و 'بحارالانوار' بەڕێوە بەرن، ئەودەم دەبێ مەئمووری 'ئەمر بەمەعرووف' لە زۆر شوێن دابنێن و بە بەندی قامك بیپێون!

## ٩٦

### جیهانی تەماویی لەندەن

وا پایز هاتەوە و تەم ومژ نیشتەوە سەر زەوی. من ئەوینداری تەمم، لەندەنم بۆیە خۆش دەوێت سەربەتەمە. ئەگەر بەختەوەر بی و لە باکووری شار بژی، زۆر بەیانان چاوت بە تەم دەکرێتەوە کە تادرەنگانێك میوانت دەبێت؛ خۆ ئەگەر ڕۆژێکی هەوروهەڵا بێت، وا هەیە تا نیوەڕۆش نەڕەوێتەوە. من شتی خۆدەرخەر و خۆپیشاندەرم خۆش ناوێت، جا مرۆڤ بێت، دارودەوەن بێت، ماڵ بێت یا تەنانەت ئەستێرە و مانگ و هەتاو. 'تەم ومژ' بۆ من پەردەیەکە واقیعی زەق دەشارێتەوە. من چیای سەربەتەم و دەشتی تەم لێ نیشتوو و دەوەنی لە تەم پێچراو ڕووباری سەربەهەڵمم خۆش دەوێت. پێم خۆشە بە نێو تەم دا بڕۆم و لەنێو تەمدا غەرق بم. هەرواش دەکەم! بەیانانێك کە تەم میوانی گەڕەکەکەمانە لەماڵ دەچمە دەر و تا درەنگانێك ناگەڕێمەوە، بۆ هەموو ئەو ماوەیە تەم لەخۆم دەئاڵێنم و ڕۆحم ئاوێتەی تەم دەکەم.
ئەگەر شاعیر بوایەم شیعری تەماویم دەگوت و ئەگەر بمتوانیایە وێنەگەری بکەم، دەبوومە وێنەکێشی تەم ومژ، تەمم لە داروبەرد دەپێچا و دەمکردە جل وبەرگ بۆ هەرشتێك کە بەزەقی خۆ بنوێنێ. هیچ وێنەگەرێك، نە ڕافائیل ، نە ڤانگۆگ، نە پیکاسۆ و نە دالی، نیوهێندەی "ترنر"[١] جێگەی لەدڵمدا نەکردۆتەوە. "ترنر" وێنەکێشی جیهانی تەماوییە و سروشت لە پشت چاویلکەی تەمەوە دەبینێت، بە پەیژەی تەم دەگاتە ئاسمان و تەنانەت هەتاو تەماوی دەکات، هەر تەمیش گەیاندوویەتە ئەو پێگە بەرزەی هونەری جیهان. بەڵام "ترنر" وێنەکێشی نووریشە،

نوورێکی زەرد دەخاتە سەر شانۆ تەماوییەکان. من ئەگەر توانای هونەریم بوایەت، ئەو نوورەشم قەتیس دەکرد و بەری خۆرەتاوم بە تەمێکی وا دەگرت هەرگیز نەتوانێت نووری زەرد و نەخۆشی خۆی ئاوقای ملی کۆڵانە جوانەکەمان بکات. من کۆڵانەکەمانم تەنیا بە تەمەوە خۆشدەوێت.

بەیانی ئەگەر لەخەو هەستم و چاوم بە تەمی سەر زەوی بکەوێت، شاگەشکە دەبم؛ ئیتر قینم لە کاری ڕۆژانەم دەبێتەوە، خۆ لەژوورێکدا زیندانی کردن و لەبەر نووری چرای دەسکرد دانیشتن، هەرگیز! قەت نامەوێت تەم بە شەم و بە چرا بگۆڕمەوە. شەم چییە؟ هەمووکەس دەتوانێ دروستی بکات، منیش دەتوانم، لەپەدەستێك چەوری وپلیتەیەك! بەڵام با بتوانم تەم دروست بکەم! ئەو کووتاڵە تان وپۆ بە حەریر چنراوە، ئەو سەرپۆشە هاوبەشەی بەباڵای دەشت وچیا بڕاوە، دار ودەوەن و بنج و گیا، بوونەوەرو مرۆڤ، دەشت و چیا، ڕووبار و مەزرا، ماڵ و کەلاوە، تەنانەت قەبرستانیش لە خەڵاتی ئاوریشمینی خۆی بێ بەش ناکات. نەرم ونیان و دڵ فراوان سەر بەماڵی هەژار و دەوڵەمەند دا دەکات و ئاوریشمیان بەسەردا دادەبەشێت؛ ناسك، بێ ئازار، بێ زیان. کەس دیویەتی دیاردەیەك لەبەر تەم ڕەق هەڵبێت، بسووتێ و بمرێت؟

تەم بە هێمنی دادەبەزێت و بە ئەسپایی دەکشێتەوە بێ ئەوەی کەس هەست بە هاتن و گەڕانەوەی بکات. ڕۆحێکە بە بەر سروشت دەبڕێت، پاراوی دەکات و ئینجا دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوان، بۆ "هەوری سەر سەران"، بۆشەبەقی ئاسمانان. بریا ئێمەش وا بوایەین! مردن هەیە، بریا زیندووبوونەوە و گەڕانەوە و یەکگرتنەوەش هەبوایە!

[1] . http://en.wikipedia.org/wiki/J._M._W._Turner

## ٩٧

### ڕێنیسانسی کوردایەتی

### هەمیسان لە باکوورەوە

هەستی نەتەوایەتی وبیری نیشتمانیی کوردی لە باکووری کوردستانەوە چرۆی کرد. ئەوە شەرەفخان و خانی و بەدرخانییەکان و شێخ سەعید و سەیدڕەزا و ئیحسان نووری، ئەوەش ڕێبەرانی سیاسی ئەمڕۆی باکوور و هەڵسووڕاوانی سیاسی و مەدەنی ئەوان لە ئەورووپا.

لەوەتا ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی کاك کەریم یەڵدیز وهاوکارانی لە لەندەن دامەزراوە، دەیان کەیسی سکاڵا لە حکوومەتی تورکیای بردۆتە دادگای ئەورۆپا و نەبووە لە یەکیاندا هەرەس بێنێت و سەرجەم لە هەموویاندا سەرکەوتووە.
ئەم ووتوێژەی کاك "بەنگی یڵدز" نوێنەری ئێلحێ (باتمان) ی پارتی ئاشتی و دیموکراسی لە وێبلاگی کاك حەسەنی قازیدا بڵاو بۆتەوە. کاری زانایانەی ئەوان و پێداگریی لەسەر داخوازییەکانیان دەتوانێ ببێتە سەرمەشق بۆ ئێمە لە بەشەکانی دیکەی وڵات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:
http://ruwange.blogspot.com/2010/11/blog-post_25.html

**٩٨**

## تەلەفیزیۆنی دەنگی ئەمریکا،
## لایەنگری حکوومەتی ئێران!

تەنزنووسی ئێرانی "هادی خورسەندی" کاتێ باسی تەلەفیزیۆنی فارسی بی بی سی دەکات دەڵێ: "تەلەفیزیۆنی ئێرانە بە خەرجی بریتانیا"! زۆر کەس ئەو قسەیە بە گاڵتە و جۆك وەردەگرن و باوەڕی پێی ناکەن.
بەڵام وا ئێستا هەواڵی ئەوە گەیشتووە کە سەرۆك و هەندێك لە کاربەدەستانی تەلەفیزیۆنی فارسی دەنگی ئەمریکا لایەنگری ئێرانن و بەو بۆنەیەوە لەسەرکار لابراون – ڕاستییەك کە هەمووان دەیانزانن و دەوڵەتی ئوباما و دەزگای ئاسایشی ئەمریکاش لە خەڵکی ئاسایی چاکتر ئاگاداری مەسەلەکەیە، بەڵام لایەنی نەرمی سیاسەتی ئوباما دەرحەق بە ئێران بە ڕادەیەك بووە کە هەڵەی لەوە گەورەتریش کراوە وکەس ئاگای لێ نییە!
فەرموون ئەوە بەڵگە:
http://www.youtube.com/watch?v=p3Yo-wR9_pU

**٩٩**

## تۆلستۆی

ئەم چەند فیلمە کورتە سەبارەت بە ژیانی لیئۆن تۆلستۆی نووسەری مەزنی ڕووسن. بە بۆچوونی من، قەڵەمی تۆلستۆی لە پلەیەك وەستاوە کە تاقە ڕۆماننووسێك لە هەموو جیهاندا کە بتوانێ شان لە شانی بدات، "ڕۆمەن ڕۆلان" ە. ئەوان دوو خواوەندی قەڵەمن، ڕۆحی

شاراوەی مرۆڤ دەدۆزن و کەسایەتیی وونبووی لە ناو گێژاوی ژیاندا دەدۆزنەوە. سەدبریا ئەو دەرفەتەم هەبوایە جارێکیتر "شەڕ و ئاشتی" و "ژان کریستۆف" م بخوێندایەتەوە.
ئەوە دوو لە فیلمەکان:

http://www.youtube.com/watch?v=V07ZCisMt-Q
http://www.youtube.com/watch?v=rh1vYrogvNE&feature=related

ئەوەش دەنگی تۆلستۆی کە خەریکە دەقێکی ئینگلیزی دەخوێنێتەوە:

http://www.youtube.com/watch?v=6310hAtdl6k&feature=related

تۆلستۆی گەلێك پێش گاندی دروشمی "سەرپێچیی مەدەنی" هەڵکردبوو. ئەوە ١٢ چرکە بۆ ئاشتی:

http://www.youtube.com/watch?v=6pT989OvZ2k&NR=1

هەموو فیلمەکان لە "یووتیوب" وەرگیراون.

**١٠٠**

**نامەکانی 'میس بێل'**

خاتوو "گێرتروود بێڵ (١٨٦٨ - ١٩٢٦) کاربەدەستێکی پایەبەرزی بریتانیا بوو لە عیراقی سەردەمی ئینتیداب و نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا. وەك سکرتێرێکی گەڕیدە و لێزانی مەندووبی سامی، میس بیل دەوری هەبوو تەنانەت لە سیاسەتدانانی ئەودەمی عیراقدا. میس بێل هەروەها دامەزرێنەری موزەی بەغدا و شارەزای زمانی عەرەب بوو و لەڕێگەی ئیش وکاری فەرمییەوە کەوتبووە پەیوەندی کورد و پرسی کوردیشەوە.
چەند ساڵێکە زانستگەی 'نیوکاسڵ' ی بریتانیا نامە و یادداشت و بیرەوەری و وێنەکانی میس بێلی ڕیك وپێك کردووە و لە ماڵپەڕێکی تایبەتدا خستوویەتە بەر دەستی خوێنەری ئاسایی.
ئەو بەڵگەنامانە واهەیە لە پەیوەندی کورددا بابەتی سەرنج ڕاکێشیان تێدا بێت و بەم بۆنەیەوە هیوادارم کەس یا کەسانێك خۆیان بە هەڵسەنگاندنیانەوە خەریك بکەن و ئەنجامی کارەکەیان بخەنە بەردەستی ئێمەش.
سەردەمی کار و فرمانی میس بێل ، سەردەمی حوکمی شێخ مەحموودی نەمر و هەوڵی کورد بۆ سەبەخۆیی بوو و نامەکانی بیل بەم بۆنەیەوە دەتوانێ ڕوونکەرەوەی گەلێك خاڵی گرنگی سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەلەکەمان بێت.
ئەوە ئەدرەسی ماڵپەڕەکە:

http://www.gerty.ncl.ac.uk

## ١٠١

**وانەیەك بۆ گەورەی هێشتا منداڵ!**

چەنگیز ئایتماتۆف دەڵێ "مرۆڤ بە شەش ساڵ فێری قسەکردن و بە شەست ساڵ فێری قسەنەکردن دەبێت!"

ئای لەو دەرسە گرنگە! حەوت ساڵە لەو پۆلەدا ماومەتەوە، کەچی هێشتا لەو وانەیە تێنەگەیشتووم و کەڵکم لێ وەرنەگرتووە!

## ١٠٢

**براله، خۆت و ئینسافت،**

**ئەوەش بوو بە شیعر بۆ گۆرانیەکەت؟**

گۆرانی بێژێکی جێگەی ڕێزی باشووری کوردستان گۆرانییەکی گەلێك بێ تام و دوور لە شارستانیەتی کۆنی کوردی زیندوو کردۆتەوە و بە بێ ئەوەی شیعرەکەی بگۆڕێت، لەگەك تیپێکی ناوداری مۆسیقای کوردی تۆماری کردووە و خستوویەتە سەر سی دی، بڵاویشی کردۆتەوە.

گۆرانییەکە ناوی "ئەرمەنی لامەسەو" ە. نازانم ئەو هونەرمەندە بەڕێزە بە چ حیسابێك و بە کام هەڵسەنگاندنێکی ئەخلاقی و سیاسی ئەو کارە سەمەرەیەی کردووە؟ ئەوە ڕەگەزپەرستییەکی بێ خەوشە بە سەرجەمی میللەتێك سووکایەتی بکرێت و 'لامەزهەب' یان پێ بگوترێت. قەیدی ناکات دەمارگیرێکی بێ فیکری فلانە تاقمی ئایینی دارەدەستی مەلاکانی ئێران قسەی وابکەن، کە دەشیکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە هونەرمەندێکی خاوەن قورسایی وخۆشەویستی گەل، کە گۆرانییەکانی دەکەونە سەر زاری خەڵك و دەگوترێنەوە، چۆنی ئیجازە بەخۆی داوە ئەو قسە بێتامەی سەردەمی کۆنی بێ خەبەری و نەزانی و دەمارگیریی کوێرانە دووپات بکاتەوە و بیخاتەوە سەر زمانی لاوانی کورد؟ هەڵەیەکی ئەوتۆ لە ژیانی ئەمڕۆی وولاتانی پێشکەوتوودا دەکرێ ئاراستەی دادگا بکرێت و وێژەرەکەی سزای قورسی بۆ ببڕێتەوە.

تۆ ناتوانی بەو شێوە ئاشکرایە بە کەسی تاکیش سووکایەتی بکەیت، چ بگات بە گەلێکی چەند ملیۆنی- ئەویش ئەرمەنی هەژاری ژێر داری تورکان بە ملیۆن و نیو شەهیدی دەستی ڕەگەزپەرستانەوە؛ ئەرمەنی قەلاچۆکراوی هاودەردی کورد، کە لەکۆماری ئەرمەنستاندا لەچاو داگیرکەرانی ئێرانی و تورك و عەرەب، کەم یا زۆر لەگەڵ میللەتەکەمان باشتر جووڵاوەتەوە

و بە پێچەوانەی تورك و ئێرانییەكان، هەر لە سەرەتاوە دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماكی بە كورد داوە.
ئێستا هەر ئەو میللەتە هەژارە، هێرشی دەكرێتە سەر ئەویش لە لایەن كوردەوە، كوردێك كە تۆمەتی بەشداریی لە كوشتاری ئەرمەنیانی لەسەرە و ئێستا مێژوونووسی وەك دوكتۆر كەماڵ مەزهەر و خەڵكانی تریش بە سەد سوێند وقورعان خەریكن ئەو پەڵەیە لەسەر شانی كورد بشۆرنەوە و بڵێن ئێمە ئەرمەنی كوژیمان نەكردووە. گەلۆ گۆرانی ئەو هونەرمەندە یارمەتییەكی هەڵوێستی مێژوونووسەكانمان دەدات یا ڕیسیان لێ دەكاتەوە خوری؟ گەلۆ لە بوارێكی وا باریكدا برینی كۆن تازە كردنەوە و نەوت بە ئاگری بن خۆڵەمێشدا كردن، كارێكی بەجێیە؟ گەلۆ ئەو برادەرە بەڕێزە نەیدەتوانی هەمان مێلۆدی كوردی بپارێزێت و شیعرێكی ئەمڕۆیی لەسەر دابنێت؟ گەلۆ تیپی مۆسیقاكە نەدەبوایە بەرگری لەو كارە دوور لە مەنتیقە بكەن؟ ئەوان بە هەموو ئەزموونیكی كۆمەڵایەتی و هونەرییەوە كە هەیانە، چۆن دەبووهونەرەكەیان ئالوودەی ڕەگەزپەرستییەكی نەخوازراو بكردایە- هەڵەیەكی گەورە كە مێژوو هەرگیز نایبەخشێت. سووكایەتی بە گەلان شانازی بۆ كەس تۆمار ناكات!
ئەگەر من لەجیاتی ئەو هونەرمەندە كوردە و تیپی مۆسیقارە ناودارەكەی بوایەم، دەست بەجێ داوای لێبووردنم لە گەلی ئەرمەنی دەكرد، و بێدەنگێك شریتی گۆرانییەكەم بۆ هەمیشە دەشۆردەوە وهەمان گۆرانیم بە شیعرێكی دیكەوە تۆمار دەكرد. با بزانین ئەو بوێری و ئازایەتییە لە هیچ لایەكیاندا هەیە؟

## ١٠٣

### دۆگم!

چاوی كوندەبووم تەنیا لە وێنەدا بینیبوو، چووم بۆ باغی وەحشی لەندەن و لەنزیكەوە سەیرم كرد. چ جوان و سیحراوی! لام سەیر هات ئەو باڵندە نازدارە بەو چاوەجوانەیەوە بۆچی لە كەلتووری هەندێك گەلی ناوچەی ئێمەدا بە "شووم" دانراوە و ئاوایی لێ یاساخ كراوە؟ باڵندەیەكی هەژار چ دەورێك دەتوانێ ببینێت لە دابینكردنی چارەنووسی ماڵبات یا تاكەكەسدا؟ بۆچی دەبێ بە نیشتنی ئەو لەسەربانی ماڵێك، دیوار هەرەس بێنێت و تێك بڕمێت؟ بۆچی وەستای بەننا و ڕەهەند و پایە و بنەما وسەرماو گەرما وباران و تۆفان وئاغا و حكوومەت وئەنفال و كیمیاباران و ڕاگواستن هۆكاری ڕووخان نین، بەڵام ماندووحەسانەوەی چەند خولەكیی ئەو چاوەجوانە لەسەر دیوار هۆكارە؟ باپیرانمان نەیانویستووە مێشكیان ماندوو بكەن

و بیر لە دۆزینەوەی هۆکاری "هەرەس" بکەنەوە، جا کارەکەیان لە خۆ هاسان کردۆتەوە و باڵندەیەکیان بە خەیاڵ کردۆتە 'علت العلل' ی ڕووخان و نەمان وفەوتان. بەڵام ئێمە چی؟ نەوەی تازە چی؟ کوندەبوو بۆ ئێمەش هەر شووم بێت و شووم بمێنێتە؟ بۆ نەوەکانیشمان هەر وابێت؟ کەسمان بیر لە بنەما و هۆکارەکان نەکەینەوە؟

ڕێوی بوونەوەرێکی بچووکی لاوازە. سروشت بە گۆشتخۆری خوڵقاندووە و بە شێوەیەکی سروشتی دەبێ بۆ "بەقا" و مانەوەی خۆی هەڵپەی دۆزینەوەی خواردنی هەبێت. دەی ئەوەندەشی هێز نییە وەك شێر خۆ بە کەڵ و گامێشدا بدات وبیانخوات، ئەوەی هەیەتی و جێگری هێز و دەسەلاتە، لێزانی و ووشیارییەتی. لە تاریکایی شەودا دێتەدەرێ و جووچکێك، مریشکێك دەدۆزێتەوە کە خاوەنەکەی کەمتەرخەم بووبێت و باشی دابین نەکردبێت. ڕێویش لای ئێمە نەفرەت لێکراوە، گوێ بدەنە نەقڵی مریشك ومام ڕێوی کە لە منداڵییەوە بەگوێی هەمووماندا دراوە و ڕق و کینەی ڕێوی لەدڵدا جێگر کردووین: " مامەحەمەی دەربەندی، بەخۆت و بەتوڵەقەندی، پێستی مام ڕێویت بەچەندی؟" پێستی ئەو هەژارەمان بۆچییە؟ کولانەی مریشکەکانمان قایمتر دروست بکەین و دەرکیان لێ پێوەدەین، تەواو! با هەر مام ڕێوی بێت و بەدەوری شوێنەکەدا بگەڕێت! بۆ گورگ ناگەڕێت؟ دز ناگەڕێت؟ داگیرکەر ناگەڕێت؟ ئەنفالچی ناگەڕێت؟

قەلەڕەشکە لەو دوانەش هەژارترە، جوان و خۆش ڕەنگ، وریا و چوست، بێ ئازار و وەفادار. کاتێ کە سەرما دەکەوێت و باڵندە نازدارەکان بەرەوگەرمێن دەفڕن، قەلەڕەشکە بەجێمان ناهێڵێت و لەگەڵماندا زستان دەباتە سەر. لەخۆشی و ناخۆشیدا لەگەڵمانە. باشە، ئەومان بۆ ناخۆش دەوێت؟ سابوون دەخوات؟ لەدەرێ و لەبەر دەندووکی ئەوی دانەنێین! دەنگی ناخۆشە؟ دەنگ ناخۆشیی چییە؟ بە کام پێوانە دەنگ هەڵدەسەنگێنین؟ لە کامە کێ بەرکێی "ئێکس فاکتر" دا قەلەڕەشکە ڕەت کراوەتەوە؟ بەهار و پایز و زستان دەقرێنێت و ماڵ بەجێ ناهێڵێت، وەك سەگ وەفادارە. ئەی بۆچی دەبێ تاوانباریش بێت؟ بە کەسێك کە ناخۆشمان بوێت دەڵێین "وەك قەل بۆمان دەقرێنێت". یانی چی؟ قڕاندنی قەل بۆ نیشانەی شوومی و بێ بەختییە؟ ئەوەمان لە کام ئاکادێمیا خوێندووە؟ من هەڵە دەکەم، لێی نازانم، بە ئەنجام ناگەم، تووشی زیان دێم، قەل بڵێ چی؟ قڕەی قەل بڵێ چی؟

لە هەموو نەفرەت لێکراوێك مەزڵوومتر "شەیتان" ە! نە دیتوومانە، نە قسەی لەگەڵ کردووین، نە لە پشتەسەر باسی کردووین، نە شەڕی پێ فرۆشتووین، نە ماڵی سووتاندووین، نە خاکی داگیر کردووین؟ نە بۆمبای بە قەندیلەوە ناوە، نە کۆڵبەری هەژاری کوشتووە، نە ماددەی ١٤٠ ی خستۆتە پشت گوێ، نە ئەسڵی ١٥ ی قانوونی ئەساسی ئێرانی ڕەچاو نەکردووە، نە

فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستانی داوە، نە فەرزادی کەمانگەری ئیعدام کردووە، نە لەیلا قاسمی لەدار داوە، نە لەیلازانای زیندانی کردووە، ئەی چیمان لێی دەوێت؟ ڕقی چیمان لێیەتی؟ کام قەرزمان لێی دەوێتەوە؟ عەقڵی پرسیار کردنی هەبووە؟ ئیتاعەی کوێرانەی نەکردووە؟ سەری بۆ ئادەم دانەنەواندووە؟ کامە ئادەم؟ بە کامە بەڵگە؟ لە کام کتێبی "داروین" دا ئادەم هەیە؟ دەی باشە، نەدیتوو، و نەبیستوو بۆ لەگەڵی تێکەوتووین؟ خۆمان هیچ، فێری منداڵەکانیشمان دەکەین چاو بقووچێنن و کوێرانە کەسێك، شتێك، دیاردەیەکیان ناخۆش بوێ کە هەرگیز زیانی بۆیان نەبووە.

ئاکامی ڕق لێبوونەوەی بێ بنەمای دیاردەیەك دەبێتە خۆش ویستیی وپەرستنی بێ بنەمای دیاردەیەکی تر، کە ئەویش ناناسین و نازانین کێیە و لە کوێیە! هەردوکیان دەبنە کوێرانە و بێ بنەما.

نە تاکی بی مەنتیق و هەڵسەنگاندن دەبێ بە هیچ نەکۆمەڵگای کوێری لاساییکەرەوەی بێ تێڕوانین دەگاتە هیچ کوێیەك!

دوای بلاوبوونەوەی ووتارەکە، برادەرێکی خۆشەویست ئەم دێڕانەی بۆ نووسیم:




"لە یۆنانی کۆن کووندەبوو نیشانەی عەقل بووە و ئیستاش سکەی یەك ئۆیرۆیی یونان بە شکلێ کوندەبوویەکی جوان رازاوەتەوە. ڕێویش بە هەمان شێوە بە ئاژەڵێکی زیرەك دادەنرێ و ئاڵمانی بە خەڵکی زۆر زیرەك دەڵێ [ ڕێوی زیرەك schlauer Fuchs=] . ئێمە رقمان لەو دوو بوونەوەرەیە کەسیمبۆلی عەقڵ و وریایین. لەوانەیە بۆیە حاڵمان وابێ."

## ١٠٤

**شیعر و شووتی!**

**پارچە شیعرێك بۆ نەمر محەممەدی قازی**

ئەم شیعرەم لە سەرچاوەیەکدا بینی و فۆتۆکۆپیم کرد، وابزانم گۆڤاری مەهاباد بوو.
شاعیری شیعرەکە دوکتۆر 'محەممەد ڕەزا شەفیعی کەدکەنی' یە و بە بۆنەی جەژنی هەشتاویەکەمینی لەدایکبوونی محەممەدی قازی وەرگێڕ و نووسەری ناوداری کوردەوە گوتراوە. ناوی قازی و شەفیعی و ڕازاوەیی شیعرەکە خۆی هێنامیە سەر ئەوەی لێرەدا بینووسمەوە. دوکتۆر شەفیعی لە زانکۆی ئەدەبی تاران مامۆستام بوو و ڕێزێکی زۆرم بۆی هەبوو و گەلێك شتی لێ فێر بووم بەڵام لە سەر مەسەلەی ئێران و کورد و ئێرانی بوونی کوردان قەت دانوومان پێکەوە نەکولا. ئەو هەمووشتی لە ئێراندا خۆلاسە دەکردەوە و بەوەی کورد ڕێبازی سەربەخۆی هەبێت و نەیەوێت لە ئێرانی مەزندا بتوێتەوە ڕازی نەبوو. شیعرەکەش هەمان چەمکی بە ئاشکرا تێدایە بەڵام لەوپەڕی جوانی و قورس وقایمیدایە و حەقی قازی بوو شیعری وای بۆبگوترێت.
ئێرانییەکان دەبێ بۆ هەمیشە مەمنوونی محەممەدی قازی بن، ئەوەی ئەو بۆ زمانی فارسی کرد خۆیان بۆیان نەکرد. لەبیرمە کاتێ محەممەدی قازی لە تاران کۆچی دوایی کرد، کوردەکان بەوپەڕی ڕێزەوە تا دەروازەی شار تەرمیان بەڕێ کرد و لە مەهابادێش پێشوازیی شیاوی لێکرا، بەڵام لە هەموو عەجەم و ئێرانی ناو تاران تاقە یەك کەس لەلایەن یەکیەتی نووسەرانەوە هاتبوو بۆ بەڕێ کردنی و ئیتر هیچ!
دوکتۆر شەفیعی لە شیعرەکەدا دووسێ شووتیشی ناوەتە ژێر باغەڵمان!

**پیر دیر**

بمناسبت هشتاد ویکمین سال تولد محمد قاضی

قاضیا! نادره مردا و بزرگا، ڕادا! سال هشتاد ویکم برتو مبارك بادا!
شادی مردم ایران چوبود شادی تو بو که بینم همه ایام به کامت شادا!
پیردیری چوتو، دردهر نبینم امروز از در بلخ گزین تا به خط بغدادا!
شمع کردانی و کردان دل ایرانشهرند ای تو شمع دل ما، پرتوت افزون بادا!
مایه و دایه پروردن ایران مهین بود آئین مهابادی و ملك مادا

فخر تاریخ و تبار همه ماست زکرد          شیخ اشراق و نظامی دوتن از اکرادا
خان زند، آنکه چنو مادر ایران کم زاد          رستم کرد بد اما نه که فرخزادا!
ااصل 'کرمانجی' و 'گورانی' و 'زازا' خود چیست؟          حرف شیرین که سخن سرکند از فرهادا
عمری ای دوست به فرهنگ وطن جان بخشید          قلمت، صاعقه هر بد و هر بیدادا
همچنین شاد و هشیوار و سخن پیشه بزی
نیز هشتاد دگر بر سر این هشتادا!

**١٠٥**

**هۆ کاکەگیان!**

٢٠١٠ /٢٢/١١ ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی کاکم – عومەری سوڵتانی (وەفا) یە. من بە سەرینی خۆم کەمتر کەسم بینیوە وەك کاکم مەزڵووم واقیع بوویێت. هەستێکی شاعیرانە، خەیاڵێکی بەرین، دڵێکی ناسك، تەبعێکی بەرز، سەرێکی پڕشۆر و بیرێکی نوێخواز لە زیندانی بنەماڵەیەکی سوننەتی و کۆمەڵگایەکی داخراو دا! نەدایك وباوك، نە ژن ومنداڵ، نە کەس وکار و نە ئاپۆرەی خەڵك توانییان ئەو دل پەڕەی گوڵە بناسن، من لە هەمووان خراپتر!
کاری منداڵانەی سەردەمی لاویەتی و ئەوەی وا، بەخەیاڵی خۆم، بە کاری سیاسیم دادەنا، نەك هەر داوێنی منی گرتەوە و شاربەدەریی و زیندان و ڕاونرانی تووش کردم، بنەماڵە و کەس وکاریشم بەئاگریەوە سووتان و زیاد لە هەمووان کاکم.
بەشوێن ئیعتیرافی مندا بوو ساواکی شا وەربوونەماڵەکەی لە بۆکان و نامیلکە و کتێبی شاراوەی منیان تێدا دۆزییەوە کە ئەو ودایکم بۆیان شاردبوومەوە. ئیتر کردیان بە شەریکە تاوانم و گرێژەنەی دەرگای دووکانەکەیان دەرهێنا، خەڵکیش بەو حەیس وبەیسەیان نەدەزانی. ئەو بوو بە قوربانیی من و منیش بۆ هەمیشە خەجاڵەتی بوومەوە. خەجاڵەتی بێگوناهی و مەزڵومییەکەی.
ئێستاش دوای ئەو ساڵانە، ئەگەر بارودۆخێکی ئینسانی بەسەر وولاتدا حاکم بوایەت، دەبوو بۆ پێشەنگی و پێشڕەویی و دەست پێشخەرییەکانی لە بواری هونەر و شیعردا ناوی وەفا لەبەرزان بشەکایەتەوە. بەڵام کوا شەقامێك بەناویەوە کرابێت و کوا ڕێز لێنان و کوا کۆڕ بۆ

گرتنی؟ تەنانەت کەس نییە بڵێ ئەوە وەفا بوو بیرۆکەی نوێخوازیی شیعری بە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هێنا و بە چەندساڵ پێش 'سێ کوچکەی شیعری کوردی' شیعری نوێی گوت. بێ ئینسافەکان بە دەستەقەسد چاو لەو ڕاستییە زەقە دەپۆشن و پشت گوێی دەخەن.
ئەگەر وەفا بەو دەردە بچێت، دەبێ ئێمە چیمان لێ بێت؟ ژیان چ تاڵە، چ بی واتا و بەتاڵە! ئێمە بەشوێن چیدا وێڵین؟ دەنگی دەهۆڵێك لەدوورەوە دەبیسین، بە شوێنیدا دەڕۆین؛ ئەوەندە دەڕۆین تا لە لاق دەکەوین و لێی وەردەکەوین. دەنگەکە بەڵام دوای ئێمەش هەردێت و دێت و ڕێبواری تازە بەرەوخۆی دەکێشێت. ئەوانیش دێن، بەلای ئێمەی لە قەراغ جادەدا کەوتوو، تێدەپەڕن و پاشان ئەوانیش هەرکام لە دوورەدەستێك لە لاق دەکەون، جا تاقمی دوای ئەوان و دوای ئەوان و .... هەر برۆ تا ئەبەدییەتێکی نادیار، تا ڕۆژێك کە ئەو چەرخە بەبارێکی مرۆڤانەتردا بگەڕێت، بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشە هەزاران ساڵە نەهاتووە، چەند هەزارساڵی دیکە دەگاتێ؟
گەلۆ ژیان هەر ئەو ڕێ پێوانە بێ ئەنجامەیە؟ ئەگەر نییە، چییە ؟ ڕێگەکە سەختڵەتە و هەڵەمووتی زۆری لەبەرە، مرۆڤ توانای سەرکەوتنیانی هەیە، ئەوەی ئەستەمە و ڕێگرە، ئەو کۆسپانەن وا ڕێبوارەکان خۆیان بۆ هاوسەفەرەکانی خۆیانی دروست دەکەن. ئەو کۆسپانە، لە سروشتی ئاگری سووتێنەر و ئاوی خنکێنەر و گژەبای ڕفێنەرن. خۆ لەبەرگرتن و پێدا تێپەڕبوونیان گیانێکی پۆلایینی گەرەکە، بەڵام هەر ئەو پۆلایەش لە پلەیەکی گەرمادا دەتوێتەوە. پاڵەوانانی واتان نەدیوە لەقەراغ جادەی ژیان دانیشتبن و لەجیاتی ڕێگەی بەرەوپێش سەیری پشتەسەر بکەن؟ ئەوانە کەم نین و هەرئێستا بەدەوروبەرمانەوە بە هەزاران هەن. هەموو پرسیارەکە ئەوەیە: گەلۆ ئەوانەی وا "سوارە" گوتەنی "باوی هەنگاویان خۆشە" و دەئاژوێن و بەردەوام ڕێگە دەبڕن، دەگەنە کوێ؟ ئەو دۆڵە قووڵەی کە "هوشی مین" دەیگوت دەبێ بە خوڵەمێشی لەشی خۆبەختکەران پڕبێتەوە، کەی پڕدەبێتەوە؟ چەندە فیداکاری؟ هیچ ئاسۆیەك دیارە؟ ئەی ئەوانەی لەسەر لوتکەی چیا وەستاون گەلۆ ئێوە هیچ دەبینن؟
مێشکم لەوەزیاتر برناکات، بیر لە کاکم دەکەمەوە، ئەو بەهیچ کوێ نەگەیشت، من بە تەمام بگەمە کوێ؟ گەلۆ هەر لە بنەڕەتدا "گەیشتن" ێك هەیە؟ گەلێك شپرزە و شەکەتم، هیوامە کەس وەك من نەبێت.

هۆ کاکەگیان!
ناتناسمەوە
تۆ کێی؟
لە کوێی؟

له بیبیلەی چاومدای و نامبینی
له پەردەی گوێمدای و نامدوێنی
له ناخی دڵی تاسەبارمدای و
هەرواش دەمێنی.

ئەمڕۆ تەنیا لەماڵ دانیشتووم و دەیان جارم گوێ داوەتە ئەم شیعرانەی خەییام بە دەنگی شاملوو و شەجەریان:
http://www.youtube.com/watch?v=rSEFYPNYnLY&feature=player#_embedded
خەم هەموو وجوودمی داگرتووە. ئەی هاوار، من بیری کاکم دەکەم!

## ١٠٦

**تورکیا: قسە کردن بە کوردی لە دادگا مۆڵەتی پێدەدرێت!**
**ئێران: قسەکردن بە کوردی لە قوتابخانە یاساخ دەکرێت!**

٢٦/١١/٢٠١٠ هەمیشە هەر وابووە. دوژمنی کورد ئەگەر بۆی لوابێت بنەڕەتی ترین مافیشی لە دەست سەندووین و گوێشی نەداوەتە یاسای ناوخۆیی یا نێودەوڵەتی. ئێستا کە ڕێبەرانی دەوڵەتی تورك لووتیان لە بەردی ئەلحەد کەوتووە و دەزانن ناتوانن پێنج یەکی دانیشتووانی وڵاتەکە لەوە زیاتر بچەوسێننەوە وسەرەتایی ترین مافیان لێ زەوت بکەن، ئیجازەیان داوە ئەو کفرە گەورەیە ڕووبدات و 'لە سەر خاکی ئەتاتورك' بە کوردی قسە بکرێت!
سەرەتا ئیجازەی خوێندنی زمانی کوردییان لە کەرتی تایبەتی دەرکرد، ئینجا تەلەفیزیۆنی کوردییان کردەوە و وا ئەمڕۆ لە دادگایەکی شاری ئامێد (دیاربەکر) مۆڵەتیان بە تۆمەتبارێکی کورد داوە بە کوردی داکۆکی لە خۆی بکات. ئەگەر زۆر هات قەباڵە بەتاڵە، با هی ئەتاتورکیش بێت!
لەولاوە، سەرۆکی زۆر تێگەیشتوو و دنیادیدە و سیاسەتزانی ئیدارەی پەروەردەی سەقز بە شێوەی فەرمی نامەی بۆ هەموو قوتابخانە و فێرگەکانی سەقز ناردوە و داوای لێکردوون بە فارسی قسە بکەن- هەمان ئەو کارەی کە ڕەزاشا و کوڕەکەی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ کردیان و بۆیان نەچووە سەر. ئەو دەمەش کە ئێمە قوتابی بووین لە هەموو شوێنێکی قوتابخانەکان

نووسیبوویان "بە زمانی شیرینی فارسی بدوێن"، ئەم بەندەیەش لەو قوتابخانانەدا پەروەردە کراوم و دەرسم خوێندووە!

سەرۆکی ئیدارەی پەروەردەی سەقز کە ئەوەندەی حافیزەی مێژوویی نەبێت و لەم سەردەمە و لە لووتکەی بەرز ووشیاریی نەتەوەیی کورددا داواکارییەکی گەمژانەی وا بکات، با ئاوڕێك لە ڕۆژئاوای وولاتەکە بداتەوە و ڕێبەرە دەمارگیرەکانی تورك ببینێت چۆن کەوتوونەتە سەرچۆك و لە بەرانبەر خەباتی بێوچانی گەلەکەماندا ملیان کەج کردوە. کەسێك کە ئەو ڕاستییە زەقە نەبینێت و نامەی وا "عاقلانە" بنووسێت، حەیفە ئەو هەموو عەقڵ و کیفایەتە لە کوردستان خەسار بکات و نەچێت لە "حەوزەی عیلمیە" ی شاریٚ پیرۆزی قوم دەرس بە ئەیەتوڵلاکانی ئەویٚ بڵێتەوە.

ئەوە هەردوو هەواڵەکان:

/http://www.aknews.com/ku/aknews/4/197797
http://saghez.org/index.php?besh=dreje&id=1978

## ١٠٧

**"چارەنووس" یا "خۆنووس"؟**

بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا "محەممەدی خزری" ئەندامی پێشووی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانم خوێندەوە* - ژیانێکی پڕ لەڕوداو و کارەسات. نووسەر لە سەردەمی ڕووداوەکانی کۆنگرەی ٢ و پێکهاتنی کومیتەی شۆڕشگێڕدا ئەندامێکی هەڵسووڕاوی حزب بووە و لەو بڕگەیە ولەڕۆژانی دابەشبونی نافەرمیی ئەندامان بەسەر دووباڵی جیاوازدا، لە باڵی ناسراو بە 'ڕاست' ی ئەحمەد تەوفیق دوور کەوتۆتەوە و سەر بەهێڵێکی فیکری بووە کە بە 'چەپ' دەناسران و نەمران سلێمانی موعینی، سمایلی شەریفزادە و مەلائاوارە لە لایەك و دوکتۆر قاسملوو. کەریمی حیسامی و حەمەدەمینی سیراجی لە لایەکیتر نوێنەرایەتییان دەکرد و بە ماوەیەکی کەم دوای کۆنگرە، ئەوانیش لە دوو بەرەی جیاوازدا وەستان و دووهەمیان لە حزبی توودەی ئێران نزیك بووەوە.

لەڕاستیدا، ئەو دابەشکردنەی سەرەوە واقیعی جیاوازییە فیکرییەکان بە شێوەی پێویست دەرناخات لەبەر ئەوەی سەرنجدانی بیرەوەریی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حزب لەو بڕگەیەدا (ئەمیری قازی، سەعید کوێستانی) وێنەیەکی تاڕادەیەك ڕوون لە ڕاستەقینەی پەیوەندییەکانی ئەودەم دەکێشێتەوە و ئاشکرای دەکات کە سیاسەت وبۆچونی هەر بنکە و

مەقەڕڕێکی حزب  لەویتر جیاواز بووە و لە ناو بنکەیەکی تایبەتیشدا دانیشتووان و ئەندامەکانی هەرکام ڕێبازی خۆیان هەبووە و لەباری ڕێکخراوەییەوە هیچ هەودایەکی قایم پێکەوەی نەبەستوون، واتە هەرکام بەلایەکدا و بەرەو ئامانجێك ڕۆیشتوون کە وەك تاکەکەس، پێیان چاك بووە. هەتا ئاوڕیشیان داوەتەوە دەستەی نحۆ پاشایی چۆتەوە بۆ ئێران و لەوێ شەهید بوون، ژاندرمە ٥ کەسی دیکەی لە گوندێکی باشووری کوردستاندا شەهید کردوون و پێنجی تری لە "بیارە" گرتوون و بردوونیەتەوە بۆ ئێران؛ هەواڵی سلێمانی موعینییان لە دەوروبەری خانێ و مەهاباد بیستۆتەوە، ئەحمەد تەوفیق لە بەغدا بێ سەروشوێن چووە، کەریمی حیسامی لە بوڵغارستانەوە هاتووچۆی بەغدای کردووە و وەك دوکتۆر قاسملوو پەیوەندی بەو ئەندامانەوە گرتووە کە سەری بەغدایان داوە، سەلاحی موهتەدی و محەممەدی ئێلخانی زادە حزبی ڕزگارییان پێك هێناوە و لە حزبی دیموکڕات چوونەتە دەرێ، سالاری حەیدەری و درەنگتر مەلا محەممەدی خزری و زۆرێکی دیکە گەڕاونەتەوە مەهاباد و تاران و لەوێ دانیشتوون.

بەکورتی، ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی دەست نیشان کراوی کۆنگرەی دووهەم و کومیتەی ساغکەرەوە لە ماوەی چەند مانگدا وەك تووی هەرێز هەرکام بەلایەکدا بڵاوەیان کردووە و ئاگایان لەوانیتر نەماوە؛ لە ٧ کەسی ئەندامی کومیتەی نوێ، تەنیا ٢ کەسیان لە بنکەی سەرەکی ماون و ئەوانی دیکە هەرکام بەشوێنێکدا ڕۆیشتوون کە خۆیان پێیان ڕاست بووە و هەندێك جار هاوڕێکانیشیان لێی ئاگادار نەبوون.

دڕدۆنگی و بێ باوەڕی کارێکی کردووە کە دەستەی ئەحمەد تەوفیق لە جەمسەرێك و ئەوانی نزیك بە فیکری مارکسیستی لە جەمسەرێکیتری ڕێکخراوەیی دژ بە یەکتر بوەستن و لەو دژایەتییەدا تاڕادەی کوشتنی یەکتر برۆنە پێشەوە (نووسەر تاوانی کووژرانی سەدیقی ئەنجیری دەداتە پاڵ ئەحمەد تەوفیق و حەسەنی ئیسحاقی برای(لل.١٢٥ و پێشتر). کاك سەلاحی موهتەدیش لە یادداشتی کۆتایی کتێبەکەدا پەسندی ئەو بۆچوونە دەکات. نووسەر هەروەها لە زمان سلێمانی موعینییەوە ئەحمەدتەوفیق بە"جینایەتکار" ناودەبات (ل. ١١٤)). هەندێك لەوان سەروسڵاویان لەگەڵ پارتی و بارزانی و هەندێکیتر لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەبووە کە تازە لە پارتی جیابوونەوە و ڕوویان لە ئێران و بەغدا کردبوو. لەو ناوەدا تەنانەت کەسانی نێوبژیکەری وەك سەدیقی ئەنجیریش دەکەونە بەر تووڕەیی و غەزەبی لایەنێك و گیانیان لەپێناو هەوڵی مرۆڤانە و شۆڕشگێرانەدا بەخت دەکەن.

من ئەو بەربڵاوی و سەرلێشێواوی و بێ بەرنامەییە وەك گێژاوێك دەبینم کە هەموولایەك تێی کەوتبوون و پەلەقاژەی هاتنەدەریان هەبوو بەڵام بارودۆخ دەرەتانی ڕزگاربوونی پێ نەدەدان. ئەوەی لە هەمووەاندا دەبینرا، تەنانەت لە ئەحمەد تەوفیقدا کە نووسەر زۆربەی ناتەواوییەکان

دەخاتە گەردنی ئەو، هەستێکی پاکی نەتەوایەتی و بڕوا بە خەڵك و دواڕۆژی شۆڕشی گەل بوو. ڕاستە ئەو هەڵوێستە دەیتوانی هاندەر بێت بۆ ئەوەی بیرلە خۆیان و چارەنووسی خۆیاننەکەنەوە و لە مردن وگیان بەختکردن نەترسن بەڵام 'هەست' هەرچەندە خاوێنیش بێت بۆ کردنەوەی گرێپووچکەیەکی وەك ڕیزبەندیی هێزەکان وناسینی ڕەوتەکان ولێك جیاکردنەوەی ووردی دۆست و دوژمن بەس نەبوو.

کە دەڵێم گرێپووچکە، درۆم نەکردووە: پارتی و ڕێبەرانی شۆڕش و پاراستن لە لایەك، دەفتەری سیاسی پارتی لەلایەکیتر، ئێران بە ساواك و ژاندرمرییەوە لە لایەك، موخابەرات و سوپای عیراق و جاش و موستەشارەکانیان لە لایەکیتر، حزبی توودە لە لایەك، حزبی شیووعی عیراقی لە لایەکیتر و دوای هەموو ئەوانەش، سیاسەتی گشتیی یەکیەتی سۆڤیەتی و وولاتانی سوسیالیستی لە لایەك و سیاسەتی وولاتانی ڕۆژئاوایی و ئیسرائیل لە ناوچەکەش لەڕێگەی ئێران وتورکیاوە لەلایەکیتر، هەرکام گۆمی سیاسەتی ئەو سەردەمەیان قووڵتر دەکردەوە و چەند لاوی دڵپاکی خزمەتگوزاری گەل لە بنکەیەکی دوورەدەستی وەك سۆنێ و دۆڵەڕەقە، نەك هەر توانای چارەسەری ئەو مەسەلە ئاڵۆزانەیان نەبوو، تەنانەت بژیوی ئاسایی خۆیان و ژن و منداڵیان پێ پەیدا نەدەبوو. کاك محەممەدی خزری باسی ئەوە دەکات کە ساڵێك دوای زیواج، بە خۆی و هاوسەر و منداڵێکیانەوە بۆ خەرجی هەموو سێ مانگەی زستان تەنیا ٢ دیناریان هەبووە! دۆخی سەعید کوێستانی و ئەو قارەمانانەی وا شەهید بوون لەوان باشتر نەبووە. کارەکە گەیشتۆتە ڕادەیەك کە دەستەیەك بۆ گەیاندنی پەیامێکی گرنگ بە دەستەیەکی دیکەی خۆیان، کەڵك لە قاوەچییەکی دڵپاك وەردەگرن و سێ ڕۆژەڕێ بە پێیان دەینێرنە لای برادەرانیان، سێ ڕۆژەڕێش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی هەواڵیان بۆ بێنێت، دیارە لەبەر ئەوەی نە کەسی حزبی هەبووە کارەکەیان بۆ ڕاپەڕێنێت نە ڕێگاوبان لەترسی ئاسایشی پارتی و جاشی عیراق و ساواکی ئێران جێگەی متمانە بووە. قاوەچی هیچ، تەتەر و هەواڵبەریان هەندێك جار 'قاچاخچییەکان' بوون کە لەهەردووبەری سنوور هاتوچۆیان کردووە وبە حوکمی کارەکەیان زۆرجار لەپەیوەندی هەردوو حکوومەتدا بوون، نموونەکەی قالە تەگەرانی جاسووسی سێ لایەنە و چوار لایەنە!

من کە ئەو ڕووداوانە دەخەمەوە سەریەك، هیچکام لە باڵەکانی حزب بە تەواوەتی بە تاوانبار نازانم، نە ئەحمەد تەوفیق کە چووە بەغدا و تووشی ئەو چارەنووسە هات کە دەزانین، نە حزبی ڕزگاری کە بەرەو دەفتەری سیاسی چوو، نەئەو زۆرایەتییەی کە بە بارزانی وەفادار مانەوە و تووشی بەڵای وەك حەسۆ میرخان و پاراستن هاتن کە شان بەشانی ساواك و ژاندارمی ئێران دەڕۆیشتن، نە ئەوانەی وا ڕێگاچارەیان لە نزیکایەتی حزبی توودەدا دەدیت و نە ئەو

چەند گیان بەختکەرەی وا بۆ نەکەوتنە داوی هیچکام لەوانە، گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهیدکران یا گیران و درانە دەست ئێران؛ یا تەنانەت ئەوانەش وا ئەمان نامەیان وەرگرت و دانیشتن.

گەڵۆ ئەوان نەبوایەن و ئێمە بوایەین، لە بارودۆخی ئەودەمدا، جگە لەو چەند ڕێگایە، ڕێبازێکی دیکەمان لەبەردەم دەبوو؟ گەڵۆ گرێ پووچکەی بەراوردی هێزەکانمان هەروا سووك و سانا بۆ دەکراوە؟ کەوابوو، دەبێ بزانین کێشەکە لە کوێدا چەقی بەستبوو؟ کوێی کارەکە خراپ ببوو کە بە هەرلایەکدا بڕۆیشتیایەی یا ئاو بوو یا ئاگر؟ بۆ وەڵامدانەوەیەکی پرسیارەکان با بە بارودۆخە گشتییەکەی ئەودەمدا بچینەوە:

- ئەوەی ڕاستی بێت، شۆڕشی ئەیلوول لە تاقمی دەفتەری سیاسییەوە دەستی پێکرد و بارزانی بە سەر کاری ئەنجامدراودا کەوت. بیرەوەرییەکانی جاشی گەورە "عیسا پەژمان" بەڕاشکاوی دەریدەخات کە ساواك دووکەس لەئەندامانی دەفتەری سیاسی بردە تاران و هانیاندان دژ بە حکوومەتی قاسم چەك هەڵبگرن. ئەودەم ئەمریکا و ئینگلیس و ئیسرائیل و ئێران بە خوێنی سەری عەبدولکەریم قاسم توونی بوون و کەڵکیان لە هەستی نەتەوایەتی کورد وەرگرت، کردیانە کەواچەرمگی بەر تیپ، شەڕیان پێ هەڵگیرساند و هەتا ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵی هاتن ئینجا بە سەددامیان فرۆشت! ئەو بۆچوونەی من، هەرگیز خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافە ڕەواکانی ناخاتە پشت گوێ و بە کەمی ناگرێت.

- ڕووناکبیر و خوێندکار ولاوانی نیشتمانپەروەری کوردی ڕۆژهەڵات کە دەراوێکی ڕوونیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەدیت، سەرەتا لە تاران و پاشان لە شارەکانی کوردستانەوە بە کۆمەڵ ڕوویان کردە باشوور، بێ ئەوەی هیچ "بەرنامەیەکی عەمەل" یان هەبێت و بزانن چ دەکەن، چییان دەوێت، و ئەوەی دەیانەوێت لە تاران و ئێران بکرێت ئایا لە فلانە گوندی دوورەدەستی باڵەکایەتی و سوێسنایەتی باشووری کوردستان بەرهەم دێت؟ تەنانەت بە بێ ئەوەی بزانن شۆڕش دەرەتان و مەودای وەرگرتن و حاواندنەوەی ئەوانی هەیە یان نا؟

- شۆڕشی چەکداری بە بێ پاڵپشتی لاوەکی ئەستەمە، چەك و تەقەمەنی و بژیوی پێشمەرگە دەبێ لە لایەکەوە دابین بکرێت. هیچ سیاسەتێك وهیچ دەوڵەتێك، چەپ یان ڕاست، بە بێ چاوەڕوانی وبەرژەوەندیی خۆی دیناریك بەکەس نادات و دەسگرۆیی کەس ناکات! سیاسەتی ڕۆژئاوا شۆڕشی ئەیلوولی لە ئێران نزیك کردەوە. سەرەتا دەفتەری سیاسییان هێنایە هەمەدان، ئینجا بارزانی بۆدژایەتیکردنی ئەوان، خۆی لە ئێران نزیك بووەوە و هەر ئەو نزیك بوونەوەیە کوولەکەی ڕۆحی

لاوه دڵپاك و خزمەتگوزار بەڵام بێ بەرنامەکانی ڕۆژهەڵاتی شکاند و ئەملام تات و ئەولام تات، لە ناوەڕاستدا مانەوە. ئەحمەد تەوفیق تاقەتی دوورخرانەوەی نەهێنا و لە بەغدا سەری خۆی بەفەتەڕات دا؛ هەندێك کەس لە جاش و موستەشاری کورد و لەڕاستیدا لە حکوومەتی عیراق نزیك بوونەوە (لل. ١٥٣ بەدواوە)، تاقمیك چارەنووسی خۆیان بە ڕادمەنیش وحزبی توودەی ئێرانەوە گرێدا، بەشێك گەڕانەوە و دانیشتن، بەشێك ملیان بۆ پاراستن دابرد و بەشێکیش کە "باوی هەنگاویان خۆش" بوو، بەچەکداری گەڕانەوە ڕۆژهەڵات وتەسلیمی چارەنووسێك بوون کە چیتر نەدەکرا خۆی لێ بپارێزن: سینگی ماژینۆ و دڵی پڕهیوای ئەوان لەبەرانبەر گوللەی فیشەکدانی پڕی ژاندرمە وجاشی 'ئۆەیسی' جەللادا! دیارە هەموو ئەو گرووپە جیاوازانە وەك یەك حیسابیان بۆناکرێت و لای یەك دانانرێن. ئەوەی وا لە دوندی چیا لە شەڕی داگیرکەری خاکدا گیانی بەخت دەکات لەگەڵ دانیشتوویەکی ناو لانە و کاشانەی خۆی یەك نییە و ناشتوانێ یەك بێت، بەڵام ئەوەی لەهەردوولادا هاوبەشە، بێ بەرنامەییە، کە بۆ هەردوکیان دەگاتە ئەنجامی هەرەس و تێك شکان.

گەلۆ ڕزگاری لەو تەونە و بەرگری لەو چارەنووسە گونجاو بوو؟ گەلۆ دەکرا ئەوخوێنە گەشانە نەڕژێن و ئەو هیوا بەتینانە نەتاسێن؟ بەبۆچوونی من، لەو ڕۆژانەدا نا، بەڵام پێشتر، با! نیازم لە 'پێشتر'، سەرەتای کار و دەسپێکی بزووتنەوەکەیە لە تاران و مەهاباد و بۆکان، ئینجا لە باشوور و لای ئەحمەد تەوفیق. ئەندامانی ئەو کومیتەیەی وا لە تاران پێکهات و بڕیاری چوونی یەکەم دەستەی لاوان بۆ باشوور و ناو شۆڕشی دا، ئەگەر لە بابەتەکە باشتر ووردبوایەتەوە و لە پەیوەندییەکان و هاوسەنگیی هێزەکان تێبگەیشتایە، ئەگەر لێهاتوویی و شارەزایی زیاتری هەبوایە، ئەگەر گرووپەکانی دواتر بە هێزی بیر ولێزانی، نەك بە وزەی 'هەست' و ئیحساس سەرنجیان بدایەتە پرسی کورد، ئەگەر تەنانەت ئەندامانی ئەو کومیتەیەی وا لەتاران پێك هات لە بنەماڵەی عەشیرەیی و عاشقە تفەنگ نەبوایەن، ئەگەر کارەکان بە شێوازێکی "کوردستانی" بکرایەن واتە ڕوانینی تەنیا شارێك و ناوچەیەك (مەهاباد و موکریان) بەسەر کێشە نەتەوەییەکەدا زاڵ نەبوایە، ئەگەر ئەوانەی گەرمێن چارەنووسی خۆیان بە پارتی، دەفتەری سیاسی، حزبی توودەی ئێران یا حزبی شیوعی عیراقەوە نەبە ئەگەر ڕیزێکی یەکگرتووتریان هەبوایە، و ئەگەر خووی تاکڕەوی و خۆ بەزلزانی لە هەندێکیاندا ئەوەندە نەبوایە کە ئەوانیتر لەخۆی دووربخاتەوە وبەژنی حزب و بزووتنەوەکەی پێ لاوازبکات، وگرنگتر لە هەمووان، ئەگەر وا دەست وبرد و بێ توێژینەوە دەست بۆ چەك نەبرایە، وا هەبوو پێشی کارەساتەکان یا لانیکەم بەشێك لە کارەساتەکان بگیرایە. والسلام!

خوێندنەوەی بیرەوەرییەکانی مامۆستا مەلا محەممەدی خزری بۆ تێگەیشتن لە ڕەوتی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٦٣ تا ٦٨ ی سەدەی بیستەمی حزبی دیموکراتی کوردستان و "کومیتەی شۆڕشگێر"، کارێکی پێویستە (گەرچی نووسەر تەعبیری 'کومیتەی شۆڕشگێڕ' ی پێ ڕاست نییە و ئەندامانی ئەو کومیتەیە بە ئەندامی نوێی 'کومیتەی ناوەندی حزبی دیموکراتی کوردستان' دەزانێت – بۆچوونێك کە ناتوانێ ڕاست بێت و کاك سەلاحی موهتەدیش لەکۆتایی کتێبەکەدا دژی وەستاوە). نووسەر لە کتێبەکەدا گەلێك بابەتی بە ووردی باس کردووە کە لەبیرەوەریی هاوقەتارانیدا باس نەکراون، بەڵام بە سەر زۆر شتیشدا بازی بەسەر ڕاستییەکاندا داوە و بە "سێ نوقتە" یا ڕستەیەکی ساکاری وەك "با جارێ لێیگەڕێین" خۆی لێ لاداون. دڵنیام ئەو کارانە بۆ مەسڵەحەتی گەل و شۆڕش کراون، بەڵام بۆ هەر ئەو مەسڵەحەتەش بوایە دەبوو سووکە ئاماژەیەکی بە هەندێکیان بکردایە. بۆ نموونە، لە هاوسەنگەرانی خۆی ڕەخنە دەگرێت بۆچی لە نووسین و بیرەوەرییەکانیاندا دەست نیشانی کۆبوونەوەی نەمران دوکتۆر قاسملوو، کەریمی حیسامی، سولەیمانی موعینی، سەعید کوێستانی وخۆی لەگەڵ دوکتۆر ڕادمەنیشی حزبی توودەی ئێران لەبەغدایان کردووە بەلام لە ناوەرۆکی ووتووێژەکان نەدواون؛ لەعەینی کاتدا خۆیشی هەمان کار دەکات و کەم تا زۆر قسەوباس یا پێشنیاری هیچ لایەکیان ناگێڕێتەوە و بڕیارەکانی ئەو دانیشتنەش دەرناخات. ئەوە هەڵەیەك نییە پاساوی بۆبکرێت. نەوەی داهاتووی گەلەکەمان دەبێ بزانن ئێمە چ هەڵەیەکمان کردووە بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزن ودووپاتی نەکەنەوە. ئەگەر کاك محەممەد و کاك سەعید کوێستانی باسی ئەو مەسەلەیە نەکەن ئامادەبووانی دیکەی دانێشتنەکە لەژیاندا نەماون و جگە لە نیشانەیەکی گەورەی پرسیار بۆ نەوەی دادێی وولات هێج نامێنێتەوە.

هەڵەیەکی گەورە دەبێت ئەگەر دژایەتی کردنی حزبایەتی یا تەنانەت بەرهەڵست وەستانی شەڕی چەکداری لەو قسانەی من وەربگیرێت. من دەزانم بە بێ حزبی پێشڕەوی خەڵك، سەرکەوتن ئەگەر نەگونجاو نەبێت، گەلێك ئەستەمە؛ شەڕی چەکداریش واهەیە دوایین قۆناغی خەبات و چارەسەرێکی ناچار بێت. هەروەها دەزانم کە بڕیاردانی کۆتایی لەسەر قۆناغێکی وا هەستیار لەژیانی سیاسی گەلەکەمان بەبێ ڕوون بوونەوەی هەموو لایەنەکانی، کارێکی ناکامڵ و ناپەسندە و خوێنەر مافی ئەوەی هەیە پێم بڵێت لەبڕیار و بۆچوونەکانمدا پەلەم کردووە وچاوەڕوانی ڕوون بوونەوەی هەموو بابەتەکان و ڕووداوەکان نەبووم، ڕەخنەیەك کە لە ئەستۆی دەگرم!

* محەممەد خزری، "لاپەڕەیەك لە تێکۆشان و جوولانەوەی ساڵەکانی ١٣٤٢-١٣٤٧ (١٩٦٣ – ١٩٦٨) ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان"،ناشر: نووسەر، سوید٢٠٠٣، کوردی، ٢٢٩ + ٣٧ لاپەڕە

ISBN: 91-974681-0-X

دوای خوێندنەوەی بابەتەکە، برادەرێکی گەلێك خۆشەویست ئەم بۆچوونانەی دەربڕیوە. سپاسی دەکەم:

چارە نووس یان خۆنووس؟

وەلامەکەی: "هیچیان"

ئێمە زەمانمان دۆراندووە.

هەرکەس کە بیرەوەریی دەنووسێ لەراستیدا خۆی دەنووسێ. باراشی خۆی دەبا بۆ ئاش و لێیدەکاو دەگەڕێتەوە. هەرکام لە رووداوەکانی خۆی تاگەیشتن بە ئاش و گەڕانەوەی دەدوێ.

مەلا محمد خزریی ، ئەمیری قازیی، کەریم حیسامی ، ڕادمەنش ، تودە ، قاسم، بەغدا و خەلان... من ناتوانم لێکیان گرێ بدەم. ئەوانە رووداوی پچڕپچڕ لە مەکان و زەمانی دوور لەیەکدا خولاونەوە. جوانی بۆ چووی. بۆکوێ دەچن و بەکام رێدا دەچن و وچۆن دەچن... وەلامی چوون و نەچوون و چین و چنینی رووداوەکان، دونیا خان، کرگاری فەرشەکەی ڤانگۆك داویەتەوە. ٧ ساڵی پێویست بووە تا فەرشێکی دوومیتریی چنیوە، رێگەی ناسیوە، مێشك و دەستی وێکرا کاریان کردووە، ئامانجیشی ئافراندنەوەی تابلۆکانی ڤانگۆگ بووە و تێیدا سەرکەوتووە.

ئێمە زەمانمان دۆراندووە. ئێمەی کورد و رێرەوی ئەو رێگە ئەستەمە مێشك و سەبری دونیاخانمان نییە. ئێمە باوەڕمان بە خۆنییە و لەخۆ بێزراوین. نەمانتوانیوە ببینە خاوەنی بیرو مێشکی خۆمان. جیهانبینییەکی کە هەمانە قەڵبە.

رێگەکەمان تووژە و تۆشەرێمان پووش. شەوە زەنگەو نابەڵەدی رێگاین. نەخشەی دونیا خانمان گەرەکە و لێزانییەکەی.

گەلانی لە ئێمە کلۆلتر ئەو رێگەیان بڕیوە و ئێستا ئاغای جیهانن.

پرۆتۆکۆلەکانی زاناکانی یەهود بخوێنەوە. دونیا خانم ڤانگۆکی ئافراندۆتەوە و زانایانی یەهود گەلی یەهودیان لە سەرگەردانیی رزگار کردووە. رەمزی سەرکەوتنی ئەو کرگارانە لە چیدایە؟ مەلا محمد خزریی و کەریم حیسامی و ئەمیر قازیی تاڵە ئاوریشمەکانن، وشەکانی نێو دێڕی پرۆتۆکۆلەکانن، دەبێ سەرجەمی ئەزموونەکان لە یەکتر گرێبدەین و بۆخۆمان کاری خۆمان بکەین.

ئەو ئەزموونانەی زاناكانی یەهود بخوێنەوە. گرنگ نییە قسەیان لەسەرە، گرنگ ئەوەیە واقعییەتی ئەم جیهانەی تێدا دەبیندرێ...

http://www.jewwatch.com/jew-references-protocols-full-text-folder.html

### ١٠٨

**ناپێویست!**

كتێبی "معمای هویدا" م خوێندەوە، كتێبێكی خۆش، زانایانە و ووردبینانە، سەرەتا بە ئینگلیزی نووسراوە و پاشان نووسەر خۆی، كردوویەتە فارسی. ژیننامە نووسین وتوێژینەوە لە ژیانی كەسێك لەو ڕادە بەرز و پسپۆڕانەیە، لە زمانی فارسیدا وێنەی نییە. كاتێكیش لە بەرانبەری ئەو توررەهاتە دابنرێت كە عیرفانی قانعی فەرد و ئیتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی ژیننامەی مام جەلالەوە بلاویان كردۆتەوە، زیاتر پەی بە گەورەیی كارەكە دەبرێت.

لە بەشێكی كتێبەكەدا ئەم دێڕانە دەخۆێنرێنەوە، كە باسی ڕۆژێكە گوایە ئەمیرعەبباسی هوەیدا – دوایین سەرەك وەزیری سەردەمی شایەتی ئێران، لەگەڵ هاوڕێیەكی خۆیدا دەچێتە قەبرستانی "پرلاشێز" لە پاریس، لەوێدا هاوڕێكەی هوەیدا ڕووی تێدەكات و ئەم قسانەی پێ دەڵێت:

"هەموو ئەوانەی وا لێرە نووستوون، زیاد لە من و تۆ خۆیان بۆ بەرێوەبردنی كارەكان بە 'پێویست' زانیوە، بەڵام دوای ئەوان و دوای ئێمەش چەرخی ئەم زەمانەیە هەر گەڕاوە و دەشگەڕێت، جا هەندێك خێراتر یا لەسەرخۆتر. یەك لە چارەڕەشییەكانی مرۆڤ ئەوەیە ئەوانەی وا دێنە جێگای ئەم نووستووانە، لایان وایە بوونیان بۆ ئەو كارەی وا بەدەستیانەوەیە سەداسەد 'پێویست و زەرووری' یە، لەكاتێكدا نە من و نەتۆ و نە هیچ كەسێك بۆ كاروبارەكان 'پێویست و زەرووری' نین!"

دوكتۆر عەبباس میلانی؛ "معمای هویدا"، چاپ شانزدهم، نشر اختران، تهران ١٣٥٨ ، لاپەڕە ٥٧، فارسی

### ١٠٩

**"ڤان گۆگ" لە شاری سنە!**

خانمێکی هونەرمەندی تەونکاری خەڵکی سنە ١٢ تابلۆی نەققاشی وێنەگەری ناوداری هۆلەندی "ڤان گۆك" ی هاورێ لەگەڵ پۆرترەی هونەرمەند پێکەوە لە قاڵیچەیەکی بچووکی کەمتر لە دوومەتری دووجای ئاوریشمین دا، چنیوە. کارەکە یەکجار پسپۆڕانە کراوە و لەوپەڕی ڕازاوەییدایە. خاتوو "دونیا بورنا"ی هونەرمەند ماوەی ٧ ساڵی ڕەبەق کاری لەسەر ئەو مافوورەیە کردوە و من کە چاوم پێی کەوتووە، پێم حەیف بوو ئێوە لانیکەم وێنەی ئەو شاکارە نەبینن. دونیا خانم ژن خوشکی منە و تەون کردن لە بنەماڵەیاندا دیاردەیەکی نەریتییە. خوشکەکانی دیکەشی هەموو فەرمانبەری ئەم یا ئەو ئیدارەن بەڵام هونەری تەونکاری دەزانن و لە دایکی هونەرمەندی خۆیان فێربوون.
ناوی فەرشەکە "بەهەشتی ڤانگۆگ" ە و لە ئێران ناسنامەی فەرمی بۆ وەرگیراوە، کە هەموو تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی تێدا تۆمار کراوە. هیوادارم ئەو شاکارە هونەرییە لە کوردستان بمێنێتەوە بازرەی وولاتان نەبێت.

## ١١٠

**کوشتنی کورد:**
**ئەمجار بەناوی "وەهابی" و "سەلەفی"**
**هەر کوردبێ و بۆر بێ!**

بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگ نییە کووژراوەکە کێ بێت وناوی چ بێت، هەر کورد بێت بەسە! کاتی خۆی بە ناوی کومونیست و کۆمەڵە و دیموکڕات، پاشان خەبات و مەکتەبی قورئان، ئینجا پژاك و ئەمجارە وەهابی و سەلەفی دەمانکووژن.
ئیتیلاعات و سپا، دوای ئەو چەند شانۆگەرییەی مەهاباد و سنە و کاتی کە دیتیان حزبە کوردییەکان یەکدەنگ بەشداریی خۆیان لە تیرۆر و تەقاندنەوەی خەڵکی بێ تاوان دایە دواوە، بەتایبەت دوای ڕاگەیاندنی فەرمیی پژاك سەبارەت بە پێداچوونەوەی سیاسەتەکانی- کە بێگومان کاری چەکداریی یەکیان بوو، ئەمجار دەبوایە کەس یا کەسانێك بدۆزێتەوە کە شانۆگەریی قیزەوەنی تەقاندنەوە و کوشتاری بەدرۆی خەڵکیان بداتە پاڵ و بەو شێوەیە هەم ئاسایشی ناوچەکە تێك بدات و بیانوویەك بۆ مانەوەی خۆیان و درێژەی سەرکوت بدات بە دەستەوە، هەم هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێم بکات و سیاسەتەکانی ئێران لەمەڕ عیراقیان بەسەردا بسەپێنێت.

ئەو کەس یا کەسانە کێ بن باشە کە تاوانەکانیان بدرێتە پاڵ: چەمکێکی گشتی و ناڕووون وەك "سەلەفی" یەکان! ئەوانە کێن؟ لە لایەکەوە حزبێکی دیاریکراوی سیاسی نین کە سەرۆکەکەیان وەدەنگ بێت و پەنجە بکات بەچاویاندا کە درۆ دەکەن ئێمە نین؛ لە لایەکی دیکەشەوە سوننەن و حوججەتییە و دەمارگیرە ئایینیەکانی باڵی ئەحمەدی نەژاد وەك دوژمنێکی سەرەکی چاویان لێدەکەن.

http://kurdishperspective.com/expand.php?id=2725
http://news.gooya.com/politics/archives/2010/11/113711.php

١١١

**ناسیۆنالیزمی کوردی و بۆچوونەکانی دوکتۆر عەبباس وەلی**

دوکتۆر عەبباسی وەلی مامۆستای زانکۆی بوغازیچی ئەستەموڵ لە ووتوویژێکدا لەگەڵ 'هیدایەت جان'، کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بلاوبۆتەوە، لە پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی کوردی بنەماکانی دواوە، ڕوانگە و بۆچوونەکانی کاك عەبباس گەرچی لە ووتار و کتێب و ووتوویژەکانی پێشتریشیدا بینراون، هێشتا هەر ڕوونکەرەوە و ڕێ پیشاندەرن.

من دەقەکەم لە ماڵپەڕی ڕێنێسانس وەرگرتووە:

http://www.renesans.info/index/index.php?id=2509

هەر لەم ڕۆژانەدا ووتوویژێکی دیکە کاك عەبباسیش بلاو بۆتەوە کە ڕۆژنامەی "ئوزگویر پۆلیتیکا" لەگەڵیدا بەڕێوەی بردووە. ووتوویژەکە سەرەتا بە زمانی تورکی بڵاو کراوەتەوە، پاشان 'ئویزلەما غالیب' کردوویەتە ئینگلیزی، ئینجا کاك 'حەسەنی قازی' وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە وێبلاگی ڕوانگەدا بڵاوی کردۆتەوە. بابەتی ووتوویژەکە زیاتر بارودۆخی کورد لە تورکیای ئەمڕۆ وهەڵوێستی حزبی حاکمی ئاکەپەی گرتۆتە بەر:

/http://www.ruwange.blogspot.com

١١٢

**نوێژەبارانە**

مەلاکانی قوم پەرە دەدەن بە دواکەوتوویی بیری خەڵك و زیندووکردنەوەی نەریتی کۆنی بێ بنەما لە کوردستان. ئەمڕۆ لە سەقز بەرنامەیەك وەڕێ دەخەن، سبەینێ هەمان شت لە باشووری کوردستان ڕاست دەکەنەوە. بۆ ئەوان سنووری نێودەوڵەتی واتای نییە، گرنگە کورد بێت و بگەڕێتەوە هەزارساڵ پێش ئێستا، جا لەهەرکوێ بوو، بووا هەمووشی بۆ کەڵك وەرگرتنی ناجوامێرانەی سیاسی.

دیارە من کارم بە باوەڕی خەڵك نەداوە و هیچ گومانم لەوەدا نییە کە هەمووکەس مافی خۆیەتی بەڕێبازێکدا بڕوات وا خۆی دەیەوێت و پێی وایە چارەی دەردی پێدەکرێت. بەڵام لێرەدە کلکی کەڵەشێری مەلاکان بە ئاشکرا دیارە؛ حەوتوویەك پێش ئێستا نوێژەبارانەیان لە سەقز وەڕێ خستووە و حەوتووی داهاتوو لە باشووری کوردستان وەڕێی دەخەن. ئەو ڕێك خستن و هەماهەنگییە کاری تاکی کوردی هەژار نییە و تەنیا لەدەست حکوومەتێك دێت کە لە هەردووبەری سنوور دەست ڕۆیشتووە.

مەلاکان بەرپرسی ڕاستەوخۆی وێرانی و هەرەسی ئابووریی کوردستانن و لەم ڕێگەیەوە دەیانەوێت باری تاوان لەسەر شانی چەپەڵی خۆیان لابەرن و بیخەنە ئەستۆی خودا:

نوێژە بارانە لە سەقز:

http://saghez.org/index.php?besh=dreje&id=1989

نوێژە بارانە لە شارەکانی باشووری کوردستان:

http://www.zanayan.org/t_detail.php?section=1&id=679

## ١١٣

**قەرزدانەوە دوای مردن!**

ئەم وەسیەتنامە شیعرییەی "ئەبولقاسم حالەت" شاعیری تەنزنووسی ئێرانی گەلێك خۆشە، وەسیەتی کردووە دوای مردنی هەرکام لە ئەندامەکانی بدەنە خەڵکانێك کە زۆریان پێویست پێیەتی و لەو ناوەدا کابرای دەوڵەمەندیشی لەبیر نەچووە کە شاعیر پێی قەرزدارە، ئیتر بەشێکی باشی ئەندامی خۆی پێشکەشی ئەو کردووە:

بعد مرگم نه به خود زحمت بسیار دهید
نه به من برسر گور و کفن آزار دهید
نه پي گوركن و قاري و غسال رويد
نه پي سنگ لحد پول به حجار دهيد

به كه هر عضو مرا از پس مرگم به كسي
كه بدان عضو بود حاجت بسيار دهيد
اين دو چشمان قوى را به فلان چشم چران
كه دگر خوب دو چشمش نكند كار دهيد
وين زبان را كه خداوند زبان بازي بود
به فلان هوچى رند از پى گفتار دهيد
كله ام را كه همه عمر پر از گچ بوده است
راست تحويل علي اصغر گچكار دهيد
وين دل سنگ مرا هم كه بود سنگ سياه
به فلان سنگتراش ته بازار دهيد
كليه ام را به فلان رند عرق خوار كه شد
ازعرق كليه او پاك لت و پار دهيد
ريه ام را به جواني كه ز دود و دم بنز
درجواني ريه او شده بيمار دهيد
جگرم را به فلان بى جگر بى غيرت
كمرم را به فلان مردك زن باز دهيد
چانه ام را به فلان زن كه پي وراجي است
معده ام را به فلان مرد شكمخوار دهيد
تا مگر بند به چيزي شده باشد دستش
لااقل تخم مرا هم به طلبكار دهيد!
لە ماڵپەڕی "هزل دات كام" م وەرگرتووە.

## ١١٤

**كۆمەڵە و دیموكڕات، كوا ئەوە سیاسەت كردنە كاكە!**

٧/١٢/٢٠١٠ ماوەیەكە كۆمەڵە و حزبی دیموكڕات لە سەر ماڵپەڕەكانیان بەربوونەتە شەڕەقسە و هێرش دەكەنە سەر یەكتر، هەندێك لایەنگری نابەرپرسیش باوەشێنی ئاگری كێشەكە دەكەن و لە ژێر هەواڵە ڕاگەیێنراوەكاندا یادداشت دەنووسن و سووكایەتی بە لایەنەكەی دیكە دەكەن.

ئەوە کارێکی مەترسیدارە و گەلەکەمان نابێ مۆڵەتی درێژەدانی پێبدات. ئێمە هێشتا پشتمان لە ژێر باری گرانی شەڕی چەکدارانەی ئەو دوو هێزە ڕاست نەکردۆتەوە و خوێنی کووژراوانی هەردوولا هەر گەرمە، کە بێ مەسئوولییەتی و خۆخۆشەویستیی کەسانێك بەرەو کارەساتێکی دیکەمان دەبەن.

من تەنیا یەك شت بە ڕێبەرانی بەڕێزی هەردوولا دەڵێم. ئێوە چ لە باشووری کوردستان و چ لە ئوروپا دەتوانن لەگەڵ یەك دابنیشن و کێشەکان بە ووتووێژ چارەسەر بکەن، ئیتر چ پێویستەکەڵك لەو شێوازە ناحەزە وەربگرن؟ گەلی کورد لە شەڕ وکێشەی ناوخۆیی بێزارە، ئیتیلاعاتی ئێرانیش ئامادەیە بە ملیۆن خەرج بکات بۆ ئەوەی ئێوە لەگیانی یەك بەربدات و وورەی خەبات لە کۆمەلانی خەڵکدا بێنێتە خوارێ. هیچ نەبێت دەبێ ئەو خاڵە ڕوون وئاشکرایە، ووشیارتان بکاتەوە.

هیچکام لەئێوە ناتوانن مێژوو چەواشە بکەن، ئەگەر کەسێك بە ووردی سەرنجی شەڕی ڕابردووی ئێوە لەگەڵ یەکتر بدات دەزانێت هەردوولا هەڵەتان کردووە. لەو ڕووداوانەدا، کەس ناتوانێ خۆی بە 'مەعسووم' و لایەنەکەی دیکە بە تاوانبار دابنێت، نە چەپڵە بەدەستێك لێ دەدرێت، نە شەڕێکی ئەوتۆ بە لایەنێك هەڵدەگیرسێت ودرێژە پەیدا دەکات.

ئێوە دەبێ لە مێژوو و داوەرییەکانی بترسن و درێژە بەو کارە نەفرەت لێکراوە نەدەن، کوشتنی ڕۆڵەی کورد جێگەی دەست خۆشیکردن نییە نە بۆ دیمەکرات، نە بۆ کۆمەڵە. لەجیاتییان پێکەوە دابنیشن و ستراتێژییەکی هاوبەش بۆ خەباتی هاوبەش دژ بە دوژمنی هاوبەش دابڕێژن، ئەوە خواستی کۆمەلانی خەڵکە،

"ئەوە دەنگی نیشتمانە،
لە بێ هەستیت پەرێشانە،
زامداری تیغێکی تیژە،
تیغی دەستی ڕۆڵەکەیە..."*

---

* ئەم شێعرە لە سالانی دەوروبەری ١٩٦٠ دا، بەبۆنەیەکی دیکەوە گوتراوە. بەداخەوە ناوی شاعیرەکەیم لەبیر نییە.

بەدیواری ناوەندێکی 'تەندروستی دەروونی' لە شارێکی نزیك لەندەنەوە چەند تابلۆم بینی و نووسیمنەوە. بابەتەکان تاکەکەسی و بۆ کێشەی دەروونی و ژن ومێردی و بنەماڵەیین بەڵام هەندێکیان ئاسۆی بەرینتر واتە کاروباری کۆمەڵایەتی و سیاسیش دەگرنەوە.
ناوەرۆکی گشتیی نووسراوەکان ئەوەیە هەوڵ بدەین مەنتیق وعەقڵ بە سەر کاروباری ڕۆژانە و پەیوەندەکانماندا زاڵ بێت و لە هۆکار و بنەمای کێشەکان وورد بینەوە و لە ڕق و قینی بێ مەنتیق خۆ دوور بخەینەوە. ئەوە وەرگێڕاوی بابەتەکانە، فەرموون:
ئێمە بە زمانی جیاواز قسە دەکەین، نەریتی جیاوازمان هەیە، گرنگ نییە کێین و لەکوێوە هاتووین، ئێمە بەرپرسی ڕابردوو نین، بەڵام بەرپرسی داهاتوومان هەین!
بەگژ کێشەکەدا بچۆ، نەك کەسەکە!
پرد هەڵبەستە، بەرهەڵست دامەنێ!
گرنگ نییە چەندە ڕێگای هەڵەت بڕیبێت، هەمیشە دەتوانی بگەڕێیتەوە.
پەیوەندی باش، تێگەیشتن و قەبووڵی دوولایەنە دەخوازێت نەك پەیمانی دوولایەنە.
هاوڕێ لەگەڵ چارەسەری کارەکە، چارەسەری پەیوەندەکەش بکە!
تەنگ وچەڵەمە لەجیاوازییەکان سەرهەڵنادات، لە چۆنیەتی ڕاگەیشتن بەو جیاوازییانە سەرهەڵدەدات
لە دادێ بدوێ نەك ڕابردوو!
باشە بەخۆت بڵێی کە دەتوانی، بەڵام باشترە بەخۆتی پیشان بدەی کە دەتوانی.
لە خاڵی پێکهاتنەوە دەست پێ بکە نەك لەخاڵێ جیاوازییەوە.
ناتوانی ڕابردووت بگۆڕی، بەڵام دەتوانی داهاتووت بگۆڕی.
تۆ کەسێکی بەنرخی، کەوابوو ئیجازە مەدە کەس بتخاتە دۆخێکەوە کە غەیری ئەوە بیربکەیتەوە.

## ١١٦

### کوردی ژێر ستەمی سووریا

وێدەچێت کوردانی سووریا و کۆمارەسۆڤیەتییەکانی پێشوومان بە تەواوەتی لە بیر کردبێت. لە هەواڵی تەلەفیزیۆن ومالپەڕە کوردییەکاندا بە هەڵکەوت نەبێت ناوێکیان لێ نابرێت، پەیوەندییەکانیشمان لەگەڵیان لە ڕادەی سیفردایە.

ئەوەش لەکاتێکدا، کە بۆ نموونە کورد لە سووریا خەباتێکی بێ ووچان و قارەمانانە لەپێناو چەسپاندنی هەندێك مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەکەن و بەم بۆنەیەوە ڕۆژانە ڕووبەڕووی گیران ولێدران و کوشت وبڕی داگیرکەرانی خاکەکەمان دێن.

برادەرێکی نەناسراو هەردووسێ ڕۆژ جارێك بە ئیمەیل هەندێك هەواڵی باکوور و ڕۆژئاوای ووڵاتم بۆ دەنێرێت کە بە ئینگلیزی نووسراون و زۆر ڕێك وپێك و پسپۆڕانە ڕێك خراون.

ئەوە ئەدرەسی ئەو کەس یا کەسانەیە. دەکرێ هەموولایەکمان پەیوەندیان پێوە بگرین، هەواڵەکانیان لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا بڵاو بکەینەوە و پشتگیری کاری ئەوان و خەباتی خۆشك وبرایانی کوردمان لە هەموو پارچەکانی خاکی کورد بکەین:

https://mail.google.com/mail/?shva=1#inbox/12cb8779e0733bf6

**١١٧**

**چاوی خەتاپۆش**

٠٤/١٢/٢٠١٠ لە ووردە فەرمایشتی ژمارە ٩١ دا باسی "چاوی خەتاپۆش" ی مام جەلالم کرد و دژایەتی کردنی لەگەڵ کردەوەی "ئیعدام". ئەمڕۆ سەبارەت بە هەمان مەسەلە ووتارێکم لە ماڵپەڕی "گویا" دا خوێندەوە و پاشان چوومە سەر ماڵپەڕی نووسەری ووتار و لەوێوە ووتارەکەم ڕاگواستە ئێرە.

نووسەری ووتارەکە ئێرانییە و کورد نییە بەڵام وادیارە هاتوچۆی کوردستانی کردووە و لە نووسینەکەیدا بە ڕێزێکی زۆرەوە ڕوانیویەتە ڕوانگەی مام جەلال بۆ دژایەتی کردنی ئیعدام و هەڵوێست گرتنی بەرانبەر بە دیاردەی "تۆڵەسەندنەوە" – شتێك کە کوولەکەی ڕۆحی بیروبۆچوونی عەشیرەییە و ئەمڕۆ دەکرێ و دەبێ بیرێکی دووبارەی لێ بکرێتەوە. من نووسەر ناناسم، بەڵام ئەوە ووتارەکەیەتی.

من بە بێ هیچ دوودڵییەك پەسندی هەموو بزووتنەوەیەکی دژ بە کردەوەی "وەحشییانە"ی ئیعدام دەکەم:

/http://www.babakdad.blogspot.com

**١١٨**

**دزدی کە نسیم را بدزدد، دزد است!**

مەلاكانی حاكم لە ئێران تووشی قەیرانێكی ڕاستەقینە هاتوون. ئاخوند "هادی غەففاری" بۆ ماوەی چەندەها ساڵ وەك شەلات و چەقۆكێش وچەكداری ملهوڕی كۆماری ئیسلامی سەدان كۆبوونەوە و دانیشتنی پێشكەوتنخوازانی ئێرانی لە شاری تاران شێواند و بەیەكیدادان. ئەو و چەقۆكێشەكانی ساڵانێكی زۆر یەك لە تەنگ وچەڵەمەكانی ئەو هێزانە بوون وا دژایەتی مەلاكانی حاكمیان دەكرد ولەهەركوێ كۆبوونەوەیەكیان بووایە سەروكەللەی ئەوانیان لێ پەیدا دەبوو و لێیان تێك وەمەكان دەدرا.
ئێستا هەر ئەو هادی غەففارییە تووشی هادی غەففارییەكی لەخۆی هادی غەففاریتر هاتووە، كە ملهوڕی لە هادی غەففاری ئەسڵی دەكات و مزگەوت و نوێژی جەماعەتی لێ دەشێوێنێت!
شغال بیشه مازندران را     نگیرد جز سگ مازندرانی!
سەیرێكی ئەم هەواڵە بكەن:
http://news.gooya.com/politics/archives/2010/12/114195.php

## ١١٩

**دەقە ئایینییەكان، توێژینەوەیەك**

من بۆ لێكۆڵینەوە لە ڕاستییەكان سنوورێك ناناسم. لەعەینی ڕێزگرتن لە بڕوا و بیر وبۆچوونی خەڵك، باوەڕم بە هیچ لەمپەرێك نییە كە بەرگری بكات لەوەی خەڵك زیهنێكی ڕەخنەگریان هەبێت و نەهێڵێت كۆمەلانی گەل كەشفی تاكەكەسی بكەن و گوێ لەمستی كەس یا كەسانێك نەبن كە بیانەوێت كوێرانە بە ڕێبازێكیاندا بەرن و دەرەتانیان پێ نەدەن ئاوڕی ڕاست وچەپی خۆیان نەدەنەوە. لام وانییە هیچ ئایینێكیش ئەوەی بوێت، ئیتر لێگەڕێ هەندێك مجێور و كەوشدانەری چەقەخانەی فلان مەكتەبی سیاسی یا ئایینی – لە ڕێبەرانی ئایینەوە تا قوتابخانە فیكری و ئایدیۆلۆجیكییەكان، لە ئولتڕاچەپەوە تا پاپ و مالم و موجتەهیدی ڕاست. دوژمنی هەركەسێكم كە بیەوێت بەهەر ناوێك و بیانویەك ئازادیی بیركردنەوە و هەڵسەنگاندن و توێژینەوە لە مرۆڤ بستێنێت.
ئەم لێكۆڵینەوەیەم لە ماڵپەڕی "هەڵوێست" دا بینی. بۆچوونەكان بۆ بیرلێكردنەوە دەبن بەلاّم نابێ ئەوانیش بكرێنە دۆگم و باوەڕی نەگۆڕ!
http://www.helwist.com/Nuseran/Aram%20Celal/27%2011%20%20Djayeti%20Qoran.htm

## ١٢٠

### ٣٠ وێنەی مێژوویی "لاهووتی کرماشانی"

برادەرێکی بەڕێز داوای لێکردم ووتارێك کە سەبارەت بە لاهووتی کرماشانی نووسیبووم ولە ماڵپەڕی ڕۆژهەلات– بۆکاندا بلاو ببوەوە، لە ماڵپەڕەکەی ئەوانیشدا بلاو بکرێتەوە. کارەکەم زۆر پێخۆش بوو لەبەر ئەوەی هەندێك شوێن هەن کە بە بێ ئاگاداریی خۆت بابەتەکەت بلاو دەکەنەوە و ڕێز لە زەحمەتەکانت ناگرن. دەست بەجێ موافقەم کرد.

لە وەلامدا لاپەڕەیەکی ماڵپەڕی "ایرانیان دات کام" ی بۆ ناردبووم کە تێیدا ٣٠ وێنەی کۆن و نەبینراوی لاهووتی بلاو کراوەتەوە. وێنەکان گەلێك سەرنج ڕاکێشن و هی دووقۆناغی جیاواز لە ژیانی لاهووتین. زۆربەی زۆریان هی سالانی نێوان ١٩٢٠ تا ١٩٥٧ ن کە لاهووتی لە خاکی سۆڤیەت دەژیا و چەند دانەیەکیشیان هی تەورێزن کە لاهووتی لەسالی ١٩٢٠ دا "شۆڕشی سوور" ی تێدا بەرپاکرد و لەگەڵ ژاندرمەکانی شەڕەفخانە و سوارەی خالۆقوربانی هەرسینی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ حکوومەتێکی کومۆنیستی دامەزراند، ئینجا دوای تێك شکانەکەی، لەئاوی ڕووباری ئارازی دا و پەڕییەوە نەخجەوان و باکۆ و ئینجا گەیشتە مۆسکۆ.

ژیانی لاهووتی پڕە لە ڕووداوی سەمەرەی وا کە هەرکامێکی بۆ ئەوە دەبێت فیلمێکی تێروتەسەلی لەسەر چێ بکرێت: فەقێی مزگەوت، دەروێشی نیعمەتوڵلاهی، بەهایی، ماسۆن، سوسیال دیموکرات، کومۆنیستی ستالینی، لایەنگری خرۆشۆف، کرماشان، تاران، ڕەشت، قوم، سلێمانی، ئەستەموول، مەهاباد، تەورێز، تاجیکستان، پاریس، مۆسکۆ؛ سەتتار خان، یارمحەممەدخان، میرزا کوچك خان، سەردار موقتەدیری سەنجابی، شێخ مەحموودی بەرزنجی، سمایل ئاغای سمکۆ، مخبرالسلطنە، نازم حیکمەت، سەدرەددینی عەینی، خەلاتی لێنین لە دەست ستالین؛ شاعیری نوێخواز، نووسەری ووتاری سیاسی، وەرگێڕی شانامەی فیردەوسی بۆسەر زمانی ڕووسی و.... دەیان بابەتی هاوچەشنی تر. جا وەرە لەو ژیانە پڕڕووداو وبەکاکڵە مەکۆڵەوە و شوێنی مەگرە!

بەلام قسەی خۆمان بێت لاهووتی ئەو هەموو خزمەتەی بە زمانی فارسی کرد و بە ناوی شاعیری ئێرانییەوە ناسرا، ئەوەی بەشی کورد بێت تەنیا ٣ پارچە شیعری کوردی لێ بەجێ ماون و ووتارێکی ڕووسی کە تێیدا شەرت و شووی کوردی دەرهێناوەو بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەی بە دەسکردی ئینگلیز لەقەڵەم داوە! من لاهووتیم ناوناوە "هێلکەی دۆڕاو"، چاکم نەکردووە؟

ئەوە وێنەکان لە ماڵپەڕی "ایرانیان دات کام" دا. وێنەی یەکەم کە کەوتە بەرچاوتان، ئیتر هەرکلیك بکەن لەسەر وشەی Next

http://www.iranian.com/History/2003/August/Lahooti/4.html

ئەوەش ووتارەکەی من لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان دا:
http://bokan.de
لە لای دەستەچەپی لاپەڕەی یەکەم، کرتە بکەنە سەر ووشەی "ئەدەبیات"، ئینجا لە ناو ووتارەکاندا ئەم عینوانە بدۆزنەوە:
"شیعرێکی کوردیی دیکەی ئەبولقاسم لاهووتی کرماشانی (شاعیری شۆڕشگێڕی کورد)".

هەر ئەو ووتارە لە ی ماڵپەڕی ئەکادیمی زمانی کوردیشدا بڵاو بۆتەوە:
http://www.kurdishacademy.org/?q=node/763

## ١٢١

### "ڕێوی کوردستانی" یەکپارچەیی خاکی ئەتاتورك تێکدەدات!

ئەم هەواڵە سەیر وسەمەرەیە ساڵی ٢٠٠٥ لە ماڵپەڕی بی بی سی فارسیدا بڵاو بۆتەوە و برادەرێکی خۆشەویست بۆی ناردووم. هەواڵەکە جێگەی بڕوا نییە، بەڵام باوەڕ بکەن ڕاستە!
لە زمانی ئینگلیزیدا ناوی گەلێك نەخۆشی، دیاردەی سروشتی، ئاژەڵ، باڵندە و .... بە زمانی لاتین دەنووسرێت، دەبێ زمانە ئوروپاییەکانی تر وەك فەرەنسی و ئاڵمانی..... یش دۆخێکی هاوچەشنی ئینگلیزییان هەبێت.
وەك نەریتێك لە ئوروپا، کاتێك کە بوونەوەر یا باڵندەیەکی وەحش یا چەشن و ڕەنگێکی تایبەتیان بۆ یەکەم جار لە شوێنێك دەدۆزرێتەوە، ناوی ئەو شوێنەش بە دوای ناوەکەیدا دەهێنن. بۆ نموونە: پاندای چینی یا وورچی سیبریایی یا پشیلەی ئێرانی و....واتە ناوە لاتینییەکە و ناوی شوێن بەسەریەکەوە دەبنە ناو و ناسنامەی ئەو باڵندە یا حەیوانە.
ئێستا بە گوێرەی هەواڵی بی بی سی، دەوڵەتی تورکیا ناوی زانستییانەی لاتینی سێ بوونەوەری گۆڕیوە لەبەر ئەوەی بەشوێن ناوەکەیانەوە ووشەی کوردستان یا ئەرمەنستان هاتووە! وولیس کوردستانیکا چەشنە ڕێوییەکی سوورە کە لە ئوروپا بە" ڕێوی کوردستانی" ناسراوە. بەرپرسە تێگەیشتووەکانی تورکی گوتوویانە ئەوە یەکیەتی خاکمان دەخاتە مەترسییەوە و ناوەکەیان لە ڕێوی کوردستانی یەوە کردۆتە "ڕێوی ڕێوی"!
کارێکی هاوچەشنیان لەگەڵ بەرانە کێوییەك و ئاسکێکیش کردووە و بۆ خاتری یەکپارجەیی خاکی تورکیا ناوی ئەرمەنی و ئەرمەنستانییان لە سەر لابردوون.
هەواڵەکە بخوێننەوە و سەرنج بدەنە قسەی بەرپرسی پارکەکانی تورکیا. زۆر خۆشە:

http://www.bbc.co.uk/persian/science/story/2005/03/050308_mf_names.shtml

## ١٢٢

**چلەی کۆچی دوایی حەسەن زیرەك لە تاران**

کاتێ نەمر حەسەن زیرەك لە بۆکان کۆچی دوایی کرد منماڵم لە تاران بوو. کاك حەسەنی دیاکۆ (حەڵەبی) - مێردی زێنەب خانم و زاوای مینەزیرەکی براگەورەی حەسەن زیرەکیش ماڵی لە تاران بوو و پێکەوە هاتوچۆ و گاڵتەوگەپمان گەرم بوو. خەڵك بەگشتی و ئێمەش هەردوکمان بەوە دڵگیر بووین بۆچی ڕادیۆتەلەفیزیۆنی ئێران و بەرنامەی کوردیی ڕادیۆ تاران لە مردنیشدا وەك سەردەمی ژیانی، هیچیان بۆ نەکرد و ڕێزی پێویستیان لێ نەگرت. ئیتر قسەمان یەك خست کە بەبۆنەی چلەی مردنیەوە کۆڕێکی خۆمانەی بۆ ڕێك بخەین و مەسەلەکەش بە ڕادیۆی کوردی تاران، کە زۆر لەدەستیان قەڵس بووین، ڕانەگەیێنین.

سەرەتا دەبوایە شوێنێك دابین بکەین. لە نێو ئەو کەسانەی وا دەماناسین شوێنێك کە لە هەموان گەورەتر و بەرێ وجێتر بێت، ماڵێك بوو لە شەقامی سەلسەبیل کە کاك فەتاحی کاویان و کاك حوسەینی مەدەنی تێدا دادەنیشتن. حەسەن لەگەڵ کاك حوسەیندا قسەی کرد و ئەویش و کاك فەتاحیش بە ڕووخۆشییەوە ئیجازەیان پێداین کۆڕەکە لەماڵی کاك حوسەین بگرین و ئەگەر خەڵکەکە زۆر بوون بچنە قاتی سەرەوەتر بۆ ماڵی کاك فەتاح.

ئینجا دەبوایە ڕاگەیاندنێك بڵاو بکەینەوە. بابەتێکی کورتم نووسی و بردمان بۆ چەند چاپخانەی تاران، هیچکامیان چاپیان نەکرد دەیانگوت تاکاتێ کە 'وەزارەتی ئیتیلاعات و ڕادیۆ' مۆری نەکردبێت ناتوانین چاپی بکەین. ناچار دەبوایە بچین بۆ ئەوێ. ئۆفیسی ڕادیۆی کوردی تارانیش هەرلەوێدابوو و ئیتر ڕوومان کردە ئەوان بۆ وەرگرتنی ئیجازەی چاپی ڕاگەیاندنەکەمان. کاتێ کە چووینە بەشی کوردی و مەسەلەکەمان پێ گوتن، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێمە، گەلێك جوامێرانە جووڵانەوە و گوتیان باش وایە ڕاگەیاندنەکە ئێمە بیبەین بۆ مۆرکردن، کە زووتر موافەقە بکەن، هەرواشیان کرد و لەماوەی چەند خولەکدا ڕاگەیاندنی گۆرین مۆر کرا! هەروەها ئامادەیی خۆیان بۆ هاتن و بەشداریی کۆڕەکە دەربڕی.

من ڕاگەیاندنەکەم وا نووسیبوو کە لە کۆتایی دووسێ دێڕیدا شوێن بۆ زیاد کردنی یەك دوو ووشە مابووەوە بۆ ئەوەی دوای مۆرکران یەکدوو شتی لێ زیاد بکەین کە وا هەبوو وەزارەتی ئیتیلاعات پێی خۆش نەبوایە و بەو یەکدوو ووشەیە، کەم وزۆر ڕەنگێکی نەتەوایەتی

کوردیمان پێدا. ڕاگەیاندن چاپ کرا و بەدەست بردمانە بەردەرکی هەندێك ماڵ و ئۆفیسی کوردانی دانیشتووی تاران و "خوابگا" ی خوێندکاران. قاپ وقاچاغ و کورسی و مێزیشمان لە دووکانێك بە ئیجارە وەرگرت.
زۆرێك لە برادەرانی کوردی تاران یارمەتی کارەکەیان داین و ئازایانە بۆی هەڵسووڕان. بە هەمووممان بڕیارمان دا کۆڕەکە بۆ ڕێزگرتن لە ژیان و هونەری حەسەن زیرەك بەڕێوەبەرین نەك بۆ مردنی و ئیتر کەسێك لە برادەرانی نزیکی خۆمان کە ئێستاش لە تاران دەژی، لەبەر دەرگای دەرێ وەستا و هەرکەس دەهات پێی دەگوت ئەوە مەجلیسی پرسە و فاتیحەخوانی نییە. لە نێو ژوورەکەشدا شریتی گۆرانییە خاوەکانی حەسەن زیرەکمان دانا وهیچیتر! خەڵکێکی باش هاتن.
بڕیاربوو من قسە بکەم و ژیننامەیەکی حەسەن زیرەك بخوێنمەوە، بەڵام کاتێ دەستەی ڕادیۆی کوردیی تاران هاتن کە نەمران جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی، دوکتۆر محەممەد سدیقی موفتی زادە و کاك سوارەی ئێلخانی زادەیان لەناودابوو (بەداخەوە ناوی کەسێکی تریانم لەبیر نەماوە)، ئیتر دیتم من کەسێك نیم لەلای ئەوان بتوانم هیچ بڵێم، قوڕوقەپم لێکرد و کارەکەم بۆ کارزانان بەجێ هێشت! ئەوان بە ئامادەییەوە هاتبوون، هەرسێکیان وتاری بەپێزیان دا و قسەکانیان تۆمارکران. لەبیرمە مامۆستا جەمیل باسی مۆسیقای کوردی و هۆرەی جافی کرد و پەیوەندی دا بە ئاهورامەزدا و گاثاکانەوە، دوکتۆر محەممەد سدیقیش لە ناو قسەکانیدا شیعرێکی خوێندەوە کە بۆ حەسەن زیرەکی دانابوون و درەنگتر چاپیش کرا:

"زیرەك! زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لەپێناو هونەر بردەسەر....."

قسەکانی کاك سوارم هیچ لەبیر نەماون بەڵام دەزانم گەلێك سیاسی تر و ئەمڕۆیی تر بوون و لەدڵی دانیشتووانی کۆڕەکەدا زۆریان جێگە کردەوە، هەر هەمووشیان بە شریت تۆمار کران. شریتی ووتارەکان لای کاك حەسەنی دیاکۆ مایەوە و دوای ئەوەی بەداخەوە حەسەن چەندساڵ دواتر لە ڕووداوێکی ترومبیلدا گیانی لەدەست دا، من بۆ سەرەخۆشی لەتەوریزەوە چومەوە بۆکان و لە ماڵی کاك عەلی حەڵەبی سەرەخۆشیم لە زێنەب خانمی هاوسەری کرد. لەناو قسەکاندا پرسیاری شریتەکەشم لێکرد گوتی لەلای منە و ماوە. ئێستا بەداخەوە زێنەب خانمیش کۆچی دوایی کردووە، کاکە مینەش لەژیاندا نەماوە. نازانم شریتەکە کەوتۆتە دەست کێ و گەلۆ لەم ساڵە ڕەشانەی کۆماری ئیسلامیدا بەتاڵان براوە یا لەترسی پاسداری چڵکن فەوتێنراوە؟ گوایە خانمێکی کچی زێنەب خانم ئێستا لە کەنەدا دەژی و هیوادارم ئەو بتوانێك سەری ئەو هەودایە بدۆزێتەوە و ئەو شریتە مێژووییە لە فەوتان ڕزگار بکات.

لەبیرمە دوای ئەوەی کۆڕەکە کۆتایی پێ هات و هەر خۆمانەکان ماینەوە، شریتی گۆرانییەکانمان گۆڕی و هەندێك گۆرانی کرژتری حەسەن زیرەکمان مان دانا و بە یادی ئەو، بەربووینە هەڵپەڕکێیەکی گەرم!
لەورۆژەدا گەلێك لە لاوان و خوێندکاران و کوردانی دیکەی دانیشتووی تاران یارمەتی زۆریان داین، هەر لە بلاوکردنەوەی راگەیاندنەکانەوە تا ڕێك خستن وبەڕێوەبردنی کۆڕەکە. ناوی زۆریانم لەبیر نەماوە و ئەوەش کە ماوە، "لە ترسی چەتە" ناکرێت ناوبردەیان بکەم. دەستیان خۆش بێت.
یادی هونەرمەندی مەزنی کورد حەسەن زیرەك بەخێر بێت!
ئەوەش چەند گۆرانی حەسەن زیرەك لە سەر ماڵپەڕێك کە کوردی نییە بەلام ٢٠٠ گۆرانییەکی ئەوی تێدا تۆمار کراوە:
http://www.bomb-mp3.com/index.php?search=hasan+zirak

## ١٢٣

### Decision Points
### بیرەوەرییەکانی جۆرج بوش

George W Bush, “Decision Points”, Virgin Books, ISBN 9780753539675 (paperbacks) & 9780753539668 (hardbacks).

سێ مانگێك دوای چاپی بیرەوەرییەکانی تۆنی بلێر سەرەك وەزیری پێشووی بریتانیا (بڕوانە بەشی ٢١ی ئەم زنجیرە ووتارە)، کتێبی بیرەوەرییەکانی جۆرج دابلیو بوش بلاو بووەوە. گەلێك ڕووداوی گرنگی وەك شەڕی عیراق و ئەفغانستان لە سەردەمی حوکمی ئەو دووکەسە و لە ئەنجامی سیاسەتی هاوبەشی ئەواندا ڕوویاندا و هەربۆیەش بیرەوەرییەکانیان دەتوانێت خاوەنی گرنگایەتی زۆر بێت.
برادەرێکی خۆشەویست داوای لێکردم سەیری کتێبەکە بکەم و بزانم سەبارەت بە پرسی کورد چی تێدا دەبینرێت. برادەرەکەم شارەزای سیاسەتی کوردە و بۆی گرنگ بوو بزانێت بۆچوونی ڕێبەرانی سیاسەت لە ولاتانی مەزنی ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا و بریتانیا سەبارەت بە کورد و داهاتووی چییە و گەلۆ دەرگا لەسەر هەمان گرێژنەی ڕوانینی چرچیلی و تاچێری دەچەرخێت یا دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییەی عیراق گۆڕانێکیشی بەسەردا هاتووە.

بەگوێرەی بێدەنگیی بلێر سەبارەت بە پرسی کورد لە بیرەوەرییەکانیدا، چاوەڕێی دۆخێکی هاوبەشم لە کتێبەکەی بوشیش دەکرد، هەربۆیە خۆم لەر قەرەی کڕینی کتێبەکە نەدا و تەنیا لە کتێبخانەیەك دانیشتم و ماوەیەکم سەرفی خوێندنەوەی کرد.
کتێبەکە ناوێکی پڕواتای هەیە: "خاڵی بڕیار" یا "خاڵی بڕیاردان" - کە دەبێ ئاماژە بێت بە چەند بڕیاری گرنگی دەورەی سەرەك کۆماریی نووسەر، بۆ نموونە شەڕی عیراق و ئەفغانستان. بەداخەوە ئەوەندەی شارەزایی من بڕ بکات نیشانەیەکی ئەوتۆ لە گۆڕانی سیاسەتی گشتی وولاتانی ئەنگلۆساکسۆن سەبارەت بە پرسی کورد لە هیچ بەرێکی ئۆقیانوسی ئەتڵەس بەرچاو ناکەوێت و ناوەرۆکی ئەم دوو کتێبەش دژ بەو بۆچوونە ناوەستن.
ئەوەی کورد لە چوارچیوەی سنووره جوغرافیاییەکانی ئێستای وولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بمێنێتەوە و هەندێك مافی بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆیی و فەرهەنگی و ئابووریی پێ بدرێت، زۆر لە سیاسەتی "ویڵسن" ی مەندووبی سامی و ئەفسەرانی سیاسیی بریتانیا لە سلێمانیی نێوان دووشەڕی جیهانی جیاواز نییە، ئەودەمیش باس لەو مافە فەرهەنگیانە و پارێزرانی کەلتووری "ئێتنیکی" ی کورد هەردەکرا؛ ئەمڕۆکەش ئەگەر هەوڵ و خەباتی گەلی کورد شتێکی زیاتر بۆخۆی مسۆگەر نەکات، وێناچێت ئەوان لەوە زیاتریان بوێت.
هەرچۆنێك بێت، پێرست و ئیندێکسی کتێبەکەی بوش، دوور یا نزیك دەست نیشانی کورد و کوردستانیان نەکردووە و لە ژێر ناوی ڕێبەرانی کوردیشدا جگە لە دوو ئاماژەی کورت بە ناوی ڕێزدار جەلال تاڵەبانی هیچیتر بەرچاوی خوێنەر ناکەوێت - ئەویش وەك سەرەك کۆماری عیراق نەك وەك ڕێبەرێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد.
لە لاپەڕە ٣٨٤ دا، بوش باسی سەفەری خۆی بۆ شاری ئەنباری عیراق دەکات و کۆبوونەوەیەکی خۆی لەگەڵ نووری ئەلمالیکی سەرەك وەزیرانی شیعە و جەلال تاڵەبانی کورد و شێخ و ڕێبەرانی عەشایری سوننەی ناوچەی ئەنبار و خۆشحاڵیی خۆی دەردەبڕێت کە توانیویەتی شیعە وسوننە و کوردی عیراق لە شوێنێکدا پێکەوە کۆبکاتەوە و لەگەڵیاندا سەبارەت بە داهاتووی عیراق بدوێت.
لە لاپەڕە **٣٩١** یشدا باس لە سەفەرێکی دیکەی خۆی دەکات بۆ عیراق و ڕۆیشتنی شان بە شان لەگەڵ مام جەلال بە بەردەم گاردی ئیحتیرام و ئاڵای ئەمریکادا و حەوانەوەی لە کاخێکدا کە شەش ساڵ پێش ئەو ڕۆژە کاخی سەددام حوسەین وشوێنی ئیستیراحەتی ئەو بوو.

لەم ڕوانینە سەرپێیەمدا، چی لەوە زیاترم لە کتێبەکە هەڵنەکڕاند کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ ئاماژەیەك بە کورد و بارودۆخەکەی لەعیراق یا لە وولاتانی دیکەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست بکات بکات.

"کس نخارد پشت من
جز ناخن انگشت من!" (سەعدی)

**١٢٤**

**حاکمانی ئێرانی لە کوردستان**

چەند هەفتە لەمەوپێش دەوڵەتی ئەمریکا ٨ کەس لە کاربەدەستانی ڕژێمی ئێرانی خستە بەر 'تەحریم' واتە بەربەست کردنی هاتوچۆیان بۆ ئەمریکا. هەموو ئەو ٨ کەسە ڕاستەوخۆ دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد سووره، واتە یا لە کوردستان 'خزمەت'یان کردووە، یا حوکمی ئیعدامی ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان داوە، یا وەزیر یا بەرپرسی هێزە سەرکوتکەرەکانی ریژیم بوون، 'نەججارِ' ی وەزیری ناوخۆش، بۆ ماوەی چەندساڵ برای خۆی کردبووە ئوستانداری کوردستان و بەدووقۆڵی لەوێ خەریکی چەوساندنەوە و جینایەت بوون.
ئەگەر تاك و تەرایەکی لێ هەلاوێررێت، هەموو ئەو مەئموورانەی وا نێرراونەتە کوردستان و کاریان پێ سپێرراوە شەلات وبێ شەخسییەت ودڵڕەق و تۆڵەئەستێن و ماڵ وێرانکەر بوون؛ یا لانیکەم، بەرتیل خۆر و ڕووتێنەر و گیرفان پڕکەرا! ئەو ڕەوتە هەر لەسەردەمی خان ئەحمەدخانی ئەردەلان و بەتایبەت دوای هەڵوەشانەوەی دەسەلاتی ئەردەلانییەکانەوە دەست پێدەکات و هەتا ئەمڕۆ، کە دووسێ حەوتووە 'نەججارِ' ی ئوستانداری کوردستان و برای وەزیری ناوخۆی مەلاکان وەلانراوە و یەکی خوادەزانێ لەو گلاوتر کراوەتە دەسەلاتداری ناوچەکە، درێژەی هەیە. لەکورتی ببڕمەوە، هەر ئەمیر و ئەفسەرێکی سوپای ئێرانی بە پلە وپایەیەك گەیشتبێت، پێشتر لەکوردستان بووە و دەستی زەبروزەنگی لە کورد وەشاندووە.
پێداچوونەوەی ئەو مێژووە دوورودرێژ وتاڵ و سوێرە ودۆزینەوەی ناوی هەموو حاکم و والی و ئوستاندار وفەرماندار و بەخشدار و ئامیرهێز و فەرماندەی ئەرتەش و پۆلیس و ژاندارم و سوپای پاسداران و بەسیج و ئەم و ئەوە، نە کارێکی هاسانە و نە لە تاقەت ئەم یادداشتە کورتەدایە. من تەنیا دەتوانم بە یارمەتی زەینی خۆم ناوی چەند نموونەیەك ببەم کە بەردەوامیی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی ئێرانییەکان دەربخات. وەك سەرەتای باسەکەش تەنیا دەست نیشانی یەك خاڵ دەکەم و دەڕۆم:

دوابەدوای هەرەسی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و کوردستانی ساڵی ١٣٢٤ مەئموورگەلێك کە نێررانە ئازەربایجان، گەرچی سەربەدەوڵەتی مەرکەزی و دژکاری دەسەڵاتی کۆماری ئازەربایجان بوون، بەڵام زوربەیان خەمخۆری خەڵك و خزمەتگوزاری ناوچەکە و ئاوەدانکەرەوەی ئازەربایجان بوون و بۆنموونە لەتەورێز دانێشگایان دامەزراند و پەرەیان بە ئابووریی ناوچەکە دا.

بەڵام ئەو مەئموورانەی نێررانە کوردستان گەرچی زۆربەیان ئازەربایجانیش بوون هەرهەمووی خەریکی داپڵۆسین و کوشت و بڕی خەڵکی خۆجێ یی و ڕووتاندنەوە و بەرتیل وەرگرتن و بەگشتی چەوساندنەوەی گەلی کورد بوون و لەهەموو ماوەی ئەم٦٥ ساڵەدا کارخانەیەکیان لە شوێنێکی کوردستان دانەمەزراند کە ٢٠ کەس لەوانە بەئیش وکارەوە خەریك بکەن وا بە کوێرەوەرییەوە لە شارەکانی ئێران خشت پێژیی بۆ کوورەخانەی ئەم وئەو دەکەن دەڵێی کوردستان جیهانی سێهەمی جیهانە سێهەمییەکانە وخەڵکەکەی تەنیا دەبێت بە کارێ ناپسپۆڕانەو سووکەوە خەریك بن، ئێرانییەکانیش بە داپڵۆسین و هەڕەشە و کوشتن چەوساندنەوەیان! هەرکەس بە کاری مەشغووڵ!

دەردی گەورە ئەوەیە بەشێك لەو داپڵۆسێنەرانە خۆیان کورد بوون بەڵام بەهۆی دڕدۆنگیی حکوومەت و سیاسەتی دژی کوردی دەوڵەتەوە هەمان ئەو کردارە چەپەڵەیان بووە کە غەیرەکوردەکان بوویانە. سەرهەنگ زەنگەنەی سەردەمی کۆماری کوردستان کورد بوو؛ سەروان خاکسار کە بوو بە هۆی گیرانی ١٢ شەهیدەکەی سەقز و بۆکان، خۆی کورد و خزمی شەهیدەکانیش بوو! سەرهەنگ مونشی ڕەئیسی ساواکی سەقز کورد بوو، سەرکوتکەرانی ڕاپەڕینی جوانرۆ و گەڵواخییەکان کورد بوون بەڵام هەموویان لە مەکتەبی سیاسەتی دژی کوردیی ڕێژیمدا پەروەردەکرابوون.

ئەوە هەشتێك لە مشتی ئەو مرۆڤکوژانە:

سەردەمی قاجار:

فەرهادمیرزای قاجار، شریف الدولەی 'قەسساب' ی کاشانی، و......

سەردەمی پەهلەوییەکان:

سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی (قەسساب باشی)، سپەهبود ڕەزم ئارا، سپەهبود جەهانبانی، سەرهەنگ هوشمەند ئەفشار، سەرهەنگ زەنگەنە. سپەهبود وەرەهرام و سەدانیتر....

سەردەمی کۆماری ئیسلامی:

هەر هەموو 'سەردار' و بەرپرسێکی سوپای پاسداران و بەسیج، تەنانەت وەزیر و وەکیل و سەرەك وەزیر و سەرەك کۆمار، بە بێ هەلاواردن هاوڕێ لەگەڵ زۆرێك لە مەلاکانی قوم و

مەشهەد کە بەناوی نوێنەری ئیمام و بەرپرسی عەقیدەتی سوپا و بەسیج و ئیداراتی دەوڵەتییەوە نێرراونەتە کوردستان. 'خزمەت' ئ ئەوان لە کوردستان بۆ کورد کوشتار و ماڵوێرانی بووە و بۆ خۆیان پێداویستییەك بۆ هەڵكشان بە پەیژەی پلە وپایەی حکوومەتییدا.
نموونە هێنانەوە بۆ ئەم سەردەمە هیچ ئەستەم نییە، هەر لە چەمران و زەهیرنەژاد وسەییادی شیرازی سەرەتای شۆڕشەوە تا جەنابی خەڵخاڵی و خەڵخاڵییە بچووکەکانی ئێستای ئیتیلاعات لە شار و گوندەکانی کوردستان.

**١٢٥**

## کوردی جوولەکە

برادەرێکی خۆشەویست ئەم لینکەی "یووتیووب" ی بۆ ناردبووم کە سەبارەت بە کوردی جوولەکە لە ئیسرائیلە. کاتێ سەیرم کرد دیتم گەلێك بابەتی هاوچەشن هەر لە یووتیووبدا هەبوو و دەری دەخست کە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و جل وبەرگی کوردی لەوێ زیندوو ڕاگیراوە و لە بۆنە و ڕێ و ڕەسم و جەژن و شاییاندا دەردەکەوێت.
لە یەکێ لە ڤیدیۆکاندا گەلێك وێنەی کۆنی مێژوویی هەیە و لە یەکی دیکەدا وێژەری بەرنامەکە جاروبارە ووشەی کوردی دەخاتە نێو قسەکانیەوە، لەویتردا، جەژنی نەورۆز دەگیرێت و لە بەشێکی ئەم لینکەی خوارەوەشدا کەسێك دەبینرێت کە وێدەچێ شاعیر بێت و شێعرەکەی بە شێوازێکی وا جوان و لەبەردڵان دەخوێنێتەوە کە بیسەر هەست دەکات شیعرە ڕازاوەکەی مامۆستا محی الدین حەق شناس (شارەکەم سنە) ی وەرگێڕاوەتە سەر عیبری و بە هەمان ئوسلووبی شاعیر دەیخوێنێتەوە. بریا لێی تێبگەیشتیایەم!
کاتێ سەیری فیلمەکانم دەکرد بەخۆمم دەگوت تۆ بڵێی ئەو گۆرانی گوتن و هەڵپەڕکێیەی کورد یەکپارچەیی خاکی ئیسرائیلی نەخستبێتە مەترسییەوە، یا بە جەژنی نەورۆزی کورد خاکی ئیسرائیل لەبەر یەك هەڵنەوەشابێتەوە؟ ئەی بۆچی یەکپارچەیی خاکی تورکیا و سووریا و ئێران بە قسەکردنی کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە؟ دوور نییە سنووری وولاتانی ئیسلامی لە شووشە دروست کرابن!
ئەوە ئەدرەسی یووتیووب بۆ ڤیدیۆکان:
http://www.youtube.com/watch?v=9bJGpcEMJKs&feature=related
لە پەیوەندی زمانی کوردی و عیبرێدا ئەم بابەتەم لە وێبلاگی "ڕوانگە" دا چاو پێکەوت، کە پوختەی ووتارێکی 'یۆنا سابار' ناوێکە- لە 'کۆنفرانسی زمانی' لە زانکۆی کالیفۆرنیا — لوس

ئانجلیس (٢٠١٠/١١/٥) دا، کە کاك حەسەنی قازی لەم سەرچاوەیەی خوارەوەی وەرگرتووە و کردوویەتە کوردی:

http://www.kaes.us/

**یۆنا سابار، زانکۆی کالیفۆرنیا، لوس ئانجلیس**

**کاردانەوەی زمانی کوردی لە سەر زمانی ئارامیی نوێ**

تەنانەت ئارامیی نێو ئینجیلیش کاردانەوەیەکی خەستی فارسی بەسەرەوە دیارە، بەتایبەتی لە ڕووی پەیڤەوە. لەهجەکانی مۆدێرنی ئارامیی نوێی ڕۆژهەلاتیش بە توندی کەوتوونەتە بەر کارتێکەری فارسی و کوردییەوە، نەك هەر لە بەر ئەوەی کە ووشەیەکی زۆری خوازراوەیان ( لەوانە ووشەی کە دیسان خوازراونەتەوە) لە گشت بواری مانا ناسی دا تێدایە ، بەڵکوو کارتێکەری ڕێزمانیش، لەوانە دەنگسازی، ووشە ڕۆنان و سینتاکس. ئەو کارتێکردنانە لە هێندێك بواری زمانی پسپۆڕی دا زیاترن تا ئەوانیتر، بۆ نموونە لە مۆرفۆلۆژی ناوان دا. لە ناوچەی جوولەکەنشینی کوردستان دا ،هەموو کەس کوردی دەزانی، کوردیی زمانی پێوەندی دوو کۆمەڵگەکە و زمانی کڕین و فرۆشتن بوو، لە گەڵ زمانی هاوبەشی جوولەکەیی یان مەسیحی ئارامیی نوێ. زۆربەی موسیقا و فۆلکلۆر بە گشتی کوردی بوو و بەوشێوەیە کارتێکەری خەستی بە سەر ئارامیی نوێوە بەرچاو بوو.

ئەوەش ئەدرەسی ماڵپەڕی ئیسرائیل – کورد بە زمانی کوردی و چەند زمانیتر:

http://www.israelkurd.com

**١٢٦**

**هۆپ، ڕاوەستە!**

میدیای کوردی لە باشووری کوردستان تووشی نەخۆشییەکی مەترسیدار هاتووە: هێرشکاری بۆ سەر هەموو ئەوشتانەی کە پێیان دەگوترێت کەیانی وولاتەکەمان، بە ڕێبەران و کاربەدەستانیەوە.

دیارە من کە ئەو قسانە دەکەم ئاگاداری گەندەڵی و خزم خزمێن و بێ قانوونی ناو وولات هەم و دەزانم هەژار تێیدا هەژارتر دەبن و ئەوانەی وا بە 'بیت المال' ی ئەو خەڵکە دەوڵەمەند بوون ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ وورگیان زلتر دەکەن.

بەلام هەموو شتێ حیسابی خۆی هەیە و ڕەخنە و گلەیی و گازندەش شێواز و سنووری دیاریکراوی یاسایی و ئەخلاقی هەن. لە کام وولاتی ئەوروپی کە ئێمەی لێ دەژین ڕۆژنامەیەك، گۆڤارێك، ماڵپەڕێك، تەنانەت ئەوانەی وا هیچ گوێ نادەنە ئەخلاقیاتی کۆمەڵگا، بە تایتڵی گەورە لە سەر لاپەڕەی یەکەمیان دەنووسن من حەز لە کچی فلان سەرەك وەزیر یا سەرەك کۆمار یا پادشا دەکەم!

هەواڵی دزی و گەندەڵی بڵاو دەکەنەوە دەستتان خۆش بێت، جاش و مستەشار لەقاودەدەن دەستم لەگەڵ دەستتان، بەڵام دەستدرێژیی بۆ سەر حەریم و حەرەمی تاکەکەس، هەرگیز نا! ئەوە تاوانێکی گەورەیە و پەسندی ناکەم هیچ، دژیشتان دەوەستم. ئەوەی ئێوە دەیکەن ئیتیلاعاتی ئێران و میتی تورکیاش دەیکات، بیرێك بکەنەوە!

قەڵەمی کورد هەمیشە لەژێر هەڕەشەی سانسۆردا بووە، ئێستاش کە شنەی هەوای ئازادی لێ کەوتووە، شەوارە بووە و شەلم کوێرم، ناپارێزم! بەربۆتە گیانی ئەو دەسکەوتە مێژووییەی وا دوای چەندان سەدە و ساڵ ئەمڕۆکە بۆ کورد مسۆگەر کراوە.

گەلۆ ئەوە جگە لە تاوان هیچی دیکەی پێ دەگوترێت؟

"یکی برسر شاخ و بن می برید..." (سەعدی شیرازی)

## ١٢٧

## Wikileaks

بە بێ هیچ گومانێك کاری "ویکی لیکس" شۆڕشێکی ڕاگەیاندن بوو کە پێشتر وێنەی نەبینراوە، ڕاگەیاندنێك کە هێشتا زووە کارتێکەرییە سیاسییەکانی دەربکەوێت.

گەوهەری کاری ویکی لیکس باوەڕ بەخەڵك و ڕێزگرتن لەکۆمەڵانی خەڵکە، خەڵکێك کە دەسەڵات پەراوێزیان دەکات و ڕاستییەکانی سیاسەتیان لێ دەشارێتەوە و لە سایەی ئەو نهێنی کارییەدا، بێ یاسایی، درۆ و تەزویر، قەراری ناماقووڵ، پەیمانی دوور لەبەرژەوەندیی کۆمەڵ و بەگشتی، گەندەڵی سیاسی و دارایی وسوپایی لەدایك دەبن.

سیاسەتمەداران لێرە بەدواوە ووشیار دەبنەوە ولە دواڕۆژی ئاشکرابوونی نهێنییەکان دەترسن و لە گەندەڵی دوور دەکەونەوە، یا قایمکاری و نهێنی کارییەکانیان زیاتر دەکەن. هەر غەڵەتێك دەکەن با بیکەن، ئەوەی هەیە یەك ڕاستیی حاشاهەڵنەگرە: ئەمڕۆ چوارساڵ دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی "ویکی لیکس" سیاسەت و سیاسەتمەداران ئەو قوددوسییەتەی جارانیان نەماوە، ئەوانەش وا لەگوێی گادا خەوتبوون ئەمڕۆ وەخەبەر هاتوون و دەزانن ڕێبەرە پلە بەرزەکانی

جیهان چ بوودەڵەیەکی ترسەنۆك و مامەڵەچین و وەك سات وسەوداکەرانی چەك و نەوت چۆن گاڵتە بە چارەنووسی گەلان دەکەن.

باوەکوو بەڵگەی ڕاستەوخۆی سەبارەت بە کورد لەناو ئەو بەڵگەنامانەی وا تائێستا بڵاو بوونەتەوە کەمن و بۆ نموونە لە ٤٠٠ هەزار بەڵگەی سەبارەت بە شەڕی عیراق چەند دانەیەك نەبێت باسی کورد یا ڕێبەرانی کوردیان تێدا نەکراوە، بەڵام ناسینی ئەو مامەڵەچییە گەورانە و بازرگانانی ترسەنۆکی چەك و نەوت بۆ ئێمە دەرسێکی گەورەیە. بە تەمای ئەوان مانەوە و چارەسەری پرسی کورد لەوان خواستن ئەگەر تا ئەمڕۆ جەواز و حەققانییەتێکی بووبێت ئیتر لە سەردەمی ویکی لیکسدا نەیماوە. نە "ئیستالین پێشەوایە و بۆ کوردان وەك باب وایە"، نە "جۆرج بوش و تاڵەبانی، دوو برای گیانی گیانی" ن!

دۆزین و توێژینەوەی بەڵگەنامەکانی ویکی لیکس چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە کورد دەدوێن و چ ئەوانەی وا سیاسەتی وولاتانی داگیرکەری کورد شی دەکەنەوە، بایەخی زۆریان هەیە و هیوادارم کورد لێیان غافڵ نەبێت. ئەوانە بەڵگەی لە فیلتردراوی وەزارەتخانەی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا و ئینگلیز نین کە بە ووردی سەرنجیان درابێت و ئەوانەی وا زیانیان بۆ پەزەکە نەبووبێت خرابێتنە بەردەستی خەڵك؛ ئەوانە ئەنجام و ئاکامی کارێکی شۆڕشگێڕانەن کە واهەیە لە داهاتووی نزیکدا جارێکی دیکە دووپات نەبێتەوە.

ئەوە لینکی ماڵپەڕی سەرەکی ویکی لیکسە:

http://wikileaks.ch

**١٢٨**

**کەسایەتیی ساڵ**

١٦/١٢/٢٠١٠ دوێنێ گۆڤاری "تایم" ی ئەمریکی مارك زوکربرگ بناغەدانەری "فەیس بووك" ی وەك کەسایەتی ساڵی ٢٠١٠ هەڵبژارد. بەگوێرەی هەواڵی بی بی سی، کۆمەڵانی خەڵك دەنگی زیاتریان بۆ جولیان ئاسانژ بناغەدانەری ماڵپەڕی ویکی لیکس دابوو بەڵام سەرنووسەران و ڕاپۆرتەرانی گۆڤارەکە دژ بەو بڕیارە وەستاون و زوکربرگیان کردۆتە کەسایەتی ساڵ.

باوەکوو ئەو بڕیارە نیشانەی ئاشکرای سیاسەتی حکوومەتەکانی ڕۆژئاوای بەسەرەوە دیارە کە نایانەوێت بایەخ بە ویکی لیکس بدرێت و لەوە زیاتر ناو دەربکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت هەڵبژاردنی زوکربرگ وێناچێت جێگرێکی خراپ بێت بۆ بژاری ئاسانژ لەبەر ئەوەی فەیس

بووکیش شۆڕشێکی مەزن بوو لە کاری پەیوەندیدانی مرۆڤدا و لە ماوەیەکی کەمدا توانی ٥٠٠ ملیۆن ئاپۆرەی خەڵك بە یەکترەوە ببواتێت - ژمارەیەك کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبوونە. هەردوك ئەو ماڵپەڕانە ڕاستییەك دەردەخەن: پەیوەندی گرتن و ڕاگواستنی زانیاری چیتر مۆنۆپۆلی حکوومەتەکان نییە و خەڵك بەبێ "لوتف" ی ئەوان دەتوانن لەگەڵ یەکتر پەیوەند ببەستن و زانیاری ڕابگوێزن. ئەو ڕاستییە هەموو دیکتاتۆر و نیمچە دیکتاتۆر و جووچکە دیکتاتۆرەکانی لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بە تایبەت لە وولاتانی نادیموکراتدا، ترساندووە و گیرانی ئاسانژ- کە ئەمڕۆ بە ئەسپاردنی زامن لە زیندان ئازاد کرا، نموونەیەکە لە کارتێکەریی ئەو شۆڕشە مەزنەی بواری پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ بە بێ سەلکەکەری حکوومەت.

**١٢٩**

**"زێویە" و "قەڵایچی"**

"پەڕۆ" و "بێستوون" هەردوك برا بوون
فەلەك کارێ کەرد جەهەم جیابوون!
لەڕێگەی لینکەکانی وێبلاگی "خەونباز" ەوە:

http://xewnbaz.blogfa.com

سەردانی هەندێك وێبلاگی دیکەم کرد کە وێدەچێت خاوەن و بەڕێوەبەری زۆرێکیان خەڵکی بۆکان یا بەگشتی موکریان بن. ناتوانم ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆم دەرنەبڕم بۆئەوەی لاوەکانمان دەبینم وا بە گەرم وگوڕی خەریکی ئەرك و کاری فەرهەنگی، نووسین، لێکۆڵینەوە و سیاسەت کردنن باوەکوو سیاسەتەکە بە پێوانەی ئەمڕۆی ئێران دەبێ بە شێوەیەك بکرێت کە سەگی نووستوو بەخەبەر نەهێنێت! زۆربەی زۆریان "لەترسی چەتە" زمانێکی پڕڕەمز وڕازیان هەیە کە گەلێك ناسیاوی منە و بە ساڵانێکی زۆر لە سەردەمی شا و مەلادا بینیومە چۆنی کەڵك لێ وەردەگرن، دەشزانم لەپشتیەوە چ ڕاشکاوی و سەراحەتێك خەوتووە.

ئەوەی خوارەوە بابەتێکە لە ماڵپەڕی "ئاواتە گەورەکان – تسکین آلام بشری" م ڕاگواستووە. بەڕێوەبەری وێبلاگەکە وێنەی خۆی لە لاپەڕە یەکەمدا داناوە بەڵام ناوی خۆی نەنووسیوە، ئەوەش چ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەوە ئەدرەسەکە:

/http://shahrokhfeyznejad.blogfa.com

ئەوەش بابەتەکە خۆی. خوێنەر لە خوێندنەوەی دێڕەکان دا هەست بەئازاری قووڵی نووسەر لە بارودۆخی میراتە فەرهەنگییەکانی کوردستان بەدەست "قاچاخچی مۆڵەت پێدراو" ەوە دەکات. ووتارەکە بە فارسی نووسراوە:

مقایسه دو قلعه باستانی زیویه و قلایچی



**بالایی قلایچی و پایینی زیویه است**



این روزها یکی از سرگرمیهایم که از جهاتی هم اطلاعات عمومی آدم را بالا می برد استفاده از گوگل ارث است. البته نسخه ای که دیگر برای استفاده عموم گذاشته شده و حتی ایرانیها هم میتوانند از آن استفاده کنند!

این نسخه کهنه شامل اطلاعات تصویری از زمین، ماه، مریخ و فضا است که چند سال قبل تهیه شده و مثلا شما با آن میتوانید قطر حفره های موجود در ماه را بر حسب متر ، یارد، مایل و.... اندازه بگیرید. همچنین منزل خودتان را ویا خانه فلان شخص را با دقت تا نیم متر اندازه بگیرید و براحتی فاصله خانه خوتان را تا محل کار متر کنید. میتوانید مانند من با هزار زحمت قلعه باستانی زیویه را بیابید و متوجه شوید که در پنج کیلو متری آن بین *****و ***** هم آثاری وجود دارد که ممکن است به جهت باستان شناسی از خود قلعه با ارزشتر باشد. صد البته در روی زمین ابدا این آثار دیده نمی شوند اما من میتوانم حدود آن را با متراژ برایتان مشخص کنم. این پست را برای معرفی گوگل ارث ننوشته ام چون میدانم اغلب شما آن را می شناسید. مخاطبان این پست اختصاصا سازمان میراث فرهنگی و فرمانداری سقز هستند که موضوع مستقیما به آنها مربوط می شود. میدانم که هیچکدام از ادارات نامبرده از افشای محل مورد نظر راضی نیستند و تا جایی هم که من اطلاع دارم هنوز کاوش رسمی در آن محل انجام نشده است. البته به شرطی که کاوشگران همیشه در صحنه، ببخشید (غارتگران شبانگاه در صحنه) تا کنون اقدام به غارت آن نکرده باشند! چون اطلاعات موجود در گوگل ارث ما مربوط به چند سال قبل است. باری مسئولان محترم ادارات ذیربط در صورت عدم اطلاع ار وجود چنان محلی میتوانند برای جلو گیری از ادامه غارت فرهنگی گرای محل دقیق آنرا از من دریافت کنند.اما از طرفی میخواهم که خوانندگان عزیز و اهل نظر سقزی هم از موضوع مطلع باشند مبادا سرنوشت این محل هم به سرنوشت قلعه ای دچار شود که كاك محمد صدیقی بارها از وجودش خبر داده بود اما رویش فلکه بنا کردند و بقیه آن ملك شخصی شد!(داستانش را از آقای صدیقی بپرسید).

این همه ی ماجرا نیست. ما میدانیم که بر سر میراث فرهنگی ما در زیویه چه آمد. کتاب دوران بیخبری مرحوم رشیدخان کیخسروی شاهد قاطعی بر تراژدیی است که در آن بیگانگان شناسنامه ملی ما را بردند و جعل و مخدوش کردند. آیا من میتوانم نگران نباشم که ایوب ربنوی دیگری بیاید و با باقیمانده صفحات مدفون شناسنامه ما آن کند که قبلا کردند.

میدانیم که چند سال قبل بر اثر يك اتفاق قلعه باستانی قلایچی کشف شد و غارتگران بومی و غیر بومی مانند سیل و ساعقه بر سر آن ریختند و با کمال وقاحت به چپاول آن پرداختند.

در آنجا غیر اشیایی که دلسوزان ملت هرگز تصویرش را هم ندیدند، خشتها و کاشیهای لعابدار و نقشدار بسیاری را غارت کردند که هر کدام برگی از تاریخ گمشده ما بودند. بدل خشتها را می توانید در فلکه خه جی به نده ری بوکان ببینید.
با این احوال چون کاوشهای بعد از غارت، کمی اصولی تر، به نسبت زیویه! بر روی قلایچی انجام شده است، میتوانید از روی تصاویر گوگل قضاوت کنید که آیا در حق قلعه زیویه اجحاف و سهل انگاری شده یا نه.

**١٣٠**

**گوندی "نی" مەریوان**

پێشتر باسی گوندی "نیەر" ی دەوروبەر ی شاری سنەم کرد و ئازایەتی و کوردپەروەریی خەڵکەکەی (بەشی ٥٧ ی ئەم ووتارانە).
دواتر، ئەم ووتارە فارسییەم لە ماڵپەڕی 'اخبار روز' دا چاو پێکەوت کە تێیدا کاك 'کەیهان یۆسفی' - نووسەری ووتارەکە، باسی گوندی "نی" دەکات لە دەوروبەری مەریوان. نازانم ئەوە هەمان گوندی "نیەر" ە یا شوێنێکی تر؟
"سەربازی ون" ی عەبدوڵلا پەشێو چەندە بەجێیە:
"لەم ولاتە، .... لەسەر هەربستە زەمینێ، لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ، مەترسە! کەمێك سەر داخە و تاجەگوڵینەکەت دانێ!"
ئەوە لینکی ووتارەکە، کە زۆریش هەستیارانە و بە ئیحساس نووسراوە، بەڵام بۆ کەسانێك کە کورد نین و مەسەلەکە تێناگەن زانیاریی کەمی تێدایە:
http://www.akhbar-rooz.com/article.jsp?essayId=33009

**١٣١**

**مەولەوی و خانا و دوو فەرد شیعری بێ وێنە**

دەزانم لە زمانی گەلانی دیکەشدا شیعری ڕازاوە زۆرن، بەڵام دڵنیا نیم بکرێت شیعرێك بدۆزینەوە لەم دوو فەردەی خوارەوە جوانتر بێت:
"هیچکەس نەواچۆ وەفەرهاد ڕەندەن

نەقش شیرینش وەڕووی سەنگ کەندەن
دەك ڕێزان دەس با وەرجەگیان سەندەن
کێ ئەڵماس نەڕووی دیدەی وێش شەندەن!"
(دیوانی مەولەوی تاوەگوێزی، چاپی مامۆستا مەلا عەبدولکەتیمی مودەڕڕیس، ل. ٥٥١)

من لە سەر هەمان لاپەڕەی دیوانی مەولەوی ئەم یادداشتەم نووسیوە:

"ئەم شیعرە بە هەندێك جیاوازییەوە، لە لاپەڕە ٣٧٥ ی "شیرین و خەسرەو" ی خانای قوبادی چاپی کاك محەممەدی مەلاکەریم دا، بەناوی خاناوە هاتووە."

بەداخەوە ئێستا شیرین و خەسرەوی چاپی کاکەحەمەم لەبەردەستدا نییە دەقی ئەویش بێنمەوە، بەڵام ئەگەر وەك گوتوومە، جیاوازییەکی کەم لە نێوان دوو دەقەکەدا هەبێت، بەهۆی هەندێك تایبەتمەندیی زمانی و ووشەی بەکارهاتووەوە هەروەها لەبەر کەڵك وەرگرتن لە ناوی شیرین و خەسرەو، کە خۆیان و چیرۆکەکەیان زیاتر دڵخوازی ناوچەی کرماشان و ئیلامن تا هەورامان، واهەیە زیاتر بەلای خانای قوبادیدا دایبشکێنم و بە شیعری ئەوی بزانم تا مەولەوی. دیارە ئەوە تەنیا بۆچوونێکە و دەکرێ هەڵە بێت.

## ١٣٢

**ئەوەتا هونەر**

ئێمە واڕاهاتووین کە کاتێ باس لە هونەری پێشکەوتوو دەکرێت بیرمان ڕاستەوخۆ و بەبێ لادان، بەرەو موزەی لووڕ یا دیسنی لەند و فۆکسی سەدەی بیستەم بڕوات! کەمتر کەس بیر لە شتێکی دیکە جگە لە هونەری ڕۆژئاوا دەکاتەوە.

سەیرێکی ئەم هەواڵە وێنەییە بکەن. خەڵکانێکی هونەرمەند لە ناوچەیەکی دوورەدەستی چین بە سەهۆڵ چ هونەرێك دەخولقێنن و چ شاکارێك دەئافرێنن.

ئەگەر نەیبینن باوەڕ ناکەن.بە داخەوە نەمتوانی فیلمەکەی لێرە دابنێم، بەڵام وێنەکانیش بەشێك لەو هونەرە دەردەخەن. هەموو ئەو بینایە و هەیکەل و ڕێگاوبان و مانیومنتانە لە سەهۆڵ و بە دەستی خەڵك دروست کراون با چەندقاتیش بەرز بن. لەسەر هەروێنەیەك کلیك بکەن گەورەتر دەردەکەوێت.

سپاسی ئەو برادەرە خۆشەویستە دەکەم کە لینکەکەی گوگلی بۆ ناردووم.

فەرموون:

http://www.google.co.uk/images?q=ice+festival+china&rlz=1I7DKUK_en&oe=UTF-8&redir_esc=&um=1&ie=UTF-8&source=univ&ei=ndgITb_QN8GEhQfQuYihDw&sa=X&oi=image result_group&ct=title&resnum=2&ved=0CC0QsAQwAQ&biw=1160&bih=639

**133**

**"گەر لەیلا نەبوو، دەبا بەیجە بێت"!**

زۆرم پێخۆش بوو مۆسیقاژەن بم. لە "دانش سەرا" ی ورمێ ڤیولۆنێکم هەبوو بەڵام هیچی پێ فێر نەبووم! لە تەوریز گەیشتمە مریشکەڕەشە و توانیم هەوایەك دوانیش بە ڤیۆلۆن لێبدەم، بەڵام گژەبای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران ڤیۆلۆنی بە خۆمەوە هەڵدا و بردینییە کوردستان، دەنگی ڤیۆلۆنی هەژار لە شریخەی تفەنگی پێشمەرگە و گرم وهۆڕی بۆمبابارانی مەلای لابەلادا وون بوو. ئەنجام؟ لەو بوارەشدا وەك سیاسەت و زۆر بواری دیکەی ژیان کاڵەم دڕا و هیچم پێ نەبڕا، گیانم هەڵگرت، پشت لە دۆست و ڕوو لەدوژمن هەڵاتم هاتمە ئەم لایانە! بەڵام ئەگەر من نەبووم بە هیچ، قەیدی ناکات، ئالانی کورم بۆتە "دڕامر" واتە دڕام (چەند تەپڵە) لێدەدات. ئەندامی چەند باند و گروپی خوێندکاری و غەیرە خوێندکارییە و چاکیش درام لێدەدات، بەڵام براله، دەنگی تەپڵ لە دوورەوە خۆشە، خۆمان هیچ، مێشکی دراوسێکانیشمانی بردووە!

ئەوە نموونەی کارەکانیەتی لە سەر یووتیوب، ئێوەش لە دوورەوە گوێی بدەنێ با بە دەردی ئێمە نەچن!

http://www.youtube.com/watch?v=00HvvuxFtmI
http://www.youtube.com/watch?v=sTLmGaTFjmM&feature=related
http://www.youtube.com/watch?v=WESClfuWeFs&feature=related
http://www.youtube.com/watch?v=Wjqf9EiTdCk&feature=related

**١٣٤**

**"جەهانبەگلوو" بوو بە کوردا!**

واهەیە چەقۆی خەڵك دەسكی خۆی نەبڕێت، بەڵام هی كورد دەیبڕێت، دەنا ئەوهەموو بەسیجی و جاش و موستەشارە لەكوێوە دێن!

ڕامین جەهانبەگلوو شارەزایەكی بواری فەلسەفە و فەلسەفەی كۆمەڵایەتی ئێرانە. قسە لە سەر پسپۆڕایەتی ولێزانیی بواری كارەكەی خۆی نییە، دۆست و دوژمن ئەوە دەزانن. مەلاكان ساڵی پار بۆ ماوەیەكی كەم گرتیان و دوای هاتنەدەر لە زیندان لە ووت وێژێكدا لەگەڵ كەسێك بەناوی "هیدایەت جان" كە لە ڕادیۆی فارسی "زەمانە" لە هۆلەنداوە بڵاوكرایەوە، بە بێ هیچ بیانویەك هەڵیكوتایە سەركورد و خەباتی چەكدارانەی بەسەرداسەپاوی گەلەكەمانی بە ناوی "توندوتیژی"یەوە مەحكووم كرد، بێ ئەوەی مەعازەڵڵا لە كوولەكەی تەرپیشدا ناوێك لە پاسدار و بەسیجی و ئیتیلاعاتی و زیندانەوان و ئەشكەنجەچی و حاكمی شەرع و مەئموورانی سێدارە و گەللەبارانی مەلاكانی قوم و تاران ببات. وەك ئەوەی كورد جندۆكە دەستی لێ وەشاندبێت و لە هیچ و خۆڕایی ئەو پاسدار وئیتیلاعاتییە میهرەبانانە دەداتە بەرگوللە كە بە باوەشێك گوڵەوە هاتوونەتە كوردستان!

هەڵوێستی نابەجێ و ناڕاستی جەهانبەگلوو، ڕەنگدانەوەیەكی زۆری لەناو كۆمەڵگای كوردی ناوخۆ و دەرەوەی ووڵات هەبوو و گەلێك بابەتی لەسەر نووسرا، كە یەكیانیش هاوكاری ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆكان، كاك برایمی فەڕشی بوو.

وا ڕادیۆ زەمانە بەشی دووهەمی ووتووێژەكەی بڵاو كردۆتەوە كە تێیدا جەهانبەگلوو دەڵی من بە ڕەچەڵەك كوردم و خەڵكی شاری سنەین، ئامادەشم لەگەڵ "دۆستان و هاوشارییان" ی خۆمدا لێدوانم هەبێت. بەڵام سەمەرە ئەوەیە لەو بەشەشدا بستێك لە هەڵوێست پێشووی خۆی پاشگەز نەبۆتەوە و گوتوویەتی ئەوە كوردە لە قسەكانم خراپ تێگەیشتووە و "ئەگەر كورد و حزبە كوردییەكان مەسەلەی توندوتیژییان لەناو خۆیاندا چارەسەر كردووە، گەلێك باشترا!" كلكی كەڵەشێر لێرەدا باشتر دەردەكەوێت كاتێ كە جیهانبەگلووی ئێستا كورد دوور یا نزیك، كەم تا زۆر، باسێك لە لایەنی سەرەكی ئەو توندوتیژییە، واتە سیستەمی سیاسی حاكم، ناكات و لەگوڵ كاڵتر بەو مەلایانە ناڵێت كە تەنانەت ئەوی دژی توندوتیژیشیان خستە زیندانەوە.

فارس دەڵێن: "عالم شدن چە آسون، عاقل شدن جە مشكل!"

ئەوە لینكی ووتووێژی تازەی ڕادیۆ زەمانە لەگەڵ جەهانبەگلوو:

http://www.radiozamaneh.com/comment/reply/628

**کورد و وەزارەتەکانی بەغدا**

٢١/١٢/٢٠١٠ دوای نۆمانگ چاوەڕوانی، ئەمڕۆ لیستەی بەشێکی زۆرلە وەزیرانی کابینەی نوێی نووری ئەلمالیکی ڕاگەیێنرا. تاقمی موقتەدا سەدر ٨ کورسی کابینەیان کردۆتە هی خۆیان. کوردیش دوای خۆکشانەوەی "گۆڕان"، پۆستەی جێگری سەرەك وەزیران، وەزارەتی کاروباری دەرەوە و سێ وەزارەتی دیکەی لەگەڵ سێ وەزیری ڕاوێژکاری پێ دراوە.

ئەو ڕادەیە، هاوڕێ لەگەڵ پۆستی سەرەك کۆماریی، لە بارودۆخی ئێستادا بۆ کورد باشە؛ بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بەغدای بێ هێزی دابەشکراوی نێوان شیعە وسوننە ی ئەمڕۆ و بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەوێ، واهەیە لایەنی نەرمی بەنیسبەت کوردەوە هەبێت، بەڵام کاتێ پۆستی سەرەك وەزیریی، وەزارەتی دیفاع و نەوت و دارایی بە دەست ئەوانەوە بمێنێت و کورد هەر چاولەدەستی ئەوان بێت بۆئەوەی سەدا ١٧ ی داهاتی نەوتی پێ بدەن، گەلۆ هیوایەکی قایم بە هاوپشتی و هاوکاریی دواڕۆژیان لەگەڵ کورددا هەیە؟

کورد پێویستە خۆی بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە بکات کە ئێران و موقتەداسەدر سەددامێکی شیعە یا سعوودییەکان سەددامێکی سوننە لە بەغدا قوت بکەنەوە. لەهەل ومەرجێکی نەخوازراوی ئەوتۆدا یەکگرتوویی ڕیزەکانی کورد و پەڕلەمانێکی بەهێز کە دەستەمۆی حزبە سیاسییەکان نەبێت، هاوڕێ لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری و بەرهەمی پێشکەوتووی پیشەسازیی ناوخۆی کوردستان و پەیوەندی بەهێزی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، واهەیە بتوانێت پێگەی کورد لەبەرانبەر نەیاری ناوخۆیی و لاوەکی بەهێز ڕابگرن. ئەوەش ئەرکی سەرشانی بەڕێوەبەرانی حکوومەتی هەرێم و حزبەسیاسییەکان قورستر دەکات.

**١٣٦**

دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی

٢٠/١٢/٢٠١٠ خۆشەویستی پێویست ناکات تەنیا بۆ خزم وکەس وکار بێت، دەکرێ بۆ زەحمەتکێشێکی وەك ئەفراسیاو حەلیمی (ئەفراسیاو هەورامی) ش بێت کە لە دوورەوە دەیناسی.

من لەگەڵ دوکتۆر ئەفراسیاودا دۆستایەتی نزیکم نەبوو، گەرچی لەمێژساڵ پێش ئێستا چاومان بەیەکتر کەوتبوو، بەڵام دووراودوور ئاگامان لەکاری یەکتر هەبوو. من لێرە لە لەندەن کەم و زۆر هەر ئەو کارانەم دەکرد کە ئەو لە مۆسکۆ دەیکرد. لەمێژ ساڵ بوو شارەزای کارەکانی

لەسەر مێژووی بەڵگەنامەیی کورد بووم و هیوام دەخواست لە سەر ئەو ڕێبازە بڕوات و نهێنی زیاتری مێژووی هاوچەرخی کوردمان بۆ ئاشکرا بکات.

وا ئەمڕۆ لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمزدا هەواڵی کۆچی ناوادەیم خوێندەوە. سەرەتا باوەڕم نەکرد، پاشان ووتارێکی دیکەم هەر لەو پەیوەندییەدا بینی و تاسام. حەیف بوو، زوو بوو، زوو، بەڵام:

"مەرگە دوایی بەهەمووشت دێنێ

هەموو ئاواتێ لەدڵ دەستێنێ" (هەڵۆ، سوارە)

یادی بەخێر بێت!

http://rojhelattimes.org/read.php?id=1759

**١٣٧**

## Google Books Ngram Viewer

دەسکەوتێکی نوێی تەکنیکی - زانستی

دوابەدوای پڕۆژەی گەورەی "گووگڵ بووکس" (کتێبی گووگڵ)، وا کۆمپانیاکە بە هاوکاری مایکرۆسۆفت و چەند شەریکەی تر خزمەتگوزارییەکی نوێی ئاڕاستە کردووە کە تا چەندساڵ پێش ئێستا بە خەونیش نەدەبینرا.

لێرە بەدواوە دەکرێت لەڕێگەی ئەو سەرڤیسەوە شوێنی هەر ووشە یا عیبارەتێك لە ٦ زمانی سەرەکی ئەم جیهانەدا هەڵبگیرێت و بزانرێت لە ساڵی ١٤٠٠ ی زایینی بەدواوە ئەو ووشە تایبەتە لە کامە کتێبی چاپکراوی کامە نووسەردا بە چ شێوەیەك هاتووە! دەکرێت هەرجارەی ١ تا ٥ ووشە بەسەریەکەوە گووگڵ بکرێت و وەڵام وەربگیرێت.

پڕۆژەکە وا هەیە بۆ خەڵکانی ئاسایی خاوەن گرنگایەتییەکی ئەوتۆ نەبێت بەڵام بۆ لێکۆڵەران لەڕادەی موعجیزەدا گرنگە. تۆ دەتەوێت بزانی بۆ نموونە ووشەی "دیموکڕاسی" لە سەرەتای پەیدابوونی چاپەوە لە کتێبی فەیلەسووف و کۆمەڵناس و سیاسەتمەدارانی جیهاندا چۆن هاتووە و چۆن واتا کراوەتەوە و تێگەیشتن وهەڵوێستی هەرکام لەبواری ئەو چەمکەدا چی بووە. خزمەتگوزارییە تازەکەی گووگڵ بە "کن فیکون" ێك بۆ نموونە عەینی دەقی لاپەڕەی کتێبی "ئەفلاتوون" یا "فڕانسیس بەیکن" یا "ڕاسێل" و ت دەخاتەبەردەم و لەماوەی چەند چرکەدا دەزانی ئەو کەسانە دیموکڕاسییان چۆن بینیوە، بە هەمان شێوە هەر کەسێك لە هەر کتێبێکی

چاپیدا ناوێکی لە دیموکراسی هێنابێت لە لیستەیەکدا دەردەکەوێت و دەتوانی هەموویان ڕاستەوخۆ ببینی، ئەویش نەك گێڕانەوی قسەکانیان بەڵکوو عەینی لاپەڕەی کتێبەکەیان!
ئەم پرۆژەیە دیارە لەبنەڕەتدا بۆ زمانی ئینگلیزییە و زیاترین سەرچاوەی پشکێنراویش هەر ئینگلیزین بەڵام ٥ زمانی دیکەش دەگرێتەبەر: فەرەنسی، ئاڵمانی، چینی، ڕووسی و عیبری. بەگوێرەی زانیاریی ڕاگەیێنراوی گووگڵ تا ئێستا ١٠٪ ی هەموو کتێبە چاپکراوەکانی ئەو ٦ زمانە پشکێنراون و داتای پرۆژەکە تا ئێستا زیاد لە ٥ ملیار ووشەی لە ٥ ملیۆن کتێبی ئەو ٦ زمانەدا تۆمار کردووە. کارەکە بەردەوام لە پێشکەوتندایە و درێژەی هەیە.
دەڵێی لەناو هەموو شەڕوشۆر و کێشە و هەرایەکی سیاسیدا خەڵکانێك هەن کە بیر لە دادێی مرۆڤایەتی دەکەنەوە و چەرخی زەمان بەرەوپێشەوە دەبەن. کەی ئەو شایە دەگاتە کۆڵانی زمانی کوردییش نازانم، بەڵام پێکەنینم بە ئایەتووڵلاکانی ئێران دێت کە دەیانەوێت شاقەلیان بکەنە لەمپەری پێشکەوت و تا ئەمرۆش هەر خەریکن بەفیلترکردنی ماڵپەڕە ئینترنێتییەکان و بەرگریکردن لە سەتەلایت چەرخی زەمان ڕابگرن.
ئەوەی خوارەوە دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو بەهەشتی "گووگڵ بووك ئێنگرام ڤیوڤرٍ" کە هەمووکەس جگە لە مێشك پووچەڵەکان مافی چوونەژوورەوەیان هەیە:
http://ngrams.googlelabs.com/info

## ١٣٨

### "شەوی چلە"ی کوردی بەڵێ، "شەوی یەڵدا"ی عەجەم نا!

١٩/١٢/٢٠١٠ ئەمشەو درێژترین شەوی ساڵ و سەرەتای چلەگەورەیە. لە موکریان باو بوو و دوورنییە ئێستاش هەر باو بێت کە ئەندامانی بنەماڵە لەو شەوەدا لەدەوری یەك کۆدەبوونەوە، دانیشتن بوو و قسەوباس و حیکایەت گێڕانەوە و شەوچەرەخواردن. بەو شەوەش دەگوترا "شەوی چلە".
دوای سەرهەڵدانی ڕادیۆ و بەتایبەت تەلەفیزیۆن و وەربوونی پاسدار وبەسیجی و مەئمووری عەجەم بەناوچەکەدا، گەلێك داب ورەسمی ئێرانییەکان و بۆنموونە چوارشەممەسووری و شەوی یەڵدا، بەخێرایی خزانە ناو کۆمەڵگای کوردەوە و پاشەکشەیان بە نەریتە کۆنەکانی خۆمان کرد. ئێستاش بەداخەوە "شەوی یەڵدا" خەریکە جێگەی "شەوی چلە"ی خۆمان دەگرێتەوە.

من لەوەی وا نەریتەکانی خۆمان لەبیرمان دەچنەوە و داب ورەسمی عەجەمی ئێرانی جێیان دەگرنەوە نارەحەتم، دەزانم گەلێکی دیکەش وەك من و لەمنیش زیاتر دڵگیرن.
ئەگەر هێرشی داب و رەسمی ئێرانی بۆ سەر کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان وەك فەرهەنگی گەلی غالب، سەیر بکرێت و تارادەیەك بە سروشتی و دیاردەیەکی "ناچار" بزانرێت، بێگومان لاسایی کردنەوەی ئەو داب ورەسمە لە باشووری کوردستان، دیاردەیەکی ناحەز و چەپەڵ و گاڵتەجارِ نەبێ هیچیتر نییە.
ساڵی پار تەلەفیزیۆنی کوردسات بەبۆنەی "شەوی یەڵدا" نەك "شەوی چلە"وە! بەرنامەیەکی بێ تامی رێك خستبوو، کە راپۆرتدەرەکەی لە سەر شەقام و کۆلان دەچووە سۆراغی خەڵك و لێی دەپرسین شەوی یەڵدا چییە، لەوە سەمەرەتر ئەوە بوو کە پیرۆزبایی شەوی یەڵداشی لێ دەکردن! واتە شەش هەنگاو لە ئێرانییەکان چووبوونە پێشێ و کردبوویانە "جەژن" و جەژنەپیرۆزەیان لەخەڵك دەکرد! من نەمبیستبوو ئێرانییەکان هەزار ساڵیش بێت جەژنیان بۆ "یەڵدا" گرتبێت. ئەوان خۆیان لەناوەکەی — کە ووشەیەکی بێگانەیە بێزارن، بەلام کوردسات دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردبوو ئەوەی بۆی گرنگ بوو لاسایی کردنەوەکە بوو هیچی تر!
ئەمساڵ لەبەر خەفەتی پار، سەیری هیچ تەلەفیزیۆنێکی کوردیم نەکرد. دەترسام کردێتیانە جەژن وتریلیلان بۆئەوەی خۆیان بە کلکی عەجەمەوە بەستبێت! بەلام لە ماڵپەرە کوردییەکاندا دیتم کە یەکیەتی نووسەرانی شاری سلێمانی بە خێر وسلامەت هاتۆتە پێشەوە و مۆرکی خۆی لەو لاسایی کردنەوە قیزەوەنە داوە وئەندامەکانی نەك هەر جەژنیان بۆ "یەڵدا" ی نەناسراو گرتووە بەڵکوو شیعریشیان پێدا هەڵگوتووە و کۆرِی هەڵپەرکێشیان بۆ بەستووە!
ئێمە بۆ بەکارهێنانی ووشەی زانستی "جێندەر" لەپەرلەمان تووشی کێشە وهەرا دەبین و هەندێکمان نامانەوێت کەڵك لە ووشەیەکی تازەی زانستی وەربگرین، بەلام هەر فرت وفێڵێکی عەجەم بە چاوقووچاندنەوە وەردەگرین هیچ، لە پێشوازیکردنیدا هەڵیخە وبیخەش وەرێ دەخەین!
باوەرِ ناکەن فەرموون ئەم هەواڵەی رۆژی ٢٠١٠/١٢/٢١ ی شاری سلێمانی بخوێننەوە:
http://www.peyamner.com/details.aspx?l=1&id=215630
"خەتای سواران نییە، پێش سوارەکانمان قورس وناوەستان"!



**Merry Christmas!**

٢٤/١٢/٢٠١٠ سبه‌ینێ جه‌ژنی کریسمه‌سه.

کاتی خۆی که له وولات بووم، جه‌ژنی قوربان و ڕه‌مه‌زانم ده‌گرت، بۆ جه‌ژن مباره‌کیی ماڵه‌وماڵ ده‌گه‌ڕام، ئه‌گه‌ر جل وبه‌رگی تازه‌شیان بۆ بکڕیایه‌م له‌به‌رم ده‌کردن. جگه له سه‌رده‌می منداڵی له ساڵه‌کانی دواتردا هیچ باوه‌ڕێکیشم به بنه‌مای جه‌ژنه‌کان نه‌بوو واته نه ڕۆژووم ده‌گرت و نه له‌بیری ئیبراهیم و ئیسماعیلی ته‌وراتدا بووم.

به هه‌مان شێوه جه‌ژنی نه‌ورۆز! له بۆکان تا ساڵی شۆڕشی ١٩٧٩ ش نه‌ورۆز ته‌نیا هی منداڵان بوو: هه‌لاوه مه‌لاوه، هێلکه سوورکردن و هێلکه شکێنه، ئاگرکردنه‌وه، نارنجه‌ك ته‌قاندن وفیشه‌که‌شێته حه‌واخستن و هیچیتر! نه جل وبه‌رگی نوێمان له‌به‌ر ده‌کرد نه جه‌ژن مباره‌کی، نه ماڵان گه‌ڕان، نه دووکان داخستن و نه چوارشه‌ممه‌سووری. هه‌موو ڕێ ورِه‌سمه‌که له شه‌و ورۆژێکدا ته‌واو ده‌بوو. نه وه‌ك عه‌جه‌مستان جه‌ژنانه وه‌رگرتن هه‌بوو، نه دووکان وبازاڕ داخستن و نه ته‌نانه‌ت وه‌ك باشووری کوردستانیش چوونه سه‌یران له ده‌ره‌وه‌ی شار! ئه‌وه‌نده‌ی بزانم له‌هه‌موو ناوچه‌ی موکریانیش کاره‌که هه‌ر به‌و شێوه‌یه‌بوو. به‌ڵام کاتێ چوومه عه‌جه‌مستان و له تاران و ته‌ورێز ده‌ژیام، جه‌ژنی نه‌ورۆزیشم به شێوازی ئه‌وان گرتووه وله‌گه‌ڵ خه‌ڵکه‌که بووم و ئه‌وه‌م کردووه که له شاره‌که‌یاندا باو بووه.

ئێستا له‌له‌نده‌ن وه‌ك کابرا له‌هه‌ردوو دین بووم و ڕووبه‌ڕووی "کریسمه‌س" بوومه‌ته‌وه! هه‌تا منداڵمان نه‌بوو، زۆرمان گوێ نه‌ده‌دایه کریسمه‌س به‌ڵام له‌وه‌تی ئه‌وان هه‌ن، داری کریسمه‌س ڕازاندنه‌وه‌یه و چرا هه‌ڵکردن و دیاریی کڕین و قه‌له‌موونه و "پوودینگ" ی نیوه‌ڕۆی کریسمه‌س خواردن و میوانداریی میوان و خواردنه‌وه وشادی و پێکه‌نین تا ئێوارێ. دیاره نه باوه‌ڕم به عیسای عاسمانی چواره‌مه و نه نه‌قڵ و حیکایه‌تی له‌دایکبوونی به ڕاست ده‌زانم به‌ڵام ئیتر له‌نده‌ن بۆته شار و وولاتم و له‌نێو خه‌ڵکه‌که‌یدا ده‌ژیم و وه‌ك ئه‌رکێکی ئه‌خلاقی ڕێز له خۆیان و داب و نه‌ریتیان ده‌گرم، با باوه‌ڕیشم به ئه‌سڵی ئایینه‌که‌یان نه‌بێت.

گرنگ پێکه‌وه‌ژیان و ڕێزگرتن له باوه‌ڕی خه‌ڵك ودژایه‌تی نه‌کردنی خانه‌خوێ و دراوسێ ماڵه. له کوردستان ڕێزم له قوربان و ڕه‌مه‌زانی جێی باوه‌ڕی بنه‌ماڵه‌که‌م و خه‌ڵکی شاره‌که ده‌گرت، له‌تاران و ته‌ورێز به ڕێزه‌وه سه‌یری داب ونه‌ریتی نه‌ورۆزی عه‌جه‌مستانم کردووه و لێره‌ش کریسمه‌سی جێ باوه‌ڕی خه‌ڵکی ئێره به جه‌ژن ده‌زانم. بۆ ئه‌و ناته‌هه‌ست به‌هیچ خه‌سارێکیش ناکه‌م و له‌وه‌ی دۆگم و یه‌ك لابین نیم خۆشحاڵم.

**ئیعدام بەسە، دەست ڕابگرن!**

٢٤/١٢/٢٠١٠ جەژن و شادی و پشووی کریسمەسم بەو هەواڵە دڵتەزێنە تێك چوو کە برادەرێکی خۆشەویست بۆی ناردم. گوایە پارێزەری ڕێزدار "حەبیبوڵڵا لەتیفی پوور" گوتوویەتی کە پێی ڕاگەیێنراوە ڕۆژی یەکشەممە قەراری ئیعدامەکەی بەڕێوە دەبرێت.
هیوادارم هەواڵەکە ڕاست نەبێت، بەڵام لەو مەلایانەی من دەیانناسم دوور نییە جینایەتێکی دیکە دەرحەق بە ڕۆڵەکانی گەلی کورد بکەن. مەلا خوێنخۆرەکانی ئێران ڕۆژی یەکشەممەیان بە سەگیەتی هەڵبژاردووە، دەزانن هەموو جیهان بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا بە جەژنی کریسمەسەوە خەریکن، ڕۆژنامە دەرناچێت و تەلەفیزیۆن لەبەر بەرنامەی هەڵپەڕکێ و مۆسیقا ناپەرژێتە هەواڵی ئەو جینایەتە.
چیم پێ دەکرێت جگەلەوەی بڵێم کاکە حەبیبوڵڵا لەبیرمدای، خۆشم دەوێی، یادت دەکەم، بشکێ ئەو دەستە دڵت دەشکێنێ!
ئەوەش بۆ جینایەتکارەکان: سەگبابینە دەست ڕابگرن! تەرەسینە ئیعدام بەسە!

**١٤١**

**خۆ تۆ "جەوهەر" نی لەمن قاچاغی!**

زۆرێك لە ئێمە ئەو گۆرانییەی نەمر محەممەدی ماملێمان بیستووە، ئەگەریش نەمانبیستبێت، لەقسە وباس و مەتەڵۆکی ڕۆژانەی خەڵکدا بەرگوێمان کەوتووە کە دەڵێن "فلانە شت وەك جەوهەر قاچاغە".
جەوهەر بۆ قاچاغە؟ کێ قاچاغی کردووە؟ لەبەر چی قاچاغ کراوە؟
وەڵامی پرسیارەکان ئەوەندەی من بزانم ئاوایە: لە ساڵی ١٩٢٦(؟) واتە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ڕەزاشای پەهلەویدا، مەجلیسی شوڕای ئێران یاسایەك پەسند دەکات کە بەگوێرەی ئەو، هاوردەکردنی جەوهەر لەدەرەوەی وڵاتەوە بۆ ناوخۆی ئێران یاساخ دەکرێت.
هۆکاری مەسەڵە ئەوە بووە ویستوویانە ڕەسەنایەتی فەرش و مافوورەی ئێرانی بپارێزن و بەرگربن لەوەی "خومچی" یەکان لەجیاتی ڕۆنیاس و ڕەنگی سروشتی، "بەن" ی فەرش بە جەوهەر واتە ڕەنگی کیمیایی ڕەنگ بکەن. ئەو جەوهەرە، بە قاچاغی لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنرایە ناو ئێران و بەشێکی بەرچاوی لە باشوری کوردستانەوە دەگەیشتە ڕۆژهەڵات و لەوێوە دەچووە تەورێز و تاران.

تاقە سەرچاوەیەکی نووسراو کە باسی ئەو قاچاغی جەوهەرەی کردبێت و من چاوم پێی کەوتبێت، کتێبی "تاریخ مهاباد" ی کاك سەید محەممەدی سەمەدییە. نووسەری کتێبەکە لە لاپەڕە ٩٦ دا کاتێ باسی 'تەبعید' ی ٦٠ تا ٨٠ کەسی خەڵکی شاری مەهاباد و ناوچەی دەوروبەری لە ساڵی ١٣١٩ (١٩٤٠) واتە پێش شەڕی دووهەمی جیهانی دەکات، دەنووسێت هۆکارێکی ئاشکرا بۆ ئەو شاربەدەرکردنە نازانرێت، ئینجا چەند گومانێك دادەمەزرێنێت کە یەکیان هۆکاری سیاسییە ویەکی دیکەیان قاچاغی جەوهەر. سەمەدی دەڵێ دەوڵەتی ئێران لای وابوو ئەو جەوهەرە هاوردەیە "ستاندارد" نییە و زیان بە هەناردە کردنی فەرش و قاڵی ووڵات دەگەیێنێت. واتای قسەی سەمەدی ئەوەیە کە دەگونجێت ئەو خەڵکانە لەو پەیوەندییەدا شاربەدەر کرابێتن.
بە داخەوە ئێستاش بارودۆخی ئابووریی ناوچەکە دوای ٩٠ ساڵ گۆڕانی بەسەردانەهاتووە و ئەمڕۆکەش کۆڵبەری کورد لە سەر ئەو سنوورانە خەریکی هاوردە و بردەی قاچاغن؛ نە کارخانەیەك، نە بنکەیەکی ئابووری و نە پشتگیرییەکی دارایی دەوڵەت؛ ئاسەواری ئەوانە لە هیچ شوێنێکی ناوچەکوردنشینەکان نابینرێت؛ بەڵام ئێستا "جانی واکر" جێگای جەوهەری گرتۆتەوە. جانی واکر مافووره خراپ ناکات بەڵام مەلای قوم و مەشهەدی پێ هەڵدەتۆزێتەوە!

## ١٤٢

**هەوری لار!**

ئەم هەفتەیهم بە گۆرانییەوە گرتووە! گۆرانی "هەوری لار" م زۆر پێخۆشە، بەڕۆژدا هەر وورتە وورتمە و دەیڵێمەوە، دیارە هەر دەبێ بۆخۆمی بڵێم لەبەر ئەوەی هەر بەندی یەکەمم گوت ئیتر کەس لەژوورەکەدا نامێنێت!
ناشزانم بۆچی هەمیشە گۆرانییەکە بەم فەردە دەست پێدەکەم:

"باڵاکەت بەرزە وەك بەیداخی ڕۆم          پرست پێدەکەم بڕۆم یان نەڕۆم"

ڕەنگە بە لاویەتی لە لای خۆمان وام بیستبێت.

بەڵام ئەو فەردە شیعرە قەڵسم دەکات و نامەوێت هەمووجارێ هەوری لارە خۆشەکەم بە بەیداخی ڕۆمییەکان بشەمزێنم - بەیداخێك کە چەند بەرز بێتەوە زیاتر سینگی ڕۆڵەی کورد

دەسمێت. جا بۆ ئەوەی خۆمی لەدەست ڕزگار بکەم و چیتر نەیڵێمەوە ئەم فەردە شیعرەم دانا و کردمە جێگری ئەو، ئێستا ڕۆژی سەدجاریشی بڵێمەوە هەر گوتوومە!

"باڵاکەت بەرزە وەك بەیداخی کورد وا هەڵکراوە لەبەرزیی هەڵگورد"

ئەوەش دوو 'هەوری لار' ی سەر یووتیوب

یەکەمیان بە دەنگی حەسەن زیرەك:

http://www.youtube.com/watch?v=bMbZ5GzdfF8

دووهەمیان بە دەنگی جەلالەددین موحەممەدیان:

http://www.youtube.com/watch?v=NzrRoyI11uc&feature=related

واهەیە ئەوی دووهەمتان نەبیستبێت، بەڵام ئەویش زۆر خۆشە.

## ١٤٣

### گیرانی کۆمەڵانی خەڵك لە شاری سنە

٢٧/١٢/٢٠١٠ ناتوانم خۆشحالیی لەڕادەبەدەری خۆم لە هەڵوەشانەوەی حوکمی ئیعدامی کاك حەبیبوڵلا لوتفی دەربنەبڕم. بەڵام پێم خۆشە گوێ بدەمە قسەی کاك ساڵح نیکبەخت پارەێزەری ڕێزدار لەتیفی کە داوای کردبوو بێدەنگی لەمەسەلەکە بهێنرێت بۆئەوەی کارەکان لەڕێگەی یاساییەوە ببرێنە پێشێ و بیانوو نەدەینە دەست کەس.

لە عەینی کاتدا، گیرانی ئەندامانی بنەماڵە و دۆست و هاوڕێ و هاوکاری کاك حەبیب و ژمارەیەك لە ڕووناکبیران و هەڵسووڕاوانی مەدەنی لە شاری سنە و شاعیر سیمین چایچی، بۆ ئەوە نابێت چاوی لێ بپۆشرێت. کۆماری ئیسلامی بە گرتنی ئەو خەڵکانە دەری خست کە هەموو هەنگاوێك لەپێناو سەرکوتی خەڵکی ئێران سەرەتا لە کوردستانەوە دەست پێدەکات و کارەکان لەوێ بەتاقی دەکاتەوە، ئینجا لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش بەڕێوەیان دەبات. گیرانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی زیندانی و دۆست و کەس وکاریان دیاردەیەکی نوێ و شێوازێکی تازەی سەرکوت کردنی خەڵکە. ئەم کارە سەرەتا لە سنە و لە سەر ئەندامانی بنەماڵەی کاك حەبیب دەستی پێکرد:

http://news.gooya.com/didaniha/archives/2010/12/115402.php

ئینجا گەیشتە تاران و بە گیرانی ئەندامانی بنەماڵەی عەلی سارمی کە ئەمڕۆ بەناوی پەیوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵقەوە ئیعدام کرا، درێژەی پەیداکرد. ئەوە هەواڵی گیرانی ئەندامانی بنەماڵەی عەلی سارمی لەبەردەرگای زیندانی ئەڤینی تاران:

http://news.gooya.com/politics/archives/2010/12/115425.php

ئەوەش دەنگی عەلی سارمی خەباتکار پێش ئیعدام:

http://news.gooya.com/politics/archives/2010/12/115423.php

## ١٤٤

**یادی پەروین خانمی موشیروەزیری بەخێربێت**

واهەیە بۆ نەوەی تازەپێگەیشتووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەیەکی نامۆ و سەمەرە بێت ئەگەر کەسێکی وەك من بڵێت لە ساڵانی دوای هەرەسی کۆماری کوردستان و بەتایبەت کۆدیتای٢٨ ی گەلاوێژی ١٩٥٣ ی ئێراندا، هەویە و کێیەتی و ناسنامەی کوردی لە گیانەڵڵادا بوو و ڕژێمی شایەتی ئێران هاوڕێ لەگەڵ تورکیا و سووریا و سۆڤیەتی ستالینی لەڕێگەی بەربەست کردنی مافە سەرەکییەکانی کورد و ڕاگواستن و گرتن و زیندان و ئیعدامی هەڵسووڕاوانی بواری سیاسەت، خەریکی تواندنەوەی هەویەی کوردی بوون و تاڕادەیەکیش لە بەرنامە چەپەڵەکانیاندا سەرکەوتبوون.

ئەوەی لەو ڕۆژگارە تاریکەدا بە هانای کوردەوە هات، یەکەم شۆڕشی ١٩٥٨ ی عەبدولکەریم قاسم و ڕووخانی سیستەمی شایەتی لەعیراق بوو کە هەموو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی هەژاند و پەیمانی نگریسی بەغدای هەڵوەشاندەوە؛ دووهەم هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان کە خێرایەك بوو بە پێگەی هەڵگیرسانەوەی ئاگری خەبات لە ناو کوردی ڕۆژهەڵاتیشدا.

جگە لەو ئاکامە ڕاستەوخۆیانە، شۆڕشی ئەیلوول لە حەوزی مەندی کۆمەڵگای کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چەند شەپۆلێکی دیکەشی وەڕێ خست. ڕژێمی شای ئێران بۆ لەگرێژەنەبردنی شۆڕش و فریوی کوردی ڕۆژهەڵات، ڕادیۆی کوردی لەتاران و کرماشان دامەزراند و ئیجازەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی لە تاران دا. گەرچی هەردوو ئەو بنکانە لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ساواك و بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕژێمی شا دانرابوون بەڵام گوللەی ڕژێم کەوانەی کرد و ئەنجامی کارەکان تاڕادەیەکی زۆر لەبەرژەوەندیی کورد و دژایەتی ئامانجەکانی ڕژێمدا گەڕا: کوردێکی زۆر لەڕێگەی هەر ئەو

ڕۆژنامەیەی ساواکەوە فێری خوێندن و نووسینی کوردی و شارەزای ێشیعر و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆیان بوون و ڕادیۆی کوردی تاران و کرماشانیش بوون بە پەیوەندیدەری کوردی ناوچەکانی کرماشان و ئەردەڵان و موکریان و ناوچەی هەرکی و شکاك و جەلالیش و هەستێکی بەگوڕی نەتەوایەتییان لەخەڵکدا خوڵقاند و ژیلەمۆی ناسیۆنالیزمی سەرکوتکراوی کوردییان گەشاندەوە.

لەگەشانەوەی ئەو ژیلەمۆیەدا چەندکەس دەوری سەرەکییان بینی: حەسەن زیرەك بەگۆرانییەکانی، سوارەی ئێلخانی زادە بە بەرنامە ئەدەبی/سیاسی/کۆمەلایەتییەکانی و شوکروڵلای بابان وپەروینی موشیروەزیریش بە شیعرخوێندنەوەی هەستیارانە. دیارە کەسانێکی زۆر وەك بەرنامەنووس و بەڕێوەبەر لەپشتەوەی مایکرۆفۆنی ڕادیۆ بوون کە کاری ئەوانیان گونجاو دەکرد و لەوانە، دوکتۆر عابید سیراجەددینی و مامۆستایان جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی و دوکتۆر محەممەد سەدیقی موفتی زادە وچەندێکیتر، بەڵام دەنگی ئاشنا بۆ گوێی بیسەری ئاسایی ڕادیۆ، پێش هەمووکەس مامۆستا شوکروڵلای بابان و پەروین خانمی موشیروەزیری بوون. ئەوان نەك هەر شیعری لەبیرکراو وپەراوێزکراوی کوردییان دەهێنایەوە ناو ماڵی کوردی ڕۆژهەلات، بەڵکوو کەسایەتییان دەدایەوە کوردی لەکوردبوون بێگانەکراو. ئەوان بەکوردیان دەگوت بڵێن ئێمەش هەین، بەنەیاری کوردیشیان دەگوت کورد زیندووە وهەیە و لە ڕۆژنامە و ڕادیۆی کوردیدا هاواریان دەکرد:

عەزیزم شاسوارێکە گوزەرکا گەر بەئەلبورزا

ئەکا نووکی سمی ئەسپی لەخارا تووتیا پەیدا

ئەوان بەشوێن تووتیایەکدا وێڵ بوون کە نووکی سمی ئەسپی کورد لە خارای سیاسەتی داگیرکەرانی خاکی کوردی پەیدادەکرد. جا ئەگەر ئەو تووتیایە نەدۆزرایەوە خەتای ئەوان نەبوو، خەتای "قورسی و ناوەستایی پێش سوارەکان" بوو.

لەو ڕۆژە ڕەشانەدا، دەنگی پەروین خانمێ موشیروەزیری دەنگی خوێنەرەوەیەکی ساکاری شیعری کوردی نەبوو، بانگەوازێك بوو بۆ زیندووڕاگرتنی هەستی خۆ بەکوردزانین و لەئەنجامدا، زیندوو ڕاگرتنی کوردایەتی و زیندووڕاگرتنی کورد. واهەیە هەندێك کەس ئەم قسەیە بە زێدەڕۆیی بزانن وبڵێن ئەودەم ئاگری خەبات لە دڵی خەباتکاران و هەڵسووڕاوانی سیاسی وحزبیی کورددا زیندووبوو و بۆ نموونە لە سالانی ١٣٣٨ و ١٣٤٢ دا گەلێك ئەندامی حزبی دیموکراتی کوردستان گیران وڕاونران. ئەوانە فەکتن و قسەیان لەسەر نییە، بەڵام کاتێ لە هەڵسووڕاوانی هەڵکەوتووی سیاسییەوە دەگەینە ئاپۆرەی خەڵك، ناتوانین لەو ڕاستییە چاو بپۆشین کە دەنگی پەروین خانم بۆ کۆمەلانی بەرینی گەل، پەیامی ناڕاستەوخۆی خەباتی

نەتەوایەتی بوو، پەیامێك کە دەگەیشتە گوێی زۆرکەس و زۆر هەستی نووستووی لەخەو ڕادەپەڕاند.
ئێمە بۆ ئەو لەخەو ڕاپەڕاندنە قەرزداری پەروین خانمین، ئێستاش کە بەداخەوە ئەو کەسایەتییە لەخۆبووردووە لەناوماندا نەماوە، ئەرکی ئەخلاقیی هەمووولایەکە ڕێز لە کەسایەتی و کار وخەباتی بگرین ویادی خۆی و خزمەتەکانی لەدڵدا نەکۆژێنینەوە.

**١٤٥**

**دیسان سەبارەت بە دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامی**

کۆچی بێ وادەی دوکتۆر ئەفراسیاو هەورامیم لە دڵ دەرناچێت. هەفتەی پێشوو ئاماژەم بە مردنە دڵتەزێنەکەی کرد. وا لە ماڵپەڕی بنکەی ژینی سلێمانی دا کورتە ژیینامەیەك و لیستەی بەرهەمی چاپکراو وچاپ نەکراوی کاك ئەفراسیاو ڕاگەیێنراوە ومن لێرەدا ڕایدەگوێزم.
گەلێکیش هیوادارم تاقە پەڕەیەکی کارەکانی، بە نووسین و تەرجەمەوە، نەفەوتێن و بکەونە بەردەستی خوێنەری کورد.
ئەوە ووتارەکەی بنکەی ژینە:
http://www.binkeyjin.com/Direje.aspx?Jimare=75

**١٤٦**

**ماڵپەڕیکی باش بۆ هەواڵەکانی کوردستان**

ئەوە ماڵپەڕێکە بە زمانی ئینگلیزی کە بەڕێوەبەروکانی لە بریتانیا دەژین و وێدەچێت کوردی سووریا بن. تایبەتمەندیی ماڵپەڕەکە ئەوەیە بە یەك شێوە ئاوڕ لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەداتەوە و هەواڵی پێشێل کرانی مافەکانی کورد لە لایەن داگیرکەرانی خاکەکەمانەوە بڵاو دەکاتەوە. من ڕاستەوخۆ پەرپرسەکانی مەڵپەڕەکە ناناسم، بەڵام وێدەچێت لە لیستەی ئیمەیلەکانیاندا بم لەبەر ئەوەی هەفتانە یەك دووجار ئیمەیلم بۆ دەنێرن و هەواڵی نوێم پێ ڕادەگەیێنن.
ئەوە ئەدرەسەکەیانە:
/http://supportkurds.org/sks/iran

**١٤٧**

**ئێران لە "ویکی لینکس" دا**

ئەم لینکە دەمانباتە سەر چوار بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە ئێران لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا. بەڵگەنامەکان هی باڵوێزخانەی ئەمریکان لەتاران و باسی هەڵوێستی ئەوان لە بەرانبەر هەل ومەرجی سیاسی ئێرانی پێش شۆڕش دەردەخات. بەڕوونی دەزانرێت کە باڵوێزخانەی ئەمریکی و بەگشتی حکوومەتی ئەمریکا لەچاو ئینگلیزییەکان 'واقیع بین' تر بوون و هەستیان بە هەندێك گۆڕانی ناو کۆمەڵگای ئێران و هەرەسی سیاسەتەکانی دەوڵەت کردبوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٥ و پێش لافاوی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵك تاج وتەختی شایان لەمەترسیدا نەدەدی. بەکورتی، ڕۆژئاواییەکان حیسابیان لەسەر هێزی گەل نەکردبوو ولایان وانەبوو کە وەپێش سیاسەتەکانی ئەوان دەکەوێت.

وەرگێڕانی کوردی و هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکانی ویکی لینکس کە لەپەیوەندی وولاتانی داگیرکەری کوردستاندان، کارێکی گەلێك پێویستە وهیوادارم کەسانێك بەو ئەرکە گرنگەهەستن.

ئەوە بەڵگەنامەکان:

http://wikileaks.ch/origin/21_0.html

ئەوەش بەڵگەنامەیەکی دیکەی ویکی لینکس بەگوێرەی ڕۆژنامەی "تایمز" ی لەندەن. ئەم بەڵگەنامەیە هی سەردەمێکی گەلێك تازەترە و باس لە نێوان ناخۆشیی ئەحمەدی نەژاد و محەممەد عەلی جەعفەری فەرماندەی سپای پاسداران دەکات و هەواڵ دەدات کە فەرماندەی ناوبراو بە زللە لە ئەحمەدی نەژادی داوە:

http://www.timeslive.co.za/world/article830805.ece/Wikileaks--Iranian-president-slapped-by-top-Revolutionary-Guard

**١٤٨**

**عەلی بەگی حەیدەری، پەروینی ئیعتیسامی**

عەلی بەگی حەیدەری (سالار سەعید)، ئاغای گوندی "سەراو" و "ڕەحیمخان" وچەند گوندی دیکە ی نێوان میاندواو و بۆکان، کە بۆ حەوت دەورە نوێنەری شاری سابلاغ و بۆکان و سەردەشت لە پەرلەمانی ئێران بوو، وەك میسباحوددیوانی براگەورەی، شاعیرێکی خاوەن زەوق

بوو و شیعری بەربڵاوی کوردی و فارسی لێرە و لەوێدا بڵاوبوونەتەوە بەڵام دیوانی تا ئێستا چاپ نەبووە.

حەیدەری بۆ مردنی پەروێنی ئیعتیسامی شاعیری ئازەریی فارسی وێژ، پارچەیەکی چەند فەردیی شیعری گوتوون کە لە دیوانی پەرویندا چاپ کراون. ئەوە مەقتەع — واتە فەردی کۆتایی شیعرەکەیە و بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ١٣٢٠ هەتاوی (١٩٤١) ی زایینی:

تاریخ فوت و هجرت جستم ز حیدری، گفت:

"مرده ادیبه دهر پروین اعتصامی"

لەتکە شیعرەی دووهەم بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٣٢٠.

ئەم فەردە جوانە کوردییەش هەر هی ئەوە، نازانم ڕووی لە کێیە، بەڵام شەمسی دین دیارە شێخی بورهانە:

"یاری وەکوو تۆم بێ من، پیری وەکوو شەمسی دین،
دنیاشم ئەگەر زید بێ، کاکیلە، چ دەربەندم!"

## ١٤٩

### شیعری گۆرانییە کوردییەکان لە چ پەیوەندیکدا گوتراون؟

هەندێك جار شیعری گۆرانییە کوردییەکان، وەك بەیتی کۆن، دەوری هەواڵدەریی و گێڕانەوەی بەسەرهاتیان بینیوە. گەلێك گۆرانی کوردی هەن کە ئاماژە بە ڕووداوێکی مێژوویی دەکەن بەڵام نەوەی ئەمڕۆ ناتوانێت بیانباتەوە سەر بنەماکەیان لەبەر ئەوەی شریتی بیرەوەریی سینگ بە سینگ لە شوێنێکدا پچڕاوە و پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو نەماوە، خۆ کتێبێکیش نەبووە تۆماری بکات و بیگەیێنێتە دەستی نەوەی ئەمڕۆ. بۆ نموونە کاتێ دەگوترێت "ئای حەریرە و ئاگر بارانە" تۆ نازانی ئەو شەڕ و ئاگربارانەی وا باسی دەکرێت چییە و لە چ سەردەمێکدا ڕووی داوە کە شایەری گۆرانی بێژ دواتر سەروای بۆ دروست کردووە و گوتوویەتی "کارخانەکەی لەگڵۆڵانە". دیارە دەتوانین بە مەزننە بڵێین نیاز لە کارخانەی حەریری گڵۆڵان، دۆست و گراویی شاعیر یا شایەرەکە بووە، بەڵام چەمکی "ئاگرباران" چییە و لەکوێوە هاتووە؟

نیازم لە دامەزراندنی ئەو باسە ئەوەیە لاوەکانمان بە ساکاریی بەسەر هەمووشتێکدا تێنەپەڕن یا وەك هەندێك دەیکەن گاڵتەیان بەو شیعر و بەند وباوە نەیەت کە لە ڕواڵەتدا پەیوەندی

مەنتیقییان نییە، باشتر ئەوەیە بیر لەوە بکەنەوە و بزانن ئەو پەیوەندە مەنتیقییە چۆن و لەبەر چی پساوە و نەماوە.
چەند نموونەیەك دەهێنمەوە:

١. "با لەسەر تۆ بمکووژن "وەك کابرای لە بازاڕێ" (حەسەن زیرەك)

من لە دایکی خۆم بیستووە کە دەیگوت کاتێ حەسەن زیرەك دەڵی 'بالەسەر تۆ بمکووژن وەك کابرا لە بازاری'، ئاماژە بە ڕووداوی کووژرانی "میرزا غەفووری مەحموودزادە" لە مەهاباد دەکات.

مەحموود زادە بازرگانێکی مەهابادی بوو. دەستێکی نەناسراو لە کۆڵانی جوولەکانی مەهاباد و نزیك بازاڕی شارەکە لەکاتێکدا کوشتی کە سێ مەئمووری شارەوانی گرتبوویان و بەرەو گرتووخانەیان دەبرد. بەگوێرەی "ئیگڵتن" لەکتێبی "کۆماری ١٩٤٦ ی کوردستان" دا (ل. ١١٦ی وەرگێڕاوی فارسی سید محمد صمدی)، ئەو کوشتنە ڕۆژی ١٩٤٦/٠١/٢٤ ڕووی داوە.

کووژرانی مەحموود زادە ڕووداوێکی دەگمەنی سەردەمی کۆماری کوردستان بوو و دەگوترێت دەستی هێزەکانی بێگانە لە کوشتنیدا بووە و پێشەوا قازی محەممەد بەو کردەوەیە گەلێك تێکچووە. هەوڵی پێشەوا و ڕێبەرانی دیکەی کورد تا کۆتایی تەمەنی کۆمار دەرەتانی دووپات بوونەوەی ڕووداوی هاوچەشنی لە هەرێمی حکوومەتی کوردستان نەدا.

٢. "تاو هەڵات و ڕۆژ هەڵات دای لە پردی مەهابات

ئەو عەیامەم پێ خۆش بوو، وەختی تووده و دێموکڕات"

دەوروبەری ساڵی ١٣٤٢ لەگەڵ کاکم و کاك کەریمی سالمی چووبووینە سەر شایی کاك ڕەحمانی کوڕی کاحەمەشەریفی خزممان لە گوندی ئاڵبلاغی ڕۆژهەڵاتی بۆکان. شایەری شاییەکە لە کاتی هەڵپەڕیندا ئەو شیعرەی سەرەوەی بەگۆرانی گوت، من زۆرم پێ سەیر بوو و خێرایەك یادداشتم کرد.

پێگەی گوندی ئاڵبلاغ لە ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی هاوینی ١٣٣٢ (١٩٥٣) دا گەلێك بەرچاو بوو و لە ڕاستیدا "گۆل" و "ئاڵبلاغ" دوو بنکەی سەرەکی ڕاپەڕیوەکان بوون. ئەودەمەش کە من چووبوومەسەرشاییی تەنیا ١٠ ساڵێك بەسەر تێك شکانی ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی وەرزێرانی ناوچەکەدا تێدەپەڕی و ئاگری یاد و بیرەوەریی ڕووداوەکان هێشتا هەر گەرم بوو.

پێکەوە هێنانی ناوی دوو حزبەکەش زۆر سەمەرە نەبوو و هەردوکیان دژبەری رژیمی شا و لایەنگری وەرزێران بوون، لەبەرانبەردا، ڕژیمی شا پشتیوانی ئاغاوات و سەرکوتکەری ڕاپەڕینەکە بوو. شیعری ئەو شایەرە بەڕێزەی وا ناوم لەبیر نەماوە، بەقەدرایی کتێبێك قسە وباس و هەواڵی تێدا گونجابوو!

٣. "کادەروێشی کوێستانێ

وەرنە سەر خەیابانێ

بە مەشموولیان نووسیوم

لە دەفتەری تارانێ (نایلۆنە، حەسەن زیرەك)

باسی ئەو شیعرەم لە کەس نەبیستووە. لە ڕواڵەتدا کادەروێشی کوێستان و خیابان و دەفتەری تاران سێ دیاردەی بێ پەیوەند لەگەڵ یەکترن و واهەیە ئەو هەستە لە بیسەردا دروست بێت کە شایەر تەنیا بۆ ڕێك خستنی سەروای شیعرەکە بەیەکیەوە بەستبێتنەوە. بەڵام ووردبوونەوەیەکی کەم دژی ئەو بۆچوونەمان بۆ ئاشکرا دەکات:

"کادەروێش" مەنگوڕن. دەبێ ئەم شیعرە هی ئەو سەردەمە بێت کە "قانونی نیزام وەزیفە" لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشای پەهلەویدا پەسند کرا و مەئموورانی دەوڵەت بۆ "مەشموول گرتن" و ناردنی لاوان بۆ سەربازی، بە شار و دێهاتدا وەربوون. لەبەرانبەر ئەو یاسایەدا بەتایبەت لە کوردستان دژایەتییەکی زۆر کراوە.

بە حیسابی شیعرەکە، دەبێ تایفەی مەنگوڕ بۆ دژایەتی نواندن بەرانبەر بە یاساکە ڕژابێتنە سەر شەقامەکانی شاری مەهاباد. لێرەدا شایەر داوا لە مەنگوڕان دەکات لەبەر ئەوەی ناوی ئەویش بە مەشموول نووسراوە، بێنە سەر شەقامی شار و خۆپیشاندان بکەن و بەرگربن لەوەی "حەوزەی نیزام وەزیفە" بیگرن وبیبەن بۆ سەربازی.

٤. "بڕنوو هەڵدەگرم شەڕە لەبانە" (لەرزانە، برایانی زێ زێ)

ئەوە چ شەڕێکە لە بانە کراوە؟ کەی؟ کێ؟ و لەگەڵ کێ؟ نازانم.

٥. "ئەرێ بەبانانەوە، گیانە بەبانانەوە

ئەرێ بەرتیلیان دەدا، وەڵلا دەپاڕانەوە" (بەبانانەوە، برایانی زێ زێ)

ئەو بەرتیل دان و پاڕانەوەیە بۆچی؟ لەکوێ؟ لەکێ؟ دەبێ باسی هەڵاتنێك بێت لە سەربانی ماڵانەوە لە

شوێنێکی کوردستان و گیرانی خەڵکێك بەدەست زۆردار و ملهوڕێکەوە کە زۆر واهەیە مەئموورانی

حکوومەتیی ئێران بووبێتن. بەڵام کام و کەی؟ نازانم.

٦. "ئای حەریرە و ئاگربارانە
کارخانەکەی لە گلۆڵانە" (حەریرە، حەسەن زیرەك)
ئەوە کام ئاگربارانە؟ کەی کراوە؟ کێ کردوویەتی؟ دڵنیام ناوی گوندی "گلۆڵان"ی گەورکایەتی تەنیا لەبەر سەروای شیعرەکە هاتووە و زۆر واهەیە مەسەلەی ئاگر بارانەکە پەیوەندی بەو گوندەوە نەبێت.
٧. ئامینێ و ئامین، ئامینە شووشە/ ئامینێ و ئامین، هەرتۆی دنیا ودینم/ ئامینێ و ئامین، ئامین تاقانە
ناوی "ئامین" و "تووران" لە گەلێك گۆرانی حەسەن زیرەکدا هاتوون بەتایبەت ئەو گۆرانیانەی وا لە سەر ڕادیۆ بەغدای کوردی گوتراون. ئەودووکەسە کێن؟ دەگوترێت "تووران" خەڵکی مەهاباد بوویێت بەڵام ناوی ئامین گەلێك جار لەگەڵ ناوی بۆکاندا پێکەوە دێت. لە ناو بنەماڵەی حەسەن زیرەکدا سێ کەس ناویان ئامین بووە: ئامینە کەیفێی دایکی حەسەن زیرەك، ئامینە خانمی هاوسەری کاکە مینەی برای حەسەن زیرەك و ئامینە سووری هاوسەری کاك حوسەین برای دیکەی حەسەن زیرەك.
بە گشتی، وێناچێت ئامینی گۆرانییەکان هیچکام لەو سێ کەسانە بن، بەتایبەت لە سەردەمی ژیانی بەغدای حەسەن زیرەکدا ئامینە سوور ژنی کاك حوسەین نەبوو. من ناوی ئامینی کچی مام نەسروڵلام وەك کەسێك بیستووە کە گۆرانییەکان بۆ ئەو گوترابێتن، بەڵام ئەوەش تەنیا قسەیە و ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.
بەکورتی، ئەو چەند فەردەم تەنیا وەك نموونە هێنانەوە، سەدان و هەزاران ئاماژەی هاوچەشن لەناو شیعری گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا هەن، کە وەك ڕەمز ورازن و دەبێ گرێیان بکرێتەوە. تۆبڵێی کەس نەبێ خۆی لە قەرەی توێژینەوەیەکی ئەوتۆی گۆرانییە کوردییەکان بدات؟ ناوەرۆکی قووڵی لێکۆڵینەوەیەکی لەو چەشنە تەنانەت دەتوانێ ببێتە بابەتی وەرگرتنی دوکتۆرایەك.

## ١٥٠

**ڕیسالەی "حل المسائل"**
بۆ چارەسەری پرسیارە گرنگەکانی مرۆڤایەتی!

ئەم زانیارییە "بەنرخ" انەم لە ویبلاگی 'کامڕان ڕەوشەنگەر؛ وەرگرتوون. تۆبی خودا بە ووردی بیانخوێننەوە و وامەزانن مەلای دوازدەعیلمی عەجەم بەخۆڕایی دەبنە موجتەهید و مەڕجەعی تەقلید.

خوێندەنەوەیان بۆ خەڵکانی ژێر تەمەنی ٢٥ ساڵان مۆڵەت پێدراو نییە!

http://kamranroshangar.blogspot.com/2010_10_09_archive.html

**١٥٠**

### ساڵی نوێ و دوو ڕووداوی خۆش

١/١/٢٠١١ ساڵی نوێتان پیرۆز!

ئەمڕۆ ڕۆژی یەکەمی ساڵە. پێش ئەوەی سەیری هەواڵە ناخۆشەکانی ناوخۆ بکەم وبزانم لە ئێران ٢کەسیان لە پیرانشار و ٩ کەسی دیکەیان لە شارەکانیتر ئیعدام کردووە، بەختی ئەوەم هەبوو لێرە لە لەندەن دوو بەرنامەی خۆش ببینم، یەکیان ڕاستەوخۆ و یەکیان لەسەر تەلەفیزیۆن:؛

1. New Year’s Day London Parade

ئەوە کارڕناڤاڵێکە لە ساڵی ١٨٨٦ ەوە دەستی پێکردووە (ڕاست ئەو ساڵەی من گەیشتوومەتە لەندەن!) و ئێستا ٢٥ ساڵە ڕۆژی یەکەمی ساڵ لە شەقامەکانی مەرکەزی لەندەن بەڕێوە دەبرێت. مۆسیقایە، هەڵپەڕکێیە، نمایشت و ئاکرۆباتە، جل وبەرگی جوانە، ترومبیلی کۆنە، تەنانەت سەگ و گوێدرێژ بە جادەدا هێنانە وهەمووی بۆ ئەوەی بزەیەك بێتە سەرلێوی بینەرانی چاوەڕوان لە هەردووبەری جادەکان و پێکەنینێك خونچەی دڵیان بکاتەوە.

سەیرکردنی کارناڤالەکە خەرجی نییە، ئەوەندە بەسە بەیانی ڕۆژی یەکەمی ساڵ بچیە سەنتەری لەندەن و لە دەوروبەری پیکادیللی لە سەر جادەیەك بوەستی، ئیتر لە سەعات ١١ ی بەیانییەوە تا ٣ ی دوای نیوەڕۆ منداڵ و گەورە، پیر وجوان، بە پێیان و سواری، بە مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بەبەردەمتدا دێن و پیرۆزبایی سەری ساڵت پێدەڵێن، گوڵ و میوەت بۆ دەخەن، و هەرکام بەشێوەیەك هەوڵ دەدەن شادیت لەگەڵدا دابەشن و گرێی دڵت بکەنەوە، تەنانەت ئەگەر دڵی کوردێکی بە خەمی وولاتەکەی کەیلیش بێت!

من لەو ٢٥ ساڵەدا، کەم وزۆر هەمووساڵێك چوومەتە سەیری ئەو بەرنامە خۆشە، هەندێك لە بەشدارانی بەرنامە لە ئەمریکاوە دێن وشارەوانیی لەندەن هەموو ساڵێك میوانداریی زیاد لە

هەزار گەورە و منداڵ و کچ وکوڕی قوتابی دەکات کە تەنیا بۆ ئەم کارە لە ئەیالەتە جیاوازەکانی ئەمریکاوە دێنە لەندەن، خەرجی ڕێگا و مانەوەشیان لەسەر شارەوانیی لەندەنە. دەستەی هەر کۆلێج و قوتابخانەیەك زیاد لە ٥٠ مۆسیقاژەنیان لەگەڵە، جا وەرە گوێ مەدە ئەو گەڕەلاوژە خۆشە و ئیرەیی بە کەیف وشادییان مەبە! چ دەبوو ئێمەش کەرنەڤاڵێکی خۆشەویستیمان لە شارەکانماندا بگێڕایە ولەجیاتی جنێو و تەوس وپلار و هەندێك جاریش گوللە! گوڵمان بۆ یەکتر بخستایە؟
ئاوات خواستن گوناه نییە!

## 2. Musikverein, Vienna

هۆڵی زێڕینی ئەو سەنتەرە ناودارەی شاری ڤیەنا لە ڕۆژی یەکەمی هەموو ساڵێکدا میواندارییەکی شایانە دەکات و ئۆرکێسترای فیلارمونیکی ڤیەنا بە مۆسیقای کلاسیکی شاد بەرەوپیری ساڵی تازە دەچێت.

من چەندساڵە بەرنامەکە لەتەلەڤیزیۆنەوە دەبینم، مۆسیقا لەوپەڕی پسپۆڕی و لێزانیدا، شوێن هۆڵێکی ڕازاوەی مێژوویی، شار ناوەندی مۆسیقای جیهان، باشە بەهەشت چییە و چۆنە و چی لێیە! هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەی جارێك، ساڵێك، بلیتی بەرنامەکەم دەست بکەوێت بێ ئەنجام ماوەتەوە، تکا و پاڕانەوەش سوودی نەبەخشیوە، دەگوترێت وەدەست هێنانی بلیت بۆ ئەو کۆنسێرتە بۆ ئاپۆرەی خەڵك و لاپرەسەنی وەك من، لە حوکمی مەحاڵاتدایە.
هەرچۆنێك بێت، ئەگەر ئەو نەبوو، لایکەم تەلەفیزیۆن هەیە! بەرنامەی ئەمساڵم لەژوورێکی بێدەنگدا بە تەنیایی سەیر کرد، نەمهێشت خشەی گەلایەکیش لێم ببێتە ملۆزم، گوێ ڕاگرتن نەبوو، هەڵلووشین و قووتدانی دەنگ بوو، دەنگێکی بلاوێن و نەرم، جاروبارە چاوم دەقووچاند بۆ ئەوەی ڕازاوەیی تەلار، بیرم لەسەر مۆسیقا خۆشەکە لا نەبات.
ئەمساڵ سەعاتی ڕۆلێکس سپانسری بەرنامەکەی کردبوو، دەرك ودیوار هەر گوڵ بوو، چ مامۆستایەك ڕازاندبوویەوە؟ تۆ بڵێی ڕۆژێك خەلاتی نۆبێلی گوڵ دانەنرێت؟ هەرکەس جگە لەو وەستایە خەلاتەکە بباتەوە بەحەرامی بێت! وێژەری تەلەفیزیۆن دەیگوت لەکۆتایی کۆنسێرتەکەدا هەمووکەس دەتوانێ پڕ بەباوەشی خۆی گوڵ بباتەوە ماڵێ!
ئۆرکێسترای فیلارمۆنیکی ڤیەننا بە ڕێبەرایەتی "فرانس وێلسر- مۆنست" چەند پارچە مۆسیقای واڵس و پۆلکا و مارشی ئەم ڕوخسارە ئەفسانەییانەی مۆسیقای بەڕێوە برد: یوهان شتراوس

(سینێور)، جۆزێف شتڕاوس، ئێدوارد شتراوس، جۆن شتڕاوس واتر، جۆزێف هڵمزبرگ و....

بریا پێش مردن جارێك لە سەر كورسی ئەو تەلارە و ئەو بەرنامەی سەری ساڵە دابنیشتایەم، كورسی پشت پشتەوەش بێت هەر قەبووڵە!

**١٥١**

**شەڕابی كوردی!**

٣/١/٢٠١١ دوێشەو لە ماڵی برادەرێكی كورد میوان بووم. شووشەیەك شەڕابی سووری لە سەر مێزەكە دانابوو. یەك لەمیوانەكان بەهەڵكەوت چاوی بە نووسراوەی سەر شووشەكە كەوت:

Chateau Kurdi Selection

پێمان سەیر بوو، بەربووینە خوێندنەوەی نووسراوەكان:

Szigetvin Malrai Gabernet Sauvigon, Hungaries

دەركەوت شەڕابی وولاتی هونگاریا (مەجارستان) ە و كەسێك كە پێشتر بە میوانی هاتۆتە ماڵی ئەو برادەرەمان لەگەڵ دەستیدا بۆی هێناون. بەڵام كێ؟ و لەكوێی كڕیوە؟ نازانرێت! ئەمڕۆ لەسەر ئینترنێت بەشوێن ناوەكەدا گەڕام. وێدەچێت شەڕابی كوردی لایكەم لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە بەرهەم هاتبێت ولەزۆر وولاتانی ڕۆژئاوا و تەنانەت لوبنانیش دەست بكەوێت. ئەوە لینكەكەیەتی:

http://www.cellartracker.com/wine.asp?iWine=794126

ئەوەش وەك زانیارییەك: پێش شۆڕشی ١٩٧٩ ی ئێران لە شاری ورمێ و لە كارخانەی پاكدیس دووچەشنە شەڕاب بەرهەم دەهات كە ناویان "شاتۆ سەردەشتی سوور" و "شاتۆسەردەشتی سپی" بوو. دیارە دەبێ تامی شەڕابی ترێی سەردەشت پێش ئەوەی مەلاكان ئیعدامی بكەن، لە ترێكەشی خۆشتر بووبێت. هەرچی بوو، بەڕەحمەت بێ، ئەلفاتیحە مع الصلواة!

**١٥٢**

**دونیای تەماوی و خەماویی حەسەن زیرەك**

لە توركی ئازەربایجانیدا مەتەڵێك هەیە دەڵێ: "ئینەك خەلقی بەزەر، ئوێزی لووت گەزەرا!"

واته دەرزی، خەڵك [بەجل و بەرگ] دەڕازێنێتەوە بەڵام خۆی بە ڕووتی دەگەڕێت:".
زۆرکەس لەم جیهانەدا، دەرزین! بەتایبەت هونەرمەندی مۆسیقار و گۆرانی بێژ. ئەو مایکڵ جاکسنەی میوانی ماڵی خەڵکی هەموو جیهان بوو، جان لێنۆنی بیتڵ، سەید عەلی ئەسغەر وتایەر تەوفیق و محەممەد عارف ونەسرین شیروان وفەتتانەی وەلیدی و ماملێ و سەید محەممەدی سەفایی و عەلی خەندانی خۆمان، کە خەندەیان دەهێنایە سەرلێوی بیسەر و بینەر، نەك هەر خۆیان شاد نەبوون بەڵکوو تا قووڵایی ئێسقان دەردەدار بوون، جا دەردی خەڵك یا دەردێکی تاکەکەسی و شەخسی. حەسەن زیرەك، بەپێچەوانەی ڕواڵەت و هەندێك ئاکار و کردەوەی و عارەق خواردن و لێرەولەوێ ژن هێنانی، لە ژیانی خۆیدا تا ئەوپەڕی ناشادی و دڵ کەیلی ڕۆیشتبوو. هیچ شتێك حەسەن زیرەکی خۆشحاڵ نەدەکرد. من لە دوو دەرفەتدا بینیبووم و دواندبووم. کەمتر کەسم دیوە پەردەیەکی وا ئەستووری خەفەت بەسەر دڵیەوە بێت و بەهیچ هێز وئیرادە و دەسەڵاتێك لانەچێت. سەیرێکی ئەم شیعرانە بکەن کە لە گۆرانییە شاد و بن بزۆکەکانی سەر شایی حەسەن زیرەك ڕاگوێزراون:

"بۆچ من لە جوملەی عەبدی خودا نیم
سەعاتێ لەدەست میحنەت ڕەها نیم"
(گۆرانی سەوزەڵێ)
"شل شل بمکوتن با بۆخۆم بمرم
خەم و میحنەت و دەرد تاکەی ڕابگرم؟"
(جوانی لای بانە)
"عالەم سووتا لەناڵەی من"
(هەی نار، هەی نار)
"یار خوداحافیز بەدڵێکی غەمگین"
(باران بارانە)
"وا ئێستا ڕەنج بەبادم"
(هەی ئێران، خۆشە گەرمێن)
"خوێناو دێ لەبرینم...
غەم خۆر و پڕ حەسرەتم"
(غەمخۆری نازەنینم)

هەروا بڕۆ و سەدان نموونەی دیکە لەو خەمە قووڵ و بێ بنەی حەسەن زیرەك لەگۆرانییەکانیدا ببینەوە، ئینجا بڕۆ سۆراغی ژیانی پڕ چەرمەسەرێی و پێکیان بگرە، بزانە یەکیان دووقامك لەویتریان کورتی دێنێت؟ بێگومان نا!

**١٥٣**

**دوو دیدار لەگەڵ حەسەن زیرەك**

حەسەن زیرەك دوای گەڕانەوەی لە بەغدا و چوونی بۆ سەر ڕادیۆ کوردی تاران و کرماشان لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشوودا، هاتووچۆی بۆکانی نەبڕایەوە و لە گەلێك دەرفەتدا دەهاتەوە بۆکان و دەچووە گوندی زەمبیل بۆماڵی سەیدی زەمبیل و عەلیشا و سەید ئەنوەر و سەید عومەری کوڕانی شێخ. درەنگتریش کە لە ڕادیۆ بێزرا و هاتە دەر، ڕووی کردەوە بۆکان و مەهاباد و شنۆ و بانە و ئینجا لە بۆکان سەر نایەوە. لەو ماوەیەدا لێرەو لەوێ حەسەن زیرەکم گەلێك جار بینی، بەڵام دوو دیداریان ڕاستەو خۆ و لە نزیکەوە بوو و تێیاندا پێکەوە قسەمان کرد.

یەکەم دیدار لە تاران بوو. حەسەن زیرەك لە دووکانی کاکم هەندێك ڕادیۆ و زەبت و کەرەسەی ماڵی بەقەرز کڕیبوو. وەك کەسایەتی، کەسێکی گەلێك دەست بلاو بوو هیچ گوێی نەدەدایە پارە وپووڵ، لێرە شتی بەقەرز وەردەگرت و لەولاتر ئەگەر کەسێك داوای لێ بکردایە، بە خۆڕایی دەیدایە!

ماڵم لەتاران بوو، کاکم گوتی بچۆ بۆ ڕادیۆی کوردی و بە حەسەن زیرەك بڵێ فڵانە پارەم لەلایەتی با بیداتەوە بەتۆ. وابزانم ١٠٠- ٢٠٠ تمەنێك دەبوو.

چوومە بەردەرگای وەزارەتی ئیتیلاعات و ڕادیۆی ئەودەم لە مەیدانی ئەرکی تاران. لە بەر دەرگاکە گوتم کارم بە فڵانە کەسە لە بەشی کوردی. تەلەفونیان بۆکرد. گوتی ڕاوەستێت تا بۆخۆم دێم. ڕاوەستام. هات. سڵاوم کرد، ئەحواڵی پرسیم و ئەحواڵی کاکم. گوتم بۆ قەرزی کاکم هاتووم. زۆر بە ڕوخۆشی و زمان خۆشی گوتی سڵاوی کاکت بگەیێنە و بڵێ وا کتێبی ژیانی خۆم نووسیوە وبڕیارە چاپ بکرێت، هەر ئەوەندەی چاپ بێت، هەمووی دەفرۆشرێت، ئینجا قەرزی خەڵك و لەپێش هەموویاندا هی کاکتی پێ دەدەمەوە! گیرفانم پڕ بوو وگەڕامە دواوە.

دیداری دووهەم: هاوینێکیان لەگەڵ کاك ئەحمەدی سامبەگی و برادەرێکی خۆشەویستی خزمی خۆم بە ترومبیل چووین بۆ بانە، پرسیاری مەیخانەکەی حەسەن زیرەکمان کرد گوتیان

بچنە فلانە گوند و لە فلانە شوێن لابدەن، دەیدۆزنەوە. چووین لەوێ نەبوو، گوتیان لێرە نەماوە و چۆتە فلانە ناوچە، چووینە ئەوێ ودرەنگانێك بە تاریکی گەیشتینێ.
دەشتاییەکی تەخت، چرایەکی کەم شەوق، سێ چوار مێزی شکاو و کورسی لەمێز شکاوتر، ئاگرێکی خەڵووز و حەسەن زیرەك خۆی! لەگەڵ ئەحمەد گاڵتەوگەپی خۆش بوو هەندێك جنێویان بەیەکتر دا و پاشان لە دەوری مێزێك داینایین. هاتەلامان دانیشت. گوتی چی دەخۆن، شتێکمان گوت. کەس نەبوو کاری بۆبکات، هەر خۆی بوو. کە خواردنەکەی ئامادە کرد وهێنای، گوتی داوای لێبووردنتان لێدەکەم، تکایە پێم مەڵێن گۆرانی بڵێم، ئەوانەی دەوری ئەو مێزەی ئەولاوە هەموو ژاندرمەن، ڕقی دنیام لێیانە، زۆریان بۆهێناوم گۆرانی بڵێم، گوتوومە نەخۆشم و سەرمام بووە دەنگم دەرنایەت، لای ئەوان با بەدرۆ نەکەومەوە.
عارەقێك خورا، هەندێك قسە کرا، هەدێکیش جنێو درا، ئینجا گەڕاینەوە بۆ بانە.
ئەوەی دیتم لە باوەڕی کەسدا نەبوو. ئەو هونەرمەندە هەژارە لەو بیابانە بێ پەنا وپەستیوە، شەو تا بەرەبەیان لەبەردەمی خەڵکانی لاپرەسەنی وەك ژاندرمەی ئێرانی- کە ماوەیەکی زۆر نەبوو لە شەڕی خەباتکارانی کومیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکڕاتی کوردستان گەڕابوونەوە و ماندوویيان لەوێ دەحەساندەوە، هەلسووڕێت، گورگ وقەل ودالێش نەیخۆن! ئەمە چییە؟ دەیەوێت بژیوێك پەیدابکات و نانێك بخوات. هونەرمەند بوونەکەی هیچ، ئەو کارەی من دیتم بۆ مرۆڤێکی ئاساییش سووکایەتی بوو! بەلام ئەو خۆی هەڵبژاردبوو لەبەر ئەوەی خۆی گوتەنی نەیدەویست چیتر "دەنگی مرۆڤی کورد ببیسێت"
یادی ئەو مەزڵومییەتە بەخێر بێت!

**١٥٤**

**فیلمی چاڕلی چاپلین بەکوردی!**

فیلمی چاڕلی چاپلینم بە ئینگلیزی و بە فارسی بینیبوو. گەلێکم پێ سەیر و لەعەینی کاتدا پێ خوش بوو کاتێ بەشێك لە فیلمی "سەردەمی نوێ" م بە کوردی لەسەر یووتیوب بینی.
بۆچی سینەماکانی کوردستان برەو بە کاری وەرگێڕانی کوردی نادەن؟
http://www.youtube.com/watch?v=2c6w9SVssxM&feature=related

## ١٥٥

### کوردی چاك، کوردی خراپ!

چەند ڕەخنەیەکم لە سەر فیلمێك بەو ناوە خوێندۆتەوە. فیلمەکە، کەسێك بە ناوی 'کێڤن مەك کیەرنان' لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا چێی کردووە.

ئەوە لینکێك بۆ دەست ڕاگەیشتن بە زانیاری لە سەر فیلمەکە:

http://www.kevinmckiernan.com/doc.html

## ١٥٦

### مەلا و 'مروور'!

'سوخەنڕانی' مەلایەکی ئێرانیم دەخوێندەوە لە ماڵپەڕێکدا. فەرمووبووی لە سەدری ئیسلامیشدا ئوسووڵی "ڕاهنمایی و ڕانندگی" (واتە 'مروور') هەبووە و من لە کتێبی فلاَندا خوێندوومەتەوە کە فیسارە ئیمام فەرموویەتی ئەگەر سوارەیەك و پیادەیەك لێك هەڵئەنگووتن، حەق بە کابرای سوارەیە و دەبێ پیادە بوەستێت تا سوارە تێپەڕ بێت! ئەوە 'مروور' ی سەدری ئیسلامە.

"از کرامات شیخ ما چە عجب!...."

جەنابی مەلا، ئیمامەکانی خۆی کردوونەتە ئەفسەری مروور، بەڵام بە قەولی مەولەوی بەڵخی، بیلامانێ "کوولەکەکەی نەدیوە"! لە یاساکانی راهنمایی و رانندگی دا حەق بە پیادەیە نەك بە سوارە و دەبێ سوارە لەسەر پیادە بوەستێت! هەر بەگشتی، یاسا لە دادگاکانی ئوروپا بەلای بێ هێزدا دەشکێتەوە نەك دەسەڵاتدار، ڕاست بە پێچەوانەی ئەو جەنابی مەلایە و ئیمامەکەی! بەخێر بێیەوە مامووسا! غاری 'کەهف' خۆش بوو؟

## ١٥٧

### دەست بەکڵاومانەوە بگرین!

لە بەشی ٦٧ دا باسی درکاندنی نهێنیی حزبە کوردییەکانم لای نەیار و دوژمن کرد. وێدەچێ گۆمەکە لەوە قووڵتر بێت و نەك هەر بەرپرسانی حزبە سیاسییەکان بەڵکوو پێویست بکات خەڵکی ئاسایی وەك تۆ و منیش دەست بەکڵاومانەوە بگرین و ئاگامان لەخۆمان بێت!

برادەرێكی بەڕێز ئەم لینكەی بۆ ناردووم كە لە ماڵپەڕی "گویا" وەرگیراوە و تێیدا باس لەوە دەكات كە دەزگا ئاسایشەكانی ڕژیمی ئێران چۆن حەجیان بۆ هاتۆتە سەر لەج و بە هۆی "فەیس بووك" و پەیوەندیدەرە ئەلكترۆنیە هاوچەشنەكانەوە دەتوانن بیروبۆچوونی خەڵك بپشكنن، لە پەیوەندی و دۆستایەتییەكانیان ئاگادار ببنەوە، بزانن كێ لەپەیوەندی كێدایە، بە چییەوە مەشغووڵە، لەچی دەگەڕێ و بەتەمای چییە.
لە ڕوانگەی نووسەرەوە، ئەو زانیارییە خۆڕایی و بێ زەحمەتانە لەسەر خەڵك، بۆ دەزگا ئاسایش و ئیتیلاعاتییەكان وەك گەنجی بادئاوەرد وایە، كە بە بێ خەرج و مەخاریج دەكەوێتە بەردەستیان وكەڵكی ناجوامێرانەی لێ وەردەگرن.
ووتارەكە، باس لە ئیمەیلیش دەكات و دەڵێ دەزگا ئاسایشەكان دەتوانن ناوەرۆكی ئیمەیلی خەڵك بە هاسانی كەشف بكەن و بزانن كێ چی بۆ كێ دەنووسێت و چی لێ وەردەگرێت! پێویست ناكات بترسین و دژ دانیشین، بەڵام پێویست دەكات ووشیارتر لە جاران بین.
ئەوە لینكی ئەو ووتارە كورت بەڵام گرنگە:
http://news.gooya.com/politics/archives/2010/10/112382.php

**١٥٨**

**وەرگێڕانی شیعری كوردی بە ئینگلیزی**

ئێمە، بەتایبەت ئەوانەمان وا لەدەرەوەی ووڵات دەژین، كەم تەرخەمییەكی زۆرمان كردووە و مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبی خۆمان بە خەڵكی ئەو ووڵاتانەی تێیاندا دەژین نەناساندووە. دیارە هەندێك هەنگاوی سەرەتایی بۆ وەرگێڕانی شیعری كوردی بۆ سەر زمانە ئوروپاییەكان هەڵێنراوەتەوە، بەڵام ئەوانە سەرەتای كارن و دەبێ بە دەیان قات هەوڵ لەپێناویان بدرێت.
من لەم دواییانەدا شیعری "لایە لایە" ی هەژار و "كچی بەیان" ی سوارە م كردۆتە ئینگلیزی، بەڵام لە ئینگلیزییەكەی خۆم بۆ وەرگێڕانی شیعر ڕازی نیم. بەتەمام بیاندەم بە كەسێكی ئینگلیز چاوێكیان لێ بكات ئینجا بەناوی هەردوكمانەوە بڵاویان بكەمەوە. بۆ هەڵبژاردنی ئەو دوو دەقە هیچ هۆكارێكی تایبەتم نەبووە، بەسەرمدا هاتووە و تەرجەمەم كردوون. دڵنیام بەگوێرەی زەوق وهەڵوێست، هەمووكەس دەتوانێ گەلێك بابەتی لەوانە پێویستتر یا باشتر بدۆزێتەوە و تەرجەمەیان بكاتە سەر ئینگلیزی، فەڕنسی، ئاڵمانی یا سپانیۆلی. بۆ نموونە شیعری هێمن ڕووی هەموو مەجلیسێكی هەیە، بریا دەردی جودایەكەی وەك برادەرێكی بەڕێز كردبوویە فارسی،

هیممەتداریێکیش بیکردایەتە ئینگلیزی ئینجا هەر تەحسین و مەرحەبا دەبوو لە هەموو لایەکەوە بەسەر شاعیردا دەباری و گەلەکەشی ناوێکی دەردەکرد.
ئەوە بەتایبەت کاری نەوەی دوای ئێمەمانانە، واتە منداڵی ئەو کوردانەی وا گەیشتوونەتە وولاتانی ڕۆژئاوا. نەوەی دووهەمی دوای ئێمە ئەگەر کوردییەکە بەباشی بزانن، زمانە ئوروپاییەکانیش بە ڕەوانی دەزانن و دەتوانن بەگژ گەلێك دەقدا بچن کە کەسانی وەك من لە خۆیان ڕانابینن زۆرانیان لەگەڵ بگرن.

**١٥٩**

**نیچە و وەرگێڕی هەژار!**

بەرزەفڕییەکانی نیچەم لە هەموو شیرنیاتێکی ئەم جیهانە پێ خۆشترە. بەزەییم دێت بەوانەدا کە نیچە ناخوێننەوە و لێی تێناگەن.
بە ناوی "باشترین شیعرەکانی نێچە"، دەزگای موکریانی لە هەولێر کتێبێکی چاپ کردووە. کاك ڕێباز مستەفا شیعرەکانی لە بەر تەرجەمەی فارسییەوە کردۆتە کوردی. بەڵام سەمەرە ئەوەیە نە خۆی و نە بنکەی بڵاوکەرەوەی کتێبەکە دوور ونزیك ناویان لە وەرگێڕی فارسی نەبردووە.
ئەوە کەڵەگاییەکی ئاشکرایە، چ بە نەزانی کرابێت، چ بە دەستەقەسد. وەرگێڕی هەژار چاوی خۆی کوێر کردووە و بە گژی دەقێکی وەك شیعری نیچەدا چووە، ئینجا ئێمەی کورد ئیجازەی تەرجەمەی کارەکەیمان وەرنەگرتووە هیچ، تەنانەت ناوی خاوەن تەرجەمەمان لەپەراوێزی لاپەڕەیەکیشدا نەهێناوە!
بەم کارە قەڵب و پووچەڵانە دەمانەوێت بگەینە کوێ؟

**١٦٠**

**تعریض!**

بلاڤۆکی سپای پاسداران، ئەحمەدی نەژادی بەوە تۆمەتبار کردووە کە "تەعریض" ی لە خومەینی داوە. واتای "تەعریز" بە کینایە قسەی کردن و پلار هاویشتنە.
ئەوە دەقی هەواڵەکەیە:
http://www.bbc.co.uk/persian/iran/2010/11/101101_l39_sepah_ahmadinejad_majlis_leader.shtml

نازانم وشەی "تعریض" لە شیعری کام شاعیری دیکەی کوردیشدا هاتووە، بەڵام شێخ ڕەزای خۆمان لە شیعرێکیدا جوانی هێناوە. ئەگەر زمانی شیعرەکە زۆر پاڵاوتە نەبێ لێم ببوورن، یەك لەبەر ئەوەی کەسمان لە شیعری شێخ ڕەزا دڵمەند نابین، دووهەمیش لەبەر ئەوەی ئێستا خەریکی هەڵبڕی دیوانی شێخ ڕەزام و دیارە دەبێ زمانی "وەك ماری بێ ئیجازە" ی شێخ شوێنی لەسەر قسە و نووسینی منیش دانابێت! ئەوە شێخ ڕەزایە:

چەند بە تەعریض و کینایە لە بنی سینگت بم؟
بەگ ئەفەندی بە سەراحەت لە .............!

بەڵام نەمزانی تەعریزەکەی ئەحمەدی نەژاد لەچەشنی حەواڵەی سەر 'بەگ ئەفەندی' بووە یا سەراحەتێکی زیاتری تێدا بووە وا سەردارەکانی سپای هەڵتیزاندووە!

## ١٦١

**زمانی عەجەم، زمانی جەهەننەمییەکانە**

١. کابرایەکی لابەلا لە ووتوێژ لەگەڵ تەلەفیزیۆنی ئێراندا دەیگوت زمانی فەرمیی دانیشتوانی بەهەشت عەرەبییە و خەڵکەکە لەگەڵ چونەژووریی بەهەشتدا فێری دەبن، بەڵام زمانی خەڵکی نێو جەهەننەم عەجەمییە!
٢. ئەمڕۆ گوێم لە قسەی ئایەتوولڵا 'دانشمەند' بوو کە زۆر دژی موسوڵمانانی سونە و عومەری کوڕی خەتتابە. دەیگوت عومەر لە مەدینە دارکاریی ٥٠ ئێرانی کردووە لەسەر ئەوەی عەرەبییان نەزانیوە بەڵام عەلی کوڕی ئەبیتالیب زمانی عەرەبی بەزاراوەی فارسی قسە کردووە!
٣. ئاکام: قسەی هەردوولا بۆ نێو کتێبی جۆك باشن، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن چوارەم خەلیفەی موسوڵمانان و ئیمامی یەکەمی شیعەیان عەرەبی بە زاراوەی جەهەننەمیەکان قسە کردووە؟

## ١٦٢

**وەسیەت!**

برادەرینە! لای ژن و منداڵم وەسیەتم کردووە ئەگەر مردم، با پەنجاساڵی دیکەش بێت! جگە لە ژن و منداڵەکەم کەس لەگەڵم نەیەتە قەبران و هیچ مەجلیسێکی پرسەم بۆ نەگیرێت. بە خوشکەکانیشم لە ئێران گوتووە لە کوردستان سەرەخۆشیم بۆ دانەنێن. کەسیش لێرە ولەوێوە نەیەتە ماڵمان بۆ ناشتن و سەرەخۆشی. من دژ بەو کارانەم هەرکەسیش بیکات نە خزممە نە دۆستم. ئەگەر کەسێك قسەیەك یا کارێکی هەیە چاك و خراپ با هەرئێستا بەخۆمی بڵێت، دوای مردن گوێ لە قسەی کەس ناگرم! سووك و هاسان، بەگوێرەی وەسیەتەکەم دەمسووتێنن و ئاسەوارم دەکەنە شووشەیەکەوە و لە قەدی دیوارێکم دەئاخنن. خۆ دوای چەندساڵ هەردەبم بەخاك، کەوابوو باشترە لە ڕۆژی یەکەمەوە ببمە خۆڵەمێش. لێرە بە ئینگلیزیی بە کەسێك کە دەمرێ، دەڵێن:

Ash to ash

خەییامیش هەزار ساڵ پێش ئێستا گوتوویەتی: "از خاك برآمدیم و برخاك شدیم".

ئەوانە بڕیارێکی کوت وپڕ یا ئەنجامی هەڵچوون و تووڕەییەك نین، لەمێژ ساڵە وا بیردەکەمەوە و وەسیەتەکەشم چەندساڵ پێش ئێستا نووسیوە. ژیانم زۆر پێ خۆشە، لەکەسیش ناڕەحەت نیم، تەنیا ئەو ڕێ وڕەسم و تەشریفاتەم پێ گاڵتەجاڕ و ناسروشتییە. مردنیش تەنیا هی من نییە هی هەمووانە.

لەکێشەی شەخسی بەدەر، پرسیاری من ئەوەیە فەلسەفەی مردن لای ئێمە بۆ وا گەورەکراوەتەوە؟ لە ملیۆن ساڵان تەمەنی زەوی و کەون و لە دەیان هەزارساڵ تەمەنی مرۆڤ و نیوە مرۆڤی سەر گۆی ئەم زەوییە، ٦٠ -٧٠ ساڵ تەمەنی مرۆڤێکی تاك لە پشکووتنی خۆنچەیەك و سیس بوون وهەڵوەرینی گوڵێك زیاترە؟ لام وایە بێ وەڵام مانەوەی پرسی مردن، تەنیا فرت وفێڵی ئایینە، دەنا بۆچی دەبێ لە دیاردەیەکی وا ڕوون و ئاشکرا ئەو پرسیارە فەلسەفییانە سەرهەڵبدەن؟ سەیرێکی ئەم شیعرەی خەییام بە تەرجەمەی مامۆستا هەژار بکەن:

مردن چییە؟ کەس تێ نەگەیی تاوێستا
تەوڕات و زەبوور، تادەگەنە ئاوێستا
زۆرکەس لە ژیان دواوە زانایانە
بۆ باسی مەرگ گێل ونەزان ڕاوێستا

بۆ "کەس تێ نەگەیی تائێستا"؟ ئەو تێنەگەیشتنە تەنیا کاتێکە کە چاویلکەی ئایینمان لەچاودابێت و پەتی ئایینمان لە مل. دەنا بۆچی ئێمە بۆچی دەبێ"بۆ باسی مەرگ گێل و نەزان ڕاوەستین"؟ پرسێك کە دەبێ گەلێك لەپرسی ژیان هاسانتر وەڵام بدرێتەوە. بۆچی گوڵێك دوای هەڵوەرین زیندوو نابێتەوە؟ بۆ وورچ و بەراز زیندوو نابنەوە و حەشر ناکرێن؟ ئەی بۆ مرۆڤ؟ چیمان لەوان زیاترە؟ هەر ئەوەی مێشکمان هەندێك ئاڵۆزترە و دەتوانین قسە بکەین؟

خۆ هەندێکمان لە شێر و پڵێنگ دڕندەترین و هەندێکیشمان لە پەپوولە بێ ئازارتر. بۆ ئەوان زیندوو نابنەوە و ئێمە دەبینەوە؟ ئەوە بە کام عەقڵی لە بەندی ئاییندا قەتیس نەماو ڕاستە؟ ئەوەی کۆیلەی دەستی تەقلید و لاسایی کردنەوەی قسەی مەلا ومالم و کەشیش و ڕاهیبە، تەنانەت ئەگەر خەییامی لەهەمووەمان تێگەیشتووتریش بێت، ناتوانێ لەو جوغزە بەرتەنگەی گومان بێتە دەرێ و بگاتە گۆڕەپانی بەرینی یەقین و کێشەکە بۆ خۆی و بۆخەڵك یەکالا بکاتەوە. لە خەییام ببیسن:

"پرسیم و نواڕیم و گەڕام لێرولەوێ
هیچ بەڵگە نەبوو تەمی گومانم بڕەوێ
ناژین بەخەیاڵی ئەو بەهارەی نایە،
تا ماوە ژیان، بادە لە دەسمان نەکەوێ!"

هەرچۆنێك بێت، من کێشەکەم لای خۆم وبۆخۆم چارەسەر کردووە. سەیرێکی ئەم شیعرەی جەمیل زەهاوی، برای موفتی زەهاوی بکەن، ئەوە وەڵامی منیشە بۆ ئەو پرسە:

"...من فدای حکیم عقل شوم
که عجب مشکلی گشاد مرا
قوتی هست دربنای جماد
که برآورد از جماد مرا
کم کن ای شیخ! پند خویش، که نیست
طاقت سمع، زین زیاد مرا
نه من آن جاهلم که بیم جحیم
افکند دور از مراد مرا
بعد مرگم چو عصرها گذرد،
که دگر آورد به یاد مرا؟
نیست جز عقل خود در این ظلمات
برچراغ کس اعتماد، مرا..."
جەمیل سیدقی زەهاوی (١٨٦٣ – ١٩٣٦)

١٦٣

**ماڵئاوایی:**

"ووردەفەرمایشت" قوتار بوو! ئەلفاتیحە

ماوەیەکە نەخۆشم. نووسینی ئەم"ووردەفەرمایشت" انەش لە کەلکیان خستووم، کاتی زۆرم دەگرن و کتێب خوێندنەوە و کاری دیکەیان لە دەست بڕیوم.

بە بێ ئەوەی خەتای کەسێك بێت یا کەس هیچی گوتبێت، هەست دەکەم تاقەتم نەماوە و دەبێ باری هەندێك کار سووك بکەم. لێرە لە ووردەفەرمایشتەوە دەست پێ دەکەم و دەیوەستێنم. لە خوێنەر و ماڵپەڕ و نرخێنەریش داوای لێبووردن دەکەم. بارم بیلامانێ قورسە و شانم لەوە زیاتر هەڵناگرێت. ماڵی دۆست ئاوا و نەیاریش بەختی خۆی!

سپاسی زۆرم بۆ ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکان کە ئەو هەموو قسە بێ تامەی بۆ بڵاو کردمەوە و بۆ ماڵپەڕی هەڵوێستیش کە رایگواستن.

سەرکەوتووبن! چرای کورد ڕۆشن!

# یادداشت

ئەم یادداشتانە لە ماوەی بەهار تا پایزی ساڵی ٢٠١٧ دا نووسراون و بە شێوەی هەفتانە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان بڵاو بۆتەوە. من پێشتر بابەتێکی هەفتانەم بەناوی "وردە فەرمایشت" لە سەر هەمان ماڵپەڕ بڵاو دەکردەوە کە دوای ماوەیەکی هەشت ساڵە، بە هۆی بارودۆخێکی نەخوازراوەوە وەستاندم. ماوەیەك درەنگتر هەستم کرد کە پسانی پەیوەندیم لەگەڵ خوێنەرانی ماڵپەڕەکە بۆتە هۆی ئەوەی گەلێك قسەم لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دەوروبەرم هەبێت و نەکرێت لەگەڵ خوێنەرانیدا دابەشم.

هەر بۆیەش دەستم بە نووسینی ئەم یادداشتانە کرد و بە شێوازێکی نوێتر بڵاوم کردنەوە. بەداخەوە دوای هەرەس هێنانی ڕیفراندۆمەکەی ٢٠١٧/٩/٢٥ کە هیوایەکی زۆرم پێ بەستبوو، ئیتر وره و تاقەتی نووسینم کەم بووەوە و دوومانگێك دواتر بە تەواوەتی ئەویشم وەستاند.

ئێستا وردە فەرمایشت بۆتە کتێبێکی زیاد لە ١٢٠٠ لاپەڕەیی و هیوادارم بنکەیەکی چاپەمەنی بڵاوی بکاتەوە.

هەرچۆنێك بێت، یادداشتەکان کەم و زۆر ئاوێنەی بەشێك لە ڕووداوەکانی ١٠ مانگی ئەو ساڵەن، کە بە بێ دەست تێوەردان بۆ جاری دووهەم بڵاویان دەکەمەوە.

٢٠٢٠/٥/٢٥

**بەشی ١ <u>هەینی، ٢٠١٧/٢/٣</u>**

هەمووومان ئەم دوو فەردە شیعرەی نالیمان بیستووە کە حەسەن زیرەکیش بە ئاواز گوتوویەتی و کردوویەتە ناوپڕی چەند گۆرانی:

"مانگی یەکشەو بۆیە دایم زیاد ئەکا و ئەشنێتەوە
تا جوانیی خۆی وەکوو ڕووی تۆ بڕازێنێتەوە
تا دەگاتە چواردەمین شەو، تێدەگا ناگا بە تۆ
جا لەپاشا وردە وردە کەم ئەکا و ئەشکێتەوە"

بەڵام واهەیە کەمتر کەسێکمان بزانێت شیعرەکەی نالی وەرگێڕاوی دەقاودەقی شیعرێکی فارسیی شاعیرێکی کوردە. فەرموون ئەوە شیعرە فارسییەکە:

"هرشب مه نو سوی فزونی تازد
تا همچو جمال تۆ، جمالی سازد
در چاردهم شب چو به خود پردازد،
چون نیست چو روی تو، ز خود بگدازد"

شاعیری شیعرەکە، 'عەللامە مەلا عەبدوڵڵا بەیتووشی' یە کە بە گوێرەی کتێبی 'مشاهیر کرد' ی بابا مەردۆخ ڕۆحانی (بەرگی ١، لل ٢٧٦ تا ٢٨٤)، لە نێوان ساڵانی ١١٤٠ تا ١٢٢١ ی کۆچیی مانگی [بەرانبەر بە ١٧٢٧ تا ١٨٠٦ی زایینی] دا ژیاوە. ئەگەر قەبووڵمان بێت کە مەلا خدری نالیش لە نێوان ساڵانی ١٢١٠ (یان ١٢) و ١٢٦٦ی کۆچی بەرانبەر بە ١٧٩٥ تا ١٨٥٠ ی زایینیدا ژیابێت، دەبێ نالی لە ساڵی مردنی بەیتووشیدا ٤ یا ٦ ساڵان بووبێت. بەم پێیە، ئەگەر "توارد"ی ئەدەبی نەبێت، نالی ناوەڕۆکی شیعرەکەی خۆی لە بەیتووشی وەرگرتووە.
من شیعرەکەی بەیتووشیم لە هەمان کتێبی مشاهیر کرد دا بەرچاو کەوت.
هەر لەو شوێنەشدا، بابا مەردۆخ ڕۆحانی فەردێك شیعری کوردیی "بەیتووشی" بۆ تۆمار کردووین:

"لە دیباچەی کیتابی حوسنی عالەم، هەر وەرەق لادەم،
دەبینم مەبحەسی وەسفت لە هەر فەسڵ و لە هەر بابێ"

نازانم ناوی بەیتووشی لە مێژووی شیعری کوردیدا هاتووە یان کەسێکی وەك مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی لە پشکنینی کەشکۆڵ و بەیازەکاندا ڕووبەڕووی کارەکانی دیکەی ئەو زاتە بۆتەوە یان نا، بەڵام هەر ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە بەسن بۆ ئەوەی بەیتووشی بە شاعیر بناسین و هەوڵی دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی دیکەیی بدەین.

**بەشی ٢ <u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٢/٩</u>**

بەپێی دوو سەرچاوە، هونەرمەندی کورد سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی (سەی ئەسکەر) لە ساڵی ١٢٦٠ ی هەتاوی (بۆچوونی نەمر عەبباس کەمەندی)، یان ١٢٦١ (بۆچوونی کاك محەممەد حەمە باقی) لە سەڵەوات ئاوای ڕۆژهەڵاتی شاری سنە لەدایك بووە و بە تەرتیبی هەمان ئەو دوو سەرچاوەیە، لە ساڵی ١٣١١ یان ١٣١٥ی هەتاویدا کۆچی دوایی کردووە، کە دەکەنە ساڵانی ١٨٨١تا ١٩٣٧ یان ١٨٨٢ تا ١٩٣٧ ی زایینی.

قمرالملوك وەزیری مەقام بێژی ناسراوی ئێرانی و هاوچەرخی سەید عەلی ئەسغەریش دەگوترێ لە ساڵی ١٢٨٤ ی هەتاوی لە تاکستانی قەزوێن هاتبێتە جیهان و لە ١٣٣٨ دا کۆچی دوایی کردبێت کە دەکەنە ساڵانی نێوان ١٩٠٥ تا ١٩٥٩ ی زایینی.
ئەگەر ئەو زانیارییانەی سەرەوە ڕاست بن، مەقام بێژەکەی ئێمە ٢٥ ساڵێك پێش قەمەر خانم لەدایك بووە و نزیکەی ٢٠ ساڵ پێش ئەویش کۆچی دوایی کردووە. واتە ئەگەری کارتێکەریی قەمەر لەسەر سەید عەلی ئەسغەر گەلێك لاواز و لە سیفر نزیکە؛ خۆ ئەگەر کەسێکیش ئەو ئیدیعایەی کردبێت، دەبێ بەهۆی ناوبەدەرەوەیی قەمەر و کەم بەختیی سەید عەلی ئەسغەری کوردەوە بووبێت، دەنا کوجا مەرحەبا!

**<u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٢/٨</u>**

بی بی سی فارسی وتارێکی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕابووە سەر فارسی و تێیدا باسی چەند کتێبی کردبوو کە دوای سەرهەڵدانی دیاردەی "تڕامپ" لە ئەمریکا، ژمارەیەکی زۆریان لێ فرۆشراوە و لەوانە کتێبی "هونەری سات و سەودا" بوو کە ترامپ خۆی بە یارمەتی 'تونی شوارتز' ناوێك نووسیویەتی. لەوێدا ئەم دوو سێ ڕستەیە لە کتێبەکە ڕاگوێزرابوو کە واهەیە بۆ ناسینی ترامپ یارمەتیمان بدات:
*"عامل اصلی در پیشرفت من لاف زدن است .من فانتزی مردم را ارضا می کنم. همه مردم افکار و ایده های بزرگی ندارند ولی به سمت کسانی که بزرگ فکر می کنند جذب می شوند. به همین خاطر حدی از گزاف گویی و ارضای اشتیاق مردم ایرادی ندارد. مردم دوست دارند باور کنند که یك چیزی واقعا بزرگترین، مهمترین و خارق العاده ترین چیزهاست. من به این می گویم گزاف گویی حقیقی، که نوعی اغراق معصومانه و روش بسیار موثری برای پیشرفت است".*

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/٢/٧</u>**

سەبارەت بە مێژووی 'حزبی دیموکرات' لە ئێران، ئازەربایجان و کوردستان:
بە گوێرەی بیرەوەرییەکانی سپەهبود ئەحمەد ئەمیر ئەحمەدی (ناسراو بە قەسسابی لوڕستان)، لە ماوەی نێوان شەهریوەر و ئابانی ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی - ١٩٤١ ی زایینی (کە سەرجەم دەکاتە ٣ مانگ دوای هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو ئێران)، زیاد لە ١٥٠ حزب لە ئێراندا سەریان هەڵدا! *(بڕوانە خاطرات نخستین سپهبد ایران- احمد امیراحمدی، به کوشش*

*غلامحسین زرگری نژاد، موءسسه پژوهش و مطالعات بنیاد مستضعفان و جانبازان انقلاب اسلامی، تهران ۱۳۷۳ [۱۹۹٤]، ص. ٤٧٨)*

ماوەیەك درەنگتر، لە ساڵی ۱۳۲٤ (٤٦-١٩٤٥) واتە چوار ساڵێك دوای شاربەدەرکرانی ڕەزاشا لە ئێران و هاتنە سەرکاری محەممەد ڕەزاشای کوڕی، سێ حزب لەئێران دامەزران کە ناوی دیموکراتیان لەسەر بوو:

یەکەمیان "حزب دمکرات ایران" بوو کە ئەحمەد قوام السلطنه بە هاوکاریی 'مظفر فیروز'ی توودەیی و 'عباس شاهندە'ی کورد و ئەحمەد ئارامش لە ١٣٢٤/٤/٩ دا دایمەزراند و لقەکانی لە هەموو شارەکانی ئێران جگە لە ئازەربایجان و کوردستان کرانەوە. دوای ئەوەش کە قەوام لە سەرەك وەزیری وەلا نرا، حزبەکەی هەڵوەشایەوە.

دووهەم، "فرقه دموکرات آذربایجان" بوو کە لە ١٣٢٤/٦/١٢ واتە ٢ مانگ و ٣ ڕۆژ دوای حزبەکەی قەوام، لە تەوریز دامەزرا و نەمر 'میرجەعفەر پیشەوەری' دامەزرێنەری بوو. حزبەکە دوای هێرشی ٢١ ی ئازەری ١٣٢٥ ی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربایجان و هەڵاتنی بەشێك لە ڕێبەرانی بۆ خاکی سۆڤیەتی، بە کردەوە هەموو کار و کردەوەی وەستان و لە ناوخۆی ئێراندا هەڵسووڕاو نەما، بەڵام دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ سەرلەنوێ سەری هەڵدایەوە و ئێستا بڵاوە و ماڵپەڕی تایبەت بە خۆی هەیە. دیارە فیرقە لەو ساڵانەی بێدەنگیدا ناوی لە باکۆ و ئازەربایجانی باکووری زیندوو ڕاگیرا و ڕۆژنامەیەکی تورکی بە ناوی ئازەربایجان دەردەکرد کە دوو لاپەڕەی کۆتایی بە کوردی بوو.

سێهەم، "حزب دمکرات کردستان" بوو کە وەك میراتگری کۆمەڵەی ژێکاف، لە ١٣٢٤/٨/١ لە مەهاباد دامەزرا و ڕۆژێك دواتر یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست. ئەو ڕێکەوتە دەکاتە ١ مانگ و ١٨ ڕۆژ دوای حزبەکەی ئازەربایجان و ٣ مانگ و ٢١ ڕۆژ دوای حزبەکەی تاران. ژمارەی ١ ی گۆڤاری کوردستان (بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان) لە ١٣٢٤/١٠/١٥ دا بڵاو کرایەوە و یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە ئەویش خۆی وەك 'بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان' دەناساند، ١٥ ڕۆژ دواتر لە ١٣٢٤/١٠/٣٠ دا دەرچوو. حزبی دیموکراتی کوەردستان لەو دەمەوە تا ئێستا بە ڕێگایەکی بەرز ونەویدا تێپەڕ بووە و دوای کۆنگرەی سێهەمی حزب بە ناوی "حزب دمکرات کردستان ایران"ەوە هەڵسووڕاوی نواندووە؛ ئێستاش چەند ساڵێکە بۆتە دوو لق، کە ناوی یەکیان "حزبی دیموکراتی کوردستان" و ئەویتر "حزبی دیمەکراتی کوردستانی ئێران"ە.

"پارتی دیموکراتی کوردستان — عیراق" له ساڵی ١٩٤٦ واته ساڵێك دوای حزبەکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا و دواتر، سێ حزبی دیکەش بە هەمان ناو لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان و تەنانەت لوبنان هاتنە دامەزران.

**دووشەممە، ٢٠١٧/٢/٦**

ئەم فەردە شیعرە هی "ناصر خسرو قوبادیانی" شاعیر و فەیلەسوف و زانای ئێرانیی پەیڕەوی فیرقەی ئیسماعیلییە بووە کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی (یازدەهەمی زایینی)دا لە شاری بەڵخ و یەمکان ژیاوە. ئەو دوو شارە ئێستا کەوتوونەتە خاکی ئەفغانستانەوە. ناوبراو لە لای پەیڕەوانی ئایینی ئیسماعیلییەی سەردەمی خۆی، وەك "حوججەت" و "پیری کامیل" ناسرابوو. بێزاریی ناصر خسرەو لە فەقیهـان (مەلایانی موجتەهید و پسپۆڕی فیقهی ئیسلامی) لەم شیعرەدا بە باشی دەردەکەوێت؛ شاعیر شای بە مار شوبهاندووە و فەقیهـ بە ئەژدیها!

*"از شاه زی فقیه چنان بود رفتنم،*
*کز بیم مار، در دهن اژدها شدم!"*

*واتە، ڕۆیشتنم لە لای شاوە بەرەو فەقیهـ وەك ئەوە وا بوو لە ترسی مار چووم ناودەمی ئەژدیهاوە!*

تۆ بڵێی هەڵەی کردبێت؟

هەروەها ناصر خسرو، کە بە گوێرەی باوەڕی ئیسماعیلیی خۆی، واتە شیعەی چوار ئیمامییەوە، لایەنگری "معاد روحانی" بووە، لە شێعرێکی دیکەدا گاڵتەی بەو کەسانە کردووە وا لایان وایە لە قیامەتدا مرۆڤ بە لەش زیندوو دەبێتەوە و حیسابی لێ وەردەگیرێت. ئەم شیعرە بە هی ئەو زانراوە کە تێیدا باس لەوە دەکات مرۆڤێك لە بیابان گورگ خواردوویەتی و باڵندەش هەرکام بەشی خۆیان لێ بردووە و خواردوویانە، ئینجا هەرکام لە شوێنێك جیقنەیان کردووە. لە کۆتاییدا دەپرسێت، کەسێکی ئەوتۆ چۆن لە قیامەتدا [بە لەش] زیندوو دەکرێتەوە؟ و جنێوی توند ئاراستەی ڕیشی ئەو کەسانە دەکات کە باوەڕیان بەو بۆچوونە هەیە:

*"مردکی را به دشت، گرگ درید*
*زو بخوردند کرکس و زاغان*
*این یکی ریست بر یکی بن چاه*
*وان دگر رید بر سر کوهان*
*اینچنین کس به حشر زنده شود؟*
*تیز بر ریش مردك نادان!"*

**یەکشەممە، ٢٠١٧/٢/٥**

ئەو فەردەی خوارەوە شیعری سید اشرف الدین حسینی (نسیم شمال)(١٨٧٠ تا ١٩٣٤ ز)، شاعیری سەردەم و دوای مەشرووتییەتی ئێرانە:

*"خاك ایران شده ویران ز سه فیل      ڕوسوفیل انگلوفیل، آلمان فیل"*

(بە واتای لایەنگرانی ڕووس و ئینگلیز و ئاڵمانیا)

دۆزینەوەی ئەنگلۆفیلەکان لە دەسەڵاتداریەتی ئێراندا ئەستەم نییە و کەم و زۆر ٨ لە دەی سەرەك وەزیرانی سەردەمی پەهلەوییەکان لایەنگری حکوومەتی ئینگلیز بوون: سەید ضیاءالدین طباطبائی، وثوق الدوله، ساعید مەراغەیی، دوکتۆر ئیقباڵ، عەلەم، شەریف ئیمامی و....

بەڵام بابزانین ئەوانی دی کێ بوون:

ڕووسوفیڵ واتە لایەنگرانی یەکیەتی سۆڤیەتی لە دەسەڵاتداریەتی ئەودەمی ئێراندا. دەگوترێت سەرلەشکر ڕەزم ئارا سەرەك وەزیران، تەیمورتاش وەزیری دەرباری ڕەزاشا و سەرلەشکر دورەخشانی فەرماندەی هێزی ژاندارمری ئێران لایەنگری سۆڤیەت بوویێتن.

ئاڵمان فیل، واتە لایەنگرانی سیاسەتی ئاڵمان لە ناو دەسەڵاتداریەتی ئێراندا: ڕەزاشا بە دەست ئینگلیزەکان هاتە سەرکار بەڵام لە درێژەی حکوومەتدا تا ڕادەیەك بە لای ئاڵمانەکانیدا شکاندەوە و هەر بەو بۆنەیەشەوە لە یەکەم ڕۆژی هاتنی سوپای هاوپەیمانان بۆ ئێراندا (٣ ی شەهریوەری ١٣٢٠) لە سەر کار لابرا. جگە لەو، دەگوترێت ئەحمەد مەتین دەفتەری سەرەك وەزیرانی سەردەمی ڕەزاشا لایەنگری ئاڵمانیا بوویێت.

دیارە ئەو سێ فیلە! هی سەدەمی ژیانی نەسیم شمال بوون، دواتر فیلێکی گەورەتر هاتە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێرانەوە و ئێمە 'ئەمریك فیل'یشمان لێ زیاد بوو. دوکتۆر عەلی ئەمینی ناسراوترین ڕوخساری ئەو سیاسەتەیە کە چەند جار گەیشتە پلەی سەرەك وەزیریی ئێران و سپەهبود فضل اللە زاهیدی کە یەك لە بەڕێوەبەرانی کۆدیتای دژ بە موسەددیق لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٣٢ بوو، هەروەها ئەردەشیری زاهیدی کوڕی، بەو ناوەوە ناسراون.

جا، ئەوانە باشن، پەنا بە خوا لەدەست 'نەجەف فیل' و 'کەربەلافیل'ەکانی ئێستای ئێران هەر لە خومەینییەوە بیگرە تا وردە جانەوەرەکانی تر لە قوم و مەشهەد و تاران و تەورێز. ئەوان ئەگەر سەر بە سیاسەتێکی ڕۆژئاوایی نەبن، سەریان لە ئاخوڕێکی قووڵتردایە کە ئاخوڕی "هیلالی شیعی"یە و گێرەیان لە کازمەینی بەغدا و زەینەبیەی شام و جبل عاملی لوبنان دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئێران بە دەست ئەو "نەجەف فیل"انەوە بمێنێت، الفاتحه مع الصلواة!

**شەممە، ٢٠١٧/٢/٤**

نەمر عمادالدین دولتشاهی لە کتێبی "جغرافیای غرب ایران یا کوهھای ناشناختە اوستا"دا هەوڵیداوە دوو شت بسەلمێنێت:
یەکەم، تەرجەمەی ئیبراهیم پووررداود لە ئاوێستا هەڵەی زۆری تێدایە؛ و
دووهەم، ناوی ئەو شوێنانەی وا لە ئاوێستادا هاتوون و ئاوێستاناسان بە نەزانی یان بە غەرەز و دەستەقەسد گوتوویانە گوایە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بن و زەردەشت لە گۆلی ورمێ (چیچەست)ەوە بەرەو ئەفغانستان و ئەو لایانە ڕۆیشتبێت، سەرتاپا هەڵەیە و لە ڕاستیدا هەر هەمووی ئەو شوێنانە کەوتوونەتە کوردستانەوە لە موکریانەوە تا سنە و کرماشان و ئیلام و لوڕستان.
من لێرەدا بۆچوونی نەمر عمادالدین دەوڵەتشاهی سەبارەت بە ناوی چەند شوێن دێنمەوە کە لە ئاوێستادا هەن و ئەو شوێنانەی کوردستانی ئێستاش کە دەقاودەق لەگەڵیاندا یەك دەگرنەوە. بۆ زانیاری زیاتری خوێنەر دەبێ بڵێم کاك عمادالدین بەشێك لە یەشتەکانی ئاوێستا (زامیاد یەشت)ی تەرجەمەی فارسی کردۆتەوە و ئەم بۆچوونانەی تەنیا سەبارەت بەو بەشە دەربڕیوە، جا ئەگەر تەمەنی درێژ بوایە و بمایە، چی دیکەی لەباردا دەبوو و چی بە کەسانی وەك پووررداود دەکرد کە ئاوا خەڵکیان چەواشە کردووە، نازانم.

| ئاوێستا | شوێنی ئێستای لە کوردستان |
|---|---|
| ئەڤشی ئەدرنی | ئاویدەر [لە شاری سنە] |
| چیای گەرەواو | چیای گەراو [لە نێوان کرند و سەرپێل] |
| گەوەرە | گەوارە/ گەهوارە [لە ناوچەی گۆرابن، سەر بە کرماشان] |
| پائیری سائینە | سەحنە |
| پائیری وین | بەیرەموەند [کرماشان] |
| کرەنێتە | شاری کرند |
| 'سوغد' و سەگزی | شاری سەقز [ڕۆستەم بە سەگزی ناو براوە] |
| 'زابان' ی ئاویستا کە بە 'زابول' دانراوە | دەوروبەری ڕووباری 'زاب' (زێی گەورە و بچووك) |
| زااو | زەهاو |

زەرەزااو[لای گۆلی ورمێ] هۆزی زەرزا
بە هەمان شێوە، ئەیوان، جەیحوون، ڕووباری ئەڵوەن، گاوەرۆ، پەراو، پاوە و .... زۆر شتی تر. ئەم کتێبە لە لایەکەوە خوێندنەوەی پێویستە، لە لایەکی دیکەشەوە، ڕێبازی کاری نووسەرە لەدەستچووەکەی دەبێ درێژەی هەبێت. بەو هیوایەی کەسانێکی دیکەی کورد لە دوارۆژدا زمانی ئاوێستایی فێر بن و هەڵەی دیکەی ئاوێستاناسان سەبارەت بە شوێنایەتی چیا و ڕووبار و شار و گوندەکانی ناو ئەو کتێبە ئایینییە ساغ بکەنەوە.

**بەشی ٣ دوو شەممە، ٢٠١٧/٢/١٣**

مەلایەکی شارە شیرین و جوانەکەی قوم دەیگوت بەهەشت حەوت قاتی جیاجیای هەیە، دوای پێغەمبەر و ئیمامەکان کە لە باشترین و ڕاقی ترین قاتی بەهەشتدان، نۆرەی خەڵکانی شیعە دێت کە لە قاتی شەشەمدان، سوننی ئەگەریش بە زەحمەت ڕێگەی بەهەشتی بدەن، دەینێرنە قاتی یەکەم کە هەندێك لە جەهەننەم باشترە! بیرم لە خۆم دەکردەوە و دەمگوت خۆ من تەنانەت سوننیش نیم بچمە ئەو کەلاوە لاڕووخاوەی قاتی یەکەمی بەهەشت، خۆ ئەگەر بەو شێوەیەی ئاخوند دەیفەرموو، ڕێگەی ئەوێشم بدەن، کە نامدەن و حەفتا حۆریشم بدەنێ، کە نامدەنێ، هەر هەموویان پیر و لەکارکەوتووی قاتەکانی سەرەوە دەبن!
بەڵام خەم نییە لەبەر ئەوەی کاتێ دەگەمە ئەو لایە، شێخ ڕەزا گوتەنی، مالیکی دەرکەوانی جەهەننەم و ڕیزوانی دەرکەوانی بەهەشت لە سەر من لێیان دەبێتە شەڕ وهەرا و داخوا چ سەگ بەحەوشەیەکیشم پێ دەکەن، ئینجا لە کۆتاییدا دەمخەنە قووڵایی ئاگرەکەوە! بە حیسابی تەمەن زۆرم نەماوە بگەمە ئەو شوێنە خۆشە و دڵنیام کەسانێکیش کە ئەوەندە بێکارن دادەنیشن ئەم دێڕانە دەخوێننەوە، لەوێ حاڵیان لە من باشتر نابێت، جا ئینگلیز گوتەنی، See you there!

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٢/١٤**

پرسیاری زمانەوانی!
ئەمڕۆ چووم بۆ کتێبخانەی بریتانیا لە لەندەن. لە بەشی کتێب فرۆشتنی کتێبخانەکەدا، چاوم بە نەقشەیەکی پان و بەرینی کورەی مانگ کەوت کە وەك نەقشەی شار و وڵاتانی ڕووی زەوی ڕێکخرابوو و دەیانفرۆشت. سەرم سووڕما لە کار و زەحمەتی زانستیی ئەو خەڵکەی وا دەیان ساڵ هەوڵیان داوە هەموو بەرز ونزمییەکی سەر ڕوووپەڕی مانگ بست بە بست بناسن و بیکەنە نەقشەیەکی ئەوتۆ کە لاپرەسەنێکی وەك منیش بۆ نموونە، بزانێ بەشی باکووری مانگ خۆشتر و ڕاقیترە لە باشوور! بەڵام جگە لەوە، دیاردەیەکی دیکەش سەرنجی ڕاکێشام: هەموو

ناوچە و چیا و گرد و دەشت و بەرز ونزمییەکی ئەو کورەی مانگە، ناوی ئینگلیزی لەسەر دانراوە، ڕاست وەك ئەوەی شارێکی ئەمریکا یان بریتانیا بێت. واتە کابرای فەڕەنسی یان چینی و تانزانیایی ئەگەر لە دوارۆژیشدا لاقی بگاتە ئەوێ، غەریب دەبێت و وەك میوان سەیر دەکرێت؟ ئەی عارەبی موسوڵمان کە هەر هەموو عاسمان بە مڵکی خۆی دەزانێت، چی لێ بەسەر دێت؟

چەند ساڵ پێش ئێستاش لە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنیدا دیتم خەریك بوون لە ئەمریکا زەوییەکانی کورەی مانگیان بە خەڵك دەفرۆشت و تەنانەت یەك لە سەرەك کۆمارەکانی پێشووی وڵاتەکەش سەد مەتر زەوی لێکڕیبوون! ئەودەم پرسیارم لەخۆم دەکرد و دەمگوت باشە لێرە لە سەر زەوی ئەگەر کەسێك چەند مەتر "زەوی" بکڕێت، دەڵێ "زەوی"م کڕیوە، ئەی ئەوەی دەچێ سەد مەتر لە مانگ دەکڕێت، هەر دەبێ بڵێ "زەوی"م لە مانگ کڕیوە، یان دەبێ بڵێ "مانگ" م لە کورەی مانگ کڕیوە!

**<u>چوارشەممە، ٢٠١٧/٢/١٥</u>**

چاوی خۆی و ڕووی باوکی سپی!

ئێمە هەموومان ناوی حاتەمی تاییمان بیستووە و ئاگاداری بەخشندەیی و دەهەندەییەکەی هەین. بەڵام ئایا هیچکام لە ئێمە پرسیارمان لە خۆمان کردووە ئەو وشتر و پووڵ و پارەیەی وا بەخشیویەتەوە، لە کوێوە هاتووە و بەرهەمی ڕەنج و زەحمەتی چەندهەزار مرۆڤی هەژار بووە کە مام حاتەم و مەرحوومی باوکی وەك ئاغا و سەرەك هۆز ڕووتاندووتاننەتەوە؟ دەگوترێ یەك لە گەورەیی نواندن و خاوەن بەزەیی بوونی حاتەم ئەوە بوویێت کە لە مانگی ڕەجەبدا کەسی نەکوشتووە! ئافەرەم! چاوی خۆت و ڕووی باوکت سپی! ئەی یازدە مانگەکەی دیکە چی لێهات؟ کەس هەیە بڵێ حاتەم بە درێژایی دەسەڵاتداریەتی خۆی و باوکی لە یازدە مانگی هەموو ساڵێکدا چەند کەس لە ڕەعیەت و ژێردەستەکانی خۆیان کوشتووە؟ ئەی بۆچی باسی ئەوانە ناکرێت؟ مێژوونووسان چ گەندەڵن!

تایبەتمەندییەکی قانوونمەندی کۆمەڵایەتی لە سیستەمی فیئودالیدا هەیە کە زۆر و کەم لە هەموو شوێنێکی جیهان دەبینرێت: فیئوداڵ لە ڕووتاندنەوە و بێڕەحمی نواندن سەبارەت بە ڕەعیەتەکانیدا هیچ سنوورێك ناناسێت و ئەوەندەی بۆی بکرێت لە ژێر هەر ناوێك و بە هەر بیانوویەك بێت، دەیانچەوسێنێتەوە. بەڵام هەر ئەو فیئوداڵە بێ بەزەییە، هەمیشە دیوەخانێکی ئاوەدانی هەیە کە لە میوان دا جمەی دێت و باشترین خواردەمەنی و خزمەت ئاراستەیان دەکات. لە سەفەر و هاتوچۆی شارانیشدا لەگەڵ خەڵکانی "غەیرە ڕەعیەت"ی خۆی لەوپەڕی

دڵئاوایی و بەخشندەییدایە، تەنانەت بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەبێتە هاوڕێی خەباتکارانی سیاسی و شۆڕشگێڕانی چەکداریش!
دیوەخان نشینان، تەنیا ڕووی دەرەکیی فیئۆداڵەکان دەبینن و بە شان وباڵیاندا هەڵدەڵێن؛ ئەوە ڕوانینێکی ناتەواوە. مامۆستا هەژار لە باسی دیوەخانی نەمر شێخ لەتیفی حەفید دا ئەو ناتەباییە دەردەخات، بڵێی ئێمەش لە هەڵسەنگاندنی ئەو خاوەن مڵك و دەرەبەگانەدا، کە چەوسانەوە و زوڵم وزۆر و کوشت وبڕی ڕەعیەتیان لە ژێر ئاڵای نیشتمانپەروەیدا شاردۆتەوە، بتوانین وا ورد ببینەوە؟

**پێنجشەممە، ٢٠١٧/٢/١٦**

دیدارە و ئاخری
کاتێ باوکم لە ساڵی ١٣٤٧ دا کۆچی دوایی کرد، من شاربەدەری ئەراك و شەهر ڕەی بووم و لە گەڕانەوەی بۆکانمدا تەنیا کێلەکەیم توانی ماچ بکەم.
لەوەتی لە دەرەوەی وڵاتیشم، دایك و کاك و خوشکم، هەرسێ بەجێیان هێشتووم بێ ئەوەی تەنانەت بەختی ماچ کردنی کێلەکەیانم هەبێت. ئێستا تەنیا من ماوم و خوشکێکم و کۆڵێك بیرەوەریی ئەو ساڵانەی وا بنەماڵەیەك بووین، بە دەوری یەکەوە دەژیاین و هاوبەشی خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیانی یەکتر بووین. ئەوان هەموو بە ئاگری خەیاڵ پەروەرییەکانی من سووتان، کە پێم وابوو لە گوندی باغڵوجەی تورجانەوە دەتوانم ئەمپریالیزمی ڕۆژئاوا بڕووخێنم و دادپەروەریی سیاسی وئابووری و فەرهەنگی بۆ حەوت ملیارد خەڵکی جیهان دابین بکەم!
زۆر هەوڵ دەدەم نەهێڵم ئەو بیرکردنەوە نەرێ یە لەسەر ژیان و فیکری ئێستام شوێن دانەر بێت، بەڵام لەگەڵ ڕاستەقینەیەکی وا زەق چیم بۆ دەکرێت؟ ئەوە ئێمە نەبووین دژ بە ئیسلاحاتی ئەرزی و سپای دانشی شا دەوەستاین؟ هەر ئێمەش نەبووین دواتر خومەینیمان لە مانگدا دەدیت؟ کێ لە ساڵی ١٣٥٧ دا سەیری مانگی نەکردووە و بۆ ڕیشی خومەینی نەگەڕاوە، با دەست بەرز بکاتەوە؛ ئەوە دەستی من هات، قوولایی عەرز خۆت بگرە!

**بەشی ٤ یەکشەممە، ٢٠١٧/٢/١٩**

هەواڵم زانی کە 'دوکتۆر صادق جلال العظم' مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆکانی دیمەشق و ئوردەن و ئەمریکا لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. صادق العظم ڕووناکبیرێکی چەپی هەڵکەوتووی کۆمەڵگای وڵاتە عەرەبییەکان بوو.

نزیکەی ١٠ یان ١٢ ساڵ پێش ئێستا وتارێکی ئەوم کردە کوردی و لە گۆڤارێکدا (وابزانم "مەڵبەند") بڵاوم کردەوە، کە تێیدا داکۆکییەکی پشت ئەستوور بە بەڵگەی مێژوویی لە سەلمان ڕوشدی و کتێبەکەی کردبوو. وتارەکە لە عەرەبییەوە کرابووە فارسی و لەگۆڤاری فارسی 'چشم انداز' دا بڵاو ببووەوە. ئەمڕۆ گەڕام بەڵکوو بیدۆزمەوە و بە یادی ئەو مەزن پیاوە سەرلەنوێ بڵاوی بکەمەوە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی وا کەسایەتی جلال العظم ناناسن، لای کەم لەو ڕێگایەوە لەگەڵ هەڵوێست و بۆچوونەکانیدا ناسیاوییان هەبێت؛ بەداخەوە نەمدۆزییەوە. هەرچۆنێك بێت، یادی بەخێر بێت کە شوێنی زانایەکی وەك ئەو لە کۆمەڵگای ئیسلام لێدراوی ئەمڕۆی خۆرهەڵاتی ناویندا گەلێك بەتاڵە.
ئێستا سەردەمی تەراتێنی ئەسپی بێ لغاوی حجت الاسلام صادق خەڵخاڵییەکانە، نەك دەرس بێژیی کەسانی وەك پرۆفیسۆر صادق جلال العظم، با هەردوکیان ناویشیان صادق بێت!
دنیا تاکەی لەسەر ئەو پاژنە چەواشەیە دەگەڕێت، نازانم.

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/٢/٢١</u>**

بەراوردێك

ماوەیەك پێش ئەوەی نەمر سوارەی ئێلخانیزادە شیعری "خێڵی درۆ" بڵێت و هێرش بکاتە سەر ڕووناکبیرانی دانیشتووی شار:

*"ئێوە کێن؟ خێڵی درۆ!*
*گەلی دەم پڕ لە هەرا!*
*نیشتەجێی شاری بە گرمە و دووکەڵ!*
*پێم بڵێن:*
*ئێوە چ کارەن،*
*چ کەسن؟....*

ئێستە وا گرمە لە کێوان بەرزە
مێش ئەخاتە لەشی گا بوولەرزە...."

"نیمایوشیج"یش، کە وەك سوارە، پەروەردەی چیا و کوێستان بوو، لە شیعرێکدا گوتبووی:

*"من از این دونان شهرستان نیم*
*خاطر پر درد کوهستانیم،*
*کز بدی بخت، در شهر شما*

*روزگاری رفت و هستم مبتلا...*
*من خوشم با زندگی کوهیان*
*چون که عادت دارم از طفلی بدان..."*

شیعرەکەی نیما زۆر شەخسی و سەمیمیە؛ بەڵام ئەوەندەی شیعرەکەی کاك سوار باری سیاسی نییە. من ڕێکەوتی گوترانی شیعرەکان بە تەواوەتی نازانم، بەڵام دەزانم شیعری سوارە لە دەیەی چل(شەستەکان) و بە ئەگەری زۆر لە ساڵانی ١٣٤٧ و ٤٨دا گوتراوە، کە فەزای گشتیی ئێران، لەچاو سەردەمی شیعرەکەی نیما، گەلێك سیاسیتر بوو و لە بەشێکی بەرچاوی ئێراندا کار و خەباتی سیاسی، و لە کوردستان تەنانەت خەباتی چەکدارانە بەڕێگەوە بوو، ئەو ساڵانە، دەکەنە هەشت نۆ دەساڵێك دوای مەرگی نیما.

نیما لە شیعرەکەیدا لە شارنشینان تووڕەیە و تەنانەت سووکایەتییان پێدەکات و پێیان دەڵێ "دون" بە واتای پەست وبێ نرخ و پلە نزم! بەڵام تووڕەیی سوارە هەندێك جیاوازە. ئەو وێدەچێت تەنیا لە ژیانی شار و کتێب خوێندنەوە وخەباتی فیکریی و دوور لە کردەوەی ڕووناکبیرانی نیشتەجێی شار ناڕەحەت بێت نەك هەموو شارنشینێك. ئەو، ڕووناکبیر و خوێندەوارەکان بە "میراتگری جێ لەوەڕ" و "بەردەماوخۆری تولە و گورگی گەڕ" و "بووکی بن تارای سوور" ناودەبات.

ئەو هێرشکارییە لەو زەرفە زەمەنییەدا بە ئاشکرا ناوەرۆکێکی مائۆئیستی هەیە، و ئەوەش بۆ ئەو ساڵانە هیچ نامۆ نەبوو. تەنانەت دۆستایەتی نیما لەگەڵ نەمر سدیقی ئەنجیری، ڕۆیشتنی خوێندکارانی کورد بۆ ناو شۆڕشی ئەیلوول و گەڕانەوەی چەکدارانەی هەندێکیان بۆ موکریان و گیان بەخت کردنیان لە شەڕ لەگەڵ ژاندرمەی ئێرانیش، هەموو دەرخەری حزووری ئەو بیرۆکە سیاسییەن لە هەموو ئێران و ناوچەکە، بەتایبەت لە کوردستان- بیرۆکەیەك کە ئێستا ئیتر هەرەسی هێناوە و لە گیانەڵڵادایە، گەرچی لە هەندێك وڵاتی دواکەوتووی جیهانی سێهەمدا خەڵکی وا ماون کە دوای دەکەون و سینگی بۆ دەکوتن، لە کاتێکدا وڵاتەکەی مائۆتسە تۆنگ خۆی، بە فرسەنگ لێی دوور کەوتۆتەوە.

کەسێك کاسەی لە ئاش گەرمتری بە دەستەوە نەگرتبێت، با بچێت سەفەرێکی چین و پاشان سومالیا و سوودان و ئیتیۆپیا بکات و لەوێندەرێ ئەو ساردی و گەرمییە بە باشی بناسێت!

**<u>چوارشەممە، ٢٠١٧/٢/٢٢</u>**

کابرایەك بە شان و باڵی ڕەزاشای پەهلەویدا هەڵدەگوت کە ڕێگای ئاسنی کێشاوە و شەمەندەفەری هێناوەتە ئێرانەوە. گوتم ئەگەر وابێت دەبێ بە عابای خومەینیشدا هەڵبڵێی بۆ

ئەوەی ئینترنێت وتەلەفونی مۆبایل لە سەردەمی ئەودا هاتنە ئێرانەوە! ئەوانە ڕەوتی ژیان و پێشکەوتی زەمان دەیکەن، نەك ملهوڕیی پاڵەوان پەممەکان. کێشانی ڕێگا ئاسنی ئێران پڕۆگرامێك بوو کە ڕۆژئاواییەکان بۆ نزیك کردنەوەی بواری نێوان ئۆقیانووسی هیند و ڕووسیا بە ناو ئێراندا بەڕێوەیان برد، بەڵام بە پارەی خەڵکی ئێران! ڕەزاشا بۆ ئەوەی خەرج و مەخاریجی کارەکە قەرەبوو بکاتەوە،ماڵیاتێکی تایبەتی بە قەند و چاییەوە بەست (کیلۆی قڕانێك بە قەند و شەکرەوە و زیاد لەوەش بە چاییەوە).

ڕێگا ئاسن لە ڕاستیشدا پێش ڕەزاشا لە ئێران هەبوو و هێڵی تاران - شەهرڕەی لە سەردەمی ناسرەددین شای قاجاردا کێشرا، کە پەنجا ساڵێك پێش حوکمی ڕەزا شا بوو. پاشماوەی خوار وخێچی ئەو هێڵەی تاران بۆ شەهرڕەی لە ناوچەی "دولت آباد" ی نێوان ئەو دوو شارە، تا ئەم دواییانەش هەر مابوو و من لە ساڵی ١٣٤٥ (١٩٦٦) دا، کە مامۆستای قوتابخانەی دەوڵەت ئاباد بووم، سەدان جار بەسەریدا پەڕیومەتەوە.

بەڵام با قسەیەکیش بۆ دز بکەین: ڕەزاشا بۆ هاوهەنگاویی لەگەڵ سەردەم، کاری کەمی لە ئێراندا نەکرد و ئەگەر ئازادی کوژی لە لایەك و زوڵم وزۆری سەر گەلانی دانیشتووی ئێران لە لایەکی دیکەوە نەبوایە، دەکرا وەك قارەمانێك باسی لێوە بکرێت. چەپی ئێرانی کە بە حیسابی باوەڕی مارکسیستی، دەبوایە دژ بە موتڵەق کردنەوەی دیارەدەکان بێت، بە شێوەیەکی موتڵەق دژ بە هەردوو پەهلەوییەکە وەستا! ئەو هەڵەیە خۆی یەك لەو هۆکارانە بوو کە مەلا خومەینی و جووجەڵەکانی ئەوی بە سەرخەڵکدا زاڵ کرد و ئێستا نەك هەر چەپی ئێران بەڵکوو هەموو ناوچەکە بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٢/٢٣**

یادی هارۆڵد پینتر بەخێر بێت!

هارۆڵد پینتر نووسەر و شانۆنووسی گەورەی بریتانیایی، تا بوو، دۆستێکی بەوەفای گەلی کورد بوو و تەنانەت ساڵی ١٩٨٨ دا بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا و یاساخ بوونی زمانی کوردی، هەروەها ئەو ئەشکەنجە و ئازارەی وا لە تورکیا تووشی کوردان دەهات [و ئێستاش هەر دێت]، شانۆیەکی یەك پەردەیی نووسی کە ناوی "زمانی چیایی" بوو، و وابزانم تەرجەمەی کوردییش کرا. شانۆنامەکە، دوای ئەوە نووسرا کە پینتر لەگەڵ ئارتۆر میللری ئەمریکیدا سەفەرێکی تورکیایان کرد و دۆخی شپرزەی کوردیان بە چاو بینی.

لەبیرمە، ساڵی ١٩٩٨ کاتێ کتێبی "کەشکۆڵەشێعرێکی کوردی گۆرانی"م بڵاو دەکردەوە، ناشری کتێبەکە پەیوەندی پێوە گرت بۆ ئەوەی یەك دوو دێڕ لە ناساندنی کتێبەکەدا بنووسێت و لە سەر ڕووبەرگی کتێبەکە دابنرێت. هارۆڵد پینتر موافەقەتی کرد و نووسی: "ئەم کتێبە ڕازاوە و پسپۆڕانەیە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا شوێنێکی گرنگی بۆ شیعری کوردی دابین کردووە" کە دواتر بە ئینگلیزی و کوردی لەسەر ڕووبەرگەکە نووسرا. ڕۆژێکیان هەمان کەسی پەیوەندیکار بە تەلەفون قسەی لەگەڵ دەکرد، گوێم لێبوو گوتی "خۆت دەزانی من تا سەر لەگەڵتانم". ئەو "لەگەڵ بوون"ە کورد بە گشتی و کوردی باکوور بە تایبەتی دەگرتەوە لەبەر ئەوەی کەسەکە ئەودەم بەرپرسێکی کاروباری پ ك ك بوو لە لەندەن و تەنیا ئەوان بوون کە پەیوەندییان بەو کەسایەتییە جیهانییانەوە دەگرت.

کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور تا ئێستا ئەو توانایەیان لە خۆیان پیشان نەداوە کە خەڵکانی باش و ناوبەدەرەوەی بێگانە لەخۆیان نزیك بکەنەوە، یان ئەگەر لە شوێنی دیکە کردبێتیان، من لێرە لە لەندەن، لەو ساڵانەدا کە خەریکی ئەو کارانە بووم، نەمبینیوە. بە پێچەوانە، بینیومە ئەگەر پەیوەندییەکی گرنگ هاتبێتە سەر ڕێگەشیان، پچڕاندوویانە و تێکیان داوە! من ئەوەم لە ماوەی سێ ساڵ کارکردنم لە مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی و هەروەها ئەندامیەتی و سەروکایەتی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی بنکەی زانیاریی کوردی و ئەندامیەتی ئەنجومەنی خانووبەری کوردی کە سێ ڕێکخراوەی گرنگی کوردی لە لەندەنن، هەست پێکردووە. لەو شوێنانە، بەتایبەت مەڵبەند و بنکە، شەڕە پەڕۆ و دژبەرایەتی حزبی واتە کێشەی ناو حزبە کوردییەکان ئامانجی یەکەم بوو، ئەوەی کە لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی نەدەکرا ئەو پەیوەندییە گرنگانە بوو.

من نامەوێت بەو قسانە کەسێك تاوانبار بکەم یان لە پشتە سەری کەسێك بەدگۆیی بکەم لەبەرئەوەی خۆیشم بەشێك بووم لە بەدەنەی ڕێکخراوەکان و ئەگەر حیسابی تاوانباری بێت، منیش یەك لە تاوانبارەکانم. قسەی من ئەوەیە ئێمە بۆ ئەو کارانە ڕانەهاتووین ونایانزانین، ناشمانەوێت فێریان بین یان خۆمان بە کەم دەزانین و بۆی ناچین، دەنا ئوروپاییەکان باوەشێکی گەلێك ئاواڵەیان هەیە بۆ هاوکاری و یارمەتی گەلانی جیهان. کوردەکانی باکوور، بەتایبەت لایەنگرانی پ ك ك گەلێك زیاتر لە ئێمە بایەخ بەو پەیوەندییانە دەدەن و تێیدا سەرکوتووشن.

**بەشی ٥ <u>شەممە ٢٠١٧/٢/٢٥</u>**

**مەترسن!**

دوێشەو لە سلێمانی کۆنسێرتێکی ڕۆك بەڕێوە چووە. ئاگادار نیم چەندە پێشوازیی لێکرابێت و چەندە بەدڵی لاوانی شارەکە بووبێت، بەڵام خۆی لەخۆیدا، هەواڵێکی خۆشە و پێمان دەڵێ کەسانێك هەن بیر لە هەژاریی مۆسیقاکەمان بکەنەوە و هەوڵ بدەن لە زەلی فۆلکلۆر دەریبهێننە

دەرەوە. ئەوانەی وا بە ناوی پشتگیری لە ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردی، گۆرانیی دەیان جار دووپات کراوی کۆن جارێکی دیکەش دووپات دەکەنەوە و ناهێڵن هونەری مۆسیقامان لە قابغی بەرتەنگی فۆلکۆر بێتە دەرەوە، لەبەرانبەر مێژوودا بەرپرسن.
فۆلکۆر چ شیعر بێت، چ مۆسیقا و چ هەڵپەڕکێ، ڕادەیەکی چوارچێوەدار و توانایەکی بەربەست کراوی هەیە؛ لەکاتێکدا هونەر سنوور و ڕادە ناناسێت و دەبێ ئازاد بێت تا هەرکوێیەك دەتوانێت بفڕێت و بڕوات و قاڵب و چوارچێوە تێك بشکێنێت. ئێمە ئەو ئەزموونەمان لە شیعردا کرد و گۆران و شێرکۆبێکەس و عەبدوڵلا پەشێو و لەتیف هەڵمەت و سوارە لەناوماندا سەریان هەڵدا، بێ ئەوەی خانی و نالی و مەولەویمان بفەوتێن یان ڕێگایان کوێر بێتەوە، یان بەرگری لە شاعیرانی وەك هەژار و هێمن و هێدی بکات و نەهێڵێت هاوکات و هاوهەنگاو لەگەڵ نوێخوازەکان بڕۆنە پێشەوە. لە عەینی کاتدا، دەستەیەك شیعری کلاسیکیان دەهۆنییەوە و دەستەیەکی تر شیعری نوێی بێ سەروا و تەنانەت بێ کێشیان دەگوت و هاوشانی و هاوهەنگاویی هەردوکیان پێکەوە، هونەری گەلەکەمانی بردە سەرەوە و پێشەوە. ئەو نوێکردنەوەیە ئەگەر لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردیشدا بکرێت، هونەرە نەریتییەکانمان نافەوتێن و تووشی نشوست نابن. مۆسیقای ئێمە بۆ نوێکردنەوە زۆری بەبەرەوەیە و جێگەی ترس نییە.
ئەزموونی "جاز"ی شەستەکان دەریدەخات چەندە بە باشی دەتوانین زۆر هۆمەر دزەیی دیکەشمان هەبێت 'قزکاڵی لیو ئاڵی' ی تازەمان بە پۆپ و ڕۆك بۆ بڵێین و بە ڕاپ گوتن بچنە ناو "باخچەی پاشا"وە! با لێبگەڕێین ئەوان سەرهەڵبدەن و لەوە نەترسین کە حەسەن زیرەك و عەلی مەردان و محەممەد عارف و کێمنەیی جێگە وپێگەیان لە ناوخەڵکدا لە دەست بچێت. ئەوان هەر دەمێنن و ڕێزی زیاتریشیان لێ دەگیرێت.
عەینی شت بۆ هەڵپەڕکێشە. ئێمە بۆ دەبێ لە سامبا و ساڵسا بترسین؟ لاوەکانمان ساڵانێکی زۆرە بەو هەوایانە سەما دەکەن بەڵام لە هۆڵی دانسی ئێرانی و تورکیدا! ئەی بۆ نەهێڵین لە هۆڵێکی خۆماڵیی کوردەواریدا ئەو کارە بکەن؟ هەڵپەڕکێی نەریتیی کوردی دارێکی ڕیشە داکوتیوە و بەو بایانە نە دەلەرزێت و نە دەکەوێت؛ تۆ بڵێی ئەگەر هەردولامان پێکەوە هەبێت عاسمان بڕووخێت و ئەستێرە بەسەرماندا ببارێن؟

**دووشەممە ٢٠١٧/٢/٢٧**

"حەوت سین"ی ئۆباما و "چوار سین"ی ترامپ!

ئۆباما چەند ساڵێك بوو بە ڕەسمی ئێرانییەکان، سفرەی حەوت سینی لە کاخی سپی ڕادەخست. وەباڵ بە ئەستۆی ئەوانەی وا دەیانگوت "گوایە" خۆی شیعەی دوازدە ئیمامییە و بە دزییەوە لە ماڵەوەش هەموو ساڵێك سفرەی حەزرەتی زەهرا و حەزرەتی حوسەین ڕادەخات و کاتی نوێژکردنیش، دەست ناگرێت و وەك خەڵکانی شیعە دەستی بەردەداتەوە!

بە گوێرەی هەواڵی دەزگای هەواڵنێریی "گوایە"، ترامپ، کە زۆر دژی ئۆبامایە، کاتێ گەیشتۆتە دەسەڵات گوتوویەتی لە جیاتی سفرەی حەوت سین، حەوت وڵاتی ئیسلامی ڕیز دەکەم و لە ئەمریکا دووریان دەخەمەوە، ئەوە بۆ بەرژەوەندیی ئەمریکا باشترە لە سفرە ڕاخستن! ئینجا ناوی سۆمال و سوودان و سووریای خستۆتە لیستەی وڵاتانی دوژمنی ئەمریکاەوە. "گوایە" بەتەمابووە سعوودیاشیان بخاتە پاڵ، کە وەزارەتی دیفاع و بازرگانی و نەوت هاواریان بەرز بۆتەوە ئامان، نەکەی، ماڵمان وێران دەبێت!
دەزگای هەواڵنێریی "گوایە" لە زمان خەڵکانی نزیك بە ترامپەوە گوتوویەتی، ترامپ ئێستا کەوتۆتە ژێر گوشارێکی زۆرەوە کە ئێران و عیراق لە لیستەکە دەر بهاوێت و ڕاوێژکارەکانی ڕاسپاردووە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، ئەوانیش ناوی ئەم وڵاتانەی خوارەوەیان داوەتێ بۆ ئەوەی چواریان لێ هەڵبژێرێت و نەهێڵێت حەوت سینەکەی ناتەواو بێت: سینگاپور، سێنێگاڵ، سیشێڵ و سییەرالیئۆن. ئێستا کێشەی گەورەی کاخی سپی ئەوەیە "ئیسلامی عەزیز" هێشتا بەتەواوەتی نەیتوانیوە سەرجەم خەڵکی ئەو وڵاتانە بکاتە موسوڵمان و ترامپ واهەیە بە هاسانی بۆی نەکرێت بە ناوی وڵاتانی موسوڵمان بیانقەبڵێنێت!

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٣/١**

شیعرە ناسراوەکەی نەمر سەیفولقوزاتی قازیم وەبیر هاتەوە کاتێ هەواڵی چاوپێکەوتنی ئەمڕۆی ڕۆحانی سەرەك کۆماری ئێران و ئەردۆغان سەرەك کۆماری تورکیا لە ئیسلام ئابادم گوێ لێبوو و ئەوەی ڕۆحانی گوتوویەتی: "ئێران دژ بە تێکچوونی 'تمامیت ارضی' سووریا و عیراقە"؛ ئاشکرایە ڕووی قسە لە هەردوو ئەو وڵاتانەدا لە کورد نەبێت لە کەس نییە:

"...مەغبوونی هەر موعامەلە، مەحکوومی هەرکەسێك
شاهان بە مەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرەو..."

تاقە دیاردەی هاوبەش لە سیاسەتی تورکیا و ئێران، داپڵۆسینی کوردە. بەڵام کورد بەو هەڕەشە وگوڕەشانە ڕاهاتووە و بە قسەی دوو دەبەنگ خەباتی خۆی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی ناوەستێنێت:

*"شەرتە کردوومە دەگەڵ دایکی وەتەن، یا دەمرم*
*یان لە دوژمن حەقی فەوتاوی گەلم وەردەگرم"*
(مامۆستا هێدی)

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٣/٢**

وەرگێڕاوی کوردیی چیرۆکی "میرنامە"ی "جان دۆست"م خوێندەوە و چێژم لێ بینی. جان دۆست کوردە بەڵام بە زمانی عەرەبی دەنووسێت. میرنامە چەند شانۆی یەك لە دوای یەکن سەبارەت بەکاتی مردن (یان کووژران)ی ئەحمەدی خانی. نەمدەزانی جان دۆست خۆی خەڵکی "کۆبانێ" بێت. لە سەر لاپەڕەی فەیسبووکەکەی بە هەواڵی ئەوەم زانی و هەروەها تێگەیشتم کە دوو چیرۆکی دیکەشی بە ناوی "مەهاباد" و "کۆبانی" نووسیوە. کتێبەکەی کۆبانی تەرجەمەی کوردیش کراوە.

لە سەر هەمان لاپەڕەی فەیسبووکی ڕێزدار جان دۆست، وێنەیەك لە دەستخەت و ئیمزا و مۆری پێشەوا قازی محەممەد دانراوە. لەوێدا پێشەوا، بە ڕەسمی مەلا و مامۆستایانی کورد، بە عەرەبی نووسیویەتی: "شایەدەکان لای من سەبارەت بەوەی وا [لێرەدا] نووسراوە، شایەدییان دا. منی بچووك، محمد قاضی". ئەوە دەبێ پشتڕاست کردنەوەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی، یان مامەڵەیەکی بازرگانی بووبێت. نووسراوەی مۆرەکەش بریتییە لە "صل علی محمد". لە ڕابردوودا باو بوو خەڵکانێك کە دەیاندا مۆریان بۆ هەڵکەنن، ئایەتێکی قورئان یان حەدیس یان ڕیوایەت یان دۆعایەکی عەرەبییان لەسەر مۆرەکە دەنووسی، کە ناوی خۆیانی تێدا گونجابێت یان ئاماژەیەکی بە واتای ناوەکە تێدا بێت؛ لێرەدا ئەو ئاڵقەی پەیوەندییە، وشەی"محمد"ە کە ناوی پێغەمبەری ئیسلام و ناوی پێشەوا خۆیشیەتی.

Jan Dost
15 January [2017]
Diyariya êvarê: Imze û Mohra a Qazî Mihemed
هدية المساء: توقيع وخاتم مولاي الشهيد قاضي محمد رئيس جمهورية كردستان (١٩٤٧



**هەینی، ٢٠١٧/٣/٣**

بە بیستنی هەواڵی پێکدادانی ڕۆژی ڕابردووی پێشمەرگە و شەڕڤانانی ڕۆژئاوا لە شنگاڵ تاساوم. لە خوو وخدەی کوێستانیی و ڕوانگەی موتڵەق بینی کورد زۆر نیگەرانم شەڕەکە درێژە پێبدەن، ئەگەریش بیوەستێنن سەرلەنوێ هەڵیگیرسێننەوە، بە تایبەت کە دەستی لاوەکیش لە کاردایە و دنەمان دەدات.

ڕاست لەو بارودۆخە ناسکەدا بوو کە لە سەر ماڵپەڕی هەڵوێست چاوم بە وتارێك کەوت لەژێر ئەم سەردێڕەدا: "ئەو پێشمەرگە ژنانەی کە لە ریزەکانی کۆمەڵە لە ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٩٥ گیانیان بەخت کردووە". لەوێدا ناوی ١٣٧ پێشمەرگەی ژن ڕاگەیێنرابوو. ئەو هەواڵە بۆ من جێگەی خەفەتێکی گەورە بوو، بەڵام خەفەتی گەورەتر ئەو ڕاگەیێنراوە بوو کە نزیکەی ١٠ کەس لەو ١٣٧ کەسە لە شەڕی نگریسی ناوخۆیی و پێکدادان لەگەڵ حزبی دیموکراتدا

کووژرابوون. ئامارێکی ئەوتۆم لە لایەنەکەی دیکە بەرچاو نەکەوتووە بەڵام دڵنیام حزبی دیموکراتیش ژمارەی گیان بەختکراوانی ژنی لەو شەڕە چەپەڵەدا دەبێ لە دەوروبەری هەر ئەو ژمارەیە بێت، کەمتر یان زیاتر.
بە گوێرەی مەنتیقێکی ساکار، ئەگەر ئەوە ئاماری ژنانی کووژراوی هەردوو بەرەی شەڕ بوو بێت، دەبێ ژمارەی کووژراوانی پیاو بە چەند قاتی ئەوان بزانین؛ شەرمەزاری لەوە زیاتریش بۆ 'پێشەنگانی گەل' هەیە؟
میللەتی لە گوێی گادا خەوتوو لای وابوو ئەو دەرسە پڕ ئێش وئازارە ببێتە هۆی ئەوەی حزبە چەکدارەکانی کورد هێڵێکی سووریان بۆ شەڕی براکوژی کێشابێت و چیتر تێپەڕی نەکەن. بەڵام ئەوان عومرێك شەڕی یەکتریان کردووە و پێی ڕاهاتوون، تەرکی عادەتیش نەخۆشی دێنێت، جا مانگی ڕابردوو پێکدادانێك لە نێوان هێزی چەکداری پ ك ك و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕوویدا و ١٣ کەس لە هەردوولا کووژران، گەرچی هەردوولایان لە ترسی توورەیی خەڵك سەرپۆشیان نایە سەر و ڕاستییەکەیان لە خەڵك شاردەوە- کارێکی بێ سوود لەبەر ئەوەی هەرئێستا بڵێسەی ئاگر لە شنگاڵەوە سەری هەڵداوە و پاڵەوان پەممۆکان ڕووبەڕووی یەك وەستاونەتەوە. ئافەرەم بۆ وەفای هەردوولا بە خەڵك و نیشتمان!
بە داخەوە، ئەگەر چاوەڕێ بین ئەو باخە دۆزەخییە گوڵی سووری زیاتریش لە خوێنی لاوانی کورد بەرهەم بێنێت، کارێکی ناماقووڵمان نەکردووە.

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٣/٧**

هەواڵێکم خوێندەوە سەبارەت بە کوردانی دانیشتووی سوودان. بەو چەشنەی لە هەواڵەکەدا باس کرابوو، دەبێ ٨٠ تا ١٠٠ هەزار کەس لە سوودان هەبن کە بە ڕەچەڵەك کوردن! ئێستا دوای لوبنان و ئیسرائیل و قازاخستان و ئازەربایجانی باکووری، دەبێ سوودانیش لە لیستەی وڵاتانی "کورد تێدا فەوتاو" یان "تیانەی توانەوەی کورد" زیاد بکەین. سەری پەتەکە بگرە و بچۆ بۆمیسر و پاکستان و ئەفغانستان و تەنانەت بۆ ئاڵبانیا و هۆنگاریاش!
ئەو تووی هەرێزە بە کێ کۆدەبێتەوە؟
بە کەیانێکی نەتەوەیی! جوولەکە لە ئێمە پەرش و بڵاوتر بوون و توانییان کۆی بکەنەوە.
ئەو کەیانە چۆن دادەمەزرێت؟
بە دڵنیایی شەڕی شنگال وەدیهێنەری نابێت!

**چوار شەممە، ٢٠١٧/٣/٨**

ئەمرۆ ڕۆژی جیهانی ژن بوو. لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا، سەرچاوە فەرمی و دەوڵەتییەکان بە نیونیگایەك بە سەر هەواڵی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕن و دەڕۆن. هۆکاری سەرەکی مەسەلەکە سیاسی بوونیەتی و گرنگی پێدانی لە لایەن ڕێکخراوە چەپ و فێمینیستییەکانەوە، کە هیچ حکوومەتێکی ڕۆژئاوا خۆشی لە چارەیان نایەت.

بەڵام هۆکارێکی دیکەش هەیە و نابێ سەرنجی نەدرێتێ. ئەویش ئەوەیە ڕۆژی ژن هێشتا نەبۆتە 'مارکێت' و بازاڕی کڕین و فرۆشتنی دیاری و پێشکەشی! سەیرێکی ڕۆژی ڤالنتاین و ڕۆژی دایك و ڕۆژی باوك بکەن، بزانن لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا چەندەها ملیار گوڵ و چۆکلێت و شتومەکی پەیوەندیدار و بێ پەیوەندیی ئەو ڕووداوە مێژووییە بە خەڵك دەفرۆشرێت، ئیتر باسی کریسمەس و ئیستر (پاك) هەر مەکەن کە تییاندا عیسای هەزار ناوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نابرێت و بایەخی ئەو هێلکە چۆکلێتییەی پێ نادرێت کە بۆ منداڵانی دەکڕن، بەڵام بەحری دیاری کڕین لە هەموو دووکان و شەقامێکدا ملّق ئەدات! لە ڕۆژئاوا هەموو شتێك کالایە و نرخەکەی لە بازاڕدا دیاری دەکرێت.

دەبێ گەلێك خۆشحاڵ بین کە ڕۆژی ٨ ی مارس بایەخە شۆڕشگێڕانە و سیاسی-کۆمەڵایەتییەکەی پارێزراوە و هێشتا نەبۆتە کالا!

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٣/٩**

'عەبدولکەریم سروش' زانای ئایینیی ئێران، کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژی، ماوەیەکە لە ئیسلام ڕاساوەتە سەر پێ و گوایە دەڵێ مەولانای ڕۆمی (سەدەی شەشەمی زایینی) ئایینێکی جیاواز لە ئیسلامی هێناوەتە گۆڕێ، بەڵام خەڵك لێی تێنەگەیشتوون و ئەویش لە ترسان نەیوێرا ئاشکرای بکات. ئەوەی خوارەوە یەك لە بۆچوونەکانی دیکەیەتی:

"وەحی ئەنبیا خەونن و دەبێ تەفسیر (خوابگوزاری) بکرێن... قورئان حاسڵی ئەو خەونانەیە وا پێغەمبەری ئیسلام بینیویەتی؛ زمانی قورئان و زمانی وەحی زمانی خەونن، زمانی بێداری نین؛ ئەو وێنەیەش کە پێغەمبەر لە بەهەشت و جەهەننەمی دەکێشێتەوە، لە خەونیدا بینیویەتی".

ئافەریم مەلا کەریم! ماوەی ٤٠ ساڵ زوڕنات بۆ مامۆستاکانی قوم و مەشهەد لێدا، بەڵام بیلامانێ هینیان بە کڵاوت نەپێوا، ئێستاش بەڵکوو ئایینێکی نوێ بهێنی و خەڵکانی وەك خۆت بە دەورتەوە کۆبکەیەوە، خۆ ئەگەر مۆجزەیەکی وەك شق القمریشت پیشانی خەڵك بدایە، ئیتر بە شەوێك ژمارەی 'ئوممەتی سرووشی' لە سەرجەم جەماعەتی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیی دانیشتووی دەرەوەی وڵات زیاتر دەبوو!

**بەشی ٧ دووشەممە، ٢٠١٧/٣/١٣**

**شیعرێکی بڵاو نەکراوە**

من دانه خال میشمارم، تسبیح به صوفیان گذارید!

ئەوە شیعری شاعیرێکە بە ناوی "هادی" یان "مەلا هادی". لە هەمان ئەو بەیازەی شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخیدا چاوم پێی کەوت، کە لە کتێبخانەی بریتانیا لە لەندەن پارێزراوە و "کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی گۆرانی" (BL.MS.OR.6444) لەبەر ئەو نووسراوەتەوە.

سەرجەم بەیازەکە شیعری کوردی و فارسیی شاعیرانی ناوچەی ئەردەڵان و گۆرانە و بەم پێیە، دەبێ "هادی"ش کوردێکی خەڵکی هەمان ناوچە بووبێت. ئەگەری زۆر لای من ئەوەیە هادی ناسناوی شیعریی مەلایەکی بنەماڵەی مەردۆخی، یان مامۆستا، فەقێ و موستەعیددێکی ئەوان بووبێت. بە حیسابی ساڵی نووسرانەوەی بەیازەکەش، دەبێ هادی لای کەم ٢٢٠ ساڵێك پێش ئێستا ژیابێت.

سەد بریا کتێبی "مشاهیر کرد"ی بابامەردۆخ ڕۆحانی یان مێژووەکانی ئەدەبی کوردی، جگە لە پێرست، ئیندێکسی ناوەکانیشیان بۆ پێك بهاتایە بۆ ئەوەی لە کاتی وادا یارمەتیدەری خوێنەر بن و بتوانرێت سۆراغی ناوی کەسانیان لێبکرێت.

شیعرێکی گەلێك جوانە و شاعیرەکەی بەو مرخە ڕەوانەوە دەبێ شیعری دیکەشی هەبن. سەیری مۆسیقای دەروونیی پیتەکان بکەن: سم سمند(س)، درد دل و دوا(د)، بیهوده و طبیب(ب)، خبر خود و بیخبر(خ). بەڵام 'هادی' کێیە؟ تۆ بڵێی کەس نەبێت سەری هەوداکە بدۆزێتەوە؟ ئەوە شیعرەکەیە:

یاران، اگرم عزیز دارید / نعشم چو به خاك میسپارید
عطر کفنم ز خاك راهش / از جای سم سمندش آرید
درد دل من دوا ندارد / بیهوده طبیب را میارید
من دانه خال میشمارم / تسبیح به صوفیان گذارید
"هادی" خبری ز خود ندارد / ای بیخبران، خبر ندارید!

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٣/١٤**

وا نەورۆز و چوارشەممە سووری و سێزدەبەدەری ئێرانی دەگاتێ. هەندێك کورد لە باشووری وڵات بە هەڵەداوان کەوتوونەتە دوای ئێرانییەکان و خەریکن چوارشەممەسووری و سێزدەبەدەر و تەنانەت جەژنی شەوی یەڵدا بکەنە نەریتی کوردی و ئێستامان ببەستنەوە بە کلکی زەڕدەشت و ئارییەکانی سێ هەزارساڵ پێشەوە، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خۆیان ناناسن و

مێژوو ناخوێننەوە. بۆ ئەوان سووك و ساناتر ئەوەیە پێ بنێنە جێ پێی ئێرانییەکان- وەك ئەوەی ئێمە میللەت نەبین و لە سیاسەت و هەمووشتێکی دیکەی ژیاندا لێدەگەڕێین ئێرانییەکان لێمان ببن بە مەلاّ و ئێمەش وەك قرڕە بڵێین 'بە گوێی مامۆستا'!

ئێوە ئەگەر بە ڕاستی دەتانەوێ مێژووی کۆن زیندوو بکەنەوە بۆچی لە جیاتی چوارشەممە سووریی ئەوان ڕێز لە "چوارشەممە کوڵە"ی خوشك وبرا ئێزدییەکانمان ناگرن کە چەند هەزار ساڵە لەژێر ئەو هەموو گوشار و کوشتوبڕەی خۆیی و بێگانەدا پاراستوویانە و گەیاندوویانەتە ئەمڕۆ؟ چوارشەممەی بێگانە جوانە و هی خۆمان دزێو؟ ئەوە یاری مندالاّنە یان چارەنووسی میللەتێك؟ تەلەفیزیۆنە کوردییەکان بۆچی یاری بە کەیانی گەل و فەرهەنگی خەڵك دەکەن؟ بۆچی درۆ هەڵدەبەستن؟ بۆچی مێژووی تەزویرمان بۆ دروست دەکەن؟ بۆچی گەورەیی کورد لە لاسایی کردنەوەی بێگاناندا دەبینن- ئەویش بێگانەیەك کە دەیەوێت لە ناو خۆیاندا بمانتوێنێتەوە و کۆنسولەکەیان لە هەولێر دووساڵ پێش ئێستا قەندی شکاند و فەرمووی کوردی هەر زمان نییە!

**<u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٣/١٥</u>**

بە گوێرەی زانیاریی من، تەنیا لە نێوان ١٥ تا ٢٤ ی ئەم مانگەدا، چوار جەژنی نەورۆز لە چوار شوێنی جیاوازی لەندەن بەڕێوە دەبرێت! دوور نییە چەندی دیکەش هەن کە من پێم نەزانیون.

ئایا دابەش کردنی خەڵك بە سەر چوار هۆڵ و چوار شوێنی یەك شاردا، خزمەتە بە کورد و زیندوو ڕاگرتنی مێژووەکەیەتی؟

ئێوە حزبن، گرووپن، هەرچی هەن، کەیفی خۆتانە، هاوکاریی یەکتریش ناکەن قەیدی ناکات، بەلاّم بۆچی ڕقەبەرایەتی یەکتر دەکەن و یەکتر دەپووچێننەوە؟

**<u>پێنج شەممە ٢٠١٧/٣/١٦</u>**

ئێران و عیراق و ئاسیا و ئەفریقای ناوێت، لە هەرکوێیەك ئیسلامی عەزیز دەسەلاّتی سەند، ڕاست لەو شوێنەدا یەکەم هەنگاو دژ بە ژنان هەڵدەهێنرێتەوە! فەرموون، کێشەی سیاسی و ئابووری لە ئەفغانستان کەمن، وا سەرەك کۆماری نوێی ولاّتەکە، ڕاست هەڵێکوتاوەتە سەر جل وبەرگی قوتابخانەی کچان! کا غەنی گوایە فەرموویەتی ئەو ڕەنگی شین و بۆرەی وا بۆ بەرگی قوتابخانەی کچان پێشنیار کراوە لەگەڵ داب ونەریتی خەڵکەکەدا یەك ناگرێتەوە

لەبەر ئەوەی کچان هەر لە قەدیمەوە بەرگی ڕەشیان پۆشیوە یان چارشێوی سپییان بەسەردا داوە، کەوابوو فەرموون بگەڕێنەوە سەردەمی پێش زاهیرشا؛ بۆ پێشەوە چوون کفرە.
خبردار! عقب گردا! چاوی خۆت و ڕووی باوکت چەرمگ!

**بەشی ٨ دووشەممە ٢٠ /٢٠١٧/٣**

**٢٠ ی مارچ، ڕۆژی جیهانیی شادی و خۆشی**

ئەمڕۆ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕۆژی شادی جیهانی دانراوە. یووئێن ئەگەر بۆی نەکرابێت هەموو ڕۆژێکی گەلان بکاتە ڕۆژی شادی و دڵخۆشی و تەبایی، وا لایکەم لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە دەیەوێت یەك ڕۆژی ساڵ ڕۆژی شادی بێت!
بە هەڵکەوت و بە حیسابی سەعاتی گۆڕانی ساڵی هەتاوی، ئەمساڵ لە ڕۆژژمێری ئێرانییەکاندا نوێ بوونەوەی ساڵیش کەوتۆتە ٢٠ ی مانگی مارچ، گەرچی یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ هەر ٢١ەمی مانگ واتە سبەینێیە. بەم پێیە، ڕۆژی نەورۆز و ڕۆژی شادی کەوتوونەتە یەك.
بە گوێرەی ڕاگەیاندنی بی بی سی، یەکەم وڵاتانی جیهان بۆ دڵخۆشبوونی خەڵکەکەیان وڵاتانی سکاندیناویا و بە گشتی ڕۆژئاوای جیهانە و وڵاتانی ئێمەمانان، وەك زۆر شتی چاکی دیکە، کەوتوونەتە کۆتاییەکانی لیستە! ئێران پلەی ١٠٥ ی هەیە، عەجەم دەبێ شوکرانە بژێربن لە ژێر سایەی مەلا و مانگی محەڕڕەم و سەفەر و ڕەمەزاندا نەکەوتۆتە پلەی ١٧٩ی کۆتایی، کە گوایە هی لیبیایە!
ئەو ڕۆژی شادییە بۆ کورد لە زۆرێك لە گەلانی دیکەی جیهان پێویسترە. ئێمە ڕۆژی خەم و خەفەتمان گەلێك زۆرە، هیچ نەبێت با ئەمڕۆ دڵشاد بین. بەڵام بە داخەوە کوردستان لەو ئامارە فەرمییانەدا حزووری نییە، گەلێك کە هەر پەلێکی بەدەست وڵاتێکەوەیە، لەگەڵ یەکیان دەبێتە پلەی ٥٠ و لەگەڵ ئەوانیتردا پلەی ١٠٠ و ١٥٠ و ١٧٠، ئەرەستوو و جالینووسیش نازانن کورد لە کوێی جەدوەلەکە وەستاوە!

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٣/٢١**

ئەمڕۆ ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە، هاتەوە / جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە "هات"ەوە...
واهەیە زۆرکەس نەزانن "هاتەوە" و بە"هات"ە وە، کە پیرەمێردی نەمر جیناسی لێ پێکهێناون، دوو واتای جیاوازیان هەیە. "هاتەوە"ی یەکەم هەمان واتای ساکاری هاتنەوە و گەڕانەوەی

هەیە، لەکاتێکدا "هات"ی دووهەم بە واتای هات و بەخت و ئیقباڵە و شاعیر گوتوویەتی نەورۆزی کورد بە 'هات'ەوە هاتەوە ناومان.
هەرچۆنێك بێت، هیوای منیش وەك هەموو کوردێکی دیکە ئەوەیە ئەمساڵ نەورۆز بە 'هات'ەوە هاتبێتەوە ناو کورد. گەلانی دراوسێ سەدان ساڵە ئەو 'هات'ە ڕووی تێکردوون با ئەمساڵ 'هات'ی ئێمە بێت و هیچ نەبێت، ئاڵاکەمان لە سەر قەڵای کەرکووك شەکاوە بمێنێت!

**چوار شەممە، ٢٠١٧/٣/٢٢**

ئەمڕۆ ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی جەنابم بوو، تەشریفم بوومە ٧٣ ساڵان! بەڵام هەواڵی ناخۆشی هێرشکارییەکەی شاری لەندەن ڕۆژەکەی لێ تاڵ کردم. "ئیسلامی عەزیز"ی مەلاکان بە ترومبیل و چەقۆ هێرشی کردە سەر خەڵکی بێتاوانی ناو جادە و لە نزیك پەرلەمانی بریتانیا و ٢٠ کەسی کوشت و بریندار کرد. یەکیان ژنێکی هەژاری گەڕۆك بوو هاتبوو لەندەن ببینێت و جوار وێنە هەڵبگرێت و بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، بەڵام ئیسلامی عەزیز خستیە چۆمەوە و هاوڕێ لەگەڵ پۆلیسێکی بێ چەك، کوشتی. 'عطوفت اسلامی' تەنیا کچ و ژنی ئێزدی و کلدانی نەگرتۆتەوە، بەڵکوو باڵی کێشاوەتە سەر ژنی مەسیحی سەر بردی وێست مینستریش. بەوە دەڵێن جیهانی بوونی ئیسلام؛ چ گەورەیی و شانازییەك لەوە زیاتر دەبێت ژنێکی بێ تاوان لەو سەر پردەوە بخەیە خوارەوە و سەیری بکەی! گوایە هێرشکارەکە "ڕیشن" بووە، هەمان ئەو ڕیشانەی وا شیرکۆ بێکەس لە شیعرە جوانەکەیدا پەردەی لەسەر باوەڕیان لادا، دەست و پێوەندی ئەوانیش بێکار دانەنیشتن و کێلی قەبرەکەی شێرکۆیان لە ناوەڕاستی شاری سلێمانی ورد و خاش کرد. ئیسلامی عەزیز تەنیا شموولی زیندووان ناکات و لێناگەڕێ لە ناوقەبردا نەکیر و مونکر بە گورزی ئاسن بێنە پێشوازی خەڵك، بەڵکوو بە کێلی قەبری خەڵکیش ڕادەگات. ئەوانەی سلێمانی لە قوم و مەشهەد دەرس دادراون، مامۆستاکانیان لەمێژساڵە خەریکی ئەو کارە 'پیرۆز'ەن لە ناو ئێران.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٣/٢٣**

ناوی کورد لە شیعرێکی فارسیدا
ڕودەکی سەمەرقەندی ( ٨٥٨ – ٩٤١ی زایینی) و مەولەوی بەڵخی ڕۆمی (١٢٠٧ – ١٢٧٣ ی زایینی)
پارچە شیعرێك هەیە کە تێیدا باس لە خەڵکی سێ شوێن دەکات، مەرو، ڕەی، ڕۆم، ئینجا ناوی کوردیشیان بە شوێندا دێنێت. شیعرەکە کێشەی لەسەرە ئایا هی ڕوودەکی بێت یان

مەولەوی. ئەوە دوو شاعیرە ٣٠٠ ساڵێك پێش و دوای یەکتر ژیاون، جا ئەگەری زیاتر ئەوەیە شیعرەکە هی یەکەمیان واتە ڕوودەکی بێت بەڵام بە گوێرەی ناوەرۆك، زیاتر لە هی مەولەوی ڕۆمی دەچێت. شاعیر بە هاوردنی ناوی ئەو چوارە ویستوویەتی قیاسێك بکات و بڵێ باوەکوو هەرچواریان پێکەوە هاوسەفەریش بن، بەڵام لە گەڕانەوەی ناو ماڵیاندا دەبنەوە هەمان ئەو شتەی کە بوون و نابێ وەك یەکیان بزانین؛ بۆ سەلماندی بۆچوونی خۆیشی، پرسیویەتی کەی کووتاڵی هاوریشم دەبێتە هاوشانی پارچەی کەتانی؟ عینوانی شیعرەکەی ڕوودەکی ئەوەیە: "در رثای ابوالحسن مرادی": مرد مرادی، نه همانا که مرد / مرگ چنان خواجه نه کاری‌ست خرد. شیعرەکەی مەولەویشی ئاوا دەست پێدەکات: "گفت کسی خواجه سنائی بمرد/ مرگ چنان خواجه نه کاری‌ست خرد".

بە گوێرەی ئەوەی شاعیرانی کۆنی فارسی زمان قەت ددانی خێریان بە کورددا نەناوە و لە زوربەی ئەو شوێنانەدا کە ناوی کورد هاتبێت، وەك شوان و ڕەوەند و گوندی لە قەڵەم دراوە، لێرەشدا لام وانییە شاعیر ، چ ڕوودەکی بێت چ مەولەوی، ئێمەی بە هاوریشم دانابێت! تەنانەت سەعدی لە "حکایت طبیب و کرد" (بابی پێنجەمی بوستان)دا تەمسیلێك دروست دەکات لە زانا و نەزان و چارەنووس. لەوێشدا کورد کابرای نەزانە کە چازان و دوکتۆرەکە دێت نەخۆشیی ئەو چارەسەر بکات، بەڵام خۆی دەمرێت و کابرای کورد چل ساڵ دوای ئەویش دەژی: "قضارا طبیب اندر آن شب بمرد / چهل سال بگذشت و زنده است کرد!"، کە من لام وایە ئەو بەشەی شیعری "کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە"ی نەمر یۆنس ڕەئووف دڵداریش لەژێر کارتێکەریی ئەم فەردەی سەعدیدا بووە.

با لێرەدا ئەو معترضەیەش بڵێم: لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئێراندا گەلێك جار وشەی "کورد" چەمکێکی گشتی بووە بۆ شوان و مەڕدار نەك خەڵکێك کە زمانی ئاخافتنیان کوردی بێت. ئەوە شیعرەکەی ڕوودەکی یان مەولەوییە:

"...در سفر افتند به هم ای عزیز
مرغزی و رازی و رومی و کرد
خانه خود بازرود هر یکی
اطلس کی باشد همتای برد؟..."

**بەشی ٩ دووشەممە، ٢٠١٧/٣/٢٧**

نەورۆزی ئەمساڵیش هات و ڕابرد. لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن و ئینترنێتەوە ڕێ و ڕەسمی نەورۆزی چەند گەل و وڵاتم بینی و پرسیارێکم لا دروست بوو: "نەورۆزی کورد" چییە؟ واتە ئەگەر کەسێکی بێگانە لێمان بپرسێت واتای نەورۆز بۆ کورد چییە، یان کورد چۆن دەڕواننە نەورۆز؟ وەڵامی ئێمە چی دەبێت؟

نەورۆز جگە لە ئاگر کردنەوە و سەیران چوونێك، چی بۆ ئێمە پێیە؟ شادی" ؟ ئەگەر شادی بۆ کورد بە دیاری بهێنێت، گەلێك بەخێر بێت! بەڵام ئێمە جگە لەو شادی و سەیرانە، چ شتێکمان هەیە لە نەورۆزدا لای یەکمان دابنێت و لێکمان نزیك بکاتەوە؟ وەك ئێرانییەکان ڕۆژژمێرمان نوێ نابێتەوە، ڕێ و ڕەسمی 'ساڵ تەحویل'مان نییە، سفرەی ٧ سین ناچنین، سەردانی ماڵی یەکتر ناکەین، جل و بەرگی نوێ بۆ منداڵمان ناکڕین، جەژنانە بە منداڵ نادەین، چەند ڕۆژ پشوودانمان نییە، تەنانەتوەك ئەوان ڕێ و ەسمی ئایینی تێکەڵاوی ڕەسمە دێرینە مێژووییەکە ناکەین. وەك ئازەربایجانییەکانیش لە سەر شەقام کارناواڵ بەڕێوە نابەین. ئەی چی؟ سەیران ناتوانێت نەتەوەیەك لێك نزیك بکاتەوە لەبەر ئەوەی دیاردەیەکی بنەماڵەییە و بۆ هەموو خەڵکی شارێك و گوندێکی کورداستان نییە، ئەویش تەنیا لە باشووری کوردستان بەڕێوە دەبرێت.

من لە دیاردەیەکی گشتی دەگەڕێم کە وەك عاشووڕا و ئەربەعینی شیعە، هەموو میللەتەکەمان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و دەرفەتێك بێت بۆ پێکەوە بوون و پێکەوە بڕیاردان. حکوومەتی ئێران بە گرنگایەتی ئەو کۆبوونەوە گشتییانەی کۆمەڵانی خەڵکی زانیوە و ئێستا دوو سێ ساڵە نەك هەر تاسوعا و عاشووڕا و ئەربەعین و ٢٧ ی ڕەمەزان، بەڵکوو فاطمیەشی لێ زیاد کردووە. ئێمە چیمان هەیە لێکمان نزیك بکاتەوە و لە دەوری یەکمان دابنێت؟ ئایا نەورۆز ئەو ئەرکە گرنگە نەتەوەییە بەڕێوە دەبات؟ ئایا نەورۆزی کورد دەبێ بۆ هەمیشە سیاسی بمێنێتەوە یان ببێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؟ ئایا نەورۆز دەبێ کەرەسە و ئامێرێك بێت بە دەست حزبە سیاسییەکانەوە یان دیاردەیەکی سەربەخۆ لە سیاسەت؟

سەیرانی ڕۆژی نەورۆز لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە هیممەتی پیرەمێرد و کەسانی وەك ئەو ڕێکخرا و لە ڕاستیدا خۆپیشاندانێك بوو دژ بە دەسەڵاتی حاکم و ئەوانەی وا بەرگرییان لە بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز دەکرد، ئەوانیش ڕاست بەو نییەتە دەچوونە سەیران کە بە دوژمن بڵێن ئێمە هەین و پێکەوەین و تایبەتمەندی خۆمان هەیە. بەڵام ئێستا سەیران ئەو واتا سیاسییەی نەماوە و ناوەرۆکە شۆڕشگێڕانەکەی لێ ئەستێنراوەتەوە.

گرنگ نییە نەورۆز ئەفسانە بێت، ئوستوورە بێت، یان چی. دەبێ بیرێکی سیاسی لەئارادا بێت کە نەورۆز بکاتە جەژنی نەتەوەیی کورد. ئێمە "حبل المتین"ێکمان دەوێت کە هەموومان دەستی پێبگرین، یەکمان بخات، ڕێکمان بخات و وەڕێمان بخات. دەبێ نەورۆز بکەینە ئەستوندەکێکی قایمی نەتەوەیی کە هەموو کوردێك پشتی پێ ببەستن و بەهۆی ئەوەوە لە بەرانبەر دوژمناندا بوەستن. نەورۆز دەبێ بکرێتە شریتێك کە تاکی کورد لە هەرشوێنێك هەیە، وەك تەسبیحی موسوڵمان بە یەکەوە ببەستێت. نەورۆزی ئێستامان ئەو دەورە نابینێت، بە بێ هەوڵێکی ئەوتۆ گەلەکەمان تووی هەرێزە و هەر دەنکەی لە شوێنێك کەوتووە؛ ئەوەش بۆ داهاتووی خەباتی سیاسیمان مەترسیدارە. سەیران و کەباب و بادەنۆشی و پیس و پۆخڵ کردنی سروشت بەو ئاقارەدا ناڕوات. ئەگەر نەورۆز نەتوانێت ئەو ئەرکە بەڕێوە ببات، دەبێ بیر لە دیاردەیەکی دیکە و ڕۆژێکی دیکە بکەینەوە کە لە دەوری یەکمان کۆبکاتەوە و یەکمان بخات. نەورۆزتان پیرۆز!

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/٣/٢٨</u>**

ئەرێ پینۆکیۆ لەکوێی؟

سەیرێکی ئەم ڕستەیەی خوارەوە بکەن؛ بەشێکە لە پەیامی نەورۆزی ئەمساڵی دۆناڵد ترامپ سەرەك کۆماری ئەمریکا، کە گوایە لە قەولی 'کۆرشی' شای هەخامەنیشی ئێرانەوە گوتوویەتی:

"آزادی، کرامت و ثروت بزرگ‌ترین شادی‌بخش بشریت‌اند. اگر این سه را به مردم‌تان ارزانی دارید، عشق آنان به شما هرگز پایان نمی‌یابد."

هەی هاوار هەی داد ئەو چەمکانە هەمووی هی ئەمڕۆن، ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا کورشی نەوەی جیش پیش، بە بابەڵبابیەوە یەك لەو چەمکانەی نەزانیوە و نەیبیستووە و لێی تێنەگەیوە. ئەوانە سیاسەت خستوونیەتە دەمی موبارەکی مام کۆرشەوە، کە هەموو شانازییەکەی ئەوە بوو حکوومەتی مادەکانی لەناو برد.

وێدەچێت لە ڕقی مەلاکانی ئێران کۆرشی کۆدیتاچی و مرۆڤکوژمان لێ بکەنە فەیلەسوفی هەموو سەردەمەکان! سیاسەت هەر هەمووشی درۆ نەبێت، بەشێکی زۆری گۆڕینی ڕاستییەکانە. بەداخەوە!

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٣/٣٠**

وا ڕۆژی ٢ ی ئاوریل- ڕۆژی ڕۆژنامەوانیی کوردی، بەڕێگەوەیە. ١١٩ ساڵ پێش ئێستا ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە بڵاو کرایەوە.

من ئێستاش لە سەر ئەو بۆچوونەم ماوم کە چەندساڵێك پێش ئێستا لە ڕێ ورەسمی ساڵوەگەڕی سەد ویەکەمین ساڵی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە کۆڕێکدا لە لەندەن ڕامگەیاند و گوتم:

"بە بۆچوونی من ڕۆژنامەی کوردستان (یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی) هەموو ژمارەکانی، هەر لە ١ ەوە تا ٣١ی کۆتایی، تەنیا لە قاهیرە دەرچوون و جەلادەت بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخانی برای، ئەو چەند ژمارەیەی وا دەگوترێ لە لەندەن و فۆلکستن و جنێڤا دەریانکردوون، لە ڕاستیدا هەر لە قاهیرە چاپیان کردوون بەڵام بۆ شوێنە گومکیی خدیۆی میسر کە لەژێر گوشاری بابی عالیدا مۆڵەتی دەرچوونی ڕۆژنامەکەی پێ نەدەدان، ئەو ڕێبازەیان دۆزییەوە کە ناوی ئەو سێ شارەی تر لە سەر ڕۆژنامەکە بنووسن و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هاوبیرانی کورد و دۆستانی تورکی "اتحاد و ترقی" یەوە کە بەشێکیان لەو شارانە، بەتایبەت لە شاری 'کاونتربری' بن گوێی فۆلکستن لە بریتانیا نیشتە جێ بوون، لە لەندەن و فۆلکستن و جنێڤاوە بە پۆستە بیاننێرن بۆ ئابوونە و خوێنەرانی ناو خاکی عوسمانی. کاری سیاسی لە وڵاتانی نادیموکراتدا، ئەو تەناف بازی و فێڵ کردن و شوێنەگومکییانەی پێویستە".

بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکەم، دەبێ چەند کار بکرێت، یەکیان بەراوردکاریی کاغەز و جەوهەری چاپ و چەشنایەتی پیتەکان و ناوەرۆکی هەواڵ و نووسینەکانە لە نێوان هەموو ژمارەکانی قاهیرە و ئەو سێ شارەدا و ئەویتر، هەوڵدانێکی شێلگیرانەیە بۆ دۆزینەوەی سەرەهەودای چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە لەو سێ شارە، کە ئەگەر بوویێت و ڕوویدابێت، دەبێ نیشانەیەکیشیان لە تۆمار و بەڵگەنامە فەرمییەکانی ئەو ناوچەیەی وا لەوێوە دەریانکردووە، لێ بەجێ مابێت.

من نامەیەکم بۆ کتێبخانەی ناوەندیی شاری فۆلکستن نووسیوە و تکام لێکردوون ڕێنومایيم بکەن لە کام سەرچاوە و لەچ ڕێگەیەکەوە دەتوانم لە مەسەلەکە بکۆڵمەوە بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە ئایا بەڵگە و نیشانەیەکی فەرمی هەیە لەو ماوە تایبەتەدا (١٨٩٨ تا ١٩٠١)، ژمارەی ٢٥ تا ٢٩ لە ڕۆژنامەیەك بەو ناوە لە شارەکەیان دەرچوویێت؟ لە نامەکەمدا گرنگایەتی ڕۆژنامەکەم بۆ گەلی کورد دەست نیشان کردووە و ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامیانم. دەکرێ کارێکی هاوچەشن لە لەندەن و جنێڤاش بکرێت، گەرچی لە ناو دەریای بەرینی ئەو مەزن شارانەدا ئەستەمترە دەرزییەکی وونبووی وا بدۆزرێتەوە. فۆلکستن لە چاو لەندەن و جنێڤا، شاروچکەیەکی بچووکە و واهەیە هاسانتر بێت کاری ئەوتۆی تێدا بەڕێوە ببرێت.

**بەشی ١٠ یەکشەممە، ٢٠١٧/٤/٢**

لێرە، لە بریتانیا، کلیسای جۆربەجۆر بۆ فیرقەی هەمەچەشنەی مەسیحییەت هەن کە دوور ونزیك مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای چاکسازییەکانی "لوتر" لە سەدەی شازدەهەمدا؛ دڵنیام دەبێ لە وڵاتانی دیکەی ئوروپاش کەم و زۆر هەروابێت.

کاتی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی (بە کوردیشەوە) دەبینم باس لە یەك گرتن و یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکەن، دەکەومە بیری ئەو ئیماندارە مەسیحییانەی وا نزیکەی چوارسەدساڵە هەوڵی یەکگرتنەوەی کلیساکان دەدەن و هەنگاوێکیش لە ئامانجەکەیان نەچوونە پێشەوە هیچ، تەنانەت خۆیشیان بوونەتە فیرقەیەکی دیکەی سەرباری ئەو دەیان لق و فەرعەی وا دەیانویست بیانکەن بە یەك!

یەکگرتنەوە و ئیئتیلاف گونجاو نابێت ئەگەر لایەنەکانی ئەو ئیئتیلافە بیر لە تواندنەوە و نەهێشتنی لایەنی بەرانبەریان بکەنەوە؛ باری قورسی یەکگرتن و یەکگرتنەوە تەنیا بە هاوپشتی و هاوکاریکردن دەگاتە جێ، نەك بە فەوتاندن و تواندنەوە!

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٣/٢٩**

ئەهلی حەق و شیعە

مەلای نەجەف و قوم لەمێژە خەریکن ئایینی یارسان لە ناو شیعەی دوازدە ئیمامیدا بتوێننەوە و بنەما مێژووییەکەی، بە تایبەت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئایینی کۆنی ئێزدی، بێ بایەخ بکەن. ئەوان هەندێك لقی ئایینی ئەهلی حەقیان بەرەو خۆیان ڕاکێشاوە و لە بەژنی سەرەکی ئاییەنەکە جیایان کردوونەتەوە، ئینجا ژێر باڵیان گرتورن و دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان پێداون بۆ ئەوەی زاڵیان بکەن بەسەر ئەوانیتردا و ئەنجام بگەیێننە ئەوەی سەرەتا ببنە پەراوێزی شیعە و لەکۆتاییدا لەناویاندا بتوێنەوە.

وا کێشەکە گەیشتۆتە بەر دەرگای کورد لە باشووری کوردستانیش!. لەوێ کەسانێکیان لە ناو کاکەییەکاندا پەروەردە کردووە کە خۆیان بە موسوڵمان و شیعە ناو دەبەن و دەڵێن ئێمە هەر لە بنەڕەتدا شیعەی دوازدە ئیمامی بووین! دیعایەیەکی بەتاڵ کە فڕی بە سەر ڕاستییە مێژووییەکانەوە نەداوە. بارودۆخی سیاسی کوردستان و دەسەڵاتی ئێرانییەکان لە هەڵەبجە و سلێمانی وای کردووە، پاسدار و ئیتیلاعاتی نەك هەر دەست لە کاروباری سیاسیی کوردستان وەربدەن بەڵکوو وەك مڵە بکەونە گیانی لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی گەلەکەشمان و ئەوەی تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بۆیان نەکرابێت، لەوێ بیکەن.

یارسان، ئایینی حەقە، کاکەیی، ئەهلی حەق، عەلەوییەکانی شەبەك و هەر لق و پەلێکی دیکەی ئەو ئایینە، مێژوویەکی سەربەخۆ و جیاواز لە ئیسلامیان هەیە و وەك هەموو گەلان و خاوەن ئیمانەکانی دیکەی ناوچە بە ئێزدییەکانەوە، پەیوەندێکی بنەڕەتییان لەگەڵ ئیسلام نییە. ئەوە تەنیا سیاسەت و پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامییە عاسمان بە ڕێسمانەوە دەبەستێت!

<u>**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٤/٦**</u>

ئێمە خەڵکێکی سەیرین! شاعیری گەورەی وەك مامۆستا خالیدی حیسامی (هێدی) دەیان ساڵ شیعری بۆ ئێمەی میللەتەکەی! گوت، لەناو هەر ئەو میللەتەشدا کۆچی دوایی کرد، لە ڕۆژی مەرگیدا، "دایکی وەتەن" خاوەنی دەیان ئێزگەی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و لەوە زیاتریش ڕۆژنامە و گۆڤار بوو، میدیای مەجازی ئیتر مەپرسە.  لەو لەشکرە گەورە بەناو "ئەعلامی"یەی کورد، ئێستا بۆ نێوی سوێندەکە، تەنانەت دوانیان ناوی ناهێنن و شیعرێکی لێ بڵاو ناکەنەوە، وەك ئەوەی هێدییەکی کورد لەو نیشتمانەدا نەژیابێت و شیعری بۆ "دایکی نیشتمان" نەگوتبێت.
ئەی ئەم شیعرە کێ گوتوویەتی؟

*"...کوردەواری، کۆیلەیی تۆ هەر لە دەوری مادەوە*
*هەرچی هاتوە چاخی خۆی کردوویە، من ئێستەی دەکەم*
*هەر لە سەر بەردێکی زێدی شیرنی خۆم جێم هەبێ*
*جا دەزانی 'هێدی' چۆن گاڵتە بە تەختی کەی دەکەم!"*

**بەشی ١١** <u>**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٤/١٣**</u>

ماوەیەکی زۆرە هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە پاگژکردنەوەی زمانی نەتەوایەتیمان لە وشە و زاراوەی بێگانە (بە گشتی، عەرەبی و تورکی و فارسی) لە باشووری کوردستان وەك قەتارێکە لە سەر هێڵی خۆی ترازاوە و بەرەو ئاقارێکی نەخوازراوی نادیار دەڕوات، کە دوور نییە دیوارێك و تاشە بەردێك و کێوێك بێت. پاگژکردنەوەکانی ئێستامان ڕەوتێك نییە پسپۆڕ بەڕێوەی بەرن یان بە شارەزاییەوە بکرێن. لە ئەنجامدا وەك دەرمانێکیان لێهاتووە کە ئەگەر میکرۆبی ناو لەشی نەخۆشەکە دەکووژێت، گەلێك باکتریی باش و بەسوودیشی ناهێڵێت و وا هەیە کەسەکە تووشی چەند نەخۆشیی خراپتریش بکات.
ئەو قسەیەم بێ بەڵگە نییە. من بە گوێرەی ئیش وکاری ڕۆژانە، خەریکی وەرگێڕانی دەقم لە ئینگلیزییەوە بۆ سەر کوردی و فارسی؛ بێ بەش کردنی زمانەکەمان لەو زاراوە و وشە و تەعبیرە عەرەبی و فارسییانەی وا شاعیرانی کلاسیکمان کەڵکیان لێ وەرگرتووە، زمانەکەمانی

هەتیو کردووە. ئێمە بە فڕێدانی ئەو سەروەت و سامانەی کە بە هیممەتی شاعیرانی کلاسیکی کورد، خۆماڵیمان کردبوون، زمانێکی ڕووت و قووتمان هێشتۆتەوە کە ئەگەر ڕەسەنیش بێت، دەرەقەتی فەلسەفە و زانست و کۆمەڵناسی و ئەدەب و هونەر و سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان نایەت و ناشتوانێت شیعرێك، چیرۆکێك یان بابەتێکی سەرکەوتووی کوردی لە پلەی زمانە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆدا پێشکەش بە ئەدەبی جیهانی بکات.

بیرکردنەوە و زمانی قسە کردن و نووسین لە پەیوەندێکی ڕاستەوخۆدان. ئەگەر زمانی پاراو و ڕەوانمان نەبێت ناتوانین بیری قووڵ ڕابگوێزین، بۆ ئەوەی بیری قووڵ و هاوسەنگی جیهانی ئەمڕۆشمان هەبێت، دەبێ بە زمانێکی پاراو و بێ گرێ گۆڵ بدوێین و بنووسین.

زمانی نووسینی ئێستامان بە هۆی لاچوونی گەلێك چەمکی دامەزراوی کۆن و جێگیر نەبوونی واتای هاوشێوەیان، تا ڕادەیەکی زۆر پەکی کەوتووە و دەرەقەتی زمانە پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆی جیهان نایەت، واتە ناتوانین لەو زمانانەوە بابەتێکی پسپۆڕانەی هیچ بوارێك تەنانەت سیاسەت و هونەریش بە شێوەیەك وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی کە هەم دەقی دایك تێیدا قوربانی نەکرێت و سەر وگوێی نەشکێت، هەم خوێنەر لێی تێبگات.

دیارە بەشێك لە کێشەکە توانا و دەسەلاتی کەمی زمانی کوردییە بەلام بەشێکی بەرچاویشی ئەو کارەیە کە خۆمان لەگەڵ زمانەکەمانمان کردووە و بە ناوی خاوێن کردنەوە، سەدان و هەزاران وشەی خۆماڵیکراوی عەرەبیمان لێ دەرهاویشتووە و لە شەش پەلی تەنیا گوێیمان بۆ ماوە!

ئەم بابەتە ئاوی زۆر هەڵدەگرێت و ئێرەش مەیدانی ڕمبازییەکی یەوتۆ نییە، منیش زمانەوان نیم و تەنیا لەڕێگەی وەرگێڕان و خوێندنەوەی ڕۆژانەوە گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامە. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی خۆم لێرەدا سێ نموونە لە شیعری شاعیرانی پێشوومان دەهێنمەوە کە هیچکەس گومانی لە گەورەیی و پلە وپایەی بەرزیان لە مێژووی ئەدەبی زمانەکەماندا نییە بۆ ئەوەی تێبگەین کە بەشی زۆری سەرکەوتوویی ئەوان لە هۆندنەوەی ئەو شیعرانەدا بەستراوەتەوە بەو دەستە وشە (ڤوکابیولەری)یانەی وا کەڵکیان لێ وەرگرتووە کە بریتی بێت لەو وشە عەرەبی و فارسییانەی وا بە درێژایی سەدە و ساڵ خۆماڵی کراون و لە چاوی خوێنەردا جیاوازییەکیان لەگەڵ وشە کوردییەکان نییە. زمانی فارسیش بە هەمان شێوەی زمانی ئێمە لە ژێر قورسایی زۆری ڤوکابیۆلەری عەرەبیدا دەناڵێت و ئەگەر کەسێك وشە و تەعبیراتی عەرەبی لە شیعری کەڵەشاعیرانیان وەك حافز و سەعدی و ئەوانیتر تا دەگاتە شاعیرانی هاوچەرخ، دەربهاوێت، هیچی وا لە زمانەکەیان نامێنێتەوە، بەلام ئەوان ئەو وشە عەرەبییانە بە

"فارسیزە"کراو و خۆماڵی بوو دادەنێن و چاکسازییەکانی ئەم سەد و پەنجا ساڵەی دوای میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و ئەحمەدی کەسرەویش بە هەند وەرناگرن.
زیانێکی گەورەی کاری بێهوودە و هەڵەی ئێمە لە هەڵاواردنی وشە عەرەبییەکاندا ئەوە بووە کە بە هۆی نەبوونی کەرەسەی پێویست بۆ نووسین و تەرجەمەوە، کەسانی بەرپرس بۆ وەرگێڕانی هەواڵ لە دەزگاکانی میدیایی کوردییان مەجبوور کردووە بە کەیفی خۆیان وشە دابتاشن یان بە پەلەپەل هەر لەو زمانە بێگانەیەوە کە پێشتر قرتمان کردبوو، هەروەها لە زمانە ئوروپاییەکان وشە بە قەرز وەربگرن! لە ئەنجامدا ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنمان بۆتە گۆڕەپانی تەراتێنی خەڵکانی ناشارەزا و نەزان و ناپسپۆڕ و تەنانەت هەر حزب و تاقمێك بۆخۆی دەستە وشەی خۆی هەیە و بۆ نموونە ئەگەر بنووسی ژن یان ئافرەت دەست بەجێ دەزانرێ سەر بە کامە حزبی! بە هەمان شێوە، فێرگە و قوتابخانە و دەیان و سەدانی دیکە!
وشەی سواو و خۆماڵیکراوی بێگانە بە دەست شاعیرانی کۆنمانەوە وەك مێو خۆش کرابوو و لە گوێچکەی بیسەر و چاوی خوێنەریشدا شوێنی خۆی دۆزیبووەوە، هەر بۆیەش لێك تێگەیشتن و تەفاهوم گەلێك هاسان بوو، بەڵام وشەی داتاشراوی ئێستا ناتوانێ پردێك بێت لە نێوان نووسەر و خوێنەردا و ئەوە کارەساتێکی مەزنە. تۆ چۆن دەقی فەلسەفە و زانست بەو زمانە ئیفلیجە بە خەڵك ڕادەگەیێنی و تەنانەت چۆن خۆت لێی تێدەگەی؟
ئەوانەی خوارەوە سێ نموونەن لە شیعری سێ شاعیری جێگەی ڕێزی هەموولایەکمان لە شێوەزاری کرمانجی باشووریدا. چاوخشاندنێك بە شیعری مەلای جزیری یان مەولەوی تاوەگوێزی و مەلاپەرێشانی دینەوەریشدا هەمان ئەو شتە دەسەلمێنێت و هەندێکیش ئەولاتر.
من هەوڵمداوە ئەو وشە عەرەبی و فارسی و تورکییانەی لەو شیعرانەی خوارەوەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە، بە ڕەنگی سوور دەست نیشان بکەم و بپرسم ئایا لابردنی ئەو ڕەنگە سوورانە لە بەژنی شیعرەکان چییان لێ دەهێڵێتەوە و کێ هەیە بەبێ ڕەنگە سوورەکان بتوانێت سووکە تێگەیشتنێکیشی لە بەشە ڕەشە کوردییەکانیان هەبێت.
ئێمە درەنگ یا زوو دەبێ "ئەم کارە بایە تەرك بکەین" و لەجیاتی دەمارگیریی کوێرانە، بیر لە تێگەیشتن و لێك تێگەیشتن بکەینەوە کە ئامانجی سەرەکی نووسینیش هەر ئەوەیە و بەس:
نموونەی یەکەم، نالی

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکـــــــا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقــــسودی، لەعەمدا وا دەکـــــــــــا

یا لەمـــــەیـدانـی فـەسـاحـەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێ تەئـەمـــمول بـەو هەمـو نەوعـە زوبـانی رادەکا
کـــەس بە ئەلـــفازم نــەڵـــێ خۆ کوردییە، خۆ کردییە
هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مـــەعنـا دەکـــا

بـــێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکـرێ بەڕۆح،
هــــەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدل سەودا دەکـــا
شــــــیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکـی؟
کەی لە دیـــققەتدا پەتـــــك دەعوا لەگەڵ هەودا دەکـا؟

<u>نموونەی دووهەم، مەحوی:</u>

دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لەوێ دەگرم
کە من مشتێ چڵ و چێوم، بە چی بم، کەڵکی کێ دەگرم
نە گەیییە دامەنی دەستی دوعا، جا دەبمە خاکی رێی
تەریقەی گۆشە گیری بەردەدەم، ئەمجارە رێ دەگرم
کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا ، ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە ، خوێنی تۆ لە پێ دەگرم
لە روو سووری عیبادەت لام و روو زەردی خەجاڵەت مام
بە ناوی سێوی ناوم باغەوان و من بەهێ دەگرم
لەسەرخۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە
هەتا مردن، مەحەببەت ئێشی زۆرە، رێزی لێ دەگرم
چ شۆخە ئاگرم تێ بەر دەدات و پێم دەڵێ: یا شیخ!
بە خاشاکی دەوت شوعلە عەسامە ، دەستی پێ دەگرم
کە سینەی رێشمی بەو تێغی نازە ئەنجن ئەنجن کرد
وتی: پەژموردەیە ئەم لالەزارە ، ئاوی تێ دەگرم
لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ، من بەرقی تێ دەگرم
شوکر هۆشیارە "مەحوی"، تێدەگا دنیا خەراباتە
کە بەدمەستی بکا ئەهلی، خراپەی بۆچی لێ دەگرم؟

<u>نموونەی سێهەم، گۆران</u>

تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم
بێ ناڵە نییە سانیەیەك تاری ڕوبابم!
هەر لەحزەیەکی مەهدی هەزار گریە بوو ئەفسوس
ساڵانی مناڵیم و هەموو عومری شەبابم!
گەر ڕاستە مەلەك نامەیی ئەعمالم ئەنووسێ
با سوور بێ وەکوو خوێنی جگەر خەتتی کیتابم!
شەمعێکە لەسەر لێوە لەرەی مەینەتی من ڕۆژ
ئەستێرەیی شەو شاهیدمن سەختە عەزابم!
ئێستە خەلەلی عافیەتیش باری بەدەنمە
هەر دەردە ئەدا پاچی لە بونیانی خەرابم!
توخوا دڵەکەم! کوانێ خوتووراتی جوانیت؟
بۆ ڕەش بوو هەموو ئوفقی خەیاڵات و سەرابم؟
هەیهات، چ بێ میهر و وەفا دەرچوو نیگارم
حاڵی بە گەرم پرسش ئەکەم، سارده جەوابم!
زیاتر سەبەبی عەقل و شوعوورە خەفەتی من
بۆ غەفڵەت و نیسیانە هەموو نۆشی شەرابم!
ساقی، بە فیدای دیدەیی مەخموورت ئەکەم دین
لێو ڕێژم ئەوێ پیاڵەیی مەی ئەجری سەوابم !

**بەشی ١٢ دووشەممە، ٢٠١٧/٤/١٧**

مۆدێرنیتەی ئیسلامی: سێ تەڵاقە کردن بە تەلەفونی مۆبایل!
لە هەواڵێکدا خوێندمەوە کابرایەکی موسوڵمان لە بریتانیا، بە کورتە نامە (پەیام)ی سەر تەلەفونەکەی سێ جار وشەی تەلاقی نووسیوە و ناردوویە بۆ هاوسەرەکەی، ژنی هەژار هەر بەو سێ وشەیەی سەر تەلەفون، سێ تەڵاقە بووە و ئێستا هیچ چارێکی نییە جگە لەوەی "بەجاش" بکرێت!
بەوە دەڵێن پێشکەوت و دەسکەوتی نوێ. موسوڵمان ئەگەر ناتوانێت مۆبایل دروست بکات، خۆ دەتوانێت وشەی ڕازاوە و بۆن خۆشی لەسەر بنووسێت، دەشتوانێ لە جیاتی فڕێدانی سێ کلۆ قەند، پەیامی وا شیرین بۆ هاوسەرەکەی بنێرێت کە لەماڵەوە ئاگای لە مەعبوودی بێ

زەوال نییە و خەریکی بەخێوکردنی منداڵ و چێشت لێنان بۆ هاوسەرە چڵێسەکەیەتی! بەوە دەڵێن نوێخوازی و لەگەڵ زەمان چوونە پێشەوە.

چوار شەممە، ٢٠١٧/٤/١٩

ئەمڕۆ ڕۆژی "چوارشەممە کوڵە"ی خوشك و برایانی ئێزدیمانە. من لام وایە بۆ هاوپشتی لەگەڵ هاونیشتمانیانی ئێزدی پێویست بێت ئەو ڕۆژە وەك ڕۆژێکی پیرۆز بۆ هەموو گەلەکەمان بگیرێتە بەرچاو و بکرێتە پشووی سەرانسەری لە کوردستان.
خوشك و برایانی مەزلوومی ئێزدی! ئەی ئەو خەڵکەی وا سەدە و ساڵانێکی زۆرە گیرۆدەی دەستی دەمارگیریی دراوسێکانتانن، بە داخەوەم کە ئێمەی کورد لە بێگانەی تورك و ئێرانی و عەرەب بۆتان باشتر نەبووین. ئێمە بە ناوی ئیسلامەوە سەدان جار هێرشمان کردۆتە سەرتان؛ ئەوەندەی سوڵتان سولەیمانی عوسمانی لە ئێوەی کوشت و داعشی ئێستا لێتان دەکووژێت، زیاتر لەو کوشت وبڕە نییە کە میری ڕەواندز لێی کردن! لە هەموو ئەو بەیتە کوردییانەدا کە پاڵەوانی حیکایەتەکە دەچێتە شەڕی "داسنی" لە چیای مەغلووب و بە شانازی و سەرسەفرازی! دەگەڕێتەوە، ئەوە ئێوەی هەژارن کە دەبنە قوربانی و دەکووژرێن.
هەر کوردێك ئاگاداری گۆشەیەك لەو جینایەتانە بێت کە باپیرانمان دەرحەق بە ئێوەیان کردووە، لە بەرانبەرتاندا شەرم دەیگرێ و سەری خەجاڵەت دادەخات. من یەك لەو خەجاڵەتانەی حزووری ئێوەم. تکایە بە نەزانییەکەمان بمانبەخشن.
جەژنی "چارشەمما سوور" لە هەموو ئێزدیان پیرۆز بێت!

**پێنج شەممە، ٢٠ /٢٠١٧/٤**

لە یادداشتی ڕۆژی دوو شەممە ٢٠١٧/٣/٢٧دا گوتم کورد پێویستی بە "حبل المتین"ێکە دەستی پێبگرێت، بە هۆی ئەوەوە یەك بگرێت و یەکدەنگ بێت؛ بەڵام کاتێ نموونەم هێنابووەوە باسم لە ڕۆژی عاشووڕای ئێرانییەکان کردبوو. دیارە من مرۆڤێکی ئایینی نیم و وەك کەسێکی سکیولار نامەوێت گەلەکەم لە قوڕی دەمارگیریی ئایینی بچەقێت یان بە ناوی یەکگرتنەوە پەنا بۆ ڕۆژێك و ڕووداوێك ببات کە بنەمای لەسەر نەزانی و تێنەگەیشتوویی دانراوە.
ئەو "حبل المتین"ەی وا من پێشنیارم کردوە و خەونی پێوە دەبینم، هەرگیز نابێ بچێتە چاڵی نەزانیی خەڵکەوە یان لە چاڵاوی دەمارگیری ئاو هەڵێنجێت. من لە ئاوێنەی "حبل المتین"دا دیاردەیەکی فەرهەنگی، هونەری یان سیاسی دەبینم کە بۆی هەیە شوێنێك، کەسێك، یان

ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی کەسایەتییەکی خاوەن کاریزمای کورد، یان ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی و هونەری، یان سەرکەوتنێکی نەتەوەیی گەلەکەمان بێت.
"مسروب ماشتوس" لە سەدەی پێنجەمی زایینیدا ئەلف و بێیەکی تایبەت بە زمانی ئەرمەنی دروست کرد، ئەرمەنییەکان لە هەرکوێیەکی جیهان بن، هەموو ساڵێك ڕۆژی لەدایکبوونی ماشتوس دەکەنە پشووی سەرانسەری. دیاردەیەکی فەرهەنگی لەو چەشنە دەتوانێت بۆ زمانی نەتەوایەتی کوردیش بگیرێتە بەر چاو: ساڵی نووسرانی شەرەفنامە، ڕۆژی مردنی ئەحمەدی خانی، ڕۆژی دامەزرانی حزبی خۆیبوون، ڕووداوی هەڵەبجە و ئەنفال و ....، ڕۆژی ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد یان کەسایەتییەکی بە کاریزمای تر، هەریەك لەوانە یان دوان و سیانیان دەکرێ ببنە ئەو حبل المتینە و دەنگمان یەك بخات.
سپاسی ئەو دۆستە خۆشەویستەم دەکەم کە هەڵەکەمی ڕاست کردەوە.

**بەشی ١٣ __یەکشەممە، ٢٠١٧/٠٤/٢٣__**

لەسەر یوتیووب دوو بەرنامەی تۆمارکراوی "ئۆڕکێستر فیلارمونیکی کوردستان" و "ئۆڕکێستر فیلارمونیکی موکریان"م چاو پێکەوت و پێیان گەشامەوە. ئەوە یەك لە ئارەزووەکانم بوو لە ماوەی ژیانمدا ببینم مۆسیقای کوردی و مۆسیقارە کوردەکان گەیشتوونەتە پلەیەك کە بتوانن وەك گەلانی دیکە و خەڵکی شارەکانی دیکەی جیهان ئۆڕکێسترایەکی سینفۆنیك یان شێوازە بچووکترەکەی، ئۆڕکێسترای فیلارمونیکیان هەبێت. دەستی بەرهەم هێنەر، کۆنداکتر، ئامێرژەن و دەنگبێژەکانیان خۆش بێت!
دیارە ئۆڕکێسترایەکی فیلارمونیك دەکرێ بە گوێرەی نەك هەر وڵات، بەڵکوو بە حیسابی شارەکانیش جیاواز بێت لە ئۆڕکێسترای شاری پەنادەستی خۆی و ئامێرێك بهێنێتە ناو ئۆڕکێسترەکەیەوە کە لە شارەکانی دراوسێیدا نەبێت. بەم پێیە، بوونی دوو ئۆڕکێسترا لە شاری سنە و مەهاباد کێشەیەکی تێدا نییە بە مەرجێك ئامێرژەن و دەنگ بێژی پێویستیان هەبێت و هەوڵی پەروەردەکردنیان بدرێت.
من وا هەست دەکەم کە بە حیسابی پان و بەرینیی ناوچە و ژمارەی دانیشتووان و ژمارەی هونەرمەندان، کارێکی بەکردەوە گونجاوتر دەبێت ئەگەر هێز و توانای هەر دوو ناوچەکە یەك بگرێت و ئۆڕکێسترایەکی بەهێزتریان لێ پێك بێت، جا لە ساڵانی دواتر و کاتێ کە توانرا هونەرمەندی زیاتر و بەتواناتر پەروەردە بکرێت، بیر لە دوو ئۆڕکێسترای سەربەخۆش بۆ هەردوو شارەکە بکرێتەوە.

ئێمە ئەزموونی تەلەڤیزیۆنە کوردییەکانمان هەیە کە ژمارەیان گەیشتۆتە دەیان ، پارە و بودجەیەکی نجوومیشیان لە پێناودا خەرج دەکرێت بەڵام کەیفییەتی بەرنامەکان نزمە و وەڵامدەری نیازی خەڵك نین و لە دیتنی کاناڵە بێگانەکان بێ نیازمان ناکەن.

ئۆرکێسترای فیلارمونیکی کوردستان هەواڵی کۆنسێرتی داهاتووی خۆی لە هەرێمی کوردستان و هێنانی کۆنداکتری ئوتریشی (نەمسایی) بۆ بەڕێوەبردنی کاتیی ئۆرکێستراکە دابوو. ئەوانەش هەواڵێکی خۆشن. هەرێمی کوردستان ئێستا بۆ کورد وەك قیبلەی ئاواتەکانیەتی و ئاساییە هونەرمەندی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان لەوێ پیشان بدەن. هێنانی پسپۆڕانی بێگانەش بۆ ئۆرکێسترایەك کە بناغەیەکی پرۆفیشناڵی هەبێت تەواو ئاساییە و زۆریش بەجێیە.

کاری یارمەتی وەرگرتن لە پسپۆڕانی بێگانە لەمێژ ساڵ بوو دەبوایە لە باشووری کوردستان بکرایە و ئەو سەردەمەی کە بە ملیۆن پارە سەرفی کاری بێ ئەنجامی وەك هێنانی تیپی فۆلکلۆریی هەڕەمەکی لە گۆشە و قوژبنی جیهان دەکرا، دەبوایە بەو پارە نجوومییانە بۆ نموونە دەیان مۆسیقاری کلاسیك و ئۆپێرامان لە نەمسا و ئیتالیا، یان پسپۆڕی مەقاماتمان لە شوێنێکی وەك باکۆ و حکوومەتی ئازەربایجانەوە بهێنایەتە کوردستان و لەماوەی ئەم دە پازدە ساڵەدا دەیان مۆسیقار و مەقام بێژی شارەزامان پەروەردە بکردایە کە هەر ئەوان لە داهاتوودا ببواینەتە مامۆستای نەوەکانی داهاتوو.

بەداخەوە نەزانی و ناشارەزایی و نەبوونی شەففافیەت لە کارەکاندا ئەو هەموو پارەیەی بەفیڕۆدا و تا ئەمڕۆ تاقە یەك دەنگ بێژ و یەك پیانۆ ژەنمان پەروەردە نەکردووە و هۆڵێکمان بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەیەکی مۆسیقایی بۆ هەر ئەو ئۆرکێسترا فیلارمۆنیکە میوانەش دروست نەکردووە! کۆپی کردنی حەسەن زیرەك و ماملی و عەلی مەردان کاری هونەری نییە و تەنیا کڵاو نانە سەر خەڵکە. ئەوانەی ئەو جینایەتەیان دەرحەق بە مۆسیقا و هونەری نەتەوایەتیمان کرد و گیرفانی خۆیان پێ ئاخنی، بێ هیچ گومانێك بەرپرسن و لەدواڕۆژدا بە تاوانی ئەو خەیانەتانە دەبێ حیساب بە گەلەکەیان بدەنەوە.

**دووشەممە، ٢٠١٧/٠٤/٢٤**

هەرکاتێ هەواڵی ناوچەی لاچین و کەلبەجاڕ دەبیسم کە لە دەست کورد دەرهاتوون و بوونەتە بەشێك لە ئازەربایجان یان جێ کێشەی نێوان ئازەری و ئەرمەنی، دەست بەجێ بیر لەو ئاسۆرییانە دەکەمەوە کە بەشی زۆری ئەو خاك و وڵاتانەی وا ئێستا کەوتۆتە دەست موسوڵمانی عەرەب و تورك و ئێرانی و کورد، سەردەمێك خاك و وڵاتی ئەوان بوون، بەڵام

ئێستا لە هەموو ئەو ئیپڕاتۆریەتە پان و بەرینەی ئاشوری کۆن، تاقە شارێك و گوندێکیش نییە گەلی هەژاری ئاسۆریی لاقی لەسەر دانێن و بڵێن ئەوە خاکی ئێمەیە. قسەی خۆمان بێت دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەوە ئێمەی کورد بووین (لە سەردەمی سمکۆدا)، کە بووینە کەوا چەرمگی بەر لەشکری تورك و ئەوانمان لە خاکی ئابا و ئەجدادیی خۆیان دەرپەڕاند بە شێوەیەك کە ئیتر ئەستەمە هیچ کاتێ بتوانن ببنەوە خاوەنی خاك و هەردی نەتەوایەتییان. سیاسەت چ زاڵمە، بە تایبەت ئەگەر لێی نەزانی!

**<u>چوارشەممە، ٢٠١٧/٠٤/٢٦</u>**

فیلمێکی دوکیومنتاریم چاو پێکەوت کە "دارا ئۆ بڕاین"- کۆمێدیەنی ناسراوی بریتانیایی، سەبارەت بە پرۆفیسۆر "ستێفان هاوکینگ" بەرهەمی هێنابوو و تێیدا هەندێك پرسیاری سەبارەت بە خۆی و ژیانی و بیر وبۆچوونی لەو کەسایەتییە مەزنەی زانستی ئەمڕۆ کردبوو کە کەمئەندامە و تەنیا لە ڕێگەی جووڵەی ڕوومەت و بزاوتنی برژۆڵی چاویەوە دەتوانێ بۆچوونەکانی خۆی بگەیێنێتە کەمپیوترێك وا تایبەت بەو دروست کراوە و تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێ لەگەڵ خەڵك پەیوەندی ببەستێت.

پرۆفیسۆر هاوکینگ ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە ٧٣ ساڵ. لەو ٧٣ ساڵەدا چی کردووە و لە کوێ وەستاوە؟ خەڵکانی دیکە لە کوێن و غەیری ئەوەی ئوکسیژن هەڵمژن و ژینگە پیس بکەن، چییان بە مرۆڤایەتی داوە؟ منیش وا بوومەتە ٧٣ ساڵان. هەرچی بیر لە خۆم دەکەمەوە لەو هەموو ساڵانەدا نە هیچ لە جیهان گەیشتووم، نە لە ژیان؛ ئیتر کائینات و چاڵی ڕەش فیدای سەرم بێت!

هاوکینگ تا ئێستا ٣ هاوسەری گرتووە و ٣ منداڵیشی هەن. کابرای کۆمێدیەن لە کوڕە بچکۆلەکەی پرسی چ دەرسێکی گرنگت لە باوکت وەرگرتووە؟ گوتی ١٢ ساڵان بووم، جارێکیان لێم پرسی "ئایا وردە کاکەشانی دیکەش لە دەوری کاکەشانی ئێمە دەخولێنەوە؟" لە وەڵامدا گوتی '<u>هیچکات نابێ لەوە بترسی بیرۆکە، یان فرضییەکانت ڕابگەیێنی؛ گرنگ نییە چەند بچووك و بێ بایەخیش بن، تۆ هەر دەبێ شوێنیان بگری</u>'- ئەوە دەرسێکی گەورە بوو بۆ من".

دیارە بۆ ئێمەش!

**بەشی ١٤ دووشەممە، ٢٠١٧/٥/١**

کێ بەرکێی مەقاماتی مۆسیقایی

لە هەفتەیەك پێش نەورۆزی ئەمساڵەوە کێبەرکێی دووساڵ یەکجاری مەقام بۆ لاوانی ئازەربایجان لە باکۆ پێتەختی کۆماری ئازەربایجان دەستی پێکردووە و تا ئێستا ١٠ بەشی لە سەر یوتیووب دانراوە. من کە ئەوینداری لەمێژینی مۆسیقای ئازەربایجانم لەو دەرفەتە کەڵکم وەرگرتووە و هەموو بەشەکانیم چەند جار سەیر کردووە  کە هەرکامیان دوو سەعات و نیو دەخایەنن؛ ئەوەش نا، هەراسم بە دۆست و برادەر هەڵگرتووە و کات وبێکات لینکی بەرنامەکانم بۆ ناردوون!

گومانم نییە مۆسیقای ئازەربایجانی ئەگەر پێشکەوتووترین مۆسیقای هەموو ناوچەکە نەبێت، یەك لە پێشکەوتووترینیانە و بە کیلۆمەتر لەپێش مۆسیقای گەلانی دیکەوەیە. ئەوان لە سەدەی ١٩ ەوە ئۆپێرای نەتەوایەتییان هەیە، کۆنسێرواتواری فێرکردنی مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوا و مۆسیقای نەتەوایەتییان هەیە، لە بیری مۆسیقای فۆلکلۆریشدا هەن و ڕێزی تایبەت لە عاشیقەکانیان دەگرن کە بە شێوەیەك وەك بەیت وێژی کوردن. هەروەها لە مۆسیقای مەقاماتی کۆندا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین قسەی یەکەم دەکەن. هەر ئەمساڵ ئەوان فستیڤاڵێکیان بۆ عاشیقە تورکەکانی هەموو جیهان ڕێك خست کە دەیان گرووپ لە ئۆیغورەکانی چینەوە تا قرقیزستان و ئازەربایجان و تورکیا و ئێرانی گرتبووە خۆی و عاشیقانی نەخجەوان و کەڵبەجارِیشیان لەناودا بوو کە ئەمی دواییان ڕۆژی خۆی بەشێك لە کۆماری خودموختاری کوردستانی سۆڤیەت بوو. لە بەرنامەکەدا عاشیقەکانی ئازەربایجانی ئێران بە شان و باڵی ئەتاتورکیاندا هەڵدەگوت!

بەشداربووانی کێبەرکێی مەقام ئەو لاوانەن وا ساڵانێکی زۆر لای مامۆستاکانیان وانەی مەقاماتیان خوێندووە و لە نێو سەدان کەسدا هەڵبژێرراون. کاتێ گوێ دەدەیە کارەکانیان هەرکام بۆخۆیان مامۆستایەکن بەڵام دیسان لە لایەن لیژنەیەکی حەوت کەسی لە مامۆستا و سوپڕ مامۆستای مۆسیقای ئازەرییەوە هەڵسەنگاندنیان لەسەر دەکرێت و نمرەیان دەدرێتێ. گرنگ ئەو بۆچوون و ڕێنوماییانەن وا داوەرەکان ئاراستەی لاوەکانی دەکەن و هەر نوکتە و قسەیەکیان بایەخی گەنجینەیەکی بۆ ئەهلی هونەر هەیە.

من بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر ڕێکخراوەی کەلەپووری کوردی یەك لەو مامۆستایانەی بۆ ماوەی ساڵێك و دووساڵ بهێنایەتە کوردستان و قوتابییانی کوردی پێ پەروەردە بکردایە، ئێستا دوای ئەو دە پازدە ساڵە چەندەها دەنگ بێژی پەروەردەکراومان لەجیاتی ئەو گۆرانی بێژە هەڕەمەکییانە دەبوو کە مۆسیقای نەتەوایەتیمانیان بە قوڕدا بردۆتە خوارێ.

هەر ئەوەش نا، خۆ ئەوان دەیانتوانی بانگهێشتنی مامۆستایەکی وەك نەمر حەسەن سیساوەیی یان تەنیا عەرەب و بەیت ویژەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن لە شوێنێك وەك قوتابخانەی هونەری، لاوەکانمان فێری بەیتە نەتەوایەتییەکان بکەن و کۆرسی فێربوونیان بۆ دابنێن؛ با بەشێك لەو پارەیەی وا سەرفی دام و دەزگا بۆش و بەتاڵەکەیان و پڕکردنی گیرفانیان کرا، مامۆستای نەمر حەسەن سیساوەیی لەو هەژاری و کەساسییە دەربهێنایە کە لە کۆتایی تەمەنیدا تووشی ئەو نەهامەتییە نەیەت و وەك جانتا و گۆنی لە پشتەوەی وانێت دانەنرێت ببرێتە خەستەخانە!

کورد دەبێ ڕۆژێك حیسابی ئەو ناحیسابییانە لە بەرپرسانی وەربگرێتەوە.

<u>**سێ شەممە، ٢٠١٧/٥/٢**</u>

پیشانگەی کتێبی ئێرانییەکان لە لەندەن

ئەمڕۆ چوومە پیشانگای کتێبی فارسی لە 'کتابخانه مطالعات ایرانی' لە لەندەن. ناوی پیشانگاکە ئەوەیە: "سومین نمایشگاه کتاب تهران بدون سانسور باحضور ناشران مستقل خارج از کشور". پیشانگاکە دوو ڕۆژ لە لەندەن دەبێت و دواتر لە چەند وڵاتی دیکەش بەڕێوە دەچێت و یەك لە بەشداربووانی، کتێبی ئەرزانە لە سوئێد کە بەڕێوەبەرەکەی کوردە و خەمخۆری کتێبی کوردیشە بەڵام پیشانگاکە تایبەت بە کتێبی فارسی بوو و ئەوانیش هەر کتێبی فارسییان لەوێ دانابوو.

لە کوردستان ساڵانە ئەو هەموو کتێبە بڵاو دەبێتەوە بێ ئەوەی تاقە یەك دانەی بنێررێتە دەرەوەی وڵات. بازاڕی کتێب لە باشووری کوردستان ئاوساوە و زیاتر لەوە ناکێشێت، بەڵام لە دەرەوەی وڵات وا نییە. لێرە کڕیار هەن. خەڵکی کوردیش و ڕێکخراوەکانیش، بەڵام کتێب لەبەردەستدا نییە.

من خۆم لە بەڕێوەبەری بەشی تورك و ئێرانیی کتێبخانەی بریتانیام بیستووە دەیگوت ئێمە بۆ کڕینی کتێبی کوردی بودجەمان هەیە بەڵام کتێبمان دەست ناکەوێت! دائیرەی سۆشیال سێکیوریتی بریتانیا لەو شارانەی وا پەنابەریان لێیە، کون بە کون لە فەرهەنگێکی ئینگلیزی – کوردی دەگەڕێت کە دەیانەوێ بیکڕن و بیدەن بە هەموو ئەو پەناخوازانەی وا تەمەنیان لە خوار ١٨ ساڵانەوەیە، بەڵام حاشا لە دانەیەکیش! ناچار قامووسێکی "ئینگلیش – کردیش!" دەکڕن کە لە هیندستان چاپ بووە و لە بریتانیا بە فراوانی دەفرۆشرێت لەکاتێکدا هیچ لاپەڕەیەکی نییە کەمتر لە ١٠ هەڵەی تێدا بێت!

دەبێ ڕێکخراوە کوردییەکان لە پێناو کولتور و زمانی نەتەوایەتیدا بیرێك لەو ناتەواوییە بکەنەوە. لێرە، لە دەرەوەی وڵات، پارە و کڕیار هەن، بۆچی کتێبی کوردی ناگاتە دەستیان؟ ئەم کارە ئەگەر بکرێت، لەلایەك گەشە دەخاتە بازاڕی کتێبی کوردیی ناوخۆی وڵات و لە لایەکی دیکەوە وەڵامی ئەو تینوویەتییەش دەداتەوە کە دەیان ساڵە لە دەرەوەی وڵات بۆ کتێبی کوردی هەیە و کەس نییە بیشکێنێت.

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٥/٤**

چاکە پەڕۆ لە بریتانیا!

من هەر وامدەزانی شەخس و چاك و ئیمام زادە تایبەت بەو ناوچە هەژارە ئایین لێدراوەی ئێمەیە! چەندڕۆژ پێش ئێستا، گوێم لە بەرنامەیەکی ڕادیۆ ٤ ی بریتانیا بوو باسی پڕۆژەیەکی دەکرد کە تاقمێك نەخۆشی دەروونی لە شارێکی نزیکەوە دەبەنە "ستۆن هێنج" (شوێنەوارێکی مێژوویی ناسراوی جیهانی کە دەگوترێ هی سەردەمی گەیشتنی ئایینی میترائییە بە ئوروپا و بەردەکانی چوار تا پێنج هەزار ساڵێك پێش ئێستا لەو شوێنە دانراون). کاتێ نەخۆشەکان دەگەنە ئەوێ، سەرلەبەیانی دەیانبەنە ناوەڕاستی ئاڵقەی بەردەکان و لەوێ پێکەوە گۆرانی دەڵێن و قسە دەکەن و بیرەوەری دەگێڕنەوە.

بەڵام جیاوازیی ئەوان لەوانەی وا دەچنە سەر چاکەکانی کوردستان ئەوەیە ئەوان چاوەڕوانی بەرەکەت و موعجیزە لە بەردەکان ناکەن و لێیان ناپاڕێنەوە بەختیان بکەنەوە یان منداڵیان بدەنێ یان تەنانەت نەخۆشییەکەیان چاك بکەنەوە. ئامانجی بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە ئەوەیە ئەو کەسانەی وا تووشی خەمۆکی و تەنیا مانەوە و نەخۆشیی دەروونی هاتوون بێنە شوێنەکە بۆئەوەی بزانن ژیان چەندە کۆنە و مێژوو چ دوور ودرێژە و لە بەرانبەردا، تەمەنی مرۆڤ چ کورتە و ئەگەر کەڵکی بەجێی لێ وەرنەگیرێت، بەفیڕۆ دەچێت و وەك کای بەر با لە دەست دەڕوات.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر چاکەپەڕۆی بریتانیا بتوانێت بیرۆکەیەکی وا لە مرۆڤدا پەروەردە بکات، دەبێ منیش بچم و ناوی خۆم تۆمار بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستەی نەخۆشەکانی دوایی بمبەنە ستۆن هێنج!

**یەکشەممە، ٢٠١٧/٥/٧**

شێواندنی گۆڕی مردووان

لە ئێران چەند ساڵێکە دەست کراوە بە شکاندنی کێلی قەبر و لابردنی پەیکەری ئەو ناودارانەی وا مەلاکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی بازنەی بەرتەنگی بیروباوەڕی خۆیانیان دەبینن. شایی مەلاکان ماوەیەکە گەیشتۆتە بەردەرگایماڵی کوردیش! دارەدەستی مەلاکان لە شاری سنە گۆڕی ئەو بەهاییانەیان شێواند کە لە ترسی دەمارگیرانی عەجەم پەنایان هێنابووە کوردستان و لەوێ لە ئاسایشدا دەژیان. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس کۆچی دوایی کرد و لە پارکێکی ناوشاری سلێمانی نێژرا، جاشی مەلاکانی ئێران دەستی گلاویان گەیاندە کێلی قەبرەکەی ئەویش و شکاندیان. ئەوان تەشریفی ناخێریان خەریکی غەزا کردنن ڕاست وەك ئەوەی داعش دەیکات.
وا هەواڵ دەگات لە سەرەتای ئەم مانگەدا گۆڕی شاعیری مەزنی کورد مەولەوی تاوەگوێزیش لە گوندی سەرشاتەی قەزای دەربەندیخان شێوێنراوە و هەواڵەکەی ئەمڕۆ بە فەرمی لە لایەن قایمقامی شارەکەوە ڕاگەیێنرا. دژایەتی حکوومەتی ئێران لەگەڵ لایەنێك و بیر وباوەڕێك نییە. ئەوان دژبەری هەموو شتێکن کە ناوی کورد بەرز بکاتەوە و کەسایەتی بداتە گەلەکەمان. بۆ ئەو کارەش تەنیا بە ئیعدام کردنی لاوەکان و وێران کردنی شار و گوندەکانمان ناوەستن و هەموو چەشنە بێ ئەخلاقی و نامرۆڤایەتییەك بە کورد ڕەوا دەبینن. ئەم کارە چەپەڵەشیان بە هەر ناوێك و لەسەر بنەمای هەر بیر وباوەڕێکی چەپەڵ کرابێت، هەر چەپەڵە و چەپەڵ دەمێنێتەوە. بکەرانی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە حەیفە تفیان لە ڕوو بکرێت، بەڵکوو باشترە سەریان لە سەرانگوێلکێکی سەرشاتە بگیرێت.

## پێنج شەممە، ٢٠١٧/٥/١١

مەلەی ناو دڵۆپێك ئاو!
کەم و زۆرێك شارەزای ژیان و بیروباوەڕی شاعیری کوردی فارسی وێژ "لاهووتی کرماشانی" هەم و لە ڕێگەی شیعری خۆی و بیرەوەرییەکانی سەردار موقتەدیر سەنجابییەوە دەزانم چۆن لە ماوەی دوای مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) و ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە لایەنگرێکی ئەوتۆی ئاڵمانیا و عوسمانی کە چەکی بۆ هەڵگرتن، شەڕی ئینگلیزەکانی بۆ کردن، پاشان بەهیوای بێزانیی تورکان لە ڕێگەی کوردستانی باشوورەوە چوو بۆ ئەستەموڵ و لە کۆتاییدا بە پەشیمانی نواندن و پاڕانەوە لە مخبرالسلطنە هیدایەت والی ئازەربایجان، مۆڵەتی گەڕانەوەی ئێرانی وەرگرت!
لەم ڕۆژانەدا دیوانی "میرزادەی عشقی هەمەدانی"م دەخوێندەوە کە ئەویش شاعیرێکی کوردی فارسی وێژ بوو، دایك و باوکی کورد و خاڵکی شاری سنە بوون و ناسناوی 'هەمەدانی' بۆیە

کەوتبوە شوێن، کە لە هەمەدان لە دایك ببوو. عیشقیش وەك لاهووتی لە هەمان ساڵانی ئاڵۆزی سەردەمی مەشرووتە و شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بوو بە لایەنگرێکی ئەوتۆی ئاڵمانیا و عوسمانی، کە ئاوی نەدەپاڵاوت! ئەویش عەینوبیللا وەك لاهووتی بە ڕێگەی کوردستاندا چوو بۆ ئەستەمووڵ! ئینجا کاتێ کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە و ڕێزی لە خزمەتەکانی نەگرت بە هەڵەی خۆی زانی، گەڕایەوە ئێران و بە حوکمی ڕەزاشای پەهلەوی لە تاران تیرۆر کرا!
سەمەرە ئەوەیە لاهووتی و عیشقی ئەویندارى خالیس و خولـەسی ئێران بوون و لە وەسفی ئێران یان هەر ئەو ئێرانییانەی وا ئەو هەموو پەت پەتییەیان پێکردن، دەیان پارچە شیعریان هەیە، بۆ نموونە، لاهووتی مەسنەوی "ایران نامه" و عیشقی "اپرای رستاخیز سلاطین ایران"ی لە ئەستەمووڵ نووسیوە.
با ئەو دوو ئەزموونە بخەینە پاڵ ئەزموونی تاڵی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت کە ئەویش بە فیت و فێڵی ئیسلامییەتی عوسمانییەکان، لە ماوەی هەمان شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە لایەنگری سوپای عوسمانی و ئاڵمانیا و بە مەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوان بۆ سوپاکەیان، حزبی "اتحاد اسلام"ی لە ناوچەی موکریان دانا و لە کوردستانی قات و قڕی لێدراوی ساڵانی "رووسی یەکەم"دا یارمەتییەکی زۆری ئابووری بۆ سوپای عوسمانی کۆکردەوە و بەگەڕوویدا کردن. ئەگەر لاهووتی و عیشقی هەڵوەدای ئێرانی ساسانی و هەخامەنیشی بوون، حاجی بابە شێخ کەوتە شوێن دروشمی ئیسلامییەتێك کە دام و دەزگای تەبلیغاتیی ئاڵمانیای قەیسەری لەو ساڵانەدا وەڕێی خستبوو و دەیگوت ویلهێڵمی ئیمپراتۆری ئاڵمان بۆتە موسوڵمان و ڕۆژی جارێك قورئان خەتم دەکات! لە ئەنجامدا ئەویش ئاوارەی خاکی عوسمانی بوو و ماوەیەك لە کەرکووك و مووسڵ مایەوە و کاتێ کە تێگەیشت هەموو بەڵێنی تورکان درۆیە، بە دڵشکاوی گەڕایەوە گوندەکەی خۆی، جەمیان.
نیازی من لە گێڕانەوەی ئەو سێ ڕووداوە ئەوەیە بپرسم گرفتی کاری ئێمەی کورد لە چیدایە؟ بۆچی بە دڵۆپێك ئاو دەکەوینە مەلە و هەر لە دڵۆپێك ئاویشدا دەخنکێین؟ ئەو"ئێرانە خۆشەویست"ە چی بۆ کرماشانی لاهووتی و سنەی عیشقی کردبوو کە وا خۆیان بۆ دەکردە قوربانی؟ ئیسلامی عوسمانی و ئاڵمانییەکان چی زیاتر بوو لە باوەڕی قورس و قایمی ئیسلامیی حاجی بابەشێخێك کە مەلا و شێخ و جێگەی باوەڕی هەموو خەڵکی ناوچەکە بوو، دەستیان ماچ دەکرد و نوشتەی ئەویان بە کەوای منداڵەکانیانەوە دەدروو؟ ویلهێڵم چی لەو ئیسلامییەتە زیاد دەکرد کە ئەو و باو وباپیرانی باوەڕیان پێی بوو؟ ئایا لە ئێراندا کەس نەبوو وەك لاهووتی و عیشقی خەمی ئێران بخوات و هەر دەبوایە ئەو کوردانە خۆیان بکردایەتە قوربانی ئاو

وخاکەکەی؟ ئەی ئیسلامی سوڵتان عەبدولحەمید خەمخۆری دیکەی نەبوو و تەنیا دەبوایە مەزن پیاوێکی وەك حاجی بابەشێخ ببێتە کەواچەرمگی بەر لەشکرەکەی؟

کار بەو سێ کەسە کۆتایی نایەت. نموونەی ئەو دڵپاکی و سافی و سادەدڵییە ئەوەندە زۆرە کە بژاردنی تەزبێحی چەندهەزاردانەیی دەوێت! مەسەلە بە تاقەکەسیش کۆتایی نایەت. ئەو فێڵ و فەرەجەی تورکان لە شێخ عوبەیدیللای نەهری و سمکۆی شکاکیان کرد، بوو بەهۆی تێك شکانی سوپای چەندهەزار کەسییان لە ئێران و بەداخەوە بنەمایەکی ناحەزی بۆ پەیوەندییەکانی دوارۆژی کورد لەگەڵ ئازەربایجانییەکان دامەزراند کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە. ئەوانیش نا، هەر لەم دواییانە و لە ماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ی ئێراندا دیتمان چۆن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەستەمۆی مەنسووری حیکمەت بوو و ئەو ڕێکخراوە بەهێزە کوردییە بەفیتی بێگانەیەك لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و بوو بە پێنج کەرتەوە. یان چۆن ئەو هەموو خەڵکە فیداکار و بێ فێڵە کوردە لە هەمان ئەو ساڵانەدا کەوتنە شوێن دروشمی فیدائیانی خەلقی ئێران و سەرئەنجام خوێنی ئەو هەموو لاوە خۆبەختکەرە کوردە بە فیڕۆ چوو کاتێ کە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکە لە تاران، بە فیتی سۆڤیەت و حزبی توودە، ڕێبازیان گۆڕی و چوونە ژێر عەلەمی خەڵخاڵی و پاڵ پاسدارە پیاوکوژەکانی ئێران، ئەمانیش لە کوردستان دەستیان لەگۆزەدا ما!

کەی بە خۆماندا دەچینەوە؟

**بەشی ١٥ یەکشەممە، ٢٠١٧/٥/٧**

شێواندنی گۆڕی مردووان

لە ئێران چەند ساڵێکە دەست کراوە بە شکاندنی کێلی قەبر و لابردنی پەیکەری ئەو ناودارانەی وا مەلاکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی بازنەی بەرتەنگی بیروباوەڕی خۆیانیان دەبینن.

شایی مەلاکان ماوەیەکە گەیشتۆتە بەردەرگای ماڵی کوردیش! دارەدەستی مەلاکان لە شاری سنە گۆڕی ئەو بەهاییانەیان شێواند کە لە ترسی دەمارگیرانی عەجەم پەنایان هێنابووە کوردستان و لەوێ لە ئاسایشدا دەژیان. بە ماوەیەکی کەم دوای ئەوەی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس کۆچی دوایی کرد و لە پاڕکێکی ناوشاری سلێمانی نێژرا، جاشی مەلاکانی ئێران دەستی گڵاویان گەیاندە کێلی قەبرەکەی ئەویش و شکاندیان. ئەوان تەشریفی ناخێریان خەریکی غەزا کردنن ڕاست وەك ئەوەی داعش دەیکات.

وا هەواڵ دەگات لە سەرەتای ئەم مانگەدا گۆڕی شاعیری مەزنی کورد مەولەوی تاوەگوێزیش لە گوندی سەرشاتەی قەزای دەربەندیخان شێوێنراوە و هەواڵەکەی ئەمڕۆ بە فەرمی لە لایەن

قایمقامی شارەکەوە ڕاگەیێنرا. دژایەتی حکوومەتی ئێران لەگەڵ لایەنێك و بیر وباوەڕێك نییە. ئەوان دژبەری هەموو شتێکن کە ناوی کورد بەرز بکاتەوە و کەسایەتی بداتە گەلەکەمان. بۆ ئەو کارەش تەنیا بە ئیعدام کردنی لاوەکان و وێران کردنی شار و گوندەکانمان ناوەستن و هەموو چەشنە بێ ئەخلاقی و نامرۆڤایەتییەك بە کورد ڕەوا دەبینن. ئەم کارە چەپەڵەشیان بە هەر ناوێك و لەسەر بنەمای هەر بیر وباوەڕێکی چەپەڵ کرابێت، هەر چەپەڵە و چەپەڵ دەمێنێتەوە. بکەرانی ئەو کردارە نامرۆڤانەیە حەیفە تفیان لە ڕوو بکرێت، بەڵکوو باشترە سەریان لە سەرانگوێلکێکی سەرشاتە بگیرێت.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٥/١١**

مەلەی ناو دڵۆپێك ئاو!

کەم و زۆرێك شارەزای ژیان و بیروباوەڕی شاعیری کوردی فارسی وێژ "لاهووتی کرماشانی" هەم و لە ڕێگەی شیعری خۆی و بیرەوەرییەکانی سەردار موقتەدیر سەنجابییەوە دەزانم چۆن لە ماوەی دوای مەشرووتەی ئێران (١٩٠٦) و ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە لایەنگرێکی ئەوتۆی ئاڵمانیا و عوسمانی کە چەکی بۆ هەڵگرتن، شەڕی ئینگلیزەکانی بۆ کردن، پاشان بەهیوای بپێزانیی تورکان لە ڕێگەی کوردستانی باشوورەوە چوو بۆ ئەستەموڵ و لە کۆتاییدا بە پەشیمانی نواندن و پاڕانەوە لە مخبرالسلطنه هیدایەت والی ئازەربایجان، مۆڵەتی گەڕانەوەی ئێرانی وەرگرت!

لەم ڕۆژانەدا دیوانی "میرزادەی عشقی هەمەدانی"م دەخوێندەوە کە ئەویش شاعیرێکی کوردی فارسی وێژ بوو، دایك و باوکی کورد و خاڵکی شاری سنە بوون و ناسناوی 'هەمەدانی' بۆیە کەوتبوە شوێن، کە لە هەمەدان لە دایك ببوو. عیشقیش وەك لاهووتی لە هەمان ساڵانی ئاڵۆزی سەردەمی مەشرووتە و شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بوو بە لایەنگرێکی ئەوتۆی ئاڵمانیا و عوسمانی، کە ئاوی نەدەپالاوت! ئەویش عەینوبیللا وەك لاهووتی بە ڕێگەی کوردستاندا چوو بۆ ئەستەمووڵ! ئینجا کاتێ کەس ئاوڕی لێ نەدایەوە و ڕێزی لە خزمەتەکانی نەگرت بە هەڵەی خۆی زانی، گەڕایەوە ئێران و بە حوکمی ڕەزاشای پەهلەوی لە تاران تیرۆر کرا!

سەمەرە ئەوەیە لاهووتی و عیشقی ئەویندراری خالیس و خولـەسی ئێران بوون و لە وەسفی ئێران یان هەر ئەو ئێرانییانەی وا ئەو هەموو پەت پەتییەیان پێکردن، دەیان پارچە شیعریان هەیە، بۆ نموونە، لاهووتی مەسنەوی "ایران نامه" و عیشقی "اپرای رستاخیز سلاطین ایران"ی لە ئەستەمووڵ نووسیوە.

با ئەو دوو ئەزموونە بخەینە پاڵ ئەزموونی تاڵی نەمر حاجی بابەشێخی سەیادەت کە ئەویش بە فیت و فێڵی ئیسلامییەتی عوسمانییەکان، لە ماوەی هەمان شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو بە لایەنگری سوپای عوسمانی و ئاڵمانیا و بە مەبەستی کۆکردنەوەی پشتیوان بۆ سوپاکەیان، حزبی "اتحاد اسلام"ی لە ناوچەی موکریان دانا و لە کوردستانی قات و قڕی لێدراوی ساڵانی "رووسی یەکەم"دا یارمەتییەکی زۆری ئابووری بۆ سوپای عوسمانی کۆکردەوە و بەگەروویدا کردن. ئەگەر لاهووتی و عیشقی هەڵوەدای ئێرانی ساسانی و هەخامەنیشی بوون، حاجی بابە شێخ کەوتە شوێن دروشمی ئیسلامییەتێك کە دام و دەزگای تەبلیغاتیی ئاڵمانیای قەیسەری لەو ساڵانەدا وەڕێی خستبوو و دەیگوت ویلهێڵمی ئیمپراتۆری ئاڵمان بۆتە موسوڵمان و ڕۆژی جارێك قورئان خەتم دەکات! لە ئەنجامدا ئەویش ئاوارەی خاکی عوسمانی بوو و ماوەیەك لە کەرکووك و مووسڵ مایەوە و کاتێ کە تێگەیشت هەموو بەڵێنی تورکان درۆیە، بە دڵشکاوی گەڕایەوە گوندەکەی خۆی، جەمیان.

نیازی من لە گێڕانەوەی ئەو سێ ڕووداوە ئەوەیە بپرسم گرفتی کاری ئێمەی کورد لە چیدایە؟ بۆچی بە دڵۆپێك ئاو دەکەوینە مەلە و هەر لە دڵۆپێك ئاویشدا دەخنکێین؟ ئەو"ئێرانە خۆشەویست"ە چی بۆ کرماشانی لاهووتی و سنەی عیشقی کردبوو کە وا خۆیان بۆ دەکردە قوربانی؟ ئیسلامی عوسمانی و ئاڵمانییەکان چی زیاتر بوو لە باوەڕی قورس و قایمی ئیسلامیی حاجی بابەشێخێك کە مەلا و شێخ و جێگەی باوەڕی هەموو خەڵکی ناوچەکە بوو، دەستیان ماچ دەکرد و نوشتەی ئەویان بە کەوای منداڵەکانیانەوە دەدروو؟ ویلهێڵم چی لەو ئیسلامییەتە زیاد دەکرد کە ئەو و باو وباپیرانی باوەڕیان پێی بوو؟ ئایا لە ئێراندا کەس نەبوو وەك لاهووتی و عیشقی خەمی ئێران بخوات و هەر دەبوایە ئەو کوردانە خۆیان بکردایەتە قوربانی ئاو وخاکەکەی؟ ئەی ئیسلامی سوڵتان عەبدولحەمید خەمخۆری دیکەی نەبوو و تەنیا دەبوایە مەزن پیاوێکی وەك حاجی بابەشێخ ببێتە کەواچەرمگی بەر لەشکرەکەی؟

کار بەو سێ کەسە کۆتایی نایەت. نموونەی ئەو دڵپاکی و سافی و سادەدڵییە ئەوەندە زۆرە کە بژاردنی تەزبێحی چەندهەزاردانەیی دەوێت! مەسەلە بە تاقەکەسیش کۆتایی نایەت. ئەو فێڵ و فەرەجەی تورکان لە شێخ عوبەیدیللای نەهری و سمکۆی شکاکیان کرد، بوو بەهۆی تێك شکانی سوپای چەندهەزار کەسییان لە ئێران و بەداخەوە بنەمایەکی ناحەزی بۆ پەیوەندییەکانی دوارۆژی کورد لەگەڵ ئازەربایجانییەکان دامەزراند کە تا ئەمرۆش بەردەوامە. ئەوانیش نا، هەر لەم دواییانە و لە ماوەی ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ی ئێراندا دیتمان چۆن کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ دەستەمۆی مەنسووری حیکمەت بوو و ئەو ڕێکخراوە بەهێزە کوردییە بەفیتی بێگانەیەك لەبەر یەك هەڵوەشایەوە و بوو بە پێنج کەرتەوە. یان چۆن ئەو هەموو خەڵکە

فیداکار و بێ فێڵە کوردە لە هەمان ئەو ساڵانەدا کەوتنە شوێن دروشمی فیدائیانی خەڵقی ئێران و سەرئەنجام خوێنی ئەو هەموو لاوە خۆبەختکەرە کوردە بە فیڕۆ چوو کاتێ کە ڕێبەرایەتی ڕێکخراوەکە لە تاران، بە فیتی سۆڤیەت و حزبی توودە، ڕێبازیان گۆڕی و چوونە ژێر عەلەمی خەڵخاڵی و پاڵ پاسدارە پیاوکوژەکانی ئێران، ئەمانیش لە کوردستان دەستیان لەگۆزەدا ما!

کەی بە خۆماندا دەچینەوە؟

**بەشی ١٦ دوو شەممە، ٢٠١٧/٥/١٥**

ڕۆژی هەینی ڕابردوو ڕێزدار 'محەممەد سدیق کەبوودوەند' ڕۆژنامەنووس و خەباتکاری بواری مافەکانی مرۆڤ لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئازاد کرا و دڵی هەموو کوردێکی پێ گەشایەوە.

کەبوودوەند نموونەی هەرە باشی بێ تاوانیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد و تاوانباریی سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کەسێك کە لە بواری پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤدا خەباتی کردووە و دوور ونزیك بەلای کاری چەکدارانە و هەوڵی ڕووخاندنی ڕێژیمدا نەڕۆیشتووە، ماوەی١٠ ساڵی ڕەبەق لە خراپترین بارودۆخی زیندانەکانی ئێراندا دەست بەسەر بووە و پشووی ئاسایی زیندانیانی بۆ سەردانی کەس وکاریش، لێ یاساخ کراوە. ئەوەش لە کاتێکدا کە خۆی نەخۆشە و منداڵی نەخۆشی هەیە. ئێستاش کە ماوەی زیندانی کەبوودوەند کۆتایی هاتووە، تۆمەتێکی داتاشراوی دیکەیان داوەتە پاڵی بۆ ئەوەی لە دەرەوەی زیندان ئاسایشی نەبێت و خۆی و کەس و کاری و هەموو دڵسۆزانی گەل و نیشتمان لەژێر شمشیری دادگایی کردن و دەستبەسەریی دووبارەی ئەو ڕۆڵە قارەمانەدا بژین.

مافیای مەلاکانی ئێران لە هیچ دەستدرێژییەك بۆ سەر مافە تاکەکەسییەکانی مرۆڤ ڕوو وەرناگێڕن و بە تایبەت لە کوردستاندا جینایەتی وا دەکەن کە هەرگیز ئیسڕائیل دژ بە فەلەستینییەکان نەیکردووە؛ ئەوە تەنیا یەکیانە.

کاکە سەدیقی خۆشەویستی هەموولایەك، ڕۆژی ئازادییە سەرفرازانەکەت پیرۆز بێت! ئیرادەی لەبن نەهاتووی تۆ لە بەرانبەر ئەو هەموو بێعەداڵەتییەی مجێورەکانی مزگەوتی ئیسلام دەرحەق بە خۆت و بنەماڵە بەڕێزەکەت کردیان، هەموو گەلی کوردی ڕووسوور و ڕووی دووژمنەکانتی لەوەش کە بوو، ڕەشتر کرد. ئێمە هەروەها سەری تەعزیم لە بەرانبەر خاتوو پەرینازی هاوسەر و کوڕە خۆشەویستەکەت دادەنەوێنین کە لەو ماوەیەدا ڕەنجێکیان کێشا فەرهاد نەیکێشا بێت. ئەوانیش هەرکام سەربازێکی وونی نیشتمانەکەمانن.

**چوار شەممە، ٢٠١٧/٥/١٧**

هیندوشاهی نەخجەوانی

کوردێکی زۆر لە شار وناوچەی نەخجەوان دەژیان و دەژین کە عەلیۆف سەرەك کۆماری پێشووی کۆماری ئازەربایجان و ئەندامی بیورۆی سیاسی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، یەك لەوان بوو. ئیلهام عەلیۆف سەرەك کۆماری ئێستای کۆماری ئازەربایجانیش کوڕی عەلیۆف و بە ڕەچەڵەك لە کوردانی نەخجەوانە.

"شمس الدین محمد کوری فخرالدین هندوشاه ناسراو بە شەمسی مونشی"، نووسەرێکی فارسی نووسی سەدەی هەشتەمی کۆچی و خەڵکی نەخجەوانە. هیندوشاه کتێبێکی بۆ تەواوکردنی کتێبی "لغت فرس" اسدی طوسی  داناوە کە تەرخانی ساغکردنەوەی زمانی "طوایف فرس" کراوە و لە شاری تەورێز نووسیویەتی.

تۆ بڵێی هیندوشاه کوردێکی فارسی نووس نەبووبێت؟ بەڵگەیەکم بۆ کوردبوونی ئەو کەسایەتییە نییە، وەك بۆ نەبوونەکەشی جگە لە فارسی نووسین هیچ  بە دەست کەسەوە نییە. بەڵام ئەو فارسی نووسینە کردەوەیەکی گشتی بووە لەناو گەلانی ناوچەکەدا و ئێستا زیاد لە دە ساڵە کۆماری ئازەربایجان خەریکە ناوی کەسایەتی ئەدەبیی فارسی نووسی کۆن کە خەڵکی یەك لە شارەکانی ئێستای کۆماری ئازەربایجان بووبێتن، بە ناوی کەسایەتی خۆیانەوە لای ڕێکخراوەی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان تۆمار دەکات. ماوەیەك لەمەوپێش نیزامی گەنجەوییان تۆمار کرد کە هیچ نەبێت دایکی کورد بوو، ئێستا خەریکی تۆمار کردنی ناوی مەستوورەی گەنجەوی و خاقانی شیروانین و بۆ چەسپاندنی هەڵوێستی خۆیان شیعری ئەو شاعیرانەیان لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر تورکی ئازەربایجانی و چاپیان کردوون، هەروەها لێرە ولەوێ بە تایبەت لە ئوروپا کۆنسێرتی هونەری بۆ ناساندنیان بەڕێوە دەبەن.

من ناڵێم ئەوان کارێکی خراپیان کردووە. هەموو میللەتێك خەمی خۆی و مێژوو و هونەر و ئەدەبی خۆی دەخوات و ئەوەش مافی قانوونییەتی. بەڵام ئێمە بۆ وا ناکەین؟ ئەی ئێمە هەر لێبگەڕێین دراوسێکانمان یەك یەك ئەو کەسایەتییە مێژووییانە بکەنە هی خۆیان و کورد بە دیاریانەوە دانیشێت و ئاخ هەڵکێشێت؟ ئەوە زوڵمێکە لە مێژووی خۆمانی دەکەین. کێ بەرپرسی ئەو کارانەیە؟ وەزارەتی ڕۆشنبیری حکوومەتی هەرێم؟ ئەکادێمیای کوردی لە هەولێر؟ کەسێك دەبێ وەڵامدەر بێت.

هیندوشاه تەنیا یەك لەو هەزاران هونەرمەندەیە کە دەبێ کورد سەرەتا هەوڵی پێناسە کردن ئینجا ناساندنی بدات. ئەوە فەردێك شیعری هیندوشاهە کە تێیدا باسی دەستگاە یان مەقامات و نەغمەکانی مۆسیقایی کردووە و من لە ئینترنێتم وەرگرتووە:

*"نەوا و ڕاست حوسەینی و ڕاهەوی و عیراق*
*حیجاز و زەنگولە و بوسەلیك با عوششاق"*

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٥/١٨**

سبەینێ هەڵبژاردنی سەرەك کۆمارە لە ئێران. لام وایە هەڵوێستی حزبە کوردییەکان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنێك کە هیچی بۆ کورد تێدا نەبێت، لە شوێنی خۆیدایە.
نە ڕیشی قوم، نە کاشان
لەعنەت لە هەردوو ڕیشان!

**بەشی ١٧  هەینی، ٢٠١٧/٥/١٩**

ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی کاك نەوشیروان مستەفا، سیاسەتڤان و توێژینەری ناوداری کورد ڕاگەیێنرا. نەوشیروان مستەفا بە تەنیشت کارە سیاسییەکانیەوە بەرهەمێکی زۆری لێکۆڵینەوە لە مێژووی سیاسیی و ئەدەبی سەدەی بیستەمی کوردی خستە کتێبخانەی کوردییەوە کە سەروگەردنێك لە کاری هاوچەشنی لێکۆڵەرانی دیکەی کورد بەرزترن و وەك سەرچاوەی باوەڕپێکراو دەمێننەوە.
کاك نەوشیروان، وەك دووهەم کەسی ڕێبەرایەتیی یەکیەتی نیشتمانی، کە لە نزیکەوە هەڵە وپەڵەی خەباتی چەکدارانەی کوردی بینیبوو و وەك خاوەن بڕوایەکی چەپی مائۆئیستی، ساڵانێکی زۆر لە داڕشتنی بەرنامە سیاسی و نیزامییەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لێنینی دا قسەی یەکەمی کردبوو، لە کۆتاییەکانی ژیاندا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە چەك لە گۆڕەپانی خەباتی کورددا شمشێرێکی دوو تیغە و ئەوەندەی دوژمن دەبڕێت بە هەمان ڕادە ڕۆڵەکانی گەل دادەپلۆسێت؛ نەك هەر ئەوەش، بەڵکوو کاری چەکداری بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ گەندەڵی و چوونی حزبە سیاسییەکان بۆ ژێربالی حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان. ئیتر ڕووی لە چەك وەرگێڕا و بەم کارەی خزمەتێکی مەزنی بە گەل و نیشتمان کرد.
لە ناو سیاسییە حزبییەکانی باشووردا، تەنیا ئەو بوو کە لە لایەك ئەزموونی تاڵی چەند ڕووداوی وەك 'پشت ئاشان' لە کارنامەکەیدا بوو و لە لایەکی دیکەشەوە جەربەزە و ئازایەتی زاتیی تێدا بوو بۆئەوەی بتوانێت پشت بکاتە کاری چەکداری، ئەویش لە باشووری کوردستان- شوێنێك کە لولەی تفەنگ قسەکەری سەرەکی گۆڕەپانی سیاسەت بووە و هەیە. دەنا چ کەسێکی دیکە دەیتوانی دژ بە پیرۆزایەتی چەك ڕاپەڕێت بێ ئەوەی حزبە چەکدارەکان بتوانن لێی ڕاپەڕن؟

بەداخەوە، خەباتی سیاسی نەیهێشتووە گەورەیی کاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەدەبییەکانی نەوشیروان مستەفا بەباشی دەربکەوێت کە لەوێدا زیاتر بەشێوەی لێکۆڵەرانی بێ لایەنی ڕۆژئاوایی داوەریی ڕووداوەکان دەکات و ئەو لایەنگرتنەی وا لە گۆڕەپانی سیاسەتدا دەیکرد، لە لێکۆڵینەوەکانیدا خۆ نانوێنن.
یادی ئەو توێژێنەرە بە بەهرەیەی گەلەکەمان بەخێر بێت!

**دووشەممە، ٢٠١٧/٥/٢٢**

دەڵێن بە وشتریان گوت بۆچی میزکردنت لە پشتەوەیە؟ گوتی چیم وەك خەڵکی دیکەیە تا ئەوم وابێت! مەلاکانی ئێران هیچ شتێکیان وەك خەڵکی دیکە نییە. لەو سەردار و بندارانەی سوپاکەیان، وابزانم قاسم سولەیمانی بوو، کە بە بۆنەی کۆچی دوایی کاك نەوشیروان مستەفاوە نامەی سەرەخۆشیی ئاراستەی مام جەلال کرد!
کابرای فێڵباز، نە حکوومەتی هەرێمی بە هیچ زانی، نە ڕێکخراوەی گۆڕان و نە تەنانەت یەکیەتی نیشتمانی و بازی بەسەر هەموو ئەوانەدا دا بۆ ئەوەی کورد بە هیچ دابنێت و پرسە نامە بێتامەکەی خۆی بۆ کەسێك بنێرێت کە نە ئاگای لە دنیایە، نە لە مافیها! مام جەلالی فەقیر لەو نەخۆشییەدا چ دەزانێت کێ زیندووە و کێ مردووە، کە تۆ نامەی سەرەخۆشی بۆ دەنێری! ئایا ئەوە بێ ڕێزی بە حکوومەت و هەموو حزبەکان نییە کە لاپرەسەنێکی لابەلا زیندووی کورد بە هیچ نەزانێت و نامە بۆ مردووان بنێرێت؟
چ کەردەن! ئەوە کوردە و دراوسێکانی؛ ئەوەش مەلای قوم و مەشهەدن و سیاسەت کردنیان. ئەی حزبە کوردییەکانی باشوور کە عیسا پەژمان و قانعی فەرد و ئاغاکانیان بە دۆستی خۆیان ناودەبەن، کەی لەو خەوی غەفڵەتە ڕادەبن و دۆست و دوژمنی خۆیان لێك دەکەنەوە؟[٣٣]

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٥/٢٣**

ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕابردوو بارانی خێر وبێری ئیسلامی عەزیز بەسەر زیاتر لە ٧٠ بنەماڵەی بێ تاواندا باری و پەڵەی دا. سێ ڕۆژە لە هەموو ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنەکانی بریتانیادا باس باسی ئەو تاوانە مەزنەیە کە دەسنێژێکی بێ ئەخلاقی داعیش ڕۆژی شەممە لە شاری مانچستر کردی و لە ئەنجامیدا، زیاد لە ٧٠ کووژراو و برینداری بێ تاوان بەسەر دەستی بنەماڵەهەژارەکانی ئەو شارە میوان لەخۆگرەدا مایەوە.

---

[٣٣] . بۆ نموونە، بڕوانە وتووێژی نەمر مامۆستا برایم ئەحمەد لەگەڵ کاك عەلی کەریمی لە سەر یوتیووب و قسەکانی سەبارەت بە پەژمان.

ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژی ئیشکردن بوو دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە. تەرجەمەم بۆ پەناخوازێکی کورد دەکرد کە ئەویش سێ ڕۆژە گەیشتۆتە بریتانیا و گوتوویەتی تەمەنم ١٧ ساڵانە. ئەو کەسەی وا چاوپێکەوتنی لەگەڵ دەکرد خانمێکی ئینگلیز بوو. دوای پرس وجۆ لە تەندروستی و پەروەردەی کوڕە لاوەکە، لێی پرسی "ئایا نوێژ دەکەی؟ دەتەوێت مزگەوتی گەڕەکەمانت پیشان بدەین؟ دەتەوێ بەرماڵت بدەینێ لەماڵەوە نوێژی لەسەر بکەیت؟ قورئانت دەوێ بتدەینێ؟" و پاشان گوتی "لەم شوێنەی وا تۆی لێ دەژیت، تەنیا گۆشتی حەلاڵ بە خەڵك دەدەین، کەس گۆشت بەرازت ناداتێ" و شتی دیکەی لەو چەشنە.... سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە ئەویش وەك هەموو خەڵکی ولاتەکە لە ناخی دڵەوە ئازیەتباری ڕووداوەکەی مانچستر و هاودڵی بنەماڵەی قوربانییانی جینایەتەکە بوو، نە نیشانەیەك لە ڕق و کینەم لەو ژنەدا بەدی کرد و نە بوغزێك دەرحەق بەو پەنابەرە، کە موسوڵمانێکی خاوەن بڕوای نوێژکەر وەك ئەوەی مانچستر بوو.

کاتێ ئەو دوو ڕووداوە لای یەك دادەنێم، چیم پێناکرێت جگە لەوەی سەری تەعزیم دانەوێنم بۆ ئەو فەرهەنگە پێشکەوتووەی ئوروپا، کە تێیدا تاکە کەس بە پێوانەی فەردیی هەڵدەسەنگێنرێت نەك لەڕێگەی پێشداوەری و بەستنەوەی بە پێشینەیەکی ئایینی و نەتەوەیی گشتییەوە- پێشینەیەك کە خەڵکانی دیکە پێکیان هێنابێت و ئەو تاکە بە ئەگەری زۆر، هیچ پەیوەندییەکی پێوە نەبووبێت. لێرە، ئەساسی داوەری کردن لەسەر 'بێ تاوانی'ی تاك دانراوە. بەلام لە ولاتانی ئێمەماناندا دیواری ماڵی بیرکردنەوەی خەڵك بە قوڕی دەمارگیریی ئایینی سواغ دراوە و لە ئەنجامدا بە فرسەخ لەو شێوازە داوەری کردنە مرۆڤانەیە دوورین کە ئەوان لای کەم پێنجسەد ساڵە کردوویانەتە بنەما بۆ بیرکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕۆژانەیان. لای ئێمە، نەیار و ناحەز، وە ئەستۆی بگرێت یان نا، 'تاوانبار'ە و ئەوە سەلماندن و بەڵگەی پێ ناوێت! هەر ئەوەشە داعشی شیعە لە تاران و داعشی سوننە لە مووسڵ حکوومەتمان بەسەردا دەکەن، هەر لەو دوو شوێنەش نا، لە هەموو ولاتێکی ئیسلامیدا.

## پێنج شەممە، ٢٠١٧/٥/٢٥

Chelsea Flower Show

چەند ڕۆژێکە پیشانگەی گوڵ لە ناوچەی 'چێڵسی'ی لەندەن کراوەتەوە. سالانێکی زۆرە بە حەسرەتی چوون و دیتنی ئەو پیشانگە ناودارەوەم کە ١٠٥ ساڵە لەمانگی مەی دا بۆ ماوەی حەوتوویەك دەکرێتەوە و خوداپێداوان دەچنە سەیر و سەیرانی. بلیتی چوونە ژووری لە تاقەتی ئێمەماناندا نییە، جا من خۆم بە دیتنی جوانییەکانی لە سەر تەلەفیزیۆن ڕازی کردووە.

ئەی ئەوانەی وا جوانی دەپەرستن! ئەو دەرفەتە مێژووییە لەدەست مەدەن و ئێواران بە دیتنی بەرنامەی پیشانگەکە لەسەر تەلەفیزیۆنی بی بی سی زاخاوی مێشك و چاو و ناخ و هەناوتان بدەن. پیشانگەکە و بەرنامە تەلەفیزیۆنییەکە دوو ڕۆژی دیکە کۆتاییان پێ دێت و پاشان دەبێ وەك من، تا ساڵێکی تر چاوەڕوانی ئەو ڕازاوەییە بێ وێنەیە بمێننەوە. عجلوا بالمعرض قبل الموت!

**بەشی ١٨ یەکشەممە، ٢٠١٧/٥/٢٨**

دوێشەو چوومە دیتنی بەرنامەیەکی مۆسیقای ئێرانییەکان لە 'لۆگان هاڵ'ی لەندەن. ئۆرکێسترای فیلارمونیکی ڕۆژهەڵاتی پاریس بە هاوکاریی گرووپی کۆرسی 'بەهار' بەرنامەیەکی خۆشیان پێك هێنابوو کە حەزت دەکرد دەیان سەعات دابنیشی و گوێیان بۆ ڕابگری.
کۆنداکتر واتە بەڕێوەبەری ئۆرکێستراکە، هونەرمەندێکی ئێرانی بوو بە ناوی 'ئارەش فولادوەند' کە من بە حیسابی ناسناوەکەی لام وایە دەبێ بە بنەچەك کورد و خەڵکی ناوچەی کرماشان بێت. فولادوەند هاوڕێ لەگەڵ هەوادانەری میوان 'میهردادی بەران' چەند هەوای کۆن و نوێی فارسییان پێشکەش کرد  کە تایبەتمەندیی بەشێکیان ڕێك خستنەوە و سازدانەوەی نوێی هەوا کۆنەکان بوو بە شێوەیەك کە بتوانرێت بە ئامێری ئۆرکێسترایەکی فیلارمونیکی ڕۆژئاوایی بەڕێوە ببرێت. ئۆرکێستراکە لە شەش ویۆڵۆن، چوار کۆنترباس و پێنج ئامێری فوویی پێك هاتبوو و تاقە نیشانەی ئێرانی بوون بە سەریانەوە، ئامێری پڕکاشن بوو کە ژەنیارەکەی، هەم دمبەك و هەم دەفەی دەژەند. هێنانی دەفە بۆ ناو ئۆرکێسترایەکی پاریسی، کارێکی داهێنەرانە بوو.
جیاوازیی کار و ستایلی کارەکانی دوو کۆنداکترەکە گەلێك ئاشکرا بوو و لەکاتێکدا تایبەتمەندیی کاری 'فولادوەند' نوێکردنەوەی هەوا کۆنەکان بوو، 'بەران' بەرهەمی نوێتری پێشکەش دەکرد و یەك لەوانە، هەوای "خون ارغوانها" بۆ شیعرێکی شاعیری شۆڕشگێڕ سەعید سوڵتانپور دانرابوو.
ئەم چەشنە کارە دەتوانرێت بۆ مۆسیقای کوردیش بکرێت و گەلێك هیوادارم ئۆرکێسترای فیلارمونیکی کوردستان و موکریان لە سنە و سابلاغ بتوانن لە لایەکەوە هەوا کۆنە کوردییەکان نوێ بکەنەوە و لە لایەکی دیکەوە ڕوویان لە داهاتوو بێت و ڕێگا بۆ ئەوە خۆش بکەن دەنگی مۆسیقاکەمان بە جل و بەرگی ئەمڕۆییەوە لە هۆڵە گەورەکانی جیهان بەرز بێتەوە. مۆسیقای کوردی، ئەگەر خاوەنی هەبێت، گەلێکی بە بەرەوەیە و شیاویی هونەریی بۆ ئەو بە جیهانی بوونە هەیە بە مەرجێك لە زەلی فۆلکلۆر بێتە دەرەوە و هەوای تازە هەڵمژێت.

**دوو شەممە، ۲۰۱۷/۵/۲۹**

وتارێکی فارسی کاك ڕەحمان حوسەین زادەم لە ماڵپەڕی فارسیی "اخبار روز" دا خوێندەوە و پشتمی پێ لەرزی. نووسەر هێرشی کردبووە سەر کۆمەڵە و پێنج حزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆبوونەوەیان لە هەولێر بۆ پێکهێنانی بەرەی یەکگرتوو و بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی ئێران. ئەوەی کەسانێك دژ بە سیاسەتی حزبەکان بوەستن و ڕەخنەیان لێبگرن، لە بارودۆخی دیموکراتیدا، شتێکی ئاساییە و ئاشکرایە دەبێ ئازادیی ئەوە هەبێت کە هەموان بتوانن ڕا و بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان بێ پەردە دەرببڕن.

بەڵام ئەوەی سەمەرە بوو توند وتیژی هێرشکاری نووسەر بوو دەرحەق بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان شەش حزبی ئۆپۆزیسیۆنی. ئەو هەڵوێستە سەیرە خستمیە بیری چەپ ئاژۆییەکانی خۆم لە ڕابردوودا؛ منیش چل ساڵێك پێش ێستا بەرانبەر بە هێڵی سیاسیی ناحەزی خۆم ئاوا هەڵوێستم دەگرت و بەناوی پێشکەوتنخوازی و مارکسیزمەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردم مەحکووم دەکرد. تەنانەت کاتێ لە ساڵی ۱۳٦۰ دا ماوەی ۱۰ ڕۆژێك لە تاران گیرام بە هەمان هەڵوێستەوە وەڵامی پرسیاری 'بازجو'ەکانم دەدایەوە و حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕم بە 'دژی شۆڕش' ناو دەبرد و مەحکوومم دەکردن. ئەوە هەڵوێستی ئەودەمی ڕێکخراوەکەم بوو و بەداخەوە منی ساویلکەی لەگوێی گادا نووستوو بەبێ هەڵسەنگاندنی شەخسی دووپاتم دەکردەوە.

ئێستا کە بیر لەو سەردەمانە دەکەمەوە، عارەقی شەرم بە ڕوخسارمدا دێتە خوارەوە و نامەوێ بۆ ئەو هەڵە گەورەیەی کردوومە، خۆم ببەخشم. ڕەنگە نووسەری وتارەکەش چل ساڵی دیکە وەك ئێستای من پەی بە هەڵەی ئەمڕۆی ببات، بەڵام بە داخەوە ئەودەم درەنگ دەبێت و گەڕانەوە بۆ ئەمڕۆ نەگونجاو. وڵاتەکەمان ئەوەندەی لە دەست دوژمن دەیخوات دوو هێندە لە دەست دۆست. کوردستان چاوی لە ڕۆلەکانیەتی و دوای ئەو هەموو شکست و هەرەسەی تووشی هاتووە، چیتر بەرگەی هەڵەی ڕۆژبەڕۆژی ڕۆڵەکانی ناگرێت. سەد مخابن بۆ ئەو بێ ئەزموونیانە و داخ و حەسرەت بۆ نەبوونی دڵسۆزی و خەمخۆریی نیشتمانی.

**پێنج شەممە، ۲۰۱۷/٦/۱**

لە ئەفغانستان گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان چاپ بووە کە بە گوێرەی هەواڵی بی بی سی، ناوی "گلارە"ی کوردیی لەسەر دانراوە. بەرهەمهێنەرانی گۆڤارەکە گوتوویانە ئەو ناوە کوردییە ئیلهامی لە کچانی خەباتکاری کورد لەعیراق وەرگرتووە کە دژ بە داعیش شەڕ دەکەن".

شانازی دەکەم کە پەیامی قارەمانانی کۆبانێ و شنگاڵ گەیشتۆتە گوێی جیهانییان و ئێمە ئەمڕۆ دەنگدانەوەی لە ئەفغانستانەوە دەبیسین، با ئەردۆغان و حکوومەتەکەی لە گەرووی چەپەڵی گورگە بۆرەکانەوە بلوورێنن و بۆڕێنن.

**بەشی ١٩ دووشەممە، ٢٠١٧/٦/٥**

لە نیوەی دووهەمی مانگی ڕابردوودا دوو مۆرەی گرنگی سیاسی، گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستانیان بەجێ هێشت. ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستای نەمر عەزیز محەممەد ڕاگەیێنرا و ١٢ ڕۆژ پێشتریش کاك نەوشیروان مستەفا کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا عەزیز محەممەد هەموو تەمەنی خۆی سەرفی خزمەت بە چەوساوەکان کرد و یەك لەو سێ کوردە بوو کە خەڵاتی لینینیان پێ بەخشرابوو *(لاهووتی کرماشانی، حەیدەر عەلییۆفی سەرەك کۆماری پێشووی ئازەربایجان کە بە ڕەچەڵەك کورد بوو و مامۆستا عەزیز محەممەد).*

بە داخەوە بنکە هەواڵدەرییەکانی ناوخۆ هەواڵی مردنی مامۆستا تەنیا لە ماوەی ڕۆژێك و دوانی یەکەمدا بڵاو کردەوە و ئیتر بێدەنگییان لێ هێنا، ئەوە بۆ کەسایەتییەکی مەزن و شوێندانەر وەك ئەو لە شوێنی خۆیدا نەبوو و نیشانەی بێ میهرییەکی زۆری بە سەرەوە بوو.

لەو ماوە کەمەشدا، هەندێك لەو کەسانە وا هەواڵەکەیان ڕادەگەیاند، کەسایەتی مامۆستایان بە حزبی شیوعی عیراق و سیاسەتەکانی سۆڤیەتی پێشووەوە دەبەستەوە کە کارێکی بەجێ بوو و دەبوایە وا بێت لەبەر ئەوەی ژیانی سیاسیی مامۆستا لە کار و کردەوەی حزبی شیوعی عیراقیدا خولاسە دەبووەوە. بەڵام سەمەرە ئەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسایەتی کاك نەوشیروان مستەفا کەس باسێکی ئەوتۆی لە سیاسەتەکانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان و چالاکییەکانی دەیان ساڵەی نەکرد، کە ئەو بەرپرسی یەکەمی بوو. باسی کۆمەڵە هیچ، دوور و نزیك تەنانەت ناوێکیش لە مائۆئیزم و هەڵەوپەڵەکانی نەکرا و پۆل پۆت و کامبوجیا و کاری هاوشێوەی ئەوان لە کوردستان، بەچاوی کەسدا نەدرایەوە.

من ناڵێم دەبوایە ئەوە بکرایەت لەبەر ئەوەی لە سەرەخۆشی و پەیامی دوای مردندا هەمووان هەوڵ دەدەن دەست نیشانی کردەوە چاکەکانی کەسی کۆچکردوو بکەن و هەڵەوپەڵە بهێڵنەوە بۆ دەرفەتەکانی دوارۆژ. بەڵام ئەوەی پێم سەیرە ئەو یەك بان و دوو هەواییەیە. بۆچی ئەو نەریتە بۆ یەکێك ڕاستە و بەڕێوە دەبرێت، بەڵام بۆ یەکی دیکە لە هەمان وڵات و هەمان مانگدا هەڵەیە و نابێ بکرێت! ئایا گۆڕەپانی سیاسەتی کاڵ و کرچی کورد ئەوەمان پێدەکات یان ئێستاش ڕۆحی مائۆ بە ژوور سەری حزبە کوردییەکانەوە دەگەڕێت؟

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٦/٧**

هەواڵی دوو هێرشەکەی ئەمڕۆی ناو شاری تاران گەلێك ناخۆش بوو. باوەکوو دوژمنێکی کورد هێرشی کردبووە سەر دوژمنێکی دیکەی کورد، بەڵام ئەو تیرۆرە کوێرە و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان، نە جێگەی پەسندە و نەهیچی بۆ کورد تێدایە. ڕەشکوژی هەرکەسێك بیکات، مەحکوومە!

وێدەچێ ئەمجارەش کورد بە ساویلکەیی کەوتبێتە داوێکەوە کە ئەنجامەکانی جێی نیگەرانین. ئێران لە پیلان دەگەڕێت دژ بە کوردستانی باشوور، چ لە ڕێگەی جاشەکانی حەشدی شەعبییەوە بێت و چ ڕاستەوخۆ. دەبێ هەموولایەك وشیاربین و بیانوویەکی وایان نەدەین بە دەستەوە کە شان بەشانی ئەردوغان و عەبادی پیلانێکمان بۆ بنێنەوە و هێرشێکمان بکەنە سەر. ئەوە کارێکی دوور لە چاوەڕوانی نییە. سەلەفییەکانی کوردستان ڕاستەوخۆش نەبێت، ناڕاستەوخۆ دەسنێژی مەلاکانی ئێرانن و ساڵانێکی زۆرە کاریان لەسەر دەکەن و لە داوێنی خۆیاندا پەروەردەیان دەکەن بۆ ئەوەی بیانکەنە ملۆزمی بیری نەتەوەیی و پێشکەوتنخواز.

ڕووداوەکەی تاران خستمیە بیری ئەو دەمەی وا دوو لاوی کورد لە ساڵی ١٩٦٨ یان ٦٩دا، بە لاسایی کردنەوەی فەلەستینییەکان فڕۆکەیەکی عیراقییان ڕفاند و بە حیسابی کێشە و نێوان ناخۆشییئ عیراق لەگەڵ ئێران، هێنایانە تاران. حکوومەتی شا دەست بەجێ گرتنی و لە ماوەی چەند ڕۆژدا هەردوکیانی ئیعدام کرد. لەبیرمە ناوی یەکیان ئەنوەر بوو، بەڵام نەمزانی سەر بە چ حزب و لایەنێك بوون لەبەر ئەوەی باشووری کوردستانیش بێدەنگی لێکردن و تەنانەت ئێستاش کەس ناویان ناهێنێت.

ڕووداوی ئەمجارەش لە ناوەڕۆکدا زۆر جیاواز نییە لە ڕووداوی ئەو ساڵە و ئەگەر هەواڵەکان ڕاست بن، لای کەم پێنج کورد بوونەتە قوربانیی گەمژەییەك. ئەودەم دوو کوردەکە بە ساویلکەیی کەوتبوونە شوێن سیاسەتی باوی ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئێستاش وێدەچێ هەر وا بێت بەڵام بە بەرگێکی ئایینییەوە! ئەو کارانە کورد ناگەیێننە هیچ شوێنێك. کەم و زۆر هەموو وڵاتانی جیهان، بە ئەمریکاوە، ڕووداوەکەیان مەحکووم کرد و ئەوە ڕاستەوخۆ مەحکووم کردنی داعیشە بەڵام ناڕاستەوخۆ کوردیش دەگرێتەوە. ئەگەر وشیار نەبین، واهەیە دوای نیشتنەوەی تەپ وتۆزی ڕووداوەکە تێبگەین چ زیانێکی گەورەمان لێ کەوتووە.

لەو ناوەدا، یەك شت بۆ من ڕوون نییە، ئەویش ئەو پرسەیە کە ئایا کوردە داعیشە کووژراوەکان ڕاستەوخۆ گەیشتوونەتە بەهەشتی خوا و ئێستا لەوێ دەستەملانی ٧٢ فریشتەی باڵا بەرز بوون یان نا؟ کەس هەیە هەواڵەکەم بۆ پشتڕاست بکاتەوە؟

**پێنج شەممە. ٢٠١٧/٦/٨**

لە یادداشتەکانی دووسێ هەفتە پێشتردا گوتم مەلاکانی ئێران کارێکی زۆریان بۆ نیفاق خستنە ناو خۆشك و برایانی کاکەیی لە باشووری کوردستان کردووە. وا هەواڵی ئەوە دەگات کە بە کاکەیی نەوەستاون و لە ناو موسوڵمانانیشدا کاری تەبلیغییان کەم نەبووە. بەگوێرەی هەوالێك، کابرایەکی خەیالاوی لە سەنگەسەر ماوەیەکە خۆی لە کوردی هەژار کردۆتە محەممەدی مەهدی و بەتەمایە خوا بیەوێت یان نەیەوێت، ئەم خۆی چارەسەری کێشەکانی سەرتاسەری جیهان بکات؛ لە ئەمریکا عەقڵ بدات بە ترامپ، بریتانیا بگەڕێنێتەوە باوەشی ئوروپا، بۆمبای ئەتۆمیی لە دەست کۆریای باکوور دەربێنێت و مەلاکانی ئێرانیش بگەڕێنێتەوە سەر مینبەرەکانیان لە قوم و مەشهەدا!

باشە، ئەو برادەرەمان ئەو خەباتە مەزنە جیهانییە بە چ هێزێکەوە دەکات؟

جا قابیلە؟ ئەی داعیش و تاڵەبان بە کەڵکی چی دێن ئەگەر نەکەونە شوێنی و خورماکەی نەخۆن؟

خۆ ئەگەر وابێت، سەنگەسەر دەبێتە پایتەختی هەموو جیهان و لە عەرش و قوڕشەوە ئینس و جان ڕوو دەکەنە کوردستان، یووئێن و مووئێنیش نامێنن و حکوومەتی هەرێم دەبێتە حکوومەتێکی جیهانی!

پیرۆز بێ ئەو دەسکەوتە!

هەڵپەڕن خەڵکی کۆستە!

**بەشی ٢٠ هەینی، ٢٠١٧/٦/٩**

لە کومۆنیزمەوە بۆ کۆربنیزم!

دوێنێ لە بریتانیا هەڵبژاردنی سەرانسەریی پەرلەمان بوو. حزبی حاکمی پارێزگار هەڵبژاردنێکی پێش وەختی ڕاگەیاند بەو هیوایەی کە 'جێرێمی کۆربن' ڕێبەری حزبی کار توانای بەربەرەکانی کردنی ئەوانی نییە و دەتوانن دەنگێکی زیاتری خەڵك بۆخۆیان مسۆگەر بکەن؛ لەو ڕێگەیەشەوە زیاتر ئەسپی سیاسەتە هەڵەکانیان سەبارەت بە 'برێگزیت' و جیابوونەوە لە یەکیەتی ئوروپا تاو بدەن؛ لە سکۆتلەندەش حزبی ناسیۆنالیستی سکۆتلەندییەکان تێك بشکێنن. ئینجا هاتن بە خەڵکیان گوت گوایە بۆ مەسەلەی جیابوونەوە لە یەکیەتی ئوروپا پێویست بە حکوومەتێکی 'بەهێز و سەقامگیر' هەیە و ئەوان لەڕێگەی ئەو هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆ دادەمەزرێنن.

هەڵبژاردنەکە بە پێچەوانە گەڕا و حزبی حاکم، کە بۆ ڕیش چووبوو، سمێڵیشی لەسەردانا و ئێستا بۆ ئەوەی لەسەر حوکم بمێنێت، مەجبوور بووە لەگەڵ حزبێکی بچووکی ڕاست ئاژۆی ئیرلەندییەکانی باکووردا یەك بگرێت و ژمارەی نوێنەرانیان لە ناو پەرلەمان بگاتە نیوەی+١ ی ئەندامان کە بتوانێت حکوومەت پێك بهێنێت.

من کە لە هەموو ساڵانی ژیانم لە بریتانیا، لایەنگری حزبی کار بووم، باوەکوو ئەمجارە هیوایەکی کەمم بە جێرمی کۆربن هەبوو، بەڵام لەبەر سۆز و خۆشەویستیی ڕێبازەکە و شەخسی ئەو، لەگەڵیاندا مامەوە و خۆشحاڵم کە سەرکەوتنێکی گەورەیان دەستەبەر کرد. هەڵبژاردنەکە چەند شەقڵی نوێی لێدرابوو:

لاوان بەگشتی بەرەو چەپ هاتبوون و متمانەیان بە پارێزەرەکان نەبوو. خەتی شێوە چەپی کۆربن سەرەڕای هەموو دژایەتییەکی حزبە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان وەك حزبی سەربەخۆیی خواز و دژە ئوروپای نایجڵ فاراژ و ڕۆژنامە ڕاست ئاژۆکان وەك دەیلی مەیل و سان، سەرکەوتنێکی زۆری دەست کەوت و ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانی گەلێك زیاتر لەوەی پێش بینی دەکرا لە زیادییان دا؛

حزبە ڕاست ئاژۆکان لە زوربەی شوێنەکان تووشی شکست هاتن؛

لەندەن و شارە گەورەکان کە بێگانەی زیاتریان تێدایە، بە دەست حزبی کارەوە مانەوە بەڵام پارێزگا و شارەکانی دەوروبەری لەندەن، کە خەڵکەکەیان بەگشتی بریتانی و واهەیە بەشێکیان ناحەزی کۆچبەران بن، بوونەوە بە مڵکی حزبی پارێزەر؛

دوو کورد لە سەر لیستەی حزبی کار بەربژێری دوو ناوچە بوون لە لەندەن و دەوروبەری، بەڵام بە داخەوە هیچکامیان دەنگی پێویستیان نەهێنایەوە.

بەگشتی نزیکەی ٥٠ ئەندام پەرلەمان لە کەمایەتییە ڕەش و غەیرە سپییەکان چوونە ناو پەرلەمانەوە.

ژمارەی ژنانی ئەندام پەرلەمان ئێستا لە هەموو هەڵبژاردنێکی پێشوو زیاتر بووە.

**<u>دووشەممە، ٢٠١٧/٦/١٢</u>**

سوننی کوژی!

کاری هەڵەی تیرۆریستیی هەفتەی ڕابردوو بیانووی چاکی داوەتە دەست سوپا و وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران بۆ لێدانی هەموو ئەو چالاکانەی وا لە ناوچە کورد و سوننە نشینەکان دژایەتی حکوومەت دەکەن.

بە پێی هەواڵی ئەم ڕۆژانە، نەك هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە سیستان و بەلووچستان وناوچە تورکمەن نشینەکانی باکوور هەتا سوننەکانی باشووری ئێران، خەڵك کەوتوونەتە بەر هێرشی "سەربازانی گومنامی ئیمامی زەمان" و نە کەس هەیە بەرگریان بێت، نە کەسیش بە یارمەتی گیراوەکانەوە دێت.

کارێکی منداڵانەی بێ بەرنامەی چەند لاوی بێ ئەزموونی دەمارگیر (یان خود فێرکراوی دەستی ئیتلاعات)، ئاکامی وا ناحەزی لێ کەوتۆتەوە و لەدادێدا زیاتریشی لێ دەکەوێتەوە. سوپای پاسداران زۆر وا هەیە بەوەش نەوەستێت و دەستبداتە جینایەتی زۆر لەو ناوچانە و لە عیراق و باشووری کوردستانیش.

دۆخەکە گەلێك ئاڵۆز و زۆر ناسکە و لە ڕۆست هاتنی وشیاری و لێزانیی زۆری دەوێت. هیوادارم کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم و شەڕە پەڕۆ لێیان بگەڕێت بە مەسەلە گرنگەکان و یەك لەوان ئەم پیلانە داڕژاوە، بە باشی ڕابگەن.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٦/١٥</u>**

دوێنێ ڕووداوێکی دڵتەزێن لە لەندەن ڕوویدا و باڵەخانەیەکی ٢٤ نهۆمی لە ناوەڕاستی شارەکە ئاگری گرت. ژمارەی کووژراوان تا کاتی ئەم نووسینە گەیشتۆتە ١٧ کەس و برینداریکی زۆریش براونەتە شەش نەخۆشخانەی شار. سەرجەم ١٢٠ بنەماڵەی دانیشتووی بینایەکە ئاوارە بوون و هەموو کەل وپەلێکی ژیانیان لەدەست چووە. کارەساتەکە گەلێك مەزنە و خەڵك لەهەموو شوێنێکەوە چوونەتە یارمەتیدانی بێ ماڵ و حاڵەکان.

من پێشتر بە میوانی چوومەتە ناو ئەو باڵەخانەیە و دۆست و ناسیاویشم لەناویاندا هەیە، کە بەختەوەرانە هەموویان سەلامەتن. بە گوێرەی هەواڵی برادەرێکی شارەزا، سەرجەم پێنج بنەماڵەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشوور لەگەڵ چەند بنەماڵەی کوردی سووریا لەوێدا دەژیان. هێشتا کاری پشکنین کۆتایی نەهاتووە و بە ڕوونی نازانرێت کێ ماوە و کێ نەماوە.

ژیان لە باڵەخانەی وا بەرز هەمیشە ئەستەم و جێگەی نیگەرانی بووە، بەڵام چ کەردەن؟ ئەوە ژیانی کۆچبەرییە و هەر ئەوەندەی چاوە خانوویەك لە شوێنێك بدرێتە کەسەکە، وەریدەگرێت. خەڵکانی دانیشتووی باڵەخانە، دراوسێکانیان و بە گشتی خەڵکی هەموو وڵات ناڕەزاییان هەیە لەو خزمەتانەی دەبوایە حکوومەتی ناوچەیی ئاراستەی بکردایە و نەیکردووە. دیارە دابین کردنی خانووبەرە و ڕەچاوکردنی هەموو لایەنێکی ئاسایش بۆ ئەو خەڵکە زۆرەش کارێکی هاسان نییە، بە تایبەت کە ئێستا وڵاتەکە تووشی قەیرانێکی گەورەی ئابووری هاتووە و بودجەی هەموو خزمەتگوزارییەك لە چوارچێوەی حکوومەتە ناوچەییەکاندا لە کەمیی داوە.

لەندەن ٣٣ حکوومەتی ناوچەیی هەیە و ناوچەی ویست مینستر و کینزینگتن دەوڵەمەندترینیانە، کە باڵەخانەکەش لەوێدا هەڵکەوتووە.

**بەشی ٢١ سێ شەممە ٢٠١٧/٦/٢٠**

حەیدەر عەبادی سەرەك وەزیرانی عیراق، کە دژ بە گشتپرسییەکەی کوردستان هەڵوێستی گرتووە، سەردانی ئێران و دوو وڵاتی عەرەبی ناوچەکەی کردووە بۆ وەرگرتنی پشتیوانی ئەوان و تەنیا هێشتنەوەی حکوومەتی هەرێم. ئایەتوڵڵا خامنەییش کە ناوی خۆی ناوە ڕێبەری هەموو موسوڵمانانی جیهان و وەك ئەرکێکی ئاسایی خۆی بێت، دەست لە هەموو کاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەردەدات، دوێنێ بە پێچەوانەی هەموو عورفێکی ناونەتەوەیی هەڕەشە و گوڕەشەی لە کوردی باشوور کردووە و فەرموویەتی گشتپرسی نەکەن.
کورد لە داگیرکەری خاکەکەی و دوژمنەکانی خۆی لەوە زیاتر چاوەڕوانی ناکات، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کۆماری ئیسلامی خۆی خزاندۆتە ناو کۆمەڵگای باشووری کوردستانەوە و ناڕاستەوخۆ هەوڵی گەورە کردنەوەی کەلەبەری نێوان حزبە سیاسییەکان دەدات.
تاقە هیوایەك بۆ بەربەرەکانی ئەو و داگیرکەرانی دیکەی خاکەکەمان مابێت یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلە. تۆ بڵێی لەو ماوەی سێ مانگەی وا بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە ماوە، حزبەکان و ڕێبەرانیان نەیەنە سەر عەقڵ و ڕیزەکانیان یەك نەخەن؟ ئەگەر ئەوە ڕوونەدات هەرگیز گەل نایانبەخشێت و زۆر واهەیە هەرگیز مەجالێکی دیکەی وا بۆ کورد هەڵنەکەوێت.

**چوارشەممە ٢٠١٧/٦/٢١**

زەکات، وەك گرفتێکی گەورەی کۆمەڵگا لە وڵاتی موسوڵمانان
بە گوێرەی هەواڵێکی ماڵپەڕی ڕووداو، زەکاتی تەنیا ٣ ملیاردری کوردستان دەکاتە بڕی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار. ئەو پارە زۆرە بە کێ دەدرێت و چۆن سەرف دەکرێت؟ لە حاڵێکدا حکوومەتی هەرێم مووچەی فەرمانبەرانی پێ نادرێت و بەغدا پارەی نەوتەکەیان لێ دەبڕێت، ئەو زەکاتە بۆچی دەبێ بدرێتە دەست چەند مەلای مزگەوت کە نە حیسابی بانکیان لەژێر کۆنترۆڵی دەولەتدایە و نە کەس دەزانێت چی لەو پارە زۆرە دەکەن.
مەلا و مزگەوت حکوومەتێکن لە ناو حکوومەتدا، ڕاست وەك داهاتی "آستان قدس رضوی" لە شاری مەشهەدی ئێران کە گەورەترین سەرمایەداری هەموو وڵاتەکەیە و مەلاکان دەیخۆن و دەیبەن، کەسیش نییە لە ژوور سەریانەوە بزانێ چی لەو پارەیە دەکرێت کە خەڵکانی دڵ

ساف بە نییەتی باشەوە دەیدەنە سندووقی خێر و خێراتێك وا بە ناوی ئیمام ڕەزاوە دانراوە بەڵام دوای دزی و فزییەکان کە گوایە تەنیا جێگری سەرۆکەکەی لەم ڕۆژانەدا ١٣ هەزار ملیارد تمەنی دزیوە و هەڵاتۆتە دەرەوەی وڵات، بەشی بەرچاوی ئەوەی دەمێنێتەوە سەرفی حیزبوڵڵای لوبنان و پاراستنی بەشار ئەسەد لە سووریا دەکرێت، یان دەدرێتە حەماس و و شیعەی حوثی لە یەمەن و حەشدی شەعبی لە عیراق بۆ ئەوەی هیلالی شیعی پێك بێنن یان دەیان شوێنی وەك نیجریە بۆ ئەوەی برەو بە شیعایەتی لە ئەفریقا بدەن.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٦/٢٣**

کورد سەرەڕای ژیانی ئەستەم و شەڕ و کێشەی زۆری سیاسی و ئابووری، خەڵکانی قسەخۆشی زۆرن. شیعرێکی بێرتۆڵد برێشت هەیە دەڵێ "ئایا لە سەردەمی شەڕدا شیعر دەگوترێت؟" هەرخۆیشی وەڵام دەداتەوە و دەڵێ: "بەڵێ سەبارەت بە شەڕ!" بەڵام قسە خۆشی کورد تەنیا سەبارەت بە شەڕ قسەیان نەکردووە و لەهەموو بوارێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەسپی تەنزیان تاوداوە.

زۆر حەیفم لێ دێت قسەکانی مامۆستا عەلی خەندان گۆرانی بێژی نەمر بفەوتێن. بڵێی کەس قۆڵی لێ هەڵنەماڵێ و گردوکۆیان نەکات؟

**بەشی ٢٢ شەممە، ٢٠١٧/٦/٢٤**

پیری دەستگیر

ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی بیرمەند، کۆمەڵناس و زمانەوانی مارکسیست و فێمینیستی کورد، کاك ئەمیری حەسەنپوور، ڕاگەیێنرا. مەرگی کاك ئەمیر بۆ بزووتنەوەی چەپ و خەباتی سیاسی و بواری لێکۆڵینەوە لە مێژوو و ئەدەبی کوردی خەسارێکی گەورە بوو. بە هەمان شێوە، هەموو خەڵکانی کورد و غەیرەکورد کە لە بواری توێژینەوە لە سیاسەت و کۆمەڵناسی و مێژووی کورددا کاریان دەکرد، یاریدەدەرێکی بێ دریغ و پشتگیرێکی دڵسۆزیان لەدەست چوو. من خەریکی نووسینی بابەتێکی کورتم بۆ گۆڤارێکی کوردی و لەم دەرفەتە کەمەی ئێستادا بیرم لەوە دەکردەوە ئەم چەند دێڕەی ئێرەدا بە چ سیفەتێك ناوی ئەو گەورە پیاوە هەڵکەوتووەی کورد بەرم کە بتوانێت کەسایەتی کەم وێنەی ئەو پیشان بدات، دیتم 'پیری دەستگیر' ڕەنگە بەشێك لە هەست و بیرم سەبارەت بەو ڕابگەیێنێت.

ئەوەندەی خۆم لە ماوەی سی چل ساڵ ناسینی کاك ئەمیردا بینیومە و ئەوەندەی لە خەڵکانی دیکەم بیستۆتەوە ، کاك ئەمیر هەرگیز دەستی بەڕووی کەسێکەوە نەناوە کە خەریکی

لێکۆڵینەوە لە بوارێکی تایبەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی کورد بوویێت و نەك هەر کوردیش بەتەنیا، بەڵکوو خەڵکان و گەلانی چەوساوەی جیهان بەگشتی. یادی خۆشەویستی دوکتۆر ئەمیری حەسەنپوور بۆ هەمیشە زیندوو بمێنێتەوە. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی خاتوو شەهرزاد موجاب و کاك سەلاحی کوڕیان و خوشك و براکانی کاك ئەمیر هەروەها هەموو خەڵکی مەهاباد و سەرانسەری کوردستان دەکەم.

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/٦/٢٧</u>**

دیواری ئەردۆغان

ئەو دیوارەی وا ئەردۆغانی جینایەتکار خەریکە لە نێوان خاکی ئێستای تورکیا و ئێراندا دەیکێشێت، چاڵدیرانێکی دیکەیە و کارەساتێکی مرۆڤایەتییە کە ئەوەندەی شوێن لەسەر ژیانی کورد لە هەردوو بەری سنوور دادەنێت، ئەوەندەش لەسەر ژینگە و سروشت و ئاژەڵی کێوی و دار ودرەخت. بۆچی دەنگی کەس دەرنایەت؟ مافی گوندنشینانی هەردوو لایەنی سنوور کە لەڕێگەی ئاڵوگۆڕ و کڕین و فرۆشتنی کالای سەر سنوورەوە دەژین چی لێ دێت؟ ئایا ئیجازە لەو خەڵکانە وەگیراوە کە دیوارەکە بە زەویوزاری ئەواندا دەکشێت؟ ئەندام پەرلەمانەکانی کورد و ئازەربایجانی لەئێران بۆچی بێدەنگن؟ حزبەکان بۆچی دەنگیان لێوە نایەت؟ تەلەفیزیۆنە کوردییەکان بۆچی قڕ وقەپیان لێکردووە؟

**<u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٦/٢٨</u>**

سبەی ساڵوەگەڕی بۆمبابارانی شیمیایی شاری سەردەشت و چەند گوندی دەوروبەریەتی. سی ساڵە حکوومەتە ڕووڕەشەکانی جیهان لەو جینایەتە بێدەنگن و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکییەکان کە ئەودەم بە هۆی مەترسی نانەوەی خومەینییەوە دیزەبەرخۆنەیان کرد و چاویان لە سەددام قووچاند، ئێستاش بەلای مەسەلەکەدا ناچن. یادی ئەو کەسانە بەخێر بێت کە لەو ڕووداوە دڵتەزێنەدا بوونە قوربانیی سات وسەودای ئەو دوو حکوومەتە چەپەڵە. ئەگەر ئێران دوای وەرگرتنەوەی خوڕەمشەهر لە ناو خاکی عیراق پێشڕەوی نەکردبایە و پاسدارەکانی خومەینی نەچوونایەتە قووڵایی خاکەکەیەوە سەددامی جینایەتکار زۆر واهەبوو ئەو تاوانە دەرحەق بە خەڵکی سیڤەیلی سەردەشت و دەوروبەری نەکات و درەنگتر، دەرحەق بە خەڵکی هەڵەبجەش. هەردوو حکوومەتەکە لەو تاوانەدا دەستیان هەبوو.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٦/٢٩</u>**

ئەمرۆ لە ژوورێکی کۆبوونەوەی 'برك بێك کۆلێج'ی زانستگەی لەندەن کۆڕێك بۆ بەڕێز دوکتۆر جەعفەر شێخ الاسلامی ڕێکخرابوو و خەڵکێکی باش بەشدارییان تێدا کردبوو. بابەتی وتارەکەی کاك جەعفەر پێنج ستانداردی جیاواز بۆ یەك زمان بوو و تێیدا باسی سیاسەتە جیاجیاکانی پێنج وڵاتی ئەرمەنستان، ئێران، عیراق، سووریا و تورکیای کرد سەبارەت بە زمانی کوردی.
کاك جەعفەر کە لە شاری ئۆتاوای کانەدا مامۆستای زمانەوانە، لە سەرەتای قسەکانیدا ئاماژەی بە لەدەستچوونی کاك ئەمیری حەسەنپووری کرد و گوتی مۆنتۆر و مامۆستام بووە. هیوای هەمووولایەك ئەوەیە ئێستا کە کاك ئەمیر نەماوە، ئەو بتوانێ شوێنی بەتاڵی ئەو لە بواری زمان و کۆمەڵناسیدا پڕ بکاتەوە.

**بەشی ٢٣ __شەممە، ٢٠١٧/٧/١__**

هەواڵی بریندار بوون و گیرانی ڕامین حسین پناهی و گیان لەدەستدان و گیرانی چەندکەسی دیکەی بنەماڵەی بەڕێزی حوسەین پەناهیم لەسەر ماڵپەڕەکان خوێندەوە کە ڕێکخراوی لێبووردنی ناونەتەوەییش پشتڕاستی کردبووەوە. من سەری ڕێز بۆ ئەو بنەماڵە خەباتکارە جگەرسووتاوە دادەنەوێنم. بەڵام لام وایە حزبە سیاسییەکانی کورد لە بەرانبەر ئەو بنەماڵانەی وا پێشتر داغی لەدەستچوون ڕۆڵەکانی خۆیان لەدڵ دراوە، ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە و دەبێ خۆ لەوە بپارێزن کە مەترسییەکی نوێ بۆ ئەندامێکی دیکەی بنەماڵەکەیان بۆ بنێنەوە. کاروانی خەبات هەر بەڕێوەیە و ناوەستێت، بەڵام داڕشتنی بەرنامەکان، حەکیمی و تێگەیشتنی زیاتری پێویستە.

**__یەکشەممە، ٢٠١٧/٧/٢__**

بەداخەوە ئەمرۆ دوای دوو مانگی ڕەبەق هەواڵی کۆچی دوایی "خاتوو مونیرە موفتی زادە"م ژنەفت. مونیرەخانم، بۆ ساڵانێکی زۆر یارمەتیدەر و دڵسۆزێکی پاك و بێ ئیدیعای کۆمەڵگای کورد لە بریتانیا بوو، کە هەموو هەڵسووڕاوی و خزمەتەکانی لە پێناو داکۆکی کردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی ژناندا بوو نەك بۆ پلە و پایە و ناو و پووڵ وپارە. تێگەیشتوویی و ئەزموون و کارزانی و خەمخۆریی خەڵك تەنیا بەشێك لەو خەسلەتانە بوون کە لە کەسایەتی مونیرەخانمدا کۆببوونەوە و کردبوویانە کەسایەتییەکی جێگەی ڕێزی کۆمەڵانی خەڵك. لەبیرمە هەر لەساڵانی سەرەتای هاتنم بۆ بریتانیادا ڕێگەم کەوتە بەردەم مێزی کاری ئەو لە ڕێکخراوەیەکی پەنابەری و ئێستاش بیرەوەریی خۆشی بەدەنگەوە هاتن و ڕێنوماییە

پسپۆڕانەکانیم هەر لە یاددا ماوە. مونیرەخانم دەتگوت هەر بۆ کار و زەحمەت و یاریدەری خوڵقاوە.
کومیتەی ژنانی کورد لقی بریتانیا بەو بەو بۆنەیەوە ڕۆژی شەممەی دادێ ڕێ و ڕەسمێك لە لەندەن بەڕێوە دەبات.
یادی مونیرەخانمی خۆشەویستی هەموولایەك بەخێر بێت!

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٧/٤**

ئەی هاوار کوا ئەوە حاڵە؟
کێشە و شەڕە دەندووکەی حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەلایەك و دۆخی خراپی ئابووری هەرێم و مەسەلەی گەندەڵی لە لایەکی دیکەوە، هاوکات لەگەڵ تۆپبارانی کوێستانەکانی باڵەکایەتی لەلایەن مەلایانی نوێنەری خوا لە ئێران و بۆمبابارانی داوێنی قەندیل لەلایەن ئەردۆغانی جینایەتکارەوە کاتێ دەخرێنە پاڵ یەکتر، سەری بینەری بێ لایەن سووڕ دەمێنێت کە ئەو گەلە هەژارەمان چۆن بەرگەی ئەو هەموو ڕەنجە دەگرێت و سەری لێ ناشێوێت؟
بەشێك لە کارتێکەرییەکانی ئەو هەل ومەرجە نالەبارە لەسەر ڕۆحی خەڵك، لە شەڕ و کێشە و گرفتی ناو بنەماڵە و پەیوەندی خەڵکەکە لەگەڵ یەکتر دەردەکەوێت. ئەم چەند هەواڵەی خوارەوەم تەنیا لە ماڵپەڕی ڕووداوی کوردی ئەمڕۆ سێ شەممە ٢٠١٧/٧/٤ دا خوێندۆتەوە. ئەو پەرژین شکاندن و سەرەڕۆیی و جینایەتانە ناتوانن بێ پەیوەند بن لەگەڵ ڕەوشی خراپی ئابووری- سیاسی-کۆمەڵایەتی وڵاتەکەمان. بەداخەوە بەرە لە تەنکییەوە دەدرێت و زوربەی زۆری ئەو بێ قانوونییانە دەرحەق بە ژنی کورد دەکرێن. فەرموون:
*مانگی رابردوو ٢٤ حاڵەتی کوشتن لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون.*
*ژنێك ٣٠ چەقۆ لە هەوێکەی دەدا.*
*لە سلێمانی بە هۆی دەسرێژی گولـلەوە ژنێك کووژرا.*
*پیاوێکی کورد هەوڵدەدات پیسایی دەرخواردی هاوژینەکەی بدات.*
*لە سۆران کچێکی ١٧ ساڵ بە چوار چەقۆ دەکوژرێت.*
*لە پردێ، کوڕێك باوکی خۆی دەکوژێت.*

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٧/٥**

دووسەد کەسێك لە باشووری کوردستان نامەیەکیان ئیمزا کردووە بۆ دژایەتی دەربڕین لەبەرانبەر هەڕەشەی داخرانی تەلەفیزیۆنی ئەلجەزیرەی قەتەری لەلایەن سعوودیاوە. من خۆم ئاگادار نیم و خەڵکە خاوەن ئیمزاکانیش ناناسم، بەڵام برادەرێکم دەیگوت هەر ئەو کەسانە لە بەرانبەر داخرانی چەندەها کەناڵی تەلەفیزیۆنی کوردیدا بێدەنگ مانەوە و متەقیان لێوە نەهات، سەیرە ئێستا بۆ ئەو کەناڵە عەرەبییە بەرد لە سینگیان دەدەن!

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٧/٦**

مەلاکانی ئێران خەریکن بەهۆی هەڵبەستنی بەنداوێك لەسەر زێی بچووك، ئاوی ناوچەی قەڵادزێ لە باشووری کوردستان ببڕن. ئەوان چەند ساڵێکە خەریکی ئەو ئەرکە ناپیرۆزەن و بۆ بێدەنگ کردنی ئازەربایجانییەکان و هێنانی ئاو بۆ ناو گۆلی ورمێ، لە چەند لاوە ئاوی ڕووبارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ویشك دەکەن و ڕوویان دەکەنە گۆلی ورمێ. ئەو خەیانەتە ئێکۆلۆژیستیکە، سەرەتا بە ڕووباری ئەڵوەن لە ناوچەی کرماشان دەستی پێکرد کە ڕووبارێکی پیرۆزی خوشك و برایانی ئەهلی حەقە و ئەمڕۆ ڕاگەیێنرا ئەو چوار دڵۆپە ئاوەش کە تا ئێستا دەهاتە ناو ئەڵوەن لە باشووری کوردستان، بەتەواوەتی چۆڕەی لێبڕاوە و ویشك بووە. مەلاکان لە هەنگاوی دواتردا، دەستی چەپەڵیان گەیاندە ناوچەی سەردەشت کە بەروبووی گەڵاوی کارەکەیان ئێستا لە قەڵادزێ دەردەکەوێت.

هەواڵێکی هاوچەشن لە پیرانشاریشەوە گەیشتووە و دەردەکەوێت کە سوپای پاسداران بەڕێوەبەری ئەو پڕۆژانە، بە هاوکاریی دەوڵەتی ئاخوند ڕۆحانی، لە ڕەوشی ئاڵۆزی سیاسیی باشووری کوردستان کەڵك وەردەگرن و بۆ دژایەتی نواندن لە بەرانبەر مەسەلەی ڕیفڕاندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، ئەو گوشارانەیان لە سەر گەلەکەمان زیاتر دەکەن. مەلاکانی ئێران بۆ وەستاندنی پڕۆسەی ڕیفراندۆم و بێدەنگ کردنی ئازەربایجانییەکان لە هیچ جینایەتێك لە کوردستان درێغی ناکەن. ئێمە دەبێ گەلێك لەوە وشیارتربین و دەنگی ناڕەزاییمان بەرانبەر هەر هەنگاوێکی ئەو دەست چەپەڵانە بەرز بکەینەوە. بۆچی دەبێ تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و بەگشتی میدیای کوردی لەو بارەیەوە بێدەنگ بن؟

**بەشی ٢٤ یەکشەممە، ٢٠١٧/٧/٩**

هەواڵی گیرانی کاك سەلاحەددین خەدیو لە مەهاباد بڵاو بۆتەوە. گرتن و بڕین و کوشتنی کورد لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا دیاردەیەکی ڕۆژانەیە و سەمەرە نییە. بەڵام هۆکاری گیرانی

ڕووناکبیرێك بە بۆنەی ڕەخنە گرتن لە ئەندام پەرلەمانێکی ڕەگەزپەرستی شەڕخواز جێگەی بیرلێکردنەوەیە.
کۆماری مەلاکان لەمێژە خەریکی ئاژاوە نانەوە لەنێوان کورد و تورکی ئازەربایجانە. بەداخەوە کەسانێك و چەند ڕێکخراوەی سیاسی لە هەردوولا ئاگری دژایەتی نێوان ئەو دوو گەلە ژێر ستەمە خۆش دەکەن ئەوەش ڕاستەوخۆ یارمەتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەدات. ئەو نوێنەرەی مەجلیس کە کاك سەلاحەددین ڕەخنەی لە هەڵوێستەکانی گرتووە، لاپرەسەنێکی نەخوێندەواری تێنەگەیشتووە کە ئامانجی سەرەکیی دژایەتیکردنی کوردە لە ئازەربایجان. حکوومەتی مەلاکان بە باشی ئاگاداری هەڵوێستی ئاژاوەگێڕانەی نادر قاضی پور هەیە و لەجیاتی قەمتەر کردنی ئەو، مرۆڤێکی ڕووناکبیری دڵسۆز دەگرێت کە ڕەخنەیەکی مەنتیقی لە هەڵوێستەکانی ئەو گرتووە.
با هەموولایەك دەنگی ناڕەزایەتیمان بەرانبەر بەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بەرز بکەینەوە و پێکەوە داوای ئازادیی دوکتۆر سەلاحەددین خەدیو بکەین.

<u>**سێ شەممە، ۲۰۱۷/۷/۱۱**</u>

کتێبی دیجیتاڵ
کتێبخانە نەریتییەکان لە سەرانسەری جیهاندا وردە وردە چۆڵ دەبن و جێگەی خۆیان دەدەن بە کتێبی دیجیتاڵ، ئەوەش هاوڕێیە لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی تەنیایی و دابڕانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی تاك لە کۆمەڵ.و و پەرەسەندنی ئیندیڤیدیوالیزم ، ئیتر کەمپیوتەر و تەلەفونی مۆبایل دەبنە نزیکترین دۆستی مرۆڤ و لە خەڵوەت و حەزرەتدا هاوڕێی جیانەبووەوەی تاکی مرۆڤ دەبن.
یەك لەو دیاردانەی وا ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە شوێنی ڕاستەوخۆی لەسەر داناوە، مەسەلەی خوێندنەوەی کتێب و چاپەمەنی دەورەییە. کار هەر ئێستاش بەرەو ئەوە ڕۆیشتووە کە بەشێکی زۆری لاوان لەجیاتی کڕینی ڕۆژنامە وگۆڤار دەبنە ئابوونە و بێ ئەوەی پێویست بکات بەیانی زوو بچن ڕۆژنامە لە ڕۆژنامە فرۆشەکان بکڕن، چەند سەعات زووتر ڕۆژنامەکەیان بۆ دەخرێتە سەر کەمپیوتەرەکەیان.
ئەو مەسەلەیە بۆ کتێبیش ڕاستە و ئێستا زوربەی زۆری ڕۆمان و چیرۆك (وەك پڕخوێنەرترین چەشنی کتێب لە وڵاتانی ڕۆژئاوا)، هاوکات لەگەڵ چاپی کاغەزی بە شێوەی دیجیتاڵیش بڵاو دەبنەوە و کڕیار و لایەنگرانێکی زۆریشیان هەیە.

کورد لەو بوارەدا هیچ کارێکی نەکردووە و ئەوەش جێگەی داخە. ئیتر زەحمەتە لاوان ڕاکێشی و بیانبەیە ناو فەزای مردوو و بێ هەستی کتێبخانەکان. ئەگەر بتەوێت لاوان و منداڵان ناسیاوی کتێب بکەیت دەبێ دەقەکەیان بۆ بخەیتە سەر کەمپیوتەر. ئەوە چاری ناچارە و ئیتر ئەمڕۆ هیچ ڕێگایەکی دیکە بۆ هاندانیان بەرەو کتێب نییە. کورد پێویستە ئەو ڕاستییە بزانێت. دیارە مەسەلەی مافی نووسەر و بڵاوکەرەوە (کۆپی ڕایتس) لە کوردستان بەرگری سەرەکی ئەو ڕێبازەیە بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی و ئێرانیش کێشەکە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ کوردستان نییە و ئێستا ئەوان هیچ نەبێت دارەدارەی ئەو بوارە دەکەن. کورد ئەگەر لە مەسەلەکە غافڵ بێت، تووشی دواکەوتوویەك دەبێت کە واهەیە قەرەبوو کردنەوەی لە داهاتوودا گونجاو نەبێت، ئەویش کاتێکە کە منداڵان و لاوانی کورد بەرەو زمانی بێگانە دەڕۆن و ئیتر گەڕانەوەیان گەلێك ئەستەم دەبێت.
ئێمە ئەو دابڕانەمان لە مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردیدا بینیوە و دەزانین نیوەی هۆڵی کۆنسێرتە ئێرانی و تورکییەکان لاوانی کورد پڕی دەکەنەوە. جا ئەوە چارەنووسمان دەبێت لە مەسەلەی کتێبی دیجیتاڵیشدا، ئەگەر هەوڵی لە پێناو نەدەین.

**<u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٧/١٢</u>**

ئێران و نۆکەرەکانی بە هەموو تواناوە گوشاریان خستۆتە سەر کوردستان بۆ ئەوەی پێش بە سەرگرتنی ئەو ڕیفراندۆمە مێژووییە بگرن. کە بڕیارە دوومانگێکی تر لە کوردستان بەڕێوە ببرێت. ئێستا ئێرانییەکان وەك هەڕەشەیەك، هێزی سوپاییان بە چەکی قورسەوە بردۆتە سەر سنوورەکان، مام جەلالی نەخۆشی هەژاریان بردۆتە لای خۆیان کە بتوانن کەڵك لە ناوی ئەو و هەڵوێستی باڵێکی تایبەتی ناو یەکیەتی نیشتمانی دژ بە ڕیفراندۆم وەربگرن، دەست وپێوەندەکانیان هانداوە گوشار بخەنە سەر کوردانی فەیلی دانیشتووی بەغدا بە ئومێدی ئەوەی دژ بە سەربەخۆیی دەنگیان بەرز بێتەوە، ئاوی ڕووباری ئەڵوەن و زێی بچووکیان بڕیوە کە خەڵکەکە لە حکوومەتی هەرێم هەڵگەڕێننەوە و گەلێك هەوڵی دوور لە ئەخلاقی دیکەش.
ئەوە تەنیا ئێرانییەکانن؛ هەڵوێستی تورکیا و سووریا و حکوومەتی ناوەندیی عیراق لەوانیش دوژمنانەتر نەبێت، باشتر نییە.
تاقە شتێك کە لەم هەل ومەرجەدا بە هانای کوردستانەوە دێت یەکڕیزیی کۆمەڵانی گەلە لە باشوور. ئەرکی سەرشانی حکوومەتی هەرێم و شەخسی کاك مەسعوود بارزانییە لە و دەرفەتە کەمەیدا کە بە دەستەوە ماوە هەوڵی کاراکردنەوەی پەرلەمان و نزیك کردنەوەی هەموو گرووپە سیاسییەکان لە یەکتر بدەن. ئەرکی سەرشانی هەموو حزبە کوردییەکانیشە ئەندام و

لایەنگرانی خۆیان و کۆمەڵانی خەڵك هان بدەن دەنگی ئەرێ یی بە مەسەلەکە بدەن. هەرکەس و هەر لایەنێك لەم دەرفەتە مێژووییەدا ئەرکی سەرشانی بەجێ نەهێنێت، بۆ هەمیشە لە مێژووی گەلەکەماندا مۆری خەیانەت لە ناسنامەکەی دەدرێت، جا هەرکەسێك هەیە، سەرۆك یان بەرۆك، حکوومەت یان ڕەعیەت. خوێندەوار و نەخوێندەوار.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٧/١٣</u>**

ئەمڕۆ چوارکوردی دیکەیان لە زیندانی ورمێ ئیعدام کردووە. لەمێژە هاوار دەکەم ورمێ و زیندانەکەی بوونەتە قەسسابخانەی کورد. لەوێ، هەرکەس بخوازن دەیگرن و مۆرکی ئەندامیەتی پژاك و ئەگەر ئەوەیان بۆنەکرا مۆری قاچاخچییەتی لێدەدەن و دوای چەندڕۆژ دەستبەسەری و ئەشکەنجەی نامرۆڤانە، موحاکەمەیەکی ڕواڵەتی پێك دێنن و بەشێوەی ئیسلامی، لەماوەی چەند خولەکدا قەراری ئیعدامی بۆ دەردەکەن.
زیندانییانی کورد لە زیندانی ورمێ تەنانەت لەچاو زیندانیانی دیکەی ئێران، لە خراپترین بارودۆخدا دەژین. ئەرکی سەرشانی هەموومانە ڕێکخراوەکانی پشتیوانی مافەکانی مرۆڤ لەو ڕاستییە تاڵە ئاگادار بکەینەوە.

**بەشی ٢٥ <u>شەممە، ٢٠١٧/٧/١٥</u>**

پیشانگەیەك لە لەندەن
ئەمساڵ سەدەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی ئوکتۆبرە. بەو بۆنەیەوە ئێستا لە کتێبخانەی بریتانیا (بریتیش لایبرێری) پیشانگەیەك لەژێر ئەم ناوە بەڕێوە دەبرێت: "شۆڕشی ڕووسیا: هیوا، تراجێدیا، ئەفسانە". پیشانگەکە تا ٢٩ی مانگی ئۆگوست کراوەیە. پێشتریش ئەکادێمیای پادشاهیی هونەر پیشانگایەکی لە هونەری ڕووسی نێوان ساڵانی ١٩١٧ و ١٩٣٢ کردبوووەوە کە لە مانگی ئەپریلدا کۆتایی پێهات. ئەوە ئەدرێسی کتێبخانەی بریتانیایە:
British Library, 96 Euston Road, London NW1 2DB

**<u>یەکشەممە، ٢٠١٧/٧/١٦</u>**

لە ماڵپەڕی ڕووداودا ڕاگەیێنرابوو کە چیرۆکە شیعری مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی. ئەوە کارێکی گەلێك پیرۆز و جێگەی دەستخۆشی لێکردنە. ئەوەندەی بزانم پێشتر کتێبەکە بە تورکیش تەرجەمە کراوە و دوکتۆر کەماڵ میراودەلیش هاوڕێ لەگەڵ شیکردنەوەیەکی فراوان، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، کە پێنج ساڵێك

پێش ئێستا بەناوی "ئەوین و بوون- توێژینەوەیەکی شیکارانەی تراجیدیای مەم و زینی ئەحمەدێ خانی" بڵاو کرایەوە. ئەوانە هەموو خەبەری خۆشن. شیعر و ئەدەبی کوردی دەبێ لەو قوژبنە بێتە دەرەوە کە ئێستا تێی خزاوە و پەنجەرەیەك بەرەو جیهان بکاتەوە.
من چاوم بە دەقی فارسی و تورکییەکە نەکەوتووە بەڵام ئەوە تایبەتمەندیی کتێبەکەی کاك کەماڵە:
Kamal Mirawdeli, “Love and Existence- Analitical Study of Ahmadi Khani’s Tragedy of Mem u Zin”, Khani Academy, Authors House, Bloomington, Indiana, US, 2012.

**<u>سێ شەممە ٢٠١٧/٧/١٨</u>**

ناوی چیا و ڕووبار و مەزرا و کانییەکانی کوردستان
ناوی شار و گوندەکانی کوردستان چەند جار کەوتوونەتە بەر هێرشی داگیرکەران و دەسەڵاتداریەتییە جیاجیاکانی ناوچەکە هەر لە سومەر و ئاشوور و یۆنان و ڕۆمەوە تا عەرەب و مغول و تورك و ئێرانی. لە ئەنجامدا هەندێك جار ئەستەمە ناوە کۆنەکانیان بناسرێنەوە بە تایبەت لە تورکیا و ئێران کە ڕەگەزپەرستی باڵی بە سەر هەموو دیاردەیەکی ژیاندا کێشاوە.
من ماوەیەکە سەرنجم داوەتە سەر ئەو خاڵەی کە ناوی دیاردە سروشتییەکان وەك چیا و ڕووبار و دارستان و مووچە و مەزرا و ئەستێر و کانیاوەکانی ناوچە، لەچاو ناوی شار و گوندەکان، باشتر ماون و کەمتر دەستی چەپەڵی داگیرکەران و ڕەگەزپەرستانیان پێگەیشتووە. تۆمار کردنی ئەو ناوانە ئەرکێکی مەزنە بەڵام بە داخەوە کاری یەك کەس و دوو کەس نییە بەڵکوو هەرەوەز و گەلەکۆمەگی و لە ڕاستیدا بزووتنەوەیەکی جەماوەری پێویستە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا لە هیچکام لە بەشەکانی کوردستان بەکردەوە گونجاو نییە و وەك خەونێك و ئارەزوویەك دێتە پێش چاو.
من دڵم لای ئەو خەونە شیرینەیە و لە هەموو ئەو کەسانەی وا شارەزای ناوچەی ژیانی خۆیانن، بە تایبەت لە ناوخۆی وڵات، تکا دەکەم هەرکەس لە هەر شوێنێك هەیە بەڵکوو هەوڵ بدات ئەو ناوانە تۆمار بکات. لەو پەیوەندییەدا گەلێك گرنگە بگوترێت کە ناوەکان هەندێك جار سەیر و سەمەرە دەنوێنن لەبەر ئەوەی کۆنن و مۆرکی زمانی کۆنی وەك سومەری و ئاشوری یان مغولی و تورکییان لێدراوە. ئێمە نابێ بە پێوانەی زمانی ئەمڕۆمان هەڵیان سەنگێنین یان بیانگۆڕین و هەوڵ بدەین بیانکەینە ناوی'مەعقول'ی ئەمڕۆیی! دیکتەی ناوەکان بە هەمان ئەو شێوەیەی وا لە سەر زمانی خەڵکە دەبێ بنووسرێنەوە و ئەگەر گونجاو بێت بە هەردوو پیتی لاتینی و عەرەبی بنووسرێن کە لە ڕاگواستندا تووشی گۆڕان نەیەن.

تۆ بڵێی کەسانێك نەبن گوێ بدەنە ئەو هاوار و تکا و پاڕانەوەیەی من؟

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٧/٢٠**

ئێران لە لایەن خۆی و بە نیابەت لە لایەن عیراق و سووریا وە قۆڵی خەیانەت و جینایەتی لە باشووری کوردستان هەڵماڵیوە. لە لایەکەوە مام جەلال و لەو لاوە کاك کۆسرەت و مەلا بەختیاری لای خۆی ڕاگرتووە و لە سووریاش خەریکی پێکهێنانی پەیمانێکی هاوبەش لەگەڵ مردوویەکە بە ناوی حکوومەتی ناوەندیی سووریا و بەشار ئەسەد، بۆ دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی حکوومەتی هەرێم. تورکیای ئەردۆغانیش باوەکوو بە ڕواڵەت بێدەنگە، بەڵام لە پیلانەکەدا بەشدارە. عەبادیش لە بەغداوە هەموو ڕۆژێك وتار دەدات و مەترسیی دەرئەنجامەکانی گشتپرسی بە گوێی کورددا دەچرپێنێت.

دوژمنە کلاسیکەکانی کورد سەرەڕای ناتەباییان لەگەڵ یەکتر، لە مەسەلەی زەوت کردنی مافەکانی کورددا یەکیان گرتۆتەوە و دوور نییە بە شێوەیەکی کاتیش بێت، پەیمانێکی هاوشێوەی سەعدئابادی سەدەی پێشوو پێك بهێنن.

کاتێ ئەو هەموو گوشارەی دوژمنانی کورد دەبینم، دەکەومە بیری شیعری خاسەکەوی نەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات):

...ڕاوچی هەموو لەو کەوە دەرکەوتووە / بۆچی دزە ؟جەرەدەیە؟ کێی کوشتووە؟...
بۆچی کەویش مافی ژیانی نییە؟ / حەققی کەژ وکێوی جوانی نییە؟
بۆچی ئەویش بۆتە برا کوردەکان؟ / نابێ بکێشێ نەفەسێکی ژیان؟...

بەڵام:

... خاوەنی ئەو کێو و کەژە هەر کەوە / نەزم و نیزامی کەژ وکێو هەر بەوە...
خاوەنی ئەو خاسە کەوە هەر دەڵێ: / ڕاوچی دەبێ لەو کەژوکێوە هەڵێ!

تاقە زامنێك بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەو پیلانانەدا، یەکڕیزیی کۆمەڵانی خەڵکە لە باشووری کوردستان، کە بەداخەوە ئەویش تا ئەمڕۆ مسۆگەر نەبووە. کاراکردنەوەی پەرلەمان و گوێدانی ڕێبەرانی هەرێم بە تایبەت کاك مەسعوود بە خواستەکانی گۆڕان و یەکیەتی دەبێ هەرچی زووتر بە چاو ببینرێت، دەنا خۆڕاگری و تواناکانی حکوومەتی هەرێم لە بەرانبەر ئەو هەموو دوژمنە دەرەکییە ئەگەر بەژنێکی قایمی یەکگرتوو لە ناوخۆی وڵاتدا نەبێت، جێگەی گومانە. تکایە لەوە زیاتر کاری ئەمڕۆ مەخەنە سبەینێ! تکایە بەرژەوەندییەکی مێژوویی مەکەنە قوربانیی بەرچاوتەنگییە حزبی و تاکەکەسییەکان!

**بەشی ٢٦ شەممە، ٢٠١٧/٧/٢٢**

کتێبخانەی یادەوەریی کارڵ مارکس لە لەندەن

کتێبخانەیەکی تایبەتمەندە بە کتێب و سەرچاوەی سەبارەت بە سوسیالیزم، مارکسیزم و کۆمۆنیزم و فێرگەیەکە بۆ کرێکاران. لە ساڵی ١٩٣٣ دامەزراوە و هەتا ئێستاش هەر خزمەرتگوزارییەکانی بەردەوامن. بۆ زانیاریی ئەو کەسانەی بیانەوێت سەردانی شوێنەکە بکەن پێویستە بگوترێت تەنیا دوای نیوەڕوانی ڕۆژانی دووشەممە تا پێنج شەممە کراوەیە. ئەوەش ئەدرێسەکەی:

Marx Memorial Library
37A Clerkenwell Green, London, EC1R 0DU
(020) 7253 1485
marx-memorial-library.org

**دووشەممە، ٢٠١٧/٧/٢٤**

ئەوە سەحەرە ....

من وام دەزانی سەحەری گوتن هەر هی کوردە، بەڵام خەیاڵم خاو بوو! شاژنی بریتانیا مۆسیقارێکی تایبەتی هەیە کە بەیانی زووی هەموو ڕۆژێکی سەرەتای هەفتە (دووشەممە) لە ناو باخچەی کاخەکەوە دەچیتە بەر پەنجەرەی ژوورەکەی و بۆ ماوەی ١٥ خولەك "هەمبانە نەی" بۆ لێدەدات. دەزانم ئەو نەریتە لە ساڵی ١٨٤٣ وە تا ئێستا لە ماڵی شاهانی بریتانیا بەردەوام ماوەتەوە بەڵام نازانم ئایا کابرای مۆسیقار 'بالارد'ی سکۆتلەندی بۆ دەڵێت یان سەحەرەی 'خارە سێوە'ی کۆییان!

ئەوە سەحەرە، گەلی دە شاژنە، گەلی دە ماجەرایە! دەڵێن ئەورۆ دوو شەممەیە... وەی لێ، سەحەرە!

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٧/٢٥**

"بازاڕەکانی عێراق پڕ بووە لە ماددەی هۆشبەری ئێرانی"

ئەوە چەند ڕۆژ پێش ئێستا هەواڵی ناو ماڵپەڕە کوردییەکان بوو. ماڵپەڕەکان درەنگ وەخەبەر هاتوون، کۆمەڵانی خەڵك لەمێژە بەو ڕاستییە دەزانن بەڵام هیچیان لە دەست نایەت. هەر ڕۆژەی دوو سێ گەنج و لاو ئالوودەی ئەو دەردە بێدەرمانە دەبن و لە کۆڵانان دەکەون.

ئەو ڕەوتە دەیان ساڵ پێش ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووی دا و مەلاکانی ئێران بە یارمەتی سپای پاسداران و ئیتیلاعاتەکەیان کوردستانێکیان تێکەڵاوی مادەی هۆشبەر کرد کە

لە هەندێك شارەکانیدا خەڵك تەنانەت ناوی هێرۆئین و شیشەیان نەژنەفتبوو. ئێستا کۆڵانەکانی سنە و کرماشان و شارەکانی دیکەی کوردستان پڕن لەو لاوە هەژارانەی کە بە هۆی بێکاری و دەستاودەست کردنی ئازادانەی مادەی هۆشبەرەوە، تووشی ئەو بەڵایە هاتوون و تەنانەت ئەو دوکتۆرانەش کە هەوڵ دەدەن عیلاجیان بکەن، بە بیانووی جیاجیا لە کوردستان دەردەکرێن و ئاوارەی تاران و دەرەوەی وڵات دەبن. دوژمنایەتییەکە ئاشکرایە. ئەگەر بەرپرسانی حکوومەتی هەرێم وشیار نەبن چەند ساڵێکی دیکە سلێمانی و هەولێریش ئەو بەڵایەیان بەسەر دێت کە بە سەر سنە و سابڵاغ و بۆکان و شارەکانی دیکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هات. کۆماری ئیسلامی بە بەرنامە و پلانەوە ئەو کارە دەکات و تەنانەت لە شارە سەر سنوورییەکان بە یارمەتی هەندێك قاچاخچی کورد، کارگەی دروەست کردنی شیشەیان داناوە. پووچ کردنەوەی ئەو هەوڵە شەیتانیانە ئەرکی سەرشانی هەموولایەکمانە.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٧/٢٧</u>**

دەسەڵاتی مەلاکان لە ئێران هەر ڕۆژێك درێژەی هەبێت، لای کەم دە ساڵ وڵاتەکە دەگەڕێنێتەوە دواوە و دەیباتەوە سەردەمی جمجمە سولْتان. فەرموون ئەوە ڕێکلامی ڕۆژنامەیەکی ئێرانییە بۆ فرۆشتنی "تەرس"ی ماکەر بە خەڵك، کە گوتوویەتی "بۆنی عەمبەر"ی لێدێت، خاسیەتی ئانتی بیۆتیکی هەیە، کێشەی سینۆزیت (جووب) و تەنانەت نەخۆشیی ژنانە چارەسەر دەکات.

ئێوە ئەوەی مەلاکان لە ئێران دەیکەن بخەنە پاڵ کردەوەی مەلا عەلی کەڵەك لە هەولێر و کردەوەی سەرۆکی ئەلئەزهەر لە قاهیرە، کە فەرموویەتی زەوی خڕ نییە و تەختە! ئەو کەسانە هەر هەموو لە سەرچاوە هەڵقوڵیون جا لە کوردستان بژین یان لە ئێران و توووران، فەرقی نییە. کێشە لە سەرچاوەی ئاودایە، ڕووبارەکان تەنیا درێژەی ئەون!

فەرموون ئەوە ڕێکلامەکەیە. دیارە دەبێ لە زمانی فارسیدا وشەیەك بۆ 'تەرس'ی گوێدرێژ نەبێت کە بە پشکەڵیان ناو بردووە!

**آگهی فروش پشگل پرخاصیت الاغ**




ڕێکلامەکە لە ڕۆژنامەیەکی ئێرانی وەرگیراوە کە هەفتەی ڕابردوو لە سەر ماڵپەڕی فارسی 'گویا' دانرابوو.

**بەشی ٢٧  <u>هەینی، ٢٠١٧/٧/٢٨</u>**

عارفی قەزوێنی و کورد

عارف قەزوێنی شاعیری سەردەمی مەشرووتەی ئێرانە. گەلێك کەس بە شۆڕشگێڕ و خەباتکاری دەناسن. بە داخەوە کوردێکی زۆریش هەن کە شانازی پێوە دەکەن، ئەگەر جارێك بە ڕاگوزەری چووبێتە شاری سنە، ئەوە بە ڕووداوێکی مەزن ناو دەبەن و تەنانەت دەڵێن سەید عەلی ئەسغەری نەمر لەوەوە فێری مەقام گوتن بووە، قسەیەك کە فڕی بە سەر ڕاستییەوە نییە.

ئێستا با بزانین ئەو جەنابی ناموبارەکی عارفە چۆن باسی کورد دەکات. ئەو چەند فەردەی خوارەوە بەشێکن لە قەسیدەیەك کە تێیدا هێرشی کردۆتە سەر 'سولەیمان نەزیف' (١٨٧٠ - ١٩٢٧) شاعیر، ڕۆژنامە نووس و سیاسەتوانی کوردی لە دایکبووی شاری دیاربەکر (ئامێد) بە بۆنەی هەندێك شعر و قسەی دژ بە ئێرانیەوە لە ساڵانی پێش شەڕی یەکەمی جیهانیدا، کاتێ کە نوێنەرانی ئێران و عوسمانی و ئینگلیز و ڕووس (مینۆرسکی نوێنەری ڕووسیا بوو) خەریکی دابین کردنی هێڵی سنوور لە نێوان ئێران و عوسمانی بوون و تورك و ئێرانی لەسەر هەندێك ناوچەی وەك دیاربەکر بۆچوونی دژ بەیەکیان بوو.

شیعرەکەی عارف پڕە لە وشە و بابەتی ڕەگەزپەرستانە دژ بە کورد و تورك و بۆ نموونە، دەڵێ هەرگیز لە کورد مرۆڤی چاك پەیدا نابێت، هەر وەها تورك بە کەر دادەنێت و دەڵێ ئیتر کوردی تورك هەر مەپرسە چییە!

زمن بگو به سلیمان نظیف تیره ضمیر
که‌ای برون توچون شیر و اندرون چون قیر!
برون ز كُرد شود اولیاء؟ معاذالله!
تنور می‌شود از چوب ساخت؟ گوش مگیر
ز ترك غیر خریت ندید کس زنهار
چو كُرد ترك شود، خر بیار و معرکه گیرا!
دیار بکر تو می‌خواستی بماند بکر
زدند مسقط راس تو را رنود به....

کورد دەبێ پێداچوونەوە بە گەلێك بەشی مێژووی نووسراوی ئێران و تورکیا و بە گشتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستاندا بکات و ناڕاستی و درۆ و سووکایەتییەکانیان ڕوون بکاتەوە. مورید و دەروێشە کوردەکانی عارفیش با ئەم شیعرە بخوێننەوە و بزانن پیری دەستگیریان چۆنی ڕوانیوەتە گەلەکەمان.

**<u>دوو شەممە، ٢٠١٧/٧/٣١</u>**

زۆڵە کوردا!

*"پەرلەمانتارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان [بیجاڕ] داوای دواخستنی گشتپرسی دەکات."* (هەواڵی ماڵپەڕەکانی ئەمڕۆ)

ئەرێ کابرای جاش، بە تۆچی خەڵکێك لە دەرەوەی وڵاتی ئیمامی زەمان چ دەکەن! تۆ ئەرکی پیرۆزت ئەوە نییە بەرگر بی لە گەیشتنی کوردی ڕۆژهەڵات بە مافی نەتەوایەتییان؟ باشە، فەرموو ئەو ئەرکە پیرۆزەت بەڕێوە بەرە و لاقت لە بەڕەی ئێرانی عەزیز درێژتر مەکە. کارت بە خەڵکی دیکە و وڵاتێکی دیکە چییە؟ نەکا وەك چۆن ڕێبەرەکەت خۆی بە نوێنەری هەموو موسوڵمانانی جیهان دادەنێت، تۆش نوێنەری هەموو کوردانی جیهان بی؟ خۆ ئەگەر واش بێت بە دڵنیایی تەنیا دەبیە نوێنەری هەموو جاشە کوردانی جیهان!

فەرمووتە گشتپرسییەکە دوا "بخەین"! ئەی پێمان نافەرمووی دوای بخەین بۆ کەی؟ ئەگەر سەدەی بیست ویەکت پێ زووە، فەرموو با بیخەینە سەدەی نەوەد ویەك، بزانین ڕازی دەبی! فەرمایشتت لە سەر تەوقی سەری ئەو ورچانەی وا باوك و باپیری بەڕێزت بە شارەکانیاندا دەگێڕان و سواڵیان پێ دەکردن!

*کورد نابڕێتەوە خەیاڵی خاوە / بەراتی نەجات بە خوێن نووسراوە*

من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش دەوێ / موژدەی شەبەقی لێ دەردەکەوێ (پیرەمێرد)

**__چوارشەممە، ٢٠١٧/٨/٢__**

کتێب لەسەر کورد

لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا، بنکەیەکی چاپەمەنی لە بریتانیا ژمارەیەکی زۆر کتێبی سەبارەت بە کورد و کوردستان چاپ کردووە. دیارە گەلێك کتێبی دیکەش بە زمانی ئینگلیزی، فەرنسی، ئاڵمانی و...هیتریش بڵاو بوونەتەوە کە ڕاستەوخۆ لە سەر لایەنێکی ژیانی کورد یان پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین نووسراون یا خود کێشەی کورد بەشێك لە بابەتە گشتییەکەیان سەبارەت بە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بە تایبەت تورکیا، پێك دێنێت.

بەداخەوە کاری وەرگێڕانی کتێب لە زمانە ئوروپاییەکانەوە بۆ سەر زمانی نەتەوایەتیمان گەلێك لاوازە و وەرگێڕانی کورد ئەگەر بیانەوێ بە چەند ساڵ و مانگ کارێکیش بکەن، ئەودەم بابەتە گرنگ و بایەخدارەکان وەردەگێڕنە سەر تورکی و فارسی و عەرەبی بۆ ئەوەی بە قسەی خۆیان، خەڵکێکی زیاتر بیخوێننەوە! ئەو ڕوانینە بەراوەژووە بۆتە هۆی ئەوەی کتێبخانەی کورد لە کتێبی سەبارەت بە کورد چۆڵ و بەتاڵ بێت، ئەوەش کارەساتێکی مەزنە!

بۆ پیشاندانی ئەو ڕاستییەی کە چەندە ها کتێبی باش سەبارەت بە کورد لێرە و لەوێ نووسراون، تکایە تەنیا سەیری لیستەی ئەم بنکەی چاپی کتێبە بکەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە. لە گەڕانی من بە شوێن وشەی 'کورد' دا لە سەر ماڵپەڕی تایبەت بە بنکەی "ئای بی تۆریس" ی بریتانی، ناوی ٦٤ کتێب دەرکەوت کە بەشێکیان تایبەت بە کوردن و ئەوانیتر مەسەلەی کوردیان لە چوارچێوەی تورکیا و ئێران و عیراقدا باس کردووە.

ئێمە بە هەژاری و پێخاوسی بە سەر گەنجینەیەکی دەوڵەمەندا پیاسە دەکەین!

ئەوەش ئەدرەسی بنکەی چاپەمەنی "I. B. Tauris":

http://www.ibtauris.com/Search%20Results.aspx?query=Kurd

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/٣**

جەژنی چلەی هاوین و ساڵوەگەڕی تاوان

دوێنێ ڕۆژی جەژنی چلەی هاوینی خوشك و برایانی ئێزدی بوو و ئەمڕۆش سێهەمین ساڵوەگەڕی هێرشکارییە حەیوانییەکەی داعشی ڕووڕەشە بۆ سەر لالەش و ناوچە ئێزدی نشینەکان. بە هۆی ئەو هەموو نەهامەتییەی وا ئیسلامی عەزیز بە سەر کچ و ژن و بەگشتی هەموو خەڵکەکەی هێنا، دوێنێ کوردانی ئێزدی جەژنی چلەی هاوینیان نەکرد بەڵام ئەمڕۆ یادی ئەو ڕووداوە تاڵە دەکەنەوە کە تێیدا جگە لە کوشت و بڕ، بە هەزاران کچ و ژنی ئێزدی بوونە ئەسیری سەربازانی ڕیش سەگی داعش بۆ عەیش و نۆشی شەوانەیان.

خوشك و برا خوشەویستە ئێزدییەکان! دەزانم جەژنتان نەماوە و ژیانتان لێ شێواوە. ئەوەی داعش بە سەر ئێوەی هێنا پێشتر سوڵتان موراد و سوڵتان سولەیمانی عوسمانیش بە سەر باوك و باپیری ئێوەی هێنابوو. ڕووی داعش و ئەو سوڵتانانە و لە پێش ئەوانیشدا ئەو یاسا و نیزامە فیکرییە ڕەش بێت کە داعش و سوڵتانەکان پەروەردە دەکات. خوشك و براکانم! ئێوە دەمێنن و داعش دەچێتە ئەو جەهەننەمەی وا سوڵتانەکانی چوونێ!

جەژنتان لێ پیرۆز بێت و یادی گیان بەخت کردووان و کۆیلە هەژارەکانیشتان بەخێر بێت!

**هەینی، ٢٠١٧/٨/٤**

کریس کۆچێرا

ئەمڕۆ هەواڵی کۆچی دوایی کریس کۆچێرای فەڕەنسی ڕاگەیێنرا.

دیارە کریس کۆچێراش وەك هەموو دیاردەیەکی دیکەی ئەم جیهانە، کاتێ دەگاتە باشووری کوردستان دەکەوێتە گێژاوی دووبەرەکییەکەوە کە گەیشتۆتە مۆخی ئێسقانی کۆمەڵگاکە و بە گشتی هیچ کەسێك و شتێك نییە مۆرکی ئەملایی یان ئەولایی لێ نەدرێت. ئەو بەڵایە بەسەر کەسایەتییەکی مەزن (و ئەگەر بکرێت پێم خۆشە بڵێم 'پیرۆز')ی وەك ئیسماعیل بێشکچیش هاتووە و هەر ئەوەندەی لایەنێك بزەیەکی بۆ هێنابێتە سەر لێو، لایەنەکەی دیکە ناوچاوانی لێ تێکناوە.

هەرچۆنێك بێت، بۆ من کە لە بەرەی هیچکامیاندا نیم هاسانە هەڵوێستم هەبێت و بڵێم کریس کۆچێرا لە سەردەمێکدا بوو بە دەنگی کورد کە لە کوولەکەی تەڕیشدا نەتدەتوانی ناوی کورد بهێنی. بۆ ئەوە و بۆ ئەو هەموو نووسین و کتێب و لێکۆڵینەوەیەی وا سەبارەت بە مێژوو و سیاسەت و فەرهەنگی گەلەکەمانی خستۆتە ناو چاپەمەنی فەڕەنسی زمانەوە، من وەك تاکێکی

کورد خۆم بە منەتبار و قەرزداری دەزانم، یادی پیرۆز دەکەم و بە بۆنەی مردنیەوە سەرەخۆشی لە کەس وکار و بنەماڵەکەی دەکەم. یادی بەخێر بێت!

**بەشی ٢٨ <u>دووشەممە، ٢٠١٧/٨/٧</u>**

هەڵوێست

من بە هەموو مانایەك لەگەڵ بەڕێوەچوونی گشتپرسی مانگی داهاتوو لە سەر مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانم. نە ئەندام و نە لایەنگری حزبێکم، نە کەس لێی ڕاسپاردووم و نە پەیوەندم بە لایەنێکی سیاسییەوە هەیە. بە سەربەخۆییەکی تەواوەوە بڕیار دەدەم و پێم خۆشە پێش مردن بە چاوی خۆم ببینم ئەو خەونە لەمێژینەی کورد وەدی هاتووە یان لای کەم دەنگی بۆ دەدرێت و دەنگمان دەگاتە هەموو جیهان.. دژبەر و ناحەزی کەسیش نیم بەڵام لام وایە ئەوانەی لەو قۆناغە گرنگەدا دەنگی نەخێر بەو خواستە دێرینەی گەلەکەمان دەدەن هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی دەکەن و لەبەرانبەر گەلەکەماندا بەرپرس دەبن.
لێرە لەبریتانیاش دەنگ بۆ "برێکزیت" واتە هاتنە دەرەوەی بریتانیا لە یەکیەتی ئورووپا درا و ئێستا تەنیا ساڵێك دوای ئەوە خەڵك بە خۆیان زانیوە و تێگەیشتوون چ هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، بەڵام بە داخەوە درەنگە و هیچ کەس ناتوانێ ڕەوتەکە بگەڕێنێتەوەوە دواوە.
من "بەڵێ" گوتن بە ڕیفراندۆم بە ئەرکێکی هەرە گەورەی نیشتمانی دەزانم وەك چۆن دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات و کاراکردنەوەی پەرلەمانیش بە مافی سەرەکی گەل دادەنێم و لام وایە کەس مافی زەوت کردنیانی نییە.

**<u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٨/٩</u>**

تەزویر

لە سەرماڵپەڕی "دەنگەکان" دەقی وەرگێڕاوی کوردیی "نامەکانی تارانتا بابوو"ی نازم حیکمەتم دەخوێندەوە.
لە ڕاگەیاندنی سەر ڕووبەرگ یان دەقی لاپەڕە چواری تەرجەمە کوردییەکەی چاپی کوردستان و لە هیچ شوێنێکی دیکەی کتێبەکەدا ئاماژە بە هیچ شتێکی نائاسایی نەکرابوو و بەم پێیە چاوەڕوان دەکرا وەرگێڕ ڕاستەوخۆ لە دەقی ئەسڵییەوە تەرجەمەی کردبێت. بەڵام لاپەڕەیەك دواتر یادداشتی نەمر مامۆستا شوکور مستەفام بینی کە نووسیبووی دەقەکە لەبەر تەرجەمەی عەرەبییەوە کراوەتە کوردی؛ تبارك الله! بەڵام نە ئەو و نە وەرگێڕی کوردیی

کتێبەکە تەنانەت ناوێکیان لەو قورپەسەرە عەرەبە نەهێنابوو کە ئەرك و زەحمەتی ئەو ببووە هۆی پێکهاتنی کتێبە کوردییەکە!

ئەم چەشنە کارانە بە هەموو پێوانەیەکی یاسایی و ئەخلاقی هەڵەیە. کورد لەمێژە فێڵبازیی ناو گۆڕەپانی سیاسەتی هێناوەتە ناو ساحەی ئەدەبیشەوە. دەیان و سەدان کتێبی نووسەرانی ئوروپایی لە فارسییەوە کراونەتە کوردی بێ ئەوەی ناوی وەرگێڕە هەژارە فارسەکە ڕابگەیێنن ویستوویانە شانازییەکی درۆیین بۆ خۆیان بخولقێنن کە بەڵێ، من زمانە ئوروپاییەکان دەزانم و تەرجەمەیان لێوە دەکەم! فارس گوتەنی، "من ئەوەم کە ڕۆستەم پاڵەوان بووا" کەسیش نییە بڵێ ئەرێ کابرا، ئەگەر ڕۆستەم پاڵەوان بوو، بە تۆچی! بنکە چاپەمەنییەکانیش بۆ ئەوەی بەشێك لەو شانازییە بکەنە هی خۆیان چاو دەقووچێنن و لێدەگەڕێن ئەو ساختە و درۆیە بچێتە بەردەم خوێنەرانی بێ ئەزموون و نەوەی داهاتووش بە هەمان ئەو ئەخلاقە چەپەڵەوە گەورە بێت.

من خۆم قوربانییەکی دەستی ئەو ساختەکارییەم. لە کاری ڕۆژانە و نان پەیداکردن و ئیستیراحەتی خۆم گێڕاوەتەوە و چەندەها مانگ چوومەتە "ناشناڵ ئارکایو"ی بریتانیا بۆ ئەوەی بەشێك لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سەبارەت بە کۆماری کوردستان تەرجەمە بکەم و بە بێ پارە بیخەمە بەردەستی خوێنەری کورد. بەڵام تا ئێستا دوو لاپرەسەن پەیدا بوون کە هەرکام بەشێکی زۆر لەو بەڵگەنامانەیان لەناو کتێبی خۆیاندا بڵاو کردۆتەوە و بۆ ئەوەی چاوی خەڵکی پێ ببەستن، تەنیا لە پەراوێزی لاپەڕەیەکدا دەست نیشانی ناوی منیان بۆ ئەو تاقە بەڵگەنامەیە کردووە و بۆ ئەوانیتر تەنانەت ئەو پەراوێزنشینییەشیان پێ ڕەوا نەدیوم!

"ڕووناك بیر"ی درۆیینی کورد بەو فێڵبازییانە دەیەوێت بگاتە کوێ؟ ببێتە وەرگێڕی زمانە ئوروپاییەکان؟ ئەی بۆ ناچێ ساڵێك و دوان خۆی ماندوو بکات و زمانەکەیان بخوێنێت ئینجا بە بێ شەرمەزاری و درۆ و ساختە تەرجەمەیان لێوە بکات؟ ئەوە کارە تۆ لە سەر کورسی لە ماڵەوە بە ئیستیراحەت دابنیشی، لە زمانی ئینگلیزی هیچ شتێك نەزانی، بەڵام خەڵك بە وەرگێڕی زمان و ئەدەبی ئینگلیزیت بناسن؟ خۆت لەوە خەجاڵەت ناکێشی؟ زمانی کوردی، کە تۆ خەمخۆری درۆیینی ئەوی، ئاوا پێش دەکەوێت؟ دەروازەی بیری نوێ ئاوا بە ڕووی گەلی کورددا دەکرێتەوە؟

وێدەچێ هەمان مەسەلە بۆ تەرجەمەی شیعرەکانی ڕابیندرات تاگووریش هاتبێتە پێشێ . من چاوم بە کتێبەکە نەکەوتووە بەڵام لەم هەواڵەی خوارەوە کە ڕۆژی ٢٠١٧/٧/١٨ لە سەر ماڵپەی ئاوێنە بڵاو کراوەتەوە، هیچ ئاماژەیەك بە زمانی تەرجەمەی یەکەم نەکراوە. ئەوە هەواڵەکەیە:

*"ماڵی وەفایی نوێترین بەرهەمی وەرگێڕدراوی نووسەر و وەرگێڕی کورد (توانا ئەمین)ی بەناونیشانی (تۆ لە پەنهانترین کەلێنی پیرۆزی دڵمدایت بڵاوکردەوە.*
*وەرگێڕ لەبارەی ئەم کتێبەوە بۆ ئاوێنە گوتی: "ئەم کتێبە گوڵچنێك لە جوانترین شیعر و چیرۆك و کورتەی فەلسەفە و گفتوگۆکانی بیرمەند و عاریفی بەنگالی ڕابیندرانات تاگوورە.".*
*تاگوور، یەکەم نووسەری ئاسیاییە کە خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتووە و کتێبەکانی بۆ نزیکەی سەرجەم زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراوە. پەیامی ئەم نووسەر لەسەر خۆشەویستی و سروشتدۆستی دەوەستێت و لە سەرجەم نووسینەکانیدا ستایشی خوداوەند و ژیان و مرۆڤ دەکات.. توانا ئەمین، نووسەرێکی تاراوگەنشینی کوردە و زیاتر لە ١٥ بەرهەمی لە بوارەکانی: چیرۆك، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، وەرگێڕاندا هەیە"*
من گومانی بەهێزم هەیە وەرگێڕ زمانی ئەسڵیی تاگوور واتە بەنگاڵی زانیبێت، کەوابوو بە ئەگەری زۆر لە زمانی ئینگلیزییەوە تەرجەمەی کردووە بەڵام هیوادارم لە شوێنێکی کتێبەکەدا ناوی وەرگێڕی یەکەم ڕاگەیێنرابێت دەنا ئەویش دەچێتە خانەی وەرگێڕاوی کوردیی "نامەکانی تارانتا بابوو"ەوە.
لە پشکنینی هۆکارەکانی ئەو تەزویر و دەغەڵییەدا،چەند هۆکارێك خۆ دەنوێنن:

نەبوونی "کۆپی ڕایتس" واتە پێوانە و ڕادەدانان بۆ مافی کۆپی کردن لە کوردستان.

ناشارەزایی خوێنەری کورد و بێدەنگ مانەوەیان لەبەرانبەر ساختە و درۆدا.

نەبوونی بنکەی چاپەمەنیی پرۆفیشناڵ کە کتێبەکان پێش چاپ کردن بسپێرێتە چەند کەسی شارەزا و تەنیا دوای پەسند و پشتڕاست کردنەوەی ئەوان دەرفەتی چاپیان پێبدات.

نەبوونی دادگای ساڵح و بێ لایەن کە بە کاروباری ئەوتۆ ڕابگات و خەڵکانی دەغەڵکار سزا بدات.

چاو قووچاندن و بێدەنگی لێهێنانی حکوومەتی هەرێم لەو پێشێلکارییانەی مافی نووسەر و وەرگێڕ.

ئەی ئەوانە کەی بۆ کورد دەست دەدەن؟ سەردەمی محەممەدی مەهدی!

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/١٠</u>**

تووی هەرێز، کوردا!
کام وڵاتی ناوچە هەیە کوردی لێ ئاوارە نەکرابێت یان بە کۆچبەری نەنێررابێتە ئەوێ؟ لە هەواڵێکی ماڵپەڕی العربیە بە زمانی فارسیدا، کە باسی قەومییەتەکانی ناو ئەفغانستان دەکات،

دوای پەشتون و تاجیك و ئوزبەك و... ناوی "ڕەگەزی بەراهوویی" هاتووە و گوتراوە "لە ڕەگەزی کوردانی ڕۆژئاوای ئێرانن و ژمارەیان لە ئەفغانستان دەگاتە ٣٠٠ هەزار کەس". ئەوە ئەدرەسی ماڵپەڕەکەیە:

http://ara.tv/w37eh

جا بڕۆ ئەو برادەرانەی وا دەڵێن دەنگی نەخێر بە گشتپرسی مانگی دادێ دەدەین تێبگەیێنە بە بێ ئەوەی کەیانێکت هەبێت چۆن ئەو تووی هەرێزە کۆ دەکرێتەوە!

**بەشی ٢٩ شەممە، ٢٠١٧/٨/١٢**

دەستی شکاوم!

دوێشەو لە لەندەن چوومە دیتنی کێبەرکێی ناونەتەوەیی ئەو وەرزشانەی وا بە Athletics ناسراون و بریتین لە ڕاکردن و بازدان و هاویشتنی نێزە و شتی دیکەی لەو چەشنە. پێش هەمووشت پێی لێدەنێم کە نازانم بە کوردی ناوی ئەو وەرزشانە چییە و لێرەدا لە جیاتی ئاثلێتیك دەبێ چی بنووسم، ئەوە ئازارێك! پاشانیش کاتێ دەچییە شوێنەکە و دەبینی نوێنەرانی زوربەی گەلانی جیهانی تێدا ئامادەن بەڵام تۆی کورد نە کەست هەیە لەوێ بێت و نە ئالای نەتەوایەتیت هەڵکراوە، دەست بەجێ بەخۆتدا دەشکێیتەوە و چێژ لەو فەزا خۆشەی وەرزشگاکە نابینی هیچ، بە دڵێکی شکاویشەوە دەگەڕێیەوە ماڵێ.

ئێمە چیمان لە خەڵکانی دیکە کەمترە؟ تەنیا لە کێبەرکێی ئولیمپیکی ڕابردووی برازیلدا وەرزشوانە کوردەکان پێنج میداڵیایان هێنایەوە، بەڵام بۆ وڵاتانی بێگانە؛ دوو بۆ ئێران، یەك بۆ ئازەربایجان، یەك بۆ ڕووسیا و یەك بۆ ئیسرائیل!

*"ئەمانە پاکیان کوردن، نیهایەت،*

*لەبەر "بێ دەوڵەتی" ون بوون و فانی"* (شیعری خانی نەمر بە دەستکارییەکەوە)

ئێمە بە ئاگری تێنەگەیشتوویی ڕێبەرەکانی ڕابردوومان سووتاوین کە دەبوو سەدەیەك و دوان پێش ئێستا هەل و مەرجی جیهانییان بناسیایە و لە پێناو دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوایەتیدا کەڵکیان لە بارودۆخ وەربگرتایە. ئێمە تەنانەت ئەو دەرفەتە زێڕینەشمان لە دەست دا کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆمان هەڵکەوت و بەهۆی ناشارەزایی "پێش سوارەکانمان"ەوە دۆڕاندمان و مات و مەلوول لە سەر خۆڵەمێشی ئەو دەوڵەتە هەڵترووشکاین.

تەنانەت ئەمڕۆ لە سەدەی بیست و یەکیشدا مڵەی ناوخۆیی ناهێڵێت کەڵك لەو هەلە وەربگرین کە بۆ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کەوتۆتە بەردەستمان. کاری خۆکرد گلەیی هەڵناگرێت!

**دوو شەممە، ٢٠١٧/٨/١٤**

مانگی ڕابردوو و بەشێك لەم مانگە، دوو فستیڤاڵی هونەریی گەورە لە "ئاڤینۆن"ی باشووری فەرەنسە و "ئێدینبورۆ"ی سکۆتلەندە بەڕێوە چوون. ئەو ڤستیڤاڵە هونەرییانە شوێنی پێشکەش کردنی نوێترین کاری هونەری و فەرهەنگین هەر لە شانۆگەری و فیلم و مۆسیقاوە بگرە تا وێنەرگەری و شیعر و کتێب.

بە داخەوە لەو هەموو کاناڵە تەلەفیزیۆنییەی وا کورد هەیەتی نەمبیست و نەمدیت یەکیان بەلای ئەو ڕووداوە گەورە هونەرییانەوە بچێت. ماڵپەڕە ئینترنێتییەکانیش کە بە بابەتی سووك و کەم بایەخەوە خەریکن، خۆ لە قەرەی ئەو شتانە نادەن. دەروازەی ماڵی کورد ئەگەر بەڕووی بیری نوێوە دابخرێت، مێشکی لاوەکانمان یان بە شتی کۆن و بێ بایەخەوە خەریك دەبێت یان بە شەڕەجنێوی ناو فەیسبووکەوە. بڵێی پێویست نەکات هەموو ڕۆژێك پێنج جار وەبیری خۆمانی بهێنینەوە کە ئێستا لە سەدەی بیستەمدا دەژین نەك سەردەمی جمجمە سوڵتان!

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٨/١٦**

فەرماندەی هێزە سوپاییەکانی ئێران لە تورکیایە. بە گوێرەی هەواڵی ڕۆژنامەکان هەردوو وڵات هاودەنگ بوون کە نەهێڵن گشتپرسییەکەی مانگی دادێی باشووری کوردستان بەڕێوە ببرێت. ئێران بە نیابەت لە لایەن تورکیاوە قۆڵی لە کورد هەڵماڵیوە و بە ئاشکرا دەست لە کاروباری وڵاتێك وەردەدات کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەوە و مافی بەسەریەوە نییە.

ئەوەی بیروڕای گشتی لەبەرانبەر ئەو کەڵەگاییەدا بێدەنگن ئەوەندە جێی داخ و دەرد نییە کە هەندێك حزب و ڕێکخراوە و کەسانی قەڵەم بە دەستی کورد لەگەڵ دوژمنی داگیرکەری خاکەکەماندا هاودەنگن و تەنانەت لەوانیش توندوتیژترن. چ کەردەن؟ ئێمە ئەوەین!

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/١٧**

ئەمڕۆ ترومبیلێکی ئیسلامی عەزیز لە شاری بارسێلۆنای ئیسپانیا خۆی بە خەڵکێکی زۆردا کێشا و تا کاتی نووسرانی ئەم یادداشتە، گوایە ١٣ کەسی کوشتووە و زۆرێکیتری بریندار کردووە. هەر ئیسپانیا و ناوچەی کاتالانی دۆستی کورد مابوو بەروبووی ئەو بیرو بۆچوونە نامرۆڤانەیە بەچاو ببینێت، کە ئەمڕۆ ئەوانیش دیتیان.

خەتای عەمر و زەید نییە، سەرچاوە لێڵە، دەنا ژن و منداڵی بێ تاوانی گەڕۆك چییان کردووە کە دەبێ بکەونە بەر لوتف و مەرحەمەتی ئەوتۆی دوو حەیوانی مێشك گەنیو؟

**بەشی ٣٠ پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/١٩**

هەندێك گۆڕانكاری لە سوپای ئێراندا كراوە. هاوكات لەگەڵ دانانی فەرماندەی تازە بۆ ئەرتەش و چوونی باقری بۆ توركیا بۆ یەكخستنی بەرنامەی دوولایەنە دژ بە كورد، بودجەیەكی زۆری نائاسایی دراوە بە سوپای قودس (جیا لەوەی لە سوپای پاسدارانەوە پێیان دەدرێت). دەزانین ئەو سوپایە لە عیراق و سووریا هەڵسووڕاوی دەكات و حەشدی شەعبیش باڵی ناو عیراقی ئەوە. كاتێ ئەو گۆڕانكارییانە لە تەنیشت هەڕەشە وگوڕەشەی خامنەیی و فەرماندە نیزامییەكان لە كورد و گشتپرسییەكەی دادەنێین، دەكرێ بیر لە پیلانێكی داڕژاوی دوژمنانی گەلەكەمان بكەینەوە.

لە دۆخێكی ئەوتۆدا، تاقە ڕێگەی پووچەڵ كردنەوەی پیلانەكان، ڕاوەستان و بەربەرەكانی لە بەرانبەر دوژمنە و ئەوە مسۆگەر نابێت ئەگەر ماڵی كورد یەك نەبێت. كاتی تەنگانەیە و لەخۆبووردوویی و لێبووردن لە لایەنەكانی دەوێت دەنا مێژوو نامانبەخشێت. ئەوە بانگەوازی دایكی نیشتمانیشە بۆ هەردوو بەرەی ناخۆی كوردستان. تكایە گوێتان لەو بانگەوازە كپ مەكەن!

**شەممە، ٢٠١٧/٨/٢١**

پرسیار

كورد ئێستا لە ناو حكوومەتی ئێراندا كەسی نییە كە خوانەخواستە ئاوڕێك لە كوردستان بداتەوە! ئازەربایجانییەكان وا نین. ئەوان لە عەینی كاتدا كە نەتەوەییەكانیان دژایەتی ئێران و ئێرانی دەكەن، زۆرێكیشیان لە ناو حكوومەتدا دەسەڵاتدارن و دڵسۆزی وڵاتەكەشیان هەن. حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ باوەكوو شێتۆكە بوو و قسەی نابەجێ و بێ واتای زۆر دەكرد، بەڵام بە نیسبەت ئازەربایجانەوە لەوپەڕی وەفاداریدا بوو، نموونەكەشی بەشدارییەتی لە شەڕی دژە كورد لە نەغەدەی ساڵی ١٣٥٨. نوێنەری ئێستای ورمێ لە مەجلیس (قازی پوور)یش سەرەڕای بێ عەقڵی، دڵسۆزیئازەربایجانییەكان و دژی كوردە. لە سەردەمی حكوومەتی شاشدا بە هەمان شێوە، فەرماندەی ئەرتەش و وەزیر و وەكیلیان ئەگەر خزمەتی ئێرانیان كردبێت چاوێكیشیان لە ئازەربایجان هەر بووە.

هی ئێمە بە داخەوە وا نییە، ئێستا دیارە كەسمان نییە دەسەڵاتی هەڵگرتن و لابردنی پێشخزمەتی ئیدارەیەكیشی هەبێت، بەڵام لە سەردەمی شادا ئەگەر بوومان، هیچكامیان خەمخۆری كورد نەبوون. ئێوە سەیری ئەردەڵانییەكان بكەن كە گەیشتنە پلەی وەزارەت یا كەسێكی وەك سەرلەشكر مظفرزەنگەنە فەرماندەی سوپای ورمێ بوو بەڵام دژ بە كۆماری كوردستان

هەڵوێستی گەلێك دوژمنانەی گرت و لە سەردەمی ڕاپەڕینی وەرزێرانی ناوچەی فەیزوڵلابەگی لە بۆکانی ساڵی ١٣٣١ و ٣٢ش فەرمانی هێرش بۆ سەر خەڵکە بێدیفاعەکەی دا. دەڵێن هۆکاری گیرانی ئەو ١٢ کەسەی وا دوابەدوای هەرەسی کۆماری کوردستان (١٣٢٤) لە سەقز و بۆکان ئێعدام کران ئەفسەرێکی سوپا بە ناوی 'سەروان خاکسار'ی کورد بوو کە خزمایەتیشی لەگەڵ شەهیدەکان هەبوو! ئەگەر بەڵێنی ئەو نەبوایە ئەو کەسانە کە مرۆڤی گەلێك ئازا و بەجەرگیان لە ناودا بوو، خۆیان بە دەستەوە نەدەدا. دەگوترێت لەو کاتەدا کە شەهید عەلی بەگی شێرزاد (یەکشەوە) لە سەر حەوزەگەورەی بۆکان دەبرێتە پای دار، کاتێ چاوی بە سەروان خاکسار دەکەوێت، شەقێکی تەڕی لە قوون دەدات؛ نۆشی گیانی بێت!
ئێمە بۆچی واین؟ وەڵام دەبێ چی بێت؟ کەس لەو پرسە گرنگەی کۆڵیوەتەوە؟

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/٨/٢٢</u>**

چاڵدیرانی نوێ

دیواری ترامپ بۆ جیا کردنەوەی مرۆڤی ئەمریکی لە مرۆڤی مەکزیکی، یەکەم دیواری سەدەی بیست و یەکەم نییە. لە ترامپ ترامپتریش هەن و زۆریشن!
تورکیای ئەردۆغان دیواری لە سەر سنوورەکانی خۆی و سووریا کێشاوە و ئێستاش خەریکی کێشانی دیوارە لە نێوان تورکیا و ئێران، ئێرانییەکانیش لەو جینایەتەدا هاوکاریی دەکەن، بۆ؟ چونکە بەرنامەکە لە ناو خاکی کورد و بۆ دابڕانی کورد لە یەکتر داڕژاوە و لەو پەیوەندییەدا مەلاکانی ئێران هەرکامیان ئەردۆغانێکن! بەڵام لە ڕوانگەی کوردەوە ئەوە چاڵدیرانێکی دیکەیە کە دوای ٥٠٣ ساڵ دووپات دەبێتەوە و کورد لە خوشك وبراکانی ئەودیوی دیوار جیا دەکاتەوە. چاڵدیرانی ئەمجارمان نەك هەر مرۆڤ بەڵکوو سروشت و دار و دەوەن و ئاژەڵیش لێك دادەبڕێت.
چەند ڕۆژێك پێشتر هەواڵی کێشانی دیوارێکی دیکەش کەوتە بەرگوێ: ئیسرائیلی ناتانیاهوو دەیەوێت لە ژێر زەویدا دیوارێك بکێشێت بۆ ئەوەی سنووری ڕەگەزی خۆی لە ڕەگەزی خەڵکی غەزەی فەلەستین جیا بکاتەوە.
ترامپ، ئەردۆغان، نەتانیاهو! ئایا جگە لە ڕەگەزپەرستی، هیچ دیاردەیەکی هاوبەش لە نێوان سیاسەت و بەرنامەی ئەو سێ پیاوە بەڕێزەدا هەیە و من نایبینم؟

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/٢٤</u>**

ئەم شیعرە فارسییە پڕە لە هەستی ئینسانی و جەرگ دەسووتێنێت:

یاد دارم یك غروبی سرد سرد / می گذشت از کوچه ی ما دورگرد:
"دوره گردم دار قالی می خرم / دست دوم جنس عالی می خرم
کوزه و ظرف سفالی می خرم / گر نداری شیشه خالی می خرم"
اشك در چشمان بابا حلقه بست / ناگهان آهی زد و بغضش شکست:
"اول ماه است و نان در سفره نیست / ای خدا شکرت ولی این زندگیست؟"
سوختم دیدم که بابا پیر بود / بد تر از او خواهرم دلگیر بود
بوی نان تازه هوش از ما ربود / اتفاقا مادرم هم روزه بود
صورتش دیدم که لك بر داشته / دست خوشرنگش ترك برداشته
باز هم بانگ درشت پیر مرد / پرده ی اندیشه ام را پاره کرد:
"دوره گردم دار قالی می خرم / دست دوم جنس عالی می خرم
کوزه و ظرف سفالی می خرم / گر نداری شیشه خالی می خرم"
خواهرم بی روسری بیرون پرید / گفت: آقا سفره خالی می خرید؟
**"محمد رضا یعقوبی" [؟]**

**بەشی ٣١ شەممە، ٢٠١٧/٨/٢٦**

ڕۆژێکی مەزن لە مێژووی کورد دا

خوشك و برایانی خۆشەویستی باشووری کوردستان، سەربەخۆیی ئاواتی لەمێژینەی گەلەکەمانە. ئێستا کە بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی دەرەتانی ئەوەی بۆ کورد ڕەخساندوە بتوانێ بە ڕاشکاوی داواکاری بێت و گشتپرسی بۆ بکات، ئەرکی سەرشانی هەموو تاکێکمانە بەپیریەوە بچین و بە "بەڵێ" سندووقەکانی دەنگ بئاخنین. تکایە لەم هەلە ناسکەدا بیر لەوە مەکەنەوە کێ یان چ حزبێك دەستپێشخەری کارەکەیە. تاك دەڕوات و نامێنێت، ئەوەی کە دەمێنێت گەلی سەربەخۆی کوردە و بەس. لێگەڕێن با وەك گەلانی دیکەی ئەم جیهانە کوردیش ببێتە خاوەن وڵات و ئاڵا و ناسنامەی نەتەوەیی.

نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە هەر ئەو حکوومەتی هەرێمەی ئێستاش، دوای خوێنی شەهیدەکانمان، ئەوە ئەمریکا و هاوپەیمانان بوون کە بۆیان مسۆگەر کردین، بەڵام وەك دەبینین ئێستا ئەوان خۆیان لە عیراق چوونەتە دەرەوە بەڵام حکوومەتی هەرێم هەر ماوە و دەشمێنێت. با سەربەخۆیی کورد دەستەبەر بێت و بە شوێنیدا پەرلەمانی نوێ دابمەزرێت؛ ئیتر فلان تاکە کەس و فیسارە حزب هەمیشەیی نین و وەك هەموو دەسەڵاتدارێکی دیکەی جیهان ڕۆژێك لە ڕۆژان دەڕۆن. تکایە بەو بیانووە خۆ لە ئەرکی مێژووییتان مەدزنەوە.

**دووشەممە، ٢٠١٧/٨/٢٨**

بە گوێرەی هەواڵەکان، هەردوو داگیرکەری ئێران و تورکیا ساڵانە ١٥ ملیار دۆلار کاڵا هەناردەی هەرێمی کوردستان دەکەن؛ سەرەڕای ئەوەش دەزگا ئیتلاعاتی و جاسووسییەکانیان بۆ چرکەیەك دەست لە بنکۆڵ کردنی ئاسایشی وڵاتەکە هەڵناگرن. پێویستە لە هەفتە و مانگەکانی دادێدا، گەلەکەمان و لە پێش هەمووانەوە حزبە سیاسییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، وشیارییان چەند قات بکەنەوە. دوژمن بێ بەزەییە و لە هیچ تاوانێك ناپەرموێتەوە.

**چوار شەممە، ٢٠١٧/٨/٣٠**

پیلان!

ئایا ئەم ڕووداوانەی خوارەوە بێ پەیوەند لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ مەسەلەی گشتپرسین؟

جێگری سوپاسالاری پێشمەرگە: "تەقینەوەی جبەخانەکانی هەولێر ئاسایی نییە."

سایتی "ڕۆژی کورد": "مخابن دەبێ ئەو ڕاستییە ئاشکرا بکەین کە ئەو چوار کەسەی کە بیانوویان بە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گرتووە، بڕیار بووە هەر کام دوو دەفتەر دۆلار وەربگرن و تەنانەت یەکیان کە کوژراوە، بە نیاز بووە پێشمەرگەکان بکوژێ و تەرمەکانیشیان ڕادەست [ی ئێران] بکاتەوە".

ڕاگەیێنراوی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: "بەپێی ڕێکەوتنێکی نێوان تیرۆریستانی داعش و حیزبوڵڵای لوبنان و رژێمی سووریا [تۆ بڵێ ئێران]، بە سەدان چەکداری داعش ناوچە سنوورییەکانی لوبنانیان جێهێشت و بە چەك و تەقەمەنییەوە بەرەو ناوچە سنوورییەکانی عێراق گواسترانەوە. ئێمە وەك ئەنجووومەنی ئاسایشی هەرێم نیگەرانیی خۆمان لە بەرامبەر ئەم کردەوەیە دەردەبڕین و بە مامەڵەیەکی گوماناویی دەزانین کە زۆر پرسیار هەڵدەگرێت و خوازیارین هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ناوچەکەدا هەڵوێستی جددییان بەرامبەر ئەم کردەوەیە هەبێت."

کورتەی هەواڵەکانی ئەم هەفتەیە: هاتنی کاربەدەستانی میت بۆ کوردستان دوو مانگ پێش ئێستا بە ئامانجی دەستبەسەر کردنی ڕێزدار جەمیل بایاك و بەرپرسانی دیکەی پێ کا کا لە باشووری کوردستان، بێ بایەخ کردنی یەکیەتی نیشتمانی و لە ئەنجامدا تێك بەردانی کورد لە گیانی کورد بوو.

بارودۆخەکە ناسکە و وشیاریی کورد و پێش هەموو شت، یەکڕیزیی ناو ماڵی کوردی دەوێت. یەکیەتی و یەکڕیزی پێداویستیی سەرەکی ئەم قۆناغەی مێژووی کوردە.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٨/٣١</u>**

بنکەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لەندەن، ڕۆژی شەممەی دادێ کۆنفەڕانسێک بۆ تاوتوێ کردنی گشتپرسی لە باشووری کوردستان بەڕێوە دەبات کە تێیدا ئەم بەڕێزانە وتار دەدەن: سەباحی غالب، ئامینە بریمۆ، هێمن سەییدی و شێرزاد تاڵەبانی. سەعات ٥ و نیو تا ٨ و نیوی ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٠١٧/٩/١٠ لەم شوێنەی خوارەوە:
Ealing Green Church, Ealing Green, London W5 5QT

**بەشی ٣٢ <u>یەکشەممە، ٢٠١٧/٩/٣</u>**

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
بێین و بچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو؟...
فیکرێ لە کاری خۆ کەن و بگرین بە حاڵی خۆو
هەر بێ سەری و عەداوەتی خۆتانە دێتە ڕێو
ژێردەستی و ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لەبۆ مە هێندە ژیان بێ نیشان و نێو
مەغبوونی هەر موعامەلە، مەحکوومی هەر کەسێک
شاهان بە مەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرێو...
ئازادی، سەربەخۆیی، میریی و گەورەیی
داوای بکەن بە زار و زمان و ددان و لێو...
هەر میللەتێ لە لاوە حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردە کە سەرهەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەربزێو
(نەمر، سەیفولقوزاتی قازی)

خوشک وبرایانی کوردی باشوور!
هەلێك بۆکورد هەڵکەوتووە، تکایە مەهێڵن لە کیسمان بچێت. تکایە بەشداری ئەو گشتپرسییە مێژووییە بن کە چەند پشتی ئێمە خەونیان پێوە دیتووە. تکەیە بەرژەوەندیی گشتیی گەلەکەمان مەکەنە قوربانیی جیاوازیی حزبایەتی و دژایەتی لەگەڵ تاکەکەس، تکایە بە "بەڵێ" دەنگ بدەن!

**دووشەممە، ٢٠١٧/٩/٤**

با مێژوویەکی تاڵ دووپات نەبێتەوە

لە ساڵانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا، شەریف پاشای خەندان، بە حەق یان ناحەق، لای عضبة الامم و وڵاتانی ئوروپایی خۆی بە نوێنەری کورد ناساند و داوای سەربەخۆیی بۆ ئەو بەشەی کوردستانی کرد کە تازە لە ژێر کەڵەوەی حکوومەتی عوسمانی هاتبووە دەرێ: باشووری کوردستان.

هەر لەو کاتە ناسکەدا هەندێك کەس لە ناوخۆی کوردستانەوە نامەیان ئیمزا کرد و بەو وڵاتانەیان ڕاگەیاند کە شەریف پاشا نوێنەری ئێمە نییە! لەو هەل و مەرجە ناسکەدا، ئەوە دوایین بزمار بوو لە تابووتی سەربەخۆیی کورد درا و بۆ ماوەی سەد ساڵ خرایە چاڵەوە، میداڵیای شانازیش خەڵاتی ئەو کەسانە نەکرا کە نامەکەیان ئیمزا کرد!

کەمپەینی "نا ئێستا"ی کەناڵی ئێن ئاڕ تی شتێکە لەگوێن ئەو نامەیە و دڵنیام ئەگەر گشتپرسییەکەی ئەم مانگەی کوردستان بخرێتە چاڵەوە، کڵاوی شانازی لەسەر ئەو برادەرانە نانرێت! مێژوو بەسەر کەسەوە ناچێت و هەڵەی کەس نابەخشێت. تا درەنگ نەبووە، با خۆمان بە هەڵەکانماندا بچینەوە.

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٩/٥**

ڕۆژنامەکانی ئوروپا بە تایبەت فەڕەنسا بە گەرم وگوڕی باسی ڕیفراندۆمەکەی کوردستان دەکەن و لە هەواڵ و لێکدانەوەکانیاندا ئەگەر پشتگیری گشتپرسییەکە نەکەن، لای کەم دژی ناوەستن.

کورد تاقە میللەتێکە کەمپەینی "نا"ی بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی وەڕێ خستووە.

هەی لەمنت کەوێ کوردە حەیاتەکە!

**چوار شەممە، ٢٠١٧/٩/٦**

ئەمڕۆ ڕێزدار خوسرەو کوردپور چالاکی بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕۆژنامە نووسی بەرپرسی کورد، دوای تێپەڕ کردنی ماوەی زیندانە بەسەرداسەپاوەکەی، لە زیندانی زاڵمان ئازاد کرا. ئەوەی خوارەوە لینکێکە بۆ ژیننامەی ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووەی کورد. سڵاو و ڕێزی هەموان پێشکەش بە کاك خوسرەو و کاك مەسعوودی کوردپورا!

http://mukriannews.eu/?p=20160&lang=fa

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٩/٧**

هەواڵی کووژرانی کۆڵبەرانی هەژاری کورد بە دەست پاسدار و بەسیجی مەلاکانی قوم و مەشهەدەوە، ساڵانێکی زۆرە لە میدیای ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕادەگەیێنرێت بەڵام حکوومەتی مەلاکان گوێی خۆی لێ کپ دەکات.
ئەمجارە، خەڵکی قارەمانی بانە بۆ نەهێشتنی ئەو ملهوڕی و زۆردارییە ڕاپەڕیون و دووکانیان داخستووە. خەڵکی بە شەرەفی شاری سنەش دوو ڕۆژە بۆ پشتیوانی کردنی خەڵکی بانە ڕژاونەتە سەر شەقام.
ئەرکی سەرشانی هەمووان لە شارەکانی دیکەی کوردستانیشە، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی دیکەی خاکەکەمان، بە دەنگی ڕاپەڕیوەکانی بانە و سنەوە بێن و سپای سەرکوتکەر مەجبوور بکەن گیراوەکان بگەڕێننەوە سەر ماڵ وحاڵی خۆیان و بریندارەکانیش تیمار بکەن.
کۆڵبەری کورد چیتر بێکەس نییە!

**بەشی ٣٣** **<u>شەممە، ٢٠١٧/٩/٩</u>**

گۆڤارێکی فارسی وتووێژی لەگەڵ کردم و سەبارەت بە گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان پرسیاری کرد. گوتم با وەڵامتان لە ڕێگەی ئەم هەواڵەوە بدەمەوە:
لە کێبەرکێی ئولەمپیکی ڕابردوودا لە برازیل، پێنج وەرزشکاری کورد میداڵیایان وەرگرت؛ ئەو ژمارەیە لەو میداڵیایانە زیاتر بوو وا ئێران و تورکیا و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچە دەستیان کەوتبوو، بەڵام ئایا ئێوەش و خەڵکی دیکەش بەو هەواڵەتان زانی؟ ئایا وەڤدی کوردتان بینی بە مارش بێتە بەر دەمی کامێراکان؟ ئایا ئاڵای کوردستان لە شوێنێك هەڵکرا و سروودی نەتەوایەتی کوردستان جارێك لێدرا؟ دیارە وەڵامی هەموو ئەوانە، 'نا'یە. هۆکار؟
لەبەر ئەوەی کورد کەیانێکی ناونەتەوەیی نییە و ناتوانێ بە ناوی خۆیەوە بچێتە ئولەمپیك و هیچ گۆڕەپانێکی دیکەی سیاسی، وەرزشی، هونەریی ناونەتەوەیی لە جیهاندا؛ ئەو پێنج کەسەش میداڵیایان بۆ ئێران و تورکیا و ئازەربایجان و ڕووسیا و ئیسرائیل هێنایەوە نەك بۆ وڵاتەکەی خۆیان!
ئایا ئێوە لەجیاتی من بن و بەو ڕاستییە بزانن، لە ڕیفراندۆمی ڕۆژی ٢٥ ی مانگدا بەشداری ناکەن و بە "بەڵێ" دەنگ نادەن؟

**<u>یەکشەممە ٢٠١٧/٩/١٠</u>**

ئەمرۆ لە کۆنفەرانسێکدا بەشدار بووم کە لە لایەن "ناوەندی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵات"ەوە لە لەندەن ڕێکخرابوو. چوار کەس وتاریان دا و هەرچوارکەس لایەنگریی خۆیان لە بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکەی ڕۆژی ٢٥ ی مانگ دەربڕی و داوایان لە خەڵك کرد بە "بەڵێ" بەشداریی گشتپرسییەکە بکەن.

هەمان ڕۆژ، یان ڕۆژێك پێشتر، کۆڕێکی دیکە هەر لە لەندەن، لە لایەن بەرەی "نەخێر بۆ ئێستا"وە گیرابوو. ئاشکرایە مافی دیموکراتانەی ئەوانیش بوو پروپاگەندە بۆ ڕوانگەی خۆیان بکەن. بەڵام دواتر ئاڵۆزی لە نێوان لایەنگرانی بەڵێ و نەخێردا پێك هاتبوو و بەداخەوە لایەنێك بە لایەنەکەی دیکەی گوتبوو 'جاش' و دواتر پۆلیس هاتبووە ژوورەکەوە بۆ ئەوەی هێمنایەتی دابین بکاتەوە. من لەگەڵ ئەو چەشنە دەست تێوەردانە نادیموکراتییە نیم.

کورد ئەگەر پشووی لەسەر خۆی نەبێت، لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی تا ٢٥ ی مانگ ماوە، واهەیە تێکگیران و ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرلە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا بێتە پێشەوە کە جگە لە دوژمنانی گەلەکەمان، لەبەرژەوەندیی کەسدا نییە. تکایە لێبگەڕێن هەموو کەسێك بۆچوونی خۆی هەبێت و ڕای خۆی دەرببڕێت. دیموکراسی کۆمەڵگا لە ئازادی تاکەکەسەوە دەست پێدەکات!




**سێ شەممە، ٢٠١٧/٩/١٢**

ئەم وێنە مێژووییە بەربەرەکانی هێزی باوەڕ بەرانبەر بە چەك و دەسەڵات دەردەخات. سەیری ئەو قارەمانە بانەییە بکەن چۆن بوێرانە لەبەرانبەر پاسدارانی چەکداری کۆماری بە ڕاستی ئیسلامی وەستاوە و لە مافی ژیان بۆ کۆڵبەرانی کورد داکۆکی دەکات. بژین و سەرفراز بن ئەو قارەمانە نەناسراوانەی گەلەکەمان!

**چوارشەممە، ٢٠١٧/٩/١٣**

ماوەی دوو ساڵە مەلاکانی ئێران بە ناوی پڕکردنەوەی گۆلی ورمێوە، ئاوی ڕووباری کەڵوێیان وەرگێڕاوەتە سەر گۆلەکە و ناهێڵن بگاتە باشووری کوردستان. ئەوە هەنگاوێکی سەدا سەد سیاسییە بۆ گوشار خستنە سەر هەرێمی کوردستان. پێشتریش ئەو بەڵایەیان بە سەر ڕووباری ئەڵوەن هێنا و من چەند جار لەم یادداشتانەدا ئاماژەم پێکردوون.

مەلاکان دەیانەوێت تۆڵەی حوسەین و سەحرای کەربەلا لە خەڵکی ڕانیە و قەلادزێ بکەنەوە و لە مەسەلەی گشتپرسییەکەی ئێستادا وەك کەرەسەیەکی گوشار کەڵکی لێ وەربگرن. ئەوە دیسانەکە ئیسلامی عەزیزە ئەو ئیجازەیان پێدەدات کە گوێ نەدەنە هیچ یاسایەکی ئینسانی و ناو دەوڵەتی و هەموو کارێکی بێ ئەخلاقی دەرحەق بە میللەتێك بکەن، میللەتێك کەهیچ ئازار و زیانێکی بۆ کەس نەبووە و تەنیا مافی ڕەوای خۆی داوا دەکات. ئافەرەم ئیسلامی عەزیز بۆ دەست پەروەردەکانت!

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/٩/١٤</u>**

دوێنێ و ئەمڕۆ ئەمریکا ڕاستەوخۆ هاتۆتە ناو کێشەی گشتپرسیی کوردستانەوە و بڕیت مەکگۆرکی نوێنەریان هاوڕێ لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان و نوێنەرێکی وڵاتانی ئوروپایی ڕاست و چەپ لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کورد کۆدەبنەوە و دژایەتی ئەو سێ لایەنە لەگەڵ بەڕێوەچوونی گشتپرسییان پێ ڕادەگەیێنن. ڕێبەرانی کورد تا ئەم کاتە لە بەرانبەر گوشارەکاندا ئازایانە وەستاون بەڵام دڵنیا نیم بتوانن لەوە زیاترخۆڕاگر بن. هیوای من ئەوەیە کورد ئەو توانایەی هەبێت سەرەڕای ئەو گوشارانە، کارەکە بەڕێوەبەرێت.
تا کۆتایی ئەمڕۆ ڕانەگەیێنراوە ئەو "بەدیل"ەی وا لەبەرانبەر وەستاندنی گشتپرسیدا بە کوردیان پێشنیار کردووە چییە و چۆنە.

**بەشی ٣٤ <u>چوار شەممە، ٢٠١٧/٩/٢٠</u>**

*"وجودم به تنگ آمد از جور تنگی*
*شدم در سفر روزگاری درنگی...*
*چو بازآمدم کشور آشفته دیدم*
*به گرگان بمانده همان تیز چنگی"*

چەند ڕۆژێك لە ماڵەوە نەبووم و کەمتر دەکرا بە هەواڵی ڕووداوەکانی کوردستان بزانم. کاتێ گەڕامەوە ئەو شیعرەی سەعدی میسداقی حاڵم بوو (دیارە بەو گۆڕانکارییەوە کە تێمدا کردووە!) گورگی ئێران و تورکیا و عیراق بە توندوتۆڵی ڕێگایان لە گشتپرسییەکە گرتووە و هەرکام وڵاتێکی ڕۆژئاواییشیان لەگەڵ خۆیان خستووە بۆ ئەوەی شان بە شانی ئەوان بەرگر بن لە کارەکە. بەختەوەرانە کورد توانیویەتی لە بەرانبەر گوشارەکانیاندا بوەستێت و کۆڵ نەدات. دیارە ئەوەی بە هاسانیش بۆ ناچێتە سەر و دوور نییە لە چەند ڕۆژی دادێدا هەواڵی بەسترانی سنوور و تەنانەت چەشنە هێرشکارییەکی سوپاییش بژنەوین. بەڵام ئەو هەڕەشە و

گوڕەشەیە ئێستاش بێت هەر هەیە و ١٠٠ ساڵی دیکەش بێت هەر دەبێت. بەرەی "نەخێر ئێستا"م زۆر پێ سەیرە بۆچی لەوان توندوتیژتر بەرانبەر بە کارەکە وەستاون؟ خۆ ئێستاش نەبێت و ساڵانێکی درەنگتریش بێت، دوژمنەکانمان میهرەبان نابن و سەبەخۆییمان لە سەر سینی بە دوو دەست پێشکەش ناکەن.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٩/٢١**

هەرچی لە ڕۆژی گشتپرسییەکە نزیك دەبینەوە، هەوڵەکانی ئێران و تورکیا و عیراق بۆ ڕێگری کردنی ڕەوتەکە، چڕتر دەبێتەوە. حکوومەتی ئێران ڕاستەوخۆ و لەڕێگەی دارەدەستەکانی ناوعیراقیشیەوە هەوڵ دەدات ڕەوتەکە بوەستێنێت. لە لایەکەوە حەشدی شەعبی ڕەوانەی مەندەلی وخانەقین و دەروازەی کەرکووك کردووە، لەلایەکی دیکەوە مەترسی بۆ سەر کوردانی فەیلی دانیشتووی بەغدا پێکهێناوە، پەرلەمانی عیراقیشی هانداوە بڕیار دژ بە کوردستان و ڕێبەرەکانی، یەك لەوان پارێزگاری کەرکووك دەر بکەن. وا ڕۆحانی سەرەك کۆماریش کە لە دوو هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا زیاترین دەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێناوەتەوە، چۆتە لای سەرەك کۆماری فەرەنسا و لەجیاتی باسی دەرد و نەهامەتی خەڵکەکەی خۆی بکات، مەسەلەی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستانی هێناوەتە گۆڕێ! ئیمانوئێل مەکرۆنی سەرەك کۆماری فەرەنساش لەبەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی، دەست بە جێ تەلەفونی بۆ کاك مەسعود کردووە و داواکار بووە گشتپرسییەکە بوەستێنرێت.

دژایەتی ئێران لەگەڵ کورد لە هەموو سەدەی بیستەم و دوای ئەودا بەردەوام بووە:

کاتێ ئێران و عیراق و تورکیا و ئەفغانستان لە ساڵی ١٣١٦ (١٩٣٧ز)دا پەیمانی سەعدئابادیان لە تاران ئیمزا کرد، یەك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی ڕێکەوتنەکەیان بەرگری کردن بوو لە "جیاوازیخوازیی گروپو دەستەی جیاوازیخواز" کە ناوێکی دیکە بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد!

پەیمانی بەغدا ش کە لە ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥ز) لە نێوان عیراق و تورکیا دا بەسترا و پاشان ئێران و پاکستان و بریتانیای لەگەڵ کەوتن و بوو بە پەیمانی سەنتۆ ، باوەکوو ڕووی سەرەکی لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو بەڵام بەشێکی بەرچاویشی بۆ کێشە سنوورییەکان و ئەو حاڵەتانە بوو کە لە ئەگەری ڕاپەڕین و ئاژاوەی ناوخۆی وڵاتێکدا، ئەوانیتر بە دەنگی وڵاتەکەوە بێن و ئەوەش ناڕاستەوخۆ هەر کوردی دەگرتەوە.

لە هەموو ماوەی حکوومەتی پەهلەوییەکاندا (٧٠ ساڵ لە سەدەی بیستەم)، کورد و کوردستان ئەو دوو دیاردەیە بوون کە زیاترین حەساسییەتیان پێیان هەبوو، تەنانەت فایلی ئوستانی

کوردستان لە وەزارەتی کەشاوەرزیی ئێراندا نهێنی بوو و جگە لە خەڵکانی مۆڵەت پێدراو، تەنانەت کاربەدەستانی وەزارەتەکەش دەستیان پێ ڕانەدەگەیشت!
ئیتر باسی سەردەمی دوای ئەوان واتە حکوومەتی مەلاکان دوای ساڵی ١٣٥٧ هەر نەکەین باشترە، کە دار وبەرد و ئاوی ڕووبارەکانی کوردستانیش کێشەیەکی ئەمنیەتی مەلاکانن.
لە هەل ومەرجی هەستیاری ئەم ڕۆژانەدا کوردی باشووری ولاتەکەمان دەبێ وریای دووپشکی ئێران بن کلکی هەڵنەگەڕێنێتەوە و پێیانەوە نەدات، باوەکوو حکوومەتەکەیان لەوە شڕترە بتوانێ ڕاستەوخۆ کارێکی گەورە بکات، بەڵام دوور نییە لە ڕێگەی دارەدەستەکانیەوە گورزێك بوەشێنێت. لەو حاڵەتەدا، با کوردیش لە بەرانبەریدا بێدەنگ نەمێننەوە و وەڵامێکی شایانی بدەتەوە.

**بەشی ٣٥ <u>دووشەممە، ٢٠١٧/٩/٢٥</u>**

پیرۆز بێت!
ئەمڕۆ ڕۆژێکی پڕ لە شانازی بوو لە مێژووی گەلی کورددا. گشتپرسی سەبارەت بە سەربەخۆیی وڵات سەرەڕای گوشاری زۆری حکوومەتەکانی ناوچە و وڵاتانی ڕۆژئاوایی، بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو. گرنگتر لە هەموان گشتپرسی بوو لە ناوچە جێ ناکۆکییەکانی خاکی کورد وەك کەرکووك و خانەقین کە دانیشتوانیان بە حەماسەتێکی چاوەڕوان کراوەوە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بێ ئەوەی گوێ بدەنە هەڕەشە و گوڕەشەی لایەنە نەیارەکان بە تایبەت کۆماری ئیسلامی و بەغدای دارەدەستیان.
ئەوەی بۆ من جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە دژبەرانی گشتپرسییەکە و ئەو کەسانەی وا کاتیان بۆ بەڕێوەچوونی گشتپرسی لەبار نەدەزانی، بەوپەڕی دیموکراسییەتەوە دەنگی خۆیان دا و بە بۆچوونی من ڕێژەی ناحەزان هەرچەندێك بێت مافی خۆیانە و جێگەی شانازییە کە کۆمەڵگای دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێم ئەو دەرەتانەی ڕەخساند ئەوانیش دەنگی خۆیان هەبێت دەنا دەنگی سەدا ٩٩.٩٩ کە لە هەڵبژاردنە کاریکاتیرییەکانی سەددام حوسەین دا بە دەسەڵات دەدرا، دەبووە مایەی شەرمەزاریی گەل و وڵاتەکەمان.
گەلی ئێمە سەلماندی، بە پێچەوانەی بۆچوونی دوژمنان، تێگەیشتوو و پێگەیشتووە.
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە

زیندوو قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

**سێ شەممە، ٢٠١٧/٩/٢٦**

هەندێك هەواڵی تازە سەبارەت بە ڕۆژانی پێش گشتپرسی و دەوری گڵاوی حکوومەتی ئێران لە پیلان دانان بۆ وەستاندنی گشتپرسییەکە بڵاو بۆتەوە. بە گوێرەی یەك لە هەواڵەکان، قاسم سولەیمانی بەرپرسی سوپای قودسی ئێران، سێ ڕۆژ پێش گشتپرسییەکە لە نێوان سلێمانی و هەولێر و بەغدا و کەرکووکدا خەریکی تەراتێن بووە و ویستوویەتی بە ئامێتەیەك لە تکا و هەڕەشە، بەرپرسانی کورد مەجبوور بکات لای کەم لە کەرکووك و خانەقین گشتپرسی بەڕێوە نەبەن و تەنانەت باڵێکی ناو یەك لە زلحزبەکانیش ملی بۆ پیلانەکەی ئەو دانەواندبوو. دیارە ئەگەر ئەوەی بۆ بچوایەتە سەر و کەرکووك و خانەقین لە بەرنامەکە دەربهاوێژرایەن، ئێتر گشتپرسی بە تەواوەتی بێ واتا کرابوو و پیلانی قاسم سولەیمانی سەردەکەوت.

دەبێ هەمووومان سپاسی ڕێبەرایەتی کورد بکەین کە لەژێر ئەو هەموو گوشارەدا پشتی دانەنەواند و ئازایانە کارەکەی لە هەموو ناوچە جێ ناکۆکییەکان ڕاپەڕاند. سپاس و پێزانی دوای کۆمەڵانی گەل و دانیشتووانی ئەو شوێنانە، دەبێ بە تایبەت ئاراستەی کاك مەسعوود بارزانی، کاك کۆسرەت ڕەسووڵ و کاك ڕێبوار تاڵەبانی بکرێت. دەستیان خۆش بێت کە شاخی ئەو بەناو 'سوپەرمەن'ەی میدیای عەرەبی و کوردییان شکاند.

**پێنج شەممە، ٢٠١٧/٩/٢٨**

ئۆپۆزیسیۆنی گنخاوی ئێرانی و مافەکانی گەلی کورد

لە نێو هەموو گێرە و کێشەی سەبارەت بە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا، ماهیەتی ڕاستەقینەی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە باشی دەرکەوت. ئەو بەناو نەیارانەی حکوومەتی ئیسلامی، لە ناوخۆ و دەرەوە، هیچ سنوورێکیان لە نێوان خۆیان و موحسین ڕەزایی و 'ئەڵلاکەرەم'ی بەسیج دانەنا و هەمان ئەو قسە و بوختان و درۆیانەیان دووپات کردەوە کە ئەوان لە بڵێندگۆکانیاندا کاوێژیان دەکرد و دەیکەن: کوردستان دەبێتە ئیسرائیلی دووهەم، بارزانی عەشیرە و دواکەوتووە، سەرجەم کارەکە پیلانی ئەمریکا و ئیسرائیلە بۆ دابەشکردنی وڵاتانی ناوچە .... دیارە ئەوان بە ناوی بارزانییەوە سەرجەم گەلەکەمان دەکەنە قەبیلە و عەشیرەیەکی دواکەوتوو، کە شعووری سیاسییان نییە، هەل و مەرج ناناسن و تەنیا بە ئیشارەی دەستی بێگانە دەجووڵێنەوە.

لەو ناوەدا چەپی ئێرانی لە هەموان کۆڵەوارتر بوو. ئەوانەی وا هەموو لەشیان دەمە و لە قسەکردنی سەر تەلەفیزیۆندا مامۆستان، یەکدەنگ و یەکڕیز دژ بە خواستی گەلێك ڕاوەستان کە تەنانەت لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆش لە شارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەریکی

شایی و هەڵپەڕین و شیرنی بڵاوکردنەوەن. هەر ئەوانەی وا لایەنگری گەلی کۆلۆمبیا و ونزوئێللا و گامبیا و زامبیان، مافێکی سەرەتاییەیان بۆ دەربڕینی ئیرادەی خۆی بە کورد، ئەویش لە دەرەوەی خاکی 'ایران عزیز' ڕەوا نەدیت.
ئەوانەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکن لە بۆچوونی ئوپۆزیسیۆنی چەپی ئێرانی کە من تەنیا لە سەر یەك سایتی ئینترنێتی هەڵمگرتووە، سایتی 'ایران امروز' کە چەپ و تا ڕادەیەکی زۆریش ڕادیکاڵە. فەرموون بزانن چۆن دەڕشێنەوە:
پێش گشتپرسی و بۆ بێ بایەخ کردنی گشتپرسییەکە:
مخالفت شدید آمریکا با همەپرسی در اقلیم کردستان عراق
بیانیه سەجانبه وزیران خارجه عراق، ایران و ترکیه درباره طرح همەپرسی کردستان عراق
احتمال تعویق همه پرسی کردستان قدرت گرفت
مخالفت شورای امنیت با همەپرسی کردستان عراق
اتحادیه میهنی کردستان: باید به پیشنهادات کشورهای دوست توجه کرد

اقلیم کرد با دولت مرکزی عراق به توافق نرسید
چەند بە ناو 'هەڵسەنگاندن' ی دوای گشتپرسییەکە:
چند نظر درباره استقلال کردستان عراق: حجاریان / نقیب‌زاده / امیراحمدی / باوند:
“آیا دولت ایران باید بی‌تفاوت و بی‌خیال از کنار این موضوع بگذرد؟ یا به رهبران اقلیم کردستان تبریك بگوید؟ در این‌صورت، فردا با موج استقلال‌خواهی در میان بخشی از کردهای ایران، چگونه روبرو شود؟ / تاثیر این واقعه بر منطقه حداقل به همان اندازه خواهد بود که تاسیس دولت اسرائیل بعد از جنگ‌جهانی دوم”...
بهروز بیات:
"فراموش نکنیم که دریافت ساده از حق «مردم» برای تعیین سرنوشت و به کاربردن آن می‌تواند همه کشورهای جهان را متلاشی کند و هر گروهی از مردم این حق را با انگیزه‌ای دیگر برای خود قائل شوند. بخشی به سبب «خونی«، زبانی و فرهنگی و بخش دیگر به علت اختلاف نداری و دارایی میان بخش‌های مختلف یك کشور".
حمیدرضا جلایی‌پور:
"به نظر من الان اتفاقی که افتاده این هست که بارزانی به فرایند توسعه اقلیم کردستان در چارچوب عراق فدراتیو ضربه زد .مسیر استقلال کردستان از رفتن به کوه اورست هم سخت‌تر است. شاید باخت‌های بزرگی در انتظار مسعود بارزانی باشد."

خەجاڵەت ببنەوە! جەلایی پووری جەلالدی لاوانی مەهابادیش بوو بە چەپ؟ ئێوە تەنیا بۆ دژایەتی کردنی کورد فەرمایشتەکانی ئەو لەسەر سایتەکەتان دادەنێن.
شەرم بتانگرێت!

**بەشی ٣٦ هەینی، ٢٠١٧/٩/٢٦**

بوختان و پیلان

ئێستا کە گشتپرسییەکە سەرکەوتووانە بەڕێوە براوە، دوژمنانی گەلی کورد لە ناوخۆی عیراقدا خەریکی ئابلۆوقەدانی

ئابووریی هەرێمن. دوژمنانی دەرەوەییش لە تورکیا و ئێران ژەهراو دەڕێژن و ناجوامێرانە هەرچییەك لە لایق بە

ڕیشی خۆیان و حکوومەتەکەیانە بە کوردی دەڵێن.

ئاڵای ئیسرائیل یەك لەو تۆمەتانەیە. من لە هەموو ماوەی خۆپیشاندانەکانی جەماوەری کورددا نەمدیت کەسێك ئاڵای

ئیسرائیلی بە دەستەوە بێت مەگەر دەستەیەکی ١٥ -٢٠ کەسی لە جوولەکەی کورد لە ئیسرائیل کە ئاڵای خۆیان

وکوردستانیان بە دەستەوە گرتبوو و خەریکی شایی و هەڵپەڕکێ بوون، کە ئەوەش دیاردەیەکی ئاسایی بوو لەو شوێنە و ئەو خەڵکە. لە سایتێکی ئێرانیشدا دیتم هەردوو ئاڵا بە فۆتۆشاپ لەپاڵ یەکتر دانرابوون. لە دوژمن چ چاوەڕوانییەکی دیکەمان هەیە؟

دیارە ئیسرائیل بە گوێرەی سیاسەتەکانی خۆی دەتوانێت گۆڕانکارییەکانی ناوچە هەڵسەنگێنێت و یەکیان پەسند بکات یان بیداتە دواوە، لەوەدا گەلی کورد ناتوانێت دەورێکی هەبێت. پەسندکردنی ئیسرائیلیش نابێتە تاوانێك بۆ کورد. من پرسیارێکم هەیە: کاتێ کە ناتانیاهوو چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە سەر تریبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بە فارسی پەیامی دۆستانەی بۆ خەڵکی ئێران نارد، ئایا هەر بەو هەڵوێستەیەی ئەو هەموو ئێرانییەك بوونە لایەنگری سەهیۆنیستەکان؟

ئەوان بە گوێرەی سیاسەتی خۆیان جیاوازی لە نێوان گەل و حکوومەتی ئێراندا دەبینن و ئەوە چ تاوانێك بۆ گەلانی

ئێران نییە. لایەنگری کردنیشیان لە کوردستانی سەربەخۆ شتێکە بەخۆیانەوە پەیوەندیی هەیە نەك بە کوردەوە. بۆچی

دۆستایەتی و بازرگانی سیاسی و ئابووریی و نیزامیی تورکیا و کۆماری ئازەربایجان سەدان قات لە پەیوەندی کورد و ئیسرائیل بەهێزتر نییە؟ ئەی بۆچی کەس نییە دەنگێك بەرز بکاتەوە و بڵێ تورکیا بە چەکی ئیسرائیلی لە کوردی باکووری کوردستان دەدات؟

**شەممە، ٢٠١٧/٩/٢٧**

ئەمڕۆ هاوڕێ لەگەڵ چەند دۆست و برادەری ناوەندی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵات لە لەندەن بەشداریی ماتەمینی کەسایەتییەکی بەرچاوی ناو کوردانی بریتانیا و لەندەنم کرد کە بە داخەوە لە سووریا کەوتە بەر گولـلەی داعشی ڕووڕەش: هەڤاڵ مەحمەت ئاکسۆی.

کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات کەمتر واهەیە نموودێکیان لە ناو کۆمەڵگای بریتانیا و سیاسەتمەدارانی ئەوێدا هەبێت. ئێمە هەموومان لە ئاڵقەی بەرتەنگی چەندکەسیدا ماوینەتەوە و نەچووینەتە ناو ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگای ئێرەوە. کوردانی باکوور گەلێك لە ئێمە باشترن و باشترینی ئەوانیش نەمر محمەت ئاکسۆی بوو کە لە عەینی کاتدا چالاکێکی بواری سیاسەت و هونەری پ ك ك بوو، لە حزبی کرێکار و بزووتنەوەی چەپی بریتانیاش نزیك و تەنانەت لەناویاندا گەلێك بەرچاو و هەڵسووڕاو بوو.

مەحمەت گەلێك فیلمی دۆکیومەنتری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورد هەڵگرتبوو و بۆ ساڵانێکی زۆر کۆڵەکەی سەرەکی بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن بوو. چەند هەفتە پێش ئێستاش بۆ وێنە کردنی گریلاکانی ڕۆژئاوای کوردستان چووبووە ئەوێ و هەر لەوێش بۆ بە قوربانیی گەلە بندەستەکەی و گیانی خۆی کردە فیدای گەل.

خەڵکێکی زۆر لە ناو هۆڵی ماتەمینەکەدا بوون، بە تایبەت ژمارەی ژنان گەلێك بەرچاو بوو. من شانازیی ئەوەم پریدا کرد کە دەستی دایکە جگەرسووتاوەکەی مەحمەت ماچ بکەم کە سەرەڕای ئەو داغە گەورەیەی سەر گیانی، هەر دوو قامکی خۆی بە نیشانەی سەرکەوتن بەرز دەکردەوە.

پڕکردنەوەی شوێنی بەتاڵی مەحمەت گەلێك ئەستەم دەبێت. یادی بەخێر بێت!

**دووشەممە، ٢٠١٧/١٠/٢**

خەڵکی کەتەلۆنیا لە ئیسپانیا گشتپرسییەکی هاوشێوەی کوردستانیان کرد. حکوومەتی ئیسپانیا ڕاستەوخۆ دەستی لە کارەکان وەردا و لە ٢٣٠٠ سندووقی دەنگدان ١٣٠٠یانی زەوت کرد و مەودای نەدا خەڵکەکە دەنگ بدەن. بەڵام سەرەڕای ئەوەش سەدا ٩٠ ی دەنگدەران دەنگیان بە سەربەخۆیی دا. بڕیارە لەم ڕۆژانەدا کۆماری سەربەخۆی کەتەلۆنیا ڕابگەیێنرێت. پیرۆزیان

بێت. خەڵك و ڕێبەرانی کەتەلۆنیا گەلێك هاوسۆزییان لەگەڵ کورد دەربڕیوە و دەکرێ لە داهاتوودا پەیوەندێکی نزیك لە نێوان هەردوو وڵاتدا هەبێت، دیارە ئەگەر پیلانی دوژمنان لێیان بگەڕێت!

**چوار شەممە، ٢٠١٧/١٠/٤**

دوێنێ مام جەلال تاڵەبانی کۆچی دوایی کرد. سەرەڕای هەموو لایەنگری و دژایەتییەك کە لەگەڵ کار و سیاسەتەکانی دەکرا، مام جەلال کەسایەتییەکی بەرچاوی کورد بوو کە لە دەرەوەی کوردستان دەناسرا و دەیتوانی دەورێکی گرنگ لە دیاریکردنی چارەنووسی باشووری کوردستاندا ببینێت، بەتایبەت لەم ڕۆژانە و لە بارودۆخی خراپی دوای گشتپرسییەکەدا. نەبوونی ئەو گۆڕەپانی بۆ کەسانێکی وەك شاناز برایم ئەحمەد بەتاڵ کرد کە ئێستا لە ناو یەکیەتیدا تەراتێن دەکەن و بەداخەوە.جگە لە فراوانکردنەوەی کەلەبەر و تێکدانی زیاتری ڕیزەکانی گەل هیچ سوودێکیان بۆ کورد نییە. ئەو وا هەبوو بتوانێ لایەنی ئێران و حکوومەتی ناوەندیی عیراق دژ بە کورد هێورتر بکاتەوە .یادی بەخێر بێت!

**پێنجشەممە، ٢٠١٧/١٠/٥**

سەعدئابادی نوێ

کوردستان ئابڵووقە دراوە. پیلانی داگیرکەرانی خاکی کورد بەردەوامە . ئەردۆغان ڕاست و چەپ لە هەوڵدایە. ئێرانییەکان بە تایبەت خامنەیی هەڕەشە وگورەشەمان لێدەکەن و حکوومەتی عیراق هان دەدەن دژ بە کورد هەنگاو بنێت. مانۆڕی نیزامیی هاوبەشی هەرسێ وڵاتی تورکیا و ئێران و عیراق لە سەر سنوورەکانی کوردستان بەڕێوە چووە.

هەفتەی پێشتر باسی پەیمانی سەعدئابادم کرد کە ڕاست ٨٠ ساڵ پێش ئێستا لە تاران بەسترا و خاڵێکی سەرەکی پەیمانەکە بەرگری کردن لە سەربەخۆیی خوازیی کورد بوو. پەیمانی سێ لایەنەی ئەمڕۆی تورکیا و ئێران و عیراق عەینوبیللا هەمان سەعدئابادە بە بەرگی نوێوە. حکوومەتی هەرێم لەژێر مەترسیدایە. گوشارە سیاسی- ئابووری و سوپاییەکان ڕۆژ بەڕۆژ لە زیاد بوونن. کاردانەوەی ڕێبەرایەتی کورد هێشتا دیار نییە و ئاشکرایە مەیدانی مانۆڕ کردنیان گەلێك بەرتەنگە.

گۆڕینی ناوی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عیراق پاشەکشەیەکی گەلێك گەورەیە و هیوادارم پێداچوونەوەی لەسەر بکرێت

ئێستا کە تەنیا ناوهێنان و دەنگدان بۆ سەربەخۆیی ئەو هەموو پیلانەی بەدواوەیە، هیوادارم سەرۆکی هەرێم وەك هەنگاوێکی مێژوویی سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیێنێت و بەشوێنیدا دەست لە کار بکێشێتەوە. ئەوە باشترین کارێکە کە لە بارودۆخی ئێستادا دەتوانێ بیکات. دڵنیگەرانیی من زیاتر لە یەکنەبوونی ڕیزەکانی گەلە لە ناوخۆی وڵات و لاموایە ئەو دیاردەیە زۆر مەترسیدارترە لە پیلانە دەرەوەییەکان.

**بەشی ٣٧** **<u>یەکشەممە، ٢٠١٧/١٠/٨</u>**

ویدەچێت شەڕ بەڕێوەبێت. دەبێ وشیار بین!

گوشاری زۆر لەسەر ڕێبەرایەتی کوردە لە باشووری وڵاتەکەمان. ئابلۆوقە بەردەوامە. ڕێبەرایەتی کورد تا ئێستا باش جووڵاوەتەوە و خۆی لە هەڕەشە و گوڕەشە کردن دوور خستۆتەوە. دوژمن گەلێك زۆر و بەهێزن، ئەو گرێیەی ئێستا تەنیا بە ڕای حەکیمانە دەکرێتەوە نەك بە قسەی بەتاڵ. ئێرانییەکان خۆیان لەولاوە دانیشتوون و حەشدی شەعبی بەردەدەنە گیانی کورد. دووری نازانم شەڕمان ئاوقا بکەن.

بە بۆچوونی من، سەرکردایەتی کورد هەر نەرمییەك دەنوێنێت بینوێنێت بەڵام دەبێ لەسەر ئەسڵی مەسەلەی گشتپرسییەکە بوەستێت و بە هیچ شێوەیەك هەڵینەوەشێنێتەوە. ئەوە شتێکە میللەتەکەمان لێیان قەبووڵ ناکات. مەترسی گەورە لە کەرکووك و شوێنە جێ ناکۆکییەکانە دەنا ئەستەمە هێزی عەرەب لاقی گڵاوی بنێتە خاکی هەرێمەوە. تەنانەت ئەگەر گوشارەکان زیاتر بوون، دەبێ کاك مەسعوود بیر لەوە بکاتەوە دەست لە پۆست و مەقامەکەی هەڵبگرێت بەڵام ئەنجامی گشتپرسییەکە نەگۆڕێت و چۆك بۆ دوژمن دانەدات.

لەو ناوەدا، بەداخەوە عەرەب و کورد هەردوکیان ڕووی تکا و نزایان کردە ئایەتوڵلا سیستانی. ئەم کارە لە هەردوو سەرەوە هەڵە بوو. دروست کردنی بوتێکی دیکەی وەك خومەینی لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیاندا نییە. سیاسەت دەبێ لە ئایین جیابکرێتەوە.

گرنگ کاراکردنەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانەیە. لەویش گرنگتر یەکگرتوویی ڕیزەکانی گەلەکەمان و حزبەکانە بەتایبەت گۆڕان، کە نابێت بە هیچ شێوەیەك لەو حیساباتەدا پشت گوێ بخرێت. با ئەوانیش لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانی خۆیان زیاتر ورد بنەوە و نەهێڵن کەسانی ناشارەزا و نالەباری کینە لەدڵ سەرەپەتی کارەکان بەدەستەوە بگرن.

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/١٠/١٠</u>**

کاك مستەفا دیهقان بێ وچان خەریکی دۆزین و گەڕانی کتێبخانە گەورەکانی ناو ئێرانە و هەرچی سەبارەت بە کورد یان کوردستانی دەست بکەوێت لە ڕێگەی وتاری پسپۆڕانەوە بە خەڵکیان دەناسێنێت

ئێستا وتارێکی کاك مستەفا لە سەر ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات-بۆکان دانراوە کە تێیدا هەندێك بەڵگەنامەی سەبارەت بە جوولەکەکانی ناو ئوستانی کوردستانی ئێران ڕاگەیێنراوە. بابەتی زوربەی نامەکان گازندەی جوولەکەی شاری سەقز و گەڕووس و کرماشان و...هیترە لە دەست موسوڵمانەکانی ئەو شارانە. سەردەمی بەڵگەنامەکان نێوان ١٩١١ تا ١٩٥٠یە. بە گوێرەی بەڵگەناکان، موسوڵمانانی سەقز لە ١٩٢٧ (١٣٠٦ی هەتاوی)دا ماڵی جوولەکەکانیان ئاگر تێبەرداوە، دووکاندارانی گەڕووس بەرگر بوون لەوەی جوولەکەکان دەست لە میوەی سەردووکانیان بدەن و حکوومەتیش چەند کەس لە جوولەکەکانی قەسر [ی شیرین] لە شارەکە شاربەدەر کردووە و ناردوونیەتە شوێنی دووری وەك کاشان.

ئێمەی کورد بەوکردەوە ناحەزانەمان، شەرمەزاری ئەو خەڵکەین. بۆچی هەڵەی وامان کردووە؟ دیارە دەبێ بە گوێرەی فەرمانەکانی ئیسلامی عەزیز جووڵابێتینەوە.

**<u>چوارشەممە، ٢٠١٧/١٠/١١</u>**

ئەنجومەنی باڵای گشتپرسی دوابەدوای گشتپرسییەکەی ڕۆژی ٢٥ ی مانگی ڕابردوو و لەژێر گوشاری زۆری نەیاران چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بڕیاری گۆڕینی ناوی خۆی دا و بوو بە 'ئەنجومەنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان-عێراق' کە پاشەکشێ و مل دانەواندنێکی گەورە بوو و کاردانەوەی زۆری لێکەوتەوە. لە یادداشتەکانی هەفتەی پێشوودا، منیش بەش بە حاڵی خۆم ناڕەزایی خۆم دەربڕی و هیوام خواست ناوەکە بگۆڕن بۆ ناوێکی مەعقوولتر کە پاشگری عیراقی پێوە نەبێت. بەختەوەرانە ئەمڕۆ هەواڵ گەیشت کە ناوەکەیان گۆڕیوە و کردوویانە بە 'ئەنجومەنی باڵای سیاسیی کوردستان'.

دەستیان خۆش بێت، ئەوە بێگومان جێگەی ڕەزامەندیی کۆمەڵانی گەلی کوردە. بەڵام گرنگ ئەوەیە جگە لە ناوگۆڕین، ناوەرۆکی بڕیارەکانی ئەو ئەنجومەنەش هەڵەئامێز و ناپوخت و ترسەنۆکانە نەبێت!

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/١٠/١٢</u>**

دوێنێ کاك برایمی عەلیزادە سکرتێری حزبی کومۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە ڕاگەیاندنێکی سەر میدیادا داوای یەکگرتنی ڕیزەکانی پێشمەرگەی هەموو حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کردبوو.

ئەو یەکگرتوویی و هاوپشتییە لە بارودۆخی ئێستادا لە نانی شەو واجبترە. با هەموو حزب و ڕێکخراوەکان لەدەوری دروشمی پاراستنی خاك و نەتەوە لە داگیرکەران، کۆ ببنەوە. دۆخی ئەمڕۆ زیاد لە هەموو کاتێکی تر ئەوە دەخوازێت. با حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات گوێ لە هاواری دایکی نیشتمان بگرن کە یەکگرتن و ئامادەیی ڕۆڵەکانی دەوێت.

**بەشی ٣٨ پێنج شەممە، ٢٠١٧/١٠/١٩**

شانۆی سیاسەتی کورد

ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ڕووی دا، هیچ نەبوو جگە لە کارەساتێکی گەورەی مێژوویی تەنانەت بە پێوانەی کوردستان، کە هیچ ساڵێك نەبووە چەند کارەساتی لێ نەقەومابێت.

کارەکە بە خاوی و نەزانی و تێنەگەیشتنی بارودۆخی سیاسی ناوچە و جیهان دەستی پێکرد، بە خەیانەت درێژەی کێشا و بە کارەسات کۆتایی هات.

سەرەتاکە بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەی ڕێبەرایەتی کورد و پێش هەموان و زیاد لە هەموان سەرۆکی هەرێم. ئەو بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەنووسێکی بیانی، "دەستی دایە ڕووبەڕووبوونەوەیەك کە توانای بردنەوەی نەبوو." ئەوە خۆی بەردی بناغەی کارەساتەکەی دانا.

ئێستا دەزانین کە وڵاتانی دراوسێ بە تایبەت تورکیا لەمێژ بووە چاوەڕوانی هەلێکی وابوون کە هەڵەیەك لە لایەن کوردەوە سەرهەڵبدات و ئەوان بیقۆزنەوە. قسەکانی ئەردۆغان لەو ماوەیەدا پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوانیش و ئێرانیش وردە وردە لێگەڕاون بارزانی پلانەکەی بەرێتە پێشەوە و ئاستەنگێکیان بۆ دروست نەکردووە بۆئەوەی لێی پەشیمان نەبێتەوە و دەرفەتی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی پلانەکەیان بداتێ.هەموو ئامادەکارییەکیشیان لە ناو خۆیاندا کرد، تورکیا لە ڕێگەی ئێرانەوە عەبادی و حکوومەتەکەی لەگەڵ خۆیان خست، ئینجا کاتێ کە گشتپرسییەکە کرا، وەك سێ گورگی برسی ئامادەی هێرش، بەربوونە گیانی کورد و ئەو کەیانەی کە بووی. ئیتر ئەمڕۆ ناوێك لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان ناهێنن و وەك سەردەمی سەددامە زێڕە کردوویانەتەوە شمال حبیب!

دۆخی ئێران لە تورکیا ڕوونترە. هەوڵی خامنەیی و قاسم سولەیمانی لە تێکشکاندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەك بەرگر و ملۆزمێك بۆ پێکەوەلکانی ئاڵقەکانی زنجیری هیلالی شیعی سەرکەوتوو بوو. ئەوان بە هیچ شتێك جگە لە لابردنی ئەو دیوارە ڕازی نەدەبوون و ئەوە زیاد لە دوو ساڵە بە هیوای تێکشکاندنی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمن.

ئەمریکییەکان باوەکوو ئێستاش هەر بێدەنگن، بەڵام وێدەچێت لەوە نارەحەت بن کە ڕووسیا دەستی خۆی خستۆتە ناو بیرەنەوتەکانی کوردستانەوە و ترامپی بازرگانی ناسیاسی کەڵکی لە دەرفەتەکە وەرگرت و بۆئەوەی سزای حکوومەتی هەرێم بدا چرای سەوزی دایە حکوومەتی عەبادی و هاوپەیمانەکانی واتە ئێران و حەشدی شەعبیی قاسمی سولەیمانی. ڕاگەیاندنی بێ لایەنی لە لایەن ئەمریکاوە لەو ڕۆژە چارەنووس سازانەی ١٤ تا ١٦ ی ئوکتۆبردا، مۆڵەتدان بوو بەوان و بە تورکیای هاوپەیمانیان بۆ ئەوەی ئامادەکاریی پێویست دژ بە کوردستان پێك بهێننو بە بێ ترس بەڕێوەی بەرن.
ئوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان لەو سیناریۆیە ئاگادار بوون بێ ئەوەی دەورێکی ئەوتۆ لە بەرگریکردنی بەڕێوەچوونی ببینن. ئەوان کەوتنە شوێن سیاسەتی ئەمریکا گەرچی لەعەینی کاتدا نوێنەرەکانیان هەوڵیاندا کاك مەسعوود بهێننە سەر ئەو باوەڕەی دەست لە گشتپرسی هەڵبگرێت، بەڵام هەر ئەوەندە و ئیتر کاتێ کە ڕووبەڕووی پێداگرییەکانی ئەو بوونەوە هیچیان نەکرد، نە باس لە دیموکراسی کرا، نە مافی دابینکردنی چارەنووس و نە جاڕی جیهانی فلان و فیسار. هەمووان دانیشتن و بەبەرچاویانەوە هێرش کرایە سەر کوردستان بێ ئەوەی ڕەنگدانەوەیەکیان هەبێت.
ئاشکرایە هێشتا هەموو لایەنێکی مەسەلەکە ڕوون نەبۆتەوە بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە کارەساتێکی مێژوویی ڕوویداوە. ئەرکی ئێستای بەڕێوەبەرانی ناوخۆیی کارەساتەکە ئەوەیە بە بێ درۆ و فێڵ لایەنە تاریکەکانی بۆ خەڵك ڕوون بکەنەوە و لەوەش گرنگتر پێ لە خەتای خۆیان بنێن.
کاك مەسعوود بێگومان هۆکاری سەرەکی و هەربۆیەش خەتاباری سەرەکی ڕووداوەکانە. ئەو دەبێ بەخەڵك بڵێ بۆچی هەل و مەرجەکەی بە هەڵە هەڵسەنگاند و دوژمنی نەناسی و هەڕەشەکانی بە هەند وەرنەگرت. خەتایەکی گەورەی کاك مەسعوود و ئەوانەی وا لایەنگری بەڕێوەچوونی گشتپرسییەکە بوون ئەوە بوو ناوماڵی کوردیان ڕێك نەخست واتە بە بێ زەمینەی ناوخۆیی و ئامادەکردنی بنەماکان ویستیان بینایەیەك لە حەوا دابنێن. یەکگرتوو نەبوونی ماڵی کورد گەورەترین بەڵای هەموو ئەو ساڵانە بووە کە کورد دەسەلاتێکی بۆخۆی مسۆگەر کردووە. واتە لە ١٩٩١ بەدواوە تا ئەمڕۆ هەوڵی جیدی بۆ یەکگرتوویەکی ڕاستەقینەی لایەنە کوردییەکان لە باشووری کوردستان نەدراوە و یەکگرتوویی ڕواڵەتیش دوای ئاشتبوونەوەی کاك مەسعوود و مام جەلال لە ئەمریکا، تەنیا لە لای سەرەوەی حزبەکاندا بووە و هەرگیز قاعیدە واتە ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکان یەکیان نەگرتووە هیچ، دژ بە یەکتریش وەستاون.

ئەو قسانەی وا لاهوور شێخ جەنگی و شەهناز برایم ئەحمەد دەرحەق بە پارتی و بارزانی دەیکەن تەنانەت ئێران و حەشدی شەعبیش نەیانکردووە.
ئێستا کە هەموو شت تەواو بووە و کورد دۆڕاندوویەتی، بۆ ئەوەی پێش بە دۆڕانی زیاتر بگیرێت، دەبێ خالیسانە و موخلیسانە هەوڵی ئەو یەکخستن و یەکماڵ بوونە بدرێت. لە نەبوونی ئەودا دوژمن بە هاسانی دەتوانێت جارێکی دیکە و دەیان جاری دیکەش باڤڵ تاڵەبانییەك بدۆزێتەوە کە وەك ئەسپی ترۆوا دوژمن بێنێتە ناو قەڵای دەسەڵاتداریمانەوە.
ئەوە دەرسی مێژووە. ئەگەر کورد لە ڕابردوو فێر نەبووبێت با لەو کارەساتە دەرس وەربگرێت دەنا ئەمڕۆمان چووە هیچ، سبەینێشمان ئەلفاتیحا! بەڵام دەکرێ وا نەبێت بە مەرجێك بەخۆماندا بچینەوە و لەبیری لادان و دەرکردن و پاککردنەوە و فەوتاندنی یەکتردا نەبین. هێزەکان لەکوردستان بەرانبەرن و قورسایی لایەنێك بە سەر ئەوانیتردا، ئەگەریش هەبێت، زۆر نییە. لە بارودۆخی ئەو هاوسەنگییەدا تاقە ڕێگا قەبووڵ کردنی لایەنەکانی دیکە و ناحەزەکانمانە.
با یەکگرتوو بین، با پشت بە یەکتر ببەستین نەك بە دوژمن، با پەرلەمان کارا بکەینەوە، با هەڵبژاردنی نوێ لە سەر بنەمایەکی نوێی بەڕاستی دیموکراتییانە بەڕێوەبەرین، با حکوومەتێکی هەمەگیر لە هەموو لایەنەکان پێك بێنین، با حزبەکان باوەڕی لەدەستچووی خەڵك بگەڕێننەوە لای خۆیان، با ڕاشکاوانە لەگەڵ یەك بدوێین، با بنەمایەکی قایمی سیاسی بۆ وڵات و خەڵکەکەمان دابمەزرێنین، با ناحەزەکانمان قرت نەکەین؛ دیموکراسی ئەوەیە.

**بەشی ٣٩ <u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/١٠/٢٦</u>**

گەلەکۆمەگییەکی نێونەتەوەیی گەورە لە کورد کراوە. ئێران و تورکیا ئەسپی هێرشیان دژ بە گەل و وڵاتەکەمان تاو داوە و کۆمەڵگای ناونەتەوەیی چ ڕاست و چ چەپ، لەبەرانبەریاندا بێدەنگ ماوەتەوە: پەسندی هێرشکارییەکان.
دەوری ئەمریکا لەو کارەساتەدا زیاد لە هەموان دوژمنانەیە. ئەوان دەزانن ئێران بە هەموو هێزێکەوە لە پشت عیراقە و دەیەوێت کەیانێك بە ناوی کورد لە سەر ڕێگەی هیلالی شیعی نەمێنێت، بەڵام بێدەنگن و جگە لە پرتەو بۆڵەی دووراودوور هیچ هەنگاوێك هەڵناهێننەوە کە زۆر وکەم واتای هەوسار کردنی ئێرانی لێ وەربگیرێت.
ترامپی بازرگان و تیلەرسنی کۆنە سەرۆکی یەك لە گەورەترین کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان، لەو تاوانەی کورد خۆش نابن کە پەیمانی نەوتی لەگەڵ 'ڕووسنەفت'ی ڕووسیا مۆر کردووە و لاقی ئەو وڵاتەی خستۆتە ناوچەیەکەوە کە بۆرییە نەوتەکانی سەد ساڵی ڕەبەقە ڕێگای ڕۆژئاوا نەبێ هیچ ڕێگایەکیان نەنیپێواوە.

یەکیەتی ئورووپاش کە بۆ مەسەلەی بەرجام و پەیمان لەگەڵ ئێران، بە هێزەوە دژ بە ئەمریکا وەستا، لە بابەتی کورددا بێدەنگ ماوەتەوە و کاوێژی قسەکانی ترامپ نەبێت هیچیان لێ نابیستریێت.
شۆڕای ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمڕۆ بڕیارە کۆبوونەوەی هەبێت و باسی کێشەی نێوان بەغدا و هەولێر بکات، با بزانین چی لەو سەوز دەبێت، گەرچی تائێستا هەڵوێستێکی سەربەخۆ لە هەڵوێستی ئەمریکا و ڕۆژئاوایان نەگرتووە و وێناچێت جگە لە داخوازیی پێکەوە دانیشتن و هەوڵی چارەسەری هێمنانە، بانگەوازێکی دیکە بە گوێی بەغدا و هەولێردا بدەن.
لە ناوچەیەکی نەفرەت لێکراو وەك ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کە سەگ ساحێبی ناناسێت و عەرەب و عەجەم بە خوێنی سەری یەك تینوون، هەموان لە مەسەلەی لێدانی کورد دا هاودەنگن. عەبادی بە شانازییەوە گوتی عیراقمان گەڕاندەوە باوەشی جیهانی عەرەب، هەر ئەوە بە تەنیایی دەتوانێ سعوودیا و قەتەری دژبەری یەکتر ڕازی بکات و هیچ لایەکیان متەقیان لێ نەیەت.
لە ناوخۆی ئێران و تورکیادا، تۆمەتی ناجوانمێرانەی حکوومەتەکان سەبارەت بە دروست بوونی ئیسرائیلی دووهەم توانیویەتی هەموو مێدیای حەقیقی و مەجازی و تەنانەت ئوپۆزیسیۆنی چەپ[کوا؟] دژ بە کورد ڕێك بخات و بیانباتە بەرەی هەر ئەو حکوومەتانەوە کە بە قسە دژی وەستاون!
لە ناوخۆی عیراقدا، ڕاگەیاندنی چاپەمەنی ڕێکخراوی لێبووردنی ناونەتەوەیی باس لە کارەساتێکی گەلێك قووڵ دەکات بۆ نموونە، لە شاری پردێ (تووز خورماتوو) دەیان کەس کووژراون، سەدان ماڵ و دووکان و بازاڕی کورد سووتێنراون و بە گوێرەی ئاماری نەتەوە یەکگرتووەکان ٣٥ هەزار کەس لە سەرجەم ١٠٠ هەزار کەسی دانیشتووانی شارەکە ئاوارە بوون کە هەر هەموویان کوردن. ئاوارەکان هەواڵی هێرشی هاوبەشی حەشدی شەعبی و تورکومانە شیعەکانیان بۆ سەر مڵك و ماڵی خۆیان ڕاگەیاندووە و گوتوویانە ١٠٠ کەس بە ماتۆڕسیکلێت هێرشیان کردۆتە سەر ماڵەکانیان و تالانیان کردوون. ئەوە هەمان بەرنامەی موتۆڕسوارەکانی بەسیجی ئێرانە لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێراندا کە حاجی قاسم سولەیمانی بە دیاری هێناونیەتە عیراق و لەسەر زگی کورد تێری ڕاووڕووتیان دەکات، تەنانەت بنکەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی کۆیە، کەوتۆتە بەر مەترسی.
لە ناو ئەو بەزم و هەرا و تەپ وتۆزکردنەدا، نێوماڵی کورد وێران و شپرزە و بێ سەروبەرەیە. بە گوێرەی هەواڵی سایتی ئاوێنە، ئاراس شێخ جەنگی برازای مام جەلال گوتوویەتی *"ئیفتیخار بەدۆستایەتی حاجی قاسم[ی سولەیمانی]یەوە دەکەم". کار بەو دوو وشەیە ناوەستێت. لایەنەکان و حزبەکان هیچیان بۆ یەکتر تێدا نەهێشتۆتەوە و خەڵك دەتوانن دڵنیگەرانی ئەوە*

بن دوژمن شەڕێکیان لەنێواندا هەڵگیرسێنێت و ڕۆڵەکانی گەل لەجیاتی بەربەرەکانی کردنی دوژمن بکەونە ناو ئاگری شەڕێکی دیکەی براکووژییەوە.
تەنانەت ئەگەر شەڕێکی ئەوتۆ دوور بنوێنێت، یەکگرتوویی حزبەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان و کارا کردنەوەی ئەو ناوەندە گرنگەی دیموکراسی و پێکەوە دانیشتنیان هیوای هەموو لایەکە. کورد لەمێژساڵە هیواخواستنی بۆ بۆتە ستراتیجی و تاکتیك! با هیوا بخوازین ئەمجار لای کەم لەسەر یەك دوو خاڵی سەرەکی هاودەنگی پێك بێت کە لە پێش هەموویانەوە، هەڵنەوەشاندنەوە و پاراستنی دەنگی خەڵك بۆ سەربەخۆییە- ئەو هێڵە سوورە، نابێ کەس بتوانێت لێی نزیك ببنەوە، کەس نابێ بوێرێت تەنانەت باسی هەڵوەشاندنەوەی ئاکامی پڕ لە شانازیی ڕیفراندۆم بکات.
هەر ئەمڕۆ هەواڵی ئەوە گەیشت کە بەڕێز مەسعوود بارزانی نامەی دەست لە کار کێشانەوەی ئامادە کردووە و بڕیارە لە کۆبوونەوەی دوو ڕۆژی دیکەی پەرلەمانی کوردستاندا بخوێنرێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕانیش ئامادەیی خۆی بۆ بەشداری لەو دانیشتنەی پەرلەماندا ڕاگەیاندووە. کاك مەسعوود سیاسییەکی بە ئەزموون، خاوەن هێز و لەسەر مافەکانی کورد پێداگرە. لە ناو ئەو کەسانەی وا لە گۆڕەپانی سیاسەتی باشووری کوردستاندان کەسێکی بە ئەزموونی دیکە نابینرێت کە حکوومەتی تێکەڵاو بە دیموکراسی و ئازادی چاپەمەنی کردبێت- دیارە ئەم قسەیە پاساو نییە بۆ ناتەواوییەکانی حکوومەت وەك گەندەڵی، داخستنی پەرلەمان و درێژ کردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم... لە دۆخی ئێستای کوردستاندا هیچ ڕوون نییە کێ دەبێتە جێگرەوەی ئەو و ئایا پۆستی سەرۆکی حکوومەت دەمێنێت یان شێوەی پەرلەمانی جێگەی دەگرێتەوە.
هەرچۆنێك بێت ئەمڕۆ بەلەمی شکاوی سیاسەت لە باشووری کوردستان پێویستی بە کەسێکی خاوەن ئەزموون و دڵسۆز و ڕاستگۆ هەیە بتوانێ بیگەیێنێتە لێواری دەریای تۆفاناویی دوای گشتپرسی لە کوردستانی تەنیادا. بە بۆچوونی من بڕیاری کاك مەسعوود واهەیە بتوانێت گرێی کارە ئاڵۆزەکان بکاتەوە. گرێ کوێرەیەك کە ئەستەمە چیدی بە دەستی کەسێکی وەك ئەو بەو هەموو دوژمنە ناوخۆیی و لاوەکییەوە بکرێتەوە. ئێران و تورکیا و عیراق، و بە دڵنیایی ئەمریکا و ئورووپاش، بە مانەوەی ئەو لە دەسەڵاتدا ڕازی نین، ناحەزانی ناوخۆییش زۆر و زەوەندن. گژەباکە گەلێك بەهێزە و بۆ هێور بوونەوە قوربانی دەخوازێت.
تاکێك ببێتە قوربانی باشترە تا وڵاتێك. ئەو بڕیارە ژیرانەیەی کاك مەسعوود بەرگری لە پەرش و بڵاویی زیاتری هێزی گەل دەکات و وەك هەنگاوێکی حەکیمانە بەرەو چارەسەری دۆخی ئێستای کوردستان بۆ هەمیشە لە مێژووی وڵاتەکەماندا تۆمار دەکرێت. هیوادارم دوژمنی

*خوێنخۆری ئێران و تورکیا نەتوانن کەڵك لەو بۆشاییەی گۆڕەپانی سیاسەتی کوردستان وەربگرن و زیاتر لەجاران خۆ بخزێنە جەرگەی کارەکانی هەرێمەوە.*
*وا ئێران کاك مەسعوودی وەك بەرگری سەرەکی سەر ڕێگەی زێدەخوازیی خۆی لە ناوچەکەدا تێك شکاند، کە ساڵانێکی زۆر بوو خەونی پێوەدەدیت. بەڵام جێگرەوەی ئەو یان حزبە ناحەزەکانی (بە تایبەت یەکیەتی و گۆڕان) نابێ بکەونە کێبەرکێ بۆ نزیك بوونەوە لە قاسمی سولەیمانی و بە گشتی تورکیا و ئێران. ئەوان نابێ هەوڵ بدەن ورەی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، کە دوابەدوای گشتپرسی چووبووە سەرێ، تێك بشکێنن و ببنە دەستەمۆی دوژمنان.*

**بەشی ٤٠ پێنج شەممە، ٢٠١٧/١١/٢**

دۆخی سیاسی کوردستان بە خێرایی دەگۆڕێت. ڕووداوەکان تاڵ و ناخۆشن. هێشتا تەپ و تۆز بە تەواوەتی نەنیشتۆتەوە بەڵام هەندێك شت هەر ئێستاش ڕوونە.
دۆستە خەیاڵییەکانمان، واتە ئەوانەی وا ماری داعشیان بە دەستی ئێمە دەگرت و مامەیان پێدەگوتین، هەر ئەوەندەی کەوتینە تەنگانەی ئابلۆوقەی ئێران وتورکیاوە، پشتیان تێکردین و لەگەڵ دوژمنەکانیشمان کەوتن!
سەرەڕای هەموو ناکۆکییەکی نێوان ئەمریکا و ئێران، بەڕێوەبەرایەتی ترامپ چرای سەوزی دایە ئێران و حەشدی شەعبییەکەی دەسکردی ئەوان، بۆ ئەوەی دەستیان لەو جینایەتە چەپەڵانە دا ئاواڵە بێت کە لە دووز خورماتوو کردیان، یان ئەوەی وا بەسەر کوردی کەرکووك و ناوچەکانی گەرمیانیان هێنا.
هەڵە لە کوێدا بوو؟ حیسابەکان لەکوێ تێکچوون؟
ڕاستییەکەی ئەوەیە ڕیفڕاندۆم لە ساڵ و مانگێکی ئەستەمدا بەڕێوە برا. یەکیەتی ئوروپا هێشتا لە تاساویی برێگزیت و چوونە دەرەوەی بریتانیا نەهاتبووە دەرێ کە هەواڵی ڕیفراندۆمی کاتالۆنیا ڕاگەیێنرا. ئەوان بە ئاشکرا نەیدەتوانی چاو لە خواستی ئەندامێکی گرنگی وەك ئیسپانیا بۆ مەحکووم کردنی ڕیفراندۆمەکە بپۆشن و بە دەستەقەسد پاڵی پێوە بنێن بۆ ئەوەی ئەویش لە یەکیەتییە لەرزۆك و ناسازەکە بچێتە دەرەوە و یەکیەتی ئوروپا لە مردن نزیك بێتەوە. بێگومان ئەگەر پەرلەمانی ئوروپا چرای سەوزی بدایەتە کاتالۆنیا، چوونە دەری ئیسپانیا لە پەیمانەکە دەبووە ئەگەرێکی زۆر بەهێز.

یەکیەتی ئوروپا هەروەها هەوڵی یەکخستنەوەی باشوور و باکووری قبرسی دابوو کە بە هۆی پێ چەقاندنی تورکیای ئەردۆغان لەسەر مەسەلەی ڕاگرتنی هێزە سوپاییەکەی لە باکووری دورگەکە، لە هاوینی ئەمساڵدا تووشی وەستان هاتبوو.
ئوروپا و ئەمریکا گرفتی زۆریان لەگەڵ تورکیا هەبوو چ لە سەر مەسەلەی سووریا و چ نزیکبوونەوەی لە ڕووسیا و ئێران و چ لە سەر کێشەی پەنابەران. لە دۆخێکی وادا ئەوان نەیاندەویست بزماری کۆتایی لە تابووتی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتە بدەن و لەبەر خاتری کورد، ئەو هێزە گەورە ناوچەییە بخەنە باوەشی ڕووسیاوە.
مەسەلەی نەوت و کێشەی دوو ئیدارەیی و پرسی هەنارده کردنی دەرەوەی، هەر لە ڕۆژی هەڵکەندنی یەکەم چاڵە تەوتی کوردستانەوە هەبوو و ڕۆژئاواییە نەوتخۆرەکان لە یەکلایی کردنەوەی کارەکانی و ئەسپاردنی هەموو دەسەڵاتەکان بە حکوومەتی ناوەندیدا سوودی زیاتریان دەبینی تا پاراستنی دوو دەسەڵات و لەگەڵ تورکیاش دەیانتوانی باشتر بگەنە لێك تێگەیشتن.
بەڕێوەبەرایەتی ترامپ وێدەچێت بیەوێت لەگەڵ ئێران تێبکەوێت و بخوازێت دەسەڵاتیان لە سووریا و عیراق و لوبنان بەربەست بکات. هەندێك نیشانە ئەوە دەردەخەن کە بۆ ئەم کارە دەیانەوێت دڵدانەوەی عەبادی بدەن و بەرەو خۆیانی ڕابکێشن بۆ ئەوەی لە ئێران دوور بکەوێتەوە. کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی ئەمریکا و سعوودیا و عیراق لە ڕیاز ناتوانێت واتایەکی جگە لەو خەیاڵ پلاوەی ئەوانی هەبێت، خەیاڵێك کە تێیدا گەیشتن بە واقیعی سەر زەوی دوورەدەست دەنوێنێت. ئەوان لای کەم لە بەرەبەیانی دوای شەڕی داعشدا پێویستیان بە عەبادی زیاتر هەیە تا بارزانی.
عەبادی و زۆرایەتی شیعەی عیراقیش لە لایەکەوە پەیوەندی گەلێك قورس و قایمی ئایینی-سیاسی- نیزامییان لەگەڵ ئێران هەیە و کەسی وەك قاسم سولەیمانی بە فەرمی ڕاوێژکاری باڵایانە، لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی تاڵی چەندەها ساڵ دەسەڵاتی ئەمریکا لە عیراقیان لەبەر چاوە و ئەستەمە باوەڕ بە بەڵێنەکانی بکەن، گەرچی مەجبوورن لاری کەوە، مەیرێژە، تەعامولی لەگەڵدا بکەن.
باوەکوو نیشانەیەکی ڕوون بە دەستەوە نییە، بەڵام دەسەڵاتداریەتی ترامپ دەبێ لە پەیوەندێکی نزیکدا بێت لەگەڵ کیسنجر و لە کارەکانیدا کەڵك لە ڕاوێژی ئەو وەربگرێت. هەڵوێستی کیسنجر لەمەڕ کورد و بۆچوونی سەبارەت بە ژیئۆپۆلیتیکی نالەباری کوردستان، پێویست بە ناساندن ناکات و ئەگەر بۆچوونی ئەو لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی ئەمریکا وەرگیرا بێت، بە دڵنیایی دژی بەرژەوەندییەکانی کورد بووە.

***

لە هەل و مەرجێکی وادا ڕێبەرایەتی کورد دەبوایە پێش بینی دژایەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی لەگەڵ ڕیفراندۆمی کوردستان بکردایە و لە جیاتی متمانە کردن بە ڕاوێژکارانی نەزان یان درۆزنی ڕۆژئاوایی، خۆی بۆ دەرئەنجامەکانی گشتپرسی ئامادە بکردایەت.
متمانەی کورد بە ئەمریکا و خۆ ملاسدانی فێڵبازانەی تورکیا لە چەند مانگی پێش ڕیفراندۆمەکە، هاوڕێ لەگەڵ بایەخ نەدان بە بیر وبۆچوونی ناحەزانی ناوخۆیی ڕیفراندۆم، سونامییەکی لێکەوتەوە کە هێشتا ڕوون نییە شەپۆلەکانی تا کوێ دەڕۆن، گوشاری هەمەلایەنەی ئێران و عیراق و تورکیا و ڕۆژئاوا لە سەر هەرێم تا چ قوژبنێکی دەڕەتێنن و پەیمانی دوو هێزی نابەرانبەر چ "تورکمانچای"ەکی لێ دەکەوێتەوە! بەتایبەت کە گوشاری ناوخۆی کوردستان لە سەر حکوومەتی هەرێم دوای خۆکشانەوەی کاك مەسعوود گەلێك زۆر و دەستی حکوومەت بۆ ڕازی کردنی کۆمەڵانی ناڕازیی خەڵك و بووژاندنەوەی ئابووری وڵاتەکە، گەلێك بەتاڵە. لەو کەش و هەوایەدا، دەکرێ چاوەڕوانی هەموو ئەگەرێك بین- لە گەورەبوونەوەی کەلەبەری متمانەی نێوان حزبەکانەوە بگرە تا ڕاپەڕینی خەڵکی ناڕازی و برسی، گەرچی من ئەگەری شەڕی ناوخۆیی دوور دەزانم بەڵام مەترسی شێوازێکی دیکەی ئەو شەڕە، واتە دوو ئیدارەیی نەگونجاو نابینم بە تایبەت بکە ئێران و تورکیا و عیراق دەیانەوێت حکوومەتێك بە ناوی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و سێ پارێزگای عیراقی لە جێگەی دابنێن.
ئێستا، موعجیزەیەك کە دەتوانێت هەوری ئەو ڕەشبینیانە بڕەوێنێت، بریتییە لە یەکگرنەوەی هێزەکان و حزبە سیاسییەکان، کارا کردنەوەی پەرلەمان، هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراتیك و بنیاتنانی حکوومەتێکە کە متمانە و پشتیوانیی خەڵکی لە پشت بێت- وەك چۆن لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا وەهابوو. ئەوە چارەنووسێکە بەرپرسانی هەرێم نابێ لێی هەڵێن و بچنە قابغی بەرتەنگی حزبایەتییەوە کە واتای ناڕاستەوخۆی، دوورکەوتنەوە لە خەڵکەکەیانە.

**بەشی ٤١ سێ شەممە،٢٠١٧/١١/٧٨**

گای بنە!
بە بێ گڵۆپی سەوزی ئەمریکا و ئوروپا، هەرگیز ئێران و تورکیا نەیاندەتوانی بکەونە گیانی کەیانی کورد.
سەناتۆر مەك کینی کۆماریخواز لە ئەمریکا گوتوویەتی وڵاتەکەمان سیاسەتێکی ڕوونی لە عیراق نییە و ئەوەش تا ڕادەیەك ڕاستە. بەڵام هیچ نەبێت یەك شت ڕوونە: ئەوان پشتیان

کردۆتە کورد و خستوویانەتە بەر قەپۆزی سێ گورگی ئێران و تورکیا و عیراقی لە نەبوونەوە ڕاساو. ئەوان بە ئاشکرا لێگەڕان ئێران و حەشدی شەعبی بەشێکی گرنگ لە خاکی کورد داگیر بکەن و بیدەنە دەستی ئێران و هاودەستە عیراقییەکانی.

چەکدارانی حەشد و ئێران دوای داگیرکردنی کەرکووك و خانەقین و شنگال، ئێستا سنووری نێوان عیراق و سووریاشیان خستۆتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و لەو شوێنەوە گەیشتۆتەتە ناو خاکی سووریا، کە دەیان هەزار پاسداری حەرەمی بی بی، ساڵیانێکە لەوێ مۆڵیان خواردووە. ئەوان لەو بەشەی کوردستانیشدا ڕووبەڕووی گریلای کورد بوونەتەوە کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا بەشێکی زۆری خاکەکەیان بە خوێنی کچ و کوڕانی دلێری گەلەکەمان لە دەست داعشی دارەدەستی تورکیا دەرهێنابوو.

ئەمریکا ئێستا دەوری کەوچکێك دەبینێت بۆ شێواندن و تێکدانی نەزم و نیزامی ناوچەکە و ئەو سیاسەتی شێواندنە تا ئێستا جگە لە بەهێزکردنی ئێران هیچ دەرئەنجامێکی نەبووە. سەرەڕای هەڕەشە و گوڕەشەی سەرزمانیی ئێران لە لایەن ترامپەوە، هەرچییەك بە کردەوە کرابێت لە بەرژەوەندیی ئێران و دارەدەستەکانی ناوچەیی ئەودا بووە.

کورد ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێك بێ پشت وپەناترە. جگە لە پرتەو بۆڵەی ئێرە و ئەوێی چەند ئەندام پەرلەمان و سیاسەتوانی خانەنشینی ئەمریکایی و ئورووپایی، کەس لە سەر کورد و ئەو شکستەی وا تووشیان کرد، وەجواب نەهاتووە. دەروازە زەوینی و هەواییەکان هەر داخراو ماونەتەوە، بازاڕ شێواوە و عەبادی هەموو ڕۆژێك ئاڵقەی ئابڵووقەکانی سەر کوردستان تەنگتر دەکاتەوە و مەرجی سیاسیی قورستر بۆ کورد دادەنێت.

ترامپ وێدەچێت لە هەوڵی ئەوەدابێت عەبادی لە ئێران جیا بکاتەوە و بەرەو ڕۆژئاوای ڕابکێشێت- ئاواتێك کە نە لەگەڵ ڕاستییەکانی سەر زەوینی واقیعدا یەك دەگرێتەوە و نە تەنانەت نیشانەیەکی کەمی لە ناسینی ئایینزای شیعە پێوە دیارە!

ئێستا ئێمە بووینەتە قوربانیی ئەو گەشبینییە بێ ئەنجامەی ڕۆژئاواییەکان لە لایەك و حیسابە هەڵەکانی خۆمان لەمەڕ ناسینی دۆست و دوژمن لە لایەکی دیکەوە. ڕێبەرانی سیاسی ئێمە، لایکەم بەشێکیان، گای بنەی ئەمریکایان بە دۆستی ڕۆژی تەنگانەی خۆیان زانی و ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو.

کۆنگرەی نەتەوایەتی کورد

سەرەڕای ئەو شکستە ناخۆشە، من هیوادارم ڕێبەرانی داهاتووی کورد دەراوێکی ڕوونتری سیاسەتیان لەبەردەم بێت و بەرژەوەندیی گەل لە یەکپارچەیی و یەکگرتوویدا ببینن، نەك لە دەرکردن و پووچاندنەوەی ناحەزانی خۆیان.ڕاستییەکەی ئەوەیە تای تەرازووی هێز لە

باشووری کوردستان ئەمڕۆش وەك ساڵی ١٩٩١ بە هیچ لایەکدا ناشکێتەوە و یاریکارانی گۆڕەپانی سیاسەت، بە تایبەت سێ زلحزبەکە، هەرکام جەماوەری خۆیان هەیە و لایەنێك ناتوانێت بە هاسانی لایەنێکی دیکە قرت بکات. ئەوان دەبێ لەبیری کار و خەباتی هاوبەشدا بن؛ ئەو هاوبەشییە دەبێ باڵ بکێشێتە سەر حزبە ئیسلامییەکانیش کە لە ناو کۆمەڵگادا کەم و زۆر پێگەی خۆیان هەیە و ناو مزگەوت و بەردەم میحرابی مەلاکان لە جاران چڕتر و پڕترە. ئەو لایەنە تایبەتەش کە پشتی بە تورکیا بەستبوو و بە هاندانی ئەوان، پشتی کردبووە کوردەکانی باکوور و ڕۆژئاوا، دەبێ دەرسێکی باشی لە ڕووداوەکانی مانگی ڕابردوو وەرگرتبێت و بزانێت کە تاقە ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتنی سیاسەتەکانی مابێت ڕێکخستنی نێوماڵی کوردە لە باشوور و هاوکاری و هاوبەشییە لەگەڵ ڕێکخراوەکوردییەکانی باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا.
هەڵەیەکی گەورەیە لێرە بەدواوەش دووبەرەکی نێوان زلحزبەکانی باشوور ببێتە هۆی ڕاکێشانی حزبەکانی ڕۆژهەلات بە دوای ئەم یان ئەو حزبی باشووردا. ئامانج لێرە بەدواوە دەبێ یەکگرتنی کورد بێت، نەك هیچیتر. ئێستا کاتی پێك هێنانی بەرە و بنیاتنانەوەی کۆنگرەی نەتەوایەتی کوردە.

**چوارشەممە، ٢٠١٧/١١/٨**

٤٠ تانکەر ژەهراوی ئێران بۆ ناو کوردستان
بە گوێرەی نووسینی کاك کۆسالان عەبدولمەجید (وتاری "پشتی پەردەی دۆسیەکەی هاوژین سالار و غالب محەممەد"، ماڵپەڕی ڕووداو)، کە ڕۆژی ٢٠١٧/١١/٨ بینراوە،
"خاوەن کۆمپانیایەك لەکۆتایی مانگی ٥-ی ئەمساڵدا نزیکەی <u>٤٠ تانکەر سووتەمەنی</u> لە دەروازەی باشماخەوە هاوردەی پارێزگای سلێمانی کرد... سەرجەمی ئوتۆمۆبیلەکان ئێرانی بوون... پاش دوبارە پشکنینەوەیان لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ <u>دەرکەت ئەو بەنزینە ژەهراویە و مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوولاتیان دروستدەکات بەتایبەت توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە...</u> گومرگی سلێمانی ئەم تانکەرانەی دەستگیرکرد و پێش ئەمانیش بە چەند ڕۆژێك سێ تانکەری دیکە دەستگیرکرابون کە تاوەکو ئێستاش ئازاد نەکراون... دەبێت هاوولاتیان بزانن خاوەن کۆمپانیاکە ژەهری هێناوە نەك بەنزین ... بەڕێوەبەری گومرگ بەشێك لە ڕاستیەکان دەشارێتەوە کە ئەو بەنزینە چۆن هاوردەکراوە و کێ فشاری لە <u>جێگری سەرۆکی حکومەت</u> کردووە کە بەزوترین کات ئازاد بکرێن، دەبێت لەچاوپێکەوتنەکانیدا ئەو ڕاستیانە بدرکێنێ کە <u>حکومەتی ئێران ئەو ژەهرەی رەوانە کردووە و کەسێکی پلە بەرزی سوپای پاسدارانی لەپشتە</u> کە خاوەنی

کۆمپانیاکە لە وتەکەیدا دەڵێت ئەو بەنزینە هی ئەو نییە هی کەسێکی ئێرانییە بەڵام بەناوی ئەوەوە هێنراوە...ئەو کەسە تاوانێکی ئەنجامداوە کە ژیانی هەموومانی خستووەتە مەترسییەوە و ئەبێت هەموومان بە بەڕێوەبەری گومرگەوە سکاڵا دژی خاوەن کۆمپانیاکە بکەین.... دەبێت بەڕێز بەڕێوەبەری گومرگ ئاماژە بەو پەیوەندیە تەلەفۆنیە بدات کە بەرپرسە سەربازییەکەی ئێران پێی ڕاگەیاندووە سلێمانی پارێزگایەکی ئێرانە.... لە کۆتاییدا کێ بەرپرسە؟ هەر بەجدی حاکم و خاوەنی ئەم شارە کێیە؟ خۆمانین یان وڵاتانی دراوسێ؟

**پینج شەممە، ٢٠١٧/١١/٩**

تیرۆر

بەگوێرەی هەواڵی ماڵپەڕی فارسی 'اخبار روز'، ئێوارەی دوێنێ هەڵسووڕاوێکی مافی مرۆڤی عەرەبی ئەهوازی لە وڵاتی هۆڵەندا تیرۆر کراوە. کووژراو ناوی ئەحمەد نیسی ناسراو بە ئەحمەد مەولا بە گوللەی ڕاستەوخۆی تاوانبارێك کووژراوە کە بنەماڵەی کەسی کووژراو لایان وایە نێرراوی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت. ناوبراو ئەندامی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەلئەحواز بووە کە لە ساڵی ١٩٩٩ دا بەشێك لە ڕێبەرانی کووژران و ئەوانیتر ئاوارەی دەرەوەی وڵات بوون.

وێدەچێت دەزگای تیرۆری کۆماری مەلاکان دژ بە ناحەزانی ڕژیم، کە چەندساڵێك بوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە کار کەوتبوو و تەنیا جاسووسەکانیان زانیارییان لە سەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن کۆدەکردەوە، لەم هەل ومەرجەدا سەرلەنوێ کەوتبێتەوە گەڕ. ئەوان کەڵك لە ئاڵۆزییەکانی بارودۆخی ئوروپا و ئەمریکای دوای هاتنە سەرکاری ترامپ و چوونە دەرەوەی بریتانیا لە یەکیەتی ئوروپا وەردەگرن بۆ ئەوەی سیاسەتی جەهەننەمیی تیرۆری ناحەزان زیندوو بکەنەوە. لە ڕاستیشدا بۆ پاراستنی "بەرجام" کێ هەیە دژ بە مەلاکان بوەستێت؟ بۆ مەگەر لە عیراق و سووریا و لوبنان وەستاون!

**بەشی ٤٢ شەممە، ٢٠١٧/١١/١١**

خەمی بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان کەم بوو، وا بوومەلەرزەی ڕۆژهەلات و باشووریشی هاتە سەر. هەواڵەکان دۆخی گەلێك خراپی ناوچەکە دەردەخەن بە ژمارەیەکی زۆری کووژراو و بریندار و ئاوارە و ماڵوێرانەوە. حکوومەتی ئێران لە جیاتی ناردنی خێرای یارمەتی، بە ڕۆژنامەکانی تارانی گوتووە مانشێتی ڕۆژێك دوای بوومەلەرزە بە کوردی بنووسن! چادر و پەتوو نانێرن هیچ، خەڵکەکەشیان کردۆتە چەتە و دەڵێن گوایە و 'ڕاهزنان' ٢٠٠٠

چادر و پەتووی یارمەتییان دزیوە! خوا بتانگرێت، ٢٠٠٠ چادر کێ دەتوانێ بیدزێت ئەویش لەو جادە قەرەباڵغانەی ناوچەکە و ئەویش لە بارودۆخی ئێستادا؟ هەمووکەس دەزانێ دز و چەتە و راهزن هەر خۆتانن، ناوی ئەو خەڵکە ماڵوێرانەش دەزڕێنن کە خۆتانی لە پشت بشارنەوە.

ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە دڵسۆزی و هاودەردی و یارمەتی بێدریغی گەلەکەمانە. بە گوێرەی هەواڵ، خەڵکێکی زۆر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بە هانای لێقەوماوانەوە چوون و لەبەرانبەر کەم تەرخەمی و بێ ویژدانیی بەرپرسانی حکوومەت لە تاران و ناوچەکەدا، بە هەموو شێوەیەك خۆبەخشی و فیداکارییان کردووە. دەستی هەموو لایەکیان خۆش بێت.

کوردانی دانیشتووی دەرەوەش دەبێ لەو مەسەلەیەدا بە هەموو تواناوە یارمەتی خەڵکەکەمان بدەن، بە تایبەت لە ڕێگەی کۆکردنەوەی پارە و ناردنەوەیان بەکەسانی جێ متمانە و دڵسۆزدا. لەم ناوەدا نابێ باشووری کوردستانیش لەبیر بکرێت کە خەڵکەکەی و بەتایبەت حکوومەتەکەی بەهۆی زیانی بەنداوی دەربەنیخانەوە تووشی زیانی زۆر هاتوون لە کاتێکدا بودجە و پ-ارە لەدەست حکوومەتی ناوەندیدایە و ئەوانیش تا بە حەشدی شەعبی بوەستێت بە بەنداو و مەنداوی نادەن!

**<u>سێ شەممە، ٢٠١٧/١١/١٤</u>**

حکوومەتی هەرێم لەژێر گوشاری زۆری عیراق و وڵاتانی دەرەوەدا ڕایگەیاند کە ڕێز لە بۆچوونی دادگای فێدراڵی عیراق دەگرێت کە گوتبووی هیچ پێکهاتەیەك مافی جیابوونەوەی نییە. ئەوە بە ڕوونی، دیزە بە دەرخۆنە کردنی ئەنجامی گشتپرسییەکەی مانگی ڕابردوو سەبارەت بە سەربەخۆییە. من ئاگاداری وردەکاریی ڕاگەیاندنەکەی حکوومەتی هەرێم نیم بەڵام وێدەچێت جێگەی ڕەزامەندیی لایەنە نەیارەکان بووبێت و عەبادی دەست بەجێ گوتوویەتی ئەوە بە واتای کۆتایی هاتن بە گشتپرسییەکەیە. ئەگەر ئەوە ڕوویدابێت کە دڵنیام ڕوویداوە، بۆ من جێگەی داخێکی زۆرە بەڵام وێدەچێت حکوومەت بۆ کردنەوەی دەرگای وتووێژ لەگەڵ بەغدا، هیچ چارێکی دیکەی نەبووبێت. دیارە نە حکوومەتی هەرێم و نەهیچ کەس و دەزگایەك ناتوانێ گشتپرسییەکە، وەك ئیرادەی ٩٠٪ی گەلەکەمان، هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام هیچ نەبێت بۆ ئێستا و داهاتوویەکی نزیك ئەو خەونە تەعبیری پەیدا نەکردووە.

**<u>چوارشەممە، ٢٠١٧/١١/١٥</u>**

هەواڵی یەکگرتنی سوپای تورکیا و ئێران بۆ لێدانی کوردەکانی باکوور لە قەندیل ڕادەگات. کێشەی کورد ئەو دوو هێزە دژبەیەکەی یەك خستووە و وەك لە پەلاماردانی باشووری کوردستاندا بینیمان، خەریکن لەو بوارەشدا کاری هاوبەشی سوپایی دەکەن. شەڕی قەندیل زۆر خوێناوی دەبێت. دڵنیام وڵاتانی ڕۆژئاواش دژیان ناوەستن خۆ ئەگەر یارمەتیشیان نەدەن! ئەمریکا لە ڕەققە و لە زۆر شوێنی سیکەی سووریادا، ماری بە دەستی یەپەگە گرت و چەشنە هاوکارییەکی کردن، بەڵام هیچ هۆکارێکی مەنتیقی نییە دواتر پشتی ئەوانیش وەك باشوور بەرنەدات. ئەخلاقی سیاسیی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەت دوای هاتنە سەرکاری ترامپ لەوپەڕی نزمیدایە. هیوادارم هۆشیاری و لێزانی کوردی ڕۆژئاوا و باکوور زیاتر لە بەشەکانی دیکەبێت و پێش بینی ئەو ڕۆژەیان کردبێت. گەرچی هەل و مەرج لە ناوچەکە گەلێك ئاڵۆزە و ڕۆژانە لە گۆڕاندایە.؛ پێش بینی کردنی داهاتووی ڕووداوە سیاسییەکان لەو کەش و هەوا نالەبارەدا هاسان نییە. نە ئەردۆغان و نە ترامپ پڕەنسیپێکی ئەخلاقییان نییە کە بتوانی حیسابەکەتیان لەسەر دابنێیت.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/١١/١٦</u>**

بڕیارە لە چەند هەفتەی داهێدا "یاسای باری کەسایەتی" لە پەرلەمانی عێراق خوێندنەوەی دووهەمی بۆ بکرێت. بەگوێرەی یاساکە، تەمەنی بەشوودانی کچان لە ١٨ ساڵانەوە دادەبەزێت بۆ ٩ ساڵ! ئەو هەواڵە گەلێك ترسناکە. لە ژێر سایەی لەلاکانی ئێراندا دواکەوتوویی لە ناوچەکەدا برەوی زۆری سەندووە. مەلاکانی ئێران ئەوەی لە ئێران بۆیان نەکرابێت، بە عێراقی گوێ لەمستی خۆیانی دەکەن و دیارە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئیرتیجاعە لە سووریا و لوبنانیش کاریان کردووە. هیلالی شیعەی ئامانجی مەلای قوم و مەشهەد زبڵدانێکی کۆمەڵایەتی دەبێت کە بۆگەن و بۆساری دەگاتە لای خوداکەشیان.

**بەشی ٤٣ <u>دووشەممە، ٢٠١٧/١١/٢٠</u>**

دوو سێ ڕۆژ پێش ئێستا کۆبوونەوەیەك لە نێوان دوو حزبی سەرەکی کوردی ڕۆژهەڵات و چەند حزبێکی بچووکی ئێرانی لە شاری کۆڵنی ئاڵمانیا بەڕێوە چووە و لە کۆتاییدا بڕیارنامەیەك دەرکراوە کە ناوەرۆکەکەی بۆ من سەمەرە دەنوێنێت. هەست دەکەم حزبی دیمەکراتی کوردستان (حدك) و کۆمەڵەی شۆڕگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران لەژێر کارتێکەریی هەل ومەرجی خراپی سیاسی لە باشووری کوردستاندا، کوتووپڕ دەستیان لە هەندێك بنەما و پڕەنسیپی پێشووی خۆیان هەڵگرتبێت و بە یەکجاری بۆ ئێرانییەکانیان دانەواندبێت.

بە گوێرەی ناوەرۆکی بڕیارنامەکە، ئەسڵی گرنگی جیهانی "چارەی خۆ نووسین" لە گەلانی ئێران ئەستێنراوەتەوە و "تمامیت ارضی" ئێرانی لە جێ دانراوە. هەروەها زمانی فارسی وەك "زمانی ڕەسمی سەرانسەری" پەسند کراوە زمانە نەتەوەییەکان کراونەتە ناوچەیی و خراونەتە پەراوێزی زمانی فارسییەوە. لەوانەش تا ڕادەیەك سەیرتر، دروشمی "خەباتی دێمۆکراتیکی شارستانیانە بۆ تێپەڕینی ئاشتیخوازانە لە کۆماری ئیسلامی " بۆتە بەرنامەی ڕێگای دواڕۆژی خەباتیان و بە ئاشکرا خەباتی چەکدارانە دراوەتە دواوە. من ئەو هەواڵەم لە نووسراوەی برادەرێکی خۆشەویستی خۆمدا چاوپێکەوت و ئەگەر لەوم نەبیستایە وا هەبوو باوەڕ بەو گۆڕانکارییە کوتووپڕانە نەکەم.

ئێستا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە تۆپێکی یاری بەدەست حزبە سیاسییەکانیەوە، دەنا دوای دەیان ساڵ خەبات لە پێناو خودموختاریدا، چۆن ئەو حزبانە توانیان بە بڕیارێکی سەرکاغەز چەندساڵێك پێش ئێستا ئەو دروشمە سەرەکییە لەمێژینەیە بگۆڕن و فێدڕالیزمی لە جێ دابنێن کە لە بارودۆخی دیکتاتۆریەتی ڕەگ داکوتاوی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا خەونێکی بێ تەعبیر نەبێت چ نییە. یان ئێستا چۆن جێگری "تمامیت ارضی"یان بۆ سەربەخۆیی دۆزیوەتەوە و بە خشکە، خەباتی چەکدارانەی ئەو هەموو ساڵەیان کردۆتە گاوگەردوونی خەباتی دیموکراتیکی ئاشتیخوازانە! من خۆم لایەنگری خەباتی چەکدارانە نەبووم و نیم، بەڵام ئایا حزبەکان بۆ لابردنی ئەو دروشمە سەرەکییە پرسیان بە خەڵك، یان لانیکەم لایەنگران و پێشمەرگەکانی خۆیان کرد؟

چارەنووسی گەلەکەمان بە نووکی قەڵەمی حزبەکانەوە بەستراوە، کە بە هاسانی دەگەڕێت و دەگۆڕێت!

**چوار شەممە، ٢٠١٧/١١/٢٢**

ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دوژمنایەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەگەڵ کەیانی هەرێمی کوردستان ئاشکراتر دەبێت. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەك وەڵامێك بۆ داواکاریی سەرەك وەزیرانی هەرێم، گوتوویەتی ئێمە بە پێویستی نازانین لە وتووێژەکانی نێوان هەولێر و بەغدادا وەك لایەنی سێهەم بەشدار بین؛ واتای ڕوونی قسەکە ئەوەیە وتووێژی گورگ ومەڕ پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە! هەر ئەمڕۆش باڵوێزی ئەمریکا لە عێراق لەگەڵ ئالا تاڵەبانیدا کۆبۆتەوە کە هاودەستی عەبادی و یەکەم نەیاری حکوومەتی هەرێمە لە بەغدا. تەنانەت عەبادی ئیجازەی بە وەزیری دەرەوەی ئاڵمانیای نەداوە سەردانی هەولێر بکات. عەبادی بڕیاری کش و ماتی حکوومەتی هەرێمی داوە و ئەمریکاش وێدەچێت بەوە ڕازی بێت.

پەسندی بڕیاری "دادگای باڵای فیدراڵی" سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی گشتپرسییەکەی مانگی ڕابردوو لە لایەن حکوومەتی هەرێمەوە، دەبوایە بتوانێ دەرگای وتووێژەکان بکاتەوە؛ بەڵام داواکارییەکانی ئەمڕۆی دەفتەری عەبادی بۆ دەست بەسەرداگرتنی "دۆسیەی ئەمنی" و "نەوت" وەك بنەما بۆ دەسپێکی وتووێژەکان، ئەوەمان پێدەڵێت کە بەغدا بە پشتیوانی ئەمریکا و دیارە ئێران و تورکیا، هەنگاو بە هەنگاو لە سڕینەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و تواندنەوەی ناوی حکوومەتی هەرێم نزیك دەبێتەوە و هەر داواکارییەکی لە لایەن هەولێرەوە پەسند دەکرێت دەست بەجێ دوانی دیکەی دەخاتە بەردەم.
خۆ ئەگەر وتووێژێکیش بێتە ئاراوە، دۆخی خراپی ئابووری و نەبوونی یەکیەتی و یەکدەنگی لە ناو حزبە دەسەڵاتدارەکانی کورددا کاری وای کردووە کە حکوومەتی هەرێم لایەنێکی لاواز بێت و نەتوانێت دەسکەوتی هەبێت. خەڵکەکەشمان ماندوون و لە شەڕە دەندووکەی سلێمانی و هەولێر بێزارن. "ئۆلد گاردەکان" (تاڵەبانی، بارزانی و نەوشیروان) لە دەسەڵاتدا نەماون بەڵام دەسەڵاتدارانی نوێش نەیانتوانیوە کلیلی چارەسەری کێشەکانی ناو خۆیان بدۆزنەوە. گۆڕان کە دەبوایە لەو ناوەدا ئالتەرناتیڤێك بوایەت، لە هەموان سەرلێشێواوتر و بێ بەرنامەترە. هەر ڕۆژەی بڕیارێکی نوێ دەردەکات کە هیچکام دەرگایەکی داخراو ناکەنەوە و تەنانەت توێژی سەرەوەی گرفتەکانیش ناڕووشێنن. درێژەی ئەو حاڵەتە، دەتوانێ بگاتە ماندوویی زیاتری خەڵك، هەرەسی تەواوی ئابووری، و تەنانەت فەشەل هێنانی حکوومەتی هەرێم.
با دەسەڵاتدارانی حزبەکان هەنگاوی جیددی بەرەو یەکگرتوویی ڕیزەکانیان هەڵێننەوە و دەست لە دژایەتیکردنی یەکتر هەڵبگرن.

**<u>پێنج شەممە، ٢٠١٧/١١/٢٣</u>**

دوێنێ ساڵیادی مەرگی کاکم بوو و ئەمڕۆ جەژنی لە دایکبوونی کچەکەمە.
ژیان بریتییە لە کۆمەڵێ ڕووداوی تاڵ و شیرین. ژیانی کورد بەداخەوە زیاتر بە یەکەمیان ئاخنراوە و تەنیا لەهەندێك دەرفەتدا شیرینی دەبێتە جێگری تاڵییەکان. ئێمە تەنانەت لە ژیانی شەخسیشدا ناتوانین چێژ لە خۆشییەکی بەردەوام ببینین بێ ئەوەی ناخۆشیەکی کۆمەڵایەتی دەست بەجێ بەربینگمان پێبگرێت و تامە شیرینەکەمان لە دەمدا نەهێڵێت.
من ئەگەر داخی کاکیشم فەرامۆش بکەم، چ جەژنێك دەتوانم بۆ کچەکەم بگرم کاتێ ئەوە هەل ومەرجی ژیانی خەڵکی سەرپێڵ و هەورامان و کرماشان بێت بە دەست بوومەلەرزەی سروشت و زوڵم و بێدادی حکوومەتی ئێرانەوە و ئەوەش ژیانی خەڵکی باشوور بێت بە

دەست عەبادی و ترامپەوە؟ خۆ ئەگەر بارودۆخی باکوور و ڕۆژئاواش لە چەند مانگی دواتردا لەوان خراپتری لێ نەیەت! وا ئەردۆغان و ڕۆحانی و پۆتین و ئەسەد کۆبوونەوەیان کردووە و شاد وکەیف خۆش باس لە بڕیارێك دەکەن لەمەڕ داهاتووی سووریا، ئەو شوێنەی کە بست بە بستی بە خوێنی کیژ و کوڕانی کورد ئازاد کرا و وا ئێستا دەدرێتەوە دەست ئەسەد. کاکەگیان، جوان گیان، تکایە ببوورن لێم، من بەو زنجیرە نادیارانە بەستراومەتەوە و هەر ئەوانەش ناهێڵن برایەك و باوکێکی ئاسایی بم بۆتان. خۆشم دەوێن!

# توندوتیژی و دەستدرێژی لە باشوری کوردستان

## -لێکۆڵینەوەیەک-

## سەرەتا

ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە، هەڵسەنگاندنی ١٧٨ هەواڵی سەبارەت بە دەستدرێژی کردنە بۆ سەر گیان، ماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیانی باشووری کوردستان لە ماوەیەکی ١٣ مانگەی نێوان ٢٠١٨/٥/١ و ٢٠١٩/٥/٢٧دا. ئامانجی دەستدرێژییەکان ژن و پیاو و منداڵی نێرینە و مێیینە بوون. بکەری بەشێك لە تاوانەکان کەس وکاری نزیك و دوور وەك باوك، کوڕ، هاوسەر، خوشك و برا و مام و برازا و ئامۆزای قوربانییەکان بوون، بەشێکی تر دۆست و برادەر، هاوڕێ، هاوکار و شەریکی کەسب وکار، بەشێکیش خەڵکانی بێگانە و تاکی ئاسایی ناو کۆمەڵگا، بە پیاو و ژن و پێشمەرگە و کرێکار و شۆفێر و بازرگان و دووکاندار و دەرمانخۆر و دز و قاچاخچییەوە. هەندێك لە تاوانبارەکان دەستدرێژیکاری جنسی بوون کە بۆ شوێنەگومکێ، دوای کارە قیزەوەنەکەیان، قوربانییانی خۆیان کوشتوون. هۆکار و پاڵنەری تاوانەکان بە گشتی کێشە و دەمەقاڵەی تاکەکەسی، شەڕی ناوماڵ، دڵ پیسیی پیاوان، تۆڵەسەندنەوە، ڕقەبەرایەتی، ئیرەیی کردن، سێکس و لاقە کردن، ڕووتاندنەوە، تەڵەکەی پارە و هەندێك دیاردەی دیکەی هاوشێوە بوون.

بۆ ئەم بابەتە، توێژینەوەی مەیدانی نەکراوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانی یان دەستدرێژیکاران وتوێژ بەڕێوە نەچووە. سەرچاوەی کارەکە هەواڵی ڕاگەیێنراوی سەر مێدیا بووە. هەوڵدراوە بە یارمەتی ئەو هەواڵە ڕاگەیەنراوانە، توێکڵی کێشە

سیاسییەکانی کۆمەڵگا لابدرێت و بە گوێرەی توانا کاکڵی ڕاستەقینەی لایەنی ڕەشی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستانی ئەمڕۆدا بخرێتە بەرچاو- ڕاستەقینەیەکی تاڵ، کە بە هۆی ڕووداوە سیاسییە یەك لەدوای یەکەکانی ئەم چەندساڵەی دواییەوە، وەك هێرشی تاوانبارانی داعش و لەدەستچوونی کەرکووك و خانەقین و ناوچە داگیرکراوەکانیتر، بە شاراوەیی و لە ژێر پەردەدا ماوەتەوە و بە داخەوە سەرنجی خەڵکی کەمتر بەرەو خۆی ڕاکێشاوە.

نووسەر لە ڕێگەی هەندێك ئامار و ژمارەی ڕاگەیێنراوەوە ویستوویەتی بچێتە ناخی کۆمەڵگای کوردەوە و پیسی و چەپەڵیی کردەوەی بەشێك لە ئەندامانی بخاتە ڕوو، بەو ئامانجەی کە ناسینی نەخۆشییەکان یارمەتی چارەسەرکردنیان بدات و بەرگر بێت لە دووپات بوونەوەیان. ئاشکرایە ئەو سەرپێچی و یاساشکاندنانە هی بەشێکی کەم لە ئەندامانی کۆمەڵگایە و کوردستانیش، وەك پاشماوەی جیهان، بریتییە لە زۆرینەیەك کە ڕەچاوی یاسا و پەیڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بە شانازی و سەرفرازییەوە دەژین، لەگەڵ کەمینەیەکی هەڵەکار و تاوانکەر کە بۆ بەرژەوەندیی شەخسی یان بۆ هەوەسبازی، پەرژینە یاساییەکان دەشکێنن و مافی تاك و کۆمەڵ پێشێل دەکەن.

با وەکوو لێکۆڵینەوەکە لە پارچەیەکی کوردستان، واتە باشوور، بەڕێوەبراوە، بەڵام کوردی پارچەکانی دیکەی وڵاتیش بە هەمان ئەو چاوە سەیر کراون و سەرەڕای هەندێك جیاوازی کە بە شێوەی سروشتی لە نێوان دانیشتوانی ئەم شار و ئەو شار، یان ئەم بەش و ئەو بەشی کوردستاندا هەیە، ڕۆح و هەست و بیر و پاڵنەرەکان وەك هۆکاری بەڕێوەچوونی تاوان، لە بەشەکانی دیکەی خاکەکەشمان کەم و زۆر هاوشێوەی یەکتر سەیر کراون و تایبەتمەندییە سایکۆلۆجییەکانی کۆمەڵگاکانیش بە هەندێك جیاوازییەوە بە وێچووی یەکتر زانراون. بەم تەعبیرە، ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕوویداوە، دەکرێ وەك ئاوێنەی باڵانوێنی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش سەیر بکرێت. ڕاستەقینەی ژیان ئەوەیە کە کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، وەك خەڵکانی نیشتەجێی ناوچە شاخاوییەکان، گەلێك هەست و نەست و خوو و خدەی هاوشێوەی یەکتریان هەیە و بەشێك لەو ڕۆحە هاوبەشانە ئەگەر توانیبێتیان لە پارچەیەکی خاکەکەماندا ئاگری تاوان خۆش بکەن، دەکرێت لە پارچەکانی دیکەشدا هەمان دەوریان بینیبێت، مەگەر شێوازی ژیان لە ژێر دەستی داگیرکەری خاك و هەبوونی

یاسای قورس و قایم لە پارچەیەکی تایبەتدا لە بەڕێوەبردنی تاوانەکان بەرگر بووبێت و ئەوش چەشنە جیاوازییەکی دروست کردبێت.

لە بارودۆخی ئێستادا، تاقە بەشێکی کوردستان کە تێیدا ئازادیی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و نووسین و بڵاوکردنەوە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ کورد مسۆگەر بێت و هەواڵی ئەو چەشنە ڕووداوانە بە بێ فیلتەری دەزگا سانسۆرچییە ئەمنییەکان، لە چاپەمەنی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆندا بڵاو بنەوە، باشووری کوردستانە و ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە کە دەرەتان دەداتە کاری لێکۆڵینەوە لە بنەما و هۆکارەکان و ماتریاڵی پێویست بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکات. دیارە نووسەر نایەوێت لە چوارچێوەی بەربەستکراوی لێکۆڵینەوەکە بچێتە دەرەوە و هەر بۆیەش ناچێتە سەر هۆکاری ئەو ئازادییە ڕێژەییەی وا لە باشووری وڵاتدا هەیە. دەنا جێگەی خۆی دەبوو لە دیاردەی دووبەرەکی و شەڕی ساردی نێوان حزبەکان، وەك دابینکەری ئەو ئازادییە بکۆڵێتەوە و بڵێت ئەگەر ئازادییەکی چاپەمەنی لە باشوور دەبینرێت، لە ڕاستیدا هەڵقوڵاو لە دیموکراسیەتی ناو کۆمەڵگا و حزبە سیاسییەکان نییە، بەڵکوو دەرئەنجامی هەمان شەڕی ساردی نێوان لایەنەکانی دەسەڵاتە.[٣٤]

هەرچۆنێك بێت، وەك گوترا، ئامانج لە بەرهەمهێنانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵانی گەل هەروەها ئەندامانی بەرپرسی کۆمەڵگایە بەرەو ئەو ڕاستییە تاڵانە و وریاکردنەوەی دام و دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومیشە بۆ ئەوەی بکەونە بیری دۆزینەوەی ڕێکاری بەرگریکردن لە تاوان نەك شوێنکەوتن و بە سزاگەیاندنی تاوانکاران بە تەنیا. هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو ناتەواوییانە و دەرمانکردنی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەك هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی تاوان، دەتوانێ بەرگر بێت لە بەڕێوەچوونی بەشێکی زۆری سەرپێچی و پێشێلکاریی یاسا لە ئێستا و دواڕۆژیشدا. بەم

---

[٣٤] لای کەم بەشێك لە حزبە ئیسلامییەکان سەرەڕای هەبوونی هەموو کەرەسەیەکی پڕوپاگەندە وەك تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و سایتی ئینتەرنێتی، زیاتر لە منبەری مزگەوتەکان کەڵك وەردەگرن و ئێستا دەیان کەسی هاوشێوەی مەلا کرێکار هەن کە حکوومەتی هەرێم بە گەورەترین دوژمنی خۆیان و ئەردۆغان و قاسمی سولەیمانی و ئەو سیستەمە سیاسییانەی وا ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن، بە ئامانجێك دەزانن کە بۆ دامەزراندنی دەبێ بە سەر خۆڵەمێشی حکوومەتی خاپوورکراوی هەرێمی کوردستاندا هەنگاو هەڵێنن.

کارە، واهەیە بتوانرێت تا ڕادەیەکی زۆر پێش بە پەرەسەندنی تاوانەکان و تەشەنەکردنی زیاتریان بۆ ناخی کۆمەڵگا بگیرێت. کۆمەڵگایەکی تەندروست لەبیری دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری نەخۆشییە کۆمەڵایەتییاندا بە شێوەیەکی مرۆڤانە دەبێت، نەك بە تۆڵە سەندنەوە و قەساس و ئیعدام.

ئیعدامی تاکەکەس بە درێژایی سەدە و هەزارە، لە هیچ کۆمەڵگایەکدا نەیتوانیوە ببێتە هۆکار بۆ دوورکەوتنەوەی خەڵك لە بەڕێوەبردنی سەرپێچی و تاوان. بە پێچەوانە، ئەرکی گەورەی حکوومەتی کوردی لەوپێوەندییەدا دەبێ هەوڵدان بێت بۆ نەهێشتنی حوکمی ئیعدام لە هەرێم و تەنانەت لە سەرانسەری عیراق، کە بمانەوێت و نەمانەوێت یاسا بنەڕیتی و گشتییەکانی ئەو، هەرێمی کوردستانیش دەگرنەوە.

لە بەرانبەردا، سیستەمی پاك و شەفاف و دوور لە گەندەڵیی و خزم خزمێنی دادوەری، هەروەها دابین کردنی خزمەتگوزاریی مرۆڤانە و ئەمڕۆیی لە ناو زیندانەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی تاوانبارانی زیندانی لە دووپات کردنەوەی تاوان دوای ئازاد بوون،[٣٥] ئەو ئەرکانەن کە دەبێ بەڕێوە ببرێن. گرنگە لە سزادانی تاوانباردا چارەسەری هۆکار یان هۆکارەکانی تاوانکردنەکە ئامانج بێت نەك ڕق و کینە و خواستی تۆڵەسەندنەوەی نەریتی. دەرمانی دەردی نەوەی دواڕۆژی کۆمەڵگا کینە و تۆڵە سەندنەوە نییە بەڵکوو لێزانی و دوور بینییەکی پسپۆڕانەی دەروونناسانەیە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دەروونددروست و دواڕۆژێکی بە متمانە، کە نەوەکانی داهاتوو تێیدا بە ئاسوودەیی و ئازادی بژین و بە بێ ترس و ئەندێش کۆمەڵگا و وڵات بەرەوپێش بەرن. ئەو دووربینییە، تەنانەت دەتوانێ چارەسەری بەشێك لە کێشە سیاسییەکانی دواڕۆژی کوردستان و نزیك کردنەوەی پارتە سیاسییە ڕکەبەرکانی ئەمڕۆ لە یەکتریش بێت، ئەو کێشە و گرفتانەی کە بەداخەوە هەرێمی کوردستانیان گەیاندۆتە لێواری دوو ئیدارەیی و فەوتان، بە درێژەپێدانی شەڕی ساردی دوای ساڵی ١٩٦٤ و بە ناسۆر خستنی برینە کۆنەکان چارەسەر نابێت بەڵکوو پێویستی بە مەڵحەمێك و دەستێکی میهرەبانی سارێژکارە کە بتوانێ برینی کۆن دەرمان بکات و کۆمەڵگایەکی سەلامەتی پڕ لە

---

٣٥ *"سەرۆکی تۆڕی دادپەروەری بۆ بەندییەکان دەڵێ ٧٤٪ ی بەندیخانەکان لە عیراق، شیاو نین بۆ زیندانیەکان."* هەواڵی ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٢٨ ی سایتی شەن ئێکسپرێس:
http://www.shanpress.com/Default.aspx

هاوکاری بۆ نەوەی دوارۆژ بەجێ بهێڵێت کە تێیدا تەنیا یاسا سەروەر بێت نەك بەرژەوەندیی حزب و عەشیرە و تایفە و تاك؛ کۆمەڵگایەك کە چەوسانەوە و زۆرداریی تێدا نەمێنێت.
ڕێبەرانی سیاسیی دوارۆژمان لە ناو هەر ئەو ئەندامانەی کۆمەڵگا دەردەکەون کە ئێستا لە فێرگەکان دەرس دەخوێنن و ئەوانەش کە تەنانەت هێشتا نەهاتوونەتە جیهان. کۆمەڵگای سەلامەتی ئەمڕۆ دەتوانێ ڕۆڵەی خزمەتگوزاری دوارۆژیش پەروەردە بکات و کۆمەڵگایەك پێك بهێنێت کە تێیدا چەوسانەوە نەمێنێت، خوێندەواریی پەرە بستێنێت، بازرگانی گەشە بکات، هەمووان بە یەك شێوە و بە ڕێژەوە ڕەچاوی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بکەن و مافەکانی مرۆڤ تێیدا بپارێزرێن. دیارە لێرەدا هێز و دەسەڵاتە کە توانای بەڕێوەبەرایەتی هەیە و قسەی کۆتاییش ئەو دەیکات، هەر بۆیەش لێرەدا دەوری حکوومەتی هەرێم و حزبە دەسەڵاتدارەکان لە دانانی پلان و بەرنامەی درێژخایەن بۆ چاکسازیدا گرنگ دەبێتەوە. حزبە سیاسییەکانمان دەبێ بەو ڕاستییە بزانن کە دەسەڵاتی سیاسی هیچ کۆمەڵگایەك بە فەوتان و لەناوچوونی لایەنێك و حزبێك دانامەزرێت. ئێمە ئەو ڕێگایەمان چەند جار تاقی کردۆتەوە و پەیمان بە ناڕاستییەکەی بردووە؛ دەزانین ئەگەر تەنانەت ڕاستیش بێت، کە نییە، هەل و مەرجی ناوچە و جیهان ناهێڵێت سەربکەوێت. تاقە ڕێگەی چارەسەری کێشە سیاسییەکان هاوکارییە لە ناو ئەنجومەنێکی نیشتمانیدا بە یارمەتی هێزێکی یەکگرتوو نەك دەسەڵاتی پەرت و بڵاوی پێشمەرگەی ئەم حزب و ئەو حزب یان ئەم شەخس و ئەو شەخس، کە بتوانێ کێشەی کەرکووك و ناوچە داگیرکراوەکان و مادەی ١٤٠ ی یاسای عیراقیمان بۆ چارەسەر بکات و لە جیاتی پووچاندنەوەی یەکتر، لە بیری بەرنامەی دوارۆژدا بێت بۆ وەستان لە بەرانبەر داگیرکەرانی نیشتمان کە لە چوار لایەنەوە گەمارۆیان داوین.
ئەو دەردە کۆمەڵایەتییەش کە جێگەی باسی توێژینەوەکەی ئێمە بێت، دەرمانی هەر لەو ڕێگایەوە مەیسەر دەبێت. لە بارودۆخی ئێستادا تاوانباران بە هاسانی دەچنە ژێر باڵی ئەم یان ئەو حزب و ئەم یان ئەو سەرەك هۆز و لەو ڕێگایەوە لە چنگ یاسا هەڵدێن و لە ئەنجامدا خەڵکەکەش بە یاسا بێ باوەڕ دەکەن. هێز و دەسەڵاتی یەکگرتوو دەتوانێ پایە و بنەمای باوەڕ هێنان بە یاسا قایم بکات کە قایم نەبوونی بۆتە هۆکاربۆ بەشی زۆری ئەم تاوانانەی وا لێرەدا باسیان لێوە دەکرێت.

بگەڕێینەوە سەر بابەتی سەرەکی واتە ئەو تاوانانەی وا لە ماوەی ١٣ مانگی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا لە باشووری کوردستان بەڕێوە براون.

## بەشی یەکەم، ئامارەکان

ئەوەی لێرەدا دەبینرێت هەندێك زانیارییە لە سەر هەواڵی سەر سایتە هەواڵنێرییەکانی باشووری کوردستان وەك هەوێنی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە کوشتن و خۆکوژی و دەستدرێژی بۆ سەر مافەکانی خەڵك لەو بەشەی وڵاتەکەمان:

**ماوەی کۆکردنەوەی هەواڵ:** ١٣ مانگ

**دەسپێکی تۆمار کردنی هەواڵ:** سەرەتای مانگی ٥ ی ساڵی٢٠١٨

**کۆتایی تۆمار کردنەکان:** کۆتایی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠١٩[٣٦]

**ژمارەی هەواڵی تۆمار کراو:** ١٧٨

[٣٦] کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٩ دا کۆتایی پێهاتووە. بەداخەوە لە مانگی ٦ و ٧ و ٨ دا هەوالەکانی سەر سایتە ئینتەرنێتییەکان لەمەڕ تاوان و سەرپێچی لە یاسا نەك کەمتر لە مانگەکانی پێشتر، بەڵکوو زیاتریش بوو. هەر ئەوە خۆی گرنگایەتی چارەسەری ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە دەردەخات. بۆ نموونە، سایتی سبەی لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١٧ دا ئەم هەوالەی بڵاو کردەوە: *"ئەمڕۆ سێشەممە، ڕێباز زێوەر مستەفا بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەولێر، ڕایگەیاند؛ لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا (٣٠) حاڵەتی سوتان و (٢٠)حاڵەتی خۆسوتاندن و شەش حاڵەتی کوشتنی ژنان و (١٠) حاڵەتی خۆکوشتن تۆمار کراوەن جگە لە تۆمارکردنی (١٤) حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی و (١٨٤٦) سکاڵا.سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی کە شەلتەرەکانی ژنانە ئەوحاڵەتانەی هەڕەشەیان لەسەرە ئەمساڵ (١٦٨) ئافرەت ڕەوانەکراون و (١٣٧) حاڵەت چارەسەر کراون و (٣١) حاڵەتیش لە شوێنی مانەوەدا ماون."* هەر ئەو سایتە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢١ دا ڕایگەیاند: *"ڕۆژانە (٢٠) حاڵەتی توندوتیژی سێکسی لە هەرێم تۆمار دەکرێت."* دیارە ئەو ئامارانە کە سەرچاوەیەکی فەری یان پیشەیی بڵاوی دەکاتەوە گەلێكووردتر و جێگەی بڕوای زیاترن لە ئامارەکانی من کە لە سەرچاوە هەواڵنێرییەکان وەرگیراون، بەڵام بە هیچ شێوەیەك دژ بەو ناوەستن و قووڵایی کێشەکە زیاتر پیشان دەدەن.

**شوێنی ڕووداني تاوانەکان:** هەر سێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی و دهۆکی ناو دەسەڵاتداریەتی هەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەها کەرکووك، خانەقین و شنگال لە ناوچە داگیرکراوەکان و سێ ڕووداوی جیاجیاش لە ئاڵمانیا، بەریتانیا و تورکیا[٣٧].

## شێوازی کار:

نووسەر ئەندامێکی ساکاری کۆمەڵگای کوردستانە، نە کۆمەڵناسە و نە سایکۆلۆگ. ساڵانێکی زۆرە لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە هاتۆتە بەریتانیا و لەوێ دەژی. بە گوێرەی ئیش و کاری ڕۆژانە، لەپێوەندی ڕۆژانەی ڕووداوەکانی ناوخۆی کوردستان بە تایبەت بەشی باشووریدایە.

نووسەر بە گوێرەی ئەزموونی ٧٥ ساڵەی تەمەن و ٣٣ ساڵ پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کوردی پارچەکانیتری کوردستان، لە سەر ئەو باوەڕەیە کە ئەوەی وەك هۆکار و پاڵنەری تاوان لە یەك پارچەی خاکەکەمان ڕاست بێت، لە پارچەکانی دیکەشدا، کەم و زۆر، دەتوانێ ڕاست بێت. بە گشتی، ئەوە مرۆڤی کوردە ئەو سەرپێچییانەی لێ دەوەشێتەوە نەك دانیشتووانی شار و ناوچە و پارچەیەکی تایبەت؛ واتە ئەگەر کوردێکی دانیشتووی شاری سنە، یان ئامێد و قامیشلوو بکەوێتە بارودۆخی دانیشتوویەکی هەولێرەوە و ڕووبەڕووی هەمان ئەو کێشەیە ببێتەوە کە هەولێرییەکە تووشی هاتووە، جیا لە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، بۆی هەیە کەم و زۆر هەمان ڕەنگدانەوەی هەبێت کە هاونیشتمانییە هەولێرییەکە بوویەتی و هەمان ڕێگەچارەش بۆ گرفتەکەی بدۆزێتەوە کە ئەو دۆزیویەتەوە یان هەمان سەرپێچیی و تاوان بەڕێوە ببات کە ئەو بەڕێوەی بردووە. دیارە لە بۆچوونێکی ئەوتۆدا دەبێ هەندێك پارامیتری وەك تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، پەروەردەی بنەماڵەیی و ڕادەی شارسانیەت، هەروەها قورس و قایمی یان شل و شەوێقی دەزگای دادوەری لە هەرکام لە پارچەکان و ڕادەی زەبر وزەنگی پۆلیس لەم یان لەو بەشی خاك بگیرێتە بەرچاو. هەر بەو هۆیەشەوە پێویستە لە هەڵسەنگاندنەکاندا وردە جیاوازییەکانی ئەو کۆمەڵگایانە حیسابیان بۆ بکرێت.

---

[٣٧] . بکەرانی تاوان لەو سێ وڵاتەش خەڵکی باشووری کوردستان بوون.

## ئا. کوشتن

### ژمارەی کووژراوەکان و ساڵی کووژرانیان

لە ماوەی ١٣ مانگی لێکۆڵینەوەکەدا، سەرجەم ١٣٤ کەیسی کووژران تۆمار کراون. لەو ١٣٤ کەیسە، ٦٩یان لە ٨ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ و ٦٥یان لە ٥ مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ دا بوون.

زوربەی کەیسەکان تاکە کەسێکیان گرتۆتەوە، بەڵام لە هەندێك حاڵەتدا ٢ کەس تا ٥ کەسیش بوونەتە قوربانی. تەنانەت لە یەك ڕاپۆرتدا باس لە کووژرانی ١٨ شۆفیرِی تەکسی لە کەرکووك کراوە کە لە ساڵی ٢٠١٩دا ڕوویداوە. لەو ١٣٤ کەیسەی کوشتندا، سەرجەم ١٨٥ کەس گیانیان لەدەستداوە. لە ١٨٥ کەسەکە، ٩١ یان لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠١٨ و ٩٤ یان لە ٥ مانگی ساڵی ٢٠١٩دا بووە.

<u>ژمارەی کووژراوان بە گوێرەی ساڵ</u>

| مانگی مایس تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ | مانگی جانیوەری تا مایسی ٢٠١٩ | سەرجەم |
|---|---|---|
| ٦٩ کەیس<br>٩١ کووژراو | ٦٥ کەیس<br>٩٤ کووژراو | ١٣٤ کەیس<br>١٨٥ کووژراو* |

*خشتەی ژمارە ١. کووژراوانی مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩ بە دابەشکردنی ساڵ*

** لە هەندێك کەیسدا ٢ کەس تا ٥ کەس بوونەتە قوربانی*

### کۆی کووژراوان

لە سەرەتای مانگی مایسەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ سەرجەم: ٩١ کەس لە سەرەتای ساڵ تا مانگی مایسی ساڵی ٢٠١٩ سەرجەم: ٩٤ کەس. تەمەنی منداڵەکان هەندێك

جار ڕانەگەیێنراوە، بەڵام لەم ڕاپۆرتەدا کەسانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵان بە منداڵ دانراون کە لە هەردوو ژێندەر بوون. بریندارى ڕووداوەکان، زوربەی کات ڕانەگەیەنراون و لێرەشدا نەهاتوونەتە حیساب.

**کۆی کووژراوان** بە گوێرەی ژێندەر (ڕەگەز)




*گرافیکی ژمارە ١. کۆی کووژراوان بە پێی ژێندەر و ساڵ – مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩.*
*کەسانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵان بە منداڵ دانراون و لە هەردوو ژێندەرن*



*گرافیکی ژمارە ٢. کۆی کووژراوان بە پێی ژێندەر – مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩.*
*کەسانی ژێر تەمەنی ١٦ ساڵان بە منداڵ دانراون و لە هەردوو ژێندەرن*

## چۆنیەتی کووژران




*گرافیکی ژمارە ٣. چۆنیەتی کووژران- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*




*گرافیکی ژمارە ٤. کۆی چۆنیەتی کووژران- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠*

## شوێنی کووژران




*گرافیکی ژمارە ٥. کۆی کووژران بەپێی شوێن- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

| شوێنی کووژران | ٨ مانگی ٢٠١٨ | ٥ مانگی ٢٠١٩ |
|---|---|---|
| هەولێر و شاروچکە و گوندەکانی دەورووبەری | ٢٩ | ٣٣ |
| سلێمانی و شاروچکە و گوندەکانی دەورووبەری | ٢١ | ٢٢ |
| دهۆک و شاروچکە و گوندەکانی دەورووبەری | ١٠ | ٩ |
| کەرکووک و گوندەکانی دەورووبەری | ٧ | ٨ |
| هەڵەبجە | ٠ | ١ |
| ڕانیە | ٠ | ٣ |
| چەمچەماڵ | ٤ | ١ |
| گەرمیان | ٤ | ٠ |

| | | |
|---|---|---|
| کەلار | ٣ | ٢ |
| قەڵادزێ | ٢ | ٣ |
| ڕەواندز | ٢ | ٠ |
| خانەقین | ١ | ١ |
| کۆیە | ١ | ٣ |
| پردێ | ٠ | ١ |
| دووز خورماتوو | ٠ | ١ |
| پێنجوێن | ١ | ٠ |
| سۆران | ١ | ١ |
| دەربەندیخان | ١ | ٠ |
| جەلەولا | ١ | ٠ |
| ئەستەموڵ | ١ | ٠ |
| سوید | ١ | ٠ |
| بەریتانیا | ٠ | ٥ |
| ئاڵمانیا | ١ | ٠ |
| **سەرجەم** | **٩١** | **٩٤** |

*خشتەی ژمارە ٢. شوێنی کووژراوان- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

# شوێنی کووژران بە پێی پارێزگا (گرافیک و خشتە)




*گرافیکی ژمارە ٦. کۆی کووژران بەپێی پارێزگاکان- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

| کووژراوان بە پێی پارێزگا | ٨ مانگی ٢٠١٨ | ٥ مانگی ٢٠١٩ |
|---|---|---|
| سلێمانی | ٣٦ | ٣١ |
| هەولێر | ٣٣ | ٢٧ |
| دهۆک | ١٠ | ٩ |
| هەڵەبجە | ٠ | ١ |
| کەرکووک | ٧ | ١٠ |
| دیالە | ٢ | ١ |
| هەندەران | ٣ | ٥ |
| **سەرجەم** | **٩١** | **٩٤** |

*خشتەی ژمارە ٣. کۆی کووژراوان بە پێی پارێزگاکان- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

## تەمەنی کووژراوەکان

| کووژراو | نێرینە | مێیینە | منداڵ |
|---|---|---|---|
| خوار ١٦ ساڵ | ٠ | ٠ | ٣ |
| نێوان ١٧ و ٣٠ ساڵان | ١٨ | ٩ | ٠ |
| نێوان ٣١ و ٥٠ ساڵان | ١٦ | ٥ | ٠ |
| نێوان ٥١ و ٨٦ ساڵان | ٥ | ١ | ٠ |
| سەرجەم* | ٣٩ | ١٥ | ٣ |

*خشتەی ژمارە ٤. کۆی کووژراوان بە پێی تەمەن و ژێندەر- مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

** پاشماوەی کووژراوەکان تەمەنیان ڕانەگەیەنراوە*




*گرافیکی ٧. کۆی کوژراوان بەپێی تەمەن و ژێندەر مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩*

## ب. خۆکوژی

بریتییە لەو کوشتنەی وا بکەری کارەکە هەندێك جار کەسەکە خۆیەتی و هەندێك جاریش بە ڕوونی دیار نییەکێیە، بەڵام هەر بە سەر کەسەکە خۆیدا دەسەپێنرێت. لە زۆر حاڵەتدا ناتەواویی ژیان، بێ هیوایی و نەبوونی ئازادیی ناو بنەماڵە و کۆمەڵگا هۆکاری سەرەکی خۆکوژیین گەرچی لە گەلێك کەیسدا، بە تایبەت هی ژنان و کچان، بەهۆی نیشانەی نائاسایی کووژرانەکەوە، واهەیە پۆلیس و دادگا بە گومانەوە سەیری ڕووداوەکە بکەن، ئیتر لەو حاڵەتانەدا شێوازی مرۆڤکوژییەك بەخۆیەوە دەگرێت کە نە کەس وکار و نە خەڵکی تر سکاڵایان لە کەس یان کەسانێکی تایبەت تۆمار نەکردووە و داواکاری گشتی و یاساش چۆنیەتی ڕووداوەکەیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە. وەك ئاکام و ئەنجامیش، لە هەندێك کەیسدا دیزە بەدەرخۆنە کراوە و سەری مەسەلەکە نراوەتەوە؛ ئەوەش زیاتر کەیسی خۆکوژیی کچان و ژنان دەگرێتەوە کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت کەسانی تری وەك باوك و برا و مێرد بەڕێوەیان بردبێت بەڵام بە خۆکوژییان لەقەڵەم دابێت.

ئاماری ڕاگەیەنراوی خۆکوژی بە گوێرەی هەواڵی تۆمارکراوی ناو سایتە ڕاگەیەنراوەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ماوەی مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩ دا سەرجەم ٣٨ کەیسە بە ژن و پیاوەوە. ئەو ژمارەیە لە ڕاست ناچێت و بە ئەگەری زۆر لەوە زیاترە.

<u>ژمارەی خۆکوژییەکان بە گوێرەی ژێندەر، لە مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩</u>

| خۆکوژییەکان | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| پیاو و کوڕ | ١٣ | ٧ | ٢٠ |
| ژن و کچ | ١٠ | ٨ | ١٨ |
| **کۆ** | **٢٣** | **١٥** | **٣٨** |

*خشتەی ژمارە ٥. ئاماری خۆکوژییەکان بە پێی ژێندەر*

شێوازی خۆکوژییەکان لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠١٨ دا

| چۆنیەتی خۆکوژییەکان | نێرینە | مێیینە | کۆی هەردوو |
|---|---|---|---|
| بە گوللەی تفنەنگ، دەمانچە، تاپڕ | ٨ | ٠ | ٨ |
| بە سووتان | ٠ | ٥ | ٥ |
| بە پەت | ٢ | ٣ | ٥ |
| بە خنکانی ناو ئاو | ١ | ٢ | ٣ |
| بە هۆکاری ڕانەگەیەنراو | ٢ | ١ | ٣ |
| **کۆ** | **١٣** | **١٠** | **٢٣** |

*خشتەی ژمارە ٦. چۆنیەتی خۆکوژییەکان بە پێی ژێندەر، ٢٠١٨*

شێوازی خۆکوژییەکان لە ٥ مانگی ساڵی ٢٠١٩ دا

| چۆنیەتی خۆکوژییەکان | نێرینە | مێیینە | کۆی هەردوو |
|---|---|---|---|
| بە گوللەی تفنەنگ، دەمانچە، تاپڕ | ٢ | ٢ | ٤ |
| چەقۆ | ١ | ٠ | ١ |
| بە سووتان | ٠ | ٥ | ٥ |
| بە پەت | ٠ | . | ٠ |
| بە خنکانی ناو ئاو | ٠ | . | ٠ |
| بە هۆکاری ڕانەگەیەنراو | ٤ | ١ | ٥ |
| **کۆ** | **٧*** | **٨** | **١٥*** |

*خشتەی ژمارە ٧. چۆنیەتی خۆکوژییەکان بە پێی ژێندەر، ٢٠١٩*

*دوو نێرینەی دیکەش لە مردن ڕزگار کراون*

دابەشبوونی خۆکوژییەکان بە گوێرەی ناوچە لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠١٨ دا

| دابەشبوونی ناوچەیی خۆکوژییەکان | نێرینە | مێیینە | کۆ |
|---|---|---|---|
| هەولێر و دەوروبەری | ٢ | ٣ | ٥ |
| سلێمانی و دەوروبەری | ٤ | ٠ | ٤ |
| قەڵادزێ | ٠ | ٣ | ٣ |
| ڕەواندز | ٢ | ٠ | ٢ |
| دهۆك و دەوروبەری | ١ | ٠ | ١ |
| کەرکووك | ١ | ٠ | ١ |
| کۆیە | ١ | ٠ | ١ |
| چەمچەماڵ | ١ | ٠ | ١ |
| پێنجوێن | ٠ | ١ | ١ |
| دەربەندیخان | ١ | ١ | ١ |
| ڕانەگەیەنراو | ٠ | ٢ | ٢ |
| **کۆ** | **١٣** | **١٠** | **٢٣** |

**خشتەی ژمارە ٨.** دابەشبوونی خۆکوژییەکان بە گوێرەی ناوچە، ٢٠١٨

دابەشبوونی خۆکوژییەکان بە گوێرەی ناوچە لە ٥ مانگیساڵی ٢٠١٩ دا

| دابەشبوونی خۆکوژییەکان ناوچەیی | نێرینە | مێیینە | کۆی هەردوو |
|---|---|---|---|
| هەولێر و دەوروبەری | ٤ | ١ | ٥ |
| پشدەر | ٠ | ٣ | ٣ |
| قەڵادزێ | ٠ | ١ | ١ |
| دهۆک و دەوروبەری | ٠ | ١ | ١ |
| کەرکووک | ١ | ١ | ٢ |
| چەمچەماڵ | ١ | ١ | ٢ |
| تەقتەق | ١ | ٠ | ١ |
| **کۆ** | **٧** | **٨** | **١٥** |

*خشتەی ژمارە ٩. دابەشبوونی خۆکوژییەکان بە گوێرەی ناوچە، ٢٠١٩*

تەمەنی خۆکوژەکان لە ٨ مانگی ساڵی ٢٠١٨ دا

| تەمەنی خۆکوژەکان | نێرینە | مێیینە | کۆ(بە منداڵەوە) |
|---|---|---|---|
| منداڵی تا ١٦ ساڵان | ؟ | ؟ | ٣ |
| ١٧ تا ٣٠ ساڵان | ٢ | ٧ | ٩ |
| ٣١ تا ٥٠ ساڵان | ٣ | ٢ | ٥ |
| ٥١ تا ٨٦ ساڵان | ١ | ١ | ٢ |
| ڕانەگەیەنراو | ؟ | ؟ | ٤ |
| **کۆ** | **٦** | **١٠** | **٢٣** |

*خشتەی ژمارە ١٠. تەمەنی خۆکوژەکان، ٢٠١٨*

تەمەنی خۆکوژەکان لە ٥ مانگی ساڵی ٢٠١٩ دا

| تەمەنی خۆکوژەکان | نێرینە | مێیینە | کۆ(بە منداڵەوە) |
|---|---|---|---|
| منداڵی تا ١٦ ساڵان | ؟ | ؟ | ١ |
| ١٧ تا ٣٠ ساڵان | ٥* | ٥ | ١٠ |
| ٣١ تا ٥٠ ساڵان | ٢ | ٠ | ٢ |
| ٥١ تا ٨٦ ساڵان | ٢ | ٠ | ٢ |
| کۆ | ٩ | ٥ | ١٥ |

*خشتەی ژمارە ١١. تەمەنی خۆکوژەکان، ٢٠١٩*

** لەوە ٥ نێرینەیە، یەکیان باوکی حەوت منداڵ بووە*

**لایەنی کۆمەڵایەتی/ ئابووریی/ یاسایی خۆکوژییەکان**

هۆکاری ڕاگەیێنراوی خۆکوشتنی ژن یا پیاو لە هەموو ئەو ماوەی ١٣ مانگەدا، بریتی بووە لە دەست تەنگی، قەرزداری، بێ هیوایی لە ژیان، بێ دەرەتانی، کێشەی بنەماڵەیی، هەروەها دڵداری و ئەوینداری و لە یەکیاندا سەرنەکەوتن بووە لە کاری چوونەدەرەوەی وڵاتدا. بۆ مەسەلەی دڵداری، بێدەسەڵاتیی گەنج و لاوان و دەسەڵاتی بێ سنووری دایك و باوك هۆکاری بێ هیوایی کەسەکان بووە بۆ بە یەکتر نەگەیشتنی لاوان و لە ئەنجامدا خۆکوشتن بۆتە ڕێگاچارەیەك لای کەسانی کەم ئەزموون و بێ هیوا.

لە کەیسی ژناندا، دەوری سەرەکی سووتانی لەش بینیویەتی کە یەکیان بە پەڕەمێز بووە بەڵام چۆنیەتی هەندێکیشیان ڕانەگەیێنراوە یان لە پرۆپێستدا ماوەتەوە. ئەوەش سەبارەت بە ڕاستەقینەی "خۆکوشتن" یان "ئاگرتێبەردان"ەکەی ئەو کەسانە، گومان دروستدەکات. ئەو هۆکارانەی وا لە سەرەوەتر سەبارەت بە خۆکوشتنی پیاوان گوترا، بۆ کچ و ژنانیش هەر هەیە و زیاد لەوانە، مەسەلەی پیاوسالاری و نەبوونی بەرانبەریی مافی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا، هۆکارێکی دیکەی خۆکوشتنی کچان و ژنانن. کردەوەی

خۆکوژی لە زوربەی شوێنەکانی باشووری کوردستاندا بینراوە و زوربەی خۆکوژییەکانی ژنان بە ئاگر و پەت و ئاو بەڵام هی پیاوان بە گولـلە بووە.

## پ. دۆزرانەوەی تەرم

دۆزرانەوەی تەرمی مرۆڤ لە ڕاستیدا دەرکەوتنی چەشنێك لە تاوانی مرۆڤکوژییە کە تێیدا بکەری کارەکە نادیارە- شێوازێك کە گەلێك نامرۆڤانەتر لە کوشتنی ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی لەلایەك ئەگەری ڕزگاربوونی کەسی برینداربووی فڕێدراو کەم بۆتەوە و لە لایەکی ترەوە کەس وکاری کووژراوەکە بۆ ماوەیەکی زۆر بەشوێن دۆزینەوەی تەرمی خۆشەویستەکەیان، ئینجا بە دوای دۆزینەوەی بکوژ و هۆکاری کووژرانەکەیدا دەگەڕێن و ئەوەشیان لێ دەبێتە سەرباری کۆستەکە. هەروەها هێزی پۆلیس کات و بودجەیەکی زۆر لە پێناو دۆزینەوەی تاوانبار یان تاوانباران سەرف دەکات و دەزگای دادوەریش ناتوانێ ئەرکی ئاسایی خۆی بۆ سزادانی تاوانبار بەڕێوەبەرێت. لەزوربەی هەرە زۆری ئەو چەشنە حاڵەتانەدا، جگە لە یەك یان دوو کەیسی مردن بە مەرگی نا سروشتی (وەك لەبەر سەرما ڕەق هەڵاتنی منداڵ)، ئەوانی تر دەبێ وەك کوشتن سەیر بکرێن. بە گوێرەی تۆمارەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە، لە ماوەی ئەو ١٣ مانگی دەستنیشانکراودا ١٤ تەرم لە باشووری کوردستان دۆزراونەتەوە[٣٨]. لەوانە ٨ یان هی ساڵی ٢٠١٨ و ٦یان هی ساڵی ٢٠١٩ بوون.

ئاماری تەرمی دۆزراوە لە مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩

| بە پێی ژێندەر | ٨ مانگی کۆتایی ٢٠١٨ | ٥ مانگی سەرەتای ٢٠١٩ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| نێرینە | ٥ | ٣ | ٨ |
| مێیینە | ٣ | ١ | ٤ |
| منداڵ | ٠ | ٢ | ٢ |
| **کۆ** | **٨** | **٦** | **١٤** |

[٣٨] واهەیە لە قۆناغەکانی دوای ئەو ڕاگەیاندنانەدا ناسنامەی کەسەکان ڕوون بوویێتەوە. بەڵام لە ڕاگەیاندنە سەرەتاییەکاندا وەك "تەرم' ناوهێنراون و منیش بەو ناوەوە تۆمارم کردوون.

*خشتەی ژمارە ١٢. تەرمی دۆزراوە، لە ماوەی ١٣ مانگدا*

## چۆنیەتی کووژرانی تەرمە دۆزراوەکان لە مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩

| چۆنیەتی کووژرانەکانیان | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| بە گوللەی تفنەنگ، دەمانچە، تاپڕ | ٢ | ١ | ٣ |
| چەقۆ | ٠ | ١ | ١ |
| بە سووتان | ١ | ٠ | ١ |
| بە پەت | ٠ | ١ | ١ |
| ڕەق بوونەوە لەبەر سەرما | ١ | ١ | ٢ |
| بە هۆکاری ڕانەگەیەنراو | ٤ | ٢ | ٦ |
| **کۆ** | **٨** | **٦** | **١٤** |

*خشتەی ژمارە ١٣. چۆنیەتی کووژرانی تەرمە دۆزراوەکان لە ماوەی ١٣ مانگدا*

## شوێنی تەرمە دۆزراوەکان بە گوێرەی ناوچە، مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩

| ناوچە | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | سەرجەم |
|---|---|---|---|
| هەولێر و دەوروبەری | ٣ | ٣ | ٦ |
| سلێمانی و دەوروبەری | ١ | ٢ | ٣ |
| خانەقین | ٢ | ٠ | ٢ |
| کەرکووک | ١ | ٠ | ١ |
| دهۆک | ١ | ٠ | ١ |
| سۆران | ٠ | ١ | ١ |
| **کۆ** | **٨** | **٦** | **١٤** |

*خشتەی ژمارە ١٤. شوێنی دۆزرانەوەی تەرمەکان لە ماوەی ١٣ مانگدا*

تەمەنی تەرمە دۆزراوەکان، مایسی ٢٠١٨ تا مایسی ٢٠١٩

| تەمەنی تەرمەکان | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | کۆ(بە منداڵەوە) |
|---|---|---|---|
| منداڵی تا ١٦ ساڵان | ٢ | ٢ | ٤ |
| ١٧ تا ٣٠ ساڵان | ٢ | ٣ | ٥ |
| ٣١ تا ٥٠ ساڵان | ١ | ٠ | ١ |
| ٥١ تا ٨٦ ساڵان | ٠ | ٠ | ٠ |
| ڕانەگەیەنراو | ٣ | ١ | ٤ |
| **کۆ** | **٨** | **٦** | **١٤** |

*خشتەی ژمارە ١٥. تەمەنی تەرمە دۆزراوەکان لە ماوەی ١٣ مانگدا*

## ت. ڕاگەیاندنەکانی دام و دەزگای پێوەندیدار بە باسەکە

لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا هەندێك ڕاپۆرت و ڕاگەیاندنی بەرپرسانی پێوەندیدار وەك پارێزگاکانی کوردستان، دەزگای دادوەریی و پۆلیسی ئەم شار و ئەو ناوچە، لە مێدیاکاندا بینراون کە پێشێلکاریی یاسا لە کوردستان پشتڕاست دەکەنەوە یان لە بنەما و هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە. ئاماری ئەو ڕاگەیاندنانە دەریدەخات کە ژمارەی تاوانەکان گەلێك زیاتر بوون لەوەی من توانیبێتم لەو چەند سەرچاوە دیاریکراوەی بەردەستمدا بە هەواڵیان بزانم. ئەوانەی خوارەوە کورتەی هەندێك لە ڕاگەیاندنەکانن:

## ساڵی ٢٠١٨

- پارێزگاری هەولێر: "هۆکاری زیادبوونی کوشتن ئاشکرا دەبێت- لە ماوەی ٢ هەفتەدا ١٠ کەس کووژراون". (لڤین، ٦/٢٧/ ٢٠١٨)
- دیوەخان، دادگای سێبەر: دیوەخانی سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەکان جمەیان دێت (ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٢)

- ئەمساڵ ٣٦ حاڵەتی دەستدرێژی لە کوردستان تۆمار کراون (شەن پرێس، ٢٠١٨/٨/١٦)
- لە سلێمانی ٣٥ کەس بە شەڕەچەقۆ بریندار بوون، کەسێك خۆی کوشتووە و دوانی دیکە بریندارن (ڕووداو ٢٠١٨/٨/٢٦)
- ساڵانە نزیکەی ١٠ پیاو بە دەستی ژن دەکووژرێن (لە ٦ مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٤١١ سکاڵای پیاوان لە دژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کراوە) (ڕووداو، ٢٠١٨/٨/٣٠)
- لە ٨ مانگی ڕابردوودا ٨٠ تاوانی کوشتن لە کەرکووك تۆمار کراون (٦٠ تۆمەتبار گیراون و ٢٠ کەسیان هەڵاتوون) (ڕووداو، ٢٠١٨/٩/٢١)
- لە ٢٤ کاژێری ڕابردوودا ٣ کەس لە کەرکووك کووژراون (تاوانی ڕفاندن و کوشتن)؛ لە گەڕەکی شۆریجە دەست بە سەر چەند پارچە چەکدا گیراوە.(ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/٢٨)
- بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان: "لە ٩ مانگدا ٣٧ ئافرەت لە هەرێمی کوردستان کووژراون و ٨٧ ئافرەتیش دەستدرێژیی سێکسیان کراوەتە سەر" (ڕووداو، ٢٠١٨/١١/٧)
- سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێم: "٧٠٪ی تاوانەکانی کوشتن لە ڕێگەی چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجام دراوە. یاساکە کەم وکووڕیی تێدایە. مامەڵەی چەك و تەقەمەنی لە بازاڕدا بێ یاسایە." (ئاوێنە، ٢٠١٨/١١/٢٣)
- سلێمانی، چوارکەس بە تۆمەتی فێڵ و نووشتەنووسین و جادوو و دەستدرێژی کردنە سەر ژنان دەستگیر کران (سبەی، ٢٠١٨/١٢/١٨)
- لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە لە هەولێر ٢٦٢ کەس گیانیان لەدەستداوە (ڕووداو، ٢٠١٨/١٢/٣٠).
- بەپێی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، توندوتیژی بەرامبەر پیاوان زیادی کردووە . ساڵانەش نزیکەی ١٠ پیاو بەدەستی ژن دەکوژرێن. ساڵی ٢٠١٧ پیاوان ٦١٤ سکاڵایان لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمار کردبوو. تەنیا لە ٦ مانگی یەکەمی

ئەمسالّیشدا ٤١١ سکالاّ لەلایەن پیاوانەوە لەدژی ژن و منداڵەکانیان تۆمارکراون (ڕووداو، ٢٠١٨/٨/٣٠)

## ساڵی ٢٠١٩

- کوشتنە بە ئەنقەستەکان لە سەر ڕووداوی بچووك لە هەولێر: ( ٦ کووژراو لە سەر هۆڕن لێدان، فوول لایت، جۆگەی ئاو، سەرچۆپی شایی، ٢٠ مەتر زەوی و دەست شکاندنەوەی ئوتومبیل) (ڕووداو، ٢٠١٩/١/٣١)
- پۆلیسی سلێمانی: "لە ماوەی هەفتەیەکدا سێ حاڵەتی کوشتن (لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی) لە شاری سلێمانی تۆمار کراوە. (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/١٥)
- بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ماوەی ٣ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩ لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ١٠ ژن کووژراون و ١٣ ژنیش خۆیان کوشتووە. زوربەی زۆری ئەو تاوانانە لە پارێزگای سلێمانی و دهۆك بەڕێوەچوون (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/؟)
- سنووری شێخان: لە کۆمەڵگەی چرە بە هۆی کێشەی زەوی ، لە نێوان دوو بنەماڵەدا کە خزمی یەکترین، شەڕ ڕوویدا. بریندار هەیە (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/٩)
- دادگای تاوانەکانی سلێمانی بە تاوانی ڕفاندن و کوشتنی ١٨ شۆفیری تەکسی لە ماوەی ٩ مانگدا لە کەرکووك، سزای ١٥ جار لە سێدارەدان بە سەر سێ تاوانباردا دەسەپێنێت. (هەواڵەکە ڕەگەز و قەومیەتی تاوانبارانی دەرنەخستووە) (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/١٥)
- لە دوو ڕۆژدا لە سنووری پشدەر و بتوێن٣ ژن بە هۆی سووتانەوە گیانیان لەدەستداوە. هاوسەری یەکیان گیراوە (سبەی، ٢٠١٩/٥/٢٧)
- وتارێکی بە ناوەرۆکی مامۆستا عارف قوربانی، کە تێیدا دڵنیگەرانیەکانی خۆی سەبارەت بە پێشێلکرانی ماف و لاوازیی یاسا و دەزگای دادوەری دەردەبڕێت (سایتی ڕووداو ٢٠١٩/٥/٨). ئەم وتارە لە بەشی دووهەمی ئەم وتارەدا (هەواڵەکان) دەبینرێت.

- بە پێی ئاماری ٢٠١٩/٨/٢٤ ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، "لە شەش مانگی ڕابردوودا، کە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگرێتە بەر، لە هەرێمی کوردستاندا ٢١١ ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کووژراو یان سووتێنراون....هەر لەو ماوەیەدا ٤٩٧٢ سکاڵاش تۆمار کراوە." لە درێژەی باسەکەدا دەچینەوە سۆراغی ئەم ئامارە.

## هۆکارەکانی تاوان

هەرچۆنێك بێت، تاوانەکانی ئەو ١٣ مانگە لە کوردستان، هۆکاری شەخسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی، نەریتی، ئایینی، دارایی، سێکسی و هەندێك جاریش مێژوویی- سیاسی یاخود پێکهاتەیەك لە دوو یان سێ هۆکاریان بووە.
بەشێك لەو هۆکارانە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختە بکەین:

### ئا. <u>هۆکارە شەخسی و تاکە کەسییەکان</u>

- تووڕەیی و زوو هەڵچوون و عەسەبی بوونی بێ کۆنترۆڵ[٣٩]

---

٣٩ ڕەنگە هەواڵی کووژرانی ئەفسەرێکی هێزەکانی ناوخۆ بە دەست ئەفسەرێکی فیدراڵی، نموونەیەکی باش بێت بۆ دەرخستنی ئەو هەڵچوونە بێ کۆنترۆڵەی مرۆڤ. ڤیدیۆی ئەم ڕووداوە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٩ لە سەر سایتی کوردستان ٢٤ دانرا. سەرنجێکی ساکاری ڤیدیۆکە دەریدەخات کە لە سەرەتای هاتنەدەری لایەنێکی کێشەکە لە ئۆتومبیلەکەی و دەسپێکی دەمەقاڵەوە تا کووژرانی یەك لە لایەنەکان، سەرجەم ١٦ چرکەی پێدەچێت، واتە لایەنەکان لەو ماوە کورتەدا دەگەنە ڕادەیەك لە تووڕەیی و هەڵچوون کە دەست بۆ چەك دەبەن و گیانی مرۆڤێك دەستێنن. ئەو ڕووداوە ئاوێنەی باڵانوێنی بەشێك لە خەڵکە لە ناوچەیەك کە ئێمەی تێدا دەژین.*(ڕێکەوتی ڕووداوەکە هەندێك درەنگترە لە ماوەی تۆمارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بەڵام لەو ماوە زەمەنییەدایە کەا ڕاپۆرتەکە ەدەست ئامادەکردنەوە بووە).*

- هەستی تۆڵە سەندنەوە و خوێن بەخوێن داکووژاندن، کە ڕابردوویەکی کۆمەڵایەتی لە پشتە و زیاتر لە ناو دانیشتوانی کۆمەڵگای بچووکتر وەك گوند و شاروچکەکاندا دەبینرێت
- ڕقەبەرایەتی شەخسی
- کێبەرکێی پیشەیی
- پاڵنەری سێکسی (بە زۆری لە ناو پیاوان دا)
- تەماعی پارە دزین یان ڕفاندن (بە زۆری لە ناو پیاوان دا)
- دڵ پیسی (بە گشتی پیاوانی گرتۆتەوە) کە واهەیە هەندێك جار دەسکرد و بێ بنەما و خەیاڵیش بووبێت
- خەیانەت (بە گشتی دژ بە ژنان کەڵکی لێوەرگیراوە) و زۆرجاریش لە گومان و تۆمەتبار کردن زیاتر نەبووە. بەداخەوە خەیانەتی پیاو لە کۆمەڵگادا، وەك شتێکی تاڕادەیەك ئاسایی سەیر کراوە و لە لایەن بەرانبەرەکەیەوە کاردانەوەی توندوتیژی هاوشێوەی کەمتر بووە
- قەرزداری (وەك هۆکارێك بۆ خۆکوشتنەکان)
- بێ تاقەتی لە بەرانبەر تانە و تەشەری هاوڕێیان (کە ئەمیش لانیکەم لە یەك حاڵەتدا گەیوەتە ئەنجامی خۆکوشتن).
- چاولێکەریی لە نموونەی خراپی ناو هەندێك فیلم و یاریی کەمپیوتەری (زیاتر لە ناو لاواندا)
- سەرنەکەوتوویی لە هەوڵی چوونە دەرەوەی وڵات (کە لای کەم لە یەك حاڵەتدا گەیشتۆتە ئەنجامی خۆکوشتن)، و....

## ب. هۆکارە بنەماڵەییەکان

- شێوازی پەروەردەی کۆنباو کە تێیدا بایەخی پێویست بە منداڵ و ڕاهێنانی نادرێت
- یەك نەگرتنەوەی پێوەندە بنەماڵەییە کۆنباوەکان لەگەڵ بارودۆخی ژیانی سەردەمی نوێ و فێرکردنەکانی منداڵ لە فێرگە و زانکۆکان و ئەوەی وا لە تەلەفیزیۆن و میدیای مەجازیدا بەرچاو دەکەون

- دیاردەی چەند هاوسەری و بوونی منداڵی زۆری چەند بەرەدایك لە ماڵێك
- نەبوونی دیموکراسی لە ماڵدا و زاڵیەتی گەورەی ماڵ و بێ مافیی منداڵ کە لە سەردەمی دوای بلووغ و نەوجەوانیدا دەتوانێ ببێتە هۆکاری توغیان و سەرپێچی کردن لە بەرانبەر پەیڕەوەکانی ناوماڵ و ڕیساکانی ناو کۆمەڵگاش
- ئەو باوەڕە هەڵە و بێ بنەمایەی کە پیاو خاوەن و سەرپەرشتی ژنە، و کچ لە ماڵی باوکدا دەبێ ئیتاعەی باوك و دوای شوو کردنیش ئیتاعەی مێرد بکات، ئەگەریش تەنانەت کەوتە بەر زوڵمی ماڵە مێرد و مافی پێشێل کرا، دەرگای ماڵەباوکی لێ دابخرێت و مەجبوور بکرێت بگەڕێتەوە سەر هەمان ئەو هەل ومەرجە و مل بۆ بێعەداڵەتیەکان دابنەوێنێت. بەشێك لە کارەساتی وەك خۆسووتاندن و خۆ خنکاندنی ژنان و کچان لە ناو ئەو بازنە نامرۆڤانەیە و بەهۆی نەبوونی دەرەتان و پشتیوان و تاریك نواندنی دوارۆژ، دێتە کایەوە
- ئەوەی لە سەرەوە گوترا ماڵە باب و ماڵەمێرد هەردوکیان دەرخەری ڕاستییەکی تاڵی کۆمەڵایەتین ئەویش ئەوەی کە ژن خاوەن ماڵ و مڵك نییە و هەمیشە وەك میوان و کەسێکی بێ ماف سەیر دەکرێت. ئەو بێ مافی و بێ پەناییە هۆکاری بەشێك لە خۆکوژییەکانی ژنانی کوردن.
- پێوەندی نادیموکراتیانەی نێوان ژن و مێرد و بووك و خەسوو و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەی پیاو
- مانەوەی ژن و کچ لە ماڵەوە و نەبوون یان کەم بوونی دەرفەتی ئیش و کار بۆیان
- بێدەسەڵاتیی کچان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و بەشوودرانی زۆرەملێ
- ناتەواویی ئابووریی بنەماڵە
- فێرکاریی چەواشە و دوور لە واقیعی فیلمی سەر تەلەفیزیۆنە تورکییەکان و چاولێکەریی بێ هەڵسەنگاندنی بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا بۆ دووپات کردنەوە و کۆپیی هەڵگرتنی ڕەوتی ئەوان بۆ پێوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەوری بووە لەوەیدا کە بەشێکی لاوان و گەنجان بە لاڕێدا بەرێت. واهەیە ژمارەیەك لەو کوڕەلاوە کەم تەمەنانەی وا ڕێگای

ولاتانی ڕۆژئاوا دەگرنەبەر، لەژێر ئەو کارتێکەرییانەدا بن. دیارە بەم قسەیە، نابێ هۆکارەکانی دیکەی کۆچبەری، وەك دۆزی سیاسی، داعش، دژایەتیکردنی داگیرکەر، ناتەواویی ئابووریی ئەم چەندساڵەی دوایی هەرێم، کێشەی تائیفی، گرفتی بنەماڵەیی و... یش لەبیر بکرێن.

## پ. هۆکارە کۆمەڵگاییەکان (یاسایی/سیاسیی)

- بێکاری و بارودۆخی خراپی ئابووری
- ڕادەی نزمی پێشکەوتی کۆمەڵگای کوردستان لەچاو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و تەنانەت لەچاو هەندێك ولاتی دراوسێش- دیاردەیەك کە لەگەڵ خواستی ڕووڵەزیادبوونی لاوانی کۆمەڵگای کورددا یەك ناگرێتەوە و لە ئەنجامدا بە هەموو سیستەمە کۆمەلایەتی – سیاسییە خۆییەکە بێ باوەڕیان دەکات
- بێ مافی و ژێردەستیی ژن بە گوێرەی عورف و ئایین و یاساش (بۆ نموونە، ڕادەی میرات)
- کەمبوونی بەرپرسیاریەتی پیشەیی و نزمبوونی ڕەوشت لای کەمایەتییەك لە خەڵکانی پیشەیی.
- بەهێزبوونی پێوەندی خێڵەکی و هەست بە بەرپرسیایەتی و داکۆکی کردنی تاك لە هاوهۆز واتە ئەندامانی دیکەی عەشیرەتەکەی خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا
- لاوازبوونی هەستی نەتەوەیی کە خۆی لە زاڵبوونی ئەو هەستە عەشیرەتییە بە سەر هەستی هەمەگیری نەتەوایەتیدا دەبینێتەوە
- دووبەرەکی و حزب حزبێن بە شێوازێکی کۆنباوی خێڵەکی کە بۆتە هۆکاری تەکەللول
- دەسەلاتی زۆری بەرپرسانی حزبی و بەرپرسانی حکوومی کە بەرگرن لەبەرانبەر بەڕێوەچوونی یاسا بۆ دەوروبەرەکەی خۆیان و تەنانەت خۆیان ڕاستەوخۆ یاسا پێشێل دەکەن و هەندێك جار دەست دەدەنە کاری تاوانبارانە و دژە یاسایی وەك کوشتنی ناحەزانیش

- تەشەنەی چەندبەرەکیی حزبی و سیاسی لە ناو خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگادا کە خۆی لە هەندێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە، وەك دژایەتی و ڕقەبەریی نێوان شار و ناوچەکان
- نەبوونی سیستەمێکی باشی تەندروستی و ناتەواو بوونی خزمەتگوزاریی پزیشکی و دەرمانی و لەئەنجامدا قەبووڵ کردنی مەسرەفی زۆری چارەسەر لە دەرەوەی کوردستان
- نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون بۆ ڕێکخستنی بازاڕ و پشتگیری کردنی بەرهەمهێنەرانی ناوخۆ بەتایبەت لە کەرتی کشتوکاڵ، کە ئەنجامەکەی ڕوو وەرگێڕانی گوندنشینەکانە لە گوند و ڕووکردنیان لە شار. چوونەسەرەوەی نرخی کەل وپەل و خواردەمەنی و بەسترانەوەی زیاتر و زیاتری ئابووریی هەرێم بە تورکیا و ئێرانەوە، وەك ئاکامی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخە.
- کەم بوونی خەڵکانی پیشەیی لەناو دەزگاکانی هەمەچەشنەی حکوومی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیی گەورەی وەك مادەی هۆشبەر و پەنادانی هەندێك لە تاوانباران لە لایەن دەسەڵاتدار و دەسترۆیشتووەکانەوە
- ڕووداوی هاتوچۆ، وەك یەك لە هۆکارەکانی گیان لەدەستدان و برینداربوونی خەڵك: لێخوڕینی بێ مۆڵەت، نەبوونی بیمە، بێ سەبر و تاقەتیی لێخوڕەکان و ڕێزنەگرتن لە خەڵکانیتر، پان وبەرینی شەقام بە بێ چرا و شوێنی پەڕینەوەی بەرێ و جێ، ڕەچاو نەکردنی یاسای پەڕینەوە لە شەقامەکان لە لایەن خەڵکەوە، و... [٤٠]
- هەندێك دیاردە و ڕێ و ڕەسمی کۆنباو، کە لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆییدا ناگونجێن و نەك هەر لە ئەورووپا و ئەمریکا، بەڵکوو لە ناو وڵاتانی دراوسێشدا نەماون؛ وەك ژن بە ژنە و شیربایی وەرگرتن و خەتەنەی کچان و... . بنبڕ کردنی ئەو دیاردانە ئەرکی سەرەکیی دەزگاکانی یاسادانەر (پەرلەمان) و بەڕێوەبەری

[٤٠] باوەکوو لە دەرەوەی مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیەدایە، بەڵام بە گوێرەی ڕاگەیاندنی سایتی ئاوێنە، بەرێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لە مانگی حەوتی ساڵی ٢٠١٩ دا رایگەیاندووە "*لەشەو و رۆژێکدا لەسلێمانی شەش هاووڵاتی بونەتە قوربانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ*" (ڕۆژی ٢٠١٩/٧/١١ بینراوە)

هەرێم(پۆلیس و دادگا)یە. پشتگوێ خستنی چارەسەر بۆ ئەو نەخۆشییە کۆمەڵایەتییانە لە ناوخۆدا دەبێتە هۆکاری پشێوی و بێ باوەڕیی خەڵك بە ڕێبەرە سیاسییەکانیان، لە دەرەوەی وڵاتیش سومعەی گەلەکەمان لە لای بێگانان خراپ دەکات

- پەرەسەندنی کێشەی کۆچبەری و پەناخوازیی لاوان و هەوڵی هەندێك کوڕەلاو و مێردمنداڵ بۆ گەیشتن بەو 'قیبلەی ئاوات'ە بە هەر نرخێك بێت وەك دزی و چەقۆ کێشان و تەڵەکە کردن بۆ کۆکردنەوەی مەسرەفی ڕێگا
- سیستەمێکی نالەبار و سەمەرەی هەڵبژاردن بۆ نموونە هەڵبژاردنی پەرلەمان، کە تێیدا ئەندام پەڕلەمان دەسنێژی ڕاستەوخۆی حزبەکانە نەك هەڵبژێرراوی خەڵکی گەڕەك و ناوچەیەکی تایبەت کە دواتر خەڵکی ئەو گەڕەك و ناوچەیە بتوانن بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان یارمەتی لەو بخوازن. لە ئەنجامدا تاکی کورد بێ پەنا و پشتیوان ماوەتەوە و پەڕلەمان و ئەندامانی نوێنەری ڕاستەقینەی خواستەکانی گەل نەبن.
- بەڕێوەنەچوونی یاسایەکی بەڕێ وجێی ئیش وکار، کە تێیدا مافی کرێکار لە بەرانبەر خاوەن ئیشدا بپارێزێت و لە ناتەبایی ناو کۆمەڵگا کەم بکاتەوە. لەو پێوەندییەدا دەبێ ئاماژە بە بوونی جیاوازی لە نێوان خەڵکانی حزبی و ناحزبی بۆ مەسەلەی کار و فەرمان و دامەزرانیش بکرێت کە دوور نەبووە لە زەفەرهێنان و بەکارهێنانی نابەجێی هەندێك لە خوازیارانی ئیش وکار لەلایەن بەرپرسەکانەوە.
- برەوی زۆری فێڵبازی و تەڵەکەی نووشتەنووس و جندۆکەگر و عیلاجکاری درۆیین، کە لە دەرەوەی یاساکانی پزیشکی و تەندروستی و کۆمەڵایەتیدا بەڕێوەبەرایەتی هەندێك لایەنی ژیانی خەڵك بەدەستەوە دەگرن و بە پێکهێنانی هیوای بێ بنەما، کۆمەڵانی خەڵك لە بەڕێوەبردنی قانوون و پەیڕەوە گشتییەکان دوور دەخەنەوە.
- بوونی چەکی زۆری بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە. ئەو چەکانە، هەندێکیان لە لایەن حزبە سیاسییە چەکدارەکانەوە دراونەتە خەڵك و هەندێکیشیان کەسانیتر بە ناوی پارێزگاریی شەخسییەوە لای خۆیان ڕایانگرتوون. بەداخەوە

وەك لە هەندێك ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانە دەردەکەوێت، ئەو چەشنە چەکانە زۆرجاران بەشێوەیەکی نابەجێ بەکار هێنراون یاخود کەوتوونەتە دەست منداڵ و کەسانی نابەرپرس کە کارەساتیان پێ خوڵقاندووە.

- ڕاگەیاندنی ناپیشەیی لە فەیسبووك و مێدیای مەجازیدا گەرچی دوورە لە سانسۆری حزبی و حکوومی و بەو تەعبیرە، یارمەتی ئازادیی ڕادەربڕین بە ئەندامانی کۆمەڵگا دەدات، بەڵام لە عەینی کاتدا دەرەتانێکە بۆ خەڵکانی خراپەخوازی ناوخۆیی و بەکرێگیراوانی بێگانە بۆ پشێوی نانەوە و ئاڵۆزی و دژایەتی و دوژمنایەتی پێکهێنان لە ناو کۆمەڵانی گەلدا. واهەیە هەندێك لە مێدیای فەرمی و حزبیش لەم بوارەدا بە ئەرکی پیشەیی خۆیان هەڵنەستن و بەرژەوەندیی تاکە کەسی و لایەنی بخەنە پێش مەسڵەحەتی کۆمەڵگاوە.

## **ت. لە ژوور هەموو هۆکارەکانەشەوە**

- نەبوونی سەروەریی هەمەگیری دام ودەزگای دادوەری.
- نەبوونی یاسا و پەیڕەوی فەرمی بۆ بەشێك لەو کاروبارانەی وا پێوەندیان بە پارێزگاریکردن لە مافی ژنان و منداڵان هەیە. ئەو بەشانەی کۆمەڵگا، بە نەبوون یان بەڕێوەنەچوونی یاسا زیاترین زیان دەبینن و ئەوەی وا دەتوانێ لە بەرانبەر چەوساندنەوەی زۆرداران پشتگر و پارێزگاریان بێت، تەنیا یاسایە. بۆ نموونە، ئەنجومەنی باڵای کاروباری ژنان و ئەو سەنتەرانەی وا بۆ پاراستنی ژیانی ژنانی ژێر مەترسی دابین کراون لەوە لاوازتر و بێ دەسەڵات ترن کە بتوانن ژیانی کەسانێك بپارێزن. هەندێك لە خۆکوژییەکان ڕاست هی ژنانی ناو ئەو سەنتەرانەیە، کە بەهۆی ناکاریگەریی خزمەتگوزارییەکان و لە ترسی کەوتنەوە بەردەستی چەوسێنەرەکانیان خۆ دەکووژن.
- بوونی دەسەڵاتی زۆر بەدەست سەرەك هۆز و ڕەئیس عەشیرەت و کۆنە موشاویرەکانەوە کە هەندێك لە حزبە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵکیان لێ وەردەگرن و لە مێژووی خەیانەتی ئەو کەسانە بە خەڵك چاوپۆشی دەکەن.

- برەوی زۆری سیستەمی مەسڵەت کردنی عەشیرەتی و پەنادانی تاوانباران لە دیوەخانان، کە بۆتە هۆی دیزە بە دەرخۆنە کردنێکی ڕووت و هەڵاتنی تاوانباران لە دەست دادوەری. هەر ئەوەش یەك لە هۆکارەکانی بێ باوەڕیی ئەندامانی کۆمەڵگایە بە سەروەریی یاسا و وەك ڕەوتێکی بازنەییش لە درێژەی خۆیدا بۆتەوە هۆکار بۆ هەوڵی چارەسەر کردنی کێشە و دوژمنایەتییە تازەکان لە دەرەوەی بازنەی یاسادا.
- بوونی هەندێك پەیڕەوی ئایینی، کە لەگەڵ یاسا حکوومییەکانی ئەمڕۆدا یەك ناگرنەوە و ڕێبەرانی ئایینی بە ڕێنومایی کردنی خەڵك بەرەو ڕەچاوکردنی ئەو پەیڕەوانە، بەردێك لەژێر سێکوچکەی یاسا فەرمییەکان دەردێنن. مارەبڕینی ژێر تەمەنی یاسایی، مۆڵەتدان بە خەتەنەی کچان، چاککردنەوەی تەڵاقی سێ بەسێ لەڕێگەی بەجاش کردنەوە، بەشە ماڵی نابەرانبەری ژنان لەچاو پیاوان و ... تەنیا چەند نموونەیەکی ئەو ناتەباییانەن کە ئەو چەشنە پەیڕەوانە لەگەڵ دامەزراوی و سەقامگیریی کۆمەڵگادا هەیانە. ئیسلامی سیاسی (چ شیعەی ئایەتوڵڵایی و چ سوننەی داعشی) و هەوڵی گرتنەدەستی حکوومەت و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا، نموونەیەکی بەرچاوی ئەو پەیڕەوە ئایینیانەیە کە لەگەڵ یاسا حکوومییەکاندا یەك ناگرێتەوە و دابین بوونیان تەنیا لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە و نەهێشتنی یاسا پێشکەوتووەکانی ئەمڕۆ و سەپاندنی دیاردەی وەك ئیعدام و قەساس و بڕینی دەست و دەرهێنانی چاوەوە دەستەبەر دەبێت.
- درێژەی کار و هەڵسووڕانی ئەنستیتوتی شێخایەتی و بەهێزبوونی پێوەندی مورید و مورادی لە نێو بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگادا کە ئامۆژگاریی شێخ بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی ناو ئەندامانی کۆمەڵگا ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا حکوومییەکاندا نەبێت، سەروەریی یاسا پێشێل دەکات. ئەو ئەنستیتوتە دەیان و تەنانەت سەدان ساڵە لە کۆمەڵگاکانی دیکەی هاوچەشندا کۆتایی بە ژیانی هاتووە و کوردستان وێدەچێت یەك لە دوایین پێگەکانی دەسەڵاتی بێت.

کاریگەری ئەو هۆکارانەی سەرەوە لە سەر کۆمەڵگا، لە ماوەیەکی دوور و درێژ دا، گەیشتۆتە ئەنجامی لاوازییەکی بەرچاوی دام و دەزگای دادوەری و پێشێلکرانی

سەرووەریی یاسا. بەڕێوەچوونی بێ هەڵاواردنی قانوون لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاواییدا ڕشتەیەکی قایمە بۆ پێکەوە بەستنی ئەندامانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی نێوان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات. ئەو هەل و مەرجە لە کوردستاندا نییە و ئەگەریش هەبێت لاواز و کەم هێزە و خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ درڕدۆنگ بوون لە یەکتر و دوژمنایەتی و دووبەرەکی نێوان کۆمەڵانی خەڵك.[٤١] هۆکارەکان، هەروەها دەرفەتی گونجاویان بۆ بەڕێوەچوونی هەندێك لەو تاوانانە ڕەخساندووە کە بکەریان بە بێ ترس لە ئاکامی کردەوە، یاسای گرتۆتە دەست خۆی و بەڕێوەشی بردووە. ئاشکرایە هەر ئەو کەسانە بە بوونی یاسایەکی بەهێزی هەمەگیر، واهەبوو نەیانتوانیایە وا سووك و سانا، کارە ناحەزەکەیان بەڕێوەبەرن.

وەك یاسایەکی جیهانی، ئەو ڕۆحیاتە، بە گوێرەی گەورەبوونەوەی شار و زاڵبوونی کولتووری شارنشینی بەسەرخەڵکدا، کە مل دانەواندنی دانیشتووان بۆ یاسا یەك لە نیشانەکانیەتی، وردە وردە ڕوو لە کەمی دەنێت و کولتووری دەسەڵاتدان بە یاسا جێیان دەگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرانبەریی و یەکسانی هەموو تاکێك لە ئاست یاسا کۆمەڵایەتییەکاندا، جا کەسەکان دەسەڵاتدار بن یان بێدەسەڵات. لەو پەیوەندییەدا هەندێك جار دەگوترێت یاسایەك کە داگیرکەر و زۆردار بەسەر خەڵکیدا سەپاندبێت بۆ ڕەچاوکردن نابێت، هەربۆیەش هەندێك خەڵك ملیان بۆ دانەدەنواند. هیوای هەموو لایەکیش ئەوەبوو کە لە کوردستانی ئازادی دوای ساڵی ١٩٩١ و بە تایبەت دوای ٢٠٠٥ و دامەزرانی حکوومەتی هەرێم، تاوان ڕوو لەکەمی بنێت، بەڵام بە داخەوە حیسابەکان بە پێچەوانە دەرچوون و ئەگەر لە ڕابردوودا خەباتی نەتەوەیی وەك 'حبل المتین'ێك خەڵکەکەی بەیەکەوە گرێدابوو و چاوی تەماعیانی بەستبوو، دوای ئەو ئازادییە هەموو ساڵێك ژمارەی تاوانەکان بەرەوژوور چوون و تەنانەت هەر لەو دوو مانگەی شەش و حەوتی ئەمساڵدا دا کە تۆماری تاوانەکان بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە وەستێنرا، لەچاو مانگەکانی پێشتر، بە شێوەیەکی جێگەی خەفەت، زیادی کردووە. نووسەر ناتوانێ

---

[٤١] ئەو دووبەرەکییەی ناو کۆمەڵگا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵوێستی حزبە سیاسییەکان و ناکۆکیی نێوانیان  هەیە، کێشەیەکی زیانبار، کە ساڵی ٢٠١٧ لە مەسەلەی کەرکووك و ناوچە داگیرکراوەکاندا بەرووی خۆی نواند.

دووبەرەکیی ناو ڕیزەکانی گەل بە کێشە سیاسییەکانەوە پەیوەندی نەدات. ناکۆکیی نێوان حزب و لایەنە دەسەڵاتدارەکانی حکوومی بۆتە هۆی دڕدۆنگیی کۆمەڵانی خەڵك لە یەکتر و ڕق و کینی عەشیرەتێك لەعەشیرەتێکی تر، کە ماوەیەك بوو ڕاگوێزرابووە ناو سیاسەت و حزبایەتییەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو حزبایەتییە ناساغەشەوە، چۆتە ناو دەمارەکانی کۆمەڵگا و بنەماڵە و تەنانەت ڕقبوونەوەی دانیشتووانی ئەم شار لەو شار و ئەم ناوچە و ئەو ناوچەی لێکەوتۆتەوە! ئەوانە بە بێدەنگی و وردە وردە زەمینە بۆ بێ باوەڕی بە یەکتر و ناخۆشەویستی و تاوانبار کردنی یەکدی خۆش دەکەن. کە نیشانەیەکی گەلێك بەرچاوی ئەو حاڵەتە، هەست بە پێداویستیی کردنە بۆ ڕاگرتنی چەك لە ماڵ و لە دەستی تاکەکەسی ناو کۆمەڵگادا، ئەو خەڵکانەی وا هەرکام لە ترس یان ڕقی ئەویتر، دەست لە سەر پەلەپیتکەی چەك هەڵناگرن و ئەوە یەك لە مەترسییە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا بچووکەکەی ئێمەیە. لە کۆمەڵگایەکی دیموکراتدا یاسا جێگەی ئەو چەکە پارێزەرە بۆ خەڵك دەگرێتەوە.

ئەو ناتەواوییانەش لە پەنای گەندەڵی و کەم وکووڕییە سیاسی- ئابوورییەکان، هەرکام بە ڕادەی خۆیان بوونەتە هۆی بێ باوەڕی و دڕدۆنگی کۆمەڵانی خەڵك بە دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دادوەری و لەویش زیاتر بە بنەما سیاسییەکانی حکوومەتی خۆیی. بە داخەوە زۆرکەس لەبیریان دەچێت کە سەرەڕای هەموو کەم وکووڕییەکان، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە زۆر لایەنەوە دیاردەیەکی شاز و نایابی ناوچەکە و هەلێکی مێژوویبە بۆ گەلەکەمان کە چەندەها سەدە چاوەڕوانمان کردووە و لاوازکردنی بە هەر شێوەیەك لە شێوەکان دەبێتە تاوانێکی مێژوویی و پەڵەیەك بە ناوچاوانی نەوەی ئێمەوە کە بۆ چاوچنۆکی تاکە کەسی، یان ڕقەبەرایەتی حزبی، خەریکین بنکۆڵی دەکەین. بێگانەی دۆست یان دوژمن، بە وردی کوردستانیان خستۆتە بەر چاوەدێری. دوژمن ناتەواوییەکانی حکوومەتی هەرێم گەورە دەکاتەوە و بۆ لەناوبردنی کەڵکیان لێ وەردەگرێت.

لەلایەکی دیکەوە، باشوور و ئەزموونەکەی بۆ بەشێکی زۆر لە کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان، دیاردەیەکی پیرۆز و قیبلەی ئاواتی لەمێژینەیە، دەوام و مانەوەشی لەوپەڕی گرنگیدایە. ئەوان لای بێگانە و داگیرکەر شانازی بە بوونی حکوومەتی هەریم و ئالای شەکاوەیەوە دەکەن. هەربۆیەش بە تامەزرۆییەوە دەڕواننە دەسکەوتەکانی و تا

ڕادەیەك چاو لە کەم وکورتییەکانی دەقووچێنن.هەم خەڵك و هەم دەسەڵاتدارانی حکوومی دەبێ بەو ڕاستییە گرنگە بزانن کە سەرمەشقی خراپ، مەشقی خراپی لێ دەکەوێتەوە، واتە هەڵەی باشوور دەتوانێ کاریگەریی خراپی لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان هەبێت؛ پێچەوانەکەشی ڕاستە.

## دۆخی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا

بۆئەوەی بنەما و هۆکارە سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابوورییەکانی کاریگەر نەبوونی یاسا لە کۆمەڵگای مەدەنیی باشووری کوردستاندا بدۆزرێنەوە. دەبێ بابەتی یاسا و پەیڕەو کردنی لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە سەیر بکرێت ئەو ڕەهەندانە بەشێکیان کلیلی و چارەنووسسازن، بەشێکیشیان کاریگەری کەمتریان هەیە بەڵام هەن و شوێن دانەریشن.

**دەستوور.** ڕوون نەبوونی شوێنی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە وڵاتێکدا بەناوی عیراق، هەروەها هێنانەگۆڕ و پاشان بەڕێوە نەچوونی مادەی ١٤٠ سەبارەت بە ناوچە داگیرکراوەکانی کورد؛ گێژوگومی لەمەڕ عیراقی بوون بە پێوانە فەرمییەکان و کوردستانی بوون وەك ئارەزووی لایکەم ٩٢٪ ی خەڵك،[٤٢] هەندێك لەو کێشە سەرەکییانەن کە لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە لەبەردەم خەڵك و حکوومەتدا قوت بوونەتەوە و بە چارەنەکراوی ماون. ئێستا بۆ زۆر کەس مەسەلەی مل دانەواندن یان دانەنەواندن لەبەرانبەر یاساکانی سەردەمی بەعسدا پرسیارە و تا ڕۆژێك کە سنوورەکانی خاکی کورد بە فەرمی دیاری نەکرێن و پەسندی نێودەولەتییان لە پشت نەبێت، تەنگ وچەڵەمەکانی دەستوور لە وڵاتەکەماندا بە ڕوونی و چارەسەرنەکراوی دەمێنن.

[٤٢] بە گوێرەی ئەنجامی ڕیفراندۆمی ساڵی ٢٠١٧، ڕێژەی ٩٢.٧٣٪ ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەنگیان بە سەربەخۆیی داوە.

**دوانه بوونی یاساکان.** بەڕێوەچوون یان نەچوونی هەندێك لە یاسا حکوومییەکان سەرجەم لە سەر دووڕێیانی 'عیراق – کوردستان' چەقیان بەستووە و کێشەکە لە ساڵانی دوای ٢٠٠٥ ەوە یەکلایی نەبوونەتەوە. بۆ نموونە، بە گوێرەی هەواڵێکی ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٣٠ ی میدیاکان، هەرئێستا ٧٠ کەس تەنیا لە زیندانەکانی دهۆکدا ڕاگیراون کە قەراری ئیعدامیان بۆ دەرچووە لە حاڵێکدا قەرارەکە نە هەڵدەوەشێتەوە و نە بەڕێوەدەبرێت. ئەوەندەی زانرابێت، زووربەی زۆری ڕێبەران و کاربەدەستانی حکوومیی کورد وەك گەلانی پێشکەوتووی ئەم جیهانە، دژ بە قەراری ئیعدامی تاوانباران وەستاون و ئەوە جێگەی خۆشحاڵی و شانازیی هەموو ئەوکەسانەیە کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە و لێی تێدەگەن. دیارە زۆرایەتییەك لە بەغدا و عیراق بە گشتی ئەو ڕوانگەیەیان نییە و ئەگەریش هەبێت لە ژێر سێبەری قورسی نەریت و ئاییندا، هەناسەی لێبڕاوە و هیچی پێناکرێت. بەگوێرەی ئەوان ئیعدام کردنی 'تاوانباران' دیاردەیەکی عورفی-ئایینییە و تەنانەت واجبێکی کەفاییە! لە ناو هەندێك لەو لایەنانەدا کردەوەی سەیر وسەمەرەتری هەزار ساڵ پێش ئێستای وەك فڕێدانە خوارەوەی تاوانبار لە سەر چیاوە و ڕووخاندنی دیوار بەسەریدا، خوازیاری هەیە! ئەو ئاکارانە بە هەرناوێکەوە بێت، لەگەڵ شارسانیەت و ژیانی ئەمڕۆییدا یەك ناگرنەوە.

**عورف و ئایین لەبەرانبەر یاسای مەدەنیدا.** دەسەڵاتی داواکاری گشتی و دەزگای قەزا لە هەرێمیش و عیراقیشدا لە بەرانبەر پێکهاتنی لایەنەکان لە دەرەوەی دادگا و لێبووردنی خاوەن خوێن کە بنەماڵە و کەس وکاری کووژراوەکان بن، کەم دەسەڵاتە و ئەوەش ڕەگی لە عورف و ئاییندا داکوتاوە. خاڵی گرنگی جیاکەرەوەی یاسای وڵاتانی ئێمەمانان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەوەدایە کە لای ئەوان تاوانبار و پێشێلکاری مافە گشتییەکانی کۆمەڵگا بە ڕەزامەندی و لێبووردنی تاکی قوربانی یان کەس وکار و خاوەن خوێن لە دەست یاسا ڕزگاریی نابێت لەبەر ئەوەی سزای گشتیی یاسایی هەر بەسەردا دەسەپێت و ڕەزامەندی خاوەن خوێن ناتوانێ مافی گشتیی کۆمەڵگالەناو بەریت. ئەوە کێشەیەکی قووڵە و بە هۆی دەسەڵات سەندنی ئیسلامی سیاسی لەناوچەکەدا واهەیە بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژی دوای ئەمڕۆش

چارەسەر نەکرێت و یاسای هەمەگیر نەتوانێ دەوری ڕاستەقینەی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بگێڕێت.

**مەسڵەت کردنی عەشیرەتی.** ئەم خاڵە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بابەتی پێشووترەوە هەیە. بە هۆی ئەو ڕاستییەی کە بڕیاردان لەسەر 'قەتلی نەفس' و زەرەر و زیان گەیشتن بە ماڵ و گیان و ناموسی مرۆڤ دراوەتە دەست خەڵکانی ناپیشەیی بۆ مەسڵەت و دیزە بەدەرخۆنەکردنی تاوانەکان لە ڕێگەی ڕیش لەبەرنان و تکا و خواهیشت و پاڕانەوە و پارەدانەوە. واتە دیاردەی 'مەسڵەتی عەشیرەتی' وەك لەشی زیندووی پێوەندە هۆزایەتییەکانی سەدەکانی پێشوو، ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر لاوازبوونی دەزگای دادوەری و دەسەڵاتی حکوومی. لەو دوو پێگە بڕیاردەرە بەهێزە واتە دەزگای دادوەری و دیوەخان، هەرچەندە یەکەمیان بەهێزتر بێت، دووهەمیان لاوازتر دەبێت و بە پێچەوانەش.

دیاردەی مەسڵەت زۆرجاران لە بەرژەوەندیی زۆرداران و دەسەڵاتداران و چەوسێنەراندا بووە کە هەم خاوەن هێز و پارە بوون، هەم خەڵکی وایان لە دەوروبەر بووە بۆیان بچنە تکا لای هەژار و چەوساوەکان و بە خواهیشت یان هەڕەشە، یان دەم چەورکردن ڕەزامەندییان لێ وەربگرن.[٤٣] کەس وکاری قوربانی گەلێك جار ناچار بە مەسڵەت کردن بوون لەبەر ئەوەی دەرەقەتی هێزی تایفە و هۆزێك نەهاتوون کە چەند قات لەخۆیان بە دەسەڵاتتر و بە ژمارەش لەوان زیاتر بوون.

کێشەیەکی دیکەی مەسڵەت ئەوەیە کە ئەگەر بێت و ڕەزامەندیی کەس وکاری قوربانی بۆ داکووژاندنی کەیسەکە وەرنەگیرێت، ئەودەم بە بەرچاوی یاساوە سەرەتای دوژمنایەتییەکی خراپتر و قووڵتر دادەمەزرێت کە هەندێك جار چەند ساڵ درێژە دەکێشێت و چەندەها خوێنی دیکەی تێدا دەڕژێت. لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا

[٤٣] . سایتی ڕووداو ڕاپۆرتێکی پڕواتای سەبارەت بە دەسەڵاتی دیوەخانی سەرۆك عەشیرەتەکانی باشوور لە بەرانبەر دام و دەزگای دادوەریدا بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا سەرەك هۆزێك دەڵێ "دادوەر هەبووە کێشەی خۆی هێناوەتە لای ئێمە." (دیوەخان، دادگای سێبەر لە کوردستان، ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٤) بڕوانە:
https://www.rudaw.net/NewsDetails.aspx?pageid=387818

هیچ کەسایەتی یان دەزگایەکی سیاسی یان ئایینی بوونی نییە کە بتوانێ ڕەوڕەوەی یاسا بوەستێنێت یان چەواشەی بکات و شێوازێکی جیا لە شێوازی باوی یاسا مەدەنییەکە بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت.

**هێزی بەڕێوەبەرایەتی دژ بە هێزی دادوەری.** دەسەڵاتی بێ سنووری هەندێك بەرپرسی حزبی و هێزی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانبەرانی ورد و درشتی حکوومی و دەروبەریان لە ناوخۆی هەرێمدا، بە ڕادەیەکە کە یاسا و قەراری دەرچووی حاکم و داوەران دەرەقەتیان نایەت و بڕیاری دادوەر دژ بەوان و کەس وکار و خزم و نزیکیان لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە و بەڕێوە نابرێت. ئەم ناتەواوییە بە سەربەخۆ بوونی هێزی دادوەری و هاتنەدەر لە ژێر چەپۆکی هێزی بەڕێوەبەری (چ مەدەنی و چ سوپایی) نەبێت چارەسەر ناکرێت بەتایبەت کە هەردوو ئەو ئەنستیتووتانە ڕەنگی حزبییان لێدراوە و دەسەڵاتی حزبی بڕیاردەری کۆتایی کارەکانە.

**ناتەواویی ئابووری و هەژاری.** هەژاریی بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان لەلایەك و سەرهەڵدانی دەوڵەمەند و ملیۆنەرێکی زۆر لە ماوەی ئەم ٢٠-٣٠ ساڵەدا، کە زوربەیان لە پێوەندی حکوومەت و دەوروبەری حزبە دەسەڵاتدارەکان وەك قارچك هەڵتۆقیون، بۆتە هۆکار بۆ گەورەبوونەوەی کەلەبەری چینایەتی لە کوردستان. کۆمەڵگایەك کە لاقی لە سەر زەویی نەریت بەندە و زوربەی ئەندامەکانی باوەڕیان بەعورف و ئایین هەیە، کاتێ بەخێرایی بەرەو هەڵپەهەڵپی سەرمایەداری دەئاژوێت کە تێیدا، وەك یاسایەکی جیهانی، گەلێك لە بایەخە ئەخلاقییەکانی جێگەی ڕێزی ڕابردوو دەبنە قوربانی و فڕێدەدرێن بە بێ ئەوەی بایەخێکی نوێی هاوکاری و هاوپشتی و هاودەردی شوێنیان بگرێتەوە، خەڵك لە خۆیان و کۆمەڵگاکەیان نامۆ دەبن و دیاردەی وەکوو ڕێز گرتن لە بنەماڵە و مامۆستا و بەرپرس و کاربەدەستی خۆجێ یی و حکوومی ڕێز و برەویان نامێنێت. لە هەواڵەکانی تۆمارکراوی ئەم لێکۆڵینەویەدا دەبینین باوکی شەش منداڵ لەبەر نەداری بە پەت خۆی دەخنکێنێ، مامێکی پارێزەر لە سەر کێشەی میرات و دارایی برازای خۆی دەکووژێت، باندێك دەگیرێن کە بەقاڵێکیان کوشتووە و تاوانی جۆراوجۆری دیکەشیان کردووە، لە کەرکووك لە ماوەی ٩ مانگدا ١٨ شۆفیرِی تەکسی

دەرفێنرێن و دەکووژرێن، مامۆستایەکی ئایینی بۆ ٦ هەزار دۆلار دەکووژرێت، هەڕەشەی کوشتن لە دەرمانسازێك دەکرێت کە تەزویرچی و قاچاخچی دەرمانی بۆ کوالیتی کۆنترۆڵ ئاشکرا کردووە، کچێك کە کەس ئامادە نییە بیگرێتە خۆ هەوڵی خۆکوشتن دەدات، ئەوانەش سەرباری ژمارەی زۆری ژنانی بێ پەنا لە شەلتەری ژنان و خانەی داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراودا کە خۆیان دەسووتێنن یان دەخنکێنن.
تێپەڕبوونی کۆمەڵگا لە قۆناغ و بارودۆخی کۆنەوە بۆ هەل ومەرجێکی نوێ و بەرەنگار بوونەوەی تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێگای ئەو ڕاگوێزرانە، لێزانی و مشوورخواردنی پسپۆڕانەی دەوێت. تاکی کۆمەڵگا، بەتایبەت خەڵکانی هەژاری ژێر باری قورسی ژیان و بنەماڵەی کەم داهات، گەلێك جار خۆ ڕێکخستن لەگەڵ کەش و هەوای تازەیان بە هاسانی بۆ ناچێتە سەر و پشتیان لە ژێر باری گرانی گۆڕانکارییەکاندا دەچەمێتەوە. ئەوە ئەرکی کۆمەڵگا و بەرپرسان و ڕێبەرانیەتی لە ڕێگەی بنیاتنانی دامەزراوە و سەنتەر و ڕێکخراوەی شارەزا و هێنانەکایەی پشتگیری و یارمەتی هەمەچەشنەوە (یارمەتی دارایی، فیکری، یاسایی، پزیشکی، تەندروستی دەروونی و...) بە هانایانەوە بچێت و ببێتە دەلیلی ڕێگایان بۆ ئەوەی هەست بە بار سووکی بکەن و لە باری دەروونییەوە تێك نەچن.

**چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یاسا.** با سەرەتا ئەم هەواڵە ببیسین: " کەسەکە بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە دوو گوللە لە ژنەکەی خۆی دەدات و دەیکووژێ و تەنیا بە پێنج ساڵ بەندکردن سزا دەدرێ. " (ڕووداو، ٢٠١٨/١٢/٣١).نووسەر مافناس نییە و ناتوانێت لە لایەنی یاسایی کارەکان بکۆڵێتەوە بۆ نموونە نازانێت هۆکار بۆ ئەو بڕیارەی سەرەوە کە بەڕواڵەت لەگەڵ گرنگایەتی تاوانەکەدا یەك ناگرێتەوە، چی بووە. بەڵام ئەوەی وا بە گشتی لە ڕووداوەکان و ڕەوتی کاروبار لە کوردستان دەردەکەویت، ئەوەیە کە درزێکی گەورە لە دیواری یاسا و بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا دەبینرێت؛ هۆکاری ئەوەش لاوازیی دەزگای دادوەرییە لەبەرانبەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی و ئیجرائیدا، ئەوەش دژ بە هەموو بنەماکانی دیموکراسییە بۆ کۆمەڵگایەك کە شێوازە ڕواڵەتییەکەی دیموکراتیانەیە و پەرلەمان و هەڵبژاردن و یاسای تاوان و سزادانی هەیە بەڵام کردەوەی ئەو دەزگایانە بە چاو نابینرێت.

**گەندەڵی.** هەر لە پێوەندی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی یاسادا پێویستە ئاماژە بە دیاردەی گەندەڵی بکرێت کە بە داخەوە وەك پەتاپیسە، تان وپۆی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی و هەندێك جار تەنانەت دەزگای دادوەری هەرێمیشی تەنیوەتەوە و بۆتە بەرگر و لەمپەر لە بەرانبەر دەرچوونی قەراری دادپەروەرانەی ئەو دەزگا گرنگە مەدەنییەدا. دیارە ئەو بۆچوونە تەنیا گەندەڵەکان دەگرێتەوە و پاکداوێنی و دەستپاکیی ئەوانی تر، کە بە تایبەت لە دەزگای قەزادا هەن و زۆریشن، ناکات بەژێر لچەوە. لە کوردستان بێت یان هەرشوێنێکی دیکەی ئەم جیهانە، ئەگەر تاك یان دام و دەزگایەك، بە هەر ناویك و هەر ئامانجێك بەربەست لە سەر ڕێگەی یاسا و بەڕێوەچونی دابنێت، یان ملهوڕ و زۆردارە یان گەندەڵ و بەرتیل خۆر و بۆ بەرژەوەندییەکی جیاواز لە خێر و مەسڵەحەتی کۆمەڵگا ئەو هەنگاوە هەڵدێنێتەوە. لە ئامارەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا نیشانەی گەلێك چەواشەکاری لە کاری یاسادا دەبینرێن.

**ئازادی کوژی.** دام و دەزگای بەرێوەبەرایەتی (پۆلیس و سوپا و فەرمانبەرانی مەدەنی) لە هەموو کۆمەڵگایەکی دیموکراتیکی ئەمڕۆدا ئەرکیان بەریوەبردنی دەقاودەق و بێ ئەملا و ئەولای یاسای پەسندکراوی پەرلەمان و دەزگای قەزا (دادوەری)یە. دەست تێوەردان و بەکارهێنانی سەلیقەی شەخسی لەلایەن ئەندامانی ئاسایی کۆمەڵگا یاخود دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەوە، کوشتنی ئازادی و سەرپێچیکردنە لە یاسای دامەزراوی کۆمەڵگا. دەزگای بەڕێوەبەرایەتی تەنیا کاتێك دەتوانێ بچێتە ناو ژیانی خەڵکەوە کە هەست بکات سەرپێچییەك لە یاسا کراوە و بیەوێت سەرپێچیکار بباتە بەردەم دەزگای دادوەری بۆ ڕوون بوونەوەی ئەگەری ئەو سەرپێچییە. بەرپرسانی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتی، تەنانەت لە ریزەکانی سەرەوەشدا، مافی دەست تێوەردانی یاسایان بە بێ پەسندی دەزگای یاسادانەر(پەرلەمان) نییە و ناتوانن لەسەر تاوانبار بوون یان نەبوونی کەسێك بڕیار دەربکەن و بڕیاری خۆیان بەڕێوەش بەن.
هەڕەشە لێکردن یان کوشتنی ڕۆژنامەنووسانێك کە داکۆکی لە ئازادییە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، لەلایەن هەرکەسێك و لایەنێکەوە بێت، سەرپێچی ئاشکرایە لە قانوون. بێ سزا مانەوەی هێرشکار یان بکوژ، بێ دەسەڵاتی و گەندەڵیی دەزگای دادوەری دەگەیێنێت. دیموکراسیەکانی ئەمڕۆی جیهان بۆ گەیشتن بەم قۆناغەی

ئێستایان کە شا و گەدا لە بەرانبەر یاسادا هاوچارەنووسن، لە پلە و پایەی تاوانبار سڵیان نەکردۆتەوە و گەلێك جار بووە کە دەزگای بێ لایەنی دادوەری، بە پێی یاسا، شاهان و بەرپرسانی تاوانباری خۆیان سزای سەخت داوە. ئەو کارە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك سەرینی ئێستراحەت بنێنە ژێر سەریان و کاروباری کۆمەڵگا بە هێمنی بەڕێوە بچێت لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی دڵنیان لە ئەگەری پێشێلکرانی مافەکانیاندا دەزگایەکی بێ لایەنی دادوەری هەیە داکۆکییان لێ بکات، بە تایبەت کە خەڵکانی هەژار و کەم داهات دەتوانن بە بێ پارە و مەسرەف و لە سەر خەرجی حکوومەت پارێزەر و لایەنگری مافەکانی خۆیان هەبێت و بە بێ چاونزێری لە دادگادا بەرانبەر بە سەرپێچیکار بوەستن و مافی لە دەستچووی خۆیان وەدەست بێننەوە، با سەرپێچیکارەکە دەوڵەمەند یان دەسەڵاتدار یان ئەندامێکی باڵای حکوومەتیش بێت. بە کورتی، لەو وڵاتانەدا پارێزەر و داکۆکیکاری ماف تەنیا بۆ دەوڵەمەند و پارەدار نییە و بۆ هەموو کەسە. هەر بۆیەش هەژار و دەست نەڕۆیشتوو دەتوانێت و دەوێرێت لە بەرانبەر دەسەڵاتداردا بوەستێت و مافی خۆی بچەسپێنێت.

ئێمە و کۆمەڵگاکەمان بۆ گەیشتن بەو ڕۆژە ڕوونە پێویستمان بە سەربەخۆیی و سەروەریی یاسا هەیە و ئەوە ئاواتێکی دوورەدەست و نەگونجاو نییە. ئەو ئاواتە کاتێ مسۆگەر دەبێت کە دەزگای بوروکراسی یان عورف و ئایین یان پووڵ و پارە نەتوانێت دەست لە کاروباری دادوەری وەربدات. لە کۆتاییی کاردا دەبێ کۆمەڵانی گەل و بەرژەوەندییەکانیان سەرچاوەی هێزی کۆمەڵگا بن، نەك تاکی دەسەڵاتداری گیرفان زلی بێ باوەڕ بە خەڵك.

**بەربەست بوونی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان.** بەربەست بوونی هەندێك ئازادیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بۆ نموونە، لە مەسەلەی پێوەندی کچ و کوڕ و مافی جنسی و توانای دەربڕینی خواست و مەیلی سروشتیدا، بەشێك لە لاوانی ئەمڕۆی کوردیشی وەك عیراق و زوربەی وڵاتە عەرەبی و موسوڵمانەکان، لە کۆمەڵگاکە و شێوازی بەڕێوە بەرایەتییەکەی دڕدۆنگ و بەدگومان کردووە. ئەوان لە کۆمەڵگای هەردەم بگۆڕی ئەمڕۆدا هەست دەکەن مافە سروشتیەکانیان بە ناحەقی لێ زەوت کراوە و نەوەی کۆن

خواستی تێگەیشتن لە نیازەکانی ئەوانی نییە. بەشێکی بەرچاو لە کوڕ و کچانی گەنج دەپرسن بۆچی دەبێ تەنانەت بە ڕادەی لاوانی تورکیا و ئێرانیش لە هەڵبژاردنی شێوەژیانی خۆیاندا ئازادییان نەبێت. ئەو هەستە لە کۆمەڵگا نەریتییەکەی خۆیان دووریان دەخاتەوە کە بەتەعبیری ئەوان دواکەوتووتر لە جیهانی دەرەوەیە و وەك ئاکامێکی ئەو بۆچوونە، وەفاداری بە یاسا و پەیڕەوەکانی ناو کۆمەڵگایان تێدا دەفەوتێت؛ ئەوەش زۆرجار دەگاتە ئەنجامی سەرپێچی و تاوان، یان هیچ نەبێت کەس و کار و وڵات بەجێ هێشتن و ڕووکردنە ئەورووپایەك کە لایان وایە و لە هاوڕێیانی خۆیانی دەبیستن تێیدا دەرەتانی دابین کردنی مافی چارەنووسی شەخسی و لە یەك وشەدا ئازادییەکی ڕێژەیی لە بەند وبەستی بنەماڵە و کۆمەڵگا زیاتر و مسۆگەرترە. ئەوەش بە واتای لەدەستچوونی هێزێکی زۆری بەرهەمهێنەر، کە لاوەکانمان بن و تێکچوونی نەزم و نیزامی بنەماڵە و نەمانی سەربەخۆیی ئابووری و بەسترانەوەی زیاتری وڵات بە بەرهەمی لاوەکییەوە، خۆ ئەگەر ئالوودەبوونی بەشێك هەر لەو پەنابەرانە بە دەرمانخواردن و نەخۆشیی جنسی و قاچاخچییەتی و زەواجی سەرنەکەوتوو و کەوتنەوەی منداڵی بێ سەرپەرشت و گەلێك کێشەی مەزنی دیکەی کۆمەڵایەتی و خێزانیی تێدا نەگیرێتە بەرچاو، کە نووسەی ئەم توێژینەوەیە ڕاستەوخۆ لە ماوەی زیاد لە ٢٠ ساڵ کارکردن لەگەڵ پەنابەرانی کورد لە بەریتانیادا گەلێکیانی بەچاوی سەر بینیوە و لە پۆلیسخانە و دادگا و زیندانەدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە.

هەرچۆنێك بێت، سەیرێکی ساکاری ئەو ئامارەنەی سەرەوە دەریدەخات کە ژمارەی تاوانەکان لەو شوێنانەی وا ئازادییەکی ڕێژەیی هەیە، کەمترە لەو شوێنانە کە پاشماوەی شێوە ژیانی خێڵەکی تێیاندا بەهێزترە و بەربەست لە سەر ڕێگەی ئازادییە تاکەکەسییەکان زیاترن. بۆ نموونە، بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ئێمە، لە کەرکووك، کە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا پشتگوێ خراوە و بۆتە قوربانیی ململانیی بەغدا و هەولێر و تەنانەت هەولێر وسلێمانی و متمانە بە ژیان کەمتر و ئاڵۆزی و تێکگیرانی قەومی زیاترە، ڕادەی تاوانیش بەرزتر لە زۆر شوێنی دیکەیە. هەواڵێکی زۆرمان لە هەورامان و خانەقینەوە پێنەگەیشتووە و بەم پێیە، دەکرێ بە ئیحتیاتەوە بڵێین لەو دوو ناوچەیە هێمنایەتییەکی زیاتر باڵی بەسەر ژیاندا کێشاوە.

دیارە هەندێك هۆکاری دیکەش هەن کە هەموو بەسەریەکەوە ئەو بارودۆخەیان خولقاندووە و لە ناویاندا سەرەڕۆیی و چەك بەدەستەوەبوونی خەڵك و هەستی تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی و بنەماڵەیی، هەڕەشە و گوڕەشەی کەس وکاری تاوانباران لە لایەك و دەرەتانی تکا و ڕجا و ڕیش لەبەر گرتنی ڕیش چەرمگ و ناسیاو بۆ چاوپۆشی لە تاوان و تاوانبار و تەنانەت ترسی گیان و ئاسایشی دادوەران و پارێزەران و داواکاری گشتیش کە گیان و ژیانی هەرکامیان بە پەلەپیتکەی دەمانچەی خزمێکی دوور و نزیکی تاوانبارەوە بەندە، هۆکارن بۆ درێژە کێشانی ئەو هەل ومەرجە. بەڕێوەبردنی یاسا تەنیا بە دەزگای دادوەری گونجاو نابێت و هاوکاری و هاوپشتیی هەموو سیستەمی حکوومەتی پێویستە بۆ ئەوەی تاوانبار و لایەنگرەکانی ئاوی گوێیان دابدرێت کە بە زەبری پارە و پاڕانەوە و دیوەخان و شێخ و وەملا و مەسئوول و حزب ناتوانن لە ژێر باری کردەوەی تاوانبارانە دەربچن. تەنیا لە ڕێگەی ئەو کارە هاوبەشەوە دەتوانین دڵنیابین کە ئاسایش و هێمنایەتی باڵی پیرۆزی خۆی بەسەر نیشتمانە خۆشەویستەکەماندا دەکێشێت.

**مەسەلەی ئیعدام**. لە پێوەندی سزای تاوانباراندا، بە تایبەت کاتێ کە باس لە کوشتن دێتەپێشەوە، دەست بەجێ پرسیاری ئیعدامی تاوانباران سەرهەڵدەدات. ئاشکرایە لە ڕووداوی تاوانبارانەی وەك کوشتندا زوربەی هەرەزۆری کەس وکاری قوربانی و خەڵکانی ئاسایی لایەنگری تۆڵە و قەساس و ئیعدامی بکوژ یان بکوژانی کەسەکەن و ئەوە دەرسێکە نەریت و ئایین لە ماوەی هەزاران ساڵدا فێریان کردووین. بەڵام لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم بەدواوە بەشی هەرەزۆری خەڵك لە سەرانسەری جیهان دەرسیان لە ڕابردوو وەرگرتووە و تێگەیشتوون کە ئیعدام نەیتوانیوە بەرگر بێت لە کوشتن و تاوانی زیاتر، هەربۆیەش قەراری ئیعدامیان لە یاساکانی خۆیان دەرهاویشتووە. خۆ ڕێك خستنی کورد لەگەڵ بەشی زۆری گەلانی جیهانی ئەمڕۆ تەنانەت وڵاتانی وەك تورکیا و ئازەربایجان و ئەرمەنستانی دەوروبەرمان نابێ کارێکی ئەستەم بێت. دیارە یاسایەکی ئەوتۆ پێویستی بە هەندێك ئامادەکاری وەك نەهێشتنی چەکی بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە و سەربەخۆ بوونی دەزگای دادوەری و دەست تێوەرنەدانی دەزگای

ئیجرایی و دام و دەزگا نەریتییەکان بۆ نموونە، دیوەخانی سەرۆك عەشیرەتان لە کاروباری دادوەری هەیە. ئەوانە، ئەگەر خواست و ئیرادەی خەڵکیان لەپشت بێت، کاری نەگونجاو نین وەك بۆ گەلانی دیکەش نەگونجاو نەبوون. ئاشکرایە حکوومەتی هەرێم، لەو بوارەدا جگە لە بەربەستەکانی سەرەوە ڕووبەڕووی کێشەیەکی دیکەش دەبێتەوە ئەویش حکوومەتی ناوەندیی عیراق و یاساکانیەتی. بەڵام لێرەشدا کوردستان دەتوانێ دەورێکی پێشڕەوانە بگێڕێت و هەوڵی هاوڕا کردنی عیراق لەگەڵ خۆی بدات و بەم کارەی مێژوویەکی گەورەیی و سەروەری لە نێو هەموو وڵاتانی عەربی و ئیسلامیدا بۆ کوردستانی پێشڕەو مسۆگەر بکات. ئەوە نە خەون و خەیاڵە و نە ئارەزوویەکی دوورەدەست. حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانی بۆ ئەو کارە گرنگە و بۆ گەلێك کاری پێشڕەوانەی تریش، گوشار بخاتە سەر بەغدا.[٤٤]

**بێ مافیی ژن.** بە داخەوە کەم ڕێزی و کەم بایەخیی ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری کوردستان دیاردەیەکی ناسراوە. لە بەشێکی بەرچاوی کەیسەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا، بە تایبەت لەوانەی کە بە ناوی خۆسووتاندنی ژنان یان دۆزرانەوەی تەرمیان بە سووتاوی و خنکاوی ڕادەگەیێنرێن، لە ڕاستیدا کووژراون نەك خۆیانیان کوشتبێت و سووتاندبێت! بە داخەوە، پیاو بە گوێرەی نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگای کۆن و دەسەڵاتی زۆری عورف بە سەریەوە، شەریکی ژیانی ژن نییە بەڵکوو خۆی بە ئاغا و گەورە و تەنانەت 'خاوەن'ی ئەو دەزانێت و ئیتاعە و مل دانەواندنی بێ سنووری لێ دەخوازێت. لەئەنجامدا هەرچەشنە لادانێکی ژن لەو 'یاسا' دانراوەی خۆی و کۆمەڵگا، بە تاوان دەژمێرێت و بەشوێن سزادانیدا دەگەڕێت، لە زۆر کەیسیشدا بایەخی پێویست بە دەسەڵاتی دادوەری نادات و نایکاتە حەکەمی نێوان خۆی و ژن یان کچەکەی، لە ئەنجامدا خۆی دەسەڵاتەکە دەگرێت بە دەستەوە و لە

---

[٤٤] لەوانە، دامەزرانی مافی کۆپی ڕایتس بۆ کتێب و ڤیدیۆ و بەرهەمی هونەری، یان لابردنی یاسای پڕ شەرمەزاریی ناسراو بە 'ژمارەی ئەسپاردن' (رقم الایداع)، کە بە گوێرەی ئەو هەموو مافێکی ئازادی بیروڕا و ئازادیی ڕاگەیاندن پێشێل دەکرێت و دەزگایەکی نادیاری سانسۆر بە سەر بیر و هزری هونەرمەند و نووسەر و شاعیردا زاڵ دەبێت- کەم و زۆر وەك ئەوەی وا ئایەتوڵلاکانی ئێران دەیکەن!

تووڕەیی و هەڵچوونی تێپەڕ و کاتییدا سزای ئەو بە خەیاڵ تاوانبار و لە ڕاستیدا بێ تاوانە دەدات و زۆرجاریش بە مەسەلەی ناموسیی دەبەستێتەوە و بە ئاگاداریی لە نزم بوونی ڕادەی 'دیە'ی شەرعی و برەوی مەسڵەتی عەشیرەیی، تەوژمی ڕقی بێ مەنتیقی خۆی بەسەریدا دەبارێنێت، کە ئەویش خۆی لە گولـلە یان چەقۆیەك یان بتڵێك نەوت و بەنزیندا دەبینێتەوە. ئەوە گەورەترین شەرمەزاریی کۆمەڵگای کوردە و بەداخەوە بێگانان کورد ڕاست بەو دیاردەیەوە دەناسن، واهەیە نەتوانین ناحەقیشیان بگرین.

**کوشتنی ناموسی.** لە درێژەی بابەتی سەرەوەدا، دیاردەیەکی گرنگ و جێگەی داخ هەیە کە لە کۆنەوە لە کوردستان بینراوە و مخابن لە ماوەی ئەم توێژینەوەیەشدا بە ڕادەیەکی زۆر خۆی پیشانداوە، ئەویش قەتڵی ناموسی واتە کووژرانی کچ و ژنی ناو بنەماڵەیەکە لە لایەن کەس وکاری نزیکی خۆیەوە بە "گومان" ی گەلێك جار بێ بنەمای خەیانەت یان دۆستایەتی و پێوەند گرتن لەگەڵ کوڕان! جیا لە مەسەلەی ناموسی و پێوەندی دوو هاوسەر لەگەڵ یەکتر، ژنان تەنانەت لە ماڵەبابی خۆیاندا مەترسی زیاتریان لەسەرە و لە لایەن برا و باوکەوە گیانیان لە مەترسییەکی زیاتردایە. لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کچێکی ١٧ ساڵان بە دەست برای خۆی کووژراوە، ژنێك لە سەر نامەیەکی مۆبایل کووژراوە، کچێك خنکێنراوە و باوکەکەی دیار نەماوە، پیاوێك بە یارمەتی کوڕەکەی دایکی حەقی کوڕەکەی کوشتووە، پیاوێکی دیکە هاوسەری خۆی کە خاوەنی ٦ منداڵ بووە کوشتووە و سەمەرە ئەوەیە هەموو ئەو تاوانە چەپەڵانە و دەیانی دیکەش بە خەمساری کراون و هیچ هەواڵێك نەگەیشتۆتە دەستمان کە بکەری کارەکان دواتر لێیان پەشیمان بووبێتەوە، وەك ئەوەی کوشتنی کەسێکی، بە بۆچوونی ئەو، بە لاڕێدا ڕۆیشتوو، ئەرکی سەرشانی ئەو بێت و پۆلیس و دادگایەك و حکوومەتێك نەبن بە ڕاست و چەوتیی کێشەکە ڕابگەن!
ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٤ کە هێشتا ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاو نەبووبوەوە، هەواڵێکی جێگەی سەرنجی خەڵك و حکوومەت بڵاو بووەوە. "بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری شەش مانگی رابردووی خۆی بڵاوکردەوە." بە پێی ئامارەکە، "لە

شەش مانگی ڕابردوودا، کە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەش دەگرێتە بەر، لە هەرێمی کوردستاندا ٢١١ ئافرەت بە هۆکاری جیاواز کووژراو یان سووتێنراون....هەر لەو ماوەیەدا ٤٩٧٢ سکاڵاش تۆمار کراوە." لە هەر ڕوانگەیەکەوە بڕوانیە ئەو ئامارە کە لایەنێکی پێوەندیداری بەرپرسی کارەکە بڵاوی کردۆتەوە، ئامارەکان پێوانەیی و واهەیە نەك لە ناوچەکە بەڵکوو لە جیهاندا بێ وێنە بێت. ئێمە کێین؟ چیمان دەوێ؟ ئایا گورگ و بەرازیش لەگەڵ جنسی خۆیان ئەوە دەکەن کە ئێمە دەیکەین؟

**بە حیسابی هەر ئەو ئاماری ٢١١ کەسە، هەموو مانگێك زیاد لە ٣٥ ژن و کچ لە هەرێمی بچووکی کوردستاندا دەکووژین تەنیا بە تاوانی ئەوەی مێیینەن و ئێمەی نێرینە دەرەقەتیان دێین! ئەوە دەکاتە ڕۆژی زیاد لە یەك ژن. لە ناو پێنج ملیۆن دانیشتووی کام وڵاتدا نزیکەی ٥ هەزار سکاڵای کوشتن و توندوتیژی دژ بە ئافرەت تۆمار دەکرێت واتە بۆ هەر هەزار کەس یەك سکاڵا. ئێستا زیاد لە نیوەی ئەو ٥ ملیۆنە منداڵن، ئەوان هیچ؛ دەمێنێتەوە ٢ ملیۆن و نیو. ئەوانەش نیوەیان ئافرەتن و ئەو کارە لەوان نەوەشاوەتەوە، واتە لە ناو ملیۆنێك و ٢٥٠ هەزار کەسی پاشماوەدا، کە نێرینەکانن، ٥ هەزار سکاڵای دەستدرێژی بۆ سەر مافی ژنان تۆمار کراوە، ئەوەش دەکاتە یەك لە ٢٥٠ پیاوی دانیشتووی هەرێم کە بەرتۆمەتی ئەو تاوانە قیزەوەنن. ئایا ئێمە ئەشرەفی مەخلووقاتین؟ ئایا نابێ بەخۆماندا بچینەوە؟**

**بێ پەنایی منداڵ.** توندوتیژی دەرحەق بە منداڵ یەك لەو دیاردانەیە کە بەداخەوە لە کوردستان برەوی زۆری هەیە. تەرمی منداڵێکی ١٣ساڵان لە سلێمانی دۆزراوەتەوە کە شوێنی لێدان بە سەر لەشیەوە دیار بووە، کچێکی تەمەن دوو ساڵان لەبەر سەرما ڕەق بۆتەوە، باپیرەیەك گوتوویەتی زاواکەیان ئاگری لە جەستەی ژن و سێ منداڵی خۆی بەرداوە و هەرسێ منداڵەکە کوژراون، تەرمی منداڵێکی شەش ساڵان بە دەست بەستراوی دۆزراوەتەوە کە دەستدرێژی کراوەتە سەری، منداڵێك بە پەت خنکێنراوە، سێ کەس دەستدرێژییان کردۆتە سەر کچێکی حەوت ساڵان، و...

کێشەیەکی دیکەی ناو بنەماڵەکانی کوردستان هەندێك هەڵسوکەوتی نالەباری دایك و باوکە لەگەڵ منداڵی بێدەسەڵات. نموونەکەی تووڕە بوونی زۆر و لێدانی منداڵە بە دەستی دایك و باوك، بەتایبەت باوك. ئەوە بۆ منداڵی ئەمڕۆ کە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە

هەڵسوکەوتی دایك وباوکان لە وڵاتانی ئەورووپی یان ژاپۆن و کۆریا دەبینێت و لەگەڵ خۆی و بنەماڵەکەیدا بەراوردی دەکات گرێیەکی ڕۆحی دروست دەکات کە واهەیە تا کۆتایی تەمەن بۆی نەکرێتەوە و درز بکەوێتە دیواری پێوەندییەکانی لەگەڵ دایك و باوکی. ئەو منداڵەی وا لە ماڵەوە هەڵسوکەوتی خراپی لەگەڵ دەکرێت، هەمان تەعامول لەگەڵ خوشك وبرای بچووکتری خۆیشی دەکات و بەوشێوەیە کەلەبەری ناو دیواری پێوەندییەکانی بنەماڵە فراوانتر دەبێتەوە.

هەر لەو پێوەندییەدا دەبێ باسی بێ مافیی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکرێت کە بنەماڵەش و کۆمەڵگاش وەك پێویست بە هانایانەوە ناچن. لەم هەواڵانەدا دەبیسین کە کچێکی خاوەن پێداویستی تایبەت لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدرێت، دەستدرێژی جنسی کراوەتە سەر!

**چەکی بێ مۆڵەت.** وەك هۆکارێکی گرنگی تاوانەکان دەبێ پەنجە بۆ ڕادەی زۆری چەکی بێ مۆڵەت بە دەست خەڵکەوە ڕابکێشرێت. چەکی بێ مۆڵەت بێگومان هۆکارێکە بۆ هاسان کردنەوەی کردەوەی قیزەوەنی کوشتن و بریندار کردن، جا خۆکوژی بێت یان خەڵك کوژی. بە گوێرەی ڕاپۆرتی سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤی هەرێم، *"٧٠٪ ی تاوانەکانی کوشتن بە چەکی بێ مۆڵەتەوە ئەنجام دراوە"* (سایتی ئاوێنە، ٢٠١٨/١١/٢٣). لەو مەسەلەیەدا بارودۆخی گەلی کورد و خەباتی نهێنی دژ بە داگیرکەر لە ڕابردوودا، کە پێویستی بە ڕاگرتنی چەك لە ماڵی خەڵکانی شۆڕشگێڕدا هەبوو، هۆکارێکی سەرەکین. بەڵام سەبەبی گرنگتر دەبێ سەقامگیر نەبوونی دۆخی وڵات و ناوچەکە و بوونی تیرۆریستانی وەك داعش و بەکرێگیراوانی وڵاتانی دراوسێ بێت کە خەڵکەکەیان مەجبوور کردووە بۆ پاراستنی خۆیان چەکی ئامادە لە ماڵیاندا ڕابگرن. لە لایەکی ترەوە، دیارە چەکەکە خۆی تاوانبار نییە و ئەو دەستەی وا کەڵکی نابەجێی لێ وەردەگرێت تاوانبارە. دەستی تاوانبار، ئەگەر چەکی گەرمیشی دەست نەکەوێت واهەیە بە چەقۆ و کەتەر و پاچ و تەشوێ کارەکە بەڕێوە ببات. ئەوە لاوازیی دەزگای دادوەرییە لە کاری سزادانی سەرپێچیکەران و کەسانی خاوەن چەکی بێ مۆڵەتدا کە بۆتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگاکە ببێتە لەشێکی بێ سەر و

هەرکەس هەرچییەکی ویست بە بێ ترس و ئەندێش کردن لە سزا دەیکات. کێشەی ناوخۆیی و شەڕەجنێوی ناو حزبە کوردییەکان و دابڕاویی کۆمەڵانی گەل بە سەر لایەنگرانی ئەم حزب و ئەو ڕێکخراوەی چەکداردا، هەروەها دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی کۆنی نێوان بنەماڵە و عەشیرەتەکانیش دەبێ لە پێوەندیی بەکارهێنانی چەکدا بگیرێتە بەرچاو.

**هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات.** بەشێك لە تاوانکاران دوای بەڕێوەبردنی تاوانەکە، بێ سەروشوێن دەبن و بە ئەگەری زۆر سەر لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەردێنن بۆ ئەوەی لەوێ بە ناوێکی خوازراوەوە داوای پەنابەری بکەن. من خۆم لە لەندەن کەسێکم بینیوە کە دەگوترا ژنی خۆی کوشتبێت و بە یارمەتی حزبەکەی خۆی لە بەریتانیا پەنابەریی تەواوی پێدرابوو. جێگەی داخ ئەوەیە کە دەوروبەرییەکانیشی بەو ڕاستییەیان دەزانی بێ ئەوەی هیچکامیان لە قسەکردن و پێکەنین و قسەی خۆش کردن لەگەڵیدا بپەرموونەوە یان هەستێك بە شەرمەزاری بکەن یا هیچ نەبێ، بۆ ئەو کارە چەپەڵەی کردوویەتی سەرکۆنەیەکی ساکاری بکەن. لە ماوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا چەندەها کەیسی هەڵاتن و خۆ وون کردنی تاوانباران و هەڵاتنیان بۆ دەرەوەی وڵات ڕاگەیێنراون. لە هەولێر کوڕێك دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکەکەی و هەڵدێت، لە سلێمانی کوڕێك باوکی خۆی دەکووژێت و هەڵدێت، لە ڕانیە دووکەس بە چەك باوکێك دەکووژن و کوڕەکەی بریندار دەکەن ئینجا هەڵدێن و...
کێشەیەکی دیکە لەو پێوەندییەدا ئەوەیە کە دوای هەڵاتنی تۆمەتبار و چوونی بۆ دەرەوەی وڵات، لەجیاتی ئەوەی دەزگای دادوەری لە ڕێگەی ئینتەرپۆڵەوە کەسەکە بگەڕێنێتەوە ناو وڵات و پرس وجۆی مەسەلەکەی لێبکات، بنەماڵەکەی کەڵك لە نەریتی مەسڵەت کردن وەردەگرن و دوای ماوەیەك بە مشتێك دۆلار، کە تۆمەتبار لە ئەورووپاوە بۆیان دەنێرێت، سەروبەری کارەکە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤکوژیش بووبێت، پێك دێنن و جەنابی بکوژ قیت و قۆز دەگەڕێتەوە ناو شار و گوندەکە و وەك مێشی لێ میوان نەبووبێت بە بەرچاوی بنەماڵەی قوربانییەکەوە دەبێتە بەرزەکی بانی دراوسێکانیان.

**ڕفاندن.** بریتییە لەو کردارە دژە یاساییەی کە کەس یان کەسانێك یان دام ودەزگایەك، بە زۆرە ملی ئەندامێکی کۆمەڵگا بە بێ خواست و ئیرادەی ئەو دەڕفێنن و وەك بارمتە ڕایدەگرن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ئازاد کردنیدا کەسانێك تەڵەکە بکەن و بچەوسێننەوە. بەشێکی دیکە لە ڕفاندنەکان بۆ خواستی چەپەڵی جنسییە و بەتایبەت کچان و ژنان دەگرێتەوە و هەندێك جار بۆ شوێنە گومکی و نەناسرانەوەی دەستدرێژیکاران، دەگاتە ئەنجامی کوشتنی ڕفێنراوەکانیش. لە هەوالەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا تووشی هەندێك کەیس دێین کە ڕفێنراوەکان کووژراویشن. لە کەرکووك ٣ کەس لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا دەڕفێنرێن و دەکووژرێن (ڕووداو، ٢٠١٨/١٠/٢٩).

**دەستدرێژی.** لە پێوەندی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، دەستدرێژی بریتییە لە پێشێل کردنی مافی یاسایی تاك و چوونە ناو حەریمی تایبەتی ئەوەوە بە بێ خواست و ئیرادە و مۆڵەتی خۆی. دەستدرێژی لە پلەی یەکەمدا ئەتك کردن و لاقەکردن دەگرێتەوە بەڵام گەلێك دیاردەی ناحەزی دیکەی وەك ناوزڕاندن، سووکایەتی پێکردن، جنێو پێدان، هەڕەشە لێکردن، زەوت کردنی ماڵ و دارایی و بە گشتی تێکدانی ئاسایشی شەخسی و خۆسەپاندن بە سەریدا دەکەونە ناو بازنەی دەستدرێژییەوە. بە داخەوە زوربەی زۆری ئەو دەستدرێژییانە بۆ سەر کچان و ژنان کراون، باوەکوو پیاوان و لاوان و مێردمندالان تەنانەت مندالانی کەم تەمەنیش لە بەرانبەر ئەو کردەوە وەحشییانەیەدا پارێزراو نین. بەشێك لەو دەستدرێژییانە لە لایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبرێن کە خزمی نزیك و دووری کەسەکەن و لە بارودۆخێکی ئاساییدا چاوەڕوان دەکرێت پارێزەری ماف و نامووسی قوربانییەکە بن، بەڵام بە پێچەوانە بەشێك لەو بەناو پارێزەرانەی ماف دەبنە دەستدرێژیکاری مافی قوربانییەکە.

لە هەواڵەکانی ١٣ مانگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەستدرێژیکردنی ئەندامانی بنەماڵە و خزم و کەس وکار بۆ سەر یەکتر، گەلێك بەرچاوە. کوڕێك باوکی خۆی بە چەقۆ دەکووژێت و دایکی خۆی بریندار دەکات، باوکێك کوڕی خۆی دەکووژێت، باوکێکی تر کوڕی خۆی بە چەقۆ دەکووژێت، برایەك خوشکی خۆی لە سەر مۆبایل

دەکووژێت، پیاوێك بە بەرچاوی منداڵەکانیەوە ژنەکەی خۆی دەکووژێت، بە شەڕە تەقەی سێ برا یەکیان دەکووژرێت، ژنێك بە دەمانچە مێردەکەی خۆی دەکووژێت، دایکی سێ منداڵ لەلایەن خوشك و براکانیەوە دەخنکێنرێت، کوڕێك بە دەست براگەورەکەی دەکووژرێت، کەسێك بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە ئاگری لە جەستەی ژن و سێ منداڵی خۆیان بەرداوە، و...

باوەکوو چەوسانەوەی جنسیی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و کەم و زۆر لە هەموو کۆمەڵگایەکدا دەبینرێت، بەڵام لەناو ئەو کۆمەڵگا نەریتییانەی وا لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی ئەم یەك دوو سەدەیەی دواییدا ڕاوەستاون و هاوشان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی نەچوونەتە پێشەوە، تاڕادەیەك زیاتر و توندوتیژترە.

دیارە ناتەباییەکی زۆر لە نێوان ژیانی نەریتیی کۆمەڵگا و ئەو شێوە ژیانەدا هەیە کە لە هەندێك هەواڵ و فیلم و ڤیدیۆ ڕۆژئاواییەکاندا ڕەنگ دەدەنەوە و شەو وڕۆژ لە تەلەفیزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڤیدیۆ و یوتیووب یان فیلمی 'پۆڕن'ی سەر ئینتەرنێتدا دەکەونە بەرچاوی لاوان و بە شێوەیەکی سروشتی، لایەنگر و بینەر و شوێنکەوتووشیان هەیە. پێشکەوتی کەرەسەی پێوەندی بە تایبەت لەو ساڵانەی دواییدا کارێکی کردووە کە بەچرکەیەك دەکرێ لە بەرزایی چیاکانی ئاسیا و قووڵایی دەشتەکانی ئەفریقاوە پێوەندی بە نیویۆرك و لەندەن و پاریسەوە ببەسترێت. لە ئەنجامدا دۆزینەوەی ئەو چەشنە بابەتانەش لە سەر ئینترنێت تەنیا بە دوو سێ کلیك کردن و زۆرجار بە بێ پارە و مەسرەف مسۆگەر دەبێت!

بە داخەوە بەشێك لەوانە دەبنە نموونە و سەرمەشق بۆ هەندێك ئەندامی کۆمەڵگای ئێمەمانان و ئەگەر دەستەبەرکردنیان لە جیهانی واقیع و لە ژینگەی نەریتیی کوردستاندا گونجاو نەبێت، هەوڵ بۆ دابین کردنیان لە ڕێگەی ناسروشتییەوە دەدەن و بەوەش کارەساتی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

ئەویندارى و خۆشەویستى لە نێوان کوڕ وکچ، لە کۆمەڵگای ڕەسەنی کورددستان واتە لە ناو گوندنشین و کۆچەراندا شێوازێکی مەنتیقی و سروشتی هەبووە و کوڕ وکچ بە هەندێك حەیا و شەرمەوە، بەڵام بە بێ ترس لە توندوتیژیی کەس وکار، یەکتریان خۆش ویستووە و چاویان بە یەکتر کەوتووە. شیعری گۆرانی و بەیت وباوە کۆنەکانمان، بۆ نموونە مەم و زین و لاس و خەزاڵ و خەج و سیامەند، پیشاندەری

ئەو پێوەندییە سروشتییانەن. تەنانەت مەم لەگەڵ زیندا پێکەوە لە قوتابخانەیەك دەرسیان خوێندووە و لە منداڵییەوە یەکتریان ناسیوە. دزە کردنی داب و نەریت و ئایینی گەلانی دراوسێ بۆ ناو کۆمەڵگاکەمان، وەك داب و ڕەسمی خۆ شاردنەوەی کچانی عەرەب و ئێرانی لە ناو ماڵ و لەژێر چارشێو و ڕووپۆش، کە لە کۆنەوە لەناویاندا بووە و درەنگتر بەرگی ئایینی لەبەر کراوە، بەداخەوە هاتۆتە ناو ئێمەش و ئەو ئازادییە نەریتییە خۆماڵییە جوانانەیان لەدەست سەندووین. ئێستا کوردەواری بۆتە گۆڕەپانێکی شەڕ لەنێوان نەریتی ڕەسەنی خۆمان و داب و ڕەسمی بێگانان، کە بەداخەوە وێدەچێت ئەوان برەوەی کێبەرکێکە بن و ئێمە داب و ڕەسمەکەی خۆمانیان پێ بدۆڕێنین. دەنا بەشێکی زۆر لە گەلەکەمان هەزار ساڵە موسوڵمانە و لە عەینی کاتدا خۆشەویستی و حەزلێکەری و گۆرانی پێداهەڵگوتن و هەڵپەڕینی ڕەشبەڵەکشی هەر بووە، کچ و ژنیش چارشێوی بەسەردا نەداوە، لە پیاوی بێگانە نەترساوە و خۆی لێ نەشاردۆتەوە. کوڕانی گوند هەمیشە بوونەتە بەرزەکی بانی ماڵەبابی کچان و کچیش دەسرە و کڵاوی بۆ خۆشەویستەکەی چنیوە؛ یان سێو و مێخەك و گوڵەمێلاقە بە دیاری بەیەکتر دراوە. هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە چوونەتە کارگ و کەما و فریزوو چنین و شەنگە بێری و کوڕەشوان بەبەرچاوی مەلا و فەقێ و مزگەوتەوە ڕۆژانە دەستی ڕەشبەڵەکیان گرتووە و تەنانەت فەقێی حوجرەکانی مزگەوت لە کوڕەلاوی ناوگوندیش دڵتەڕتر بوون. ئێستا کۆمەڵگاکەمان، کورد گوتەنی لە دوو دین بووە! لەلایەك هەموو ئەو نەریتە پاك و خاوێنانەمان لە دەست چووە، لەلایەکی تر، شێوەژیانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاواشمان وەرنەگرتووە کە لەوێشدا بەشێك لە جوانی و ڕازاوەیی ژیانی سوننەتی ئێمە هەیە: کور و کچ لە منداڵییەوە پێکەوە دەخوێنن، دەچنە ماڵی یەکتر و جەژن و پارتی پێکەوە دەگرن و هەڵدەپەڕن، ئیتر لە گەورەییشدا وەك جندۆکە لەیەکتر ڕاناکەن و خۆ ناشارنەوە.

بەربەستی قورس وقایم دانان لەسەر ڕێگەی پێوەندیی کوڕ وکچ و خواست و ئارەزووی جنسییان، نەك هەر داوێنی کۆمەڵگای بە پاکی و چاکی ڕانەگرتووە، بەڵکوو بۆتە هۆکاری گەلێك سەرپێچی و تاوان، ئەوەش نیشانە و نموونەکانی لە ناوهەواڵەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیەدا: هەشت کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی ١٢ ساڵان، سێ کەس دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی ٧ ساڵان، پیاوێك دەستدرێژی دەکاتە سەر

کچێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت، لاوێکی کورد لە ئاڵمانیا دەستدرێژی دەکاتە سەر کچێکی ١١ ساڵان و ماوەیەك دواتر کچێکی دیکە دەکووژێت کە دەستدرێژیشی کردۆتە سەر ئەویش، کوڕێك دەستدرێژی دەکاتە سەر خوشکی خۆی و هەڵدێت، هەروەها بە گوێرەی هەواڵێکی دژە تیرۆر، لە ماوەی نۆ مانگ [ی ساڵی ٢٠١٨]دا، لە هەرێمی کوردستان دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەر ٨٧ ئافرەت. گەلۆ ئەوانە ووشیارمان ناکەنەوە؟ ئەگەر مامۆستاکان لێمان ناگەڕێن ڕەچاوی ئەورووپا و ئەمریکا بکەین، ئایا ئیجازەشمان پێ نادەن لە جیاتی داب و ڕەسمی عەرەب و ئێرانی، بگەڕێینەوە سەر نەریتی کۆنی باو وباپیرانی خۆمان؟

**لاوازیی پێوەندی لە نێوان ئەندامانی بنەماڵە.** لاوازیی پێوەندەکانی بنەماڵە، دەتوانێ درەنگتر کارەسات بخوڵقێنێت. دایك و باوك دوایین پەناگە و داڵدەی منداڵن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ژیانیدا، جا ئەگەر ئەو داڵدەیە شێوا و ئەو پەنایە نەما، ئیتر ئەوان دەمێنن و کۆمەڵگای بێ بەزەیی، کە هەندێك جار چاوی تەماعیان تێدەبڕێت و بە سوودی خۆی کەڵکی نابەجێ و نەخوازراویان لێوەردەگرێت. مخابن، بەشێکی بەرچاو لە تاوانە تۆمارکراوەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە ڕاست لەلایەن کەس وکاری قوربانییەکانەوە بەڕێوەبراون جا باوك یان کوڕ یان برا، یان هاوسەر و مام و برازا و.... ئەوەش، قووڵایی تاوانەکان و دڵنیگەرانی دڵسۆزان لەمەڕ لاواز بوون و شل وشەوێقی پێوەندی بنەماڵەیی لە کۆمەڵگای کوردستاندا زیاتر دەنوێنن. بنەماڵە، جیا لە هەموو هەڵوێستێکی ئایینی، نەتەوەیی و زمانیی ئەندامەکانی، بەدرێژایی مێژوو پیرۆزترین پێکهاتەی مرۆڤ بووە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ئەو ئەنستیتوتە پیرۆزە وا بێ بەزەییانە بکەوێتە بەر هێرشی ئەندامەکانی خۆی، چارەنووسی هیچکامیان ناتوانێ بریقەدار بێت. هەر لە هەواڵە تۆمارکراوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەبینرێت چۆن کوڕ بە چەقۆ باوکی دەکووژێت و دایکی بریندار دەکات، کوڕێکی تر بە دەمانچە باوکی دەکووژێت، گەنجێك براگەورەی خۆی دەکووژێت، مام دوو برازای خۆی و برازایەك مامی خۆی دەکووژن، برایەکی ٢٩ ساڵان برای ٤٢ ساڵانی خۆی لەسەر دواکەوتنی نوێژەکانی دەکووژێت... و گەلێك هەواڵی دڵتەزێنی هاوچەشن.

**سۆز و دڵداری وەک تاوان!** لە هەواڵەکاندا دەردەکەوێت هەستی پاك و خاوێنی دڵداری و خۆشەویستی سروشتیی نێوان دوو مرۆڤ چۆن بە هۆی هەندێك نەریتی ناحەزەوە تێکەڵ بە تاوان و کارەسات دەبێت و چۆن پاکترین هەستی مرۆڤ بەرانبەر بەیەکتر دەخرێتە چاڵی ڕەشی نەریتی نابەجێ و ملهوڕی کردنی دایك و باوك و برا لە ئەندامێکی بنەماڵەکەیان کە زیاتر کچانن و بەداخەوە یان بە دەستی ئەو بنەماڵە بێ بەزەییە دەکووژرێن یان خۆیان توانای هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی ژیانیان نامێنێت و خۆیان دەکووژن.

لە سەردەمی ئێمەدا ئەو پرسیارە گەورەیە هەردەم دێتە گۆڕێ بۆچی لاوان و بەتایبەت کچان مافی هەڵبژاردنی چارەنووسی خۆیان نییە و بۆچی دەبێ هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێك بکەن کە خۆشیان ناوێن و تەنیا لەژێر گوشاری کەس وکاردا مل دادەبەن؟

لە پشت زوربەی زۆری ئەو کەیسانەدا خۆشەویستی و دڵداری دەردەکەوێت:

کچێکی دەسگیراندار خۆی خنکاند، کچێك بە گوللە خۆی کوشت، خۆشەویستەکەیان نەدایێ خۆی خنکاند، کچێك لە شەلتەری ژنان کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا، بە سووتان کۆتایی بە ژیانی ژنێك هات، ژنێك لە نێو گەرماوی چاکسازیی ئافرەتاندا خۆی خنکاند، کچێك یەك ڕۆژ پێش دەرچوونی سووتا، ژنێك لە لایەن خۆشك و براکانیەوە خنکێنرا، ژنێك خۆی سووتاند و...

**هەڵوێستی بنەماڵە و کۆمەڵگا. لەبەرانبەر قوربانیانی تاوان.** لە دەزگای دادوەریی وڵاتانی ڕۆژئاواییدا ڕێکخراوی تایبەت بە پشتگیری کردنی قوربانیان و کەس وکاریان هەیە کە بەشێکی زۆری ئەندامانی بریتین لە خەڵکانی خۆبەخشی ڕاهێنراوی یاسایی. ئەو کەسانە لەباری ڕۆحی و دەروونییەوە یارمەتییەکی زۆری قوربانیان دەدەن بەتایبەت ئەوانەی وا دەستدرێژی کرابێتە سەر مافیان یان نامووس و ژیانیان. پسپۆڕانی دەروونی و سایکۆلۆج و خەڵکانی بە تەمەنی خاوەن ئەزموون، هەروەها کەسانێك کە خۆیان لە ڕابردوودا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، لەگەڵ ئەو کچ و ژنانەی وا دەبنە قوربانیی دەستدرێژیی جنسی، دادەنیشن بە ڕێنومایی پسپۆڕانە هەوڵ دەدەن گرێی ناو مێشکیان

بکەنەوە، بیری تاڵی ڕووداوەکەی لەبیربەرنەوە بۆئەوەی ببێتەوە ئەندامێکی ئاسایی کۆمەڵگا بە ژیانێکی ئاساییەوە.

من ئاگاداری ئەوە نیم کە ڕێکخراوە یان کەسانی ئەوتۆ لە دەوروبەری دەزگای دادوەریی کوردستاندا هەن یان نا، بەتایبەت کە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی زور تاوانی لەو چەشنە هەر لە بنەڕەتدا ڕاناگەیێنرێت و ئاشکرا نابێت. ئەگەریش ئاشکرابێت، لەوانەیە کەس وکار و بنەماڵەی قوربانییەکەی تاوان خەتای ئەو بگرن و جارێکی دیکەش سزای بدەن. با گوێ بدەینە ئەم هەواڵە دڵتەزێنە: سێ نەوجەوان دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی تەمەن ٧ ساڵان و پوورزایەکی خۆی دەستگیر دەکرێت. کچەکە گوتی چوومەوە ماڵێ و بەدایکم گوت، ئەویش یەکسەر داغی کردم! (ڕووداو، ٢٠١٩/٤/١٥)

ئەو کەلتووره کۆنباوە یارمەتیدەری چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگای ئەمڕۆیی نییە. ئەو سێ دەستدرێژیکارە و دایکی ئەو قوربانییە هەژارەش تەنیا لە نەبوونی یاسا و بەرێوەنەچوونیدا دەتوانن دەست بدەنە کاری قیزەونی وا. باوەشی دایك بە متمانەترین شوێنە بۆ منداڵ و چەندە جێگەی داخە کە ئەو شوێنە هێمنە دەبێتە گۆڕەپانی دەستدرێژی ئەویش بۆ سەر جگەرگۆشەیەك کە ئەو هەموو ئازارەی بەدەست سێ گورگی دڕندەوە چەشتووە.

**هەڕەشەی تۆڵە سەندنەوەی بێ قانوون.** لە بەشێکی زۆری ئەو تاوانانەدا کەس وکاری قوربانییەکە هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکەنەوە و هەندێك جار بینراوە کە ئەگەر ڕادەی یاسایی سزا لەلایەن دادوەرەوە جێگەی پەسندی کەس وکاری قوربانییەکە نەبوویێت، ئەوکەسانە دوای چەند مانگ و ساڵ هەڕەشە کردن لە خۆی و کەس وکاری، دەستیان داوەتە توندوتیژیی نواندن و تەنانەت وەك تۆڵە لێکردنەوە، برا یان مام و ئامۆزای کەسەکەیان کوشتووە.

نەفسی هەڕەشە لێکردن لە زۆر وڵاتی ڕۆژئاواییدا تاوانە و ئەگەر لەسەر هەڕەشەکار بسەلمێت، سزای غەرامە و زیندانی بەسەردا دەسەپێت هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوکەسەی وا هەڕەشەی لێکراوە، ژیانێکی هێمن و دڵنیای نابێت و لە دڵەتەپێ و خەفەتی ئەوەدا دەژی کە واهەیە لە مەجالێکدا بێنە سۆراغی و ژیانی لێ بشێوێنن. لەو

ولاَتانەدا، زۆرێك لەو هەڕەشانەی وا بۆ ئێمە ئاساییە، یاساغن بۆ نموونە ناتوانی لە تووڕەییدا بەکەسێك بڵێی "وەڵلاهی دەتکووژم!" یان "بزانە چیت لێدەکەم!" تەنانەت ئەگەر هەڕەشەکە بەڕێوەش نەبرێت، دیسان چۆنیەتی ژیان لە کەسی بەرهەڕەشە تێکدەدات.

دیارە هەڕەشە بەشێك لەم لێکۆڵینەوەیە نییە و بەگشتی هەواڵە ڕاگەیەنراوەکانیش ئەو بابەتەیان نەگرتۆتەبەر، بەلاَم لەو خاڵە گرنگانەیە کە لەپێوەندی ئاڵۆزی نانەوەو خولقاندنی کێشەی زیاتری کۆمەلاَیەتیدا دەبێ بگیرێتە بەرچاو. سەیرێکی ئەم ڕاپۆرتانە دەریدەخات پەتا پیسەی ڕق و کین و تۆڵەسەندنەوەی بێ یاسا چۆن بە تان و پۆی کۆمەڵگاکەماندا گەڕاوە و چۆن لە نەبوونی یاسادا تاوانێك تەشەنە دەکات و دەگاتە ئەنجامی تاوانی گەورەتر:

- مێردەکەیان کوشت و ژیانی خۆی و منداڵەکەی لە مەترسیدایە. بکوژ لە ماڵی سەرۆك عەشیرەتێکە. (ڕووداو، ٢٠١٨/٦/٦)
- براکانی هەڕەشەی کوشتن لە خوشکە ٣٥ ساڵانەکەیان دەکەن (ڕووداو، ٢٠١٨/٦/٢٨)
- هەڕەشەی کوشتن لە دەرمانسازێك دەکرێت (لەبەر ئەوەی تەزویرچی و قاچاخچیی دەرمانی بۆ کولیتی کۆنترۆڵ ئاشکرا کردووە) (ڕووداو، ٢٠١٨/٧/٢٠)
- ئەو دووکەسەی بە دەمانچە گەنجێکیان بریندار کرد، دەستگیر کران. ئەو کەسەی لێیدراوە مامی ئێمەی کوشتووە (ڕووداو٢٠١٨/١٠/١٢)
- تۆڵەی کوشتنی برا و براژنەکەی خۆیان لە برایەکی بکوژ کردەوە و چوار چەکدار لەبەر دەم ماڵەکەیدا کوشتیان (ڕووداو، ٢٠١٨/١١/٦)

**نەخۆشیی دەروونی.** نەخۆشیی دەروونی کێشەیەکی گرنگی دنیای ئەمڕۆیە و بەشێك لە ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەموو شوێنێکی جیهان تووشی دەبن. ئاڵۆزیی ژیان، بێ هیوایی بە دواڕۆژ و نەبوونی پشتیوان، پشتی هەندێك کەس کە زوربەیان خەڵکانی چاك و هەستیار بەلاَم لە بەرانبەر کێشەکانی ژیاندا لاواز و بەرگەنەگرن، دەچەمێنێت و

لە شارێی ژیانی ئاسایی لایان دەدات. ئەو کەسانە ئەگەر بنەماڵە و کۆمەڵگا بە هانایانەوە نەچن و بە یارمەتیی پسپۆڕانی دەروونی، هەندێك لە قورساییەکانی سەرشانیان لانەبرێت، بۆی هەیە لە قۆناغێکی ژیاندا ئازارێك بە خۆیان یان خەڵکانی تر، بەتایبەت کەسانی دەوروبەریان بگەیێنن.

لێرەدا ئەرکی حکوومەت گەلێك گرنگە. دابین کردنی سەنتەری ڕاوێژ و چارەسەر بۆ دەروونددروستی لە هەموو بەشێکی وڵات، بە دوکتۆر و پسپۆڕ و ڕاوێژکاری شارەزاوە دەتوانێت بەرگر بێت لە گەلێك کارەساتی کۆمەڵایەتی دواڕۆژ، بە تایبەت ئەگەر خزمەتگوزارییەکانی ئەو سەنتەرانە بۆ خەڵکانی کەم داهات و دەست نەڕۆیشتوو بەخۆڕایی بێت و هەموان، نەك هەر دەوڵەمەندان بتوانن کەڵکیان لێ وەربگرن.

لەو سەنتەرانەدا چارەسەری تووڕەیی دەکرێت و تێیدا بە ٦ یان ١٢ جار دانیشتن و قسەکردن، هەوڵ دەدرێت خەڵکانی تووڕە و تۆسن فێر بکرێن لە کاتی تووڕەبووندا چۆن خۆیان کۆنترۆڵ بکەن و پێش ئەوەی کارێکی ناماقووڵ بکەن، هێور ببنەوە. ئاشکرایە بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندانە بۆ حکوومەت مەسرەفی دەبێت، بەڵام سەرجەمی تێچووەکان بە سەدان قات کەمتر دەبێت لە مەسرەفی پۆلیس و دادگا و دەیان ساڵ زیندانیکردنی تاوانبارێك کە دەستی دابێتە تاوان و سەرپێچی، ئیتر دابین بوونی سەلامەتی کۆمەڵگا و ئاسایشی بنەماڵەکان لەولاوە بوەستێت.

لەبیرمان نەچێت کە نەخۆشی دەروونی کەسێکی خراپەکار نییە و نەخۆشێکە وەك هەموو نەخۆشەکانی تر، بەڵام نەخۆشییەکەی جەستەیی نییە و لە پێوەندی مێشکدایە. ئەو نەخۆشییە گەلێك تایبەتمەندە و بۆ چارەسەر پێویستی بە چازان و لێزان و پسپۆڕی بابەتەکە هەیە نەك لێدان و شێتخانە و نووشتە و بەستنەوە بە کۆڵەکەی تەویلەی ماڵی شێخەوە. نەخۆشی دەروونی دەبێ لە نەخۆشخانەی دەروونیدا چارەسەر وەربگرێت. ئەرکی حکوومەتەکانە نەخۆشخانەی تایبەتمەند بە پسپۆڕان و پەرستارانی تایبەتمەندەوە دابین بکات کە نەخۆشەکانی تێدا عیلاج بکرێن. بەڵام سەرەتا دەبێ ناوەندی ڕاوێژکاریی دەروونی لە هەموو شوێنێکی وڵات بنیات بنرێت کە ئەندامانی کۆمەڵگا پێش ئەوەی کێشە ئاساییەکانی ژیانیان گەورە ببنەوە و لێیان ببێتە نەخۆشی، بە ڕاوێژ و ڕێگا دۆزینەوە بۆ گرفتەکانی ژیان و یەك لەوان کێشەی تووڕەیی و ڕقبوونەوە، بە قسە و ئامۆژگاری، چارەسەر بکرێن. سەیرێکی هەواڵەکان مەترسیدار بوونی ئەو دیاردەیە

و پێویست بوونی بەرەوپیر چوونی لە کۆمەڵگاکەمان دەردەخات: لە کەرکووک کەسێك کە نەخۆشی دەروونی بووە برای خۆی بە ٣٠ چەقۆ کوشتووە، کەسێك لە سەر وەستانی ئوتومبیل دەکووژرێت، پیاوێك لە سەر دەمەقاڵە بە چەقۆ دەکووژرێت، دوو قاچاخچی دوای کێشە و شەڕە جنێوی ناوخۆیان دەکووژرێن، لەسەر سەرچۆپی گرتنی شایی کەسێك تەقەی لێدەکرێت و دەکووژرێت، و...

**مادەی هۆشبەر.** چەند ساڵێکە مادەی هۆشبەر بۆتەیەك لە هۆکارەکانی تاوانی کوشتن و دزی کردن لە کوردستان و بە داخەوە بەشێك لە لاوەکانمان تووشی بوون. بۆ نموونە، لە هەواڵێکی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠١٩ دا هاتووە: کوڕێك بە بەردەباران دایکی ٥٢ ساڵانی خۆی دەکووژێت؛ ئەو کوڕە کرێکاری گومرك[٤٥] و ئالوودی مادەی کریستاڵ بوو و پێش مانگێك لە سەر مادەی هۆشبەر لە زیندان ئازاد کرابوو (ڕووداو، ٢٠١٩/٥/٦).

مادەی هۆشبەر دیاردەیەکی نوێ بەڵام گەلێك بەربڵاوی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بە تایبەت لە ناو لاواندایە. باشووری کوردستان پێشتر واتە پێش پەیدابوونی کریستاڵ و شیشە و مادەی کیمیایی هاوچەشن، تەنانەت لەگەڵ ڕووەکی وەك تلیاکیشدا ناسیاویی نەبوو کە دیاردەیەکی کۆنی ناوچەکەیە. سەرجەم ئەو مادە ماڵوێرانکەرانە، دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران تا ئێستا (بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ) بوونەتە میوانی نەخوازراوی کۆمەڵگاکەمان و بەهۆی پشتگیریی زۆری لاوەکییەوە پەرەیەکی بەرچاو و مەترسیداریان سەندووە.

گومان لەوەدا نییە کە هەموو ئەو مادانە لە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێرانەوە هاوردەی هەرێم دەکرێن و جگە لە سوود و بەرژەوەندیی دارایی قاچاخچیان و چاوچنۆکانی فرۆشیار، هەندێك سیاسەتی گەورەتریشیان لە پشتە و بەگشتی دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ ی ئێران لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان پەرەیان سەندووە.[٤٦]

---

[٤٥] گرنگە سەرنج بدرێتە سەر پیشەی کوڕەلاوەکە و پێوەندایەتی ئەو بە گومرك و سەر سنوورەوە.

[٤٦] پێش ئەو ساڵانە، تەنانەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دوور بوو لەو ئالوودەییە و وا هەبوو تاکە شوێنی ئێران بێت کە کەمترین ژمارەی تێوەتلاوانی مادەی هۆشبەری تێدا دەبینرا. بەڵام هەر لە ماوەی

ئەو کێشەیە مەحکووم کردن یان لە زینداندا ڕاگرتنی چەند تاکێك چارەسەری ناکات و سەرنجی وردی بەرپرسانی سیاسی و دەسەڵاتدارانی حکوومیی هەرێم و عیراقی پێویستە. چەند ساڵێك پێش ئێستا یەك لە بەرپرسانی پارێزگاکانی ئێران لە سەر سنوورەکانی عیراق (کە بە داخەوە لەبیرم نەماوە کێ بوو)، گوتی هەرکاتێك حکوومەتی هەرێم بەرگر بوو لە بەرانبەر قاچاخی مەشرووبات بۆ ناو ئێران، ئێمەش بەرگر دەبێن لە چوونی مادەی هۆشبەر بۆ ئەودیو! ئەوە ئیفادەیەکی ڕاشکاو و سەمەرەی سیاسی لە لایەن بەرپرسێکەوە بوو کە لە بنی مەنجەڵی دا و هەموو ڕاستییەکی شاراوەی پشت ئەم بازرگانییە قیزەوەنەی ئاشکرا کرد. دوای ئەو قسانە، ئایا گومانێك لە ناسینی سەرچاوەدا ماوە؟ ئەگەر مابێت سەیرێکی هەواڵی دەروازە سنوورییەکان گومانیان دەڕەوێنێت- ئەو دەروازانەی کە تلیاك و هێرۆئین و شیشە کریستاڵ میوانی هەمیشەییانن. بەرپرسانی هەرێم ئەگەر پێشتریش بەو ڕاستییەیان نەزانیبێت، دەبێ ئێستا بزانن و چارەی بۆ بدۆزنەوە.[٤٧]

**سەرەڕۆیی.** هەندێك خولقیاتی توندوتیژ هەن کە هیمنایەتی و ئاسایشی ناو ماڵ و شوێنی ئیش وکار و سەرجەم کۆمەڵگا تێکدەدەن و دەیکەنە گۆڕەپانی شەڕ و هەرا و دژبەرایەتی. تووڕەیی بێ کۆنترۆڵ، لەسەر ڕقی کۆن ڕۆیشتن، نەبوون یان کەمبوونی

---

ئەو ٤٠ ساڵەدا ژمارەی موعتاد و تێوەتلاو لەوێش بە سەدان قات (خۆ ئەگەر هەزارانیش نەبێت!) زیادی کردووە.

[٤٧] پێش ئەوەی ئەم ڕاپۆرتە بێتە کۆتایی، لە هەواڵەکانی ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٦ ی سایتی ڕووداوادادا هاتبوو: *"ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١ ئاسایشی هەولێر ژنە فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و نەوجەوانانی هەولێر، بەتۆمەتی مامەڵەکردن بە ماددەی هۆشبەرەوە گرتووە!"* دیارە لەبەر ئەوەی تاوانەکە هێشتا لە دادگا یەکلایی نەبۆتەوە لێرەدا ناکرێت کەسەکە بە تاوانبار بناسرێت، بەڵام هەر نەفسی گیرانی کەسێك کە بەڕێوەبەری "چاکسازی" ژنان و مێردمنداڵانە بە تۆمەتی "خراپسازی"! جێگەی بیر کردنەوەیە. ئەوە چ کۆمەڵگایەکە و ئێمە چ خەڵکێکین کە لە جیاتی نۆشداڕوو، ژەهر دەدەینە نەخۆشەکەمان؟

لێبووردوویی، بێ سەبر و تاقەتی، بەهێزبوونی هەستی تۆڵەسەندنەوە، دان بەخۆدا نەگرتن و دەربڕینی ڕق وکینە بەتایبەت دەرحەق بە ژن و ئەندامانی بنەماڵە و خزم و دۆست و برادەر و دراوسێ بەشێك لەو خولْقیاتەن. دیارە هەموو ئەندامێکی هیچ کۆمەڵگایەك وەك یەك نین وخراپەکاران لە بەرانبەر ئەوانەدا کە ژیان بە سەرفرازی دەبەنە سەر، ژمارەیان گەلێك کەمترە، بەڵام بەداخەوە ئاسەواری خراپی کردەوەکانیان گەلێك زۆرە. هەرچۆنێك بێت، خەڵکی ناوچەکەی ئێمە لە چاو خەڵکی ئەوروپا زووتر هەڵدەچن و کەمتر دان بەجەرگی خۆیاندا دەنێن، ئەو کەسانەی وا بۆ ماوەی زۆر، لە وڵاتانی ڕۆژئاواپیدا ژیابێتن بێگومان سەرنجیان داوەتە سەبر و تاقەت و دان بەخۆدا گرتنی خەڵك. لەم لایانە، زۆرێك لە کێشەکان بە داوای لێبووردنێك چارەسەر دەکرێت و تەواو دەبێت، بەڵام لای ئێمە وانییە و دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و بشێوی نەك لە نێوان دوو کەسدا بەڵکوو تیرە و تایفە و عەشیرەتیشی بەشوێندا دێن. بێ جێ نابێت ئەگەر بۆ نموونە بابەتێك لێرەدا بهێنمەوە کە لە زمان نەمر جەلال تاڵەبانییەوە گێڕاویانەتەوە و ئەو ڕق ئەستووریی و لێنەبووردوویە لە لای ڕێبەرێکی سیاسی پایەبەرزی وەك ئەو دەردەخات، ئەویش لە کاتی وتووێژێکی گرنگی چارەنووسساز لەگەڵ تاریق عەزیزی وەزیری دەرەوەی حکوومەتی سەددام حسێندا.[٤٨]

---

[٤٨] لە باسی وتووێژی مام جەلال و وەڤدی کورددا لەگەڵ تارق عەزیز، بە ئامادەبوونی دوکتۆر قاسملوو: *"...تاریق عەزیز گوتی دوای ڕێکەوتن هەرکەسێ پەیوەندی بە قەزافیەوە بکات وای لێدەکەین! منیش بە ڕاستی زۆر تووڕەبووم، هەموو شتەکانی بەردەمم کۆکردەوە، عەینەکەکەم لە چاوم کردەوە و کورسییەکەم وەرگێڕا و گوتم ئەمن قسە لەگەڵ تۆ ناکەم. گوتی بۆ؟ گوتم ئایا ئێمە بەندیی شەڕین یان وەڤدین و هاتووین بۆ کفتگۆکردن؟ بۆیە ئێمە ئەو شێوەیە ڕەت دەکەینەوە. ئێمە وەکوو دوو حیزب مامەڵە لەگەڵ یەك دەکەین، ئەو لەهجانەش لە گفتگۆدا ڕەت دەکەینەوە. ئەویش گوتی برام، من گاڵتە دەکەم! منیش گوتم نەخێر ئەوە گاڵتە نییە، چۆن عیبارەتی وا بەکار دێنی، ئەسڵەن لەگەڵ تۆ هەر دانانیشم و قسە ناکەم. گوتیەوە برام داوای لێبووردن دەکەم. گوتم لێبووردن قبووڵ ناکەم. گوتی باشە قسەکانم سەحب دەکەمەوە، گوتم ئەوەش قبووڵ ناکەم. گوتی داوادەکەم کە لە مەحزەرەی کۆبوونەوەکە بیسرنەوە، گوتم ئەوەش قبووڵ ناکەم. گوتی باشە چیتان دەوێت؟ دەڵێم قسەکەم سەحب دەکەمەوە، داوای لێبووردن دەکەم، داوادەکەم قسەکە لە مەحزەرەی کۆبوونەوەکە بسڕنەوە، من بە ڕاستیم نەبووە، تۆ هەزار جار دەڵێیت "بەعسی فاشی" و حکوومەتی دیکتاتۆر، ئێمە عاجز نابین... لەوکاتەدا دوکتۆر قاسملووکە لە کۆبوونەوەکەدا بوو،نامەیەکی بچووکی*

ئەوە جیاوازییەکی بەرچاوە لە نێوان ئێمە و ئەواندا کە لە سەرەتای هاتنی پەنابەرەوە بۆ ڕۆژئاوا خۆ دەردەخات و دەزانرێت ئێمە چەندە بێ سەبر و ئەوان چەند هێمن و لەسەرخۆن. دیارە ئەوە بەراورد کردنێکی گشتییە و زۆر واهەیە لە ئەزموونی خەڵك سەبارەت بە کەیسی تاقەکەسیدا پێچەوانە بێت؛ بەڵام بە گشتی لە ناو ئێمەدا هەڵچوون وبەگژدا چوون و دەست بردن بۆ تۆڵەسەندنەوەی شەخسی لە دەرەوەی یاسا، لەوان گەلێك زیاترە!

ئەو ڕۆحە جێگەی وردبوونەوە و سەرنجی زیاترە لەبەر ئەوەی تەنانەت ئەگەر کێشەی چەکی گەرمیش چارەسەر بکرێت، دیسان مەسەلەی چەقۆ و کەتەر و پاچ و فڕێدانە خوار لە سەربان و شتی وادەمێنێتەوە. من لە ماوەی ٢٠ ساڵ کار و ئەرکی ڕۆژانەی خۆمدا وەك وەرگێڕی کوردی لە بەریتانیا ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەڵگە و ئەوراقەوە لە کەیسی کووژرانی ١٠ کەس ئاگادار بووم کە لە شار و شاروچکەکانی ئەم وڵاتە بە دەست کورد کووژراون و هەندێکیان بەریتانی و هەندێکی تریان کورد یان بێگانەی نیشتەجێی بەریتانیا بوون. جیا لەوەش، لە سەردانی زیندانەکاندا چاوم بە پێنج مرۆڤکوژی دیکەی کورد کەوتووە کە خەڵکەکەیان بە گشتی بە چەقۆ یان بە تەقاندنەوەی شوێن کوشتووە. هەروەها بە دەیان، ئەگەر سەدان نەبێت، هەواڵی شەڕ و بریندار کردنی خەڵکم زانیوە و بکەرە کوردەکانیانم لە زیندان و دادگا و لای پۆلیس و پارێزەر بینیوە کە لە هەموویاندا کەڵك لە چەقۆ وەرگیراوە و ئاشکراشە کە هەر هەموویان سەرپێچی کردن بوون لە یاسا، جا لە دزی و قاچاخچییەتی و ڕێگریی و تەڵەکە کردنی خەڵك و ڕفاندنی ئوتومبیلەوە بگرە تا دەستدرێژیی سەر ژنان و کچان و تاوانی دیکەی هاوچەشن. بەشێك لەو تاوانانە کەسانێك کردوویانە کە ماوەی ساڵێك و دوان و تەنانەت مانگێك و دوان بووە هاتوونەتە بەریتانیا. ئەوان ئاوێنەی باڵانوێنی هەل ومەرجی ناوخۆی وڵات و خەڵکەکەین.

---

*دامێ ونووسیبووی بە ڕای من لێبووردنەکەی تاریق عەزیز قبووڵ بکە. ڕاوێژی برادەرانم کرد. مەلا بەختیار و مولازم عومەر و ئەوان گوتیان ئێمەش پێمان باشە قبووڵی بکەیت. منیش گوتم باشە قبووڵم کرد. جەلسەکە نەختێك تێکچوو بەڵام دوایی دەستمان پێکردەوە..."* ( مام جەلال، دیداری تەمەن، لە لاویتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئامادە کردنی سەلاح ڕەشید، بەرگی دووهەم، ناشر ؟،شوێن ؟، ساڵی ٢٠١٧، لاپەڕە ١٥٥ و ١٥٦)

وەك پێشتر گوتم، بارودۆخی پارچەکانی دیکەی کوردستانیش کەم و زۆر هاوشێوەی باشووری وڵاتە و من هەر لێرە لە بەریتانیا ئاگاداری کەیسی مرۆڤکوژیی و سەرپێچی کردنی کوردی ڕۆژهەڵات و باکووریش بووم، تەنانەت یەکیان ژن و ژنبرای خۆی کوشتبوو و خەسووەکەشی بریندار کردبوو.

ئەوە ئەرکی کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی سایکۆلۆگ و عیلاجکارانی نەخۆشیی دەروونییە لەو دیاردە گرنگە و ڕێگای چارەسەری بکۆڵنەوە، کە وەك مۆریانە هەناوی کۆمەڵگای کورد دەخواتەوە و تۆوی دووبەرەکیی دواڕۆژیش دەچێنێت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئێمە بۆچی وا بێ دەربەست و بێ تاقەت و گوێنەدەرین کە لە شاییدا لەسەر ئەوەی کێ سەرچۆپی بگرێت یان دەمەقاڵەیەکی ئاسایی یان ٢٠ مەتر زەوی، مرۆڤێك دەکووژین؟

جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، هەندێك کێشەی ناو کۆمەڵگا هەن کە چارەسەری ئاساییان دەبێ لە لایەن هێزی دادوەرییەوە بێت. ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە هەرکام بە شێوەیەك دژ بە تەبایی نێوان کۆمەڵانی خەڵك و هێمنایەتی و ئاسایشی وڵات دەوەستن و بەرگرن لە بەرانبەر دامەزرانی کۆمەڵگایەکی ئازادی دیموکرات، کە تێیدا یاسا سەروەر بێت و گەورە و بچووك لەبەرانبەریدا یەکسان بن. ئەوانە هەرکام لە هەواڵە تۆمارکراوەکانی ناو ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوون.

**ڕووداوی هاتووچۆ.** باوەکوو ئەو بابەتە خۆی لە دەرەوەی بازنەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەنوێنێت، بەڵام بێگومان ئەویش کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا تاوانی وەك لێخوڕینی بێ مۆڵەت و بێ بیمە (دڵنیایی)، تووڕەیی و خووی شەڕانیی خەڵك و بوونی چەك بەدەست کۆمەڵانی خەڵکەوە دەور دەبینن. بە گوێرەی هەواڵێکی سایتی ڕووداو کە لە ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٣٠ دا بڵاو بووەوە، لە ساڵی ٢٠١٨ دا بە هۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە تەنیا لە هەولێر ٢٦٢ کەس گیانیان لە دەستداوە. ئەوە هەولێرە بە شەقامی ١٠٠ مەتری و ١٢٠ مەترییەوە، دەبێ لە شوێنەکانی دیکە چ ڕوویدابێت؟ لە نموونەیەکی کارەکەدا هەواڵ گەیشتووە کە دوای پێکدادانی دوو ئوتومبیل، کەسێك کووژرا. دیارە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ئەوکەسە بە دەعمی سەیارەکان کووژرابێت، بەڵام لە درێژەی

هەواڵەکەدا تێدەگەین نەخێر، بە تەقەی یەك لە لایەنەکان کووژراوە! واتە چەکی بێ مۆڵەت لە لایەك و زوو هەڵچوونی لایەنەکان لە لایەکی تر، دەبنە سەرباری بێ دەسەڵاتیی دەزگای داوەری و لە ئەنجامدا کەسەکان یاسا دەگرنە دەستی خۆیان و بەڕێوەشی دەبەن ئەویش لەو شێوەبێ بەزەییانەیدا. لە ڕووداوی دیکەدا لەسەر چۆنیەتی ڕاگرتنی ئوتومبیل، فوول لایت، هۆڕن لێدان یان دەست شکاندنەوەی ئوتومبیل خەڵکانێك کووژراون و بنەماڵەیەکی زۆر ئازیەتبار بوون.

**پێشمەرگە.** پێشمەرگە لە ڕابردووش و ئێستاشدا خۆشەویسترین گرووپی کۆمەڵایەتی بووە و هەیە لە ناو خەڵکی کوردستاندا. شەهید بوونی زیاد لە دوو هەزار پێشمەرگە تەنیا لە شەڕی داعش و پارێزگاریکردنی گیان و ماڵ و کەرامەتی خەڵکدا، نموونەی فیداکاریەکانی ئەو ڕۆڵە قارەمانانەی گەلەکەمانە، ئەویش لە ماوەی دەست تەنگی و بێ بودجەیی سەردەمی نووری مالیکی و دوای ئەویشدا کە زۆرێك لەو قارەمانانەی وا لە سەر سنوورەکان داکۆکییان لە کەس وکاری ئێمە دەکرد، تەنانەت کرێ خانوو و و مەسرەفی ڕۆژانەی کەس وکاری خۆیان بۆ دابین نەدەکرا.
لە ناو هەواڵی کوشتن و کووژران و خۆکوشتندا سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەو ڕاستییە ڕادەکێشرێت کە بەشێك لەو تاوانانە خۆمان دەرحەق بە پێشمەرگە کردوومانە یان هەبووە لە لایەن ئەوانەوە دژ بە کەس وکار و خەڵکانی دیکە کراون. هەواڵی پێوەندیدار بەو دیاردەیە لە هەردوو ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠١٩ دا بەرچاو دەکەوێت. ئەو دیاردەیە دەتوانێ پیشاندەری قەیرانێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بێت کە پێویستە چارەسەری پسپۆڕانەی بۆ بدۆزرێتەوە. ئایا بارودۆخی دارایی و ناتەواویی ناوماڵ هۆکاری ئەو کردەوانە بوون یاخود ڕاهێنان و فێرکردنەکان ناتەواون؟ هیوایە بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و هەردوو حزبە سەرەکییەکەی پێکهێنەری هێزی پێشمەرگە لەبیری ئەو مەسەلەیەدا بن و حکوومەت کە بەختەوەرانە بەتەمای یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەیە، پێش ئەوەی ئەندامانی هێزەکە بەرێتە سەر کاروباری ڕۆژانەیان، بیر لە ڕاهێنانێکی کۆمەڵایەتی-سیاسی، نەك حزبیی، هەموو ئەندامەکانی ئەو هێزە بکاتەوە. من نەمبیستووە لە وڵاتانی دیکەدا پۆلیس و هێزی دابینکەری ئاسایشی خەڵك، لە ژێر گوشارێکی

ڕۆحیی ئەوتۆدا بن کە بەو ڕادەیە بکەونە بیری خۆکوشتن یان کوشتنی خەڵك و کەس وکاری خۆیان.

**میدیای چەواشەکار.** لاوازی و کەم توانایی بنەماڵەکانە لە بەرانبەر هەندێك فێرکردنی چەواشەکارانەی ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن و بەتایبەت میدیای مەجازیدا مەسەلەیەکی نوێی ئەم سەردەمەیە. پێوەندی نزیکی دایك وباوك لەگەڵ منداڵ کلیلی سەرکەوتووبوونی ڕاهێنانی بەرێ وجێ و دوورخستنەوەی منداڵە لە تاوان و سەرپێچی دوارۆژ. منداڵی ئەمڕۆ لەچاو جاران هەم ئازادیی زیاتر دەخوازێت و هەم لە چەند لایەنەوە کۆنترۆڵ کردنی زیاتری پێویستە! چارەسەری ئەو دوو دژایەتییە و دۆزینەوەی ڕێبازێك کە هەم ئازادییەکی ڕێژەیی بۆ منداڵ دابین بکات و هەم لاڕێ ڕۆیشتنی لەژێر چاوەدێریدا بێت، کارێکی سانا نییە و زیاتر وەك دیوارێکی باریکە کە ئەگەری بەلایەکدا کەوتنی کەم نییە. کەوتنی زۆر بەلای ئازادیدا واهەیە منداڵ بخاتە داوی عارەق و قومار و دەرمان خواردن و دەستدرێژی و دەیان فێڵ و تەڵەکەی سەر ئینترنێت لە ئەنجامدا نەك هەر سوودێکی بۆ بنەماڵە و گەلەکەی نەبێت بەڵکوو لە هەر پۆست و مەقامێکدا بوو، وەك تەشوێ هەربەرەوخۆی بتاشێت. لایەکەی دیکەش واتە چاوەدێریی زیاد لە ئەندازەی مەعقوول ئەگەر لە ڕابردوودا گونجاو بووە ئەمڕۆ لە سەردەمی ئینتەرنێتدا بێ ئەنجامە و پێوەندی منداڵ لەگەڵ بنەماڵە، بە تایبەت لە سەردەمی لاویەتیدا لەرزۆك و بێ هێز دەکات و هەر ئەوە خۆی واهەیە بەرەو سەرپێچی کردن لە پەیڕەوی بنەماڵە و لە ئەنجامدا یاسای کۆمەڵگا و وڵاتی ببات.

